رۆمان

# کوڕی ژێر چەترەکە

رازاو غەفوور

پێداچوونەوەو بژارکردنی زمانەوانی
فوئاد عەبدولڕەحمان

دیزاینی بەرگ
قوباد حەسەن

# کوڕی ژێر چەترەکە

بابەت: ڕۆمان
نووسەر: رازاو غەفوور
پێداچوونەوەو بژارکردنی زمانەوانی: فوئاد عەبدولڕەحمان
بەرگ: قوباد حەسەن
دیزاین: ئومێد محەمەد
تیراژ: دانە
نرخ: دینار
چاپی یەکەم ٢٠٢٠
شوێنی چاپ:

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە،
تەنها بۆ نووسەر ڕێگەپێدراوە

رۆمان

# کوڕی ژێر چەترەکە

رازاو غەفوور

پێداچوونەوەو بژارکردنی زمانەوانی
فوئاد عەبدولڕەحمان

دیزاینی بەرگ
قوباد حەسەن

- ١ -

سەر لە بەیانیی رۆژێکی شەممە بوو. کات هێشتا وەک هەر بەیانییەکانیتر بۆ من زوو بوو، کە لە خەو بە ئاگا بوومەوە، کەمێک خۆم کێشایەوە. بە هێواشی چاوم بە ناو ژوورەکەمدا گێڕا. سەرنجم کەوتە سەر پەنجەرەی ژوورەکە، کە رێک بەرامبەر جێگای نووستنەکەم بوو. هەستم بە شنەبایەکی خۆش‌و فێنێک کرد، کە لە درزی پەنجەرەکەوە ئەهاتە ژوورەوەو جووڵەی بە پەردەکان ئەکرد، وەکو سەمایان پێ بکات. لە ناو جێگاکەمەوە هەستام چەند هەنگاوێکم بۆ لای پەنجەرەکەوە نا.. بە ئەسپایی پەردەکەم لادا. بینیم تیشکی خۆر تازە بەدەر ئەکەوێت. لەبەر خۆمەوە وتم: (ئای ئەمڕۆ، کە رۆژێکی جوانە!) ئاسمانێکی شین. تیشکێکی زێڕین. شنەبایەکی فێنک. هەمووی تێکەڵ بەجریوەی بەیانییەکی وەرزی بەهار ببوون. کەمێک بە ناو ژوورەکەدا هاتوچۆم کرد. چاوم کەوتە سەر دەفتەرو پێنووسەکەم، کە هەموو کات لە سەر مێزە پچووکەکەی لای جێگاکەمەوە دامئەنان. زۆر لەسەرخۆ لە سەر قەراغی جێگاکەم دانیشتمەوە. دەستم دایە پێنووسەکەو دەفتەرەکەم. هەوڵمدا شتێک بە مێشکمدا بێت. چەند چرکەیەک وەستام. لەوکاتەدا هیچ بیرۆکەیەک بە مێشکمدا نەئەهات. بیرمەکردەوە باسێک دەربارەی ژیان بنووسم. بە خۆشییەکانیو ناخۆشییەکانی. تاڵییەکانیو شیرینییەکانی. جوانییەکانیو ناشرینییەکانی. باسێک بێت دەربارەی بڵندی وبەرزی مرۆڤێک بێت، کاتێک، کە رەووبەڕووی چەپۆکی قورسی ژیان دەبێتەوە، بەڵام هەر ململانێشی لەگەڵ دەکات لە پێناوی مانەوەیو گەیشتنی بە خواستەکانی. بیرم کردەوە باس لە کەسایەتییەک بکەم، کە هەر چەند گێژاوو گەردەلوولی ژیان زیاترو توندتر راپێچیان دەکرد، بەڵام ئەم زیاترو توندتر بەربەرەکانێی دەکرد. لەو ساتەدا تەنها کەسایەتییەک بە قووڵی بە بیرمدا هات، بناری هاوڕێم بوو. بێ بیرکردنەوە یەکسەر

هەواڵنامەی کتێب

دەستم دایە مۆبایلەکەم. زەنگێکم بۆ لێدا.. دوای چەند چرکەیەک وەڵامی دامەوە. وتی:

ـ هەلۆووو؟

وتم:

ـ بنار گیان چۆنی؟ پێشەکی داوای لێبوردنت لێ ئەکەم، چونکە کات هێشتا زووە. بەڵام من ئەم بەیانییە، هەر وەکو هەموو بەیانییەکانیتر زوو خەبەرم بووەوە. چاوەڕێی تەلەفۆنی فەرهادیش بووم. وەکو ئەزانیت دوێنێ ڕۆیشتەوە بۆ کوردستان، هێشتا دەنگی نییە.

بنار وتی:

ـ ئێ.. چی بووە؟ ئێستا خێرە وا تەلەفۆنت کرد؟

وتم:

ـ ئینشائەڵلا خێر ئەبێت.

لەو کاتەدا بنار باوێشکێکی دوورو درێژی دایەوە.

وتم:

ـ بە خوا وا دیارە هێشتا تێر خەو نەبوویت. من زوو خەبەرم کردیتەوە.

بنار وتی:

ـ نا نا چاوەکەم، من فێرم بەیانییان لەبەر ئیشکردن هەر زوو خەبەرم ئەبێتەوە. گوێ مەدەرێ، ئێستا پێم بڵێ چی بووە؟ وا بەم بەیانییە زووە ئەڵێی کەڵەشێریت؟!

پێکەنیم. وتم:

ـ هیچ نەبووە، بەڵام حەز ئەکەم ئەمڕۆ بە یەکەوە بڕۆینە دەرەوە. پێکەوە لە دەرەوە نانێکی بەیانی بخۆین ئەگەر تۆش حەز بکەیت؟ بیرم کردەوە تۆ تەنیایت. منیش تەنیام. ئیمڕۆش کەسمان ئیشمان نییە. ڕۆژەکەش زۆر خۆشە. ئیتر بۆ لە ماڵەوە بین؟

بنار وتی:

هەواڵنامەی کتێب

ـ فێنک گیان، بە خوا ڕاست ئەکەیت، منیش زۆر حەز ئەکەم. بەڵام هەست ئەکەم زۆر گیانم ئێشێت، بێ تواناو لاوازم. بەڵام زۆریش بۆ بینینت بە پەرۆشم.

وتم:

ـ بنار گیان، کەواتە هەستە شاوەرێک بکە، با لەشت سووک بێت، ئەوسا ئیسراحەت ئەکەیت. من لە ماوەی نیو کاتژمێر لات ئەبم.

وا دیار بوو بنار هێشتا خۆی ئەکێشایەوە. تۆزێک بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

ـ دە باشە، بەڵام پەلەم لێ مەکە، ئامادە ئەبم، بەڵام کاتم ئەوێت.

وتم:

ـ بنار گیان، سەرەتا پێم وتیت ئەچین بۆ نانخواردن. واتە برسیمە. تاکو ئەگەینە شوێنی خواردنەکە زیاتر لە کاتژمێرێکمان ئەوێت.

بنار بە پێکەنینێکەوە وتی:

ـ باشە باشە، ئاخر دەبا پەشیمان نەبمەوە.

دواتر وتی:

ـ باشە فێنکی دڵم، گاڵتەم لەگەڵ کردیت، هەر ئێستا خۆم ئامادە ئەکەم.

منیش هەر زۆر بە خێرایی خۆم ئامادەکرد، ئەوەندەم پێ نەچوو گەیشتمە لای بنار. ماڵی بنار لە ماڵەکەی منەوە زۆر نزیک نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا بەیانی زوو بوو، ئوتومبێل زۆر بە سەر شەقامەوە نەبوو. زوو گەیشتمە سەری. کە گەیشتم، ئەو خۆی ئامادە کردبوو، لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆی چاوەڕێی ئەکردم. من ئوتومبێلەکەم وەستاندو ئەویش خێرا ئاماژەی بۆ کردمو بانگی لێ کردمو وتی:

ـ وەرە دابەزە.

وتم:

ـ کچێ وەرە.. خێرا سەرکەوە.. من وا لە برسا خەریکە هار ئەبم.

بنار هاتو سواری ئوتومبێلەکە بوو. بە پێکەنینەوە وتی:

ـ ئێستا بەرەو کوێ بڕۆین؟
وتم:
ـ لای ماڵی خۆمانەوە ریستورانتێکی تازە کراوەتەوە، خواردنەکانی زۆر خۆشن. خواردنی جۆراوجۆریان هەیە. ئەزانم تۆ بە دڵت ئەبێت. ئەڵێی چی بچین بۆ ئەوێ؟
بنار دیسان بەپێکەنییەوە. وتی:
ـ بە دڵی خۆت خوشکم، کوێت بە دڵە، ئەچین بۆ ئەوێ. گرنگ ئەوەیە من دەعوەتم. پارە نایەم.
منیش پێکەنیم. وتم:
ـ بەڵێ جەناب. بێگومان دەعوەتیت.
کاتێک گەیشتینە ریستورانتەکە، سەرە گیرابوو. تاکو سەر جادەکە. وا دیار بوو بە دوو کاتژمێری‌تر سەرەمان بەر نەئەکەوت.
وتم:
ـ بنار گیان، بە خوا هەتا ئەم سەرەیە تەواو ئەبێت، من لە برسانا ئەمرم.
ئەویش قاقایەکی لێ داو وتی:
ـ خوا نەکات بمریت، دە با بڕۆین بۆ شوێنێکی کە.
وتم:
ـ ئەڵێی چی ئەگەر بڕۆین بۆ ماڵی خۆمان، خۆ نزیکە!
بنار وتی:
ـ بە خوا من نازانم، خۆت چۆن بە باشی ئەزانیت، من وا ئەکەم.
وتم:
ـ دە باشە.. ئەزانی چی؟ ئەڕۆین بۆ ماڵی خۆمان نانێکی باش ئەخۆین، دوایی ئەڕۆین بۆ بازاڕ. ئەگەر تاقەتیشمان هەبوو، ئەچین بۆ پارک.
بنار وتی:

- به خوا فێنک گیان تۆ زۆرت به دەستەوەیەو کەمی دەرئه خەیت. دەی فەرموو با بڕۆین.
پاش تۆزێک گەیشتینه ماڵەوە. دەرگاکەم کردەوە. چووینه ژوورەوە. بنار چاوێکی به ماڵەکەدا گێڕاو وتی:
- ئای ماڵی بێ پیاو!
خێرا قسەکەم بۆ تەواو کردو وتم:
- به خوا ناخۆشه.. دوو رۆژه رۆیشتووه، کەچی زۆری بیر ئەکەم.
بنار سەیرێکی کردم. وتی:
- خوا له یەکتان نەکات. فەرهاد زۆر کوڕی چاکه. خوا لێتنەسێنێت.
وتم:
- سوپاست ئەکەم. دەی ئێستا پێم بڵێ.. حەزت له چییه؟
بنار سەیرێکی کردم. به زەردەخەنەیەکەوە وتی:
- هەرچی هەبێت به زیاد بێت. تۆ وەخت بوو له برسانا بمخۆیت. ئێستا پرسیار له من مەکەو خەمی منت نەبێت.
هەردووکمان پێکەنین. بەرەو چێشتخانەکه رۆیشتین. بنار رۆیشت بۆ لای قۆریەو چا لێنان. منیش تاوەیەکم دەرهێناو دەستم به هێلکەو رۆن دروستکردن کرد. ئینجا هەرچی له سەلاجەکەدا هەبوو له ماست، پەنیر، مرەبا، زەیتوون، گوێز، هەموویم دەرهێنا. له سەر مێزەکه دام نا. بەرچاییەکی زۆر خۆشمان ئامادە کردو بەرامبەر یەک دانیشتین. من چام بۆ خۆمو بنار تێکرد. لەوە ئەچوو هەفتەیەک بووبێت هەردوکمان هیچمان نەخواردبێت. ئەوەندەمان برسیبوو، هەر به دەم خواردنەوە بنار له پڕ دەستی دایه مۆبایلەکەیو به پێکەنینەوە وتی:
- سەیریکه! خۆ له برسانا کچەکەمم بیر چۆوە. با قسەیەکی لەگەڵ بکەم. چاوت لێیه فێنک خان چۆنت شپرزە کردم؟!
وتم:

ـ بنار گیان، ده جاریَ تۆ ئەو مۆبایلەت دانیَ. نانەکەت بخۆ. با هێلکەو ڕۆنەکەت سارد نەبێتەوە. بە خوا ئێستا لانە خەوتووە، هێشتا بۆ ئەو زووە.

بنار سەیرێکی کردم هەر زوو مۆبایلەکەی دانایەوە. وتی:

ـ ڕاست ئەکەیت. دەی.. باشە.. دوایی قسەی لەگەڵ ئەکەم. وا ئەمەشت بە قسە ئەکەم، بەڵام ئەگەر من باش تۆ بناسم، شتێکت لە ژێر سەرایە! ئەتەوێت باسی بکەیت. وا نییە فێنک گیان؟

من ئەمزانی بنار چەند زیرەکو وریایە، هەروەها هەستی زۆر بەهێزە. من بڕوام بەوە هەبوو. کە زۆر زوو لە من تێئەگات، بەڵام من لە سەرەتاوە نەمئەویست خۆم وا نیشان بدەم، کە ئەمەوێت نهێنییەکانی ژیانی ئەو بزانم. هەر بۆیە لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەو خۆم گێل کرد. باسی شتیترم هێنایە پێشەوە. وەکو پرسیارکردن لە بارەی لانەوە. لانە؛ کچی تاقانەی بوو. تەمەنی بیست ساڵ بوو. خەریکی خویندن بوو لە شارێکی نزیک خۆمان. کچێکی زۆر زیرەکو لە سەر خۆ بوو.

ئەو سەر لە بەیانییە بۆ هەردوکمان زۆر خۆش بوو. بە ڕاستی من زۆر دەمێک بوو چاوەڕێم ئەکرد دانیشتنێکی تایبەتم هەبێت لەگەڵی. هەر دوو بە دوو پێکەوە دابنشین.

منو بنار نزیکەی بیستو چوار ساڵ بوو یەکترمان ئەناسی. هاوڕێو خۆشەویستی یەکتر بووین. لە خوشک زیاتر بووین بۆ یەکتر. بەر لە بیستو چوار ساڵ، کاتێک گەیشتینە دورگەی گوام لە ئەمریکا، لەویَ بۆ یەکەم جار یەکترمان بینیو یەکترمان ناسی. هەر لەو کاتەوە بووین بە هاوڕێی یەکترو لە یەکتر دانەبڕاین. ڕێکەوت وا بوو، هەردوو لامان بەر یەک ویلایەت بکەوین. بنار ئافرەتێکی زۆر سادەو لە سەرخۆ بوو. زیرەک، وریا، بە توانا بوو. لە هەمووی گرنگتر حەزی بە هاوڕێیەتیی مرۆڤی بە تواناو تێگەیشتوو ئەکرد. بنار هاوڕێی زۆر کەمی هەبوو. لە

مرۆڤی درۆزن‌و دووڕوو خۆی دوورەپەرێز ئەگرت. ئافرەتێک بوو زۆر بڕوای بە خۆی هەبوو؛ قسەی لە جێی خۆیدا ئەکرد. لەبەر ئەو هۆیانە بە دەگمەن هاوڕێیەتیی خەڵکی‌تری ئەکرد. هاوڕێکانی ئەبووایە وەکو خۆی خاوەن ویژدان بوونایەو راستگۆ بوونایە. زۆر خۆی بە کەسی‌ترەوە خەریک نەئەکرد. نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی لا گرنگ نەبوو. نەخێر، بەڵکو خۆی دوور ئەگرت بۆ ئەوەی خەڵکان تاکو تووشی گرفتی نەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر رێزی لە خەڵک ئەگرت. حەزی بە یارمەتیی خەڵکیش ئەکرد. لە هەمان کاتدا بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکیدا سنووری خۆی دائەنا. بڕوای بە سەربەستی‌و تایبەتمەندیی کەسێتیی خۆی هەبوو. بڕوای بەوە هەبووهەموو کەسێک پێویستە مافی ئەوەی هەبێت سنوور بۆ هاوڕێیەتی و تایبەتمەندێتی خۆی دابنێت. هەر بۆیە؛ خۆی لە هەموو کەسێک نزیک نەئەکردەوە. خاوەنی هەستێکی جوان بوو. حەزی بە خۆشی‌و بەختەوەریی هەموو کەس ئەکرد. بە هیچ جۆرێک بەخیلی‌و چاوچنۆکیی تیادا بە دی نەئەکرا. من هەر بۆیە ئەوەندەم خۆشویست، هەموو رۆژێک شتێکی تازەو جوانترم لێ بەدی ئەکرد. بۆیە منیش بیرم کردوەوە تەنها بنار شایستەی ئەوەیە کە وەک کەسایەتییەک بیکەم بە پاڵەوانی رۆمانەکەم.

ئەو رۆژە دوای ئەوەی نانی بەیانیمان پێکەوە خوارد، پێکەوە بڕیارماندا بچین بۆ بازاڕ. دوای چەند کاتژمێرێک گەڕان بە ناو چەند بازاڕێکدا هیچیمان بە دڵ نەبوو. گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی خۆم.

بنار زۆری کرد، کە بڕواتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام من نەمهێشت؛ حەزم کرد زیاتر لام بمێنێتەوە. ئەگەر چی من خۆشم وەکو ئەو تەنیا بووم بەڵام زۆرم بەزەیی بە تەنیاییەکەی ئەودا ئەهاتەوە. ئەگەرچی ئەو هەموو کات پێی ئەوتم:

ـ فێنک، خەمی منت نەبێت. من زۆر باشم.

## ـ ٢ ـ

بنار ماوەیەک بوو تەندروستی خراپ بوو، بەڵام هیچ کاتێک گلەیی نەئەکرد لەوەی پێی ئەتلایەوە. زۆر جار پرسیارم لە تەندروستی ئەکرد، بەڵام هەموو جار هەر هەمان وەڵامی ئەدامەوە. ئەیوت:

ـ زۆر باشم، خەمت نەبێت.

زۆر جار من، لە تەندروستی ئەو ئەترسام. بەڵام ئەو هەموو کات گاڵتەی بە من ئەکرد. ئەیوت:

ـ رۆڵە، مەرج نییە هەر کەس نەخۆش بکەوێت پێی بمرێت. جاری وا هەیە کەسەکە هیچ نەخۆش نییە، لە پڕێکا ئەمرێت. هەموو خەڵک ئەڵێن خۆ فلان کەس بە خوا ساغو سەلیم بوو، کەچی شەو لە جێگاکەیدا رەق بوو. ئیتر ئەمە ژیانە. بە رای من ژیان بڕوابوونە بە خۆ، خۆشەویستییە، خواپەرستییە، تامکردنی خۆشیو ناخۆشییەکانە بە تاسەوە. ناخۆشییەکان گەرچی زۆریش بن، یان تەواو قورسو ئاڵۆزیش بن، ئەبێت نەترسین. هیچ لە مردن سڵ نەکەینەوە نەترسین. بڕوامان بەوە هەبێت؛ رۆژێک ئەبێت مردن لەدەرگامان بدات و میوانمان بێت.. وەکو چۆن بڕوامان بە ژیان هەیە، ئەبێت بڕوامان بە مردنیش هەبێت. ئیتر تۆ بۆ ئەترسیت؟ کێ هەیە نەمرێت؟ کێ نامرێت؟

منیش هەموو جار پێم ئەوت:

ـ بنار گیان بە خوا تۆ زۆر ئازایت. خۆزگەم بە خۆت. توخوا هەرچی کاتێک پێویستیت بە من بوو، پێم بڵێ، با ئاگادارت بم.

ئەویش ئەیوت:

ـ باشە.

بەڵام هیچ کاتێک داوای یارمەتی لێ نەکردم. من هەندێک جار لە سەر ئەوە لێی تووڕە ئەبووم. بەڵام ئەو هەموو جار ئەیوت:

هەواڵنامەی کتێب

ـ توورەبە. من گوێ نادەمێ. ئەزانم تۆ لە ئێشیت. ئەرکت زۆرە. من چۆن ئەوەندەی‌تریش سەرقاڵت ئەکەم؟

ئەو رۆژە منو بنار لە ماڵی خۆمان زۆر شتمان باس کرد لە بارەی بێکەسی، تەنهایی، ماندووبوون، کارکردنی زۆر. هەروەها نائارامی جۆری ژیانمان. بەڵام من حەزم ئەکرد بنار زیاتر باسی خۆیم بۆ بکات بۆ ئەوەی ئەو پەڵە هەورەی، کە بەری رووناکی لە ژیانی گرتبوو، برەوێتەوە. بەڵام بۆ من زۆر ئاسان نەبوو، کە بتوانم ئەوبەستەڵەکە بشکێنم تاکو بچمە نێو ژیانی کەسێکی وەکو بنارەوە. هەر بۆیە جۆراو جۆر بابەتم دەست پێئەکرد بەڵام هیچم دەست نەئەکەوت. لە دوا جاردا ئەو وتی:

ـ فێنک، تۆ ئەتەوێت بەچی بگەیت؟ ئەتەوێت چی بزانیت؟ پرسیارەکانت زۆر نامۆن بە من! خۆت ئەزانیت من حەزم لە خەتی راستە؛ پێچاوپێچ ناتگەیەنێتە هیچ شوێنێک. راست برۆ، ئەگەیت، بە ئاسانیش ئەگەیت. ئێستا پێم بڵێ ئەتەوێت چی بزانیت؟

وتم:

ـ تۆ بۆچی هەموو کات دڵ تەنگو غەمباریت؟ بۆچی پێکەنین دوورە لە لێوەکانت؟ من هەست ئەکەم تۆ دڵت بە هیچ شتێک خۆش نییە! بۆچی وایت؟ پێم بڵێ بەڵکو من بتوانم یارمەتیت بدەم!

بنار سەیرێکی کردم. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ سەیرم کە، بزانە ئەوە نییە پێئەکەنم؟

وتم:

ـ ئەزانم پێئەکەنیت، بەڵام هەرگیز تۆم نەبینیوە لە دڵەوە پێبکەنیت. هەموو کات هەست ئەکەم تۆ خەمێکی قورست بە کۆڵتا داوە، هەست ئەکەم لە ناختا، شتێک هەیە بۆتە بەربەستێکی گەورە بۆ تام وەرگرتنت لە خۆشی ژیان! ئەمەوێت بزانم چییە! ئەمەوێت بزانم ئەو هۆیانە چین ناهێڵن ئارامو

هەواڵنامەی کتێب

ئاسودە بیت! تۆ کەسێکی ئەوەنە باشیت، شایستەی ئەوەی دڵخۆش بیت. من ئەمەوێت یارمەتیت بدەم، لە قوڵایی دڵمەوە حەز بە خۆشبەختیت ئەکەم. ئێستا پێم بڵێ ئەو هۆیانە چین؟

بنار وتی:

ـ فێنک گیان، ئینجا تۆ بۆ ئەتەوێت بزانیت؟ هەر چییەکە، کێشە نییە..

وتم:

ـ بنار گیان، من هەستت پێ ئەکەم! حەز ئەکەم بزانم بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم. تاکەی ئەو ئازارانەت ئەشاریتەوە؟ بۆ ئەیانشاریتەوە؟ ئەی هاورێیەتیو خوشکایەت مانای چییە؟ حەز ئەکەم خۆت دڵتم بۆ بکەیتەوە، باسی ئەندێشەو خەمەکانتم بۆ بکەیت. بڕوا بکە، تۆ چەند زیرەک بیت، ئیتر ناتوانیت بیشاریتەوە. بەڵام منیش ناتوانم زۆرت لێ بکەم. حەز ئەکەم بڕواو متمانەت بە من هەبێت.

هەردووکمان بۆ ماوەیەکی کەم بێدەنگ بووین. بەڵام ئەو هەر سەیری ئەکردم، وا دیار بوو دوودڵ بوو لەوەی بیەوێت شتێکم بۆ باس بکات. لە پڕێکدا بە دەنگێکی کەمێک بەرز هاواری کرد. وتی:

ـ فێنک چی بوو؟ ئەوە خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشت؟

وتم:

ـ بۆ لای تۆ.

وتی:

ـ بۆ؟

وتم:

ـ منو تۆ وەکو دوو خوشکی ئازیزی یەکترین. وەرە دڵی خۆتم بۆ بکەرەوە. چیت هەیە بۆم باس بکەو خەمت نەبێت.

بنار وتی:

ـ راستە. منیش تۆم لە جێی خوشکی خۆم داناوە، بەڵام ژیانی من جگە لە کچە تاقانەکەم، هیچ شتێکی تری تیادا نییە. وەکو خۆت ئەزانیت من هیچم ناوێت، تەنها خۆشیو بەختیاری بۆ ژیانی کچەکەم. من بە هەموو شتێکدا تێپەڕیوم. کەمی خۆشی. زۆری ناخۆشی. بەڵام ژیان چییە؟ هەر ئەوەیە. من تەنها ئەمەوێت کچەکەم پاشەڕۆژێکی روونی هەبێت ئەگەر بوو، هاوسەرێکی باش بدۆزیتەوە. ژیانی من ئاسوودەیە. ئەزانم تۆ خەمی منتە، بەڵام من پێت ئەڵێم دڵنیابە، من دڵم خۆشەو ئاسوودەم.

ئینجا زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوی‌و وتی:

ـ تەواو، من رازیم ئیتر ئەوە ژیانی منە.

منیش سەیرێکم کردەوە. بە هەمان شێوەی ئەو زەردەخەنەیەکم بۆ کردەوە. وتم:

ـ بنار گیان، بە خوا قەت درۆم لێ نەبیستوویت، بەڵام راستیش ناکەیت. ئەزانم زۆر زیرەکیت. ئەتوانیت بە هەندێک قسەو جووڵە بۆ ماوەیەک هەڵمبخەڵەتێنیت؟ بەڵام بە داخەوە، ناتوانیت لەگەڵ مندا بەردەوام ئەوە بکەیت.

هەردووکمان وەک یەک پێکەنین. ئەو وتی:

ـ فێنک؟ ئەوە تۆ بە راستتە؟ ئەتەوێت چیرۆکی ژیانی من بنووسیتەوە؟

وتم:

ـ بەڵێ.. ئەگەر ئەم شتە بێزارت ناکات.

بۆ ماوەیەک هەردووکمان تۆزێک بێدەنگ بووین. سەیرێکیم کردەوە. وا دیار بوو ئەو خەیاڵی بە لایەکی‌تردا رۆیشتبوو، یاریی بە موستیلەکەی پەنجەی ئەکرد. نەمویست لە بیرکردنەوەی بپچڕێنم. لە سەر خۆ لە جێی خۆم هەستامە سەر پێ. بەرەو چێشتخانەکە رۆیشتم. لە سەر مێزی نانخواردنەکە قاپێک میوەم دانا بوو، دەستم دایەو هەڵم گرت. بردم خستمە

بەردەمی. ئەو لەو کاتەدا سەرێکی هەڵبڕی، زۆر بە وردی تەماشایەکی کردم. وەک ئەوەی بزانێت من چیم ئەوێت! بەڵام پێش ئەوەی بهێڵم ئەو هیچ بڵێت. وتم:

ـ بنار؟ ئەزانیت زانایانی دەروونی چی ئەڵێن؟

بنار بزیەک گرتی. وتی:

ـ زانایانی دەروونی ئەڵێن چی؟

وتم:

ـ زانایانی دەروون ناس ئەڵێن، ئەگەر شتێک بێزاری کردیت، باسی بکە. لەگەڵ خۆت، یان لەگەڵ کەسێک کە بڕوات پێی هەبێت. ئەگەر کەسێکیش بێزاری کردیت، یان رقت لە یەکێک بوو، وێنەکەی بکە بەو شێوە ناشرینەی، کە خۆت ئەیبینیت؟

ئەمجارە بنار بە راستی پێکەنی. وتی:

ـ بە خوا زۆر چاکە، ئەتەوێت بە زانیاریی دەروونی قەناعەتم پێ بکەیت؟ خۆ ئەزانم ئەو قسەیە زۆر راستە، بەڵام...

من خێرا قسەکەم پێ بڕی. وتم:

ـ بەڵامی ناوێت. من ئەزانم حەزیش ئەکەیت.

تۆزێک وەستاو وتی:

ـ فێنک جارێ واز بێنە. با بیرێکی لێ بکەمەوە.

وتم:

ـ باشە، بەڵام یەک شت بزانە ئەبێت هەرچیت باس کرد، هەمووی راست بێت، نە زیادو نە کەم.

بنار وتی:

ـ تۆ ئەتەوێت من چیرۆکی خورشیدو خاوەرت بۆ باس بکەم؟

وتم:

ـ نا.. چیرۆکی بنارو کامەرانم بۆ باس بکە.

هەولاتەی کتێب

کە وام پێوت، چاوی زەق بووەوە. تۆزێک بێدەنگ بوو وەک بیەوێت بیر بکاتەوە. وتی:

ـ چیی؟ تۆ ئەوە چووزانیت؟ کێ ئەمەی بۆ باس کردوویت؟

وتم:

ـ تۆ خۆت جارێک شتێکی کەمت بۆ باسکردم. وا دیارە بیرت چۆتەوە. کاتی خۆی زۆر دڵم پێت سووتا. زۆرم حەز ئەکرد زیاترم بۆ باس بکەیت. حەزم ئەکرد بزانم ئەو خۆشەویستییە چیی بە سەر هات؟! بەڵام تۆ باست نەکردەوە.

لەو کاتەدا بنار بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. هەر تەماشای دیوارەکەی بەرامبەری ئەکردو خەیاڵی ڕۆیشتبوو. لە پڕێکدا بە ئاگام هێنایەوە. وتم:

ـ بنار گیان، ئەگەر پێت گرانە، ئەوا هیچ باسی ناکەین. وا دیارە برینی کۆنتم کولانەوە.

بنار دوای چەند چرکەیەک چاوی ترووکاند. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. بە جۆرێک هەستم پێکرد، کە گرو تورەیی و ئەندیشەی رابردووی، هەموو روخساری بە شێوەیەکی ئاشکرا گرتەوە، ئینجا سەیرێکی کردم. وتی:

ـ بەڵێ باسی ئەکەین، بەڵام ئێستا نا، کاتێکی کە. بە راستی ئێستا لە پرسیارەکەت زۆر سەرسام بووم. جگە لەوەش، تۆ پرسیاری سیو پێنج ساڵی پێش ئێستام لێ ئەکەیت.

وتم:

ـ ئەگەر بیرت چۆتەوە، ئەوە هیچ، هەر باسی ناکەین.

وتی:

ـ چی؟ چیم بیر چۆتەوە ئازیز؟ کەی ناوی خۆم بیر چۆوە، ئەو کاتە ئەوەشم بیر ئەچێتەوە.

وتم:

ـ دە.. باشە.. کەواتە کەی ئامادە بوویت، پەیوەندیم پێوە بکە بۆ ئەوەی دەستپێبکەین، بەڵام هەوڵ بدە با زۆر دووریش نەکەوێتەوە. بە تایبەت هەتا فەرهاد لێرە نییە، من کاتم زۆرە. خۆت ئەزانیت، کە پیاو لە ماڵدا بوو، ئەبێت وەکو مناڵ خەریکی بیت. تو خوا وا نییە؟

بە پێکەنینەوە وتی:

ـ بەڵێ.. وایە..!

ئینجا هەستا بڕوات، وتی:

ـ وەڵامت لێ ئەگێڕمەوە.

وتم:

ـ باشە بۆ ئەمشەو لێرە نابیت؟

وتی:

ـ نابێت. لانە گیان، بەیانی یەتەوە. بۆ چەند ڕۆژێک لە لام ئەمێنێتەوە. منیش ئەمەوێت بەیانی، پێش گەڕانەوەی، بچم بۆ بازار هەندێک شتی پێویستی بۆ بکڕم. خواردنێکی خۆشی بۆ لێ بنێم.

وتم:

ـ زۆرم پێ خۆشە. پێشەکی چاوت روون.

بنار لەو کاتەدا هەستا بڕوات، بەڵام بە چواردەوری خۆیدا چاوی ئەگێڕا وەکو شتێکی لێ ون بووبێت. منیش سەیرم لێهات. وتم:

ـ ئەوە بۆ چی ئەگەڕێیت؟

بەدەم پێکەنینێکەوە. وتی:

ـ ئەیەڕۆ.. خۆ بیرم چوو، کە ئەم بەیانییە تۆ هاتیت بە شوێنما. وامزانی خۆم هاتووم. بۆ کلیلی سەیارەکەم ئەگەڕام.

هەردووکمان دامانە قاقای پێکەنین.

هەواڵنامەی کتێب

## - ٣ -

زۆر جار بیرم لە ژیانی بنار ئەکردەوە. خۆم بە خۆمم ئەوت، ئەبێت ئەو داماوە چۆن ژیانی بە سەر بەرێت؟ بە تەنها لە وڵاتی غەریبی کەسێکی لا نەبێت لە کەسوکار. تەنها کەسێک، کە بیتوانیایە هاواری بۆ بەرێت، من بووم. منیش وە نەبێت ئەوەندە نزیک بم. هەموو جار بڕیارم ئەدا، کە ئەبێت بە ئەوپەڕی تواناموە یارمەتیی بدەم، چونکە بنار تاکە کەسێک بوو، کە ئەمناسی بەو هەموو چاکێتییەوە. ئەوەی لە بناردا هەبوو، لە هیچ کەسێکی تردا نەم بینی بوو. بنار لەو کەسە تایبەتانە بوو، کە زۆر کەمن، بەڵام بە داخەوە لە ژیانێکی زۆر تەنهاو قورس‌و پڕ لە ئەندێشە ئەژیا. ماوەی پانزە ساڵ لەگەڵ مێردەکەیدا ژیانی بەسەربرد، بەڵام چۆن ژیانێک! مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێت چۆن بوو. من خۆم لە نزیکەوە ئاگاداری شەڕەکانیان بووم، کە چەند جار مێردەکەی بە شەو ئەیکردە سەر جادە بە بێ هۆ. ئاگادار بووم، کە سەری شکاند، ئاگادار بووم، کە قۆڵی شکاند. بناری بێ دەسەڵات تەنها هاواری بۆ من ئەهێنا. منیش خێرا رامئەکرد هەتا فریای بکەوم. جارێکیان من لە سەفەر بووم کاتێک شەڕیان بوو بوو. بنار لە داخانا دە دەنک حەبی خواردبوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، بەڵام کاتێک مێردەکەی، کە بینیبووی زۆر بێ هێزو بێ رەنگە، ئەیبات بۆ نەخۆشخانە. ئەو شەوە لە نەخۆشخانە ئەیهێڵنەوە. دوای چەند رۆژێک، کە گەڕامەوە لە سەفەر، رۆیشتم بۆ لای. بنار بۆی باس کردم، کە مێردەکەی شەوێک بە سەرخۆشی هاتبووەوە. هەر ئەو شەوە پارەیەکی زۆری لە کازینۆ بە یاریی قومار دۆڕاندبوو. بناریش پێی وتبوو:

ـ ئەو پارەیەی، کە لەوێ دۆڕانت باشتر بوو بۆ خۆمانی سەرف بکەیت. هەر ئەو شەوە داوای لێ کردبوو کە ئیتر واز لە قومارکردن بهێنێت.

بەڵام لە بەر ئەوەی کابرا تەواو سەرخۆش بوو. زۆر خەفەتباریش بوو بۆ پارەکەی، پەلاماری بناری دابوو؛ زۆری لێدابوو. ئەمیش لە تاو ئازاری لەشو گیانی، چنگێک حەبی خواردبوو بۆ ئەوەی بە تەواوی رزگاری بێت لەو ژیانە ناخۆشەی کە هەیبوو.

من زۆر دڵم بۆی بە داخ بوو. بنار ژیانی پڕ بوو لە ناخۆشی، گریان، سووکایەتی پێکردن. ئەوەی من بزانم، ئاگاداری بم، بنار لەگەڵ مێردەکەیدا لە ساڵێکدا کەمتر لە چوار مانگ قسەیان ئەکرد بە یەکەوە. سەرجەمی مانگەکانیتر هەر شەڕو لێکدابڕان بوو. لانە گیانیش لەو نێوانەدا تووشی جۆرەها کێشەی دەروونی بوو بوو. هەموو جار من سەرزەنشتی بنارم ئەکردو پێم ئەوت:

ـ تۆزێک بە ئارام بە، ئەزانم خەتای تۆشی تیایە.

بنار لە وەڵامدا ئەیوت:

ـ فێنک گیان، ئەو کابرایە جگە لە رەفتارە ناشرینەکانیشی، بە راستی شێتە. وا هەست ئەکەم نەخۆشیی دەروونی هەبێت. زۆربەی جار شتێک ئەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شەڕم لەگەڵ بکات. من وەڵامی نادەمەوە. بەڵام ئەو ژوور بە ژوور دوامئەکەوێت. پێم ئەڵێت:

ـ بۆ وەڵام نایەیتەوە؟ ئەوە زمانت شکاوە؟ یان قسەت پێ نییە؟

ئینجا ئەڵێت:

ـ هەی بێ قیمەت.. هەی بێ کەرامەت.

دوایی ئەکەوێتە جنێودان بە باوکو دایکم. منیش دواتر خۆم پێ ناگیرێت. ئەو رەفتارانەی وام لێ ئەکات وەڵام بدەمەوە. ئەوسا ئەبێت بە شەڕێکی گەورە. چەند مانگێک قسەم لەگەڵ ناکات. ئەمە حاڵی منە. بەڵام من ئەم شتانەو لەوەش زیاترم ئەزانی لە بارەی ژیانی بنارەوە. زۆر جاریش ئامۆژگاریم ئەکرد، بەڵام وەکو پێشینان وتوویانە: کە زۆرهات، قەواڵە بەتاڵە.

هەواڵنامەی کتێب

## - ٤ -

ڕۆژی دوایی، هەر، کە لە خەو هەستام، هێشتا لە نێو جێگاکەمدا بووم، دەستم بۆ تەلەفۆنەکەم برد بۆ ئەوەی پەیوەندی بە فەرهادی هاوسەرمەوە بکەم، چونکە دوو ڕۆژ زیاتر بوو ڕۆیشتبوو، بەڵام هیچ دەنگی نەبوو. بینیم بنار نامەی ناردبوو، تیایدا ئەیوت، کەوا ئەمڕۆ ئامادەیە، چاوەڕێی من ئەکات. منیش، خێرا، پێش ئەوەی تەلەفۆن بۆ فەرهاد بکەم، وەڵامی نامەکەی بنارم دایەوە. پیم وت: کە وا منیش ئامادە ئەبم لە قاوەخانەیەکی نزیک ماڵی خۆمان ببینم. کاتو شوێنمان دیاری کرد. خێرا، زۆری نەبرد، وەکو بروسکە دەرچووم، بە خۆمو پینووسو پەڕاوەکەمەوە. نەمویست لە سەر لاپتۆپەکەم هیچ شتێک بنووسمەوە بۆ ئەوەی بنار زیاتر بڕواو متمانەی بە من هەبێت. زۆری پێ نەچوو، خۆم گەیاندە ئەو قاوەخانەیەی، کە بڕیارمان لە سەر دابوو بچین. گەیشتمە ژوورەوە. چاوم بە شوێنەکەدا گێڕا. بنارم نەبینی، بەڵام ڕۆیشتم لە پەنایەکدا لە سەر کورسییەک دانیشتم، کە ئەو جێگایە شوێنی دوو کەس بوو. مێزێکی خڕی جوانیش لە بەردەمیدا دانرابوو. شوێنەکە تا بڵێیت سادەو ساکار بوو، بەڵام شوێنی حەسانەوە بوو، چونکە زۆر بێدەنگو ئاسوودە بوو. خەڵکەکانی، کە لەوێ بوون، هەمووی تێکڕا خەریکی خوێندنەوە بوون، یان شتیان دەنووسیەوە. پاش کەمێک کچێکی جوانکیلە هاتە بەردەمم. پرسیاری لێ کردم، وتی:

ـ ئەکرێت لێرە دابنیشم هەندێک شت بنوسمەوە؟

منیش پیم وت:

ـ داوای لێبوردن ئەکەم. چاوەڕێی هاوڕێکەم ئەکەم.

هەر لەو کاتەدا بنار تەلەفۆنی بۆ کردم. وتی:

ـ من تۆزێک درەنگ ئەکەوم، چونکە لە ڕێگا کارەساتی ئۆتۆمۆبێل ڕوویداوە. هەوڵ ئەدەم لە ڕێگایەکیترەوە بێم.

زۆری پێ نەچوو، بنار گەیشت. خێرا داوای دوو قاوەی گەرمو خۆشمان کرد. لەگەڵ دوو پارچە کێکی ڤانیللاو چۆکلێت. پێم وت:

ـ فەرمووو با دەست پێبکەین ئەگەر بە تـەواوی بڕیارت داوە. ئەگەر هێشتا دوودڵیت. پێم بڵێ بزانم بۆ دوودڵیت؟

بنار وتی:

ـ نا.. خۆت ئەزانیت من، کە قسەم کرد، قسەی من پەیمانە. پەشیمان بوونەوەی تیا نییە، بەڵام من ئەمەوێت، چیرۆکی من لە منداڵیمەوە دەستی پێ بکەیت، هەتا.. ئەو کاتەی خۆت ئەیزانیت.

وتم:

ـ بێگومان، ئەگەر تۆخۆت وات پێخۆشە! منیش زۆر حەز ئەکەم، بەڵام ئەبێت راستگۆ بیت لە بەسەرهاتو رووداوەکاندا.

وتی:

ـ دڵنیابە هەر وا ئەبێت. کەواتە.. با بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی حەفتاو چوارو حەفتاو پێنج.

وتم:

ـ دەی. وا گوێم لێ گرتووی..!

بنار وتی:

ـ ئەوەی بیرم مابێت، ئەو شتانەن، کە لە منداڵیما زۆر کاریان تێکردوم. ئێستاش جێگاو شوێنەواریان لە دڵو مێشکمدا ماوە. هەندێک لە برینەکانم، هەر چەندە زۆر کۆنن، بەڵام هێشتا سارێژ نەبوون، ناشبن. بنارلە پڕێکا لە قسەکردن وەستا، بێدەنگ بوو. ئینجا دەستی دایە کوپەکەی بەردەمی، هەڵیگرت، قومێکی لە قاوەکەی داو کوپەکەی بە هێواشی دانایەوە. ئینجا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. کەمێک سەری دانەواند. دیار بوو بیری ئەکردەوە باشترە لە کوێوە دەست پێبکات! دوای تۆزێک سەری

هەولێرنامەی کتێب

هەڵبڕییەوە. بەڵام هێشتا بێدەنگ بوو. زۆر بەقوڵی سەیری ئەکردم. منیش زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەوم ئەکرد. بنار پێش ئەوەی هیچ بڵێت، بینیم روخساری بەتەواوی گۆڕا. بە دەنگێکی نزم، بەڵام پڕ لە گرو ئەندێشە. وتی:

ـ فینک گیان، من هەر لە منالێمەوە خۆم بە بەرپرسیار زانیوە بەرامبەر خێزانەکەم، خۆشەویستی ئەوان، وای لە من کردوە، کە ژیانی خۆم فەرامۆش بکەم. خۆشی ئەوان خۆشی من بووە. بەڵام من زۆر بێدەسەڵات بووم. هەر بە بێ دەسەڵاتیش هێناومە.. هیچ تواناییەکم نەبووە تاکوو بەرەنگاری هیچ شتێک ببمەوە، بەڵام.. زۆر جار هەڵوێستی نارەزایم هەبووە بەرامبەر بە کارەساتەکان، کە روویان ئەدا.. هەرچەندە هیچ شتێکیان لە ژیانم نەئەگۆڕی. چیرۆکو بەسەرهاتی ئێمە بەم جۆرە بوو. خێزانەکەمان بریتی بوو لە دایکمو باوکم. بە خۆمەوە حەوت منال بووین. هەندێک لە بەسەرهاتەکان، کە هێشتا بیرم ماون، من تەمەنم زۆر منالترە لەوەی، کە بکەومە باسکردنی. ئەو کاتە من تەمەنم هەشت سال بوو. نازداری خوشکم دوو سال لە من گەورەتر بوو. ئەو تەمەنی دە سال بوو. نیازی برام سالێک لە من منال تربوو. تەمەنی حەوت سال بوو. خونچەی خۆشکم تەمەنی شەش سال بوو. نەشمیلی خوشکم تەمەنی پێنچ سال بوو. نەوژینی برام تەمەنی چوار سال بوو. هاوژین لە هەمووومان منالتر بوو. ئەوسا هێشتا تەمەنی دوو سالان بوو. دایکم هەموو سالێک منالێکی ئەبوو. تا وای لێهات دکتۆرەکان پێیان وت: نابێت ئیتر منالی کەی ببێت. چونکە باری تەندروستی بەرەو خراپی ئەڕۆیشت.

بنار لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم قسانەیدا روخساری گۆڕاو خەیالێکی قووڵ بردییەوە.

## - ٥ -

خەیاڵە قووڵەکەی بنار، دیمەنێکی‌تری هاویشتە نێو ئەم رۆمانەوە، کە سەردەمەکەی چل ساڵ بەر لەو ساتەمان بوو، کە تیایدا پێکەوە دانیشتبووین.

بنار وتی:

- ئەوەنەی بیرم مابێت، لەو ساڵانەدا ئێمە لە خانوویەکی بچووکا ئەژیاین لە کۆڵانێکی کۆن، لە گەڕەکێکی قەراغ شار. خانووەکەمان پێکهاتبوو لە ژوورێکی دانیشتنی گەورە، کە بە هیچ شتێک گەرم نەئەبوو. دوو ژووری نوستنمان هەبوو. یەکێکیان تایبەت بوو بۆ دایکم، باوکم، خوشکو برا بچووکەکانم. ئەویتریشیان تایبەت بوو بە منو نازداری خوشکم. هەر لە زووەوە باوکم منو نازداری خوشکمی جیاکردبووەوە بە بیانوی ئەوەی، کە ئێمە گەورەین، ئەبێت بەجیابین ئێمەش زۆرمان پێخۆش بوو. هەندێک جاریش نیازمان ئەبردە ژوورەکەی خۆمان لەگەڵ ئێمە ئەخەوت. ژوورێکی تریشمان هەبوو پێمان ئەوت ژووری هەورەبان. دایکم شتی زیادەی تیادا هەڵئەگرت. موبەقێکی یەکجار بچووکمان هەبوو، کە تەنها یەک کەس ئەیتوانی ئیشی تیادا بکات، ئەو کەسەش بەردەوام هەر دایکم بوو. هەیوانێکی خنجیلەمان هەبوو، کە بە دوو پلە ئەیڕوانییە سەر حەوشەیەکی فراوان، کە لایەکی چیمەنتۆ بوو. لایەکەی تریشی دایکم پڕی کردبوو لە گوڵە نەسرینو شەوبۆو هەمیشە بەهار. هەر تۆزێک لەولای ترەوە، بەدرێژایی بن دیواری حەوشەکەمان، دیسانەوە دایکم رازاندبوویەوە بە گوڵە باخو ریحانە رەشە. لە هەمووی جوانتر دارێکی تووی زۆر گەورەشمان هەبوو لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو، لە هاویناندا سێبەرو هەوایەکی فێنکو خۆشی پێ ئەبەخشین. بە تایبەت، کە دایکم ئێواران جێگای لێ دائەخست لە سەر قەرەوێڵەکان بۆ ئەوەی تاکوو کاتی

نوستن جێگاکانمان فێنک بێت. ئینجا تۆزێک ئاوڕشێنی باخچە کەی ئەکرد. بۆنێکی خۆش‌و هەوایەکی فێنکی دروست ئەکرد. دەرگای حەوشەکەمان ئاسن بوو. بە رەنگێکی زەردی کاڵ بۆیاخ کرابوو. دیواری حەوشەکەمان بە بلۆک دروستکرابوو. لە دیوی کۆڵان بە لەبغی چیمەنتۆ سواغ درابوو. چەند ساڵێک بوو لەو ماڵەدا ژیانمان بەسەر ئەبرد. ئێوارەیەکی مەیلەو درەنگ، وەرزی زستان بوو. هەور بە تەواوی بەری ئاسمانی گرتبوو. دیار بوو هەڕەشەی بەفربارینی ئەکرد. بیرمە ئەو ئێوارەیە باوکم کەمێک دواکەوتبوو، ئێمەش هەموو چاوەڕێمان ئەکرد. دایکیشم زۆر شپرزەو بێ ئارام بوو. ترس‌و دوودڵی بە تەواوی تەنگیان پێهەڵچنی بوو. هەر هاوتوچۆی بوو، جارێک بۆ سەربان، جارێک بۆ بەردەرگا، بۆ ئەوەی بزانێت کەی باوکم دەرئەکەوێت تاکو دڵی ئارام بێتەوە. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو، کە باوکم بەو جۆرە دوابکەوێت. باوکم هەموو ئێوارەیەک لە کاتی خۆیدا ئەگەڕایەوە. بەڵام ئەو ئێوارەیە وا نەبوو.. منیش هەرچەندە مناڵ بووم، بەڵام هەر وەک دایکم ترسێکی زۆر سەری لێدابووم‌و دوودڵی کردبووم. زۆر بە ئەسپایی خۆم دزیەوە، ڕۆیشتم بۆ حەوشە. گەیشتمە بەردەمی دەرگاکە. سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد ئینجا درزێکی دەرگای حەوشەکەم کردەوە. تاکو بزانم باوکم ئەبینم بۆ ئەوەی زوو بچم هەواڵی خۆش بە دایکم بگەیەنم؟ لە دوورەوە باوکمم بینی. لە سەری کۆڵانەکەوە دەرکەوت، بە خێرایی بەرەو لای ماڵەوە ئەگەڕایەوە. ئەو کاتە دەستێک جلی مرادخانیی لەبەر بوو. پاڵتۆیەکی رەشی ئەستووری بە سەردا کردبوو. جامانەیەکی زلیشی لە ملییەوە ئاڵانبوو. دوو کیسەی گەورەشی بە بن دەستەوە بوو. سەیرم کرد باوکم زۆر نزیکە خەریکە ئەمبینێت. هەر زۆر بە هێواشی بە دڵێکی خۆشەوە درزی دەرگاکەم داخستەوە. چاوەڕێم کرد، کە خۆی لە دەرگاکە بدات. چەند خولەکێکی

پێچوو باوکم لە دەرگاکەی دا، ئینجا خێرا دەرگاکەم بۆ کردەوە. کە منی بینی، وتی:

ـ ئەوە چۆن وا زوو ئەو دەرگایەت کردەوە؟

پێکەنینێک گرتمی. بە دەنگێکی بەرز وتم:

ـ باوکە گیان بەخێر بێیتەوە.

باوکم وتی:

ـ هەر بژیت بنار خان.

لە دەرگای حەوشەکە هاتە ژوورەوە. من خێرا کیسەکانم لە دەستی وەرگـرت، بـەڵام زۆر قـورس بـوون. ئەویش پێش ئـەوەی بگاتە بەر هەیوانەکە، وتی:

ـ ئەوە چییە؟ بۆ کەس دیار نییە؟ بۆ وا بێدەنگن؟ ئەڵێی لە تۆ زیاتر ماڵەکە کەسیتری تیا نییە!

دایکمو خوشکو براکانم لە ژوورەوە بوون، وا دیار بوو ئاگاداری تەقەی دەرگاکە نەبوون.

وتم:

ـ باوکە گیان، هەموویان لە ژوورەوەن. هەمووومان چاوەڕێی تۆمان ئەکرد بێیتەوە. زۆر ترساین بۆ وا دواکەوتیت؟ دایکم هەر دووعا ئەکات بۆ تۆ.

باوکم بە لاچاوێک سەیرێکی کردم بەرەورووی هەیوانەکە ئەڕۆیشت. وتی:

ـ ئەی کوا بۆ کەسیان دیار نین؟

باوکم، کە، گەیشتە بەر هەیوانەکە خەریک بوو پێڵاوەکانی دابکەنێت، دایکمو نازدار بە پرتاو هاتن بەرەو رووی باوکم. دایکم زۆر بە پەرۆشەوە رووی کردە باوکم. وتی:

ـ ئەوە پیاوەکە بۆ وا دواکەوتیت؟ خۆ من خەریک بوو دڵم بپچڕێ.

ئینجا رووی کردە نازدار. وتی:

ـ دە کچم ئەو زەرفانە لە بنار وەرگرە، بیبە بۆ مووبەقەکە.
ئینجا رووی کردەوە باوکم. وتی:
ـ ساڵح بەخێر بێیتەوە. دڵم زۆر کەوتە مەراقەوە! دە پێمان بڵێ بۆ وا درەنگ گەڕایتەوە؟ بەخوا منو مناڵەکان وەخت بوو شێت بین.
نازدار کیسەکانی لە من وەرگرتو لە پشت دایکمەوە وەستا. وتی:
ـ باوکە گیان بەخێر بێیتەوە.
باوکم، بێ ئەوەی وەڵامی دایکمو نازدار بداتەوە، پێڵاوەکانی داکەند، چووە ژوورەوە. لە سەر سووچێکی تاکێک لە قەنەفەکانی ناو هۆڵەکە دانیشت، پاڵی دایەوە. وتی:
ـ ئەوە ئێوە چیتانە؟ ئەم هەموو پرسیارە چییە ئەیکەن؟ دە بیەڵن هەناسەیەک بەم. مشتەریی عەرەبی زۆرم لا بوو شتی زۆریان ئەویست. ئێ خۆ ناتوانی دەریان بکەیت! ئەوان هاتبوون شت بکڕن. منیش چۆن ئەبێت دەست بنێم بە رزقی خۆمەوە. ئێستا زانیتان بۆ دواکەوتم؟ دەی... خێرا ئێوەش خواردن حازرکەن.
پێش ئەوەی باوکم لە قسەکانی بێتەوە، دایکم بە خێرایی بەرەو چێشتخانەکە رۆیشت. ئینجا باوکم وتی:
ـ زۆرم برسییەو زۆریش ماندووم. ئەوە پاکیزە چیی لێهات؟ بۆ کوێ چوو؟ خۆ ئێستا دایکتان لێرا بوو!
خونچە وەڵامی باوکمی دایەوە. وتی:
ـ باوکە... دایکم لە مووبەقەکەیە خەریکی چێشت تێکردنە. بانگی کەم؟
وادیار بوو دایکم گوێی لە باوکم بوو، بەخێرایی لە چێشتخانەکەوە هات کەوگیرێکی بەدەستەوە بوو، رووی کردە باوکم. وتی:
ـ ساڵح دە هەستە برۆ جلەکانت بگۆڕە. دەستنوێژێ بگرە، تاکو تۆ حازر ئەبیت، منیش سفرەکە حازر ئەکەم. بەخوا ئێمەش برسیمانە. چاوەڕێی تۆمان ئەکرد.

باوکم وتی:

ـ باشە.. وا ئەڕۆم خۆم دائەکەنم. ئەی نیاز کوا؟

دایکم وتی:

ـ نیاز لە ژووری هەورەبانەکەیە. یاری ئەکات.

من وتم:

ـ باوکە ئەوەتا لە قاڵدرمەکان هاتە خوارەوە.

باوکم چاوی لێبوو نیاز هاتە خوارەوە. بانگی کرد. وتی:

ـ سەگباب ئا وەرە. ئا ئەوە لە کوێی.

نیاز خۆی خستە باوەشییەوە. پشتاوپشت لە سەر رانی دانیشت. دەستێکی بۆ ریشی برد.

باوکم پێی وت:

ـ خۆ ئیمڕۆ  بێ حەیاییت نەکرد. ئیمڕۆ پیاو بوویت؟

نیاز وتی:

ـ بەڵێ باوکە. زۆر پیاو بووم. زۆری پێنەچوو، دایکم و نازدار سفرەی ئێوارەیان داخست، هەموو لەگەڵ باوکمان دانیشتن. نانی ئێوارەمان خوارد.

ناوماڵو شتومەکەکانمان زۆر سادەو ساکار بوون. دوو تاک قەنەفەی سادەمان لە هۆڵەکە دانا بوو. لەگەڵ چەند تەپڵەکێک. هەروەها فەرشێکی ئەستووری جوانو گەورە، کە باوکم زۆری حەز لێبوو. هەموو کات باسی گەرمووگوڕی نایابی ئەو فەرشەی بۆ ئەکردین. ئنجا ئەیوت، فەرشی ئێرانی فەرشی چاکە هیچی لێنایەت، گەرموو گورە، پڕ بە پڕی ژوورەکەمان بوو. لە راستیدا ئەو فەرشە رەنگەکانیشی زۆر جوان بوو. هەروەها چەند دۆشەکێکی لۆکەو چەند پشتییەک، کە باوکم زیاتر حەزی بە دانیشتنی ئەکردن، دوای ماندووبوونی رۆژێکی دوورو درێژ.

هەواڵنامەی کتێب

تەلەفیزیونێکی بچووکیشمان هەبوو لە سەر مێزێکی لاکێشی دانرابوو. پارچەیەک قوماشی بە سەردا درابوو بۆ ئەوەی زستان شێ نەگرێتو هاوینیش تۆزو خۆڵی تێنەچێت. ئەو تەلەفزیۆنە تەنها باوکم خۆی ئەیتوانی تەماشای بکات. بەڵام ئێمە بۆمان هەبوو تەنها رۆژانی هەینی بۆ ماوەی یەک کاتژمێر سەیری فلیمی کارتۆن، یان هەر شتێکیتر بۆ مناڵ بێت، بکەین. بە بڕوای باوکم وا بوو، کە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن رەوشتی مناڵ تێک ئەدات. باوکم زۆر گوێی نەئەدا بەوەی شتی گرانبەهامان بۆ بکڕێت، بەڵام هەموو شتی پێویستی خۆمان هەبوو. باوکم جارو بار دەستی زۆر ئەگرتەوە بۆ ئەوەی بۆ دوا رۆژ ماڵێکی باشترو ژیانێکی خۆشترمان بۆ پێکەوە بنێت. هەموو کات پێیئەوتین رۆڵە من هیچم لە ئێوە ناوێت، تەنها هەوڵ بدەن، کۆشش بکەن. وانەکانتان جوان لەبەر بکەن. بۆ ئەوەی زوو دەربچن، دوارۆژتان رووناک بێت. دایکیشم هەتا خوا حەز بکات بە دەستمانەوە ماندوو ئەبوو. خەریکی هەموومان بوو. سەرو جلی ئەشتین. چێشتو نانی بۆ لێئەناین. زۆر جاریش ئیشی بازاڕیش هەر لە سەر شانی خۆی بوو. خۆ ئەگەر نەخۆش بکەوتینایە، هەر دایکم ئەیبردین بۆ نەخۆشخانە. دایکم هەتا بڵێیت دایکێکی دڵسۆز، ئازاو لەش سووک، بە خزمەت بوو. زۆر بە توانا بوو. لەگەڵ ئەو هەموو هیلاکییەدا، زۆربەی جار ئەبووایە سەرێکی لە ماڵی نەنە حەلاو بایە. هەروەها هەواڵی هەموو خوشکو براکانی بزانیایە. دایکم دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی بەرامبەر هەموو کەسێک. زۆر دڵی بە خەڵکی هەژار ئەسووتا. حەزی ئەکرد یارمەتی دراوسێکان بدات، بە تایبەت باجی خاتوونی دراوسێمان، کە پیرێژنێکی زۆربێکەس، داماو، بێ دەسەلات بوو. زۆر لە دەمێکەوە بێوەژن بوو. لە ژیانیدا سێ جار شووی کردبوو، بەڵام لە هیچ مێردێکی منداڵی نەبوو. تەنها دراوسێکان یارمەتییان ئەدا. زۆر جار دایکم خواردنی

بۆ ئەنارد. هەندێک جار باوکم ئەیزانی، هەندێک جاریش نەیئەزانی، ئەو ئێوارەیە پێش ئەوەی باوکم لە بازاڕ بگەڕێتەوە، دایکم دوو قاپ چێشتی بۆ جیاکردەوە. پێی وتم:

ـ بنار گیان، کچی شیرینم ئادەی وەرە، ئەو خواردنە  بۆ باجی خاتون بەرە.  بەخوا ئێستا برسیەتی، هیچیشی نیە بیخوات. بەقوربان خێرا برۆ ئەو چێشتانەی بۆ بەرە، تا باوکت نەهاتۆتەوە. خێرێکیش بۆ خۆت بکە.

هەموو جار منیش بە بێ دەنگی خواردنەکەم لە دایکم وەرئەگرت، بەراکردن بۆم ئەبرد. باجی خاتوون لە ژوورێکی بچووکی حەوشەیماڵێکدا ئەژیا. خاوەن ماڵەکە لەزۆر دەمێکەوە باجی خاتوونی ئەناسی، هەر لەبەر ئەوە بچوکترین ژوری سەردالانەکەی دابویە تاکوو تیایدا بژی. هەر، کە ئەگەیشتمە ماڵەکە، خۆم ئەکرد بە ژوورەکەی باجی خاتووندا، ژوورەکە لە سەر دالانیک بوو، لە دەستی راستەوە. رێک ئەچووم لە دەرگای ژوورەکەیم  ئەدا. ئەو ئەیزانی منم. خێرا ئەیوت:

ـ ئەوە تۆی بنارە گیان؟ وەرە.. وەرە.. یاخوا بەخێر بێیت، چیت بۆ هێناوم؟ ئەم جارە دایکت چی بۆ ناردووم؟

دایکم ئێمەی وا فێر کردبوو، کە هەر کەسێک هەر چییەکی لێ پرسین، بڵێین نازانین. باجی خاتوونیش، وابوو کە پرسیاری زۆری ئەکرد، نازانم ئەو ژنە بۆ ئەوەنە حەزی بەپرسیار کردن بوو؟ هەر کاتێک من ئەچووم، ئەودەستی ئەکرد بە پرسیارکردن. منیش هەر ئەم وت:

ـ من هیچ نازانم. خواردنم بۆ هێناوی.

کە ئەچوومە ژوورەکەیەوە، قاپە چێشتەکانم ئەدایە دەستی، باجی خاتوون دەستی رائەکێشا بۆ دوڵابێکی سەوزی بچکۆلە. کە لە سووچێکی ژوورەکەیدا دانرابوو. ئەیوت:

ـ بنار گیان ئا ئەو قاپە چینکۆ سپییەم بەرێ، خوا بمکات بە قوربانت، با چێشتەکانی بکەمە ناو.
ئەو دۆڵابـە لە تەختە دروستکرابوو. بۆیاخێکی سـەوزی تۆخ کرابوو لەهەندێک لایەوە کاڵ ببۆوە. دەرگاکەی تەلی بێژنگ بوو. لە ناوەکەیدا دوو ڕەفەی تیادا بوو. چەند پارچە کەلوپەلێکی شووشە، فافۆن، مسی کۆنی تیادا بوو. لەگەڵ یەک دوو مەنجەڵی مسی بچکۆلە. بەڵام هەموو جار باجی خاتوون پێی ئەوتم:
ـ قاپە چینکۆ سپییەکەم بەری.
هەر، کە قاپەکەم ئەدایە دەستی، هـەردوو قاپە چێشتەکەی بە سـەر یەکا قلّپ ئەکردەوە نـاوی، تاکو ئەو بە هێواشی ئەجووڵایەوە، من چاوێکم بە ناو ژوورە بچکۆلەکەیدا ئەگێڕا. ژوورەکەی زۆر سادەو ساکار بوو. شێوازێکی زۆر سـەیرو ناوازەی هەبوو. هەر چەندم ئەکرد بۆم ڕاست نەئەبووەوە، کە ئەو ژوورە چۆن دروستکرابوو؟ لە چی دروستکرابوو؟ دیوارەکانی لە هەندێک لاوە ڕووخابوو. گڵو خشتم ئەبینی. لە هەندێک لایتریشەوە، وەکو ئەوە وابوو، کە بە چیمەنتۆ سواغ درابێت. بەڵام بنمیچەکەی دارەڕایەکی جوان بوو. هەر چەند ئەچووم، هەموو جار ئەمویست دارەکان دانە دانە بژمێرم. بەڵام باجی خاتون ئەوەندەی پرسیار ئەکرد، هەموو جار لێی تێک ئەدام. هەر لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کومبارێکی کاڵەوەبووی دڕاوی تیادا بوو، کە ئەوەندە کۆن بوو، کەس نەیئەزانی ئەوە کاتی خۆی فەرش بووە، یان هەر کومبارێکی کۆن بووە! باجی خاتوون تەنها دەستێک نوێنی کۆنو چڵکنی لە سەر ئەو کومبارە دانابوو، کە بە بـەردەوامـی لە سـەری ڕائەکشا. تەختەیەکی حەمامی شکاویش لەولاوە دانرابوو. تەرمۆزێکی ئاوی لە سەر بوو. ڕەنگەکەی شینێکی کاڵ بوو لەبەردەمەکەیەوە

بەلۆعەیەکی درێژی لێدەرپەڕبوە دەرەوە. باجی خاتوون زۆر جار بە منی ئەوت:

ـ بنار گیان، قوربانت بم پێش، ئەوەی بڕۆیت، بڕۆ بە گوڵزار خان بڵێ با بێت ئەو تەرمۆزەم بۆم پڕ کاتەوە لە ئاو. بەخوا لە نیوەڕۆوە ئاوی تیادا نەماوە. زۆرم تینیووە، منیش هەندێک جار بە کێشمە کێش ئەمبردە بەردەم بەلۆعەکەی، کە لە حەوشەکەیاندا بوو. بۆم پڕ ئەکرد لە ئاوو بۆم ئەهێنایەوە ژوورەکەی. حەزم نەئەکرد بە گوڵزار خان بڵێم، چونکە ئەو ژنە هەموو جار گوێم لێ بوو ئەی بۆڵاندو دۆعای خراپی لە باجی خاتوون ئەکرد، زۆر لێی بێزار بوو. گوڵزار خان یەکێک بوو لەو ژنانەی، کە لەهەمان ماڵدا لە ژوورێکی جیاوازدا ئەژیا لەگەڵ مێردەکەیو دوو منالّی، بەڵام هیچ حەزی بە یارمەتی باجی خاتوون نەدەکرد، زۆر جار بێزاریشی ئەکرد. باجی خاتوون، دوای ئەوەی، کە خواردنەکەی قڵپ کردە ناو قاپەکەی خۆی، قاپەکانی دایەوە دەستم. وتی:

ـ بنار گیان، بە دایکت بڵی نابێت ئێواران قاپ بشۆررێت. خراپە! منیش بێئەوەی هیچ پرسیارێکی لێ بکەم بۆچی خراپە؟ بڕوام پێ ئەکرد. ئەموت:

ـ باشە باجی خاتوون، قەیناکە تۆش مەیشۆ. من خۆم بە دایکم ئەڵێم.

ئینجا باجی خاتوون بە شەلە شەل هەڵئەستایە سەر پێو لە ناو سەبەتەیەکی پووشی بچووکدا، کە لە ناو تاقی پەنجەرەکەیدا داینابوو. دوو دەنک نوقوڵی بادەمیی دەرئەهێناو ئەیخستە ناو دەستم. ئەیوت:

ـ ئەوە بۆ خۆت. بەشی کەسی لێ نەیەیت.

منیش ئەموت:

ـ باشە، خەمت نەبێت، بەشی کەسی لێ نایەم.

قاپەکانم هەڵئەگرتو بە خێرایی ئەگەڕامەوە ماڵەوە. زۆربەی ئێواران ئەمە ئیشی من بوو.

باوکم ئەگەر ئێوارە بووایە، یان نیوەڕۆ بهاتایەتەوە بۆماڵەوە، بە هیچ جۆرێک کەسمان بۆمان نەبوو لە دەرەوە بین. ئەبوو هەر کەس لە شوێنی خۆی دابنیشێت. کەسیش دەنگە دەنگی لێوە نەیەت، چونکە باوکم بە دەنگە دەنگی ئێمە خێرا تووڕە ئەبوو. بۆیە ئێمە تەنانەت لە نێوان خۆشماندا لەگەڵ دایکیشم زۆر جار بە چرپە قسەمان ئەکرد. باوکم، کە ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە خێرا ئەچوە حەمام. ئەگەر خۆی نەشتایە دەستنوێژی دەشت، بیجامەکەی لەبەر ئەکرد، چاوەڕێی خواردنی ئەکرد، کە ئەبووایە ئامادە بووایە. باوکم زۆری حەز بە پاکیو خاوێنی ئەکرد. دایکم لە چێشتخانەکەوە بانگی نازداری ئەکرد. ئەیوت:

ـ نازدار... ئا دەی وەرە کچم یارمەتیم بە، خێرا ئەو سفرەیە ئامادە بکە.

باوکم هەر زوو ئەچوە سەر سفرەکە. ئێمەش بە ترسێکەوە، بەبێ دەنگی ئەچوینە لەسەر سفرەکە لە چواردەوری دائەنیشتین. چاوەڕێمان ئەکرد تاکو دایکم خواردنەکەمان بۆ تێ بکات. بێگومان باوکم لە پێشدا بەر لەوەی دەست بکات بە خواردن. هەموو جار ئەی وت:

ـ بسم الله...

ئینجا دایکم، خواردنەکەی بۆ تێئەکردین. بێدەنگ وبە ترسەوە خەریکی خواردن ئەبوین. کە تەواویش ئەبوین، یەک بە دوای یەک ئەمانوت:

ـ بەزیاد بێت.

ئەگەر یەکێکمان بیرمان بچووایەو نەمان وتایە بە زیاد بێت، ئەوا ئەو ئێوارەو شەوە بە خۆشی بەسەرماندا تێنە ئەپەری. زۆر جار باوکم داخی ماندویی خۆی، وکەم دەرامەتی ئەو رۆژەی بازاڕی بە ئێمە ئەڕشت. باوکم زۆر جار لەسەر شتێکی بێ نرخ ئازارێکی تەواوی ئەداین، کە هەرگیز بیرمان نەچێتەوە. ئەمەش وای لە دایکم ئەکرد، کە

تووڕەبێت، لەسەرمان هەڵبداتێ، ئەو کاتە شەڕێکی گەورە هەڵئەگیرسا. بێگومان من هەرگیز ئازاری دایکم، خوشکو براکانم بیرنەچۆتەوە. هەموو لە ئاست گرژیو توندی باوکم بێ دەسـەڵات بووین. بیرمە جارێکیان هەڵوێستێکم دژی باوکم نواند، کاتێک کارێکی نابەجێ، دڵڕەقانەی بەرامبەر بە نەوژینی برا بچکۆلەم کرد. نەوژینی برام ئەو کاتە تەمەنی پێنج ساڵان بوو. ئەو ئێوارەیە باوکم، کە گەیشتەماڵەوە، نەوژین هێشتا لە بەر دەرگا لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی وەک خۆی تەمەن هاوتا، یاریی تۆپ تۆپێنیان ئەکرد. باوکم هەر لە دوورەوە نەوژینی بینیبوو، کە گەیشتە ماڵەوە، دایکمی بانگ کرد. وتی:

- پاکیزە؟ ئادەی بڕۆ نەوژینم بۆ بانگ کە.

دایکم چووە بەردەمی. وتی:

- ساڵح بەخێر بێیتەوە.

باوکم هیچ وەڵامی بەخێرهاتنەوەکەی بۆ نەسەندەوە. خێرا وتی:

- کوا..؟ ئەو هەتیوە.. کوا؟ بڕۆ هەر ئێستا بۆم بێنە. زۆر بە تورەییەوە هاواری ئەکرد.

سەیرێکی دەروبەری خۆی کرد لە ناو حەوشەکە. چاوی بە لقە دارێک کەوت، لە پڕێکا دانەویەوە خێرا هەڵیگرت. دیار بوو ئامادەی کرد، بەو دارە لە نەوژین بدات. دارەکە دوو هێندە لە باڵای نەوژین درێژتر بوو. دایکم وتی:

- ساڵح؟ ئەو دارەت بۆ چیە؟ قەت ناشی بەتەمابیت بەو دارە لە نەوژین بەیت!؟

- باوکم زۆر بە تورەییەوە وتی:

- بەخوا ئەبێت ئەو دارەی تیا بشکێنم.!

باوکم بە بەر هەیوانەکەدا ئەهاتو ئەچوو. هەر، کە نەوژینی بینی، هاواری کرد. وتی:

ـ نەوژین؟ نەوژین ئا وەرە سەگباب، ئا وەرە بزانم چیت ئەکرد لە کۆلان؟ وەرە بزانم بۆ لە کۆلان بوویت؟ ماڵت نییە یاری تیا بکەیت؟

نەوژینیش هەموو گیانی ئەلەرزی. لە ترسان دەستی کرد بە گریان. منیش لایەوە راوەستابووم. وتم:

ـ باوکە، توخوا لێی مەیە، یەکەم جارێتی، عەفوی کە.

بەڵام باوکم ئەوەندە تووڕە بوو، گوێی بە قسەی کەس نەدا. زۆر بە رقەوە، بە بەر چاوی منو دایکمەوە بە توندی بە دارەکەی دەستی کەوتە لێدانی نەوژین. ئەیکێشا بە هەموو گیانیدا. دایکیشم هاواری لێ کرد. وتی:

ـ بەسە.. بەسە بێ بەزەیی.. وازی لێبهێنە. ئەی کوژیت.

نەوژین خێرا دەستی کرد بە گریانو هاوار هاوارو ئەیوت:

ـ باوکە گیان، توخوا لێم مەیە.. باوکە..

منیش کەوتمە گریانو هەموو گیانم کەوتە لەرزین، بێ دەسەڵات ئەگریام. بە دەم گریانەوە هاوارم لە باوکم ئەکرد:

ـ توخوا باوکە، بەسە.. بەسە باوکە...کوشتت. نەوژین منالە.. دە بەسە.. دە بەسە؟!

دایکم جارێکیتر بە توڕەییەوە هاواری لە باوکم کردەوەو وتی:

ـ ئەرێ کابرا بۆ وا ئەکەیت؟ دە واز لەو منالە بێنە چی کردوە؟ خوا بتگرێت. ئەو منالە چی کردووە؟ بۆ وای لێ ئەکەیت؟ خۆ تۆ کوشتت!

ئینجا من جارێکیتر کەوتمە پارانەوە لە باوکم. وتم:

ـ باوکە گیان.. بۆ خاتری خوا نەوژین زۆر منالە. باوکەگیان توخوا بەسە!

بە دەم گریانەوە هاوارم ئەکرد. باوکم ئاوڕێکی لێ دامەوە. وتی:
ـ ئەگەر لا نەچیت لە بەر چاوم، هەر ئێستا لەوەش خراپتر لە تۆ ئەکەم!
وتم:
ـ باوکە؟ لە من بە لە جیاتیی ئەو. باوکە گیان دەستت ماچ ئەکەم توخوا ئەوە منالە.. بەسی لێ بە؟!
دایکم نەیئەوێرا نزیکبێتەوە. زۆر بە کوڵ ئەگریا. ئیتر بەبێ دەسەڵاتی هاواری ئەکرد. لە رقاندا نەیئەزانی چی بکات. بێ چارە هاواری ئەکرد. ئەیوت:
ـ دە باشە، بیکوژە.. دەی بیکوژە. با دڵت ئیسراحەت کات. خوا هەقی ئێمەت لێ بسێنێت، خوا هەقی ئەو منالە بەستەزمانەت لێ بکاتەوە، دایکم زۆر ئەگریاو ئە کرووزایەوە. نەوژینیش هەر هاواری ئەکردو ئەیوت:
ـ باوکە گیان توخوا من گوناحم... وام لێ مەکە... توخوا بەسە، ئیتر تۆبە، بەخوا ناڕۆمە دەرەوە. بەخوا تۆبە... ئیتر لە کۆڵان یاری ناکەم.
منیش ئیترلەوە زیاتر خۆم پێ رانەگیرا. لە ترسی ئەوەی باوکم زیاتر ئازاری نەدات، خۆم خستە بەردەمی باوکم، بەری نەوژینم لێ گرت. نەوژین منداڵێکی زۆر لاوازو بچکۆلە بوو. لە ترسی ئەو کارەی باوکمو لە خەفەتی دایکم، تووڕەیی گرتمیو هەستێکی زۆر پەشێویم لا دروستبوو. ئەو هەستە وای لێکردم بە هەموو هێزی خۆم پاڵ بە باوکمەوە بنێم. باوکم لە جێی خۆی خزا. نەمزانی چۆن ئەو هێزەم بۆ هات! هەر لەو کاتەدا نەوژین رایکرد. خۆی خزاندە ژێر باڵی من. منیش خێرا باوەشم پیادا کردو خێرا دەستیم گرتو بردمە ژوورەکەی خۆمو نازدار. دەرگام لە خۆمان داخست. خۆش بەختانە نەوژینم لە ژێر دەستی باوکم رزگار کرد. بەڵام گوێمان لێبوو باوکم هەر هاواری ئەکرد. ئەیوت:

ـ بەخوا ئەمجارە لە کۆڵان بتبینم، خوای گەورەش نەعوزوبیللا لە ژێر دەستم دەرت ناکات. سەگی سەگباب، لە کۆڵان تۆپ تۆپین ئەکەیت؟ ئەی لەماڵەوە بۆ نایکەیت؟ ئاخر تۆ چیت بچیتە تیپەوە؟ سەلکی سیری؟ قنچکی پیازی؟ فڕنە گولە.. بەخوا ئەمجارە هەر هەڵتئەواسم.

باوکم ئەو شەوە، تاکو چووە ناو جێگاکەشی، هەر هەڕەشەی ئەکرد. ئەو شەوە نەوژین لای منەوە نووست. شەو هەتا بەیانی لە ناو جێگەکەی هەر دائەچڵەکی. تای لێ هاتبوو. دایکیشم ئەو شەوە چەند جارێک هات سەری لێ داین. کە بەیانی رۆژ بۆوە، دایکم داوای لێکردم جلەکانی نەوژین بگۆڕم. بەڵام کاتێک ویستم جلەکانی بگۆرم، هەر، کە دەستم بەر شانو ملی کەوت، هاواری کرد. نەیهێشت بیگۆرم. دایکم بانگی کردم. وتی:

ـ بنار گیان قەیناکا جارێ وازی لێ بێنە. وا هاتم. من خۆم، جلەکانی بۆ ئەگۆڕم.

کاتێک دایکم هات، بیجامەکانی لەبەر داکەند. بینیمان هەموو شانو پشتو قاچی شینو مۆر ببوونەوە. هەندێک شوێنی خوێنی تیادا تێزابوو. هەموو جێگای دارەکان بە جوانی لە سەر لەشی دەرکەوتبوون. نەوژین بۆ ماوەی هەفتەیەک نەخۆش کەوت. ئەمە برینێکی یەکجار قووڵی لە ناخمدا هەڵکەند، کە وای لێ کردم بۆ هەموو ژیانم لە بیرم نەچێت.

## ـ ٧ ـ

دایکم تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندبوو. هەر بۆیە، کە دەستی بەتاڵ بوایە، زۆر جار لەگەڵمان دائەنیشت، یارمەتیی ئەداین. هەر پرسیارێکمان لێ بکردایە؛ وەڵامی ئەداینەوە، ئەگەر بیزانییایە. باوکم لەبەر ئەوەی لە ژیانیدا، هەر لە منداڵییەوە ماندوویی زۆری چێشتبوو، کەسایەتییەکەی زۆر جیاواز بوو. نەرمی پێوە دیار نەبوو. هەندێک جار لە قسەکردنی، هەڵسوکەوتیا دڵ رەقیی ئەنواند. بە تایبەت لەگەڵ دایکم. بۆیە بەردەوام ئەو کەسایەتییەی باوکم، بوو بوو بە هۆی ناهێمنی، نائاسوودەیی لە ماڵەکەماندا. هۆی سەرەکی کێشەکانی ماڵی ئێمە جیاوازی کەسایەتیی نێوان دایکمو باوکم بوو. ئەوەندەی دایکم دڵ نەرمو هێمن بوو. ئەوەندە باوکم تووڕەو دڵ رەق بوو. هەموو کات ئەبووایە ئێمە لە ماڵەوە بووینایە. ئەگەر وا رێک بکەوتایەو باوکم بگەڕایەتەوە لە ئیش، دایکم لە ماڵ نەبوایە، ئەوا ئەو شەوە ئەبوو بە شەڕێکی گەورە لە ماڵەکەمانا. زۆر جار باوکم لە سەر شتێکی بچووک، کێشەیەکی گەورەی دروست ئەکرد، یان هەندێک جار باری نائاسایی دەروونیی خۆی، بە دایکم یان بە ئێمە دەرئەبڕی. رۆژێکیان لە نیوەڕۆیەکدا باوکم لە بازاڕ گەڕایەوە ماڵەوە. دایکم لەو کاتەدا رۆیشتبوو بۆ سەردانی فاتمە خانی دراوسێمان، کە ماوەیەک بوو زۆر نەخۆش بوو. باوکم کە گەیشتە ماڵەوە زانی دایکم لە ماڵەوە نییە. زۆر رقی هەڵسا. هاواری لە نازداری خوشکم کرد. زۆر بە تووڕەییەوە لێی پرسی. وتی:

ـ نازدار؟ ئەوە دایکت لە کوێیە؟

نازدار لە پرسیارەکەی باوکم شڵەژاو شپرزە بوو. هەستی کرد باوکم تووڕەیە. بە ترسەوە وتی:

ـ باوکە گیان دایکم لە ماڵی فاتمە خانی دراوسێمانە. دایکم دەمێکە حەز ئەکات سەردانی بکات، بەڵام هەر بۆی ڕێک نەئەکەوت.

باوکم قسەکەی بە نازدار بڕی. وتی:

ـ من سەد جارم پێوتووە حەزم بە هاتو چۆی دراوسێ نییە.... نازانم... ئەم دایکەتان بۆ تێناگات؟ یان ئەو، هەر حەز ئەکات قسەی من بشکێنێت! بۆچی بە قسەم ناکات؟

باوکم بە تووڕەیی بە ناوەڕاستی حەوشەکەدا هاتوچۆی ئەکرد. وەکو شتێکی زۆر بە نرخی لێ ون بووبێت. هاواری بە سەر نیازو نەوژیندا ئەکرد. ئیمەش ترسێکی یەکجار زۆرمان لێ نیشتبوو. نەمانئەزانی دوای ئەوە چی روو ئەیات! نازدار بە ترسێکەوە ڕۆیشتە بەردەمی باوکم. وتی:

ـ باوکە، دایکم ئێستا خۆی یەتەوە.

نازدار هەر بە ترسەوە لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو. وتی:

ـ باوکە، توخوا، کە دایکم هاتەوە، لێی تووڕە مەبە. ئێمە کە نەخۆش ئەبین فاتمە خان خێرا یەت سەردانمان ئەکات. تۆش ئەزانیت دراوسێ ئەبێت وا بێت. باوکم هەر، کە گوێی لە نازدار بوو وای وت، ئەوەندەیتر تووڕە بوو. وتی:

ـ چەنە چەن، ئەم قسانە چیە فێری بوویت؟ وەڵا تەواومان کرد! ئینجا نۆرەی تۆیە! بەخوا قاچتان ئەشکێنم بچنە ماڵەدراوسێ. نازدار خێرا لە قسەکەی پەشیمان بۆوە. وتی:

نە.. نە بەخوا.. باوکە.. ئێمە بۆ هیچ کوێ ناڕۆین.

ئینجا رووی کردە من. وتی

ـ بنار، بچۆ بە شوێن دایکما. پێی بڵێ با هەر ئێستا بێتەوە. بڵێ باوکم هاتۆتەوە.

هەر بەوەنەی یەکو دوو، رامکرد. چووم بە دوای دایکما. ماڵی فاتمە خان لە کۆڵانی پشتمانەوە بوون. لە دوورەوە بینیم دوو کوڕی تەمەن سیانزەو چواردە ساڵ لە پاڵ دیوارەکەی ماڵی فاتمەخاندا راوەستابوون. من نەمئەناسین. دیاربوو کوڕی گەرەک نەبوون. هەر لە دوورەوە سەیریان ئەکردم، منیش، کە نزیکبوومەوە، هەر لە خۆمەوە ترسێکم لێ نیشت. کۆڵانەکەش زۆر چۆڵ بوو، چونکە کاتی نیوەڕۆ بوو. کەس بە دەرەوە نەبوو. بەڵام ئەبووایە بڕۆیشتمایە بە دوای دایکما، چونکە باوکم زۆر تووڕە بوو. هەر چۆنێک بێت، من خۆم لە کوڕەکان گێل کرد. زۆر بە خێرایی بە بێ ئەوەی سەیریان بکەم دەستم کرد بە دەرگا لێدانی ماڵی فاتمە خان. یەکێک لە کوڕەکان هاتە پێشەوە. سیسێکی دەموچاو ترسناک بوو. زۆر درێژ بوو. شەرواڵێکی رەش‌و کراسێکی قاوەیی‌ی لەبەردا بوو. وتی:

ـ کچێ؟ ئەوە بۆ لە دەرگای ماڵان ئەدەیت بەم نیوەڕۆیە؟ من هیچ گوێم بە قسەکەی نەیا، خێراترو توندتر لە دەرگاکەم دا بێ ئەوەی هیچ بڵێم، یان تەنانەت سەیریشیان بکەم. ئینجا ئەوی‌تریان قەڵەوێکی خڕپلانە بوو. ئەویش شەرواڵێک‌و کراسێکی رەشی لەبەردا بوو. لێم هاتە پێشەوە. وتی:

ـ ئەوە گوێت لێ نیە چیت پێئەڵێت؟ لە دەرگای ئەو ماڵە مەیە. وەرە.. دەی.. وەرە دواوە. ئەو ماڵە چۆڵە. کەسی لێ نییە!

منیش ناچار هاتمە وەڵام. بێ ئەوەی سەیری روخساریان بکەم. وتم:

ـ دایکم لەوێیە. ئێوە کێن؟ هەقی منتان چییە؟

سیسەکەیانم لێ هاتە پێشەوە. وتی:

ـ تۆ.. درۆ ئەکەیت. ئەمە ماڵی ئێوە نییە! من ئەزانم ماڵتان لە کوێیە. دایکیشت لێرە نییە. ئێستا ئەڕۆیت، یان بە قژ راکێشان بتبەمەوە؟

هەر، کە وای وت، خەریک بوو لە ترسان زەرنەقم بچێت. ئینجا بە هەموو هێزی خۆم، زیاتربە دەرگاکەما ئەکێشاو ئەم قیژان، هاوارم ئەکرد:

ـ دایکە.. خێرا ئەو دەرگایە بکەرەوە. دایکە.. دایکە.. دایکە ئەو کوڕانە خەریکن لێم ئەیەن. دایکە گیان خێرا بیکەرەوە..
هەر، کە قیژاندم، ئەوان رایان کرد، لێم دوورکەوتنەوە. منیش لە ترساندا ئەگریام، هەموو گیانم ئەلەرزی. لە پڕێکدا دەرگاکە کرایەوە. دایکم بوو. وتی:
ـ بنار گیان، ئەوە چی ئەکەیت لێرە؟ کچم بۆ ئەگریت؟ قوربانت بم چی بووە؟ بۆ وا ئەکەیت؟ بۆ وا ئەقیژێنیت؟
منیش، کە دایکم بینی، خێرا باوەشم بە ناوقەدی دایکما کرد، ئەگریام. ئەمویست پێی بڵێم چی روویدا. بەڵام لە ترسانا هیچم بۆ نەئەوترا نەم ئەتوانی هیچ بڵێم. دایکیشم هەر پرسیاری لێ ئەکردم، ئەیوت:
ـ دە کچم پێم بڵێ بۆ ئەگریت؟ چی بووە بۆ وا ئەکەیت؟ هەرئەوەندەم وت:
ـ دایکە.. خێراکە، با بڕۆینەوە. باوکم تۆی ئەوێت.
ئیتر دایکم ئەوەندەی‌تر، ترسا. زۆر بە دەنگێکی بەرز پرسیاری لێکردم. وتی:
ـ چیی؟ باوکت؟ هاتۆتەوە؟ بۆ؟
وتم:
ـ نازانم، بەڵام زۆر تووڕەیە.
دایکم وتی:
ـ ئینجا باوکت کەی تووڕە نییە؟
دایکم وا شپرزە بوو، بیری چوو عەباکەی بهێنێت. لە نیوەی رێگا وتی:
ـ ئا.. ئەیەڕۆ؟ بنا...ر خۆ عەباکەم بیر چوو!.. برۆ با بگەڕێینەوە ماڵی فاتمە خان عەباکەم بهێنمەوە. خۆ هاوار هاواری تۆ زیرەی پێکردم.
بە هەر حاڵ، بەرێگاوە باسەکەم لە دایکم گەیاند. دایکیشم هەر ئەیوت:
ـ وەی.. بە قوربانت بم. دایکت بمرێ. بنار گیان بەخوا ئەزانم خەتای من

بوو. ئەی چی بکەم؟ ئەویش دراوسێیە، عەیبە، دراوسێش ئەجری گرانە. ئەو ژنە داماوە دەمێکە نەخۆشە. هەر ئەبووایە سەرێکم لێ بایە.

بە دەم قسەکردنەوە، گەیشتینەماڵەوە. باوکم لەبەر دەرگا چاوەڕێی ئەکردین. هەر، کە دایکمی بینی، ئەوەندەی تر خۆی تووڕە کرد، روخساری خۆی گرژو مۆن کرد. پێش ئەوەی دایکم هیچ بڵێت. باوکم پێی وت:

ـ باشە؟ ئافرەت...تو...خوا؟ من چەند جارم بە تۆ وتووە هاتوچۆی دراوسێ مەکە؟ پاکیزە واز لە خەڵک بێنە!. ئێستا بەم قرچەی نیوەڕۆیە ماڵو مناڵ چۆن بەجێدێڵیت! گوایە دراوسێکەت گرنگترە لە مناڵەکانت؟

دایکم وتی:

ـ دە باشە.. پیاوەکە بۆ کوێ چووم؟ تۆ بۆ وا توڕەی؟ چووم بۆ لای نەخۆش.

باوکم بەردەوام بوو لەسەر گرژی ومۆنیەکەی خۆی. بە تووڕەییەوە وتی:

ـ ئینجا تۆ کاتت نەدۆزیەوە بڕۆیت بۆ لای نەخۆش، ئێستا نەبێت؟ بەم نیوەڕۆیە؟

ئنجا دایکم ویستی کەمێک باوکم ئارام کاتەوە بە دەم پێکەنینەوە وەکو گوێی لە قسەکانی باوکم نەبووبێت وتی:

ـ ساڵح؟ ئەوە چۆن بوو تۆش وا بەم نیوەڕۆیە هاتیتەوە؟ خێر بوو؟

که دایکم ئەو پرسیارەی کرد، باوکم وەڵامی نەبوو. بەڵام روخساری باوکم سەرتاپا گۆڕا، خەمێکی زۆر هەموو رووی گرتەوە. باوکم سەری دانەواند، نیمچە ئاوڕێکی لە من دایەوە وتی:

ـ ئادەی بنار، ئەو قاپیە پێوەیە، با بچینە ژوورەوە. سەیرێکی باوکم کرد هەستم کرد باوکم خەمێکی قورسی هەڵگرتوە، بەڵام دایکم زۆر بێباکانە،

بە خێرایی پێش منو باوکم کەوت. بەرەو چێشتخانەکە هەنگاوی نا. بانگی منو نازداری کرد. وتی:

ـ دەی، کچینە خێرا سفرەکە ئامادە بکەن.

باوکم بە بێدەنگی چووە ژووری نوستنەکەی. وەکو هەموو رۆژەکانیتر بیجامەکەی لەبەر کرد، چووە ژووری دانیشتنەکە، کەوتە قسەکردن لەگەڵ نیازو نەوژین. منو نازداریش خەریکی دانانی خواردن بووین بۆ سەر سفرەکە. ئاگام لێ بوو باوکم هەر سەیری ئەکردم. لە پڕێکدا بانگی لێ کردم. وتی:

ـ بنار؟ ئاوەرە پێشەوە. بزانم چیتە؟

منیش سەرم دانەواندبوو. ئەمویست باوکم دەموچاوم نەبینێت. بەڵام، کە بانگی کردم، چوومە بەردەمی وەستام.

باوکم وتی:

ـ ئەوە چیتە کچم؟ ئەڵێی گریاوی؟

وتم:

ـ  نەء باوکە نە گریاوم.

باوکم وتی:

ـ پێم بڵێ بۆ گریاویت؟

وتم:

ـ باوکە نەگریاوم!

باوکم وتی:

ـ چییە؟ ئەتەوێت درۆم لەگەڵ بکەیت؟

وتم:

ـ نەء باوکە، بەڵام ئەترسم لە دایکم تووڕە بیت!

باوکم وتی:

ـ نەء، تووڕە نابم ئەگەر ڕاستیم پێ بڵێیت.

منیش بە ترسێکی زۆرەوە، ئەوەی ڕوویدابوو، بۆم گێڕایەوە.

باوکم هەستایە سەر پێ. دەموو چاوی سوور بووەوە. هاواری کرد. وتی:

ـ پاکیزە... کچێ پاکیزە... ئەوە تۆ ئاگات لێیە؟ ئاگات لێیە چی ڕووی داوە لە بنار؟ تۆ ئەو سەگبابانەت نەبینی؟ نەتناسین؟ نەتزانی کێ بوون؟

دایکم لە چێشتخانەکەوە بەرەو دەنگی باوکم هات. وتی:

ـ من، کە هاتمە دەرەوە، کەسم نەدی. بنار ئەوەنە هاواری کردبوو، ئەوان لە ترسانا هەر ڕایانکردبوو، لەو ناوە نەمابوون. بەڵام وا دیارە کوڕی گەڕەک نەبوون. ئەگینا بنار خۆی ئەیناسین.

وتم:

ـ باوکە تۆ نەتوت تووڕە نابم؟

باوکم وتی:

ـ کچی خۆم، ئەگەر دایکت بەم نیوەڕۆیە نەڕۆیشتایە، تۆش تووشی ئەو بەزمە نەئەبوویت! ئەوانە دز بوون. ویستوویانە بچنە ماڵی فاتمە خان. وایان زانیوە کەسی لێ نییە. قوڕ بە سەر ئەو ماڵە. بەخوا دیارە داویان بۆ ناونەتەوە.

دایکم، ئیتر لە تاو ئەوەی باوکم ئەوەندەی‌تر تووڕە نەبێت، وتی:

ـ فاتمە خان زۆر دەمێکە نەخۆشە، ئەو ماڵو مناڵەی زۆر بێ خزمەتن، کەس نییە چێشتێکیان بۆ لێبنێت. من ئەمڕۆ تۆزێک خواردنم بۆ کردن، بۆم بردن. تۆش هاتیتەوە بنارت نارد بە دواما. خۆ من ساڵێک لەوێ نەئەمامەوە. با تۆزێک خۆت بگرتایە. ئەو کچەت بۆ نارد؟

ئیتر باوکم بێ دەنگ بوو. بەڵام ئێمە قەت باوکمان وا نەبینی بوو. زۆر بێ تاقەتو غەمبار دیار بوو. دایکم هەموو جار دوایین کەس ئەبوو، کە ئەهاتە سەر سفرە بۆ نان خواردن. باوکم ئەبووایە یەکەم کەس بۆ نان

خواردن ئامادە بێت. بەڵام ئەو نیوەڕۆیە، هەموومان پێکەوە ئامادەبووین. تەنها باوکم نەبێت. ئەو هەر لە جێی خۆی دانیشت. سەری دانەواندبوو. خەیاڵی ڕۆیشتبوو. هەر وەکو لەماڵەکەشدا نەبێت، وابوو. دایکم وتی:
ـ ساڵح... ساڵح ئەرێ پیاوەکە، ئەوە بۆ نایەیتە سەر سفرەکە نانەکەت بخۆیت؟ مناڵان هەموو چاوەڕێتن؟
باوکم لە سەر خۆ سەرێکی بەرز کردەوە. وتی:
ـ ئێوە نانی خۆتان بخۆن. عافیێتتان بێت. من هیچم بۆ ناخورێت! دایکم خێرا ڕۆیشتە لای باوکمەوە. دەستێکی خستە سەر شانی. وتی:
ـ بۆ نان ناخۆیت؟ چیتە؟ خۆ نەخۆش نیت؟
باوکم وتی:
ـ هیچم نییە. ئێوە نانی خۆتان بخۆن.
دایکم ڕووی کردە ئێمە. وتی:
ـ مناڵینە ئێوە دەستپێبکەن. نانی خۆتان بخۆن.
دایکم هەر ئەوەندەی وت، باوکم هەڵساو ڕۆیشت بۆ ژووری نوستنەکەی. دایکم هەر سەیری ئەکرد، دڵێکیشی لای ئێمە بوو. دایکم لە سەر سفرەکە لەگەڵماندا دانیشت. خواردنی ئەکرد بە دەم هاوژینو نەوژینیەوە. بەڵام وا دیار بوو هەموو خەیاڵی هەر لای باوکم بوو. لە پڕێکا هەستاو وتی:
ـ نازدار ئاگات لە مناڵان بێت. خۆیان نەخنکێنن. من ئەچم بۆ ئەودیو بۆ لای باوکت. بزانم چییەتی؟
نازدار وتی:
ـ باشە دایکە گیان. خەمت نەبێت. کە دایکم ڕۆیشت بۆ لای باوکم، نازدار ڕووی کردە من. وتی:
ـ بنار؟ باوکم چییەتی؟ گوێم لێ بوو پرسیاری لە تۆ ئەکرد! چی بووە؟
وتم:

ـ نازانم. باوکم زۆر غەمبارە! تۆ بڵێی چی روویدابێت لە بازار؟
ئەو نیوەڕۆیە کەسمان بە باشی نانمان بۆ نەخورا. هەموومان خەمی باوکمان بوو. ئەبێ تووشی چی هاتبێت لە بازار؟ خونچە داوای ئاوی کرد، بیرمان چوو بوو ئاو لە سەر سفرەکە دابنێین. من هەستام بڕۆم ئاو بۆ خونچە بهێنم. کاتێک بە بەردەم ژوورەکەی باوکمو دایکمدا تێپەڕیم، باوکمم بینی چاوی ئەسڕی. دایکیشم ئەگریاو بە دەم گریانەوە ئەیوت:
ـ دەی خوایە هەقیان بسێنی. خوایە ئەم زوڵمە قبووڵ نەکەیت! خوایە ئەمە تاکەی؟
گوێم لە باوکم بوو وتی:
ـ ئەومناڵانە بێتاوان بوون. خەتایان نەبوو. بەڵام خۆ کەس ناتوانێت هیچ بڵێت. هەموو لە ئاستی ئەم جانەوەرانەدا ناپیاوین. نە من، نە دراوسێی دوکانم، کەسمان نەمانئەوێرا هیچ بڵێین. دەستەکانی پێشمەرگە خۆش بێت، کە بەشەو یەنو ئەیان تۆپێنن. ئەم کوڕی قەحبانە هەر بۆ ئەوە باشن بیانتۆپێنیت. هەموو ئەڵێی سەگو گورگن کەوتوونەتە گیانی ئەم میللەتە، بە راستو چەپدا دائەپلۆسن.
منیش کەمێک گوێم گرت. ئەمویست تێبگەم، بزانم باوکم باسی چی بۆ دایکم ئەگێڕێتەوە. بەڵام هیچ تێنەئەگەیشتم. لەو کاتەدا نازدار هاواری کرد. وتی:
ـ بنار ئەوە چیت کرد؟ دە ئاوەکە بهێنە.
منیش خێرا خۆم کرد بە چێشتخانەکەدا بە پەلە جامێک ئاوم بۆ خونچە برد. نازدار دەستی درێژ کرد، ئاوەکەی لێ وەرگرتم. بە تووڕەییەوە وتی:
ـ ئا بێنە، ئەڵێی چوویت بۆ سەرچنار ئاومان بۆ بێنی! ئەوە بۆ ئەوەنەت پێ چوو؟ چییە ون بوویت؟
بێ ئەوەی هیچ بڵێم، جامە ئاوەکەم دایە دەستی نازدار. بەڵام خەیاڵم لای

باوکم بوو. لەسەر سفرەکە دانیشتمەوە لەگەڵ ئەوان تۆزێک نانم خوارد. دیسان گەڕامەوە بۆ لای دایکمو باوکم.. گویم لێ بوو باوکم وتی:

ـ منیش ئیتر لە خەفەتانا دوکانم داخست، گەڕامەوە بۆماڵەوە! پاکیزە، بە خوا دڵم زۆر تەنگە، قەت ئەوەندە دڵم بە کەس نەسووتاوە! وەختە شێت ئەبم بۆ ئەو منالآنە.

دایکیشم هەر هەوڵی ئەدا دڵی باوکم بداتەوە بەقسە بەڵام، نەیئەزانی چی بڵێت. منیش بابەتەکەم لا ببوو بە کێشەیەکی زۆر گەورە! ئەمویست بزانم ئەو شتەی روویداوە چی بووە؟ ئەبێت چەند گەورە بووبێت، کە وا باوکمی خستۆتە ئەو خەمەوە! من هەموو کات باوکم ئەبینی بە تووڕەیی، ئەمەش وای لێ کردبووم کە بێگومانبم لە دڵڕەقیو بێ بەزەیی باوکم. ئیتر دوا جار تێگەیشتم چی روویداوە.. لە بەردەم دوکانەکەی باوکمدا دوو منداڵی تەمەن دوانزەو سیانزە ساڵ هەموو رۆژێک یەکی تەختەیەکی چڵکن وچەند قوتوە بۆیاخێکی بچوکیان پێبوو لەگەڵ چەند فڵچەیەک، تاکو بۆیاخی پێڵاوی خەڵکی پێ بکەن، خۆیانو دایکو باوکیانی پێ بەخێو بکەن. ئەم دوو برایە هەموو رۆژێک بێ کێشەو گرفت ئیشی خۆیان ئەکرد، دوایی ئەڕۆیشتنەوە ماڵی خۆیان. خەڵکی ئەو ناوە زۆریان خۆش ئەویستن وریزێکی زۆریان لێئەگرتن. بەڵام، ئەو رۆژە چەند کەسێک لە پیاوەکانی سەددام، چوون بۆ ئەوەی ئەو دوو منداڵە پێڵاوەکانیان بۆ بۆیاخ بکەن. کاتێک، کە تەواو بوون. پارەیان نەداونەتێ. یەکێک لە منداڵەکان زۆر بە جوانی داوای پارەکەی کردبوو. کابرای بەعسیش بە منداڵەکەی وتبوو هەستە سەر پێ ئینجا داوای پارە بکە. منداڵەکە، کە هەڵساوەتە سەر پێ، کابرای بەعسی بە هەموو هێزی خۆی یەک زلەی بە لا رروومەتدا کێشابوو بە جۆرێک لووتی پڕ کردبوو لە خوێن! منالەکەیتر، کە براکەی بوو، پێی ناخۆش بووە. هەڵساوەتە سەر پێو بە ئینزیباتە عەرەبەکەی وتووە:

ـ بۆ وا لە براکەم ئەکەیت؟ خۆ هیچی نەکردووە.
هەر، کە وای وتووە، سێانی تریش لە پیاوەکانی سەددام یەنە پێشەوە لە منالەکان، بە هەموو ئەکەونە لێدانی ئەو دوو مندالە بۆیاخچییە تاکوو هەموو سەروچاویان ئەکەن بەخۆێن. پاشان بە شەق وپالە پەستۆ ئەیان خەنە ناو پیکابەکەیانەوە ئەیان بەن. کاتێک ئەمە لەبەر چاوی باوکم روویدابوو، باوکم بێ دەسەڵات بووە. نەیتوانیوە هیچ بکات. لە داخانا دوکانەکەی داخستووەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە. باوکم کاتێک، کە ئەو رووداوەی ئەگێڕایەوە بۆ دایکم. ئەیوت:
ـ پاکیزە، من بۆیە خەفەت ئەخۆم، چونکە نەمتوانی هیچ بکەم. زۆرم بەزەیی بەو منالانەدا هاتەوە. زۆر بێ دەسەڵات بوون. هەر چەند ئەو گەوادانە شەقیان تێ هەڵئەدان. مندالەکان هاواریان ئەکرد ئەیان وت، خاتر الله هیچمان نەکردووە. ئینزیباتەکانیش زیاتر وەکو تۆپ شەق شەقێنیان پێ ئەکردن. بەخوا وا بزانم ئێسقانی ساغیان لەگیانیاندا نەهێشت. هەموو سەروجاویان کردن بە خوێن. ئێمەش لەو ناوە بێ دەسەڵات بووین، هیچمان پێ نەئەکرا. بەڵام لە دڵما ئاگرم تێبەر ببوو بۆیان وەخت بوو شێت ئەبووم. ئای.. پاکیزە، کە ناخۆشە لە بەر چاوت زولمێکی وا ببینیت، نەتوانیت هیچ بکەیت.
دایکیشم ئەیوت:
ـ مەگەر هەر خوا هەقیان بستێنێ. ئێوە چیتان پێ ئەکرێت؟ ئینجا وەڵڵا هەر کەسێ لە ئێوە، یەک قسەی بکردایە، هەر لەویا لەوان خراپتریان لێ ئەکردن. ئەو دڕندانە هەموو کات حازرن بۆ عەزیەتدانی کورد، ئەوە داخی دوێنێ شەویان لە دڵا بووە، کە پێشمەرگە چییان پێ کردن. دەستەکانیان خۆش بێت.

## - ٨ -

دوای ساڵێکماڵمان گواستەوە بۆ خانویەکی‌تر. ئەو خانووە، رووی لە سەر قەبرانی شار بوو. خانووەکەمان، لەبەر ئەوەی تازە بوو، هەمووی بە چیمەنتۆ دروستکرابوو، شێوەکەی جیاواز بوو، ژورەکانی کەمێک گەورەتر بوو. بەڵام زۆر سارد بوو. منیش خۆم زۆر سەرما بردەڵە بووم. هەموو کات لە تاو سەرما پاڵ سۆپا عەلادینەکەمانم گرتبوو. من هەرگیز ئەو رۆژەم بیرناچێتەوە. ئەو رۆژە. کات ئێوارە بوو. بەفرێکی زۆر باریبوو. باوکم هەر، کە گەیشتە ماڵەوە، کەوتە دەنگە دەنگ لەگەڵ دایکم. من‌و خوشک‌و براکانم لە ژووری خۆمان بێدەنگ دانیشتبوین چاوەڕێی باوکمان ئەکرد. هەر وەکو ئێوارەکانی پێشو تاکوو دەست‌و دەموچاوی بشوات، خۆی بگۆڕیت بۆ نان خواردنی ئێوارە ئامادەبین، بەڵام گوێمان لە باوکمان بوو هەتا دەهات دەنگ‌و هاواری بە سەر دایکمدا بەرز ئەبووەوە، دایکیشم زۆرلە سەرخۆ بوو، هیچ توورە نەئەبوو، تەنها ئەیوت:

ـ دە باشە کابرا.. تۆ بۆ وا ئەکەیت؟ ئەو هەموو شەڕو فەرتەنەیەی بۆ چییە؟

باوکیشم هەر لە سەر قسەی خۆی ئەڕۆیشت‌و زیاتر تووڕە ئەبوو. ئێمەش نەمان ئەزانی چی بووە! منیش لە نێو خوشک‌و براکانمدا رۆبێکی سووری جوانم لەبەر بوو بە سیمی زەرد شێوەی پاقلاوەی تیا کرابوو. ئەو رۆژە دایکم بۆی کڕیبووم. زۆر دڵم پێی خۆش بوو. نازانم بە چەند بۆی کڕیبووم، بەڵام دیار بوو زۆری پارە پێدابوو، چونکە زۆر گەرم‌و خۆش بوو. منیش کە گویم لەو هەموو هاوارو دەنگە دەنگە بوو، بەرەو ژووری دانیشتنەکە رۆیشتم، کە دایکم‌و باوکمی لێبوون. هەر، کە باوکم چاوی بە من کەوت، خێرا هاتە پێشەوە، سەیرێکی کردم بە تووڕەیی وتی:

ـ ئەمەی بەری جەنابێتی؟ ئەمە؟ دوو دینارت داوە بەو رۆبە؟ توخوا تۆ ئەقڵت تیایە؟

ئینجا هەر بەو تورەییە رووی کردە من. وتی:
ـ خێرا.. هەر ئێستا برۆ دایکەنە. بەیانی ئەبێت دایکت بیباتەوە بۆ کابرای دوکانار. ئەم دایکە بێ مێشکەت لەوە ئەچێت پارەی دۆزیبێتەوە. نازانێت دوو دینار چۆن پەیدا ئەکریت، خێرا برۆ دایکەنە تاکو خۆشتم پێوە نەسووتاندوە.

منیش هەر زۆر بە ترسەوە رامکردەوە ژوورەکەی خۆمان. دڵم لە خەفەتانا قوڵپی ئەدا، زۆر گریام، چونکە بە راستی حەزم لێ بوو. زۆر لام جوان بوو. بەڵام لە ترسی باوکم خێرا دامکەند، تۆپەڵم کرد ئینجا فڕێمایە ناو کەنتورەکەوە. هەربە دەم گریانەوە چووم لە سەر جێگاکەی خۆم دانیشتم. پاش تۆزێک چووم دەرمهێنایەوە. دیسان لەبەرمکردەوە. لەبەر ئاوێنەی کەنتۆرەکە سەیرێکی خۆمم کرد. تۆزێک بە ناو ژوورەکەدا هاتمو چووم، حەزم لێبوو لەبەرمابێت. نازداری خوشکم لە سەر جێگاکەی خۆی دانیشتبوو. کتێبێکی لەبەر دەستا بوو ئەیخوێنەوە. سەرێکی هەڵبڕی. سەیرێکی کردم. وتی:
ـ ئەی بێ ئەقڵ. دە برۆ دایکەنە. ئەم هەموو شەڕو بەزمە لە سەر ئەم رۆبەی تۆ بوو. بزانە چەن قسەی ناخۆشی بە دایکم وت.
ـ دەبرۆ بیەرەوە بە باوکم. بڵێ نامەوێت، با بەیانی دایکم بیگەڕێنێتەوە بۆ دوکانەکە. ئەوەش ئەگەر کابرا رازی بێت، کە وەریبگرێتەوە پارەکە بداتەوە بە دایکم. منیش بە ترسیکی زۆرەوە سەیرێکی نازدارم کرد. وتم: ئەی ئەگەر رازی نەبێت؟ چی ئەبێت؟
نازدار وتی:
ـ هیچ. هەر ئەبێت ئامادەبین بۆ شەڕێکی لەمە گەورەترو قورستر!
منیش خێرا بەناچاری، بە قسەی نازداری خوشکمم کرد، رۆبەکەم داکەند. بردم بۆ دایکم. بە دەم گریانەوە دۆعام ئەکرد، کە بەیانی دووکاندارەکە

ڕۆبەکە لە دایکم وەرگریتەوە، پارەکەی بداتەوە، بۆ ئەوەی باوکم ئیتر شەڕ لەگەڵ دایکم نەکات. هەر لەو کاتەدا دایکم هاواری لێکردین بچین نانەکەمان بخۆین، ئێمەش هەر وەکو هەموو ئێوارەکانی پێشو چووین کۆبووینەوە بۆ نان خـواردن، بـەڵام خواردنی چی؟ دایکم لە خەفەتی من، منیش لە داخی ڕۆبەکەم، کە لێیان سەندمەوە. کەسمان هیچمان بۆ نەئەخورا. باوکیشم جار جار هەر لە ژێرەوە مۆڕەیەکی لێ ئەکردم. وەکو ئەوەی بڵێت خەتای من بوو مەزاجیم تێکدابوو.

ئێمە هەموو ڕاهاتبووین. زۆربەی کات خۆمان بۆ کارەسات ئامادە ئەکرد. وەکو ئەوەو لەوەش خراپتر. من تێنەئەگەیشتم بۆ ئەبێت هەموو کات باوکم وا تووڕە بیت؟ کە ئەگەڕایەوەو ماڵەوە، پرسیارم ئەکرد. ئەبێت باوکی هاوڕێکانیشم هەموو هەر وەکو باوکی من تووڕە بن؟

بەیانی، کە باوکم لە خەو هەڵستا، گوێم لە دەنگی بوو. بە دایکمی ئەوت:

ـ کچێ ئافرەت گوێ بگرە. دوایی منداڵان، کە ڕۆیشتن بۆ قوتابخانەکانیان، تۆش ڕێک ئەچیتەوە بۆ لای دووکاندارەکەو پارەکەی لێ وەرئەگریتەوە. باشە؟ ڕۆبەکەشی بۆ ئەبەیتەوە.

دایکم بە دەنگێکی زۆر کزو بێتاقەتانە وتی:

ـ بەسە ئیتر پیاوەکە تێگەیشتم. ئەیبەمەوە. با منداڵان بڕۆن.. ئەوکچە گوناح بوو زۆری حەزلێ بوو. باوکم خەریک بوو دەنگی بەرز ئەکردەوە وتی:

ـ کچ گوناح نیە. بۆ گوناحە؟ جلی زۆرە با ئەو ڕۆبە نەبێت، تۆ ئەزانی دوو دینار چۆن پەیدا ئەکرێت؟ ئیتر دایکم هیچی نەوت. منیش هێشتا بۆ ڕۆبەکەم دڵم پڕ بوولەخەفەت. ڕۆیشتم بۆ قوتابخانە.

کاتێک لە قوتابخانە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، دایکم بانگی کردمە لای خۆی. داینیشانم. وتی:

ـ کچی خۆم.. گوێ بگرە! باوکت ڕاستی کرد. ئەو ڕۆبە زۆر گران بوو. بە دوو دینار بوو. بە خوا پارەی یەک فەردە برنج بوو. کە بەشی چەند مانگێکمان ئەکات. قەیناکە، گوێی مەدەرێ، با خوا دەست بدات شتی لەوە جوانترو باشترت بۆ ئەکڕم. ئەزانم زۆرت بە دڵ بوو. ئەزانم زۆر ئاقڵیتو لێم تێئەگەیت.

منیش هیچم نەوت. بەڵام، لە دڵی خۆمدا زۆرم پێناخۆش بوو. دایکم بەردەوام بوو لە قسەکانی. وتی:

ـ ئێستا زانیت من بۆ هەمیشە بە تۆو نازدار ئەڵێم کۆشش بکەن؟ بۆ ئەوەی زوو دەربچنو ببن بە فەرمانبەرێک، یان مامۆستایەک بۆ ئەوەی پارەی گیرفانی خۆتان هەبیت. پێویستیتان بە کەس نەبێت. چاوتان لێیە؟ من هیچ پارەی خۆمم نییە. چاوەڕێی دەستی باوکتانم. ئەگەر ئەو پارەم نەیاتێ، من هیچم پێ نییە.

منیش هەر گوێم لە قسەکانی دایکم ئەگرت، بەڵام لە پڕێکدا وتم:

ـ ئەی تۆ بۆ نەبوویت بە مامۆستا؟

دایکم دەستێکی هێنا بە سەرمدا. وتی:

ـ بنار گیان، کچی خۆم، سەردەمی ئێمە ژیان وەک ئێستا نەبوو.. جیاواز بوو.

وتم:

ـ چۆن؟

دایکم وتی:

ـ من کچی گەورەی ماڵ بووم، دایکم هەر ساڵەی منالێکی ئەبوو. ئینجا خۆی فریا نەئەکەوت خزمەتی منالْ، مێرد، ماڵ، میوانیش بکات. لەبەر ئەوە منی لە قوتانخانە دەرهێنا، بۆ خزمەتی خوشکو براکانم. کاتێکیش، کە خوشکو براکانم گەورە بوون، پێویستیان بە من نەما. منیش گەورە بووم

داواکارم هات. ئەوسا باوکمو دایکم وتیان با دەست بە چارەنووسییەوە نەنێین. با بڕوات شوو بکات. کە شووم کرد بە باوکتان، تەمەنم هەژدە ساڵ بوو. ئیتر بۆیە نەمتوانی خویندن تەواو بکەم.
منیش لەو کاتەدا لە زۆرینەی قسەکانی دایکم حاڵی نەبووم، بەڵام تێگەیشتم دایکم بۆ ئەیویست خویندن بە ئێمە تەواو بکات. ژیانی خێزانیمان زۆر ناڕەحەتو ئاڵۆز بوو. هەموو کات شەڕ بەردەوام بوو. زۆر منداڵ بووین، بەڵام بیرکردنەوەمان زۆر قووڵ بوو. بیرمە. منو نازداری خوشکم خوشکو برا بچووکەکانمان راهێنابوو لە سەر ئەوەی، کە باوکم گەیشتە ماڵەوە، ئەوان بچن بۆ خەوتن، یان لەگەڵ خۆمان ئەمانبردنە ژوورەکەی خۆمان بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ نەکەن. تا باوکم تووڕە نەبێت. هەموو جار دایکم پێیئەوتین هەر چەند ترسان لە هەرچی شتێک قورئان بخوێنن. منیش هەر ئێیوارەیەک، پیش ئەوەی باوکم بگاتە ماڵەوە، حەوت جار ئایەتی (قل هو الله احد)م ئەخوێند. هەتا ئەچووم بۆ قوتانخانەو ئەگەڕامەوە، من هەر لەو خەیاڵەدا بووم ئەبێت ئێمشەو باوکم لە سەر چی شەڕ لەگەڵ دایکم بکات؟ ئەبێت چی رووبدات؟ خۆم بە خۆم ئەوت. نا من هیچ شتێک ناکەم تاکو باوکم تووڕە بێت، بەڵام ئەی ئەوانیتر؟ ئەوان زۆر بچووک بوون. بە هەر حاڵ، ژیانی منداڵیمان زۆر بە ترسناکی بەسەر برد. حەزم ئەکرد بیرەوەریەکی خۆش باس بکەم. کاتێک، کە منداڵ بووم، بەڵام هیچ نادۆزمەوە، جگە لە گریان، هاوارو ئەشکەنجە.. ترس.. ئاژاوە.. دووبەرەکی، کە وردە وردە لە نێوانماندا دروست بوو. ترسمان لە باوکمان. وای لێ ئەکردین درۆ بکەین. بۆ ئەوەی خۆمانی پێ بپارێزین، لە لێدان بە دەستی باوکمان. من تێگەیشتم هەر ئازارێکی گیان، لەش چاک ئەبێتەوە، ئەگەر چی زۆریشی پێ بچێت، بەڵام ئازاری دەروون هەرگیز چاکبوونی نییە. ئەوەتا من دوای ئەم هەموو ساڵە هێشتا

هەستی پێئەکەم. ئەو ئازارانە زۆر قووڵن. ئێمە، سەرەڕای ئەم هەموو کارەساتانە، باوکیشمان زۆر خۆش ئەویست. کاتێک دایکم ئەتۆرا، ئەچوو بۆ ماڵی باپیرم، بێگومان ئەوان سەرزەنشتی باوکمیان ئەکرد، کەچی من زۆرم پێناخۆش ئەبوو. بەڵام دیسان من هەڵوێستم نەبوو، چونکە منداڵ بووم. ئێمە بەم جۆرە ژیانمان بە سەر ئەبرد. تەنها شتێک، کە جێگای پێکەنین بوو بۆ خۆمو خوشکو براکانم، ئەوە بوو کاتێک، کە تەواو گەورە بووین، ئەم بەسەرهاتە بوو، کە هەر چەند باسمان ئەکردەوە، هەموو پێئکەنین. بیرمە لە هاوینی هەمان ساڵ کاتی پشووی قوتابخانە بوو. ئیمە ئەو کاتە هەموو لە حەوشە ئەنوستین. جێگای منو نازدارو نیازی برام تۆزێک دوورتر بوو لە لای جێگای باوکمو دایکمەوە. بەڵام هەندێک جار کە دایکو باوکم قسەیان ئەکرد من گوێم لێ ئەبوو. بەیانەکیان من زوو خەبەرم بووەوە. گوێم لێ بوو زۆر بە نزمیو لەسەر خۆ دایکم بە باوکمی ئەوت:

ـ سالح؟ ئەتوانیت ئەمڕۆ تۆزێ درەنگتر بڕۆیت بۆ ئیش؟

باوکم وتی:

ـ بۆ؟ پاکیزە خان بەتەمای چیت؟

دایکم وتی:

ـ ئەمڕۆ. بەتەمام مناڵەکان بەرم بۆ خەستەخانە بیانکوتم، ناتوانم بەتەنها چوار مناڵ بەرم. بەخوا دەرەقەتیان نایەم! دە تۆش وەرە، خۆ هیچ نابێت، ئەگەر جارێک لەگەڵما بێیت!

باوکم لە سەرجێگاکەی خۆی راست بووەوە. بە دەنگێکی نیمچە تووڕە، وتی:

ـ ئەرێ ئافرەت. تۆ ئەڵێی شێت بوویت! وڕێنە ئەکەیت؟ من ئەچم بۆ بازاڕ پارەتان بۆ پەیا ئەکەم. خۆ ناچم بۆ یاری. تۆش ئەوە ئیشی خۆتە بڕۆ

بێگەردی خوشکت بەرەو بە یەکەوە بڕۆن، یان نازدار بەرە لەگەڵ خۆت.
دایکم وتی:
ـ ساڵح گیان، خۆت ئەزانی تاکو ئەچم بە دوای بێگەردی خۆشکمدا، نیوەی رۆژەکە ئەڕوات. جگە لەوەش، ئەوەنەی ئەچم بە دوای ئەودا، ئەگەمە خەستەخانە.
باوکم وتی:
ـ دە باشە نازدار بەرە لەگەڵ خۆت!
دایکم وتی:
ـ نازدار ئەبێت لە دیار ماڵ بێت، ئاگای لە بنارو نیاز بێت. ئینجا ئەبێت چێشت لێبنێت بۆ نیوەڕۆ.
باوکم وتی:
ـ پاکیزە خان، باش گوێ بگرە. من ئەبێت بڕۆم بۆ بازار. تۆش بڕۆ ئیشی خۆت بکە.
ئەو بەیانییە باوکم زوو خۆی کۆکردەوەو نانو چای بەیانیی خوارد. من لەو کاتەدا بەزەییم بە دایکمدا هاتەوە. چونکە زۆر بێ دەسەڵاتانە بە باوکمی وت:
ـ باشە.. بڕۆ، چیبکەم ئەبێت خۆم بەتەنها بڕۆم بیان بەم.
باوکم دوای ئەوەی نانو چای بەیانی خوارد، رۆیشت. منو نازداری خوشکم جێگاکانمان کۆکردەوە. لە سەر یەکێک لە قەرەویلەکان هەڵمانچنی. بە چەند پارچە قوماشێکی بێ کەڵک جوان دامانپۆشین بۆ ئەوەی هەتاویان لێ نەدات. دوایی دایکم بانگی کردم. وتی:
ـ بنار گیان، ئەمڕۆ ئەبێت یارمەتیی خوشکەکەت بەیت. ماڵەکە هەمووی گەسک بەیت، پیاڵەکانیش بشۆیت. نازداری خوشکت ئەمڕۆ چێشت لێئەنێت. باشە؟

وتم:

ـ نەء من لەگەڵ تۆ یەم بۆ خەستەخانە! تۆ بە تەنها ناتوانیت بڕۆیت!

دایکم وتی:

ـ بنار؟ من چیم وت؟ هەر ئەوەیە. تۆ ئەبێت لە ماڵ بیت یارمەتیی نازدار بەیت.

دایکم قسەکانی بڕی. بەسەرسوڕمانێکەوە! وتی:

ئینجا تۆ چۆن ئەزانی من ئەمڕۆ ئەڕۆم بۆ خەستەخانە؟

وتم:

ـ دایکە گیان من حەز ئەکەم لەگەڵ تۆ بێم، ئەم بەیانییە گوێم لێ بوو چیت بە باوکم وت!

دایکم بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. ئینجا هەنگاوێک لێم هاتە پێشەوە. وتی؛

ـ چیییی؟ گوێت لە چی بوو؟ گوێت لە ئیمە گرتبوو؟

وتم:

ـ نەء، نە بەخوا. گوێم لێ نەگرتبوون. بەڵام نازانم بۆ ئەم بەیانییە زوو خەبەرم بووەوە!

دایکم وتی:

ـ ئێ... گوێت لە چی بوو؟ چیمان وت؟.

منیش زۆر بە ترسەوە ئەوەی، کە گوێم لێ بوو، بۆم گێرایەوە. خۆشبەختانە دایکم هەر زوو تووڕەبونەکەی سەر دەموچاوی ڕەویەوە. وتی:

ـ کچی شیرینم. ئەزانم چەند دڵت بە من ئەسووتێ. بەڵام قەیناکا. من حەز ئەکەم تۆ لە ماڵ بیت لەگەڵ نازدار. لەوانەیە ئەو زیاتر پێویستی بە تۆ بێت، چونکە ئەمڕۆ یەکەم جارێتی چێشتمان بۆ لێ ئەنێت.

وتم:

ـ دایکە؟ ئاخر تۆ ناتوانی بە تەنها بڕۆیت. دایکم وا دیار بوو هیوای بڕیبوو لەوەی کەسێک هەبێت بتوانێت لەگەڵیا بڕوات. بۆیە هەر زوو کەوتە ئامادەکردنی خونچەو ئینجا نەشمیل. منیش هەر تەماشای دایکم ئەکرد، بیرم ئەکردەوە. لە پڕێکدا وتم:

ـ دایکە؟ ئەی بۆ بە باجی زەینەبی دراوسێمان ناڵێیت بێت لەگەڵتا؟ بیرتە ئەو رۆژە چی پێی وتیت؟

دایکم وتی:

ـ نەوەڵا! بیرم نییە چیی پێ وتم؟

وتم:

ـ من بیرمە، پێی وتیت. توخوا پاکیزە خان، هەر کاتێک ئیشێکت بە من هەبوو، پێم بڵێ با بێم یارمەتیت بدەم. بیرتە؟

دایکم ئەم جارە بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ بەخوا بنار تۆش بەشی خۆت ئەزانی! ئینجا ئێستا ئەتەوێت من بەم بەیانییە بچم بە باجی زەینەب بڵێم ماڵو مناڵت بەجێ بهێڵە، لەگەڵ من وەرە بۆ خەستەخانە؟ نابێت. کچم شتی وا نابێت. عەیبە. خۆ ئەو ژنە کفری نەکرد وای وت.

وتم:

ـ من ئەچم بانگی ئەکەم. خۆ باجی زەینەب نە مناڵی هەیە نە هیچ. هەر میردێکی پیری هەیە.

دایکم قسەکەی منی بە دڵ بوو. منیش خێرا چووم بۆ ماڵی باجی زەینەب. ماڵەکەیان چەند ماڵێک لە خوار ماڵی ئێمەوە بوو. کە گەیشتم، بینیم دەرگاکەیان کرابووەوە. بەڵام من بە هێواشی چەند جارێک بە دەرگاکەما کێشا. باجی زەینەبم بینی لە هەیوانەکەی خۆیاندا خەریکی ناوساجی بوو

سووری ئەکردەوە. دانیشتبوو لەبەردەم پەرەمێزێکی بچووکو تەشتێک هەویر. لەگەڵ پنەو تیرۆکێک. هەر کە منی بینی، سەرێکی لار کردەوە. وتی:

ـ وەرە ژوورەوە. دەی وەرە سوورە گوڵ، بزانم چیت ئەوی؟

منیش بە شەرمێکەوە چوومە ژوورەوە. وتم:

ـ باجی زەینەب، دایکم ئیشی پێتە. ئەتوانیت بێیت بۆماڵمان؟

باجی زەینەب وتی:

ـ بنار گیان. ئێستا بێم بۆ ماڵتان؟ بۆ؟ ماڵەکەم، وەرە جارێ دانیشە، با چایەکت بۆ بێنم لەگەڵ ئەو ناوساجیەو ماستێکی زۆر جوانیشمان هەیە. ئەزانم تۆ حەزت لێیە.

وتم:

ـ نانو چای بەیانیم خواردووە. باجی زەینەب، ئەبیت زوو بێیت، دایکم ئەیەوێت لەگەڵیا بڕۆیت بۆ خەستەخانە!

باجی زەینەب وتی:

ـ ئەیەڕۆ.. بۆ.. ؟ دایکت چییەتی؟ نەخۆشە خوانە خواستە؟

وتم:

ـ نەوەڵا نەخۆش نییە. بەتەمایە خوشکو براکانم بەرێت بۆ خەستەخانەی شیرەکە بۆ ئەوەی دەرزییان لێ بات. ئەڵێت سەرەی کوتانیان هاتووە.

لەو کاتەدا باجی زەینەب ناوساجییەکی خستە ناو تاوەکەوە. وتی:

ـ بنار گیان، دە تۆ وەرە ناوساجییەک بەرەو بیخۆ. ئەها چەند جوانە! ئاڵ بووە. ئەڵێی روومەتەکانی خۆتە.

وتم:

ـ باجی زەینەب ناخۆم. دایکم پەلەیەتی. دە خێراکە. عەباکەت بە بەسەرتاو وەرە.

باجی زەینەب وتی:
- دە باشە بنار گیان تۆ ئێستا بڕۆ. بە دایکت بڵێ ئەم دوو ناوساجییەم ماوە سووری ئەکەمەوە. هەر ئێستا تەواوبم، یەم. پێی بڵێ تاکو من یەم، با ئەو خۆی ئامادە بکات.
ئیتر بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیشتم. وتم:
- خێراکە باجی زەینەب دایکم ئامادەیە.
کە گەڕامەوە ماڵەوە. دایکمو مناڵەکان ئامادەبوون. زۆری پێ نەچوو، باجی زەینەب خۆی بە ماڵماندا کرد. سێ ناوساجیی جوانیشی لەگەڵ دەستی خۆی بۆ هێنابووین.
دایکمو باجی زەینەب سواری عەرەبانەیەکی دوو ئەسپی بوون، مناڵانیان سەرخستو ڕۆیشتن بۆ خەستەخانە. باجی زەینەب ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵ بوو. چوار کوڕی گەورەی هەبوو. هەموویان بەیانییان زوو ئەڕۆیشتن بۆ بازاڕ بۆ ئیشکردن. باوکیشیان پیاوێکی پیری نەخۆش بوو. دەمێک ساڵ بوو لە ئیشو کار کەوتبوو. هەموو کات لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان دائەنیشت. سەیری خەڵکی ئەکرد. هەموو کات سینییەک توتنی پێ بوو. لەگەڵ چەند پەڕەیەکی سیغار، کە بۆ خۆی ئەیپێچایەوەو ئەیکرد بە جگەرە. بەڵام خێزانێکی زۆر بێ وەیو بێ دەنگ بوون. باوکم لە کۆنەوە ئەیناسین. ئێمەیان زۆر خۆش ئەویست. زۆر جار دایکم، کە حەمامی گەرم ئەکرد، بە باجی زەینەبی ئەوت: دە تۆش وەرە کچێ، دەستێک لە خۆت بە. خۆ هێشتا ئاوەکە گەرمە. ئەویش زۆری پێ خۆش ئەبوو. ئەهاتو دوایی دۆعای خێری بۆ ئەکردین.
هەر، کە ئەوان ڕۆیشتن. منیش خێرا بە دەم گۆرانی وتنەوە هەرچی دایکم پێی وتبووم لە پاککردنەوەی ماڵ شتنی پیاڵەکانی بەیانی، زۆر بە خێرایی هەموویم تەواو کرد. نازداریش خەریکی بامێ قنچک کردن

بوو. دایکم لە شەوەوە گۆشتەکەی لێنابوو. ڕۆنو پیازی برنجەکەشی قرچاندبوو. ئەوەی مابوو، شلەکە بوو، کە ئەبووایە نازدار دروستی بکردایە. نازداریش هەر چۆنێک بوو، چێشتەکانی لێنا. هەموو کاتەکەش نیاز پاسکیلێکی سێ تایی‌ی هەبوو، هەر بە چواردەوری حەوشەکەدا لێیئەخوڕی. جار جاریش لە بەر خۆیەوە ئەی وت: ئەها! دیسان تایەکەی پەنچەر بوو. ئەبێت بیبەم بۆ دوکانی پەنچەرچیەکە، چاکی بکەمەوە. هەر خۆی دائەنیشت بە خەیاڵی خۆی ئەبوو بە کابرای پەنچەرچی. ئەویش بەو شێوەیە خۆی مەشغوڵ کردبوو. لە پڕێکدا لە دەرگا درا. هەموومان رامان کرد دەرگا بکەینەوە. کە دەرگامان کردەوە، ئاواز خانی دراوسێمان بوو. دەستی کچە ناونجیەکەی گرتبوو، کە تەمەنی نۆ ساڵان ئەبوو. ناوی ژیان بوو. نازدار وتی:

ـ ئاواز خان، فەرموو.. وەرە ژوورەوە.

ئاواز خان وتی:

ـ ئەڵێی پاکیزە خان لە ماڵ نییە؟

نازدار وتی:

ـ نەوەڵلا. دایکم لە ماڵ نییە. ئیشت پێی بوو؟

ئاواز خان وتی:

ـ ویستم دایکت گوێی ژیانم بۆ بسمێت. ئەزانم دایکت گوێی هەموو کچی گەڕەکی سمیوە. بەڵام قەیناکا هەرکاتێک ئەو گەڕایەوە ئێمەش سەرئەدەینەوە.

ژیان زۆر هاوڕێی من بوو لە قوتانخانە. جارو بارەش لە ماڵی خۆمان بە دزیی باوکمەوە یاریی چێشتە قولێو بووک بووکینەمان ئەکرد. لەگەڵ بەیانو بەهاری خوشکی. ئەوان سێ خوشک بوون. ئاواز خان ویستی بڕوات. خێرا وتم:

ـ ئاواز خان؟ دە توخوا با ژیان لێرە بێت؟  بۆ خۆمان یاری ئەکەین.
ئاواز خان بە پێکەنینێکەوە وتی:
ـ باشە، بنار خان لەبەر خاتری تۆ با ژیان لێرە بێت. بەڵام بنار گیان ئاگر نەکەیتەوە! چونکە دایکت لێرە نیە. باشە بەقوربان؟ ئاواز خان مەبەستی چێشتە قولێ بوو، کە نەیکەین. وتم:
ـ ئاواز خان مەترسە بەخوا چێشتە قولێ ناکەین. ئیتر هەر، کە ئاواز خان رۆیشت. دەرگای حەوشەکەم داخست. وتم:
ـ ژیان؟ دەی وەرە با یاری بکەین.
ژیان وتی:
ـ یاری چیبکەین؟ خەت خەتێن؟ وتم:
ـ نا... باوکم ئەمان کوژێت!. ژیان چاوی زەق کردەوە بەهێواشی بەترسێکەوە وتی:
ـ بۆ؟ بۆ ئەمان کوژێت؟ وتم:
ـ چونکە باوکم حەزناکات بە دەباشیر لەسەر عەرزەکە بنوسین، باوکم ئەڵێت خراپە دوایی ئەمرین. ژیان دەستی گرت بەدەمیەوە پێکەنی وتی:
ـ وییی.. بیسمیلاە!. وەڵا من ئەترسم. دەباشە ئەی چی بکەین؟ وتم :
ـ هەڵماقۆ. ئەزانیت هەڵماقۆ چۆن ئەکرێت؟ ژیان تۆزێک وەستا وەکو بیەوێت بیری لێبکاتەوە وتی:
ـ تۆزێک ئەزانم. کە وای وت، خێرا چووم بەردەکانم هێنا، کە لە توورەکەیەکدا هەڵمگرتبوو. دەستمان بە یاریی هەڵماقۆ کرد. هەر زوو تاقەتمان چوو. وتم:
ـ ژیان، حەز ئەکەیت من گوێت بۆ بسمم؟
ژیان دەمی داچەقاند چاوی کردەوە وەکو بڕوای نەکردبێت کە من وام پێوت بە پێکەنینێکەوە. وتی:

ـ ها ها ها چی..؟ بنارها ها ها ئەزانیت؟ تۆش ئەزانی وەکو پاکیزە خان بکەیت؟ ژیان هەر پێئەکەنی  لەپڕێکا وەستا. سەیرێکی کردم ئنجا وتی:
ـ ئا.. دەی.. باشە. بۆم بسمە. من حەزم لە گوارەی چەقالەیە.
هەر، کە ژیان وتی باشە، من خێرا هەستام، چوومە ژوورەکەی دایکم. کەنتۆرەکەیم کردەوە. قوتوویەکم دەرهێنا، کە گوڵێکی ئێخەی تیادا بوو. هەموو جار دایکم، کە خۆی جوان بگۆڕیایە، یان بۆ ماڵانێک بڕۆیشتینایە ئەو گوڵەی لە سنگی ئەدا. زۆر جوان بوو، مووررووی سەوزی پێوە بوو، چوار پڵپڵەی پیادا هاتبووە خوارەوە. بەڵام دەرزیەکەی درێژ بوو. خێرا گوڵەکەم دەرهێنا. بێ ئەوەی بیشۆم، یان پاکی کەمەوە، بە ژیانم وت:
ـ دانیشە. بەڵام قسە نەکەیت. هاواریش نەکەیت، چونکە هیچ نایەشێت.
ژیان زۆر کچێکی فەقیرو بێ دەنگ بوو. وتی:
ـ باشە. بەخوا هیچ ناکەم. دەی با بڕۆینە دەرەوە، من حەزم لە حەوشەیە.
منیش گوڵەکەم لە ناو دەستم شاردبووەوە بۆ ئەوەی نازدار نەیبینێت. ژیان لە سەر قادرمەکانی بەر هەیوانەکە دانیشت. بە هەر دوو دەستی دەموچاوی خۆیی شاردبووەوە. وتی:
ـ بنار؟ خێراکە.. دەی.. خێرا. ئەزانیت من هیچ ناترسم!
وتم
ـ ژیان بێدەنگ بە. ئەزانم ناترسیت. هیچ نایەشێت. هەر ئێستا بۆت کون ئەکەم. ئەگەر ئاقڵ بیت. گوارەکانی خۆشمت ئەیەمێ.
وا دیار بوو ژیان زۆری حەز لە گوارەکانم بوو. بۆیە لە خۆشیاندا قاقایەکی گەورەی لێ داو. وتی:
ـ بنار؟ توخوا بە راستە؟ گوارەکانی خۆتم ئەیەیتێ؟
منیش پەڕەکەی گوێچکەیم  گرتبوو، توند ئەمگوشی، هەر وەکو دایکم، کە گوێی کچانی گەڕەکی کون ئەکرد. وتم:

ـ ئەگەر هاوار نەکەیت، ئاقڵ بیت، ئەتدەمێ. دەی. ئیتر قسە مەکە. ئینجا دەرزیەکەم رێک گرت، کردم بە پەڕەی گوێجکەیدا. هەر، کە بینیم خوێن هات! پێش ئەوەی ژیان هیچ دەنگێکی لێوە بێت، من خۆم ترسام، یەک زریکەم کرد ژیانم بەجێهێشت. دەرزیەکەش هەر لە ناو پەڕەکەی گوێچکەیدا مابوو.

بە هاوارەوە  رامکرد بۆ لای نازداروتم:

ـ نازدار؟ فریاکەوە، خێرا.. خێرا.. فریاکەوە.

نازدار بە پرتاو هات بە دەنگمەوە. وتی:

ـ چییە؟ چیتکرد؟ کوا ژیان؟ چی بووە؟ بنار چیت لە ژیان کرد؟

وتم:

ـ نازانم. هیچ، هیچم نەکردوە، هەر ویستم گوێی بۆ بسمم! دەرزییەکەم پیاکرد.

نازدار ئیتر، کە گوێی لەوە بوو، نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، وتی:

ـ چیییی؟ چییییت کرد؟ ئەوە تۆ بە راستتە؟ بنار بە راستە؟ ئەی کوا؟ ئەو کچە چیی لێهات؟ بۆ کوێ رۆیشت؟ بە راست چۆن گوێت بۆ سمی؟ بە چی؟ بە چی بۆت سمی؟

نازدار بە جاری زەرنەقی چووبوو. هەر پرسیاری ئەکرد. من خۆم چەند ترسا بووم. پرسیارەکانی نازداریش ئەوەندەیتر ئەیانشڵەژاندم. بە چواردەوری خۆمدا ئەگەڕام بۆ گوڵەکەی دایکم. بەڵام نەمدۆزییەوە. دوایی بیرم کەوتەوە، کە نەموێرا دەرزییەکە دەربهێنمەوە لە گوێچکەی ژیان. ژیانیش هەر بە گوڵەکەوە رایکردبووە بۆ ماڵی خۆیان. من پێش ژیان رامکرد. ئیمە لەو قسانەدا بووین، دایکمان لەگەڵ باجی زەینەب بە سواریی عەرەبانەیاکی دووئەسپی هاتنەوە. خۆیان کردەوە بە ماڵا. منیش بە جۆرێک شپرزەو ترسابووم، ناوی خۆشم بیر چووبووەوە. دایکیشم

ئەوەندە ماندوو بوو، کە خۆی کرد بە دەرگای حەوشەدا، عەباکەی لە سەری خۆی لابرد، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا لێی دانیشت. دەموچاوی سوور ببووە. ئارەق لە گیانی ئەتکا. خونچەو نەشمیل یەکیی چلوورەیەکی ئەرخەوانیاین بە دەستەوە گرتبوو. نیوەی زیاتری توابووەوە. بە دەستو مەچەکیاندا هاتبووە خوارەوە. نەوژینیش بە باوەشی باجی زەینەبەوە خەوی لێکەوتبوو. باجی زەینەب بردییە ژووری دانیشتنەکە. لە سەر یەکێک لە دۆشەکەکان پاڵیخست، پشتیەکیشی خستە پاڵ. بەڵام وا دیار بوو هاوژین برسی بوو. هەر ئەگریا، ئەکڕووزایەوە. ئەوماڵەی ئیمە بە جۆرێکی لێ هاتبوو، کەس لە کەس تێنەئەگەیشت. دایکم هاواری ئەکرد. ئەیوت:

ـ ئادەی رۆڵە دوو جام ئاوی ساردمان بۆ بێنن. خۆ ئەوەندە گەرمە هەر خنکاین. ماشەڵڵا لەو گەرمایە، دەی کچم، ئەوە چییە بۆ وا واقتان وڕماوە؟

سەیرێکی منی کرد. وتی:

ـ بنار؟ کچم گوێت لە من بوو؟

وتم:

ـ بەڵی باشە دایکە گیان.

خێرا رامکردە ژوورەوە ئاوی سارد بهێنم بۆ دایکم وبۆ باجی زەینەب. کە گەڕامەوە، دوو جامی فافۆنم پڕکردبوو لە ئاو. بەڵام لە ترسان ئەوەندە دەستم ئەلەرزی، تاکو گەیاندمە دەستی دایکمو باجی زەینەب، نیوەی رژا بوو. نازداریش لە تاو کەتنەکەی من، بیری هیچی نەما بوو. دایکیشم لە کەسمان تێنەئەگەیشت، هەر ئەی وت:

ـ ئەوە چیتانە؟ بۆ وا شپرزە بووون؟ باش نایەنە بەر چاوم. کوانێ نیاز؟

نازدار وتی:

ـ نیاز لە ژوورەوەیە. زۆر ئاقڵ بوو. هەر یاریی کردوە بە پاسکیلەکەی. بەڵام بزانە بنار خانی کچت چیی کردووە!

ئینجا نازدار رووی کردە من. وتی:

ـ دەی فەرموو خۆت بە ناخێرت بۆی باس بکە. چیت کردووە!. دەی فەرموو بیگێڕەوە بۆ دایکم.

دایکم جامە ئاوەکەی لێ وەرگرتم، فەرمووی کرد لە باجی زەینەب، ئاوەکەی دایە دەستی، قومێکی دا لە ئاوەکە، ئینجا سەیرێکی کردم. وتی:

ـ ئەیەڕۆ بنار گیان چیت کردووە؟ دەی خێرا پێم بڵێ!

هەر لەولاوە نازدار هاواری کرد. وتی:

ـ ئەوە ئاواز خان خۆی هات. فەرموو.. فەرموو ئاواز خان.

هەموو لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بووین، کە ئاواز خان خۆی کرد بە ژووردا. دەستی ژیانی گرتبوو. زۆر بە توڕەییەوە هاتە ژوورەوە. ژیانیش هێشتا ئەگریا.

ئاواز خان بە دەموچاوێکی گرژو مۆنەوە، بێ سەلامو عەلەیک رووی کردە دایکم. وتی:

ـ پاکیزە خان سەیر کە، بزانە بنار چیی لە ژیان کردووە! سەیر کە توخوا شتی وا چۆن ئەبێت؟ من ئێوارە چی بە باوکی ژیان بڵێم؟ بەخوا حەیامان ئەبات. ژیانیش رەنگی وەک لیمۆ زەرد هەڵگەڕابوو. هەموو گیانی ئەلەرزی.

دایکم. وتی:

ـ ئەیەرۆ.. چی بووە؟ بنار چی کردووە؟

ئاواز خان وتی:

ـ ئەی پێیان نەوتیت بنار چیی کردووە؟ گوێچکەی ژیانی کون کردووە بە گوڵی یەخەکەی تۆ؟ پاکیزە خان. بەخوا ئەمشەو باوکی بزانێت، ئەمان کاتە کۆڵان.
ئینجا دایکم خێرا هەستایە سەر پێ، بەرەو رووی ژیان رۆیشت. سەیرێکی گوێچکەی کرد. ئینجا خەریک بوو بەرەو رووی من ئەهات.
وتی:
ـ ئەک دەستەکانت بشکێ بنا...ر باشە؟. چۆن شتی وات کردووە؟ رۆڵە ئەوە کەی ئیشی تۆیە؟ بۆ وات کرد ها... بۆ وات کرد؟ بەو خوایە ئەبێ بە دەردێکت بەرم، بە هەنگوین بڵێی ژەهری مار.
کە دایکم وای وت، خێرا رامکردە حەمامەکە خۆم شاردەوە، دەرگام لە خۆم داخست. ئیتر ئاگام لێیان نەما. دوایی نازدار بۆی گێرامەوە، کە دایکم گوێچکەکەی تریشی بۆ سمی بوو. بە ئاواز خانیشی وتبوو جووتێک گوارەی چەقالەی جوان بۆ ژیان ئەکرێت. بەڵام من مامەوە لە حەمامەکە لە گەرمانو لە ترسانا نیوە مردوو ببووم. دوایی دایکم هات بۆ لام دەریهێنام، زۆر لێم توورە بوو، بەڵام هیچی لێ نەکردم. هەرچەندە هەرەشەکانی زۆریان ترساندم.
ساڵ هات وساڵ رۆیشت ئێمەش گەورە بووین باوکم خانویەکی گەورەو خۆشی بۆ کڕین لە گەرەکێکی تازە

## - ٩ -

دوای ئـەوەی چەند ساڵێک بە سـەر ژیانماندا تێپەڕی. گوزەرانیی خێزانەکەمان بەرەو باشتر ڕۆیشت. باوکم هەر خەریکی کارو کاسپی بوو، ئێمەش خەریکی خوێندن بووین. نازداری خوشکم خوێندنی گەیشتە پۆلی پێنجەمی زانستی. منیش گەیشتمە پۆلی سێیەمی ناوەندی. سەرەتا دڵمان زۆر بە ماڵە تازەکەمان خۆش بوو. دایکم‌و باوکم هەموو ڕۆژ ئەچوون بۆ بازاڕ بۆ کڕینی شت‌ومەکی ناوماڵ. ماڵەکە؛ بریتی بوو لە سێ ژووری نووستن، هۆڵێکی زۆر گەورە، چێشتخانەیەکی گەورە، ژێر زەمینێکی نە زۆر گەورە، نە بچووک، بەڵام حەوشەکەی هەر زۆر گەورەو خۆش بوو، پڕ بوو لە چەند جۆر درەختی بەردار. وەکو گێلاس‌و هەنارو هەڵووژە. چەند جۆری جیاواز لە مێو. پڕ بوو لە گوڵی جۆراو جۆر. من زۆرم حەز لە باخەکەی ئەکرد، هەر خۆم حەزم لێبوو خزمەتمی بکەم. ماڵەکەمان زۆر خۆش‌و دڵگیر بوو. هەر کەسێک سەردانی بکردینایە، ماڵەکەمانی بە دڵ ئەبوو. ئەمەش ئەو هەستەی لا دروستکردبووین، کە زیاتر دڵمان بە ماڵەکەی خۆمان خۆش بێت. من‌و نازداری خوشکم زۆر یەکترمان خۆش ئەویست، وەکو دوو هاوڕێی نزیک وابووین. هەموو کات بە یەکەوە بووین، دڵمان بە یەکتر ئەکرایەوە. هەر چەندە ئەو لەگەڵ مندا لە هەندێک ڕووەوە جیاوازیی کەسایەتیمان هەبوو، بەڵام، هەردوکمان خۆمان لەگەڵیدا ئەگونجاند. نازدار زۆر بە ئاسانی تووڕە ئەبوو. زۆریش بە ئاسانی دڵی چاک ئەبووەوە. وشەیەکی بچکۆلە ئەیتوانی برینێکی گەورە لە دڵی ئەودا دروست بکات. بەڵام من هەموو کات ڕەچاوی ئەو دڵە ناسکەیم ئەکرد؛ ئاگاداری وشەو هەڵسوکەوتم ئەبووم لە بەرامبەری. نـازدار خاوەنی دڵێکی زۆر پڕ لە سۆزو خۆشەویستی بوو. هەموو سۆزی دنیا لە ناو دڵی ئەودا کۆببووەوە. نازدار ڕوخساری کەمێک لە

ئێمە جیاواز بوو. پێست ئەسمەرو باڵا بەرز بوو. قژی رەشو قورسو پڕ بوو. چاوەکانی گەش ومەست بوو پڕ لە جادو لە هەڵبەست بوو. هەردووکمان زۆربەی کاتمان بە کۆششکردن ئەبردە سەر. هەوڵمان بۆ دوارِۆژێکی روونو سەرکەوتوو ئەدا. هەموو کات قسەکانی دایکمان بیر ئەهاتەوە، کە پێی ئەوتین:

ـ هەوڵ بدەن کۆشش بکەن تاکو بە پارەی گیرفانی خۆتان بگەن، بۆ ئەوەی، کە شووتان کرد، پێویستیتان بە پارەی مێردەکانتان نەبیت. دەستگیرکردنی کارێک بۆ خۆتان ژیانتان خۆشو ئاسوودە ئەکات. هەر خۆشتان ئەتوانن ئەوە بکەن. تەنها بە هەوڵو کۆششی خۆتان.

ئەم وشانەی دایکم لە گوێماندا ئەزرینگایەوە. زیاتر پاڵی پێوە ئەناین هەوڵ بدەین، بخوێنین. نازدار پۆلی شەشەمی زانستیی تەواو کرد. بە نمرەیەکی زۆر باش. لە زانکۆی سلێمانی لە بەشی ئەندازیاری وەرگیرا. ئەوە بۆ ئێمە خۆشترین هەواڵ بوو. هەموو لە دەمێکەوە چاوەڕوانی بووین. دایکمو باوکم چیتر ترسو دڵەڕاوکێیان بەرامبەر نازدار نەما. ئەو رۆژەی نازدار هەواڵە خۆشەکەی بۆ هێناین، دایکم ئەو رۆژە لە خۆشیدا نەیئەزانی چی بکات. خێرا خێرا ماچی نازداری ئەکرد. ئەیوت:

ـ ئۆخەی خوایە گیان.. لێت بە زیاد بێت. ئینشائەڵلا نوخشە بێت لە بنار گیانیش.

منیش بە پێکەنینەوە ئەم وت:

ـ بەخوا منیش هەوڵ ئەدەم دایکە گیان. بەڵام پەیمانت نادەمێ، کە من بتوانم نمرەی کۆلێج بهێنم. هیچ بە تەمای من مەبە.

دایکم دەستی ئەکرد بە پێکەنینو ئەیوت:

ـ تۆش زیرەکیت ئەگەر سەر لە خۆت تێک نەدەیت.. ئەزانم ئەتوانیت وەکو خوشکەکەت نمرە بهێنیت. دیسان دەستی بەرزئەکردەوە بۆ ئاسمان،

ئەیوت ئەی خوایە گیان لێت بە زیاد بێت. سوپاس بۆ تۆ خوای گەورە. خۆشییەکەی دایکمو باوکم باسکردنی ئاسان نییە. هەردووکیان بە درێژایی ساڵانی هاوسەرییان بڕوا ناکەم ئەوەندەی ئەو رۆژە دڵیان خۆش بووبێت.

ئەو ئێوارەیە باوکم لە ئیش گەڕایەوە. دایکم خێرا، هەر لە دەرگای حەوشەکەوە بە باوکمی وت:

ـ پیاوەکە، بەخێر بێیتەوە.

باوکم وەڵامی دایەوە، وتی:

ـ رووت گەش دیارە ئافرەت. قسەیەکت پێیە بیڵێیت..

دایکم زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

ـ ئینجا کاتی مەولوکە هاتووە بیخوێنین.

باوکم وتی:

ـ مەولوی چی؟ خێربەتەمای چیت؟

دایکم وتی:

ـ ساڵح، بەخوا من دەمێکە بۆ دەرچوونی نازدار قەرارم دابوو. کە ئەگەر نمرەیەکی باش بهێنێت، بە دڵی خۆی، ئەوا مەولوویەکی پیغەمبەری بۆ بخوێنم! ئینجا نازانم تۆ ئەڵێیت چی؟ رازیت؟ یا نا؟

باوکم خێرا وتی:

ـ ئەوە ئەڵێی چی ئافرەت؟ ئەی چۆن رازی نیم؟! بەیانی خۆم ئەچم بۆ مزگەوتی گەورە. بە مەلا حەسەن ئەڵێم رۆژی جومعە بێت، مەلا کەریمو چەند مەلایەکیتریش لەگەڵ خۆی بهێنێت. تۆش خۆت حەزت لە کێ بوو بانگی بکەیت، بانگی بکە.. بە دڵی خۆت.

دایکم قسەکانی باوکمی زۆر بە دڵ بوو. لە خۆشیدا رووی زیاتر گەش بۆوە. وتی:

ـ بەخوا ساڵح گیان حەز ئەکەم مەولوویەکی زۆر خۆش‌و چاک بخوێنین، خواردنێکی باشیش دروست بکەین.
هەر ئەو ئێوارەیە دایکم لە خۆشیاندا بە تلفۆن زۆرینەی کەسوکارو دراوسێکانی بانگهێشت کرد، کە بۆ رۆژی هەینی بۆ مەولووەکە بێن.!
ئەمەش شتێکی زۆر سەیر بوو لامان، کە دایکم‌و باوکم پێکەوە ئەوەنە بە یەکەوە دڵیان خۆش بێت. من‌و نازدار ئەو شەوە هەر بە دایکم پێئەکەنین.
هێشتا باوکم بە مەلا حەسەنی نەوتبو. دایکم دەستی کردبوو بە بانگکردنی خزمو کەس‌و دراوسێکان، ئێمەش هەموو دڵمان خۆش بوو.

## - ١٠ -

کۆتایی وەرز هاوین بوو. بەرەو پاییزێکی فێنک ئەچووین. نازداری خوشکم کەوتبووە خۆ ئامادەکردن بۆ یەکەمین ساڵی خوێندنی زانکۆی. دایکمو باوکم زۆر شانازییان پێوە ئەکرد. کاتێک قوتابخانە دەستپێکردەوە، من چوومە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی. منیش حەزم ئەکرد دایکو باوکم وەکو نازدار بە منیشەوە شانازی بکەن. ئەوەندەی‌تر دڵیان خۆش بکەم. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ منیش زیاتر هەوڵی خوێندنم ئەدا. هەموو ڕۆژ، بەردەوام کۆششی خۆمم ئەکرد. کاتم بە فیڕۆ نەئەیا. ئێواران، کە نازدار لە زانکۆ ئەگەڕایەوە. من خێرا ئەچوومە لایەوە دائەنیشتم، هەرچی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەمان بوو، بۆ یەکترمان ئەگێڕایەوە. هەندێک بە سەرهاتی خۆش، هەندێک بەسەرهاتی ناخۆش. زۆر بە پەرۆشەوە گوێمان بۆ یەکتر ئەگرت. نانی ئێوارەمان ئەخوارد. ئێوارەو شەومان پاڵ پێوە ئەنا. بەیانییان، باوکم زۆربەی جار خۆی ئەیگەیاندمە قوتابخانە. بە تایبەت ئەو کاتانەی، کە هەوا زۆر سارد بوو، یان، کە بەفر ئەباری. کات گەیشتە وەرزی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ. ئەو ڕۆژە دواهەمین ڕۆژی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ بوو. هەر ئەو ڕۆژە تۆزێک لە تاقیکردنەوەکەم دواکەوتم. لە پۆلەکەم درەنگ هاتمە دەرەوە، ڕوانیم هاوڕێکانم لەوێ نەمابوون. بەجێیان هێشتبووم. من هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆمدا دوای قوتابخانە ئەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. بە درێژایی ڕێگاکە قسەمان ئەکرد. بە هەموو شتێک پێئەکەنین. نەمانئەزانی چۆن ڕێگاکە تەواو ئەبێت. هەرچی کەسێکمان ئەبینی ناوێکمان بۆ ئەدۆزیەوە، دڵمان زۆر بە یەکتر خۆش بوو، لە کاتی پشووەکانی نیوەی ساڵ، کۆتایی ساڵدا سەردانی یەکترمان ئەکرد. ئەوەندە ڕاهاتبووین بە یەکەوە هاوتۆچۆی ماڵی یەکترمان ئەکرد، تەنانەت دایکەکانیشمان ببون بە هاوڕێی یەکترهاتوچۆی یەکتریان ئەکرد. هاوڕێیەتیمان زۆر

خۆش بوو. هەندێک ڕۆژ کە ئەگەیشتینە جێگای پاسەکان، شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ ئەبوو. تەنانەت سوچێکیش نەئەما بۆ ئێمە لێی بوەستین. پڕ ئەبوو لە قوتابییانی زانکۆو ئامادەییەکانی‌تریش. ئێمەش زۆر بە شەرمەوە ئەچووینە سووچێکی ژێر چەترەکە تاکو پاسەکان ئەهاتن. زۆر بە بێدەنگی ڕائەوەستاین. چاوەڕێمان ئەکرد تا پاسەکان ئەگەیشتن. هەموو ڕۆژ، کە ئێمە ئەگەیشتینە ئەوێ، لە هەمان شوین، لە هەمان کات، سێ کوڕیشمان ئەبینی. وا دیار بوو ئەوانیش هەر وەکو ئێمە لە کۆنەوە هاوڕێی یەکتر بن. بەڵام من تێبینی تەنها یەکێکیانم کردبوو، کە بە بەردەوامی سەیری ئەکردم. لە نێوان ئەو هەموو کوڕانەدا من یەک کوڕم ئەبینی تەنها یەک کوڕ. نەم ئەزانی کێیە؟ ناویم نە ئەزانی چییە؟ هەر چەند قسەم ئەکرد، چاوم ئەگێرا، ئاگادار بووم لە سەیر کردنی. هەتاکو ئەو ڕۆژەی، کە هاوڕێکانم بە جێیان هێشتبووم. ئەو ڕۆژە ناچار بووم، بە تەنها ملی ڕێگا بگرم بگەڕێمەوە بۆماڵەوە. هەر وەکو ڕۆژەکانی پێشوو، چوومەوە هەمان جێگای وەستانی پاسەکان. چاوەڕێی هاتنی پاسم ئەکرد، تاکو بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. ئەو ڕۆژە، هەر چەندە تا ڕادەیەک سارد بوو، بەڵام هەتاوێکی خۆش دەرکەوتبوو. خەڵکانێکی زۆریش لە ژێر چەتری وەستانی پاسەکاندا هەر وەکوو من وەستابوون. چاوەڕێی هاتنی پاسیان ئەکرد. کەمێک چاوم بە دەوری خۆمدا گێڕا. بە ڕێکەوت چاوم چووە سەر ئەو کوڕەی، کە هەموو جار لە هەمان شوێندا ئەمبینی. ئەو لە نێوان هەردوو هاوڕێکەیدا پاڵی بە سووچێکی چەترەکەوە دابوو. دەفتەرێکی بەرگ ڕەشی بە دەستەوە بوو. پانتۆڵێکی ڕەش‌و چاکەتێکی ئەستووری کاکی‌و کراسێکی خەت خەتی ڕەش‌و تێکەڵی لەبەردا بوو. ئەوەندە قۆزو لێهاتو بوو، حەزم ئەکرد زیاتر تەماشای بکەم. هەر چەندە من بە بیانووی هاتنی پاسەکانەوە جار جار ئاوڕم بۆ ئەدایەوە. تاکو چاوم کەوتە ناو چاوی. هەر ئەو کاتە

هەستم بە شتێکی نامۆ کرد، کە هەرگیز هەستم پێ نەکردبوو. تەنها ئەو بوو.. ئەو رۆژە سەرنجی منی راکێشا بوو. هەرچەند زۆر جار یەکترمان ئەبینی. بەڵام من زۆر گوێم پێ نەئەدا، سەیرکردنی ئەو رۆژە زۆر جیاواز بوو. کاتێک بەلاجاو سەیریم کرد، ئەویش لە هەمان کاتدا سەیری ئەکردم زەردەخەنەیەکی پڕ ئەفسوونیی بۆ کردم. ئەو کاتە من زۆر شڵەژام. وەڵامی ئەو زەردەخەنەیەیم نەدایەوە. ئەو بە جۆرێک سەیری ئەکردم هەر وەک پێم بڵێت، ئێمە دەمێکە یەکتر ئەبینین‌و یەکتریش ناناسین. بەڵام خەریکە دڵمان ئالوودەی یەک ئەبێت. کوڕێکی شۆخ‌و شەنگ، باڵا بەرز بوو. رەنگی ئەسمەرێکی کاڵ بوو. دوو چاوی پڕ لە ئەفسوونی پێوە بوو، کە هەتا سەیرم ئەکرد، زیاتر سەرنجەکانی رایان ئەکێشام. قژێکی رەش‌و سمێڵێکی تەنکی هەبوو. لە هەستی مندا گەنجێکی زۆر خوین گەرم بوو. لەو ساتەدا کەوتمە هەستێکی نامۆوە، کە زۆر بە لامەوە سەیر بوو بۆچی ئەو کوڕە بەو جۆرە هەستی جووڵاندم؟ لەوکاتەدا ئەو پاسەی، کە من چاوەڕێم ئەکرد. گەیشتە جێ. وەستا. هەردووکمان تەماشای یەکترمان کرد. پاسەکە، کە تەواو وەستا. من خێرا وەکو خەڵکی‌تر خۆم هەڵدایە ناوی، چونکە لەو ساتەدا زۆر شەرم گرتمی. بە سەیرکردنەکەی ئەو زۆر شپرزە ببووم. پێشتر هەرگیز هەستی لەو جۆرەم لا دروست نەبووبوو. بە لامەوە سەیر بوو. دڵم زۆر خێرا لێی ئەدا. بەجۆرێک خەریک بوو لە سنگم ئەهاتە دەرەوە. هەناسەم بۆ نەئەدرا. وام ئەزانی تووشی شتێکی خراپ بووم. کاتێک چوومە ناو پاسەکەوە، جێگایەکی بەتاڵم بینی لە تەنیشت کابرایەکی بە تەمەن. خێرا دانیشتم. خەڵکی‌تریش هاتنە ناو پاسەکەوە. هەر زوو پڕ بوو. کەوتە جووڵە. سەرم بەرزکردەوە. روانیم هەمان کوڕ لە بەردەمما لە ناو رێڕەوی پاسەکەدا بە پێوە وەستاوە. زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. ئەمجارە خۆم پێنەگیرا. منیش بە هەمان شێوە زەردەخەنەیەکی

زۆر خێراو پڕ لە شلەژانم بۆ کردەوە. هەر چەندە زۆر دڵم خۆشبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵم زۆر تەنگ بوو. وامئەزانی شتێکی زۆر خراپم کردوە.
دەنگی دایکم هاتە گوێم، کە هەموو جار پێی ئەوتین:
- ئەگەر کوڕێک لەگەڵتان پێکەنی، وەڵامی مەیەنەوە، بەڵکو دەموچاوی گرژو مۆنی پشان بدەن بۆ ئەوەی دوایی تووشی گیرو گرفت نەبن. بڕوا بە کەس مەکەن.
بەڵام لە راستیدا، لەو کاتەدا، من نەمەویست پەیڕەوی ئامۆژگاریەکانی دایکم بکەم. ئەمویست لەو کاتەدا یاخی بم، ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکیش بێت. هەستم ئەکرد دەموچاوم گڕی تێبەر ئەبوو. هەستم بە گەرمیەکی زۆر ئەکرد. لە سەرتاپای گیانمدا. نەمئەتوانی تێبگەم بۆ وام بەسەر هات؟
- تۆ بڵێی ئەمە چی بێت؟
پرسیارم لە خۆم ئەکرد؟ دڵم زۆر خێرا ترپەی ئەهات. ئەگەر یەکێک زۆر نزیک بووایە، بە ئاشکرا گوێی لە ترپەی دڵم ئەبوو. دوای دوو جار لە وەستانی پاسەکە، ئەو کابرایەی لامەوە دانیشتبوو، دابەزی. جێگاکەی چۆڵ بوو. منیش چوومە شوێنی ئەو. کوڕە شۆخەکەش خێرا لە شوێنەکەی من دانیشت. ئەمجارە دڵم خورپەیەکی تری کرد، هەموو گیانم کەوتە لەرزین. خۆم بە خۆمم وت:
- خوایە گیان، ئەبێت ئەمە چی بێت؟ تۆ بڵێی تیری عیشق بێت؟
کە لامەوە دانیشت، زۆر بە هێواشی. لەژێر لێوەوە وتی:
- چۆنی؟
وتم:
- سوپاس باشم.
بەڵام من ئەوەندە تێکچووبووم، تەنانەت نەمتوانی بڵێم تۆ چۆنی! زۆر بە سەختی هەناسەشم بۆ ئەدرا. خوا خوام بوو زوو دابەزێت. پێی وتم:

ـ من حەز ئەکەم تۆ بناسم.
وتم:
ـ ناوم بنارە.
وتی:
ـ پێخۆشحال بووم، منیش ناوم کامەرانە.
دواتر کەسمان هیچمان نەوت. بێدەنگ بووین. تاکو پاسەکە راوەستا، ئەو لە پێش منەوە دابەزی، خواحافیزی کرد.
هەر بەم شێوەیە، هەموو رۆژێک منو دوو کچە هاورێکەم، دوای گەڕانەوەمان لە قوتابخانە، لە هەمان شوێن، لە ژێر چەتری پاسەکاندا ئەوەستاین. منو کامەرانیش یەکترمان ئەبینی، نیگامان بۆ یەکتر ئەکرد. هەندێک جاریش لە پاسەکەدا هەر بە بێ دەنگی لە تەنیشتمەوە دائەنیشت. هیچی نەئەوت. منیش هەستم بە گڕی دڵو دەروونی کامەران ئەکرد. بەڵام، لە بەر ئەوەی من هەموو کات هاورێکانم لەگەڵ بوو، نەمانئەتوانی هیچ بڵێین. هەرچەندە دڵمان، چاومان زۆری ئەوت. رۆژ لە دوای رۆژ هەستم لە زیاد بوندا بوو بۆ کامەران. بە هەمان شێوە رۆژ لە دوای رۆژ باری دەروونی من رووی لە نائارامی ئەکرد. زۆر کات لەماڵەوە بێدەنگ بووم. هەستم ئەکرد دایکمو خوشکەکانم خەریکن هەستم پێ ئەکەن. ئەوەش زیاتر تووشی دوودڵیی ئەکردم. بە تایبەت نازداری خوشکم زیاتر هەستی بە من ئەکرد، چونکە ئێمە زۆربەی کات بە یەکەوە بووین. جگە لەوەی نزیک تەمەنی یەکتریش بووین. زۆرجار نازدار لە بەر زۆری وانەکانی لە زانکۆ درەنگتر ئەگەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام من هەر چاوەڕێم ئەکرد. چونکە هەردوکمان حەزمان ئەکرد نانی ئێوارە بە یەکەوە بخۆین. ئەوکە ئەگەڕایەوە هەر بەدەم نانخواردنەوە سەرگورشتەی هەموو رۆژەکەی خۆی بۆ ئەگێڕامەوە. منیش درێخیم نەئەکرد لە باسکردنی مامۆستاو

قوتابییەکانی کە هاو پۆلم بوون. بەسەرهاتی رۆژەکەم هەموو بۆ باس ئەکرد . بەڵام وا دیار بوو  لەبەر ئەوەی ماوەیەک بوو من   سەرقاڵی کامەران‌و خەیاڵێک لێ دابووم بۆم ئاشکرا نەئەبوو چییە؟ زۆربەی کات بێدەنگ ئەبووم. تەنها گوێم لەو ئەگرت. زۆر جاریش ئەوەندە بێئاگا بووم، هەر نەمەزانی نازدار باسی چیم بۆئەکات. تەنها یەک شت لە مێشکمدا ئەهات وئەچوو، ئەویش (کوڕە شۆخەکەی ژێر چەترەکە بوو) کە هەموو هۆشی بردبووم. زیاتر لەوە ئەترسام، کە ئەگەر قسەیەک یان باسێک بکەم لەوانەیە شتێک ئاشکرا بکەم، ئەوکاتە نازدار پێم ئەزانێت. بۆیە وام بە باشتر ئەزانی، کە ئەو باسی زانکۆم بۆ بکات. منیش تەنها گوێگرێک بم. زۆرینەی جار من هەر بە لاشە لەگەڵیدا بووم، ئاگادار نەبووم باسی چیی ئەکرد. زۆر جار لێی ئەپرسیم:

ـ بنار؟ چیتە بۆ وا بێدەنگیت؟هیچ قسەناکەیت چیتە؟

لە وەڵامدا ئەموت:

ـ هیچم نیە، هیچ شتێکی تازەش نییە تا بۆتی باسکەم.

ئەمە زۆر جار دووبارە ئەبووەوە. بۆیە نازدار لێم کەوتە گومانەوە، کە ئەبێت شتێک هەبێت، کە وای لە من کردبێت زۆر جار بێ ئاگابووم لە باسەکانی! تاکو جارێکیان لێی پرسیم. وتی:

ـ ئەوە چیتە بنار؟ بۆ وا بێدەنگیت؟ ماوەیەکە باش نایبێیتە بەر چاوم! چییە؟ لە وانەکانتا باشنیت؟

لە راستیدا هەوڵم زۆردا هیچی پێ نەڵێم، بەڵام نازدار زۆری ئەکرد. ئەیویست بزانێت بۆچی من بەو جۆرە لە دەورو پشتی خۆم بێ ئاگام. هەر چەند من ئەمویست بە جۆرێکی‌تر خۆم نیشان بدەم، بەڵام ئەو شەوە نازدار وادیار بوو کە بە تەواوی هەستی پێکردبووم بە جۆرێک زۆری لێ ئەکردم، کە چیتر منیش نەمتوانی درۆی لە گەڵدا بکەم. خۆم

لە ناخمدا حەزم ئەکرد کەسێک هەبێت بتوانم متمانەی زۆری پێ بکەم، تاکو بتوانم ئەوەی، کە زۆر سەرقاڵی کردبووم، بۆی باس بکەم. سەرەتا لە باسکردنی زۆر دوودڵ بووم، چونکە خۆشم نەمئەزانی ئەو هەستە چیە؟ بەڵام وام ئەزانی، ئەگەر لای ئەو باسی بکەم، ئەوا شتێکی باشم کردووە. نازدار خوشکی گەورەمە، پێم خۆش بوو لە نزیکەوە ئاگادار بێت. هەر بۆیە ئەوەی روویدا بوو، زۆر بە راستی، بێ درۆ، بێ هیچ پێچو پەنایەک، هەموویم تێ گەیاند. تەنانەت ناوی ماڵی باوکی کامەران، خێیزانەکەشیم بە روونی بێ شاردنەوە پێ راگەیاند. زۆر دڵم خۆش بوو. لەوکاتەدا هەستم ئەکرد بارێکی زۆر قورس لە سەر شانم لا چووە. ئیتر ئەو  پاڵەپەستۆیەی سەر دڵیشم کەم ئەبێتەوە.

نازدار هەر ئەوەندەی گوێی لە سەرگورشتەکەی من گرتوو بەوەی زانی، کە من ئەو ماوەیە سەرقاڵی چی بووم؟ زانی چ هۆکارێک هەبووە کە وا زۆربەی کات منی بێ ئاگا کردبوو لە وانەکانم، تەنانەت لە خیزانەکەشمان. پێی وتم:

ـ بنار گیان، ئەم جارە کە ئەو کوڕەت بینی پێی بڵێ، با بێت بۆ زانکۆ سەرێکم لێ بدات.

منیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە وتم:

ـ نازدار ئەوە تۆ بەڕاستە؟ ئەتەوێت کامەران ببینیت؟ نازدار وتی:

ـ بەڵێ بەڕاستمە. ئەی بۆ نا؟ ئەمەوێت بیناسم. وتم:

ـ بۆچیتە؟ بۆ ئەتەوێت بیناسیت؟ نازدار تۆزێک خۆی توڕەکرد. وتی:

ـ وەیش بنا...ر چەند پرسیار ئەکەیت! تۆ حەقت چیە؟ من ئیشم پێیەتی دوایی پێت ئەڵێم بۆچیمە!. من لەو کاتەیا زۆر سەرم سوڕمابوو لە داخوازیەکەی نازداربیرم ئەکردەوە، نەم ئەزانی ئەو بۆچی ئەیەوێت کامەران ببینێت!؟ عەقڵم بۆ هیچ شتێک نەئەچوو. بەڵام نازدار هەر سەیری ئەکردم چاوەڕێی

وەڵامەکەی من بوو. منیش ئیتر بە زەردەخەنەیەکەوە وتم: ـ زۆر باشە. هەر خوا بکات بەیانی بیبینم، ئەوا پێی ئەڵێم بە زووترین کات بێت بۆ خزمەتت.

ئەو شەوە خوا خوام بوو بەیانی زوو رۆژ بێتەوە، بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ قوتابخانە، بەڵکو لە رێگا کامەران ببینم بۆ ئەوەی داوای لێ بکەم بچێت بۆ زانکۆ بۆ لای نازداری خوشکم. ئەو بەیانییە خۆم ئامادە کرد، بڕۆم بۆ قوتابخانە، کاتێک، کە لە جادەکەی ماڵی خۆمان پەڕیمەوە، بۆ ئەوەی بچم سواری پاس بم، بینیم کامەران لەوێدا راوەستابوو. زۆر سەیرم لێهات، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو من بیبینم لای ماڵی ئێمە چاوەڕوانی پاس بکات. کە چوومە ناو پاسەکەوە، خێرا هاتە تەنیشتم دانیشت. منیش بەیانی باشم لێکرد. پێم وت:

ـ نازداری خوشکم حەز ئەکات ئەمڕۆ لە زانکۆ بتبینێت.

کامەران وتی:

ـ بۆ؟

وتم:

ـ نازانم! تۆ بڕۆ بزانە چیت پێ ئەڵێت!

وتی:

ـ باشە.

ئیتر من ناونیشانی شوێنی خوێندنەکەی نازدارم پێوت.

ئەو رۆژە نەمزانی چۆن رۆژم بەسەربرد. نە ئاگام لە دەرس بوو، نە لە مامۆستا. ئەمویست رۆژ زوو تەواو بێت تاکوو بگەڕێمەوە ماڵەوە بۆئەوەی بزانم نازدار کامەرانی بۆ چی بوو؟!

## - ١١ -

ئەو ئێوارەیە چاوەڕوانی نازدار بووم. هەر چەندە زۆرم برسی بوو، بەڵام کە نازدار گەیشتەماڵەوە ڕێک هاتە ژوورەکەی خۆمان. کە سەیری روخساریم کرد، زۆر گرژو مۆن بوو. کە بەم شێوەیە بینیم زۆر دڵم ترسا. لە بەر خۆمەوە وتم:

- ئاخۆ چی بووبێت؟

من نەم وێرا هیچ شتێک بڵێم یان هیچ پرسیارێکی لێ بکەم. هەر لە دڵی خۆمدا ئەموت:

- با جارێ تۆزێک بحەوێتەوە، با نانێک بخۆین.

دیسان بە خۆمم ئەوت:

- لەوانەیە ئەویش وەکو من برسیی بێت.

بەڵام نازدار زۆر پەرێشان بوو. ئەیویست ئەوەی بووە، خێرا باسی بکات. توورەییەکەی برەوێتەوە. من زۆر لە سەرخۆ لێی چوومە پێشەوە. بە پێکەنینەوە وتم:

- نازە؟ ئەوە چیتە؟ بۆ وا تووڕەی؟ چی بووە؟ دیارە شتێکی خراپ روویداوە لە زانکۆ!؟

لەو کاتەدا نازدار پشتی لە من بوو. جلەکانی ئەگۆڕی. ئاوڕێکی لێدامەوە. وتی:

- ئەوە بە چی پێئەکەنیت؟ ها؟ بەڵێ! شتی زۆر خراپ روویداوە؟ ئەتەوێت بزانیت چییە؟

وتم:

- شتی خراپ وەکو چی؟ بەڵێ بێگومان، ئەمەویت بزانم چی بووە. بەڵام توخوا جارێ با نانەکەمان بخۆین ئەوسا بۆم باس بکە. بە ئەسراحەتی خۆت.

نازدار سەیرێکی‌تری کردم. بە سەرسوڕمانەوە وتی:
ـ ئەرێ تۆ ئەڵێیت ئاگات لە هیچ نییە؟ یان خۆت گێل ئەکەیت؟ لەو کاتەدا دایکم بانگی کردین وتی:
ـ نازدار.. بنار.. خواردن ئامادەیە. وەرنە خوارەوە با سارد نەبێتەوە. دوایی قسە بکەن.
وتم:
ـ بۆ نازە گیان؟ بۆ ئاگام لە هیچ نییە؟ ئەگەر زۆر حەز ئەکەیت باسی بکەیت، فەرموو. من ئامادەم بۆ گوێگرتن.
بەڵام وا دیار بوو ئەویش هەستی زۆر بە برسیتی ئەکرد. بۆیە وتی:
ـ دایکم بانگمان ئەکات. با جارێ نانەکەمان بخۆین دوای ئەوە باسی ئەکەم باشە؟
وتم:
ـ بەڵێ باشە. ڕۆیشتینە خوارەوە.
نانمان خوارد. بەڵام نازدار جارو بارە سەیرێکی ئەکردم. منیش زۆر دوودڵ بووم لە سەیرکردنەکەی!
ـ ئاخۆ چی ڕوویدابێت؟ چی بووبێت؟ تۆ بڵێی کامەران چووبێت بۆ لای؟ ئەبێت چیی پێ وتبێت؟ ئەم شتە پەیوندیی بە منەوە هەبێت؟ نەء. بە خوا بڕوا ناکەم.
خۆم بۆ چەند ساتێک لەگەڵ خۆم ئەدوام. بەڵام نازدار هەر پیشی ئەخواردەوە. منیش دوودڵی دایگرتبووم. ئەمویست بزانم چییە. بەڵام ئەترسام لە شتێکی نادیار. لە هەمان کاتدا نازداریش لە بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵدا بوو. پێم وت:
ـ ئەتەوێت باسی بکەیت؟
وتی:

ـ ئەی تۆ بەیانی تاقی کردنەوەت نییە؟
منیش وتم:
ـ بەڵێ.. بەیانی تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزیم هەیە. زۆریشم ماوە تەواوی بکەم.
وتم:
ـ نازە گیان، ئەگەر ئەتەوێت باسی بکەیت، من ئامادەم گوێت لێ بگرم. دەی بە قوربان. چی بووە؟ چی روویداوە؟ باسی بکە.
وتی:
ـ نا نا تۆ بەیانی تاقی کردنەوەت هەیە، منیش نامەوێت مێشکت بەوانە خەریک بکەم. بەیانی پێت ئەڵێم.
وتم:
ـ بەیانی چی؟ ئەوە تۆ بە راستە؟ نەخێر ئەبێت هەر ئێستا پێم بڵێیت.
وتی:
ـ بنار تا بەیانی خۆت بگرە. بەیانی کە هاتمەوە هەموو شتێکت پێ ئەڵێم. باشە؟
وتم:
ـ بەڵێ.. باشە نازە خان، بەڵام هەرچییەکە توخوا تۆ خۆت بێتاقەت مەکە. هیچ دڵی خۆت سەغڵەت مەکە. من ئەزانم تۆ لە هەموو شتێک گەورەتریت. من خوشکی خۆم ئەناسم. وا نییە؟ نازدار بە پێکەنینەوە سەیرێکی کردم.
وتی:
ـ بەڵێ بەڵێ وایە.
ئیتر هەردووکمان بێدەنگ بووین. دایکم گوێی لە قسەکانی ئێمە نەبوو. لە چێشتخانەکە خەریکی چا لێنان بوو. کە زانی لە نانخواردن تەواو بووین، بە خۆیو سینیەکەوە کە دوو پیاڵە چای لە سەر بوو، هاتە ژووری

دانیشتنەکە. منیش هەستام. خێرا سینییەکەم لە دەستی وەرگرت. وتم:
ـ دایکە؟ بۆ بانگت نەکردم؟ تۆ لە بەیانیەوە خەریکی ئیشو کاریت. دە دانیشە، تۆزێک ئیسراحەت کە.

دایکم وتی:
ـ رۆڵە گیان، ئێوەش هەر لە بەیانیەوە خوا رۆژی کردۆتەوە، خەریکی مەکتەبو دەرسو دەورن. ئێستاش ئەوەتا بە پەلە نانێک ئەخۆنو دیسان ئەڕۆنەوە سەرەوە بۆ سەعی کردن. من خزمەتتان ئەکەم تا ئەگەن بە نانی خۆتان.

باوکیشم لەو لاوە دانیشتبوو. گوێی لێ ئەگرتین. وتی:
ـ ئێمە خۆمان هیلاک ئەکەین بۆ ئێوە تاکو بگەن بە نانی خۆتان. ئێوەش ئەگەر راست ئەکەن کاتێک کە پیر بووین پاداشتمان بدەنەوە. خزمەتمان بکەن ئەوەش ئیشی ئێوەیە. دوای تۆزێک من ونازدار رۆیشتیە ژورەکەی خۆمان وەکوو هەموو شەوێکی کە، دەستمان کردەوە بە سەعی کردن تاکوو کاتی خەوتنمان هات.

بەیانی کە خەبەرم بووەوە سەیرم کرد نازداریش بە خەبەرە، سەیری من ئەکات. منیش سەیرم لێهات بە سەرسوڕمانێکەوە پرسیارم لێکرد!؟ وتم:
ـ نازدار؟ ئەوە تۆ بۆ بەخەبەریت؟ هێشتا زوو نییە بۆ تۆ؟

نازداریش هێشتا دیار بوو خەواڵو بوو، بەڵام مەبەستی بوو چەند شتێک بە من بڵێت، بۆیە زۆری لە خۆی ئەکرد. وتی:
ـ ئەزانم..هێشتا بۆ من زووە. بەڵام، پێش ئەوەی بڕۆیت بۆ مەکتەب ئەمەوێت چەند شتێکت پێ بڵێم. بنار گیان رێک بۆ قوتابخانە، رێک بۆ ماڵەوە. ئاوڕ لە کەس نەیەیتەوە. قسە لەگەڵ کەس نەکەیت. هەرکەسێک ویستی قسەت لەگەڵ بکات تۆ گرنگیی پێ مەیە باشە؟ گویت لێم بوو؟ پەیمانم بدەرێ کە ئیتر بۆ لەمەولا وا ئەبیت.

منیش لە بەردەم ئاوێنەی کەنتۆرەکەدا ڕاوەستابووم، هێشتا بە تەواوی خۆم ئامادە نەکردبوو. جێگاکەی نازدار ڕێک بەرامبەر کەنتۆرەکە بوو. منیش پێش ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە، لە ئاوێنەکەوە سەیرێکم کرد. زۆر لە داواکاریەکانی نازدار سەرسام بووم. پرسیارم لێکرد وتم:

ـ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ من نازانم تۆ بۆ وا ئەڵێیت؟ ئەی من بۆ کوێ ئەڕۆم؟ هەر ماڵەوەو قوتانخانەیە!

نازدار وتی:

ـ بنار، ئەوەی پێم وتیت ئاشکرایە، بێ زەحمەت لە گوێی بگرە!

وتم:

ـ هەتا پێم نەڵێیت بۆ؟ هیچت بە قسە ناکەم. من هیچ شتێکی وام نەکردوە کە تۆ بەو جۆرە قسەم لەگەڵ بکەیت. وەکو ئەوە وایە کە من...

نازدار خێرا قسەکەی پێ بڕیم. وتی:

ـ چاوەکەم، ئەوەی پێم وتیت ئاشکرایە. ئیتر پرسیار مەکە.. بڕۆ با لە قوتابخانە دوانەکەویت.

منیش ئیترجانتاکەم هەڵگرت وبە توڕەییەوە ڕۆیشتم بۆ خوارەوە. دایکم لە موبەقەکە نانو چای بەیانیی ئامادە کردبوو. وتی:

ـ کچم خێراکە، ئەوەندەت کات بە دەستەوە نەماوە. ئەوە ئەڵێی ئەم بەیانیە درەنگ خەبەرت بۆتەوە!... منیش نەمویست بە دایکم بڵێم، نەخێر درەنگ خەبەرم نەبۆتەوە بەڵکو نازدار خان بەم بەیانیە دەرسم فێر ئەکات. بۆیە دواکەوتم! بە دەنگێکی نیمچە بێزاریەوە.

وتم:

ـ بەڵێ.. وا بوو.. درەنگ خەبەرم بووەوە. دایکم سەیرێکی کردم! بەڵام هیچی نەوت. چایەکی گەرمو قاپێک هێلکەو ڕۆنی خستە بەردەمم. پارچەیەک نانی گەرمیشی بۆ هێنام. وتم:

ـ دایکە؟ ئەو نانەمان لەکوێ بوو؟ قەد ناشێ نیاز چوبێت بەم بەیانیە ساردە نانی بازاری بۆ هێنابین؟ دایکم پێکەنی وتی:
ـ نەخێر. قەت شتی وا نابێت. نیاز کوا تاقەتی ئەشتانەی هەیە؟ ئینجا وتی:
ـ چالاک رۆیشت نانی گەرمی بۆ هێناوین.
وتم:
ـ کێ.. چالاک؟!
وتی:
ـ بەڵێ. چالاک، هاورێی نیازی برات دوێنێ شەو هات بۆ ئێرە، لێرە مایەوە. خۆ ئێوە کە چوونە سەرەوە، خوا نەکات ئاگاتان لە هیچ شتێک بێت. ئەم ماڵە بگوێزنەوە ئێوە ئاگاتان لێ نییە. وتم:
ـ دایکە گیان، خۆت ئەزانیت ئێمە دەرس وانەکانمان قورسن، ئەبێت هەوڵی زۆر بدەین. بەڵام ئەی چالاک کەی هات؟ ئەی ناچێت بۆ قوتابخانە؟
لەو قسانەدا بووین. چالاک هاتە ژوورەوە. بەیانی باشم لێ کرد. ئەویش زۆر بە دڵی خۆشەوە بەیانی باشی لێ کردم. نانی بەیانم خوارد سوپاسی چالاکم کرد. چالاک تەنها هاورێی نیاز بوو، کە دایکمو باوکم خۆشیان ئەویست رێزیان لێ ئەگرت. زۆر لە دەمێکەوە لە گەڵ نیاز هاورێ بوون. هەر چەند بهاتایە بۆ ماڵێ ئێمە، دایکم نەیئەهێشت بڕواتەوە. خواحافیزیم کردو رۆیشتم. بەیانییەکی تا بڵێت ساردو سەرما بوو. منیش زۆر چاک خۆم پێچابووەوە. پاڵتۆیەکی رەشو بووتێکی رەشو ملپێچێکی رەشو سوورم ئاڵاندبوو بە ملمەوە. بەرەو شوێنی جێگای وەستانی پاسەکە ئەڕۆیشتم. هەر وەکو هەموو بەیانیەکی‌تر. کە گەیشتمە ئەوێ، بینیم کامەران لەوێ چاوەڕێی ئەکردم. بە زەردەخەنەیەکەوە بەرەو رووم هات.
وتی:
ـ بەیانیت باش.

منیش وەڵامـم دایـەوە. بەڵام من تۆزێک ڕۆیشتمە ئـەولاوە راوەستام. کچێکیش لەولاترەوە راوەستابوو. دەمیک بوو ئەمناسی. ناوی پەیمان بوو. بەڵام حەزم پێی نەبوو. زۆربەی جار ئەمبینی لە قوتانخانە. بەڵام من گرنگیم پێ نەئەدا. دەموچاو خڕو چاوی گەورەو جوانکیلە بوو. زۆر کورتە باڵا بوو. ساڵێک لە دوای من بوو، واتە ئەو لە پۆلی چواری گشتی بوو. نازانم بۆچی هەستم ئەکرد ئەو کچە رقی لە من بوو؟ باش بوو زۆر نەوەستام. پاسێک هات. من سەرکەوتم. کامەران لە تەنیشت منەوە دانیشت. خێرا پەنجا فلسی پارەی پاسەکەی بۆیام. بەڵام من بۆ ئەوەی کەس لەو خەڵکانەی ناو پاسەکە تێنەگەن، نەمتوانی هیچ بڵێم. کە دانیشت. وتی:

ـ بنار، من زۆر حەز ئەکەم زیاتر بتناسم. ئەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەمانە. ئیمڕۆ دوای گەڕانەوەت لە قوتابخانە، پەیوەندیم پێوە بکە. زۆر حەز ئەکەم قسە بکەین. تکایە من زۆر لە دەمێکەوەیە حەز ئەکەم قسەت لەگەڵ بکەم هەندێک قسەهەیە پێویست ئەکات پێت بڵێم.

من هیچم بۆ نەوترا. لەو کچە ترسم زۆر هەبوو. نازانم بۆ دڵم زۆر ئەترسا. کامەران هەر بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی. وتی:

ـ تۆ ژمارەی خۆتم مەیەرێ، بەڵام پەیمانم بەرێ، کە ئیمڕۆ تەلەفۆنم بۆ ئەکەیت.

من هەر هیچم نەوت. کامەران وتی:

ـ ئەوە بۆ هیچ ناڵێیت؟ دوێنێ چووم بۆ لای خوشکت، هیچی بۆ باس کردیت؟

وتم:

ـ نەخێر هیچی پێ نەوتوم.

وتی:

ـ دە باشە... ئیمڕۆ قسەم لەگەڵ بکە. پێت ئەڵێم چی بوو.

لە راستیدا دڵم وەخت بوو شەقی ئەبرد. بەڵام زۆریش ئەترسام. هەموو قسەکانی نازداری خوشکم لە گوێمدا ئەزرنگایەوە، کە پێی وتم وەڵامی کەس نەدەیتەوە! کامەرانیش هەر قسەی ئەکرد. لە پڕێکدا وتم:

ـ باسی چیتان کرد لەگەڵ خوشکم؟

وتی:

ـ من ئێستا ئەبێت دابەزم. هەر ویستم پێت بڵێم پێویستە تەلەفۆنم بۆ بکەیت. دوای کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ چاوەڕێت ئەکەم.

خواحافیزی کرد، دابەزی. پێش ئەوەی دابەزێت، من پەنجا فلسەکەم خستە ناو گیرفانی. بەڵام کامەران هەستی پێ نەکرد.

## -١٢-

بە دریژاییی ئەو رۆژە من هەر خەیاڵم لای قسەکانی نازدارو کامەران بوو. ئەبێت چییان وتبێت؟ نازدار دوێنێ شەو بۆچی وا تووڕە بوو؟ ئەی خوایە گیان، من چیم کرد؟ بۆ باسم کرد؟ خۆزگە هیچم نەوتایە بە نازدار. من ئەو رۆژە هەر لە خەیاڵی ئەو باسەدا بووم. لێم ببوو بە مەتەڵێکی گەورەو بۆم هەڵنەئەهات. کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، کەس لە ماڵەوە نەبوو. کات دەوروبەری یەکو نیوی دوای نیوەڕۆ بوو. نەمزانی دایکم لە کوێیە! بەڵام ئەمزانی خوشکو براکانم لە قوتابخانەن. بیرم کەوتەوە، کە کامەران پێی وتم:

ـ تەلەفۆنم بۆ بکە.

زۆرم برسی بوو. چوومە موبەقەکە. سەیرم کرد تەنها یەک مەنجەڵ لە سەر تەباخەکە دانرا بوو. کە سەری مەنجەڵەکەم هەڵدایەوە، بینیم ساوەر بوو. چەند پارچە گۆشتێکی لە سەر بوو. سەری مەنجەڵەکەم دانایەوە. لەبەر خۆمەوە وتم:

ـ ئەمیش باشە، خراپ نییە.

بینیم لە سەر مێزی نانخواردنەکە قاپێک ترشیاتی سووری کە پڕ بوو لە سیرو ترۆزی، سێوی بن ئەرز، قەزوانی شین دانرا بوو. ئەوەندە رەنگەکەی جوانو بۆنەکەی خۆش بوو حەزم ئەکرد لەوکاتەدا هەمووی تەواو بکەم. خێرا دوو سێ پارچەم لە ترۆزیەکە خستە ناو دەمم. زۆر ترشو خۆش دروستکرابوو. زانیم ترشیاتە خۆشەکەی نەنە حەلاومە. ئینجا رۆیشتمەوە لای تەباخەکە. بە هێواشی ئاگری تەباخەکەم داگیرساند. چوومە سەرێ بۆ ژوورەکەی خۆمان بۆ ئەوەی خۆم بگۆڕم. دوای ئەوەی کە جلەکانی قوتابخانەم داکەند پەردەی پەنجەرەکەم لابرد. سەیری دەرەوەم کرد. ژوورەکەی ئێمە وا کەوتبوو کە پەنجەرەیەکی گەورەی تیادا بوو،

ئەیڕوانییە سەر جادەکەی دەرەوە، بە ئاسانی هەرچی بە سەر جادەکەدا بڕۆیشتایە ئەبینرا. من لەو کاتەدا خەیاڵەکانم زۆر پەرش‌و بڵاوبوون. ئەوەی بە لای خۆیدا زیاتر ئەیبردم بێگومان تەنها کامەران بوو. لە قووڵایی بیرکردنەوەکانمدا بووم. پرسیارم لە خۆم کرد. لەبەر خۆمەوە وتم:

- پێویست ئەکات من تلفۆنی بۆ بکەم؟ ئەی ئەبێت چی وتبێت لەگەڵ نازداری خوشکم؟! یان نازدار چی بەو وتووە؟ باشە ئەی نازدار بۆ وا تووڕەو بێ ئارام بوو؟ ئەبێت چییان وتبێت؟ ئەبێت باسی چیان کردبێت؟ ئەم بەیانیە کامەران دڵی خۆش بوو! بەڵام دوێنێ نازدار توڕە بوو!؟

پرسیارەکان زۆر بوون. بیرکردنەوەم زیاتر خەریک بوو ئەیخستمە گێژاوەوە. بڕوام وابوو، ئەگەر تلفۆن بۆ کامەران بکەم بێگومان شتم بۆ روون ئەبێتەوە. بەڵام لە پڕێکا سەرنجم بۆ شوێنێکی‌تر رۆیشت. ئەویش سەرجادەکەی دەرەوە بوو. کاتێک پەیمانم بینی لەگەڵ کوڕێکی کورتە باڵای وەک خۆی شان بە شان ئەڕۆیشتن. پێش چەند رۆژێک لەگەڵ کوڕێکی‌تردا بینیبووم! بۆکەمێک تۆزێک سەرسام بووم. بەڵام زۆر گوێم پێ نەدا. پەردەکەم دایایەوە. دەرگای ژوورەکەم کردەوە بۆ ئەوەی بچمە خوارەوە نانەکەم بخۆم. هەر ئەوەندەی دەرگاکەم کردەوە بۆنی ساوەری سووتاو هات بە سەرمدا. نەمزانی چۆن خۆم گەیاندە چێشتخانەکە. کاتێک گەیشتم، گوێم لە قرچو هوڕی ساوەرەکە بوو کە ئەسوتا. منیش زۆر بە نائومێدی ئاگری تەباخەکەم کوژاندەوەو مەنجەڵەکەشم خستە ناو حەوزی قاپ شتنەکە. زۆرم پێ ناخۆش بوو. چونکە ئەبووایە خۆم ئەو رۆژە چێشتم لێ بنایە. بۆ ئەوەی نەزانن من خواردنەکەم سووتاندوە هەوڵم دا بیشارمەوە. دیسانەوە ساوەرلێبنێم بەڵام کاتێکێش گەڕام ساوەری‌تر بدۆزمەوە، نەمان مابوو. بە ناچاری ئەو نیوەڕۆیە ماست‌و چام خوارد. دوای تۆزێک پشوودان، بە خۆمم وت:

ـ بنار؟ ئێستا بەتەمای چیت؟  تەلەفۆنی بۆ ئەکەیت؟ باشە بۆ؟ چیت پێ ئەڵێت؟ زۆری خۆش ئەوێیت؟ دەی توخوا یەعنی باسی چیت بۆ ئەکات؟ لەبەرتۆ شەو نانوێت؟ نانی بۆ ناخورێت؟ ئێنجا ئەوە کەی کێشەی منە! من هەقم چییە؟ کێ پێی وتووە منی خۆش بوێت؟ هەر بە ناوەڕاستی مووبەقەکەدا ئەهاتمو ئەچووم. بیرم لەم شتانە ئەکردەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە چومە ژووری دانیشتنەکە لەوی
کورسییەکی شینیی جوانمان هەبوو. وا رێککەوتبوو لە تەنیشت تەلەفۆنەکەوە دانرابوو. بەهێواشی کە هێشتا من لەم خەیاڵانەدا بووم، لە سەر ئەو کورسییە دانیشتم. دیسانەوە خۆم بە خۆمم وت:
ـ کچێ بنار، ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ ئەی گوایە تۆ خۆشت ناوێت؟ ئەی بۆ کە دیار نابێت بۆی ئەگەڕێیت؟ ئەی بۆ کە ئەیبینیت، دڵت خێراتر لێ ئەیات و شەرم ئەتگرێت و سورو شین ئەبیتەوە؟ ئەی بۆ؟ ها؟ دەی وەڵامی ئەمانەش بدەرەوە! ئەی بۆ هەموو کات لە ناو مێشکدایە؟ نازانیت شەو کەی دێتو دەڕوات، نانو ئاوت بووە بە کامەران. دیسان بەخۆم ئەوتەوە ئەی باشە ئەگەر تلفۆنی بۆ نەکەم، چۆن بزانم لەگەڵ نازدار چی روی داوە؟ چیان بەیەک وتوە؟ ئەوەش خەمێکی گەورە بوو.
لە پڕێکدا چاوم کەوتە سەر کاتژمێرەکەی بە دیواری هۆڵەکەوە هەڵواسرابوو. کات ژمێر سێو چل دەقەی پاش نیوەڕۆ بوو. خێرا دڵم کەوتە تەپە تەپ. وتم:
ـ ئەی خوایە گیان ئێستا من چی بکەم؟ تەلەفۆن بکەم، یان نا؟
نەم ئەزانی چی بکەم. هەر وەکو ماخۆلان بە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ئەهاتمو ئەچووم. کات گەیشتە چواری پاش نیوەڕۆ. کاتی هاتنەوەی خوشکو براکانم بوولە قوتابخانە. من هێشتا بڕیارم نەدابوو چی بکەم. لەبەر خۆمەوە وتم:

- باشە دەی، چی ئەبێت ئەگەر تەلەفۆنی بۆ بکەم؟ خۆ دنیا ئاخر نابێت!
هەر خۆم بە خۆم ئەوتەوە:
- ئەی چی ئەبێت ئەگەر نەیکەم؟
قسەکانی نازدار ئەهاتنەوە بەر گوێم. لە پڕێکدا دوا بڕیارمدا کە بە هیچ جۆرێک بیری لێ نەکەمەوە. تەنانەت ئەگەر لە سەر ڕێگاش بینیم خۆمی لێ دوربخەمەوە. چونکە ئەمزانی ماڵی ئێمە گونجاو نییە بۆ هیچ جۆرێک لە هەست، سۆز، پەیوەندیی خۆشەویستی. ئەوەی پێی بوترێت پەیوەندیی کەسایەتی لە ماڵی ئێمەدا بوونی نەبوو. ژیان لە ماڵی ئێمەدا ڕاستە ئەگۆڕا. هەر وەکو هەر خیزانێکی‌تر. بەڵام شتێک هەبوو زۆر گرنگ بوو، کە لە نێو خێزانی ئێمەدا نەبوو. ئەوەش لەیەکگەیشتن بوو. دایکم‌و باوکم یەکتریان خۆش ئەویست. بەڵام، کە گیروگرفتێک ئەهاتە ڕێگەیان، نەیان ئەتوانی بە شێوەیەکی گونجاو باش ڕێگاچارەی بۆ بدۆزنەوە. هەر بۆیە کێشەی بچووک بە شەڕی زۆر گەورە کۆتایی ئەهات. ئەمەش هەمیشە وای لە ئێمە ئەکرد، کە نەتوانین تەنانەت بۆ  بچووکترین شت لە ژیانماندا بڕیاری بۆ بدەین. هەمیشە دوودڵی، ترس، پێشکەوتەی بڕیارەکانمان بوون. هەر ئەمەش وای لە من کرد کە نەتوانم بڕیارێکی وا بۆ خۆم بدەم. هێجگار بەو جۆرە دوودڵی کردبووم. زۆر جار، کە کێشەیەک لە ناو خیزانەکەماندا ڕووی بدایە دایکم لە باوکمی ئەشاردەوە. من‌و نازدار بە دایکمان ئەوت:
- بە باوکم بڵێت با بزانێت.
ئەویش پێی ئەوتین:
- نا... باشترە نەزانێت. چونکە باوکتان مەسەلەکە گەورەتر ئەکات. خۆمان هەر چۆنێک بێت چارەسەری ئەکەین. بەڵام کە ئەو زانی ئەوا قووڵتر ئەبێت ئەوسا دراوسێکانیشمان لێ تێئەگەیەنێت.

## ـ ١٣ ـ

ئەو ساڵانەی ئێمە بەرەو گەورەبوون ئەچووین، باوکیشم بێگومان تەمەنی زیادی کردبوو، زیاتر لە جاران تووڕەتر بوو. ئارامی تەواو کەم ببووەوە. زۆربەی کات لەگەڵ ئێمە بە تایبەت لەگەڵ نیازی برام دەنگە دەنگی زۆریان ئەبوو. جارێک لە سەر قوتابخانە، جارێک لە سەر سەیارە، جارێک لە سەر ئێمە، زۆر جاریش لە سەر ئەوەی کە باوکم حەزی بە هاوڕێکانی نیاز نەئەکرد. پێی ئەگوتن برادەری خراپ. ئێمە زۆر بە تەنگ دڵی باوکمانەوە بووین. هەوڵمان ئەدا نەهێڵین باوکم توڕە بێت. بەڵام باوکم خۆی مرۆڤێکی زۆر بێ ئارام بوو.

گیروگرفتیماڵی ئێمە هەرگیز نەئەبڕایەوە. زۆربەی جار منو نازدار، کە لە خوێندن ئەگەڕاینەوە، هەردووکمان خۆمان ئەخزاندە ژوورەکەی سەرەوە. خوا خوامان بوو پێویستیمان بە ئاودەستیش نەبێت بۆ ئەوەی نەچینە خوارەوە. تەنها کۆششی خۆمان ئەکرد.

ئەگەر لە هەفتەیەکدا دوو جار خۆمان لە حەمام بشتایە باوکم تووڕە ئەبوو. ئەیوت:

ـ ئەمە چییە؟ ئەوە بۆ ئەوەندە خەریکی خۆتانن؟ ئێوە بۆ کوێ ئەچن؟ خوێندن ئەوەی ناوێت. ئێوە بە تەمای چین؟

هەزار پرسیاری ئەکرد. نازدار لە جیاتی ئێمە وەڵامی ئەدایەوە. پێی ئەوت:

ـ باوکە گیان، ئێمە ئەڕۆینە ناو خەڵکەوە. ئەوانەش یان دکتۆر، یان مامۆستاو خەڵکی رۆشەنبیرن هەموو پاکو تەمیزن. ئەبێت ئێمەش وەکو ئەوان وابین. خۆمان پاک رابگرین. بۆنمان خۆش بێت. دوای ئەوەش. هیچ مەبەستێکمان لە دوای ئەوەوە نییە. ئێمە ئەمانەوێت رووگەشو بۆن خۆش بین. هەموو قوتابییەکانیتریش هەر وەکو ئێمەن. باوکە گیان. تۆ خەمت چییە؟

باوکم گوێی بەم قسانەی نازدار نەئەیا لە پڕێکا دەنگی بەرز ئەکردەوە. ئەیوت:

ـ ئەوە تۆ بۆ ئەوەنە دەمت درێژە؟ ئەوەی من ئەیڵێم هەر ئەوەیە. هەفتەی یەک جار بەسە. ئیتر بۆ کوێ ئەچن؟ ئەوە خەمی من نییە. ساڵان خەڵکی مانگی دوو جار خۆی ئەشت. ئیتر تۆ... جەنابت... هەفتەی جارێک خۆت بشۆیت بە کەمی ئەزانیت؟ دەی موبارەک نەبێت. وەڵڵە تەواومان کرد.

ئیتر باوکم بە بۆڵەبۆڵ بەجێی ئەهێشتین ئەڕۆیشت. ئێمەش بە دزیی باوکمانەوە هەفتەی سێ جار سەرمان ئەشت. تەنها دڵخۆشکەری ئێمە دایکم بوو. منو نازدار هەتا بمانتوانیایە نەئەچووینە خوارەوە. بەڵام زۆر جار دایکم ئەهاتە ژوورەکەی ئێمەو باسی خەفەتی خۆی بۆ ئەکردین رازی دڵی لای ئێمە باس ئەکرد.

## - ١٤ -

شەوێکیان دایکم لە باوکم زۆر دڵگران بوو. هاتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی ئێمە. ئێمەش لەو کاتەدا ویستمان پشوویەک وەربگرین. تۆزێک گوێ لە گۆرانی بگرین؛ چونکە منو نازدار لەو کاتەی گەیشتبووینە ماڵەوە خەریکی سەعی کردن بووین. کە دایکم هاتە ژوورەکـەی ئێمە، ئێمە گوێمان لە گۆرانیی عەبدولحەلیم حافز ئەگرت. بە دەنگێکی زۆر کز. تەنها خۆمان ئەمانتوانی گوێمان لێی بێت، چونکە ئەگەر باوکم گوێی لێ بووایە ئەمانزانی تووڕە ئەبێت. زۆر دەمێک بوو ئێمە تەسجیلێکی زۆر کۆنمان هەبوو. قەت نەمانئەوێرا بەکاری بهێنین، گوێ لە گۆرانی بگرین. بۆ یەکەم جار من داوای ئەو شریتەم لە هاوڕێیەکم کرد، کە بۆم بهێنێ.. تا تۆزێک گوێ لەگۆرانی بگرین. دایکم، کە هاتە ژوورەوە، هەر بە هێواشی لە سەر قەراغی سیسەمەکەی نازدار دانیشت. وتی:

- خوا قووەتتان بات، ئەوە چی ئەکەن؟ هەر خەریکی سەعی کردنن؟

نازدار وتی:

- بەڵێ دایکە گیان، ئەی چی بکەین؟ تاقی کردنەوە نزیک بۆتەوە ئەبێت زیاتر خۆمان ماندو بکەین. دایکم وتی:

- یاخوا رۆڵە گیان رەنجتان بەزایە نەڕوات. دڵم زۆر بۆتان ئەسوتێ، حەز ئەکەم جارو باریش بێنە خوارەوە پشویەک بەن. دایکم چاوێکی گێڕا بە ژورەکەیا. وتی:

- باشە ئێوە بۆ هەر خزاونەتە ئەم ژوورەتانەوە؟ بۆ نایەن تەماشای تەلەفزیۆن بکەن؟ هەر بۆ زاخاوی مێشکتان باشە رۆڵە گیان. تۆزێک گوێ لە هەواڵەکان بگرن، بۆ ئەوەی ئاگاتان لە دەورو بەرتان بێت. بزانن چی هەیە؟ چی روو ئەدات؟ هەر قوتابخانە بە تەنها نابێت. تەلەفزیۆنیش زانیاریی زۆری تیایە.

منیش بەرامبەر نـازدار لە سەر جێگاکەی خۆم دانیشتبووم. کتێبێکم لەبەردەمدا بوو. تەواوم کربوو. ئەمویست بچمە سەر دەرسێکی‌تر، بەڵام، کە دایکم هاتە ژوورەکە، وای پێ وتین. منو نازدار سەیرێکی یەکترمان کرد. ئینجا من وتم:

ـ دایکە؟ تۆ جارێ واز لەوانە بێنە. باوکم لە خوارەوە چی ئەکات؟تۆ بڵێی گوێی لێمان بێت؟

دایکم ئاوڕێکی لە تەسجیلەکە دایەوە، وتی:

ـ نا بڕوا ناکەم، خۆتان چۆن گوێتان لێیە؟ من لێرەوە بە ئاستەم گوێم لێیە! خەمتان نەبێت.

ئینجا دایکم بەردەوام بوو لە قسەکەی. وتی:

ـ رۆڵە گیان... باوکتان کە تووڕە ئەبێت ئێوە گوێی مەدەنی. خەفەت مەخۆن. چی بکەین ئەوە باوکتانەو تەبیعەتی وایە. خۆ بە ناشکوری نەبێت ئێمە راهاتووین لەگەڵ ئەم توڕەبونەی باوکتان. هەر ئەوەندەی من ئەمەوێت پێتانی بڵێم، ئەوەیە، کچەکانم خەفەت مەخۆن. خەم خواردن باش نییە. دوایی تووشی نەخۆشی ئەبن. من باش ئەزانم، کە باوکتان چەندی ئێوە خۆش ئەوێت. ئەوەندە لەگەڵتان ئەڵیت بۆ ئەوەی باشترین مرۆڤتان لێ دەربچێت. بەڵام کێشەی باوکتان ئەوەیە نازانێت چۆن معامەلەتان لەگەڵ بکات. ئەو هێشتا وا ئەزانیت ئێوە مناڵەکەی جارانن. باوکتان زۆر حەزئەکات باشترین کەس بن. بەڵام نازانێت مناڵەکانی من باشترین مناڵن. قوربانتتان بم.

دایکم وتی:

ـ حەز ئەکەم یەک شت بزانن. ئەویش ئەوەیە؛ هەر کەسێک ئەیەوێت خۆی لە هەموو دنیادا باشترین کەس بێت. بەڵام حەز ئەکات منداڵەکەی لە خۆی باشتر بێت. کچەکانم، لە بیرتان بێت باوکیشتان ئەیەوێت ئێوە لە خۆی باشتربن.

نازدار قسەکەی بە دایکم بڕی. وتی:

- دایکە گیان پێویستە باوکم بزانێت ئێمە مناڵ نین. ئەبێت بزانێت ئێمە چاکەو خراپەی خۆمان باش ئەزانین. ئیتر لەوە زیاتر چی ئەوێت لە ئێمە؟ لەوە زیاتر چی بکەین باشە تا ئەو تووڕە نەبێت؟ تۆ پیمان ئەڵێیت وەرن سەیری تەلەفیزیون بکەن. ئێمە چەند جارێک کە دەرسی زۆرمان نەبوو ئەهاتین، هەر بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر دابنیشین. بەڵام باوکم خێرا تلفزیونەکەی ئەکوژاندەوە ئەی وت:

- بڕۆن بخەون، یان ئەیوت:

- بڕۆن دەرسەکانتان بخویننەوە، هێشتا کات سەری ئیوارە بوو، باش ئەیزانێت ئێمە وا زوو ناخەوین ئەگەر خۆمان بمانەوێت بخەوین، پێویستمان بەو نییە بیرمان بخاتەوە.

منیش هەر گوێم گرتبوو دوایی وتم:

- دایکە گیان خوا تۆمان لێ نەستێنێت. وەکو ئەڵێیت گوێی مەدەنی ئێمە گوێمان نەداوەتێ. چی بکەین؟

ئینجا رووم کردە نازدار. وتم:

- نازە گیان، باوکیشم چۆتە تەمەنەوە، بێتاقەت بووە.

لە پڕێکدا دەرگای ژوورەکە کرایەوە. دەرگاکە بەر دیوارەکە کەوت. دەنگێکی زۆر گەورەی دروستکرد. من لە سەر جێگاکەی خۆم دانیشتبووم. پڕ بە دڵ داچڵەکیم. زۆر ترسام. ناو دڵم یەک خورپەی کرد. سەیرم کرد باوکم لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا راوەستاوە.

وتی:

- ئەوە چییە جەنابتان موئتەمەری چیتان بەستووە؟ بە تەمای چین؟ ها؟

رووی کردە دایکمو وتی:

ـ دایکی ئاژاوە، ئەوە چییان فێر ئەکەیت؟ ها...؟ چی...؟ دەرسی چییان دائەیەیت؟ وەکو خۆتیان لێ بکە باشە؟ بە خوا مێختان ئەکێشم مێخ. گوێ لەم دایکەتان مەگرن خراپە خراپ. بە تەمایە سیسەمی تازەتان بۆ بات بەکرد ئەم سیسەمانە عەیبیان چییە؟ یان هەر ئەیەوێت پارەکانم سەرف بکات! ئەزانم لە چی ئەترسیت... ئەزانم!

دایکم دوای ئەوەی کە هەر سەیری باوکمی ئەکرد ئیتر خۆی پێ رانەگیرا. وتی:

ـ بەسە. عەیبە. بەسە ئەم قسە ناخۆشانە تا کەی؟ توخوا کێ کچی وەکو تۆی هەیە؟ ئینجا ئەمانە قابیلی باشترینو چاکترین شتیان هەیە. بۆ ئەوەندە ناشوکریت؟ دوای ئەوە بۆ کوێی ئەبەیت؟ هەر ئەبێت بۆ ئەمانی سەرف بکەیت. تۆ بۆ کێ رەنج ئەدەیت؟ خۆت بۆ کێ هیلاک ئەکەیت؟

منو نازدار نەمان زانی، کە شەڕی ئەو جارەی باوکمو دایکم لە سەر ئێمە بووە. بۆیە هەردووکمان زۆرمان پێ ناخۆش بوو. لەپڕێکا وتم:

ـ دایکە؟ ئینجا باشە ئێمە سیسەمی تازەمان بۆ چییە؟ بە خوا ئێمە هیچ گلەییمان نییە. پێویستیشمان بە سیسەم نییە. توخوا دایکە، ئەوە کەی موشکیلەیە؟

نازداریش خێرا قسەکەمی پەسەند کردو وتی:

ـ وایە. نامانەوێت، سیسەمەکانمان عەیبی نیە. باوکم کە گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو دەموچاوی ئارام بۆوە. دەستێکی کێشا بە سیسەمەکەی نازدارا وتی:

ـ ها. سەیری کە، ئەم دارە ئەوەنە چاکە بە بیست ساڵی کە هیچی لێنایەت.

باوکم دڵی بە قسەکانی ئێمە زۆر خۆش بوو. رووی کردە دایکم وتی:

ـ خانم، گوێت لێ بوو؟ کچەکان خۆیان باشتر ئەزانن.

ئینجا هەر بە دەم قسەکانییەوە ئاوڕێکی لە موسەجلەکە دایەوە. وتی:

ـ ئەی ئەمە کێیە گۆرانی ئەڵێت؟ ئەم دەنگە ناخۆشە کێیە؟
منیش خێرا وتم:
ـ باوکە، ئەوە عبدولحەلیمە.
باوکم گۆرانییەکەی وەستان.وتی:
ـ جا بۆ گوێ لە حەسەن زیرەک یان عەلی مەردان ناگرن؟ باشتر نییە؟
هاوارم کرد. وتم:
ـ باوکە نەکەی، ئەوە شریتی هاوڕێکەمە بەیانی بۆی ئەبەمەوە.
باوکم وتی:
ـ ئەی بۆ دایکتان هەر ئەڵێت؛ وەیش توخوا دایکیان بمرێت ئەو کچە داماوانە هەر خەریکی سەعی کردنن. ئەی ئەوە نییە خەریکی گۆرانی لێدانن؟! کوا دەرس‌و دەورتان؟
باوکم خەریک بوو شریتەکە لە موسەجیلەیە دەربهێنێت، دیسان هاوارم کردەوە. وتم:
ـ بابە نەکەیت، ئەوە هینی هاوڕێکەمە. بە خوا من نەم کڕیوە.
بەڵام باوکم زۆر بە توڕەییەوە شریتەکەی دەرهێنا، شکاندی، ئینجا فڕێی دایە ناوەڕاستی ژورەکەوە. وتی:
ـ ئەم جۆرە گۆرانییانە رەوشتتان تێک ئەیەن... نابێت گوێ لەمانە بگرن.
ئینجا بە بۆڵە بۆڵ رۆیشتە خوارەوە. من ونازداربە بێدەنگی سەیرێکی یەکترمان کرد. دایکم سەری دانەواندبوو پڕ بە دڵ خەفەتی ئەخوارد.
نازدار وتی:
ـ بنار؟ بۆچی لە هاوڕێت داوای شریت ئەکەیت؟ بەیانی چی پێئەڵێیت؟ خۆ ئیشاڵا ناڵێت باوکم شتێکی وای کرد!
ـ وتم: نەخێر. هیچی پێناڵێم، بەڵام ئەتوانم بە رۆژانەکەم بۆی بکڕمەوە.
نازدار وتی:

ـ ئەگەر تۆ پارەت پێنیە، من بەیانی لەڕێی زانکۆوە ئەچم بۆت ئەکڕم. لەو کاتەیا دایکم سەری دانەواندبوو ئەگریا. هەردوکمان سەیرێکمان کرد. وتم:

ـ دایکە، توخوا تۆ پیمان نالێت بۆچی ئەگرێت؟ دایکم بە فەقیانەی جلەکوردیەکانی چاوی سڕی. سەرێکی بەرزکردەوە. وتی:

ـ وەڵا رۆڵە بۆ بەدبەختی ونەگبەتی خۆم ئەگریم. وا دیارە ئێوەش لەمن بەد بەخت تر ئەبن.

نازدار بەزەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی دایکمی کرد. وتی:

ـ دایکە ئێستا تۆ خۆت ئامۆژگاریت کردین. دە تۆش گوێ مەیەرێ باشە؟ خەفەت مەخۆ. هەردوکمان دەستمان کرد بە پێکەنین. دایکیشم لەبەر خۆیەوە بزەیەک گرتی وتی:

ـ خوا ئێوەم لێنەستینی، بەخوا هەر ئێوە خۆشی منن. لە هەمان کاتدا گوێمان لە دەنگی نەوژین بوو دایکمی بانگ ئەکرد. بەڵام هەستمکرد دایکم نایەوێت وەڵامی نەوژین بداتەوە. زۆرم سەیر لێهات. وتم:

ـ دایکە نەوژین بانگت ئەکات.

دایکم زۆر بە دەنگێکی کزو پڕ لە خەفەتەوە وتی:

ـ ئەزانم. گوێم لێیە!

نازدار وتی:

ـ ئەی بۆ جوابی نایەیتەوە؟ من گوێم لێیە نەوژین زۆری بانگ کردیت.

منیش هەر سەیری دایکمم ئەکرد چاوەڕێی وەڵامی بووم. بەڵام دایکم وا دیار بوو حەزی نەئەکرد هیچ لای ئێمە بدرکێنێت. هەروەکو ئەوەی بزانێت نەوژین چیی ئەوێت! یان داوای چی لێ ئەکات. تائەهات دەنگی نەوژینیش نزیکتر ئەبوو. ئەوەندەی پێ نەچوو نەوژین هاتە ژوورەکە. وتی:

- دایکە؟ بۆ جوابم نادەیتەوە؟ بزانە من چەندم بانگ کردیت!
دایکم سەرێکی هەڵبڕی. وتی:
- باشە بڕۆ. ئێستا منیش یەمە خوارەوە. منو نازدار سەیرێکی یەکترمان کرد. ئینجا رووم کردە نەوژین. وتم:
- نەوژین گیان چیت ئەویست؟
نەوژین لەو کاتەدا سەیری شریتە شکاوەکەی ئەکرد، کە لە سەر فەرشەکە کەوتبوو. وتی:
- ئەوە چییە؟ ئەو شریتە کێ شکاندوویەتی؟
من خێرا هەڵسام، هەڵمگرتەوە. وتم:
- دەی.. تۆ هەقی ئەوەت نەبێت. دایکمت بۆ چی بوو؟
نەوژین هەر سەیری ئێمەی ئەکرد، سەیرێکی دایکمی کرد. بەڵام هیچ تێنەگەیشت. لە پڕێکدا وتی:
- دایکە من کالەم ئەوێت بۆ یاری، ئەوە چەند جارم پێ وتیت؛ ئەبێت بۆ یاری ئەمجارە کالەی تازەم هەبێت. ئەگینا نایەڵن یاری بکەم! کالەکانم هەمووی تەقیون. بە کەڵک نایەن.
ئینجا ئێمە تێگەیشتین. دایکم بۆ وەڵامی نەوژینی نەدایەوە. دایکم دیسانەوە رووی کردەوە ئێمە. وتی:
- داخی ئەمیش، ئێستا من چی بکەم؟
ئینجا رووی وەرگێڕا بۆ نەوژین. وتی:
- نەوژین گیان، بەخوا ئەگەر ئێستا بە باوکت بڵێم تۆ داوای کالەی تازە ئەکەیت، ئەیکات بە فەرتەنە. ئەمشەو ئەمانکاتە دەرەوە.
ئیتر هەموو بێدەنگ بووین. سەیری یەکترمان ئەکرد. نەمانئەزانی چی بڵێین. نەوژین زۆر بە کەساسی هاتە لای منەوە دانیشت. سەیرێکی کردم. منیش دڵم زۆر پێی ئەسوتا. وتم:

ـ نەوژین تۆ لێرە دانیشە. من ئێستا ئەڕۆمە خوارەوە بۆ لای باوکم. پێی ئەڵێم؛ تۆ پیویستت بە کالەی تازەیە. بەڵام تۆ چەندت پارە پێویستە بۆ کڕینی کالەکەت؟

نەوژین وتی:

ـ ئەوەی من ئەمەوێت، بە سێ دینارە. زۆر گران نییە.

نازدار وتی:

ـ چی؟ سێ دینار زۆرە. دانیشە تۆش بەم شەوە، با باوکم ئەوەنەیتر تووڕە نەبێت.

دایکم رووی تێکردم، بە شێوەیەکی نیمچە پاڕانەوە. وتی:

ـ کچی خۆم دانیشە. شتی وا مەکە. ئێستا باوکت دوو قسەی ناخۆشت پێ ئەڵێت. واز بێنە جارێ وەختی نیە. وتم:

ـ دایکە ئەوەندە نابێت، تۆ پێت وتین، باوکتان هەرچییەکی وت، گوێ مەدەنێ، خەفەتی لێ مەخۆن. ئەوا منیش، بە قسەی تۆ ئەکەم. ئەڕۆم داوای پارەی لێ ئەکەم. هەرچیەکیشی وت گوێ نادەمی. یان ئەمماتێ، یان تووڕە ئەبێت. ئەو کاتە من هیچ ناڵێم. یەمەوە سەرەوە. ئینجا دایکە گیان تۆش بەیارمەتی خۆت ئەوەنە خەفەت مەخۆ.

نەوژین وتی:

ـ توخوا دادە بنار بە راستتە؟

وتم:

ـ بەڵێ. بە راستمە. جارێ تۆش لێرەبە نەیەیتە خوارەوە. لێرە چاوەڕێ بە. ئنجا منیش بە ترسێکی زۆرو دڵەراوکێیەکەوە بە پلیانەکاندا چوومە خوارەوە. بینیم باوکم لە ژووری دانیشتنەکە بە تەنها لە سەر تاکێک کورسی بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتووە گوێ لە هەواڵەکان ئەگێرت. منیش زۆر بە ئەسپایی خۆم بە چێشخانەکەدا کردو هەنارێکی گەورەم

دەرهێنا لە ناو سەبەتەیەکی نایلۆندا دایکم لە سەر مێزە خڕەکە دایناوبوو. بەخێرایی هەڵموەراند لەگەڵ هەندێک شتی‌تردا خستمە سەر سینییەک بەرەو هۆڵەکە ڕۆیشتم. باوکم تەماشای تلفزیۆنەکەی ئەکرد. بەڵام لەوە ئەچوو خەیاڵی لە جێیەکی‌تر بێت، چونکە زۆر بێ ئاگا بوو. زۆر بە هێواشی تەپڵەکێکم ڕاکێشایە بەردەمی باوکم ئنجا سینیەکەم خستە سەر تەپڵەکەکە. وتم:

ـ باوکە فەرموو. بابەتی زستانە بخۆ. باوکم لە پێش ئەوەی سەیری خواردنەکان بکات، سەیرێکی منی کرد. وتی:

ـ ئەوە چییە؟ چیت بۆ هێناوم؟

وتم:

ـ باوکە گیان، من ئەزانم تۆ زۆرت حەز لە هەنارە، ئێستا بۆم هەڵوەرانی دە فەرموو.. بیخۆ. ئەوە هەناری شارەبانە. ئەوەش شێلمی کوڵاوە پاکیزەخان کوڵانویەتی. زۆربەلەزەتە. ئەوەش گوێزی سوێرکراوە بەڵام ئەمەیان کەم بخۆ لەبەر پاڵەپەستۆی خوێنت.

وا دیار بوو باوکم هەستی کردبوو، کە من داواکاریەکم هەیە. بۆیە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ دەستەکانت خۆش بێت.

وتم:

ـ یاخوا عافێتت بێت. ئەو شێلمەش دایکم کوڵانوویەتی. خەمت نەبێت. هینی بازار نییە.

باوکم وتی:

ـ دەستی خۆش بێت. دایکت زۆر پاکو تەمیزە. بەڵام قسەی خۆمان بێت شێلمە کوڵاوەکەی بازار تامی خۆشترە، کە بە لایا ئەڕۆیت، ئەو بۆنو بەرامەیەی‌و ئەو هاڵاوەی تێرت ئەکات.

وتم:

ـ بە ڕاست باوکە؟ ئەی خۆ تۆ هەموو جارێک ئەڵێت شتی بازار پاک نییە. مەیکڕن!

باوکم وتی:

ـ کچم خۆی وایە. بەڵام بەخوا تامیان خۆشترە. بەدەم پێکەنینەوە وتم:

ـ باوکە؟ وریابە. با دایکم گوێی لێ نەبێت، بەخوا دووایی تووڕە ئەبێت، هیچمان بۆ لێنانێت.

باوکم پێکەنی. وتی:

ـ بەخوا ژنی وەکو دایکتان لە هیچ شوێنێکا نییە. تەنها یەک پاکیزە هەیە.

وتم:

ـ باوکە دایکمت زۆر خۆش ئەوێت؟

باوکم سەرێکی بادا. وتی:

ـ ئەی لە بنار! توخوا ئەوە پرسیارە؟ ئەرەوەڵڵا، ئەی چۆنم خۆش ناوێت؟!

تۆزێک بێدەنگ بووین. باوکم دەستی کردبوو بە خواردنی هەنارەکە. منیش هەر بیرم ئەکردەوە چۆن باسی نەوژین‌و کاڵەکانی دەست پێبکەم. ئینجا باوکم وتی:

ـ ئەوە دایکت چی لێهات؟ بۆ نایە دانیشێت لەگەڵمان؟

وتم:

ـ لە سەرەوەیە لەگەڵ نازدارو خونچە.

سەیرێکی باوکم کرد. وتم:

ـ باوکە؟ داواکاریەکم هەیە!

باوکم بە بزەیەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ هەر باسی پارە نەکەی!

منیش ئیتر وەستام. باوکم چاوەڕێی ئەکرد قسەبکەم. وتی:

ـ دەی فەرموو بنار خان، بزانم داواکارییەکەت چییە؟
وتم:
ـ بۆ خۆم نییە. بەڵام، پارەم ئەوێت.
باوکم وتی:
ـ ئێ دە وابڵێ.. پارەت بۆ چییە ؟ بۆ کێ؟ بۆ مەکتەب؟ ئەی مانگی پێشوو نەمدایتی؟
وتم:
ـ نا.. باوکە مەکتەبی چی؟ ئەوە ساڵی جارێکە پارە کۆئەکەینەوە بۆ تەلەبە فەقیرەکان.
وتم:
ـ داوایان لە نەوژین کردووە ئەبێت کالەی تازە بکڕێت، چونکە کالەکانی هەمووی تەقیوە.
باوکم وتی:
ـ ئەمە کێ داوای کردووە؟ ئینجا مەکتەب هەقی کالەو پێڵاوی کوڕی منیان چییە؟
وتم:
ـ باوکە گیان مەکتەب هەقیان نییە. بەڵام نەوژین لە تیپی تۆپ تۆپێندایە، ئەبێت جلو پێڵاوی باش بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت باش یاری بکات. تۆ حەز ئەکەیت هاوڕێکانی نەوژین گاڵتە بە نەوژین بکەن؟ باوکم بە تووڕەیی سەیرێکی کردم. وتی:
ـ نەوەڵڵا. کەس حەددی نییە گاڵتە بە مناڵی من بکات.
منیش وتم:
ـ دە کەواتە، حاجی گیان بێنە. هەر ئیستا سێ دینارم بەرێ، چونکە بەیانی ئەبێت بڕوات بیکڕێت.

باوکم زۆر بە سەرسامییەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:
ـ باشە دە برۆ چاکەتەکەم لەژوری ئەودیوە، بە عەلاگەکەوە هەڵواسراوە بۆمی بێنە. زۆر بە پەلە رویشتم چاکەتەکەم بۆ هێنا. دامە دەست باوکم. جارێکیتریش لە تەنیشتییەوە دانیشتمەوە. باوکم تۆزێک جاکەتەکەی هێناو برد. ئینجا دەستی کرد بە گیرفانی بەر باخەڵەکەیدا جانتایەکی رەشی بچووکی دەرهێنا، کردییەوە چەند دینارێکی دەرهێنا. وتی:
ـ فەرموو. بگرە، ئەوە سێ دینار. ئەوەش، سێ روبعیتر بۆ خۆت. وتم:
ـ نا... باوکە، من پارەم ناوێت.
باوکم پێکەنی، وتی:
ـ ئەزانم. بەڵام ئەو دوو روبعە هەقی ئیشی موحامیەتەکەی کە کردت بۆ نەوژین. ئەویتریش بەیانی برۆ شریتێک بکڕەوە بۆ رەفیقەکەت.
هەردوو دەستی باوکمم ماچ کرد. وتم:
ـ باوکە گیان،خوا رزقت بات، بۆ ئێمەت بهێڵێت. بەخوا من پارەم ناوێت.
پارەکەشم توند خستبووە ناو دەستم. هەر پێئەکەنین. باوکم وتی:
ـ دەبرۆ هەڵیگرە، باسی مەکە. با ئەوانیکەشم لێهار نەبێت. برۆ، دایکت بانگ کە بابێتە خـوارەوە، تۆزێک لـەم شتانە بخوات. خێرا رامکردە سـەرەوە پارەکەم یابەدەست دایکم بۆ کالەکانی نەوژین. بەڵام باسی پارەی محاماتەکەی خۆم نەکرد.
دایکم ئێمەی وا فیر کردبوو، کە هەرگیز کیشەو گرفتی ناو خێزانەکەمان لای کەس باس نەکەین. هەموو جار ئەیوت، پێویست ناکات هیچ کەسێک، بە بارو دۆخی ژیانی ئێمە بزانێت. هیچ کەسێک لە هاورێکانی ئێمە نەیان ئەزانی ئێمە چ جۆرە گرفتێکمان هەیە لە ناو خیزانەکەماندا. دایکم هەموو جار، کە ئامۆژگاریی ئەکردین، پێی ئەوتین:
ـ کچەکانم. ئەگەر ئێوە باسی باوکتان، یان باسی یەکتری بکەن لە دەرەوە یان لای هاورێیەکی زۆر خۆشەویستو نزیکتان ئەوە بزانن، کە ئەو

هاوڕێیەتان هاوڕێیەکی‌تری وەکو ئێوە نزیکی هەیە کە بۆی باس بکات. ئینجا هەر بەو شێوەیە باسەکانمان ئەڕۆنە دەرەوە ئەو کاتە خەڵکان بە چاوی رێزەوە سەیرمان ناکەن. خۆ هەرچی رووبدات ئەوە تایبەتە بە ماڵی خۆمان خێزانی خۆمان. هەر خۆشمان بەرپرسیارین لە چاککردنی. ئەو کاتە ئەبینە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی خەڵک. خەڵک گاڵتەمان پێ ئەکەن، نەک یارمەتیمان بدەن! ئێمە سەرانسەر بە گوێی دایکمان ئەکرد. هەموو هاوڕێکانی منو نازدار، تەنانەت نیازی براشم وایان ئەزانی ئێمە خۆشترین ژیانمان هەیە.

بێگومان سەبارەت بەو هەموو گیروگرفتانەی کە هەمیشە لە ماڵی ئێمە نەئەبڕا، دەنگو شێوەی کامەران لە مێشکمدا، لە چاومدا، هەردەم خۆی ئەنواند. هەستم ئەکرد رۆژ بە رۆژ من زیاترم خۆش ئەویست. زیاترهەستم بۆی ئەجوولا. ئەویش هەموو کات کە منی ببینییایە زۆر بە پەرۆشەوە ئەهاتە بەردەمم لە ژێر لێوەوە سڵاوێکی لێ ئەکردم کە تەنها من ئەمتوانی گوێم لێی بێت. بەڵام لە ترسی دەوروبەر، ترسی باوک، ترسی دایکو برا تەنانەت نازداری خوشکیشم نەمئەتوانی هیچ دەرفەتێکی بدەمێ، کە بتوانێت قسەم لەگەڵدا بکات. زۆر جار ئەو ئەیویست لێم نزیک بێتەوە. بەڵام من نەم ئەویرا هەنگاوێک لێی نزیک ببمەوە.

خۆشەویستییەکەمان تا ئەهات گەورەتر ئەبوو. بەڵام ترسیشمان لەگەڵیدا زیاتر ئەبوو. زۆر راستە، کە ئەڵێن تیشکی خۆشەویستی هەرگیز ناشاردرێتەوە. خۆشەویستی لە چاودایە. زمان هەموو شتێک ئەڵێت، بەڵام چاو ناتوانێت درۆ بکات. ئەوەی ئاقڵو زانا بێت، لە زمانی چاو تێ ئەگات. چاوەکانی کامەرانیش باسی هەموو خۆشەویستی دڵی بۆ ئەکردم؛ تێی ئەگەیاندم، کە چەند منی ئەوێت. منیش زۆر باش ئەمتوانی وەڵامی ئەو خۆشەویستییەی بدەمەوە. بگرە بە زیاتریش. زۆری نەبرد، بێ ئاگا بووم

که خۆم بینییەوە لە دەریای خۆشەویستیی کامەراندا مەلەم ئەکرد لە گێژەنیدا گێژم ئەخوارد. هەموو هەست، هۆش، خەیاڵم لای کامەران بوو. هەموو سات بیرم ئەکردەوە ئاخۆ چی بکات؟ ئاخۆ چی بخوات؟ کەی ئەخەوێت؟ کەی لە خەو هەڵئەستێت؟ چی ئەکات؟ چی ناکات؟ جۆرەها پرسیاری لەو شێوانە. خۆزگەم ئەخواست، کە هەموو شتێکم لە بارەی ژیانییەوە بزانیایە. بەڵام بێگومان زۆر بەستراوە بووم. جگە لەو هەموو پرسیارانە، یەک پرسیاریتریشم ئەکرد

ـ ئاخۆ رۆژێک بێت منو کامەران بتوانین بە یەکەوە دابنیشین، سەربەست بین، ئاخۆ بتوانم باسی خۆشەویستیی خۆمی بۆ بکەم؟

هەستم ئەکرد خۆشەویستیی بۆ من کارێکی قورسو گرانە. هەرهیچ نەبێت لەماڵی ئێمەدا کەس بڕوای بەو هەستە پیرۆزە نەبوو!. ئاخر بۆچی هەستێکی وا پیرۆز کە خواوەندی گەورە بە ئێمەی بەخشیبێت لە یەکەم ساتی بونمانەوە، ئەویش بۆ بەردەوام بوونی ژیانە کەواتە بۆ ئەبێت ئەمەندە هەوڵی نوکوڵی کردنی بدەین کاتێک کەسێکمان خۆشئەوێت!؟ خۆ ژیان بێ خۆشەویستی مانای نییە. خۆشەویستی گەورەترین... پیرۆزترین لوتکەی هەستی مرۆڤە. ئەی بۆ ئەبێت باسکردنی شوورەیی بێت؟ بە ڕای من ئەو کەسەی یەکێکی بە دڵ خۆش نەویستبێت، بێگومان مرۆڤ نییە! مرۆڤ کاتێک هەستی بە خۆشەویستی کرد رووحو دڵو گیانو جەستەی ئارام ئەبێت. ژیانی لا خۆشتر ئەبێت. هەموو کەسێکی خۆش ئەویت. کەواتە بۆ بشاردریتەوە؟

ئێوارەیەکیان منو نازدار لە ژوورەکەی خۆمان دانیشتبووین. نازدار خەریکی قژ چاککردن بوو، منیش خەریکی جیاکردنەوەی دەرسەکانم بووم. هەردووکمان ئەو ئێوارەیە زۆر بێدەنگ بووین. ئاگادار بووم نازدار هەر سەیری ئەکردم، وا دیار بوو ئەیویست شتێکم پێ بڵێت. بە هێواشی لێی پرسیم. وتی:

- بنار، هێشتا تۆ کامەران ئەبینیت؟
من نەمویست بە راستی وەڵام بدەمەوە. بەڵام نەمزانی چۆن وتم:
- بەڵێ هەندێک جار ئەیبینم. بۆ پرسیار ئەکەیت؟
نازدار وتی:
- ئمم.. ئەی من چیم پێوتیت، بیرت چوو؟
وتم:
- نازدار چیت پێ وتم؟ تۆ هیچت بە من نەوت! باسیشت نەکرد، من نازانم کامەرانت بۆ چی بوو؟
نازدار وتی:
- ئەی گوایە تۆو کامەران ئیتر قسەتان نەکردووە؟ خۆی هیچی بۆ باس نەکردی؟
وتم:
- نەخێر. منو کامەران هێشتا قسەمان نەکردوە. من چاوەڕێی تۆ بووم شتێکم بۆ باس بکەیت.
ئینجا نازدار تۆزێک وەستاو سەیرێکی کردم. وتی:
- سەیرە! ئەی کەواتە ئێوە هیچ پەیوەندیتان نییە؟
وتم:
- نازە؟ تۆ خوشکمی پێویستە تۆ لە هەموو کەس زیاتر بڕوام پێ بکەیت. منو کامەران تەنها بە چاوو رووح قسە ئەکەین.
نازدار قاقایەکی لێداو وتی:
- بەڵی..؟ بە چی قسە ئەکەن؟ بەچاو بەچی؟ خۆشەویستی کوا هەیە؟ رۆڵە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ من ئەمەوێت نەهێڵی کەس هەڵتخەڵەتێنێ. بە کوردییەکەی، کەرت کات! ئەو قسانە هەر لە فلیما هەیە.
وتم:

ـ باشە من دەمێکە ئەزانم تۆ بڕوات بە وشتانە نییە. دە پێم بڵێ چیت بە کامەران وت؟

نازدار وتی:

ـ زۆرمان قسە نەکرد. هەر ئەوەندەم پێ وت:

ـ دوور کەوەرەوە لە بنار. بنار منداڵەو بێ ئەقڵە!

منیش بە سەرسوڕمانێکەوە وتم:

ـ ئێ... ئەی وەڵامی کامەران چی بوو؟

نازدار وتی:

ـ وا دیار بوو کامەران زۆر بڕوای بە خۆی هەبوو.

پێی وتم:

ـ من حەز ناکەم وا باسی بنار بکەیت. من بنارم خۆش ئەوێت. دووریش ناکەومەوە.

هەر، کە نازدار ئەوەی پێ وتم، لە خۆشیدا خەریک بوو دڵم لە سنگم ئەهاتە دەرەوە. وتم:

ـ نازدار ئەوە تۆ بە راستە؟ کامەران وتی بنارم خۆشئەوێت؟

نازدار وتی:

ـ ئەوە چییە؟ بۆ وا دڵت خۆش بوو؟ هەی بێ ئەقڵ. هەموو کوڕێک ئەو قسانە ئەکەن. خۆ شتێکی زۆر زەحمەتو قورس نییە بۆ ئەوان. درۆ زۆر ئاسانە، بڕوا بکە کامەران نەک بە تۆ، لەوانەیە بە سەد کچی تریشی وتبێت. خۆ ئەوان هیچیان لێ نایەت، کەس محاسەبەیان ناکات، بۆ کوڕ زۆر ئاساییە ئەگەر چی بکات، دوای کچ بکەوێت، حەزلە دە کچ بکات، قسە بکات، هەر چییەک بکات، هەمووی ئاساییە. کۆمەڵگا رەخنەی لێناگرێت. بەڵام، دەوەرە تۆ بڕۆ بە کوڕێک بڵێ خۆشم ئەوێیت، بزانە هەر ئەو کوڕە بەیانی لای هەموو هاوڕێکانی باست ناکات؟ کچم گوێ بگرە، هەموویان وان.

قسەکەیم پێ بڕی. وتم:
- نازدار؟ بڕوا بکە کامەران جیاوازە.
نازدار وتی:
- باشە من تێناگەم، تۆ هێشتا قسەت لەگەڵ نەکردوە چۆن ئەزانیت؟ چۆن بڕوای پێ ئەکەیت؟
وتم:
- نازانم. من تەنها بە دڵ ئەیبینم، دڵم پێم ئەڵێت کامەران درۆ ناکات.
نازدار وتی:
- بنار ئەقڵت لەدەست مەیە. جارێ بیر لە خۆشەویستی مەکەرەوە. هێشتا زووە. کاتی زۆر ماوە. تۆ هێشتا منالیت زۆرت ماوە تێبگەیت.
وتم:
- نازدار، تۆ بە راستە ئەو قسانە ئەکەیت؟ تۆ لەو بڕوایەدای خۆشەویستی کات، شوێن، تەمەنی بۆ دائەنرێت؟ یان خۆتی بۆ حازر ئەکەیت؟ من لەو بڕوایەدام تۆ لە هیچ تەمەنێکا خۆشەویستی ناکەیت. چونکە؛ تۆ بڕوات بە خۆشەویستی نیە. دڵ کە هەستی بە خۆشەویستی کرد. هیچ شتێک نایوەستێنێ. نازدار بەردەوام بەقسەکانم پێئەکەنی.
ئەو شەوە، تا درەنگ منو نازدار هەر ئەو باسانەمان ئەکرد. بەڵام کەسمان نەگەیشتینە ئەنجام. نازدار بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە خۆشەویستی نەبوو. نەک هەر ئەوەش، گاڵتەشی پێ ئەهات. هەموو جار پرسیارم لێ ئەکرد، کە هەست بە خۆشەویستی ناکەیت بەرامبەر بە کەس؟ لە وەڵامدا ئەیوت:
- هەرگیز بڕوام بە خۆشەویستی نییە.
من چاوەڕێم ئەکرد رۆژێک لە رۆژان نازدار ئەو هەستەی لا دروست ببێت. بەڵام تا ئەو کاتەش هەر رووی نەدابوو.

## ـ ١٥ـ

پۆلی پێنجەمی ئامادەییم تەواو کرد. بە نمرەیەکی زۆر باش. هەر چەندە زۆر سەرقاڵی کۆشش کردن بووم. بەڵام خەریکی خۆشەویستیی کامەرانیش بووم، کە زۆرینەی کاتی لێ بردبووم. تەنها شتێک هەبوو، کە هەموو کات دڵخۆشی ئەکردم، هەر چەندە کێشەی ناو خێزانەکەمان وەک خۆی بوو، ئەویش ئەوە بوو، کە لە ناخەوە بیرم لە دوارۆژی خۆشو رووناک ئەکردەوە. دوودڵ نەبووم لە هیچ شتێک. پۆلی شەشم دەستی پێکرد. منو کامەران هەر وەکو جاران لە هەمان شوێنی پاسەکان یەکترمان ئەبینی، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک لەگەڵ یەکتر بکەین. خۆشیی ئێمە تەنها ئەو تۆزە بینینە بوو لەو کاتانەی کە چاوەڕێی پاسەکەمان ئەکرد کە بگات ئێمەش خێرا سەرکەوین. جێگایەک بۆ خۆمان بگرین. منو کامەران زۆرینەی کات هەوڵمان ئەدا لای یەکترەوە دابنیشین. هەر چەندە هیچمان نەمان ئەویرا قسە لەگەڵ یەکتردا بکەین، چونکە ئەوانەی لە ناو پاسەکەدا ئەبوون زۆربەیان هاوڕێی منو ئەو بوون. جگە لەوەش، زۆر جار خەڵکی گەڕەکی خۆمانی تیادا ئەبوو کە ئەوەش بۆ من باش نەبوو. تاکو ئەو رۆژەی کە کۆتایی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ بوو. ئەورۆژە ساڵێکی تەواو تیپەڕیبوو بە سەر یەکتر ناسینمان. تا ئەوکاتەش هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نەبوو لە نێوان ئێمەدا. ئەوەی بمان توانیایە تەنها تلفۆنکردن بوو ئەویش جاروبار بۆ هەواڵپرسینی یەکتر. کامەران چەند جارێک داوای لێ ئەکردم کە گەڵیدا بچمە دەرەوە. بەڵام من هەر جارەی بە بیانووی شتێکەوە داوای لێبوردنم لی ئەکرد. بەڵام لە راستیدا زۆرم حەز ئەکرد. منو کامەران قسەمان کردبوو بە یەک، کە نابێت، هیچ کەسێک بەم پەیوەندیەی ئێمە بزانیت. ئەو ئەیزانی کە من چەند بە تەنگ دڵی دایکو باوکمەوەم. بۆیە پەیمانمان بە یەکتر دابوو بە هەموو

توانایەکمان ئەگەر کەسێک هەستی پێ بکردینایە ئێمە ئەبووایە نکولی لێ بکەین. تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ دەستی پێ کرد. منو شیلانو تریفەی هاوڕێم هەموو ڕۆژێک هەر وەکو جاران چاوەڕێی یەکترمان ئەکرد. بە یەکەوە ئەگەڕاینەوە. بەرەو شوینی پاسەکان ئەڕۆیشتین. بەردەوام هاوڕێی نزیکی یەکتر بووین. زۆرمان یەکتر خۆش ئەویست، ئاگاداری هەموو شتێکی یەکتر بووین. بەڵام من نەم ئەویست کەسیان بە پەیوەندیی من بزانن لەگەڵ کامەران. من کامەرانم هەموو ڕۆژێک ئەبینی. لە هەمان شوێن. لە ژێر هەمان چەتری راوەستانی پاسەکان. دیار بوو ئەو زۆر بە پەرۆشەوە لەو شوێنەدا چاوەڕێی منی ئەکرد. هەرگیز من نەمدەزانی هەستێک هەیە پێی ئەڵێن خۆشەویستی، تا ئەو کاتەی کامەرانم بینی لە جێگەی راوەستانی پاسەکان. کامەران هەموو جارێک کە ئەیبینیم بە جۆرێک سەیری ئەکردم دڵمی دائەچڵەکاند. ئینجا نیگایەکی پڕ ئەفسونی پشان ئەدام. سۆزو هەستمی ئەلەرزاند ئەوکاتە ئارامی ون ئەبوو لەگیانم. ئەو ڕۆژانـە تێئەپەرین لە هەمان شوێن، لە هەمان کات، ئەمبینیەوە دووبارە، لە هەمان شوێن گوێم لە دەنگی ئەبوو، پێی ئەوتم چۆنی. ئەو کاتانە ئەمزانی خۆشەویستی دەردو ژانی زۆری پێوەیە، ئەمزانی کامەران لەگەڵما هاوسوزو هەستەم بوو. بێ ئەوەی بە خۆم بزانم بە جاری هەموو دڵمی بردبوو.

لە کۆتایی ڕۆژی تاقیکردنەوەی ئەو نیوەی ساڵە کە لە گەڕانەوەدا بووین بۆ ماڵەوە لەگەڵ هاوڕێکانم زۆر دڵمان خۆش بوو. قاقای پێکەنینمان دنیای هەڵگرتبوو. کامەرانم بینی راوەستا بوو. کاتێک کە پاسەکە گەیشت. ئێمە سەرکەوتین. دوایی پاسەکە کە دەستی بە ڕۆیشتن کرد من کامەرانم نەبینی. خێرا لە پەنجەرەی پاسەکەوە بە زەردەخـەنـەوە ئاوڕێکم لێ دایەوە. ئەویش بە زەردەدەخەنەوە تەماشای کردم. شیلان لە تەنیشتمەوە

دانیشتبوو. هەستی پێ کردین. پێی وتم:
ـ ئەوە چی بوو؟ خۆ باڵا بەرز سەرنەکەوت؟
وتم:
کێ؟ باڵا بەرز کێیە؟ شیلان ئاوڕێکی خێرای لێدامەوە. دیاربوو چاوڕێی ئەو وەڵامەی نەدەکرد. ئنجا وتی:
ـ چییە؟ تا کەی ئەتەوێت بیشاریتەوە؟ من دەمێکە ئەزانم ئەو کوڕە شێتت بووە. بەڵام نازانم ئەگەر تۆش وابیت! یان نا؟
وتم:
ـ شیلان واز لەم قسانە بێنە. من نازانم تۆ باسی کێ ئەکەیت!
شیلان بەسەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی کردم. وتی:
ـ بۆ نازانی؟ ئەو کوڕەی لە ژێر چەترەکەدایە. ئێستا زانیت کێ ئەڵێم؟
وتم:
ئینجا لە ژێر ئەو چەترەدا هەموو ڕۆژێک سەد کەسی لێیە.
شیلان وتی:
ـ بەڵێ زۆری لێیە، بەڵام تەنها ئەوە وا بە عەشقەوە سەیرت ئەکات.
من هەر ئەموت نازانم باسی کێ ئەکەیت، شیلان ئیتر وازی هێنا. وتی:
ـ باشە با وا بێت بنار خان، تۆ ئەتەوێت سەر لە من تێک بدەیت، وا نییە؟
وتم:
ـ نا... بەڵام هیچ شتێک نییە تاکو پێت بڵێم.
شیلان بە دەم پێکەنینەوە وتی:
ـ وایە.. وایە.
ئیتر خۆی‌و تریفە دابەزین. خواحافیزیان کرد.
ئەو ڕۆژە زۆر سارد بوو. ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردبوو. جار جاریش بارانێکی زۆر بە خوڕ دایئەکرد. من هیچ کات حەزم لەوە نەبوو چەتر

هەڵبگرم. ئەمزانی تائەگەمەماڵەوە ئەبم بە چۆلەکەی لە ئاو کەوتو. پاسەکە وەستا. وا بزانم من چوارەم کەس بووم دابەزیم. زۆر بە خێرایی هەنگاوم ئەنا. خوا خوام بوو زوو بگەمە ماڵەوە، چونکە لەو کاتەدا بارانەکە زۆر بە خوڕ ئەباری. بەڵام گوێم لە ناوی خۆم بوو. یەکیک بانگی لێکردم:

ـ بنار خان؟ بنار؟

کە ئاوڕمدایەوە. سەیرم کرد کامەرانە. چەترێکی گەورەی پێیە. بە خێرایی بەرەو لای من دێت. منیش دوودڵ بووم کە بوەستم؟ یان بڕۆم؟! چونکە زۆر نزیک بوومەوە لای ماڵی خۆمان. هەروەها زۆریش ئەترسام یەکێک لە دراوسێکان بمانبینێت. بەڵام ئەو هەر بانگی ئەکردم بەرەو لای من ئەهات. منیش لە شوێنی خۆمدا راوەستام. بەڵام هیچم نەوت. کامەران هاتە پێشەوە. وتی:

ـ چۆنی، باشی بنار خان؟ ئەوە ویستم شتێکت پێ بڵێم. لەبەر ئەوەی ئیمڕۆ کۆتایی تاقیکردنەوەکانمان بوو، حەزم کرد بزانم ئەگەر ئەتوانیت لە کاتی پشووی ئەم نیوەی ساڵە لە شوێنێک بتبینم؟ شوێنێک کە خۆت هەڵیبژێریت. حەزیش ئەکەم یەکێک لە هاوڕێکانی خۆتت لەگەڵ بێت.

منیش لە ترسی ئەوەی کەس نەمان بینێت، هیچم نەوت. تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەمویست بڕۆم. کامەران هەستی کرد کە من زۆر نا ئارامم. نامەوێت لەوێدا بم لەگەڵ ئەو. بۆیە زۆر بە خێرایی کۆتایی بە وشەکانی هێناو وتی:

ـ دە باشە گیانەکەم. ئیمڕۆ یان بەیانی ئەگەر توانیت قسەیەکم لەگەڵ بکە. بیرێکیش بکەرەوە لەوەی کە پێم وتیت باشە؟

وتم:

ـ باشە... بڕۆ خوات لەگەڵ.

کامەران وتی:

ـ بنار؟ ئەو چەترە بەرە لەگەڵ خۆت با تەڕنەبیت.
وتم:
ـ نا.. سوپاس.. نامەوێت تازە تەڕ بووم. پێکەنیم.
کامەران وتی:
ـ من بۆ تۆم هێناوە خێرا بیگرە، با بڕۆم.
منیش ئەم ویست بڕوات، تاکو کەس نەیبینیوین. بە خێرایی لێم وەرگرت بەڵام لە ترساندا خەریک بووم زیرەم ئەکرد. من هێشتا هەنگاوم نە نابوو. کامەران دەستی لە سەیارەیەکی کرێ راگرت. رۆیشت. منیش ئیتر بەرەو ماڵەوە رۆیشتم. بەڵام بینیم کچە جوانە کورتە باڵاکەی دراوسێمان کە ناوی پەیمان بوو، لە ماڵی ئێمە دێتە دەرەوە. کە چاوی بە من کەوت، زۆر ترسا. وتم:
ـ پەیمان؟ ئەوە چی ئەکەیت لە ماڵی ئێمە؟
وتی:
ـ هاتم بۆ لای تۆ!
منیش وتم:
ـ بۆ... لای... من؟ بۆ..؟ هیچ ئیشت بە من هەبوو؟
وتی:
ـ نا... هەر ویستم سەرت لێ بدەم.
بەڵام کە سەیرم کرد، هەستم ئەکرد ئەیەوێت بڕوات. وتم:
ـ دە فەرموو با بچینە ژوورەوە. بەم بارانە بۆ کوێ ئەڕۆیت؟
وتی:
ـ نا. قەیناکا. ئەبێت بڕۆم.
لە راستیدا من زۆر سەرسام بووم لەو رەفتارەی پەیمان. هیچ کاتێک سڵاوی لە من نەکردبوو. منیش هیچ خۆشم نەئەویست. کەواتە بۆچی

ئەبێت سەر لە من بدات؟ ئەوە پرسیارێکی بێ وەڵام بوو لەو کاتەدا. بەڵام کاتێک چوومە ژوورەوە، سەیرم کرد تەنها نیازی برام لە ماڵ بوو. هەر خۆی بە تەنها بوو. ئەوەش هەندێک وەڵام بوو بۆ پرسیارەکەی من، کە پەیمان هاتبوو بۆ لای نیاز، نەک بۆ لای من، چونکە ئەو ئەیزانی من هێشتا لە قوتابخانە نەگەڕاومەتەوە. بەڵام من هیچم نەوت لەگەڵ نیازهیچ پرسیارێکیشم لێ نەکرد. چونکە باش ئەمزانی کە درۆم لەگەڵ ئەکات راستیم پێ ناڵێت. بە هەر حاڵ بینینی پەیمان زۆر تووشی دوودڵی کردم. لە بەر خۆمەوە ئەموت:

ـ بۆ ئەبێت لەو کاتەدا کە من بۆ یەکەم جار لەگەڵ کامەراندا بەڕێگادا بڕۆم تەنها بۆ دوو هەنگاو ئەبێت پەیمان ببینم؟! کێ ناڵێت ئەویش منی نەبینەوە؟ خۆ زۆر لێمانەوە نزیک بوو! ئەی ئەگەر ئەو ئێمەی بینیبێت؟ تۆ بڵێی بە نیاز نەڵێت؟

من ئەم پرسیارانەم لە خۆم ئەکرد. هێشتا بە جلەکانی قوتابخانەوە بووم. لە پڕێکدا گوێم لە دەنگی دایکم بوو. بانگی لێ کردم. منیش خێرا چووم بە دەنگ دایکمەوە. وتم:

ـ دایکە ئەوە تۆ لە ماڵ بوویت، کە من هاتمەوە؟

دایکم وتی:

ـ نا وەڵا رۆڵە. منیش هەر ئێستا دوای تۆ گەیشتمەوە.

وتم:

ـ ئەی تۆ منت نەبینی، کە دابەزیم لە پاسەکە؟

دایکم وتی:

ـ نا... پاسی چی؟ ئینجا بۆ ماشاللە باران ئەهێڵێت هیچ ببینیت؟ من لە ماڵی مەلیحە خانی دراوسێمان بووم. تۆزێک ناساغە. عەمەلیاتی ریخۆڵەکوێرەی بۆ کراوە. وتم:

ـ تا کەس لە مەکتەب نەهاتۆتەوە بابچم بە پەلە سەرێک لەو ژنە بەم.
کە دایکم وای وت، تۆزێک هاتمەوە سەرخۆم. زۆر ترسابووم لەوەی دایکم بینیبێتمی. ئیتر من چووم جلەکانی قوتابخانەم بگۆڕم. ڕۆیشتمە سەرەوە. لە خەیاڵی قسەکانی کامەراندا بووم. دایکم بانگی لێ کردمەوە. وتی:
ـ بنار؟ دە کچم وەرە خوارەوە با نانی نیوەڕۆ حازرکەین. ئەوە ئەڵێیت برسیت نییە؟
خێرا بە ئاگا هاتمەوە. ڕۆیشتمە خوارەوە.
ـ دایکم وتی:
ـ بنار؟ ئەو چەترە گەورەیە هینی کێیە؟ ئێمە چەتری وا گەورەمان نیە.
منیش وتم:
ـ چەتری منە، هاوڕێیەکم لە پاسەکە لە بیری چوو. من هێنامەوە. دایکم وتی:
ـ ئەو چەترە گەورەیە، خۆ ئەوە بەشی سێ کەس ئەکات.
من ئیتر هیچم نەوت. رویشتم خۆم بە ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆوە خەریک کرد. تەنها منو دایکمو نیاز بووین. من خۆم ئامادەکردبوو، ئەگەر نیاز شتێکی زانیبێت، پرسیارم لێ بکات بڵێم چی؟ دایکم یاپڕاخێکی تێکەڵی دروست کردبوو. ئەوەنە جوان، بۆن خۆش بوو. پڕ بوو لە باینجان، کولەکە، سلقی زۆرو پیازو پەتاتە. ئینجا پڕ لە پەراسوو، پاقلەی دەنک گەورە. بەڵام من هەر نەمزانی تامی چی ئەدات. ئەوەندە ئەترسام. دایکم وتی:
ـ بنار؟ تاقیکردنەوەکەت چۆن بوو؟
وتم:
ـ زۆر باش بووم، سوپاس بۆ خوا پرسیارەکان ئاسان بوو.

لە پڕێکا، نیاز هەڵیدایەو وتی:

ـ مانای وایە ئیمساڵ یەکەم ئەبیت. وا نییە؟

وتم:

ـ ئیمساڵ یەکەمو دووەمی نییە. بە نمرەی بەرزو نزمە.

ئینجا نیاز وتی:

ـ من مەبەستم نمرەی بەرزە. بە تەمای شوینی باشیت؟

وتم:

ـ خوا بکات. زۆرم حەز لێیە ببم بە پارێزەر.

نیاز قاقایەکی لێداو وتی:

ـ چی؟ بۆ پارێزەر؟ دە دانیشە بابە.. پارێزەر..

منیش رووم تێکرد. وتم:

ـ بۆ نا؟ من چیم کەمترە لە وانەی بوون بە پارێزەر. منیش وەکو ئەوانم. ئەگەر باشتریش نەبم.

نیاز ئەمجارەش پێکەنی. وتی:

ـ ئیمرۆ بنار قسەی خۆشمان بۆ ئەکات.

وتی:

ـ کچم بەرز مەفرە با نزم نەنیشیتەوە.

وتم:

ـ ئەگەر بمەوێت ببم بە پارێزەر، مانای وایە بەرز ئەفرم؟

وتی:

ـ بەڵێ برۆ بۆ خۆت ببە بە مامۆستا.

دایکیشم روی کردە نیاز بەتورەییەوە وتی:

ـ ئەوە تۆ بۆ وا ئەڵێیت؟ لە باتی ئەوەی پاڵی پێوە بنێیت یان پشتگیریی لێ بکەیت؟ ئینجا چییە مامۆستا خراپی چییە؟ باشترین ئیشە. ئەوەی کە تۆ

زۆر بە گرنگی ئەزانیت مامۆستا وانەی خویندنی ژیانی فێر ئەکات. بۆچی لە توانای خوشکەکەت کەمئەکەیتەوە؟ تۆ چۆن برایەکیت؟ نیاز هەستایە سەر پێ. وتی:

ـ دە باشە. یاخوا ببیت بە دکتۆرە. بۆچی بە قسەی من ئەبێت؟ بەخوا ئێوەش سەیرن...!

من هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. بەڵام بڕیارمدا کە ئەبێت من هەموو هەوڵو کۆششێکم بۆ ئەوە بێت کە ببم بە پارێزەر. ئێوارە نازدار گەڕایەوە لە زانکۆ من هێشتا دوودڵی ئەوە بووم، کە ئەگەر یەکێک منی دیبێت لەگەڵ کامەران. بەڵام کەس تا ئەو کاتە هیچی نەوتبوو. دوو هەفتەی پشوومان تەواو کرد. من تەنها جارێک توانیم قسە لەگەڵ کامەران بکەم. ئەویش کاتێک کە خونچەی خوشکم چاوەدێریی بۆ ئەکردم تەنها خونچە ئەیزانی کە من قسە لەگەڵ کامەران ئەکەم.

یەکەم رۆژی دەستپێکردنەوەی قوتابخانەمان بوو. دوای پشووی نیوەی ساڵ، کاتێک ئەگەڕامەوە لە قوتابخانە، کامەران بە هەمان شێوە چاوەڕوانی ئەکردم. لە شوێنێک نزیک ماڵی خۆمان. کە لە پاسەکە دابەزیم. خێرا بەرەو رووم هات بە زەردەخەنە ئەفسوناویەکەیەوە. زۆر بە نەرمی هەنگاوی ئەنا. پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی، کراسێکی رەش، چاکەتێکی خۆڵەمێشی لەبەردا بوو، لە بەر چاوی من کامەران تەنها کوڕ بوو. لە دڵی مندا قۆزترین کوڕ بوو لە هەموو جیهاندا. جگە لەو هەموو شەنگو شۆخێتیەی، کە هەی بوو. کامەران رەوشتی پیاوانە بوو، ئەوەش زیاتر سەرنجی منی رائەکێشا. تاکو ئەو کاتەی من شارەزای بووم. کامەران تاقانە بوو لە دڵی مندا. هەرکاتێک من بەرەو رووی ئەچووم، هەست وهۆشم بەجۆرێک ئەگۆڕا، وامئەزانی تەنها خۆمو ئەوین لە ناو باخو گوڵو گوڵزارێکداین، کە تەنها یەکتر ئەبینین. چوار دەورمان پڕە لە هەمە جۆر بولبول‌و باڵندەی رەنگاو رەنگ. ئەو کاتانە ژیانم بە جۆرێکی‌تر ئەبینی، هەموو شتێکم بە جوانترین شێوە ئەبینی. رەنگەکان تۆختر ئەبوون، دەنگەکان خۆشتر ئەبوون. دڵم هەر وەکو باڵندەیەکی سەرکوت خەرێک بوو ئەفڕی. ئەو کاتانە ژیان پڕ مانا بوو، ئەو کاتانە حەزم ئەکرد چرکە نەڕوات. کات بوەستێت، چاو نەتروکێت، هەناسەم بگرم نەوەکا دڵم بفڕێت. کاتێک ئەهاتمەوە هۆش خۆم، کە ئەو بانگی ئەکردم. بانگی کردم. وتی:

- بنار.. زۆرم بیر کردیت. حەزم کرد بە تەنها بت بینم. تۆزێک قسە بکەین.

وتم:

- منیش بیرم کردیت، بەڵام بە خوا من زۆر ئەترسم یەکێک بمانبینێت. ئەوسا تووشی گیرو گرفتی زۆرببین.

کامەران وتی:

ـ من هەر ویستم هەواڵت بزانم، بزانم نمرەکانت چۆن بوو؟ خۆ ئێمە ناتوانین زوو زوو تەلەفۆن بۆ یەکتر بکەین. من قسەم زۆرە ئەمەوێت پێت بڵێم. بنار تۆ ئەزانیت من چەندم تۆ خۆش ئەوێت؟
لەو کاتەدا شەرمێکی زۆر گرتمیو سەرم داخست. لەبەر شەرمیی خۆم ویستم باسەکە بگۆڕم.
وتم:
ـ زۆر باش نەبووم. من ئەمەوێت نمرەی چاکم هەبێت. کە وام پێووت، کامەران سەیرێکی کردم. وەکو بڵێت ئەزانم ئەتەوێت باسەکە بگۆڕیت. زەردەخەنەیەک گرتی.
وتی:
ـ خەمت نەبێت. هێشتا کاتمان زۆرماوە بەڵام بۆ باش نەبوویت مێشکت بە چییەوە مەشغووڵە؟
سەیرێکم کرد. بەڵام نەمتوانی بڵێم گیانەکەم مێشکو دڵم هەمووی بە تۆوە مەشغووڵە. بۆ من ئەزانم خەوو خواردن چییە؟ بۆ من ئەزانم نووستن چییە؟ هەموو ژیانم بووە بە کامەران. ئەمویست پێی بڵێم تۆ بۆی بەو خوێنەی لە ناو دڵما دێتو دەچێت. بەڵام تەنها سەیرکردنی ئەو چاوانەی زمانی سڕکردبووم. هیچم بۆ نەئەوترا. ئەویش هەر سەیری ئەکردم. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:
ـ بنار، ئێستا شتێکم پێ وتیت. وەڵامت نەبوو! بۆ.. ناتەوێت پێم بڵێیت؟
وتم:
ـ نا.. ئێستا نا. کاتی خۆی پێت ئەڵێم.
ئەویش وا دیار بوو باش لە من تێگەیشت. ئینجا سەیرێکیترم کرد زۆر بە نازەوە. وتم:
ـ کامەران با لەوە زیاتر لێرەدا نەوەستین نەوەکا یەکێک بمانبینێت.

وتی:

- ده باشه گیانەکەم. ئاگاداری خۆتبەو دڵنیام بکه له هەواڵی خۆت. باشه؟

وتم:

- باشه جاری خوا حافیز.

ئیتر من کامەرانم جێ هێشت. تۆزێک ڕۆیشتم. له نزیک ماڵی خۆمان دایکمم بینی له بەر دەرگای ماڵەوه وەستابوو. من هەرگیز نەمبینی بوو دایکم له بەر دەرگا ڕابوەستێت. بۆیه دڵم زۆر ترسا ئەو کاتەی زانیم دایکم شتێکی زانیوه خێرا چوومه ژوورەوە. وتم:

- دایه گیان چۆنی.. باشی؟ ئەوە خێره وا لێره وەستاوی؟

دایکیشم تۆزێک روخساری ناتەواو بوو. وتی:

- بۆ نابێت؟ چاوەڕێی تۆم ئەکرد.

منیش هیچم نەوت. خێرا خۆم له بەر چاوی ون کرد. ڕۆیشتمه چێشتخانەکه. سەیرم کرد دوو مەنجەڵ چێشت له سەر تەباخەکەیه. سەری مەنجەڵێکم هەڵدایەوە. برنج بوو. دایکم له دوامەوه بوو. وتی:

- دیاره برسیته؟

وتم:

- بەڵێ زۆریش.

وتی:

- باشه، ئێستا نیازو خونچەش یەنەوە. تۆش خێرا بڕۆ جلەکانت بگۆڕە، وەره خوارەوە، با نان بخۆین ئێمەش برسیمانه.

وتم:

- ئەی چاوەڕوانی نازدار نەکەین؟

دایکم وتی:

ـ نازداری چی؟ ئەمڕۆ لەوانەیە درەنگتریش بێتەوە. باوکی هاوڕێیەکیان ئەمری خوای کردووە، لەگەڵ هەموو هاوڕێکانیتری ئەچن بۆ تەعزێ.
گەیشتمە ژوورەکەی خۆمان. خێرا جلەکانم داکەند. چوومەوە خوارەوە بۆ چێشتخانەکە. دایکم خەریک بوو خواردنەکانی ئامادە ئەکرد. منیش دەستم دایە قاپەکان بیخەمە سەر سفرەکە. وتم:
ـ وەڵا باشە، ئەوە نازداریش فێری تەعزی چوون بوو. بوو بە سەرەژن.
دایکم وتی:
ـ ئێ کچم ژیان وایە. لە پێشا منالّی، دوایی گەورە ئەبیت، ئینجا پیر ئەبیت. جاران باوکم ئەیوت؛ لە گەنجی بۆ پیری، لە پیری بۆ مردن.
وتم:
ـ نا توخوا دایکە باسی ئەوەیان مەکە. من لە مردن ئەترسم.
هەر لەو کاتەدا نیاز خۆی کرد بە مالاّ. دوا بە دوای ئەویش خونچە. بەڵام دەموچاوی خونچە زۆر پەشۆکابوو. هیچی نەوت. خێرا خۆی گەیاندە ژووری سەرەوە. خواردن ئامادە بوو. دایکم چەند بانگی کرد بەڵام خونچە وەڵامی نەبوو. ئینجا دایکم رووی کردە من وتی:
ـ بنار گیان، ئادەی کچم بڕۆ بزانە خونچە بۆ نایەتە خوارەوە چییەتی؟
نیاز وتی:
ـ لە پاسەکەیا بوو لەگەڵ من، کەچی بینیم ئەگریا. کە دابەزین پرسیارم لێ کرد. هیچ وەڵامی منیشی نەدایەوە. وابزانم یەکێک دوای کەوتبوو. پێشم وت: پێم بڵێ کێیە، با بچم قەپۆزی بۆ خوارکەم. یان وەکو مزراح بە شەق بیخولێنمەوە.
دایکیشم سەیرێکی کرد. وتی:
ـ دە بەسە فشە فش. لێمان بوویت بە فس فس پاڵەوان، هەتیو بەرگەی شەقێک ناگری. کێ ئەڵێت لە مەکتەب تووشی موشکیلە نەبووە؟

منیش لەولاوە وتم:
ـ نیاز ئەوە تۆ بۆ هەموو کات مێشکت بۆ شتی خراپ ئەڕوات؟
نیاز وتی:
ـ ئێ وایە. من ئەزانم. موعەدەل بەردەرگای مەکتەبی کچان پڕە لە کوڕ. ئەوەستن تاکو دوایان کەون. لەوانەیە خونچەش یەکێک دوای کەوتبێت؟
منیش وتم:
ـ ئینجا ئەگەر واش بێت ئەوە گریانی بۆچییە؟
دایکم وتی:
ـ دە لە جیاتیی ئەو هەموو قسەیە، هەستە بڕۆ بزانە خوشکەکەت چییەتی!
وتم:
ـ باشە، با لە نانخواردن تەواو بم، ئەچم. جارێ با ئەویش تۆزێک ئارام بێتەوە.
هەر زوو، کە لە نان خواردن، بووینەوە قاپێک چێشتم تێ کرد، ویستم بڕۆم بۆ سەرەوە. دایکم وتی:
ـ خواردنی بۆ مەبە. جارێ بڕۆ بزانە چییەتی؟ دوایی بیهێنەرە خوارەوە با نانەکەی لێرە بخوات.
وتم:
ـ باشە. تۆ بڕۆ ئیسراحەتێک بکە. خەمت نەمێت.
وەستام تاکو دایکم خۆی کرد بە ژووری نوستنەکەی خۆیاندا. منیش هەر زۆر بە پەلە بە قاپە چێشتەکەوە خۆم گەیاندە ژوورەکەی خۆمان، کە چووم سەیرم کرد خونچە زۆر بە کەساسی بەرامبەر ئاوێنەی دەرگای کەنتۆرەکە دانیشتبوو، سەیری خۆی ئەکرد. منیش بە هێواشی لێی نزیک بوومەوە. وتم
ـ خونچە گوڵ ئەوە چیتە؟ ئەڵێی بیری خۆت ئەکەیت. وا بەرامبەر ئەو ئاوێنەیە دانیشتوویت. پێکەنیم، وتم:

ـ چیتە؟ بۆ وا بێزاری؟ پێم بڵێ چی بووە؟
خونچە ئاوڕێکی لێدامەوە. ئینجا بە هێواشی هەڵستایە سەر پێ. وتی:
ـ هیچ نییە. هەر خۆم بێتاقەتم.
وتم:
ـ خونچە، خۆت ئەزانی من حەزم بە نازو نووز نییە. چیتە بیڵێ؟ من خوشکتم. ئەگەر بە من نەڵێیت، ئەی بە کێ ئەڵێیت؟ ها؟ دەی خێراکە. ئەوەش خواردنە بۆمهێناویت وەرە لامەوە دانیشە نانەکەت بخۆ قسەشم بۆ بکە. خۆ ئەگەر نەشمتوانی یارمەتیت بدەم، هەر هیچ نەبێت خەمەکە لە دڵت دەرئەچێت.
خونچە قسەکانمی بە دڵ بوو. دوای تۆزێک خۆهێنانو بردن وتی:
ـ ئەمڕۆ لە دەرسی عەرەبیدا ست ناهیدە داوای لێکردین ئینشایەک بنووسین.
وتم:
ـ ئێ، تا ئێرە باشە. ئینجا چی بوو ئینشاکەت نەزانی؟
خونچە وەستا. سەیرێکی کردم. وتی:
ـ ئێ.. دە بهێڵە قسە بکەم.
وتم:
ـ بەڵێ باشە، خاتون، فەرموو تەواوی کە. خواردنەکەشت بخۆ، با سارد نەبێتەوە.
خونچە بە قسەکەی من بزەیەک گرتی. وتی:
ـ من خەریک بووم بیرم ئەکردەوە چۆن دەست پێبکەم. جارێ هیچم نەنووسیبوو، کەچی ست ناهیدە هەر سەیری ئەکردم. ئینجا دوای تۆزێک هاتە لامەوە راوەستا. هەر سەیری پەڕەکەی بەردەمی ئەکرد. لە پڕێکا وتی:

ـ خونچە، دەسرێکت پێیە؟
منیش نەمزانی بۆچییەتی؟ وتم:
ـ بەڵێ مامۆستا، پێمە.
وتی:
ـ دە باشە هەر ئێستا ئەو دەسرە بێنە بە لێوتا ئەو سووراوەی لێ بکەرەوە.
منیش سەرێکم بەرز کردەوە. بە سەرسوڕمانێکەوە وتم:
ـ من؟ لەگەڵ منتە؟
ست ناهیدە بە دەنگێکی زۆر بەرزو بە تووڕەیەکەوە وتی:
ـ بەڵێ لەگەڵ تۆمە.
منیش وتم:
ـ باشە خونچە، ئەی تۆ چیت بە ست ناهیدە وت؟
خونچە رووی کردە منو وتی:
ـ بنار گیان، ست ناهیدە قسەکەی زۆر بە دەنگی بەرز وت، بە جۆرێک هەموو قوتابییەکان گوێیان لێ بوو. هەموو ئاوڕیان دایەوەو سەیری منیان کرد. منیش وتم:
ـ مامۆستا، بەخوا سووراوم نەکردووە.
کەچی پێی وتم:
ـ درۆش ئەکەیت؟ هەر ئێستا بیسڕە. دەی.. هەر ئێستا ئەگەر درۆ ناکەیت.
کاتێک، کە خونچە ئەوەی بۆ گێڕامەوە، زۆر لام سەیر نەبوو، چونکە خۆشم هەمان شتم بە سەر هاتبوو. بەڵام لەگەڵ مامۆستایەکی‌تر. زۆرم خەفەت خوارد بۆ خونچە. چونکە ئەزانم لەو کاتەدا هەستی بەچی کردبوو.
وتم:
ـ خونچە گیان، دەسرەکەت هێنا بە لێوە جوانەکانتا؟

خونچە وتی:

ـ بەڵی دەسرەکەشم بەرز کردەوە پیشانی قوتابییەکانم دا، ئینجا دەستم کرد بە گریان. دەسرەکەشم دا بە خۆی، بەست ناهیدە. کەچی هیچی نەوت. ئیتر رۆیشت چووە لای تەختە رەشەکەوە وەستا. بەڵام من هیچم بۆ وەڵام نەدرایەوە، نەمتوانی یەک وشە بنووسم. زۆر تەریق بوومەوە. زۆرم شەرم کرد، پەڕە ئینشاکەشم هەروا دایە دەستی. ئەزانم بەیانی یەک سفری گەورەم ئەداتێ. من ئەزانم ئەو مامۆستایە منی خۆش ناوێت.

وتم:

ـ خونچە گیان ئەو مامۆستایە، ئیشی ئەوە نییە قوتابیی خۆش بوێت، یان رقی لێی بێت. ئەو ئیشی ئەوەیە وانەی تازەتان فێر بکات. بەڵام دایکم بەیانی لەگەڵ ئەو هەموو ئیشو کارەی کە هەیەتی ئەوا ئیشێکی تریشی بۆ دروست بوو.

خونچە وتی:

ـ ئینجا ئەوە پەیوەندیی بە مەوزوعی منەوە چییە؟

وتم:

ـ بەڵێ پەیوەندیی زۆرە. بەیانی دایکم ئەبێت بچێت بۆ لای ست سەعدیەی بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی ئەو باسەی تێبگەیەنێت. تۆش خواردنەکەت تەواو بکە. هیچ خەمت نەبێت. ئەو شتانە هیچ کێشە نین. ست ناهیدە ئافرەتێکی دڵ پڕ لە رقە. دڵی خۆش نییە، لەبەر ئەوە حەز ناکات کەسیش دڵی خۆش بێت.

پاشان چوومە خوارەوە بۆ لای دایکم. دایکم خەریک بوو خۆی ئامادە ئەکرد بڕوات بۆماڵی نەنە حەلاو. پرسیاری لێکردم. وتی:

ـ بنار؟ زانیت خونچە چییەتی؟ بۆ گریا؟

وتم:

- بەڵێ زانیم.

ئیتر هەموویم بۆ دایکم گێڕایەوە. دایکم زۆر تووڕە بوو. زۆریشی پێ ناخۆش بوو. وتی:

- چۆن ئەتوانێت کچی من بەو شێوەیە بشکێنێت لەبەردەم هاوڕێکانی؟ بە چی هەقێک؟

وتم:

- دایکە بەیانی بچۆ بۆ قوتابخانە بۆ لای بەڕێوەبەر، شکاتی لێ بکە.

دایکم وتی:

- ئینجا بەیانی بۆ؟ ئێستا ئەچم. خۆ ست سەعدیەی بەڕێوەبەر ناسیاوە. خزمیشە. ئەگەر ئێستا نەچم، بەو خوایە تا بەیانی دڵم ئەتەقێ. بۆ کچەکەی من یەعنی تەربییەتی نییە؟ کەی من سووراو بەکار ئەهێنم تاکو ئێوە بەکاری بهێنن. ئەیەڕۆ! هەموو رۆژ خونچە بە بەردەمی خۆما ئەڕواتە دەرەوە. من سووراوم نییە. ئیتر خونچە لە کوێی بوو؟ شەرت بێت ئێستا بڕۆم، بەقوربانی ئەبم ست ناهیدە وا بە کچی من بکات؟ ئەیەڕۆ کەسیش نا خونچە؟

وتم:

- دایکە ئێستا مەچۆ. بەیانی بچۆ بۆ قوتابخانە.

دایکم وتی:

- بەو خوایە بنار گیان، ئەمشەو خەوم لێناکەوێت. هێشتا زووە، کات زۆری ماوە باوکت بێتەوە. تۆ ئاگات لە مناڵەکان بێت. کە هاتنەوە لە مەکتەب خواردنیان بەرێ. سەعیشیان پێ بکە. منیش تازە ناڕۆم بۆ ماڵی باوکم. باشە کچم؟

وتم:

- بڕۆ دایکە، خوات لەگەڵ.

## - ١٧ -

دوای چەند کاتژمێرێک، وردە وردە باوکمو نـازدارو منالآن هەموو هاتنەوە. بەڵام دایکم هێشتا نەهاتبووەوە. هەر کامێکیان خۆیان ئەکرد بە ماڵدا، هەواڵی دایکمیان ئەپرسی:

ـ ئەوە دایکم لە کویە؟

منیش هەر ئەوەندەم ئەوت:

ـ تۆزێکی، کە یەتەوە.

بەڵام باوکم بڕیاری دابوو نانی ئێوارە نەخوات تاکو دایکم ئەگەڕێتەوە. منیش لە راستیدا زۆر دڵم لە مەراقدا بوو. چونکە دایکم زۆری پێچووبوو. دوا جار، باوکم بانگی کردمە ژووری دانیشتنەکە. وتی:

ـ بنار؟ رۆڵە دایکت بۆ ئەوەنەی پێ چوو؟ تۆ بڵێی ئەو ژنە چی بە سەر هاتبێت؟ منیش وتم:

ـ باوکە، خەمت نەبێت ئێستا یەتەوە. ئەگەر برسیتە باسفرە حازر کەین. باوکم بە دوودڵیەکەوە وتی:

ـ دە باشە رۆڵە خەریک بن، بەخوا من زۆرم برسیە. وادیار بوو هەموو چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد. خێرا نازدار ونەشمیل دەستیان کرد بەسفرە ئامادە کـردن. نەوژینو هاوژین سەیری تلفیزیونیان ئەکرد. منیش لە موبەقەکە خەریکی چێشت تێکردن بووم. دایکم خۆی کرد بە ماڵا. بەڵام رووی خۆش بوو. وا دیار بوو لە ئیشەکەیدا سەرکەوتوو بوو. دایکم عەباکەی لە سەری داگرت. بەرەو ژووری دانیشتنەکە رۆیشت. باوکم هەر، کە چاوی بە دایکم کەوت، وەکو گوڵ گەشایەوە. وتی:

ـ ئەرێ ئافرەت؟ ئەوە تۆ لە کوێ بوویت؟ خۆ دڵمان کەوتە خوارەوە!

دایکیشم بە خۆ بایانێکەوە، وەکو بڵێت ئیشەکەم تـەواو سەری گرت، چووە لای باوکمەوە. وتی:

ـ تۆزێ سەبر بگرە هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم. ئینجا دایکم تۆزێک سەری ئەم لاو ئەولای خۆی کرد دەنگی بەرزکردەوە. وتی:
ـ ئەوە خونچە کوا؟ ئەترسم هێشتا هەرلەسەرەوە بێت! باوکم وتی:
ـ نازانم. من خونچەم هێشتا نەبینیوە. هەرنەشی وت، باوکە بەخێربێیتەوە.
ئێمە ئەبوایە هەموو بەیانیەک کە باوکم ئەڕۆیش بۆ بازار پێمان بووتایە باوکە خواحافیزت بێت. کە هاتیشەوە بۆ ماڵەوە پێمان بووتایە بەخێر بێیتەوە. بەڵام وا دیار بوو خونچە هێشتا غەمباری کارەساتەکەی مەکتەبی بوو. بۆیە لە ژوورەکەی سەرەوە خۆی عاسی کردبوو. پاش تۆزێک خونچە بە هێواشی بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە. دایکم دەستی بۆ راوەشاندو بانگی کرد. وتی:
ـ وەرە کچم دانیشە نانەکەت بخۆ. دوایی رووی کردە باوکمو وتی:
ـ ساڵح گیان، جارێ تۆش نانەکەت بخۆ هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم. دایکم سەرەتا باسی کرد کە ست ناهیدە ئەمڕۆ لە پۆلدا چیی بە خونچە وتووە. باوکیشم هەر زۆر بێ سەبرانە گوێی گرتبوو. چاوەرێ بوو دایکم لە قسەکانی بێتەوە. ئینجا دایکم باسی کرد کە هەموو شتێکی گەیاندۆتە جەنابی بەڕێوەبەر. ئەویش زۆری پێ ناخۆش بووە، کە ئەو مامۆستایە بەو جۆرە رەفتاری لەگەڵ خونچە کردووە. لەبەر ئەوەی خونچە قوتابییەکی زیرەکو رەوشت جوانە، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەبووە. هەموو زۆر لێی رازین. بە دایکمی وتبوو بەیانی قسە لەگەڵ مامۆستاکەی ئەکات ئەبێت لەبەردەمی هەموو قوتابییەکاندا باسی خونچە بکات. کە چەند قوتابییەکی بەرێزە زیرەکە رەوشت بەرزە.
باوکم وتی:

ـ دەستت خۆش بێت. چاکت کرد. ئێمە خۆمان بەرپرسیارین لە بەخێوکردنی منداڵمان نەک ست ناهیدە. ئەگەر منداڵەکەمان هەڵەیەکی کرد، بە خۆمان بڵێن چارەسەری بکەین. ئەوە ئیشی ئێمەیە.

خونچە ئەو کاتە تەمەنی شانزە ساڵ بوو. لە پۆلی چواری گشتی بوو. قوتابییەکی زۆر زیرەکو بە توانا بوو. هەموو هاوڕێکانی خۆشیان ئەویست. هەتا بڵێیت لە سەر خۆو ئاقڵ بوو. بەڵام لە ئیشکردنی ناوماڵدا تاقەتی نەبوو. کاتێک منداڵ بوو، زۆر گورج بوو، حەزی لە ئیشی ماڵ بوو. بەڵام تا گەورەتر ئەبوو، زیاتر گوێی بە وانەکانی ئەدا. زیاتر حەزی لە خوێندن ئەبوو. باڵا بەرزو چاو رەشو خوێن گەرم بوو. قژێکی رەشو خاوی هەبوو. هەموو کات لێوی ئاڵو روومەت پەمەیی بوو. کەمێک گۆشەگیر بوو. زۆر جار خۆی جیا ئەکردەوە. تێکەڵمان نەئەبوو. لە هەمووومان جوانتر بوو. هەندێک جار هەستم ئەکرد، لەبەر ئەوەی سێیەم کچ بوو لە ریزدا. بۆیە زۆر گوێی بە کاری ناوماڵ نەئەدا. هەموو کات، دایکمو من زۆرترین ئەرکمان خستبووە سەرشانمان. خوشکێکی دڵسۆزیش بوو. خاوەن هەستێکی قووڵ بوو، کە زۆر جار تەنانەت دایکیشم لێی تێنەئەگەیشت.

دوای چەند مانگیک لە کۆشش کردنی زۆرو خۆ ماندووکردنی زیاتر، جیایان کردینەوە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ. من نمرەکانم زۆر باش بوو. ئەو رۆژەی کە هاتمەوە بۆ ماڵەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی نەچوومە دەرەوە تاکو یەکەم رۆژی دەستپێکردنی تاقیکردنەوە. هەموو کاتەکە هەر لە ماڵەوە خەریکی کۆششکردن بووم. یەکەم رۆژ دەستمان بە تاقیکردنەوە کرد. رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو. هەر، کە گەیشتمە بەردەرگای قوتابخانە بەو بەیانییە زووە دوو ئاسایشی حیزبی بەعس دوو قوتابیی پۆلی شەشیان لە قوتابخانەکەوە بە بەر چاوی ئێمەوە راپێچ کردو بردیان. کەس نەیزانی بۆ کوییان بردن. دوو کوڕی گەنج وەکو ئێمە هاتبوون بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی شەشەم. تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی شەشەمم لەگەڵ دواناوەندیی سلێمانی کوڕاندا بوو. تەنها یەک پۆل بوو. چونکە هەموو قوتابخانەکان پڕببوون. ئێمە جێگەمان بۆ نەمابوو. ئەو رۆژ نەک بە تەنها بۆ من بەڵکو بۆهەموو قوتابییەکانی کە لە هەمان پۆلدا بوین رۆژێکی ناخۆش بوو. هەموو رۆژێک دوای تاقیکردنەوە کە ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە نمرەم بۆ خۆم دائەنا. هەندێک جار باش. هەندێک جاریش زۆر باش. من لە راستیدا هەوڵی خۆم ئەدا. بە زیادیشەوە. زۆر هیلاک ئەبووم. تەنانەت دایکمو نازداری خوشکیشم لەگەڵما ماندوو ئەبوون. من دڵم بەوە خۆش بوو کاتێک، کە نمرەکەم وەرگرت، دڵی دایکمو باوکم خۆش کرد، هەموو هیلاکیەکەیان بیر ئەچێتەوە. چونکە من هەستم بەو ماندوو بونەی ئەوان ئەکرد. هەر منیش هەستم بەو خۆشیەی ئەوان ئەکرد. هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوان بوو، کە دڵیان خۆش بکەم تاکوو شانازیم پێوە بکەن، سەریان بەرز بکەمەوە. بەڵام زۆر جار باری کۆمەڵایەتیی خیزانەکەمان، ئاژاوەو ناڕێکی ناڕەحەتی ئەکردم. زۆر

جاریش ئازاری دەروونی ئەوەندە زۆری بۆ ئەهێنام تەنانەت لە قوتابخانە هەموو شتێکم بیر ئەچووەوە. ئەمە بێجگە لە باری سیاسی کە زۆر کاریگەریی گەورەی کردبووە سەر توانایی بیرکردنەوەو دروستکردنی ترس‌و دوودڵی لە ناخماندا. زۆربەی جار بە شەو پێشمەرگە دائەبەزینە ناو شار بۆ زەبر وەشاندن لە چەتەکانی رژێمی بەعس. ئەیانکرد بە تەقەو تۆق‌و فەرتەنەیەک، ئەوەی کە هەموو رۆژەکە ئەمانخویندەوەو تاکو بەیانی پێوەی ماندوو ئەبووین، لە ترساندا لە مێشکمان ئەهاتە دەرەوەو هەموویمان بیر ئەچووەوە. ئەمە چەند جارێک لامان دووبارە ئەبووەوە. بەڵام من هەرگیز نەم ئەویست کۆڵ بدەم. ئەوەی ئەمویست بیکەم ئەبووایە بمکردایە. هەموو کات بە خۆمم ئەوت:

ـ ئەگەر پێشمەرگەکانمان گیانی خۆیان بخەنە سەر دەستیان. بە شەوی ساردو تاریک، بەشەوی بەفرو رەشەبا گیانی خۆیان بخەنە سەردەستیان بێنە ناوشار بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم دڕندانە لە پێناوی رزگاری‌وسەربەستی بۆ کوردوستان. ئەی بۆ من نەتوانم لە ماڵی گەرم، لە بەر رووناکیی گڵۆپدا کۆشش بکەم؟ بەم جۆرە خۆم ورەم بە خۆم ئەدا کە هەتا توانایيم هەبێت نەهێڵم دوودڵی‌و ترس بەسەر مێشک‌و دڵما زاڵ ببن .

## - ١٩ -

تاقی کردنەوەی کۆتایی پۆلی شەش تەواو بوو. ئەو ڕۆژە کە گەڕامە ماڵەوە. زۆر ماندووبووم. دایکم خواردنێکی زۆر خۆشی لێنابوو. هەر، کە گەیشتمە ماڵەوە، دایکم لە ناو دەرگای حەوشەکەدا چاوەڕێی ئەکردم. پێی وتم:

- کچی خۆم بەخێربێیتەوە، ئەوە تاقیکردنەوەش تەواو. ئینجا ئێستا وەرە نانێکی باش بخۆ بە بێ دوودڵی وپەلە پەل. دوایی بڕۆ بۆ خۆت بخەوە. کەس نایەت بە لاتا بۆ ئەوەی لەخەو راتپەڕێنی بڵێ هەستە سەعیەکەت بکە. تۆئێستا پێویستیت بە پشووە چونکە ئەزانم چەند ماندوویت!

منیش وتم:

- ئەی بزانم پرسیارت نەکرد چۆنم وەڵام داوەتەوە؟ باش بووم؟ باش نەبووم؟

دایکم وتی:

- نا.. پێویست بە پرسیار ناکات، چونکە تۆ ئەوەندە خۆت ماندوو کردووە هەر چۆنێک وەڵامت دابێتەوە، گلەییت لە سەر نییە. نمرەکەشت هەرچەندێک بێت موشکیلە نیە.

زۆر دڵم بە وەڵامەکەی دایکم خۆش بوو، زەردەخەنەیەک گرتمی. زانیم دایکم متمانەی بە منە، کە ئەتوانم پاشەڕۆژێکی باش بۆ خۆم دروست بکەم. ئەوەی کە من مەبەستم بوو بیکەم، ئەوە بوو دڵی دایکو باوکم خۆش بکەم.

چەند هەفتەیەک بە سەر تاقیکردنەوەکانماندا تێپەڕی. سەر لە بەیانییەکیان. کاتژمێر نۆو نیوی سەر لە بەیانی بوو. زەنگی تەلەفۆنەکەمان لێی دا. ئەوکاتە من لە مووبەق خەریکی پیاڵە شتن بووم. دایکیشم خەریکی

لێنانی شلەی کولەکە بوو. کە گوێم لە زەنگی تەلەفۆنەکە بوو. وازم لە پیاڵە شتتن هێنا، رامکرد وەڵامـی تەلەفۆنەکە بدەمـەوە. بە دەم ڕاکردنەوەوە هاوارم کرد. وتم:

ـ نمرەکانمان هات، بە خوا نمرەکانمان هات!

ئینجا خێرا تەلەفۆنەکەم هەڵگرتو وتم:

ـ بەڵێ؟!

دەنگێک بوو. وتی:

ـ بنار؟ چۆنی باشی؟ وتم:

بەڵێ کێی جەنابت؟

وتی :

ـ جوانم، جوان. ئەوە چیتە دەنگم ناناسیتەوە؟ خێرا هەر ئێستا وەرە بۆ قوتابخانە نمرەکانمان گەیشتووە. منیش لەوێ چاوەڕێت ئەکەم.

وتم:

ـ جوان گیان بە راستە؟ زۆر باشە. هەر ئێستا دێم.

خێرا بە راکردن هەر دوو پلیکانەم بە یەکێک ئەبڕی. هەر بۆ ئەوەی زوو بگەمە ژوورەکەی سەرەوە هەتا خۆم بە پەلە بگۆڕم. خۆم ئامادە کرد. بەوەنەی یەکو دوو، هاتمە خوارەوە.

دایکم بانگی لێ کردم. وتی:

ـ بنار؟ ئەوە کێ بوو؟ چی بوو رۆڵە؟ بۆ وا شپرزە بوویت؟

منیش هەر راکەڕاکەم بوو. خێرا بڕۆم زوو بگەمە قوتابخانە. تاکێکی پێڵاوەکەم لە پێ کردبوو. تاکێکیشی هێشتا هەر بەدەستمەوە بوو. دایکم وازی نەهێنا هەتا بەر دەرگای حەوشە دوامکەوت. وتم:

ـ دایکی خۆشەویستم، ئەچم بۆ قوتابخانە. نمرەکانمان گەیشتووە.

دایکیشم وتی:

ـ ئۆخەی! ئێ دەوابڵێ رۆڵـە.. ئیتر لەم دوودڵییە رزگارمان ئەبێت. انشاءالله بە دڵی خۆش ئەگەڕێیتەوە. نمرەکانت بە دڵی خۆت ئەبێت. بنار گیان. ئەگەر خوانەخواستە واش نەبوو، ئەوە هیچ خۆت بێتاقەت مەکە. تۆ هەوڵی خۆتت داوە. پشت بە خوا نائومێد نابیت.

کاتێک گەیشتمە قوتابخانە، هەر منی لێ نەبووم. هەموو هاوڕێکانم لەوێ لە ژووری بەڕێوەبەر نیوەی دانیشتبوون نیوەیشیان بە پێوە بوون. هەموو دوودڵو رەنگ هەڵبزڕکاو ترساوو دیار بوون. بیستبوویان کە نمرەی زۆر نەهاتووە. منیش وەک دایکم وتی، نەمئەویست خۆم بێتاقەت بکەم. هەموو بێدەنگ دانیشتبووین چاوەڕێی بەڕیوەبەرمان ئەکرد. زۆر بێ ئارام بووین.

## ـ ٢٠ ـ

بنار لێرەدا پێی وتم:

ـ فێنک گیان، با لێرەدا تاوێک بوەستین. ئەوەیتر هەڵئەگرین بۆ چەند ڕۆژێکیتر. ئیمڕۆ زۆرمان باس کرد. ئەزانم تۆش زۆر ماندو بوویت.

وتم:

ـ بنار گیان هەموو باسکردنیکی رابردو ئەگەر خۆش بێت یان ناخۆش ئازاری خۆی هەیە. بیرەوەرییەکانی تۆش زۆربەی وەکو خواردنەوەی پەردخیکی تێکەڵ لە ژەهرو هەنگوین وایە. جا بنار گیان، بە دڵی خۆت. چەندت پێ خۆشە؟ چۆنت پی خۆشە وائەکەین ئەمڕۆ زۆرت باس کرد.

بنار وتی:

ـ زۆر سوپاست ئەکەم فێنکی دڵم. ئەم یادەوەرییانە هەستێکی نامۆیان لا دروست کردووم. زۆر جار حەز ئەکەم بگەڕێمەوە بۆکاتەکانی کە رابورد بۆ ئەوەی زۆر شت هەیە خۆزگە ئەخوازم بمتوانییایە بیانگۆڕم. بەڵام، ئاخ داخەکەم کە ناتوانم. ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکی سەیر بوون. ئەو ڕۆژانە بوون کە ڕۆیشتن. تێپەڕین.

وتم:

ـ بنار گیان، ڕۆژگار وایە کە ڕۆیشت ئەڕوات. هیچت بۆ جێناهێڵێت کات وەکو شمشێر وایە، نەیبڕیت، ئەو تۆ ئەبڕێت.

دوای چەند ڕۆژێک پەیوەندیم بە بنارەوە کرد. داوام لێکرد دانیشتنێکیتر بکەین. بەردەوام بێت بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی.

بەڵام بنار پێی وتم:

ـ فێنک گیان، تۆزێک ناساغم. جارێ تاکو باش نەبم، ناتوانم بتبینم.

هەر چەند هەوڵم دا تابزانم هۆی نەخۆشیەکەی چییە؟ بەڵام ئەو هیچی پێی نەوتم. تەنها وتی:

ـ هەرکات هەستم کرد باشم خۆم پەیوەندیت پێوە ئەکەم.
هەفتەیەک تێپەڕی. بنارپەیوەندی پێوە کردم وتی:
ـ فێنک گیان، ئەمڕۆ هەست ئەکەم باشترم، ئەگەر ئامادەی ئەمەوێت خۆم بێم بۆ ماڵتان، بۆ بەردەوام بوون لەسەر باسەکە. منیش خێرا پێخۆشحاڵی خۆم دەربڕی. بەڵام کاتێک بنار هات، چاوم پێیکەوت! بینیم ڕەنگی روخساری تەواو تێکچوو بوو. پرسیارم لێکرد. وتم:
ـ بنار گیان بۆچی وا بێ ڕەنگیت؟
بنار بەکزیەکەوە وتی:
ـ هیچ نییە، تۆزێک پاڵەپەستۆی خوێنم نزمە. ئەوەش هیچ کێشە نییە. زوو زوو ئاوم بۆبێنە. ئەبێت ئاو زۆر بخۆمەوە.
بنار زۆری پەلە بوو. وتی:
ـ دەی خوشکم، با دەست پێبکەین. ئەگەر ئامادەی. ئەگەر ئامادەش نیت ئەوا بۆ خۆمان ئەڕۆینە دەرەوە بۆ پیاسە.
وتم:
ـ بنار گیان من چاوەڕێی تۆم ئەکرد. زۆر بە پەرۆشم بۆ زانینی رووداوو بەسەرهاتەکانت. ئێستا قاوەیەکی خۆشت بۆ ئەکەم. ئیمڕۆ تۆزێک ساردە. وا بزانم قاوە خۆشە.
بنار وتی:
ـ کچێ تۆ دڵی دڵ. ئەوە چۆنت زانی من قاوەم حەزلێیە؟ پەرداخێک ئاویشت بیرنەچێت.
هەردووکمان پێکەنین. بە دەم قاوە خواردنەوەوە بنار دەستی کردەوە بە باسکردنی بەسەرهاتەکان.

## ـ ٢١ ـ

زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی بەڕێوەبەرمان کرد. دوای یەک کاتژمێر گەیشت. ئێمەش لەو کاتەدا، خەریک بوو لە تاو دوودڵی شەقمان ئەبرد. کەس قسەی بۆ نەئەکرا. خوا خوامان بوو بەڕێوەبەر زوو دەرکەوێت ورزگارمان بێت. هەر کە گەیشت هەموو لەبەری هەستاین. سەرەتا وتی:

ـ فەرموو دانیشن. ئێستا لە نمرەی بـەرزەوە دەسـت پێئەکەم. ئینجا سوپاسی کردین بۆ هەوڵدانمان. هیوای بۆ خواستین سەرکەوتوو بین لە ژیانماندا. پاشان دەستی کرد بە دابەشکردنی نمرەکان بە سەرماندا. من نمرەی خۆم وەرگرت. بە دڵم بوو. زۆر دڵم خۆش بوو. خێرا بێ وەستان ملی ڕێگام گرت لەگەڵ هاوڕێکانما بەرەوماڵەوە ڕۆیشتین. ئەمویست دوو باڵم هەبووایە بفڕیمایە بۆ ئەوەی بە زوترین کات بگەمە ماڵەوە. بە دایکم بڵێم دایکە گیان ئیتر دڵت خۆش بێت. منیش وەکو نازدار پاشەڕۆژێکم بۆ خۆم دیاری کرد.

که گەیشتمە ماڵەوە، دایکم لەبەردەرگا چاوەڕێی ئەکردم. تەماشام کرد ماڵی ئێمە پڕ بووە لە خزمو کەسوکار دۆستو دراوسێ. دایکم بە هەموو کەسوکاری وتبوو. هەموو دنیای لە من وروژانبوو ئەوانیش هاتبوون چاوەڕێی هەواڵی خۆشیان ئەکرد. منیش بە دەم پێکەنینەوە بەرەو ڕوی دایکم ڕۆیشتم. وتم:

ـ دایکە گیان، نمرەکەم بە دڵی تۆیە.

دایکم لەخۆشیا هاتە پێشەوەو باوەشێکی پیاکردم. هاواری کرد وتی:

ـ سوپاس بۆ تۆ خوایە گیان، لێت بەزیاد بێت. شوکور تۆش خەمت نەما. دایکم خێرا خێرا ماچی ئەکردم. ئەوەی لە ماڵی ئێمە بوو ئەو ڕۆژە هەمووی

رای کردە دەرەوە. وایان ئەزانی بەڵگە نامەی دکتۆرام وەرگرتوە! دایکم و خوشکەکانم هەرچی لەوێ بووهەموو باوەشیان پیاکردم پیرۆزباییان لێئەکردم. هەموو ئاسودەو ئارام بوون. دڵیان بۆ من خۆشبوو. پێئەکەنین قسەی خۆشیان ئەکرد. تەنها من نەبێت! هەر ئەهاتمو ئەچووم. نەمئەتوانی لە هیچ شوێنێکدا جێ بە خۆم بگرم. هێشتا زۆر دوودڵ بووم چونکە؛ هەواڵی کامەران نەبوو. نەمئەزانی کە نمرەکانی ئەویش چۆن بوون! ئاخۆ دەرچوبێت؟ ئەگەر دەرچوبێت، ئەبێت نمرەی چەندی هێنابێت؟ ئاخۆ ئەوبچێتە کوێ؟ لە چ کۆلێجێک بخوێنێت؟ لە چ شارێک بخوێنێت؟ من هەموو کاتەکە خەیاڵم لای کامەران بوو. هەرگوێقوڵاغی هەواڵێک بووم لەلایەن کامەرانەوە بێت. چونکە ئەوە شتێکی زۆر گرنگ بوو لای من کە بیزانم. ئێوارە باوکم هاتەوەماڵەوە. بە دەستووری جاران روخساری گرژو مۆنو مرچ دیار بوو. بەڵام من بەڕویەکی زۆر خۆشەوە رۆیشتم بەرەو رووی باوکم. وتم:

- باوکە، بەخێر بێیتەوە. هەواڵی خۆشم پێیە. باوکم هەر زۆر بێباکانە سەیرێکی کردم وتی:

- ئێ...هەواڵی خۆش ؟ وەکو چی؟

باوکم چوار زەرفی بە دەستەوە بوو. دەستم برد زەرفەکانی لێ وەربگرم. وتم:

- باوکە نمرەم وەرگرت. ئەتوانم بڕۆم بۆ کوللییە. بە دڵی خۆمو خۆت.

باوکم وتی:

- چی...؟ کەی..؟

وتم:

- ئیمڕۆ. ئەم نیوەڕۆیە.

باوکم تۆزێک بێدەنگ بوو. ئینجا وەکو بڕوای نەکردبێت کە من چیم پێ وت. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ هەی نارەسەن، ئەوە ئێستا پێم ئەڵێیت؟ ئەی بۆ زووتر پێتان نەوتم؟ ئەبووایە تۆ هەر زوو پێت بوتمایە. ئەی تۆ نازانیت من چەند خەمی تۆم بوو؟

باوکم خەریک بوو تووڕە ئەبوو. خێرا فریا کەوتم. وتم:

ـ باوکە گیان، بە خوا ویستم کە هاتیتەوە بۆت بکەم بە شتێکی خۆشتر. شتێکی کوتوپڕ وەکو ئێستا. ئێستا دڵت خۆش نییە؟ سەیرکە ئیتر ئیمشەو دڵت خۆش ئەبێت شەویش خەوی خۆش ئەبینیت. باوکم پێکەنی. وتی:

ـ ئەی کە زۆر زانیت. دە بڵێ لە خۆشی خۆم تۆم بیر چۆوە. باشترە ڕاستییەکە بڵێیت.

وتم:

ـ بە خوا باوکە، ئەگەر ئەزانیت ئەمڕۆ ئەم ماڵەی ئێمە چەند کەسی لێ بوو بڕوا ناکەیت. دایکم هەموو دنیای لەمن کۆکردبۆوە هەرچی دراوسی، خزم، کەس، هاوڕێکانمانە هەمووی هاتبوون. لە خۆشییا نەمانئەزانی چی بکەین.

باوکم دەستی خستە سەر شانم. وتی:

ـ ئافەرین کچی خۆم. زۆر دڵت خۆش کردم. لە خوا بە زیاد بێت. ئەرکو ماندوبوونی منو دایکتو خۆت حەساندەوە. سوپاس بۆ خوای گەورە، کە وا تۆش تەواو بوویت لەم هەنگاوە قورسە. پشت بە خوا کوللییەی باش وەرت ئەگرێت. ئەوە ئیتر خەمی تۆشمان نەما.

وتم:

ـ بەڵێ بابە گیان. تەواو. سوپاس  بۆ خوا بۆ ئێوەش.

باوکم وتی:
ـ کچم، تۆش زۆر خۆت ماندوو ئەکرد. ئاگادارت بووم. بۆیە من هەموو کات پێم ئەوتن هەوڵ بدەن هیچیتر مەکەن هەتا تەواو ئەبن لەم پۆلی شەشە.
من هێشتا زەرفەکانم بە دەستەوە بوو. ئەمویست بزانم چییان تیادایە.
باوکم هاتە پێشەوە. وتی:
ـ ئەو کیسەیە ترێ رەشکەی تیایە. (رەش میری) دەریبهێنە. یەک بۆڵی جوانم بۆ بشۆرەوە ئنجا بیخەرە ناو قاپێکی قووڵو بیخەرە ناو فرێزەرەکە با چاک سارد بێت. من ئەم ئێوارەیە ئەوە ئەخۆم بە نانی گەرمەوە.
منیش وتم:
ـ بە سەرچاو باوکە گیان. هیچ خەمت نەبێت. لەوکاتەیا ئەم ویست پرسیارێک لە باوکم بکەم بەڵام زۆر لە وەڵامەکەی ئەترسام. باوکیشم هێشتا خەریکی زەرفەکان بوو ئەیویست بەتاڵیان بکات. باوکم سەیرێکی کردم وتی:
ـ بنار چیتە کچم؟ ئەتەوێت بڵێی چی؟
وتم:
ـ باوکە، ئەمەوێت پرسیارێک بکەم، بەڵام لەوەڵامەکەی زۆر ئەترسم.
باوکم سەرێکی هەڵبڕی بە پێکەنینەوە وتی:
ـ کچی خۆم، هیچ مەترسە پرسیاری خۆت بکە، بۆ ئەترسیت؟ ئەمشەو هەرچی داوا بکەیت بۆت ئەبێت! چونکە دڵت خۆش کردوم. منیش کە گوێم لەوقسانەی باوکم بوو دڵم زۆر خۆش بوو وتم:
ـ باوکە، ئەگەر لە جامعەکانی دەرەوەی سلیمانی وەربگیرێم، ئەهێڵیت بڕۆم؟ رێم لێ ناگریت؟

باوکم وتی:
ـ بۆ ڕێت لێ بگرم؟ کچم تۆ بۆ خوێندن ئەچیت. ئیتر بۆ ڕێگر بم؟ پێغەمبەر فەرموویەتی اطلب العلم ولو بالصین. خۆ تۆ ناچیت بۆ صین. من بە قەد هەموو دنیا بڕوام پێتانە. ئەزانم چۆن ئاگاداری خۆتانن. خوێندن زۆر پێویستە بۆ هەموو کەس. هەتا بخوێنن کەمە. من ئەگەر ئەقڵی ئێستام ئەوسا هەمبووایە وازم لە خوێندن نەئەهێنا.
بێگومان باوکم زۆر بڕوای بە خویندن هەبوو. زۆری حەز لە خویندنەوە بوو. هەموو جار پێی ئەوتین کاتێ کە گەنج بوە حەزی کردووە کۆلێج تەواو بکات. بەڵام زۆر هۆ هەبووە کە ڕێگری بووە. هەر بۆیە زۆر هەوڵی لەگەڵ ئێمەدا ئەداو پاڵپشتمان بوو. هەر بە دەم قسەکردنەوە میوەکانم لە کیسەکان دەرهێنا. ترێ ڕەشکەکەم شتەوە. لە سەر داواکاریی خۆی دوایی خستمە ناوفرێزەرەکە بۆ ئەوەی زۆر سارد بێت تا کاتی نانخواردن ئامادە بێت. دوایی گەڕامەوە بۆ لای دایکمو خوشکەکانم. ئەوان لە حەوشەکە دانیشتبوون. هەموو دڵیان خۆش بوو. بەڵام کە چووم لایان دانیشتم باس هەر باسی من بوو، کە ئەگەر باوکم بهێڵێت من بچمە شاریکیتر بۆ خوێندن جگە لە هەولێر. دایکم ئەیوت:
ـ ناوەللە نابێت، باوکتان ناهێڵێت. تەنها بۆ هەولێر قەیناکا ئەتوانیت بڕۆیت. بەخوا بنار گیان، منیش ڕازی نابم تۆ بڕۆیت بۆ بەغاو مووسڵ. نا..نا.. کچی خۆم هەر بۆهەولێر.
منیش وتم:
ـ توخوا دایکە واز بێنە. تەگەرەی تێ مەخە. باوکم ڕازییە.
دایکم وتی:
ـ نەخێر باوکت هیچ ڕازی نییە.

وتم:

ـ دایکە من پێش تۆزێک قسەم لەگەڵ باوکم کرد. کە هەواڵی دەرچونەکەم پێ وت، پرسیاری ئەوەشم لێ کرد. باوکم وتی من بڕوام پێتە. ئەتوانیت تەنانەت بۆ صینیش بچیت.

هەموو دەسیان کرد بە پێکەنین.

دایکم وتی:

ـ نا. نا. باوکت مەبەستی صین نییە.

وتم:

ـ ئەزانم. باوکم مەبەستی چییە. بۆیە ئەڵێم باوکم رازییە بۆ هەر کوێ بڕۆم. ئینجا منیش تکات لێ ئەکەم لێمی تێک مەیە.

نازدار وتی:

ـ ئێوە جارێ باسی چی ئەکەن؟ هێشتا زووە بۆ ئەوە.

ئینجا رووی کردە من. وتی:

ـ بنار گیان، ئێستا کێ ئەڵێت تۆ لە هەولێر وەرئەگیرێیت؟ لەوانەیە لە شوێنێکیتر نمرەکەی تۆیان بوێت. جارێ پەلە مەکە، چونکە پڕکردنەوەی ئەو فۆڕمە ئەبێت زۆر وریاو شارەزابیت، ئەگینا تووشی هەڵەی زۆرگەورە ئەبێت.

منیش وتم:

ـ من مەبەستم ئەوەیە، کە بزانم لای باوکم ئاساییە ئەگەر بۆ شارەکانی تر بڕۆم؟ ئەگەر لە هەولێر وەرنەگیرام؟ شوکور بۆ خوا باوکم رازییە هیچ کێشەمان نییە. بەڵام نازانم دایکم بۆ ئەڵێت نەء؟

دایکیشم خێرا وتی:

ـ ئێ کچم، تۆ زمانی عەرەبی نازانیت. جگە لەوەش، تۆ زۆر کچێکی وریاو شارەزا نیت. زوو بڕوا بە خەڵک ئەکەیت. فرو فێڵت نییە. ئەوەش

خراپە. تۆ تێکەڵی خەڵکی خراپ نەبوویت. ئەترسم دوایی تووشی گێرمەو کێشەی زۆر بیت. ئینجا تۆش  شەرمن، جوانکیلە. هەتیو مەتیوی عەرەب تێو بئاڵێن. جا ئەوسا چی بکەین؟ نابێت مرۆڤ هەموو کات دڵپاکو ساویلکە بێت. من ناڵێم بڕوام پێت نییە. بەڵام ئەڵێم خەڵکی خراپ زۆرن.
وتم:
- دایکە گیان، تۆ وا ئەزانیت  من تەنها کچم ئەچمە ئەوێ؟ تۆ وا ئەزانی ئەو کەسە خراپانە تەنها لە ناو عەرەبدا هەن؟ دایکە گیان. وا نییە. کەسانی خراپ لە هەموو شوێنێکا هەن. من ناچم بۆ ئیشکردن هەتاکو پەیوەندیو هەڵسوکەوتی زۆرم هەبێت. من بۆ خوێندن ئەچم؛ واتە تەنها من پەیوەندیم لەگەڵ چەند کەسانێکی کەم ئەبێت. ئەو کاتە من زۆر ئاگاداری هەڵبژاردنی هاوڕێکانم ئەبم. ئەمە ئەگەر پێویستی کرد، هاوڕێی تازەم ببێت. مرۆڤی باشو خراپ لە ناو هەموو جۆرە جیاوازەکاندا هەڵ ئەکەوێت. نە کورد هەمووی باشە، نە عەرەبیش هەمووی خراپە.
زۆرمان قسە کرد. بەڵام دایکم هێشتا هەر دوودڵ بوو. هەر بە دەم ئەم قسانەوە سفرەی ئێوارەمان  لە حەوشە ئامادە کرد، هەموو بۆ نانخواردن دانیشتین. دایکم ئەو رۆژە خواردنێکی زۆر خۆشی کردبوو، چونکە هەموومان دڵمان زۆر خۆش بوو. خەریک بوو لە نان خواردن تەواو ئەبوین  باوکم روی کردە من. وتی:
- ئەرێ رۆڵە، بنار؟ ئەوە کوا ترێکە؟ خۆ تۆ بە خێرێ وتت خەمت نەبێت! هەموو دایانە قاقای پێکەنین. منیش خێرا هەستام، رامکرد. چووم بۆم هێنا. وتم:
- باوکە گیان بە خوا بیرم چوو. ئیمڕۆ هیچ ئاگام لە خۆم نییە. زۆر دڵم خۆشە.
باوکم وتی:

ـ ئەزانم دەی گوێ مەدەرێ. هێشا ئەتوانم بیخۆم.
ئینجا باوکم قاپەکەی لێ وەرگرتم. وتی:
ـ دەست خۆش کچم، بە خوا چاک سارد بووە. ئێستا خۆشە بیخۆیت.
منیش چەند دەنکێکم لێ سەندو بە نانی گەرمەوە خوارم. وتم:
ـ ئاە، کە بە لەزەتە.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو خۆشییەدا من خەمێکی زۆر گەورە لە دڵما بوو. ئەویش خەمی کامەران بوو. هەر کاتێک ئەمویست تەلەفۆنی بۆ بکەم یەکێک پەیدا ئەبوو. منیش ئەگەڕامەوە دواوە. هەستم کردبوو دایکم شتێک ئەزانێت، بەڵام دڵنیا نەبوو. چونکە؛ هەر چەند بمویستایە بڕۆمە دەرەوە ئەگەر خۆی نەیتوانیاییە، ئەوە یەکێک لە خوشکەکانمی لەگەڵما ئەنارد. ئەمە جگە لەوەی نیازی برام هەموو کات گوێی لە تەلەفۆنەکانم ئەگرت. هەر کات لەگەڵ هەر کەسێک قسەم بکردایە، زۆر بە وریایی خۆی ئەگرت، چاودێریی ئەکردم. بەڵام گرنگ ئەوە بوو من لە وان وریاتر بووم. ئاگام لێیان بوو، من کاتێک ئەڕۆیشتم بۆ هەر کوێیەک پرسیارم بە دایکم ئەکرد. بەڵام نیاز ئەیویست من پرسیار بەو بکەم. منیش هیچ کاتێک نەمئەهێشت ئەو ئاواتەی بێتە دی دڵی خۆش بێت. ئەمەش زیاتر تووڕەی ئەکرد. ئەو شەوە زۆر دڵم خۆش بوو. لە هەمان کاتدا ناخۆشیش بوو.

ئەو ئێوارەیە دوای نانخواردن منو نازدار رۆیشتینە سەربان. لەوێ لە سەر جێیگاکانمان دانیشتین، سەیری ئاسمانمان ئەکرد باسی شتی جۆراوجۆرمان ئەکرد. نازدار ئەیویست ئامۆژگاریم بداتێ بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ. تا ئەو کاتەی نازدار ماندوو بوو خەوت. بەڵام من نەمئەتوانی بخەوم. ئەگەر بۆ کات ژمێرێکیش بێت، دڵم زۆر خۆش بوو. بەڵام بیرکردنەوەم لە دوارۆژو هەواڵی کامەران نەیئەهێشت بخەوم.

## ـ ٢٢ ـ

بەیانی، کە ڕۆژ بووەوە خێرا لە ناو جێگاکەم هەڵسام چوومە خوارەوە بەرەو چێشتخانەکەمان. دەستم بە چا لێنان کرد، حەزم ئەکرد بەرچاییەکی زۆر تایبەت بۆ هەموان دروستبکەم. ئەمزانی هەموو بەیانییەک دایکم زوو لە خەو هەڵئەسێت، بەرچاییمان بۆ ئامادە ئەکات. هێشتا کات زۆر زوو بوو. گوێم لە دەنگی دایکم بوو کە بە پلیکانەکاندا ئەهاتە خوارەوە. کە گەیشتە لای من وتی:

ـ ئەوە چییە؟ بۆ وا زوو هەڵستاوی؟ دەی باشە دیارە لە خۆشیدا خەوت لێ نەکەوتووە.

بە دەم پێکەنینەوە وتی:

ـ بەخوا منیش زۆر دڵم خۆشە بنار گیان. دەی با بزانم چیت بۆ دروستکردووین؟

وتم:

ـ هەرچی تۆ حەزت لێبێت دایکی شیرینم. سەیرکە، ئەوە ماستی ئابڵاخ. ئەوە گوێزی هەورامانی نایاب. ئەوەش سەرتوێژی چەورو جوان. هێلکەشم کوڵاندوە.

دایکم خێرا قسەکەی پێ بڕیم.هاتە پێشەوە سەیرێکی سەرمێزەکەی کرد. وتی:

ـ ئینجا وەڵا بنار خان، ئەگەر تۆ کەیبانوو بیت، زۆری پێناچێت ئەمانخەیتە سواڵ. وتم:

ـ بۆ دایکە گیان؟ بۆ ئەتانخەمە سواڵ؟

دایکم وتی:

ـ ئێ ڕۆڵە دوو جۆر خواردن بەسە، ئەو هەموو شتە چییە؟

وتم:

ـ ئەی تۆ نازانیت مناڵەکانت هەر یەکەی حەزی لە شتێکە؟ بۆ نموونە من ماست ناخۆم، کەواتە ئەبێت شتێکیتر هەبێت بیخۆم. ئەویش گوێزو

هێلکەیە، دوای ئەوەش خونچە، هێلکە ناخوات، کەواتە ئەبێت شتێکیتر بۆ ئەوهەبێت. هەروەها باوکم تەنها هێلکەو ڕۆنە ئەخوات.

دایکم سەیرێکی کردم. وتی:

ـ باشە... باشە. بە قوربان لەوە ئەچێت تۆ بتەوێ نازی زۆر بە خوشکو براکانت بەیت. بەخوا من فێری ئەوەم نەکردوون. هەرچیم داناوە لە سەر سفرە هەر ئەوە بووە. بنار خان، لەوە ئەچێت تۆ بتەوێت یاسا بگۆڕیت؟ خۆ هێشتا نەچوویتە کوللیەی یاسا.

وتم:

ـ دایکە گیان بەخوا ئەزانم، بەڵام ئەم بەیانیە با وابێت، خواردنی جۆراو جۆر هەبێت بە دڵی من. باشە؟ ئەی باشترین دایک؟ دایکم نەی زانی چی بڵێت .وتی:

ـ باشە با ئەمڕۆ وابێت. هەردوکمان پێکەنین

ئیتر وردە وردە هەموو هاتنە خوارەوە. سەریان سوڕما بوو، کە من لە پێش هەموویان خەبەرم بۆتەوە. بەرچاییم بۆ ئامادەکردوون. کوردی خۆمان ئەڵێت (ئاش لە خەیاڵێک، ئاشەوانیش لە خەیاڵێک) ڕاستە، ئەو ڕۆژە من زۆر دڵخۆش بووم بەڵام بیرکردنەوەم لە کامەران زیاتر خەوی لێ زڕاندبووم. ئەوان شتێکیان ئەزانی منیش شتێکیتر. خواخوام بوو زوو ڕۆژ تێپەڕێت بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ کامەران بکەم. بەڵکو هەواڵێکی بزانم. هەموو کات بەیانییان باوکم کاتژمێر ئەبوو بە هەشت بۆ سەر ئیشەکەی ئەڕۆیشت. زۆربەی جاریش دایکم کە پێویستی بە شتومەکی تایبەت بووایە هەر خۆی ئەچووە بازاڕو ئەبووایە لەگەڵ باوکم بڕۆیشتایە بۆ ئەوەی زوو بگەڕێتەوەو فریای دروستکردنی خواردنی نیوەڕۆ بکەوێت. منیش هیوام ئەخواست ئەو ڕۆژە وابێت. بۆ ئەوەی من بتوانم هەواڵێک بزانم. بەڵام بۆ ڕەشیی بەختم، ئەو ڕۆژە دایکم هیچ پلانێکی چوونە دەرەوەی نەبوو. هیوام بڕیبوو خەریکیش بوو دڵم ئەتەقی. منو کامەران زیاتر لە شەش هەفتە

بوو یەکترمان نەدیبوو. هیچ هەواڵێکیشم نەئەزانی. زۆر بیرم لێ ئەکردەوە. هەتا کەی من ئەم هەستەی خۆم بشارمەوە؟ زۆر جار بە بیرمدا ئەهات، ئاخۆ ئاسایی بێت ئەگەر دایکم پێی بزانێت؟ یان ئەگەر خۆم وەکو مرۆڤێکی راستگۆ قسە لەگەڵ دایکم بکەم وەکو دایک وکچ باسی بکەین؟ ئاخۆ کاتی ئەوە هاتوە کە هیچ نەبێت بتوانین بە ئاشکرا قسە بکەین؟ بەڵام هەنگاوی یەکەم ئەمویست بزانم ئاخۆ کامەران هێشتا لە سەر خۆشەویستیی خۆی بۆ من بەردەوامە؟ هێشتا بیر لە من ئەکاتەوە؟ چونکە من بە راستی هەر رۆژێک، لە رۆژەکەی‌تر زیاتر خۆشم ئەویست. هەموو جار کە بیرم لێ ئەکردەوە وامئەزانی هەموو دنیا هەر ئەوی تیایە. بە تەنها خوا هەر ئەوی دروستکردووە. هەر چەند روخساری ئەهاتە پێش چاوم دڵم زیاتر پەلە پەلی ئەکرد، هەموو گیانم گەرم دائەگیرسا، وەکو ئەوەی خوێنم قووڵپ بدات. من ئەو کاتانە نەمئەزانی ئەو هەستە چییە؟ ئەبێت چیی ناو بنیم؟ تۆبڵێی ئەوە خۆشەویستی بێت؟ ئەو هەستە زۆر نامۆ بوو بە من. بەڵام زۆر لام خۆش بوو، چونکە رۆژ بە رۆژ هۆگری ئەو هەستانەم ئەبووم، ئالوودەی ئەو دڵەڕاوکێیە ببوم. خۆشەویستی من بۆ کامەران زۆر کەم وینە بوو. خۆشەویستیەکەی من بۆ کامەران بریتی نەبوو لە تەنها یەکتر بینین، کات بەسەربردن. ئێمە لە ماوەی دووساڵی پەیوەندیماندا تەنها چەند جارێک یەکترمان بینیبوو قسەمان کردبوو. من لە ترسی کەس‌و کارو هاوڕێ، دراوسی، نەمئەتوانی زۆر لەگەڵیا بچمە دەرەوە ئەویش هەمیشە ئاگاداری ویستەکانی من بوو، چونکە ئەیزانی من  زۆر رەچاوی دابوو نەریتی کۆمەڵگا ئەکەم نامەوێت کەس پەنچەی گومان و تاوانم بۆ رابکێشێت، بەهەمان شێوە بە تەنگ رەوشتی خۆم‌و خیزانەکەمەوە بووم. بێگومان ئەویش زیاتر ئاگاداری ئەوەی ئەکرد. بۆیە من لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەمدا رێزیکی یەکجار زۆرم لێ ئەگرت، چونکە ئەویش وا بوو بۆ من. پەیوەندیی ئێمە پەیوەندیی رووح بوو. خۆشەویستیی ناخ‌و گیان بوو.

بنار لە قسەکردن وەستا. هەستایە سەر پێ. منیش سەرم هەڵبڕی. زانیم ماندوو بوو. خێرا پیم وت:

- ببوورە. بە خوا من زۆر زیاتر لە خوێنەرێک حەز ئەکەم گوێم لە رووداوو بەسەرهاتەکانت بێت. بۆیە بیرم نەبوو ئاوێک، شەربەتێک، شتێکی خۆشت بۆ بێنم بیخۆیتەوە.

بنار پێکەنی. وتی:

- تانها قاوەیەکی خۆشم بۆ بکە، لەگەڵ ئاوێکی سارد. منیش لە راستیدا خۆم حەزم لە قاوە بوو. پێم وت:

- بنار گیان، هەر ئێستا بۆت ئەکەم. بە سەر چاو. بە دەم دروستکردنی قاوەکە، پێم وت:

- ئەزانیت بنار گیان؟ ئێستا کەس بەو جۆرە لە خۆشەویستی تێناگات. زۆر کەس هەن گاڵتە بە چارەنووسی یەکتر ئەکەن. لەم زەمانەدا خۆشەویستی بۆتە یاریو گاڵتەجاڕی. ئەوەی تۆش ئێستا باسی ئەکەیت، بۆ ئەم کاتە شتێکی زۆر گەورەیە. لەوانەشە گەنجەکانی ئێستا گاڵتەیان پێ بێت. بنار سەیرێکی کردم. بە زەردەخەنە ناسکەکەی خۆیەوە. وتی:

- فێنک گیان، لە هەر کاتو سەردەمێکدا، کە دوو کەس یەکتریان خۆش ویست، ئەبێت بە راستیو پاکی یەکتریان خۆش بوێت. دوور لە درۆ، دوور لە بەرژەوەندیی تاکە کەسی، وئارەزوو خواستی سیکسەوە بێت. خۆشەویستی، کە رێگای بەرەو حەزو ئارەزوو ویستی سیکس بوو، ئەوە زۆر بە ئاسانی، بە خێرایی خۆشەویستییەکە ئەڕەوێتەوە، پەیوەندیەکە کۆتایی پێ دێت. بێگومان ئێستاش. ناڵێم هەمووی، بەڵکو لە نێوان زۆرینەی گەنجەکانمان وا باوە. کەواتە خۆشەویستی بووە بە پردێک

بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکان. هەندێک جار سێکس. دوایی لە یەک پچڕانن، ئینجا دڵشکاندن. وردە وردە باوەڕ نەمان بە خۆو بە خۆشەویستی. زۆر کەس نازانن حەز لەگەڵ خۆشەویستیدا دوو هەستی جیاوازن. باسکردنی کاتێکی زۆری ئەوێت. بە هەر حاڵ، با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان.

بنار وتی:

ـ٢٤ـ

ڕۆژێکی سەرلەبەیانی، کامەران تەلەفۆنی بۆ کردم. خۆش بەختانە خۆم وەڵامی تلفۆنەکەم دایەوە. هەر ئەوەنە وتم بەڵێ. فەرموو. وتی:

ـ بنار، شتێکم هەیە، ئەمەوێت بتدەمێ. ئەمەوێت هەر ئێستا بە پەلە بێت. چاوەڕێت ئەکەم.

تەلەفۆنەکە داخرایەوە. من شپرزەیی گرتمی. نەگەیشتە ئەوەی بزانم شتەکە چی بوو کامەران ئەیوەیست بمداتێ لام سەیر بوو! چونکە قەت شتێکی وا ڕوی نەدا بوو. نیگەرانی گرتمی کە ئەو چاوەڕوانم بکات، منیش نەتوانم بڕۆم! دایکمو خوشک و براکانم هەموو لەماڵەوە بوون. منیش وەخت بوو شێت ئەبووم. خەیاڵم ڕۆیی. لەبەر خۆمەوە پرسیارم ئەکرد:

ـ ئاخۆ کامەران منی بۆ چی بێتو چیم بداتێ؟

ئەمە بوو بە ماخۆلانی مێشکم. تۆزێک بە ناو ماڵەکەدا هاتموو چووم، بیرم ئەکردەوە چۆن بتوانم بڕۆمە دەرەوە بە چ جۆرە بیانویەکەوە؟ دوایی خۆم پێ ڕانەگیرا. داوام لەدایکم کرد کە ڕێم پێبدات بچمە دەرەوە لەگەڵ خونچە بۆ کڕینی چەند پێویستیەکی خۆم دوایش کە لە بازار تەواو بووم ئەچم بۆ ماڵی نەنکە حەلاو. سەرەتا دایکم چەند پرسیارێکی لێ کردم. وتی:

ـ بۆ؟ بۆ ئەتەوێت بچیتە دەرەوە؟ چیت پێویستە؟ ئەی نابێت خۆم بۆت بکڕم؟

وتم:

ـ دایکە گیان، ئەو شتەی من ئەمەوێت تۆ لێی نازانی. ئەبێت خۆم بچم. تۆ بۆ خەمتە ؟ خۆ بە تەنها ناڕۆم خونچەش لەگەڵ خۆم ئەبەم. دایکم وتی:

ـ باشە. بەڵام زوو بێیتەوە، تاقەتی شەڕو فەرتەنەم نیە. خۆت هەموو شتێک ئاگاداری.

وتم:

ـ دایکە گیان، خەمت نەبێت. زوو یەمەوە وەک پێم وتیت لەوانەیە سەرێکیش لە نەنە حەلاو بیەم. زۆری بیر ئەکەم.

ئەوەنەی دایکم رازی بوو، خێرا من وخونچە خۆمان گۆڕی لە ماڵ دەرچوین. کاتێک لە پاسەکە دابەزین لە ماڵی کامەران نزیک بوینەوە بینیم کامەران لای ماڵی خۆیانەوە راوەستابوو چاوەڕێی ئەکردم. کە منی بینی بەرەو پیرم هات. لێم نزیکبووەوە. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ رۆژ باش. بنار خان چۆنیت؟

وتم:

ـ رۆژ باش کامەران. زۆر باشم، ئەی تۆ چۆنی؟

کامەران سەیرێکی خونچەی کرد، ویستی سلاوی لێبکات. خێرا پێموت:

ـ کامەران. ئەمە خونچەی خوشکمە.

خونچەش بەشەرمێکەوە وتی:

ـ پێخۆشحاڵم.

کامەران بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ خونچە خان منیش پێخۆشحاڵم.

کامەران روی کردە من وتی:

ـ ئەم دیارییە بچووکەم لێ بگرە. بۆ تۆیە. بەلام با کەس نەی بینێت.

من زۆر سەیرم لێ هات. چاوەڕوانی ئەوەم نە ئەکرد. دەستم برد لێم وەرگرت. دیارییەکە لە ناو زەرفێکی بچکۆلەدا بوو. هەر لەو کاتەدا کچە هاوڕێیەکی پوورمم بینی. کە زۆر دەمێک بوو ئەم ناسی. بەو ناوەدا تێدەپەڕی. هەرچەندە لێمانەوە نزیک نەبوو. بەلام، گومانم لەوە بوو ئێمەی بینی بێت. بۆیە زۆر ترسام. بە کامەرانم وت:

ـ من ئەبێت خێرا بگەڕیمەوە. ئیترسوپاسم کرد بۆ دیاریەکەی. وتم:

ـ خوا حافیز.

ئەویش زۆری لێ نەکردم. منو خونچەی خوشکم بە خێرایی رۆیشتین. کامەرانمان بەجێهێشت. سواری پاسێک بووین. بەرەو ماڵی نەنە حەلاو بەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە ماڵی نەنکم دەرگاکەیان کرابووەوە. بینیم لە حەوشەکەیان باجی عەتێ دانیشتبوو هەویری ئەشێلا. هەر، کە چاوی بە من کەوت، وتی:

ـ فەرموو.. فەرموو.. بنارخان گیان، خونچە گوڵ، وەرنە ژوورەوە. نەنە حەلاو، پوورە بێگەردتان هەردووکیان لە ژوورەوەن. ئێمەش هەردووکمان سڵاومان لە باجی عەتێ کرد. ئینجا وتم:

ـ باجی عەتێ گیان، ئەی کەی یەیت بۆ ماڵی ئێمە نانمان بۆ بکەی؟ ئێمەش نانمان هاتۆتە کزی.

باجی عەتێ وتی:

ـ وەی وەبان چاوم. بنار گیان. ئیشالڵا هەفتەی داهاتوو هەر خوا مەقەدەر نەنێرێ دێمە کنتان. بەڵام بە دایکت بڵی باجی عەتێ دەڵێ با کاک سالحی پەرەمێزێکی خاس بسێنێ بەو خودایە پەرەمێزەکەتان هیچ کەڵکی نەمایە. مانگی رابردی خەریک بوو گڕمان تێوەربێت!

وتم:

ـ ئەیەڕۆ باجی عەتێ ئەوە بە راستە؟

وتی:

ـ ئەرێ بەخوا بنار گیان. هەر خوا رەحمی پێکردین. ئەگین ئێستا تەعزێ کەشمان تەواو بیبوو.

وتم:

ـ ئەیەڕۆ..! خوا نەکات. ئەی بۆ دایکم باسی نەکردووە؟ کەواتە بە باوکم ئەڵێم تاکو پەرەمێزی تازە نەکڕێت، باسی نانی تیری نەکات! خونچەش لەولاوە وتی:

ـ ناوشکێنەش. باوکم شێتی ناوشکێنەیە.
هەموومان پێکەنین. باجی عەتێمان بەجێهێشت. باجی عەتێ ئافرەتێکی رۆح سووکی گورجو گۆڵ بوو. کوردی رۆژهەڵات بوو. زۆر لە دەمێکەوە لە سلێمانی جێگیر ببوو. چەند ساڵێکی زۆر بوو نانی بۆ ماڵی باپیرمو هەموو کەسوکارو خزمانمان ئەکرد. زۆر دەستو چاو پاک بوو. هەتا بڵێیت بێ تەماع بوو. ئیشی زۆری بۆ ئەکردین هەر مانگێک ئەهات نانی بۆ ئەکردین. لە کۆتایی رۆژەکەش کە لە ئیش تەواو ئەبوو دایکم ئەیویست یارمەتی بدات شتێک زیاتری لە حەقی خۆی بداتێ. بەڵام، ئەو رازی نەئەبوو! ئەی وت:
ـ پاکیزە خان، بەخوا ئەوەندەم ناکەوێت ئەو پارەیە هێجگار زۆرە.
دواجار دایکم بە زۆر ئەیخستە گیرفانی. ئەو کاتە هەتاکو لە چاو ون ئەبوو ئەو هەر دوعای خێری بۆ ئەکردین. کەچووینە ژوورەوە. نەنکم زۆر بە پەرۆشەوە بەرەو رووومان هات.
وتی:
ـ ئەی یاخوا بەخێر بێن. ئەوە چۆن بوو هاتن؟ بنار گیان بە خوا چاکت کرد هاتیت ئەمرۆ پوورە بێگەردت بە تەمایە شفتەمان بۆ دروست بکات ئەگەر خوا رێکیخات. منیش هەر بە دەم پێکەنینەوە چووم دەستی نەنکم ماچکرد ئەویش سەری ماچ کردم. ئینجا خونچەش دەستی نەنکمی ماچ کرد. هەر لەو کاتەدا پوورە بێگەرد، خۆی کرد بە ژوورەکەدا سەیرێکی ئەملاو ئەو لای خۆی کرد. وتی:
ـ خۆ رەشەباش نییە بڵێم بە دەم رەشەباوە هاتوون. ئەوە چۆن بوو؟
هەموو پێکەنین. من وتم:
ـ بەخوا پورێ گیان، ئەمرۆ تۆزی ئیشی خۆم هەبوو. بە دایکمم وت حەز ئەکەم سەردانێکی ئێوەش بکەم. بەخوا زۆرم بیر ئەکردن. پوورم ئەمجارەش زۆر بە دڵخۆشیەوە وتی:

ـ کچێ یاخوا بەخێر بێن. چاومان روون بـووەوە. نازانم بۆ لەوەتەی گەورەبوون، ئێستا ئەوەندە نایەن بۆ لام؟!

وتم:

ـ پورێ گیان، ئاخر ئێمە گەورەبووین. دەرس‌و وانەکانیشمان زۆرو قورس بوون. کاتی پشوودانیشمان ئێمە یارمەتی دایکمان ئەدەین وەکو ئەزانیت ئێمەش ماشەڵا زۆرین. ئەرکمان زۆرە. دایکیشم چۆتە تەمەنەوە وەکو جاران گەنج نییە. زیاتر پێویستی بە ئێمەیە یارمەتی بدەین.

نەنە حەلاو هەر تەماشای ئەکردم. وا دیار بوو دڵی بە قسەکانم خۆش بوو. بۆیە زۆر بە پەلە وتی:

ـ ئەی بەقوربانتان بم. تا ئەتوانن یارمەتیی دایکتان بدەن. بەخوا زۆر هیلاک بوو بە دەستانەوە. ئیتر کاتی ئەوەی هاتووە تۆزێک بحەوێتەوە.

پوورە بێگەرد هاتە تەنیشتمەوە دانیشت. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ بنار؟ ئەزانی ئەمرۆ بەتەمام چی لێ بنێیم؟

منیش هەر وەکو خۆی بە زەردەخەنەیەکەوە. وتم:

ـ بەڵێ.. ئەزانم.

پوورم وتی:

ـ چییە زانی؟ نەخێر نازانێت.

من پێکەنیم. سەیرێکی نەنکم‌و خونچەم کرد. وتم:

ـ بەڵێ... ئەزانم. بەتەمای شفتەی لەگەڵ نسکێنە، لۆبیای کولاو.

پوورم بۆی تەواو کردم. وتی:

ـ نانی تیری تازە، تەڕەتیزە، ماستاوی کولکن. ئەڵێی چی بە دڵتە؟

وتم:

ـ ئینجا شت هەیە لەوە خۆشتر؟ بەزیاد بێت، پووری گیان. هەرچی تۆ بیکەیت، خۆش‌و بەتامە. دەستەکانت خۆش بێت.

پوورم وتی:
ـ بنار؟ ئەوە چۆن زانیت؟ دایکم پێی وتیت؟ خۆ ئەزانم ساحیر نیت! هەموو پێکەنین. وتم:
ـ بەڵێ. نەنە حەلاو پێی وتم. بەخوا دەمێکە شفتەم نەخواردووە. کەواتە چاک بوو هاتین.
پاش ئەوەی نانمان خوارد هەر زوو گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. کە گەیشتینە بەردەرگای ماڵەوە من پێش خونچە لە دەرگای ماڵەوە چوومە ژوورەوە. هەوڵمدا کەس سەرنجی بە لامدا نەیەت. خێرا بە پلیکانەکاندا بە بێدەنگ چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. دەرگام پێوەدا. بە پەرۆش بووم بزانم دیارییەکە چییە. لە زەرفەکەم دەرهێنا بینیم شوووشەیەک بۆنی ڤیجیە. لەگەڵ پەڕە کاغەزێکی بچووک نووسینێکی تیابوو. زۆر گوێم بە شووشە بۆنەکە نەدا، بەڵام ویستم بزانم نوسراوەکە چییە؟ کە هاتمە سەر ئەوەی نووسینی ناو پەڕە کاغەزەکە بیخوێنمەوە، لە پڕێکدا دایکم دەرگای ژوورەکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە. وتی:
ـ ئەوە چییە بنار؟ بۆ وا شپرزەیت؟ بۆ خێرا رات کردە سەرەوە؟ ئەوە چییە بە دەستەوە؟ بێنە بزانم چییە؟
منیش کاغەزەکەم لە ناو دەستمدا بوو، بە هەموو هێزی خۆم ئەمگوشی بۆ ئەوەی پچووکی بکەمەوە. بەڵام دایکم هەر ئەیویست بزانێت چیم پێیە؟ زۆر ترسام، نازانم چۆن دایکم گەیشتە سـەرەوە، منیش بێ ئاگا بووم! ترس‌و سەرسوڕمان، لەو کاتەدا وایان لێکردبوم کە نەم ئەتوانی هیچ بڵێم. لە راستیدا حەزیشم نەئەکرد درۆی لەگەڵ بکەم. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا نەمئەوێرا راستیی پێ بڵێم.
هەر لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی باوکم بوو دایکمی بانگ کرد. پاکیزە.. پاکیزە..! ئەوە لە کوێیت؟ من‌و دایکم بە لامانەوە شتێکی سەیرو زۆر نائاسایی بوو،

نیگەرانتر بووم. چونکە هەموو کات باوکم دوای کاتژمێر شەشی ئێوارە ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام ئەو ئێوارەیە زووتر گەڕایەوە. دایکم، کە گوێی لە دەنگی باوکم بوو، وازی لە من هێنا، نەوەستا. بە پەلە چووە خوارەوە. گوێم لێ بوو. وتی:

- بەڵێ.. بەڵێ.. ساڵح ئەوە چییە؟ وا هاتم. خێرە وا زوو هاتیتەوە؟

باوکم. وتی:

- بەخوا ئافرەت هەستمکرد تۆزێک ناساغم. ئیتر بڕیارم دا بگەڕێمەوە.

دایکیشیم پێی وت:

- هیچ نییە. لەوانەیە تۆزێک سەرمات بووبێت. هەر ئێستا خواردنێکی گەرمو گوڕت بۆ ئەهێنم بیخۆێت. دوایی چایەکی خەستو خۆڵی بکە بە سەرا. بەخوا ئینشەڵڵا تا بەیانی عەلەمت تیا نامێنێ.

تاکو ئەوان خەریکی ئەو مشتومڕە بوون، من شووشە بۆ نەکەم شاردەوە. ئەو گەڕانەوە زووەی باوکم، ئەو ساتە منی لە تەنگو چەڵەمە یەکی زۆر رزگار کرد. بەڵام گوێم لە دایکم بوو بانگی کردم. وتی:

- بنار، خێرا وەرە خوارەوە ئیشم پێتە.

هێشتا نامەکەم نەخوێندبووەوە، بەڵام خەریک بووم شێت ئەبووم بۆ ئەوەی بزانم چی بۆ نووسیوم! ئەویشم شاردەوە. چوومە خوارەوە. بۆ بەردەمی دایکم. هیچم نەوت. ئەو خێرا رووی تێکردمو وتی:

- بنار، وا مەزانە هەروا بە ئاسانی وازت لێ دێنم، هێشتا پرسیارم ماوە بیکەم. بەڵام جارێ بابزانم باوکت چییەتی، بۆ بێتاقەتە؟

ویستم باسەکە بیر دایکم بەرمەوە. وتم:

- بەڕاست باوکم چییەتی؟ ئەی کوانێ؟ لە کوێیە؟

دایکم. وتی:

- لە حەمامەکەیە دەست نوێژ ئەشوات. ئیتر بەبێ دەنگی گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی سەرەوە.

بەڵام دڵم خۆش بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ساتە نیگەرانییەم لێ تێپەڕی. خونچەم بانگ کرد. پێم وت:

ـ خونچە. ئەگەر دایکم پرسیاری لێ کردیت، هەر پێی بڵێ چووین بۆ بازاری عەسری. بەڵام بنار هیچی بە دڵ نەبوو. دوایی چووین بۆ ماڵی نەنە حەلاو.

خونچە بە پێکەنینێکەوە سەیری کردم. وتی:

ـ بنار گیان هیچ مەترسە. من هیچ ناڵێم.

ـ ٢٥ ـ

نامەکەی کامەرانم خوێندەوە. ئەم پارچە شیعرەی لە سەر نووسرا بوو:

ـ ئەشێت خۆر ڕۆژ جێبهێڵێتو لە شەودا هەڵبێت.

ـ ئەشێت مەسیح جارێکیتر بێتە سەر زەوی ڕۆڵێکیتر ببینێت.

ـ ئەشێت دایک کۆرپەی نازی بە دەستی خۆی بخنکێنێ.

ـ بەڵام ناشێت ئەم دڵەی من واز لە دڵت بهێنێت.

هەر لەو کاتەی، کە ئەو هۆنراوەیەم خویندەوە، بڕیارمدا من هەتا مابم ئەبێت ئەم دڵەی منیش تەنهاو تەنها بۆ کامەران بێت. ئەو خۆشەویستییە لەو کاتەوە کرایە بەری من. بوو بە نانو ئاو، هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ پێویستی بێت بۆ ژیان.

من لەو کاتەوە بە تەوای زانیم کە کامەران چەندی من خۆش ئەوێت. دوای ئەوەی کە نمرەی کۆتایی ساڵمان وەرگرتبو من بۆ ماوەیەکی زۆر هیچ هەواڵێکی کامەرانم نەزانی. ئەو دوو جار پەیوەندیی بە منەوە کرد. بەڵام من نەمئەتوانی وەڵامی بدەمەوە. هەستم ئەکرد لە ماڵەوە هەموو چاودێریی من ئەکەن. بە تایبەت دایکمو نیازی برام. بەڵام نازدارم لە هەموو هەواڵێک دورخستەوە کە بە کامەرانەوە پەیوەست بێت. چونکە ئەمزانی نازداری خوشکم حەزی بە کامەران نەئەکرد! نەمئەزانی هۆکارەکەی چییە؟ وام بیر ئەکردەوە، کە رەنگە لەبەر ئەوە بێت ترسی هەبێت، لە دایکمو نیاز ئەگەر پێیمی بزانن، ئیتر کێشەیەکی گەورە لە ماڵەکەدا دروست ببێت. ئەوکاتە نازدار ناتوانێت یارمەتیم بدات. بۆیە من هەوڵم ئەدا زۆر ئاگاداری هەڵسوکەوتی خۆم بم. ئەو ساتەی حەزم ئەکرد پەیوەندی بە کامەرانەوە بکەم، بۆ بێ بەختیی من کەس نەئەچووە دەرەوە. باوکم چەند ڕۆژێک بوو نەخۆش بوولە ماڵەوە مایەوە. دایکم ئارەزووی چوونە بازاڕی نەبوو. خوشک و براکانیشم بە بەردەوامی هیچ نەبێت، دووانیان هەر لە ماڵەوە ئەمانەوە.

گوێم لێ بوو زەنگی تەلەفۆنەکەمان لە پڕ لێیدا. خێرا رامکرد هەڵی بگرم. دایکم وتی:

- بنار بۆ وا رائەکەیت؟ خۆ خەریکی ملی خۆت ئەشکێنیت!

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. دەنگی پوورم بوو. وتی:

- بنار، بە دایکت بڵێ مێردی صەبیحە خان ئەمری خوای کردووە. با بەیانی بێت. ئەچین بۆ تەعزێکەی.

من گوێم لەو هەواڵە بوو، زۆر دڵم خۆش بوو. بۆ مردووکە نا، بێگومان بۆ ئەوەی کە بەیانی دایکم بە دڵنیایی ئەڕواتە دەرەوە. ئیتر ئەو کاتە من ئەتوانم قسە لەگەڵ کامەراندا بکەم. هەر ئەو شەوە هەرچی حەبو

دەرمانێکی باش هەبوو لە ناو دەرمانخانەکەماندا دام بە باوکم. دوای ئەوەی کە بڕیاری دابوو هیچ دەرمانێک نەخوات. هەستم ئەکرد ئەویش بێزار ببوو لە ماڵەوە. باوکم بە قسەی کردم. دۆعام ئەکرد بەڵکو تاکو بەیانی چاک ببێتەوەو ئەویش بڕوات بۆ ئیش. بەیانی زوو لە خەو هەستام. نانی بەیانیم ئامادە کرد. کەوتمە ماڵو حەوشە پاککردنەوە. وردە وردە هەموو لە خەو هەڵسان. وا بزانم باوکم لە تەقە تەقی من خەبەری بووەوە. وتی:

ـ ئەریَ ئەوە تۆ لە کەیەوە ئەوەنە گورجو گۆڵ بوویت؟

وتم:

ـ بابە گیان ئیتر دڵم خۆشەو ئەمەوێت یارمەتیی دایکم بدەم. بۆ نابیت؟

باوکم وتی:

ـ بۆ نابێت زۆر باشە ئافەرین. دایکت هیلاکە. پێویستی بە یارمەتییە.

وتم:

ـ باوکە گیان چۆن بوویت؟ لەوە ئەچێت شوکور باش بیت. وا نییە؟

باوکم وتی:

ـ یا رەببی رۆڵە عەمر درێژ بیت. بە خوا ئەو حەبانەی دوێنیَ شەو کە تۆ یاتمیَ زۆر باش بوون. هەر ئەڵێیت نەخۆشیش نەبووم. ئەی رۆڵە بۆ زووتر نەتدامیَ؟

وتم:

ـ باوکە گیان، تۆ هەموو جار ئەڵێیت من بڕوام بە حەبو دەرمان نییە. خۆم هەر چاک ئەبمەوە..

باوکم وتی:

ـ یاخوا رۆڵە سەرفرازی ماڵی خوا بیت. وەڵا هەر ئەڵێی نەخۆشیش نەبووم.

وتم:
ـ سوپاس بۆ خوا باوکە گیان، یاخوا قەت نەخۆش نەبیت. باوکە گیان تۆش تۆزێک ئاگات لە خۆت بێت. ئەوەنە ماستاوی ساردی بازار مەکڕە خواردنی بازار وەکو جاران پاک نەماوە.
باوکم وتی:
بەخوا راست ئەکەی بنار، ئیتر تەواو. هەموو خواردنی دنیا بە قوربانی چێشتەکانی پاکیزە خان بێت. هەردوکمان پێکەنین
باوکم رۆیشت بەرەو ژووری چێشتخانەکە. منیش خێرا چووم چایەکی جوانم بۆ تێکرد. بەیانیان باوکم حەزی لە خواردنی هێلکەو رۆن ئەکرد. ئەویشم بۆ دروست کرد. ئینجا قاپێک ماستی جوانم خستە بەردەمی. زۆری پیێ خۆش بوو. دایکم هاتە ژووری چێشتخانەکە. رووی کردە باوکم. وتی:
ـ بە خوا بنار لەوەتەی دڵی خۆشە، گورج بۆتەوە.
وتم:
ـ دایکە گیان. تۆ حەز ناکەیت یارمەتیت بدەم؟
دایکم وتی:
ـ بـەرەوەڵا.. چۆن حەز ناکەم؟ ئینجا کوا تۆ هەموو رۆژێک پێش من بەخەبەر بیتو بەرچاییمان بۆ ئامادە بکەیت!
منیش وتم:
ـ نا.. نا.. هەموو رۆژ نا.. دوایی فێر ئەبیت، ئینجا منیش لێرە نابم. ئەوسا کێ بۆت بکات؟ باش نییە. با فێر نەبیت.
دایکم بزە گرتی. باوکم وتی:
ـ راست ئەکەیت. هەر ئەوەندەی خۆت حەزت کرد. زۆر نا.
وتم:

ـ دایکە، بیرتە دوێنێ پوورم وتی، چاوەڕێت ئەکات بچن بۆ تەعزێکە؟
دایکم وتی:
ـ ئەی چۆن. ئێستا لەگەڵ باوکت ئەڕۆم. تۆش ئەگەر حەزت کرد، ئیمڕۆ چێشتیشمان بۆ لێبنێ.
منیش بە پێکەنینەوە وتم:
ـ ئینجا من کەی چێشتم لێناوە؟ بەڵام هەوڵ ئەدەم شتێک بۆ خۆمان دروست بکەم. ئەزانم تۆ بۆ نیوەڕۆ نایەیتەوە.
دایکم وتی:
ـ نـەوەڵا... نایەمەوە. ئەی رۆڵـە ئێمە لەگەڵ ماڵی سەبیحە خان بۆرە خزمایەتییەکمان هەیە. هەر عەیبیشە بێمەوە. بەخوا دوایی سەبیح گیان گلەییم لێ ئەکات.
باوکیشم سەیرێکی منی کردو بزەیەک گرتی. وتی:
ـ نا... نا...ئافرەت! با سەبێحە خان گلەییت لێ نەکات. ئەی عەیبە. چۆن ئەبێت؟ حەز ئەکەیت شەویش لەوێ بە.
دایکم وەکو بڕوای نەکردبێت لە پشنیارەکەی باوکم. بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی باوکمو منی کردو وتی:
ـ توخوا ساڵح؟ بە راستە؟ قەیناکا ئەم شەو لای سەبیح بمێنمەوە؟ باوکم سەرێکی لار کردەوە. وتی:
ـ نەخێر. هیچ بە راستم نییە! خاتون. ئەوەنە لای خاوەن تەعزێکە دانیشە، کە لێت بێزار نەبێت. ئەو ژنە ئێستا ئەوەنە هیلاکە، خوا خوایەتی شەو دەوری چۆڵ بێت هەتا تۆزێک بحەوێتەوە. خۆ، کە مێردەکەی مرد مانای ئەوە نییە ئێوەش ئەو بکوژن. ئێستا بڕۆ لە لای دانیشە تا کو دوای نیوەڕۆ.
ئیتر دایکم زۆر بێ هیوا بوو. رووی کردەوە من. وتی:
ـ باشە کچم. بە قسەم بکە. ئێستا فرسەتە. خۆت فێر بکە. دوایـی کە شووتکرد خۆ من نایەم خواردنت بۆ دروست بکەم.

وتم:
- جارێ ئەو مەسەلەیە زۆری ماوە. تا ئەو کاتە هەر فێر ئەبم.
دایکمو باوکم ڕۆیشتن. منیش ڕۆیشتمە حەوشە. دەستم کرد بە باخ پاککردنەوە. شەوی پێشوو ڕەشەبایەکی زۆر توند هەڵی کردبوو. هەرچی لق و پۆپی درەختو گوڵو گەڵا بوو، لە ناو حەوشەکە وەریبوو. هەموویم کۆکردەوە. ئینجا چوومە ژوورەوە. هێشتا کات زوو بوو. کەس لە خەو هەڵنەستابوو. نیازی براشم خۆش بەختانە ئەو شەوە لە ماڵی هاوڕێیەکەی مابووەوە. چوومە لای تەلەفۆنەکە. بەڵام زۆر دوو دڵ بووم تەلەفۆن بۆ کامەران بکەم. بڕیارم دابوو ئەبێت هەواڵی بزانم، قسەی لەگەڵ بکەم. تۆزێک وەستام، ئینجا دەسکی تەلەفۆنەکەم هەڵبڕی ژمارەکەم لێدا. دوای چەند جەڕەسێک ژنێک وەڵامی دامەوە. کە گومانم نەبوو ئەوە حەپسەخان بێت. وتم:
- بەیانیت باش. بێ زەحمەت کامەران لەوێیە؟ ئەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم؟
وتی:
- تۆ کێیت؟
وتم:
من هاوڕێی کامەرانم!
وتی:
- کامەران هاوڕێی نییە.
وتم:
- بەڵێ هەیەتی. من هاوڕێی ئەوم.
وتی:
- نەخێر کامەران هاوڕێی نییە. جارێکیتریش تەلەفۆن بۆ ئێرە نەکەیت.
هەر خێرا تەلەفۆنەکەی بە ڕوومدا داخستەوە.

زۆرم پی ناخۆش بوو. ئەو هەڵوێستە دڵمی زۆر ناخۆش کرد. تەواو هەستی بریندار کردم. نەمزانی چی بکەم. من چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستە نەبووم. دەستم کرد بە گریان. بیرم لە قسەکانی ئەو ژنە ئەکردەوە. بۆچی وایپێوتم؟ زانیم، کە ئەوە دایکێتی. بۆیە زۆر دڵگران بووم. هەر لەو کاتەدا خونچە زۆر بە هێواشی هاتە ژوورەکە، لیّم نزیک بووەوە. وتی:

ـ ڕۆژ باش، بنار گیان ئەوە ئەگریت؟ چی بووە..؟ خونچە تۆزێک بێدەنگ بوو ئینجا لیّم هاتەپێشەوە دیسان وتی:

ـ بنار، بۆ ئەگریت؟ خۆ تۆ زۆر دڵت خۆش بوو! چی بووە؟ دە قسە بکە! باوکم باشە؟ منیش بە هێواشی سەرم بەرزکردەوە. وتم:

ـ هیچ...هیچ نەبووە.

وتی:

ـ ئەی کەواتە بۆ ئەگریت؟ بۆ پێم ناڵێیت؟

منیش بۆم باس کرد، کە چی ڕوویداوە. خونچە زۆر لە سەرخۆ پێی وتم:

ـ بنار گیان، خۆت بێتاقەت مەکە. تۆ ماوەیەکە باست نەکردەوە. منیش لەڕاستیدا وام زانی ئەو پەیوەندیە تەواو بوە!

وتم:

ـ نا خونچە گیان، ئەو خۆشەویستییە هەرگیز تەواو نابێت. ئەوە خۆشەویستی دڵو گیانمە.

خونچە هەر ئەیویست ئارامم بکاتەوە. بەڵام من گریانم بۆ ڕاگیر نەئەبوو. ناچار وتی:

ـ هەستە ئەمجارە هەوڵێکیتر بدەرەوە، بەڵکو دەستت بکەوێت. وتم:

ـ نا... کامەران ئەبێت خۆی هەوڵ بدات. من ئیتر داوای ناکەم.

بەڵام لە مێشکی خۆمدا بە خۆم ئەوت:

ـ کێ ئەڵێت کامەران ئاگاداری ئەم باسەیە؟ لە وانەیە لە ماڵ نەبێت، خونچە وتی:

ـ پێویست بە گریان ناکات،  دایک هەر وا ئەڵێت بێ ئەوەی ئەو کەسە بناسێ. ئەگەر کامەرانت خۆشبوێت تۆ هەر ئەبێت ڕێزی لێ بگریت.

هەر لەو قسانەدا بووین نازدار هاتە ژوورەوە. هێشتا چاوی ئەخوراند. تازە لەخەو هەڵستابوو. وتی:

ـ ئەوە چییە ئەو کۆبوونەوەیە؟ چی بووە؟ ئەوە کوا دایکم؟ باوکم باش بووە؟

منیش وتم:

ـ بەڵێ باوکم زۆر باش بوو. دایکیشم ڕۆیشت بۆ پرسەی مێردی سەبیحە خان. ئەوەش ئێمەین. نازدار تۆزێک لێم نزیک بووەوە. وتی:

ـ ئەوە بۆ وا قسە ئەکەیت؟ ئەڵێت لێیان یاویت، ئەوە گریاویت!؟ چییە؟ خێرە؟

ـ وتم هیچ نییە. خێرە.

وتی:

ـ نا.. تۆ گریاویت. ئێستا پێم بڵێ چی بووە؟!

وتم:

ـ نازدار گیان هیچ نەبووە. ئەوەی بوو، تەواو بوو.

وتی:

ـ ئەی بۆ لە منی ئەشارنەوە؟ بۆ پێم ناڵێیت؟

خونچە وتی:

ـ بنار تەلەفۆنی کردووە بۆ کامەران، دایکی کامەران وتوویەتی ئیتر تەلەفۆن بۆ کامەران مەکە!

نازدار تۆزێکی تریش لێم نزیک بۆوە، بە ساردییەکەوە وتی:

ـ ئینجا چییە؟ تۆش تەلەفۆنی بۆ مەکە. چش. کوڕ بڕاوە؟ ئەو کێیە؟ کامەران چییە؟ چیی لە تۆ زیاترە؟ خۆی بە چی ئەزانێت؟ تۆ خۆت بێ

ئەقڵ کردووە. من پێم وتیت ئەو دایکەی ناهێڵێت ئێوە خۆشی ببینن. تۆ بیرتە سەرگوڵ چیی وت؟
وتم:
ـ بەڵێ باشم بیرە، بەڵام کێ ئەڵێت سەرگوڵ قسەی خۆی نییە؟ من بڕوا بەو قسانە ناکەم.
نازدار رۆیشتە بەرامبەرم لەسەر قەنەفەکە دانیشت. وتی:
ـ رۆڵە گیان، بە خوا سەرگوڵ سوێندی بۆ خواردم کە درۆ ناکات. ئەو ژنە کە دایکی کامەرانە ناهێڵێت ئێوە بە یەک بگەن. چونکە کچی پووری یان کچی خاڵی خۆیان بۆ داناوە. منیش وتم:
ـ خوای ئەکرد کچی هەموو تایەفەکەیان بۆ دائەنا کامەران منی خۆش ئەوێت، نەک خاڵۆزاو پورزا. خونچە لەولاوە هەڵی دایە بە تورەییەکەوە نازداری بانگ کرد. وتی:
ـ نازدار خان دە وازی لێ بێنە. ئەو قسانە چییە تۆش ئەی کەیت؟ کێ ئەڵێت سەرگوڵ خۆی ئەو قسانەی دروست نەکردبوو؟ دوای ئەوەش بنارو کامەران یەکتریان خۆش ئەوێت. خۆ زەمانی بەرد نییە دایک بە زۆر ژن بۆ کوڕ بهێنێت!
نازدار رووی کردە خونچە. وتی:
ـ تۆ جارێ منداڵیت. لە قسەی گەورەدا قسە مەکە. بنار ئەبێت بزانێ کە زۆر لە کامەران زیاترە.
ئینجا رووی کردە من. وتی:
ـ بنار تۆزێک ئەقڵت هەبێت. ئەو ژنە دایکێکی زۆر زاڵە وەکو ئەڵێن قسە هەر قسەی خۆیەتی. هەرچیی وت، هەر ئەوەیە. کەس بۆی نییە لە قسەی دەربچێت. ئەو کە زانی تۆو کامەران یەکترتان خۆش ئەوێت، خێرا هەڕەشەی بۆ ناردیت. بەڵام تۆ باسی خۆشەویستی ئەکەیت. ئەی ئەو بۆ هەواڵت ناپرسێت؟

وتم:

ـ چونكە من خۆم پێم وت تەلەفۆن نەكات... لەبەر نیاز لەبەر دایكم لەبەر باوكم. خونچە دیسان هەڵی دایەو وتی:

ـ كامەران هەر چەند تەلەفۆن ئەكات من وەڵام ئەدەمەوە. هەموو جارێك باوكم یان نیاز یان دایكم لە ماڵن. بۆیە منیش بانگت ناكەم. پێشتریش وامزانی ئێوە پەیوەندییەكەتان نەماوە! هۆیەكیتریش كە پێمنەوتیت. ئەترسام كە پێت بڵێم تۆش تەلەفۆنی بۆ بكەیت ئەوسا تووشی شەڕو بەزم بیت لەگەڵ دایكم یان نیاز. بنار گیان، من ئاگادارم كامەران هەوڵی یاوە قسەت لەگەڵ بكات. بەڵام وادەرئەكەوێت ماڵی ئێمە دژی پەیوەندیی پاكو خۆشەویستیی راستبن.

ئینجا نازدار جارێكیتر رووی كردە خونچە. وتی:

ـ قەت ناشێ تۆش خەریكی بەزمی عیشقو دڵداری بیت؟ ها ها ها وەڵا تەواومان كرد.

خونچە وتی:

ـ نەخێر من هێشتا تووشی نەبووم، بەڵام ئەگەر بوو، من وەكو بنار ناكەم.

وتم:

ـ خونچە گیان؟ جارێ تۆ واز لەو قسانە بێنە. نازدار تۆش فەرموون بڕۆن بەرچاییەكەتان بخۆن. هەموو شتم حازر كردووە.

نازدار وتی:

ـ جارێ تۆش واز لە بەرچایی بهێنە. بنار خان، پێم بڵێ بزانم ئێستا بە تەمای چیت ؟

وتم:

ـ نازانم.. ناتوانم بڵێم وازی لێئەهێنم. ناشتوانم بڵێم جارێكیتر تەلەفۆنی بۆ ئەكەم.

خونچە وتی:

- واتە تۆ دەرگای جەهەنەم بۆ خۆت ئەکەیتەوە، یان وازی لێ بهێنە ئیتر بیری خۆتی بەرەوە یان هەوڵ بدە خۆت قسە لەگەڵ کامەران بکەیت. بزانە ئەو ئەڵێت چی؟ لەوانەیە ئاگای لە هیچ نەبێت.

منیش ئەوەندەیتر گریام. وتم:

- بەسە. ئێوە ئەوەندەیتر دڵتان ناخۆش کردم. من ئەڵێم خۆشم ئەوێت کامەرانیش منی خۆش ئەویت. ئیتر دایکی چی ئەکات با بیکات. من گوێ نادەمێ.

ئینجا نازدار وتی:

- بنار تاکو ئێمە نانی بەیانی ئەخۆین تۆ برۆ خۆت بشۆ، ئەوە چەند رۆژێکە وەکو ژنی ماڵ خەریکی ئیشیت. کە تەواو بوویت لە خۆشتن جوان خۆت بگۆڕە ئەچین بۆ ساڵۆن. قژت مێش بکە، ئەو برۆ پڕانەت ئەڵێی فلچەیە تۆزێک باریکو رێکی بکە. با ئیتر تۆزێک لە قوتابیی زانکۆ بچیت. ئیتر کامەرانیش پشت گوێ بخە. هەزارەها کوڕی لەو باشتر مەمنونت ئەبێت.

منیش ئەمجارە زۆر بە تووڕەییەوە وتم:

- لەوە ئەچێت ئێوە لە من تێنەگەن! من ئەڵێم هەزار کوڕیترم ناوێت. یەک کوڕم ئەوێت بە هەزار شێوە خۆشی بوێم. سەد ساڵیتریش لێم بپرسن کێت خۆش ئەوێت؟ ئەڵێم کامەران.

نازدار وتی:

- بەڵێ.. بەڵێ.. زۆرمان گوێ لەو قسانە بووە بەسە بەس. کە چوویتە زانکۆ نەک کامەران دایکی کامەرانیشت بیر ئەچێتەوە. نازدار شێوازی قسەکردنەکەی گۆڕی. ویستی بە شێوەیەکی شیرین زمان بم دوێنێت تاکو رازی بم بە قسەکانی.

ئینجا وتی:

ـ بە قوربان.. واز بهێنە. بە خوا تۆ ئەوەندە جوانو رەوشت بەرزیت ئەوەندە ئاقڵو کچی چاکیت بڕوا بکە هەموو زانکۆ شێتت ئەبن! پێم بڵێ کێ وەک تۆ جوانە؟

بە پێکەنینێکەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەیرێکی کردم. ئەمجارە وتی:

ـ راستە کەمێک کورتە باڵای.

تۆزێک لە قسەکەی وەستاو بزەیەک گرتی. ئینجا دیسان دەستی پێکردەوە بە قسە. وتی:

ـ بەڵام جارێ ماویشتە درێژ بیت. دیسان دەستی پێکردەوە وتی:

ـ سەیری ئەو قژە پڕو خاوە، کەس نازانێت رەنگی قژت چییە. قاوەییە؟ خورماییە؟ هەر ئەڵێی تیشکی خۆرە ئەبریسیکێتەوە، ماشەڵڵا چاو گەشو گەورەو رەنگ هەنگوینی. پێست ئەڵێی گوڵەباخی پەمەیی کاڵە. دەمو لێو ئەڵێی یاقووتی ئاڵە. بەخوا تۆ قەت مکیاجت ناوێ. تۆ لەوە ناچێت بە خۆت بزانی. تۆ بێجگە لەوەی، کە چەند جوانی. لە هەموومان لەسەرخۆتری. بە سەلیقەتریت. هەموو شتێک ئەزانیت. قسەزانیت. هەر تۆ ئەتوانیت بۆ هەموو شتێک باوکم رازی کەیت. تۆ سەر لە هەموو شت دەرئەکەیت. ئیتر من تێناگەم ئەو کامەرانە چییە تۆ خۆشت ئەوێت؟ جارێ زووە.. زوو بۆ ئەو جۆرە پەیوەندییانە کەوا جدی بێت.

بە ناچاری. بۆ ئەوەی ئیتر نازدار بێدەنگ بێت، ئەوەندە لە سەر ئەو باسە نەڕوات، وتم:

ـ باشە. وا من ئەڕۆم بۆ حەمام. دوایی خۆم ئامادە ئەکەم بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ ساڵۆن. ئێوەش بڕۆن نەشمیل لە خەو هەڵسێنن. بۆئەوەی کە ئێمە رۆیشتین ئەو ئاگای لە هاوژینو نەوژین بێت. تا تەواو ئەبم ئێوەش نانەکەتان بخۆن.

## ـ ٢٧ ـ

هەفتەیەکی‌تر تیپەڕی. هیچ دەنگو باس نەبوو. ئەچووم بە لای تەلەفۆنەکەدا. هەڵم ئەگرتو دامئەنایەوە. ئەمویست تەنها جارێکیش بێت گوێم لە دەنگی کامەران بێت. هەر چۆنێک بێت هەواڵێکی بزانم. هەموو ڕۆژ هەزار پرسیار لە مێشکمدا ئەهاتو ئەچوو. بەڵام هیچ وەڵام نەبوو. دوای هەفتەی پێنجەم. بڕیارم دا کە ئەمجارە هەر ئەبێت قسەی لەگەڵ بکەم. بێ ترس دەستم دایە تەلەفۆنەکە. ژمارەکەم لێدا. دەنگی کامەران هاتە گوێم. وتی:

ـ هەلاو. یەک بروسکە بە ناودڵما تێپەڕی.

هەمان سات گویم لە دەنگی نیازو چالاکی هاوڕێی بوو، کە لە دەرگای حەوشە ئەهاتنە ماڵەوە بەرەو  ژووری دانیشتنەکە.

منیش خێرا تەلەفۆنەکەم داخستەوە. ژمارەی شیلانم داواکرد. چونکە ئەمزانی کامەران تەلەفۆنم بۆ ئەکاتەوە. ویستم خەتەکم مەشغووڵ لێ بدات. لە هەمان کاتیشدا ویستم نیاز بزانێت من لەگەڵ شیلان قسەم ئەکرد، بۆ ئەوەی پرسیار نەکات. کەمێک لەگەڵ شیلان باسی هەندێک شتمان کرد. بەڵام دڵم  هێشتا خێرا خێرا لێی ئەدا، هێشتا تێپەڕم نەکردبوو بەسەر ئەوکوتوپڕیانەی کە لەیەک ساتا رویان دا. هەر بۆیە لە کورتی قسەکانم بڕیەوە، خواحافیزیم لە شیلان کرد. ئینجا چالاک زۆر بە پرتاو خۆی کرد بە ژووری دانیشتنەکەدا. منی بینی لەوێ زۆر بەدڵێکی خۆشەوە. وتی:

ـ بنار؟ ئەزانیت لە کوێ وەرگیراویت؟

وتم:

ـ نەخێر هێشتا نازانم. بۆ تۆ زانیوتە خۆت لە کوێ وەرگیراویت؟

وتی:

ـ بەڵێ من لە بەغدا.

وتم:
ـ خۆشی له خۆت.
وتی:
ـ به خوا من حەزم لەوێ نییه.
چالاک وتی:
ـ بیستوومه که خەڵکی سلێمانی هەمووی له (مووسڵ) وەرگیراون. لەوانەیه تۆش لەوێ بیت!
وتم:
ـ له هەر کوێ وەربگیرێم من گوێ نادەمێ، گرنگ نیه. ئەی کەواته، تۆ بۆ له بەغا وەرگیراویت؟ تۆ خەڵکی کوێیت؟
چالاک ە پێکەنینێکەوه وتی:
ـ بەخوا منیش تێناگەم! خۆم ئەو پرسیارەم کرد؟ بەڵام بڕوا بکه نازانم بۆ؟ بەهەرحاڵ من بەیانی پرست بۆ ئەکەم، وەڵامیشت ئەدەمەوه.
وتم:
ـ له کێ پرسیار ئەکەیت؟
وتی:
ـ تۆ هەقت نەبێت.
نیاز هاته ژوورەوه. وتی :
ـ ئەوه دایکم له کوێیه؟ ئەی جەماعەت کوان؟ ئەڵێی کەس له ماڵ نییه.
وتم:
ـ دایکم له تەعزێیه. نازدارو خونچەو نەشمیل له بازاڕن. نەوژینو هاوژین له حەوشەن. نازانم چی ئەکەن! ئەوەش من خێوی ماڵەکه.
نیاز وتی:
ـ باشه دایکم کەی یەتەوه؟

وتم:
ـ وەکو پێم وتیت، دایکم ئەمڕۆ جووە بۆ تەعزێ. ئیتر هەر خۆی ئەزانێت کەی ئەگەڕێتەوە.
نیازو تی:
ـ خۆزگە بمزانیایە ژن بۆ ئەوەنەی حەز لە تەعزێیە؟
وتم:
ـ مەسەلەکە حەز نییە.
وتی:
ـ ئەی چییە؟ هەر بڵێن یەکێک لەم شارە مرد، دایکم ئەبێت بچێت.
وتم:
ـ وا نییە. دایکم تەنها ئەچێت بۆ تەعزێی ئەو کەسانەی، کە ئەیانناسێت. ئەگەر نەچێت. تووشی عەیبە ئەبێت. گلەیی لێ ئەکەن. چوونە تەعزێ پێویستە. ئەبێت بچێت بۆ دڵنەوایی خاوەن مردووەکە.
چالاک وتی:
ـ کاکە، ئێستا تۆ چیت ئەوێت لە دایکت؟
نیاز وتی :
ـ خواردن. برسیمە. ئەزانم بنار هەموو ئیشێک ئەزانێت، بەڵام نازانێت خواردن دروست بکات.
منیش ویستم بڵێم برنجی سوورم دروست کردووە لەگەڵ پەتاتەی سوورەوەکراو. بەڵام چالاک هەر زوو قسەکەی قۆستەوە، وتی:
ـ کەواتە ئەچینەوە ماڵی خۆمان، یان ئەچین بۆ کەبابی وەلی.
وتم:
ـ بۆ کوێ ئەڕۆن؟ من برنجی سوورم کردووە، پەتاتەشم سوور کردۆتەوە. بەڵام ئەگەر ئێوە کەباب ئەخۆن، منیش کەبابم ئەوێت، یان لەگەڵ من برنج

ئەخۆن؟
نیاز وتی:
ـ ئەی باوکە گیان. ئەبێت چۆن برنجێکت لێنابێت؟ بەخوا من ناخۆم. چالاکیش ئارەزووی خۆیەتی.
ئینجا رووی کردە چالاک. وتی:
ـ ئەڵێی چی بچین بۆ کەباب؟ وا نییە؟
چالاک سەیرێکی منی کرد. وتی:
ـ نا من حەز ئەکەم برنجە سوورەکە بخۆم.
نیاز وتی:
ـ رۆڵە تۆ بۆ ئەوەنە نەگبەتی؟ برنجێ برنج بێت بنار لێیبنێت ئەبێت تامی چۆن بێت!؟ هەستە با برۆین، ئەو کەبابە خۆشەی وەلی لە کیس خۆت مەیە. دەعوەتی من بە.
منیش وتم:
ـ برۆن ئارەزووی خۆتانە. بەڵام کە گەرانەوە بەشی منیش بهێنن. ئەگینا بە باوکم ئەڵێم نیاز خواردنی ماڵەوەی نەخوارد. کفری نیعمەتی کردووە. ئینجا خۆت ئەزانی ئەو کاتە باوکم چیت پێ ئەکات.
هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین. چالاک وتی:
ـ کاکە من کەباب ناخۆم. من نامەوێت مام ساڵح لێم تورەبێت. ئێستا من حەزم لەم چێشتەی ماڵەوەیە. با بزانین بنار خان چی دروستکردوە!
پاش ئەوەی نیازو چالاک نانی نیوەرۆیان خوارد، خواردنەکەشیان زۆر بە دڵ بوو. زۆری پێنەچوو رۆیشتن. من هەر خۆم بەتەنها لەماڵەوە مامەوە. هێندە دڵم تەنگو ناخۆش بوو، ئارەزووی هیچم نە ئەکرد. چاوەرێم ئەکرد دەنگێک لە تەلەفۆنەکەوە بێت دەنگی کامەران بێت، بەڵام هیچم نەئەبیست. دایکمو خوشکەکانم هەرچەند برۆیشتنایەتە دەرەوە، هەوڵیان

لەگەڵ ئەدام کە لەگەڵیاندا بڕۆمە دەرەوە. بەڵام من هەموو کات یەک وەڵامم دەبوو بۆیان. ئەویش ئەوە بوو کە حەزم بەچونە دەرەوە نیە. ئیتر ئەوانیش وازیان لێ ئەهێنام. زۆرترینی کات خۆم بە خویندنەوەی کتێبەوە خەریک ئەکرد. بەڵام، دوای  خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک، کاتێک بە ئاگا ئەهاتمەوە من لە قوڵایی خەیاڵمدا بووم لەگەڵ کامەران. زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هەواڵیم ئەکرد. زۆر جار هەمان پرسیارم لە خۆم ئەکردەوە ئاخۆ قسەکانی سەرگوڵ ڕاست بن؟ ئاخۆ ئەم خۆشەویستییە بۆ هەموو کەس وا بیت؟ یان تەنها بۆ من وا قورسە؟ ئەی خوایە گیان. من بۆ ناتوانم یەک چرکە لە مێشکی خۆمی دەرکەم؟ ئەمە خۆشەویستییە یان سزای ژیانمە؟ هەزاران پرسیارم لە خۆم ئەکرد. زۆر جار ئەمویست لەگەڵ خوشکەکانم بڕۆم بۆ بازاڕ یان بۆماڵی خاڵو پورەکانم. بەڵام، زۆری نەئەبرد پەشیمان ئەبوومەوە. هەر ئەو ڕۆژە شیلان تەلەفۆنی بۆ کردم. وتی:

- بنار؟ هەواڵی خۆشم پێیە!

وتم:

- ئادەی خێرا هەواڵی خۆش وەکو چی؟

وتی:

- وا هەموو لە پەیمانگای تەکنیکیی (مووسڵ) وەرگیراوین. بە تەمام لەگەڵ برا گەورەکەم بچم بۆ مووسڵ بۆ زانینی شوێنو ریگەمان. ئەتەوێت لەگەڵ ئێمە بێیت؟

منیش پرسیارم لێکرد:

- بۆ کەی ئامادەبم؟

وتی:

- هەفتەی داهاتوو. بەڵام هێشتا کاتەکەمان دیاری نەکردوە.

زۆر دڵم بەو هەواڵە خۆش بوو. بیرکردنەوەم لە کامەران هەموو هۆش‌و گۆشی لێ بردبووم. شەو هەتا بەیانی لە دڵی خۆمدا تەگبیرم ئەکردو بڕیارم ئەدا، کە ڕۆژ بێتەوە، چی بکەم‌و چی نەکەم. کە ڕۆژیش ئەبووەوە، قسە ڕەقەکانی دایکیم بیر ئەکەوتەوە. خۆم بە خۆمم ئەوت: (نەء جارێ پەلە مەکە. شت خۆی دەرئەکەوێت. با جارێ تۆزێکی‌تریش چاوەڕێ بکەم.) من بەهیچ جۆرێک هەواڵی کامەرانم نەزانی. نەم زانی نمرەکانی چۆن بوون؟! نەم زانی کامەران لە کوێ خوێندن دەست پێئەکات؟ بڕوام نەئەکرد من بتوانم جارێکی تر کامەران ببینمەوە! پەیوەندیەکەمان پچڕا. هەردوکمان زۆر لە یەکتر بێئاگا بووین. بەڵام کامەران بۆ یەک خولەک لە مێشکو دڵی من دانەبڕا. هەموو کاتەکە کامەران لەناو مندا ئەژیا. چاوم نەیدەبینی. بەڵام رووحم لێی ون نەدەبوو، گوێم لەدەنگی نەبوو بەڵام هەموو کاتەکە هەستم بە چرپەی ئەکرد. بۆنیم نەدەکرد بەڵام هەموو شوێنێک بۆنی ئەوی لێئەهات. من وکامەران چەند دوور بووین، ئەوەندەش نزیک بووین. هەستم ئەکرد هەموو کاتەکان کامەران لەگەڵ مندایە دڵم خۆش بوو بەوەی کە من لە کامەران دانابڕێم! نازانم بۆ بە بەردەوامی ئەوهەستەم هەبوو!؟. بەڵام دڵم بەشتێک خۆش بوو هەرچەندە زۆر نادیار بوو. ئەو چەند کەڕەتێک پەیوەندی بە منەوە کرد، بەڵام من هیچ کاتێک نەم توانی وەڵام بدەمەوە. هەر بەو شێوەیە بردمە سەر تا پشووی هاوین هەمووی تەواو بوو. ڕۆژێکیان زۆر دڵم تەنگ بوو. حەزم ئەکرد لای کەسێک دڵی خۆم بکەمەوە. باسی خەم‌و خەفەتەکانم بکەم. بۆیە بڕیارمدا بچم سەردانی شیلانی هاوڕێم بکەم. من‌و شیلان سێ ساڵ بوو یەکترمان ئەناسی. زۆرمان یەکتر خۆش ئەویست، جگە لەوەی هاوڕێی قوتابخانەم بوو، دراوسێشمان بوو. شیلان کچی بچووکی دایکی بوو. لای خێزانەکەی زۆر خۆشەویست بوو. تەلەفۆنم بۆ کرد کە

ئەمەویٚت بچم ببیبنم. بەڵام کاتێک گەیشتمەماڵی شیلان ماڵەکەیان پڕ بوو لە خەڵک. ماڵی براو خوشکەکانی هەموو لەوێ بوون. ئیتر منیش زۆر نەمامەوە ماڵئاواییم لە کەسوکارەکەی کرد، بە شیلانم وت:

ـ شیلان گیان، ببورە من ئەبێت بڕۆم، تۆ میوانێکی یەکجار زۆرت هەیە پێویست ئەکات لای ئەوان بیت. ئەگەر رێککەوت جارێکی تر سەرئەیەم. ویستم خێرا ئەوێ بەجێبهێڵم. بەڵام دیار بوو شیلان هەستی بە شتێک کردبوو. بۆیە هەر، کە هەستام برۆم، لە ناو دەرگای حەوشەکەدا پێش ئەوەی خواحافیزی لێ بکەم. هاتە نزیکمەوە. وتی:

ـ بنار گیان چیتە؟ زۆر پەستو غەمبار ئەتبینم. چی بووە؟ ئەترسم باوکت نەهێڵێت بچیت بۆ مووسڵ بۆ خوێندنەکەت!

وتم:

ـ نا.. نا.. وا نییە. باوکم کێشەی نییە. من لە راستیدا بۆ شتێکیتر هاتبووم بەڵام قەیناکا هەر کاتێک توانیت تەلەفۆنم بۆ بکە با قسە بکەین.

شیلان وتی:

ـ بێگومان، با بزانم ئەمان کەی ئەڕۆن، ئەوسا قسەت لەگەڵ ئەکەم.

ئیتر خواحافیزیمان لە یەکتر کرد، بە خیرایی گەڕامەوە ماڵەوە. هەر، کە گەیشتمە ماڵەوە بینیم نیازو چالاکی هاوڕێی لە حەوشەدا راوەستابوون. سڵاوم لێکردن. دایکم زۆر بە پرتاو بەرەو رووم هات. وتی:

ـ ئەوە بۆ ئەوەنەت پێچوو؟

منیش وتم:

ـ بە هەموو رۆیشتنو گەڕانەوەم یەک کاتژمێرم پێ چووە. ئەوە من یەک مانگو نیوە نەرۆیشتوومەتە دەرەوە. دە ئیتر دڵم شەقی برد. چیتان لە من ئەوێت؟

نیاز هاتە پێشەوە. وتی:

ـ ئەوە جەنابت بەم ئێوارەیە لە کوێ بوویت؟
وتم:
ـ بۆ؟ لە ماڵی شیلان بووم.. نابێت؟
وتی:
ـ ئەی بە کەست وتبوو؟
وتم:
ـ بەڵێ ئێمە لەکەیەوە بێ پرس چووینەتە دەرەوە تا ئێسا بێ پرس بڕۆم؟
وتی:
ـ باشە ئەم چوونە پێویست بوو؟
خەریکبووم تووڕە ئەبووم. ئەمویست هاوار بکەم بڵێم، بەسە. بۆ خاتری خوا من تاقەتی خۆم نەماوە ئەم هەموو پرسیارە چییە؟
لەو کاتەدا باوکم گوێیلێمان بوو لەژوری دانیشتنەکەوە هاتە دەرەوە.
وتی:
ـ ئەوە چییە؟ مەحکەمەی چی لە بنار ئەگریت؟
منیش خێرا وتم:
ـ باوکە هیچ نییە. ئێمە قسە ئەکەین بەیەکەوە.
ویستم ئەوچونە دەرەوەیەی من نەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی نێوان باوکم ونیاز. بەڵام باوکم وتی:
ـ کوڕە ئەوە پێت ئەڵێم. باش گوێ بگرە. تاکو من مابم کەس بۆی نییە پرسیاریان لێ بکات. تێگەیشتی؟
نیاز خۆی تووڕە کرد. وتی:
ـ دە وەڵا لەمەولا، ئەوەی بێ پرسی من لەم ماڵە بڕواتە دەرەوە قاچی ئەشکێنم.

باوکم زۆر تووڕە بوو. ئیتر بوو بە شەڕو فەرتەنە لەبەر ئەوەی من دوای زیاتر لە مانگێک چوومە دەرەوە. من جگە لە خەمی کامەران کێشەیەکی تریشم هەبوو. ئەویش ئەوە بوو، کە نیازی برام کەوتبووە گومانەوە لە من. زۆر بە وردی چاودێریی هەڵسوکەوتی ئەکردم. منیش ئەمزانی، ئاگاداری ئەوە بووم بۆیە هیچ شتێکی پێوە نەئەبینیم. حەزی ئەکرد بێگومان بێت لەوەی کە ئەگەر شتێکی وا هەبێت. چونکە؛ کاتی خۆی ئەو کچەی کە ناوی پەیمان بوو من وکامەرانی بینی بوو. هەر ئەو رۆژەی کە بۆ یەکەمجار بە یەکەوە رۆیشتین. ئەوکاتە من ئاگادار نەبووم کە ئەو پەیوەندیی لەگەڵ نیازی برامدا هەیە. زۆر خێرا باسی منی بۆ کردبوو. ئەویش بڕوای پێ کردبوو. بە هەموو شێوەیەک چاودێریی لە سەر من دانا بوو. منیش هەر چەندە زۆر بێدەنگو شەرمن بووم، بەڵام هەتا بڵێیت زیتو وریا بووم. ئەگەر خۆم نەمویستایە، کەس نەیئەتوانی هیچ شتێک لە من ببیستێت یان ببینێت. ئێمە هەرچەندە ئەو کاتە تەمەنمان هەژدەو نۆزدە ساڵ بوو، بەڵام زۆر هۆشیارو تێگەیشتوو بووین. کامەران زۆر تێگەیشووانە بیری ئەکردەوە. زۆر بە تەنگ منەوە بوو. هەر ئەوەش بوو زۆر سەرنجی راکێشابووم. هەرچەندە من وکامەران ئەوکاتە بەتەواوی لێک دابڕابووین بەڵام نیاز ئەوەی نەدەزانی.

## ـ٢٨ـ

شەو نەخەوتم. هەتا بەیانی هەر ئەمدیوو ئەودیوم بوو. بەیانی کە ڕۆژ بووەوە نەم وێرا بڕۆمە خوارەوە. زۆریشم برسی بوو. سەیرێکی نازدارو خونچەم کرد. هەر دووکیان خەوێکی خۆشیان لی کەوتبوو نەمویست کەسیان خەبەر بکەمەوە بەڵام سەیرم کرد، نەشمیل چاوی کردبووەوە. سەیری منی ئەکرد. وتی:

ـ بنار، ئەوە تۆ دوێنێ شەو نوستیت؟

وتم:

ـ زۆر کەم، تۆ چۆن ئەزانیت؟

وتی:

ـ هەر چەند خەبەرم ئەبووەوە، تۆ بەخەبەر بوویت. ئاگادارت بووم.

وتم:

ـ بەڵێ وا بوو، هیچی وا نەخەوتم.

وتم:

ـ نەشمیل گیان، هەستە بڕۆ خوارەوە بزانە دایکم هەستاوە؟ چی ئەکات!

وتی:

ـ باشە، ئێستا ئەچم. جارێ با تۆزێک خۆم بکێشمەوە...!

نەشمیل خۆی کێشایەوە. تۆزێک چاوی هەڵگلۆفت. هەر سەیری منی ئەکرد.

وتم:

ـ دە هەستە.. بەسە تەمەڵی دەی... فەرموو بڕۆ بۆ خوارەوە بزانە دایکم نان‌و چای بەیانیی ئامادە کردووە، یان نا؟ چونکە من زۆرم برسییە. ناش وێرم بڕۆمە خوارەوە.

نەشمیل وتی:

ـ ئەی چۆن نان ئەخۆیت؟ خواردنەکەت بۆ بهێنمە سەرەوە؟

وتم:

ـ جارێ بڕۆ بزانە وەزع چۆنە؟

نەشمیل رۆیشتە خوارەوە. دوای تۆزێک هاتەوە سەرەوە. وتی:

ـ دایکم ئەڵێت بۆ نایەن نانو چاکەتان بخۆن؟

وتم:

ـ نەشمیل؟ باوکم هەڵساوە لە خەو؟ نیاز هەستاوە؟

وتی:

ـ نا.. نا.. کەسیان هێشتا هەڵنەستاون. خەمت نەبێت. دایکیشم وتی: ئیمڕۆ ئەچین بۆ ماڵی نەنە حەلاو. وتی: زوو خۆتان ئامادە بکەن. نازدارو خونچە هەستێنە. با زوو ئامادە بن.

وتم:

ـ بۆ دایکم بە تەمایە کەی بڕۆین؟ هێشتا زۆر زووە.

نەشمیل وتی:

ـ یەعنی تۆ خوشکەکانی خۆت ناناسی؟ چەندیان کات ئەوێت بۆ ئەوەی ئامادە بن؟ جارێ نازدار یەک کاتژمێری ئەوێت، هەتا بڕیار ئەدات چی لە بەر بکات. ئینجا قژ چاککردنی. ئینجا مکیاج کردن. بە خوا بۆ دوای نیوەڕۆش رێک ناکەوێت. بەڵام خونچە باشە زوو ئامادە ئەبێت ئەو لەوانەیە بڵێت نایەم. تاقەتم نییە. ئینجا ئەبێت یەک سەعاتیش سوێندی ئەوو بدەین تاکو رازی بکەین لەگەڵمانا بێت.

لە پڕێکدا نازدار سەری بەرز کردەوە. وتی:

ـ بۆ خاتری خوا، ئەو هەموو قسەیە چییە بەم بەیانییە زووە؟ توخوا

ئێوە بۆ وا ئەکەن؟ ئەگەر ئێوە خوا غەزەبی لێ گرتوون، خەبەرتان بۆتەوە دە بڕۆنە خوارەوە؟ با ئێمەش بخەوین؟ دەی بڕۆن... دەی.
وتم:
ـ باشە باش... تووڕە مەبە خانم. وا ئەچینە خوارێ. بەڵام دایکم بە تەمای ماڵی باپیرمانە. ئیمڕۆ بچین. بۆ نیوەرۆ.
نازدار وتی:
ـ باشە... دە جارێ ئێوە فەرموون بڕۆن. ئەوسا قسەیەکی لێ ئەکەین. هێشتا زووە. دایکم بۆ ئەوەنە پەلەیەتی؟ نازدار سەری خۆی داپۆشییەوە.
وتم:
ـ ئۆخەی. بە خوا من زۆرم پێ خۆشە. حەز ئەکەم ئیمڕۆ بچمە دەرەوە.
نەشمیل وتی:
ـ بەڵێ بنار گیان، تۆ پێویست ئەکات تۆزێک بڕۆیتە دەرەوە لە ماڵەوە دوورکەویتەوە.
خونچە هەر لە ژێر جێگاکەیەوە دەنگی کەمێک بەرزکردەوەو وتی:
ـ بێ زەحمەت ئەتوانن بڕۆنە خوارەوە؟ دەرگاکەش دوای خۆتان داخەن؟ بە دایکیشم بڵێن من نایەم. تاقەتم نییە.
ئینجا نەشمیل سەیرێکی کردم. بە پێکەنێکەوە وتی:
ـ ئەها.. چیم پێ وتیت؟ گوێت لێبوو؟ ئەوە خونچە خان دیسان تاقەتی نییە بێت.
منیش وتم:
ـ جا با نەیەت. کەیفی خۆیەتی. دایکیشم کە زانی نایەت نەوژێنو هاوژینی لا جێدێڵێت. ئەو کاتە خۆمان ئەڕۆین.
لەو ساتەدا چاوێکم لە نەشمیل نووقاند. لە پڕێکدا نازدار هەستا لە سەر

جێگاکەی دانیشت. بێ ئەوەی چاوی بکاتەوە. سەرو قژی وا بە ناو یەکدا چووبوو، ئەتوت لە ناو گەردەلوولێکەوە هاتۆتەوە. تووڕەو بێزار. وتی:
ـ ئەرێ من تێناگەم! ئێوە بۆ ناڕۆنە خوارەوە؟ بە دایکم بڵێن منیش نایەم.
خێرا پاڵ کەوتەوە چەرچەفەکەی راکێشایەوە بە سەر خۆیدا. وتی:
ـ نەیەنەوە سەرەوە.
منو نەشمیل بە دەنگێکی نزم پێکەنین. بە هێواشی هەستاین بڕۆین. ئینجا دەرگاکەمان داخست. بە دەم قسەوە رۆیشتینە خوارەوە.
وتم:
ـ بە خوا نەشمیل ئەوە چەند رۆژێکە دوو سێ دانی بنەوەم زۆر ئەیەشێت. نازانم چییە!
نەشمیل پێکەنی. وتی:
ـ دەی... ئینجا نۆرەی دان ئێشەیە. کچم تۆزێک فرسەت بە خۆت بدە. ئێستا کەی کاتی ئەوەیە؟! تۆ لە سەر رۆیشتنیت بۆ خویندنەکەت.
وتم:
ـ راستە. بەڵام ئەم شتانە هەر ئەبێت.
نەشمیل؛ خوشکی بچووکمان بوو. ئێسک سووکو چاو کاڵ بوو، سپی پێستو قژ لوول بوو. زۆر لەش سووکو ئازا بوو. وەکو پەروانە بە دەستمانەوە بوو. تۆزێک هارو بزێو بوو. بەڵام لای هەموو خۆشەویست بوو. بە تایبەت دایکم زۆری خۆش ئەویست. بۆ هەر کوێ بڕۆیشتایە لەگەڵ خۆی ئەبوایە بیبردایە. هەر چەندە من چەند ساڵێک لەو گەورەتر بووم. بەڵام زۆر رێکبووین. هیچ کات بێ دڵیی منی نەئەکرد. زۆر جار بۆ دەربڕینی خۆشەویستییەکەی بە منی ئەوت:
ـ خۆزگە تاڵێک قژت بوومایە یان دەستێکت بوومایە.

زۆرجارنەشمیل لەگەڵ نازدار دەنگە دەنگیان ئەبوو. لەبەر ئەوەی نازدار خوشکی گەورە بوو؛ لە ڕادە بەدەر خۆشی ئەویستین حەزی ئەکرد ئاگاداری هەموو ژیانمان بێت. من هەموو کات وەکوو دایک ئەهاتە پێش چاوم. بەڵام نەشمیل لەگەڵ من هەر ئەتوت ماستی مەیییوە. ئەوەی من لێم داوابکردایە بێ هیچ پرسیارێک بۆی ئەکردم. زۆرمان یەکتر خۆش ئەویست. نەشمیل زۆر جار لای من ئەخەوت. ئەیوت با شەو ئاگام لێت بێت چونکە زۆر جار ئاگادار بوو کە من زۆرینەی شەوان خەوم لێنەئەکەوت. دوودڵیی خیزانەکەمانو کامەران بووم. زۆر جار ئەو دڵنەوایی منی ئەدایەوە کاتێکێش کە ئەو لەگەڵ خونچە دەنگە دەنگو کێشەی ئەبوو، من پشتگیریم لێ ئەکرد. هەرچەندە خەتای ئەویش بوایە. ئەویش منی خۆش ئەویست بە ڕادەیەکی زیاتر لەوانی کە. بە بڕوای من تیکڕای خیزان ئەبێت پشتگیری لە یەکتر بکەن بە هەموو شێوەیەک لە هەموو کاتو ساتێکدا هەر چۆنێک بێت شێوەو جۆری گیروگرفتەکانیان چونکە هەر ئەوان لە کۆتاییدا پشت وپەناو تەواوکەری یەکترن.

## -٢٩-

بە هەر حاڵ، ئەو رۆژە دایکم بە دەست خونچەو نازدارەوە ماندوو بوو. نازدار کاتێکی زۆری ویست بۆ خۆ ئامادەکردنی. خونچەش هەر ئەی وت:

- من تاقەتم نییە وازم لێبێنن با لە ماڵەوە بم. بەڵام لە کۆتاییدا هەموو رێککەوتین. کەس لە ماڵەوە نەمایەوە. بەڵام من هەر دانم ئەیەشا. دەقە بە دەقە ئازارم زیادی ئەکرد. بە جۆرێک کە لە ماڵی باپیرەم بووین نەمتوانی هیچ بخۆم. هەرچەندە پوورم یاپڕاخێکی گەلامێوی زۆر خۆشی لێنابوو. بۆن‌و بەرامەکەی ماڵەکەی پڕ کردبوو. کاتێک، کە هەڵیان رشتە سەر سین بنی ئەو مەنجەڵە گەورەیە پڕ بوو لە دووگو پەراسوو پاقلەی دەنک گەورە. بەڵام هەر چەندم کرد لە دوو سێ دانە زیاترم بۆ نەخورا. ئەوەش لەبەر ئەوەی نەنکم زۆری لێ ئەکردم. نەنکم‌و پوورم هەر مێخەک بوو ئەیاندامێ بیخەمە سەر شوێنی ئازارەکە. بۆ ئەوەی ئازارەکەی بشکێت. بەڵام ئازار هەر زیادی ئەکرد تا تەواو بیزار بووم. ئینجا خاڵە سمایلیشم لەولاوە هاتبوو بە خۆی‌و بوتڵێکی شووشە کە لە بنەکەیدا تۆزێک ئاوی تیادا بوو. هێنایە بەردەمم. وتی:

- بنار گیان، یەک قوم لەمە بە غەرغەرەیەکی باشی پێ بکە هەر ئێستا چاکت ئەکاتەوە بڕوابکە دکتۆرو شتیشی ناوێ.

منیش سەیرێکی بوتڵەکەم کرد. نەمزانی چیی تیایە. وتم:

- خاڵە؟ ئەوە چییە؟ دەرمانی سحرییە؟

بە پێکەنینێکەوە وتی:

- رۆڵە. گوێ... لە خاڵی خۆت بگرە. ئەمە شازی دەرمانە. لە سیحریش موهیمترە. بڕوا بکە شتی وا لە هیچ شوێنێکا نییە. ئێستا تۆزێکت بۆ ئەکەمە پیاڵەیەکەوە وەکو وتم غەرغەرەی پێ بکە لە ناو دەمتا. هەرچی پیسی ناو دانەکانتە نایهێڵێت.

پووره بێگەردم لەجێی خۆیەوە دایە قاقای پێکەنین. وتی:
ـ بنار؟ بە قسەی نەکەیت. منیش نەمزانی پوورم بۆ وا ئەڵێت. وتم:
ـ چۆن بە قسەی نەکەم؟ ئەوە ئارەقی نەعنایە بۆ سک ئێشە ئەبێت. بەڵام قەیناکا لەبەر خاتری خاڵە قومێکی لێ ئەیەم. ئینجا پووره بێگەرد هاتە لامەوە. چرپانی بە گوێچکەمدا. وتی:
ـ هەی سەر شین، قومی چی لێئەیەیت؟ ئەوە عارەقە! بۆ ئەتەوێت ئەمشەو دایکت بە دەرکردن بەیت؟
منیش هەر چەندە توانای قسەو پێکەنینم نەمابوو. بەڵام بە هەموو هێزی خۆم قاقایەکی گەورەم لێداو وتم:
ـ ئەوە بە راستە؟ خاڵم هەر سەیری ئەکردین. تێگەیشت پوورم چیی بە من وت:
ـ خاڵم  ناچار وتی:
ـ باشە کەیفی خۆتە. بەڵام هەر بۆ زانیاریت. ئەمە باشترین شتە بۆ دان ئێشە. منیش حەزم نەکرد دڵی خاڵم بشکێنم.
وتم:
ـ خاڵە گیان ئەزانم تۆ خەمی منتە. بەڵام ئەزانیت باوکم چەند تووڕە ئەبێت ئەگەر بۆنم لێ بێت؟ بڕوا بکە بۆ هەرچی هۆیەک بەکارم هێنابێت، ماڵەکە بەسەرمانا هەڵئەگێڕێتەوە.
خاڵە سمایل وتی:
ـ ئێ رۆڵە. خۆ من ناڵێم بیخۆرەوە ئەڵێم هەر غەرغەرەی پێ بکە. ئێوە بۆ لە قسە تێناگەن؟
ئیتر دایکم تێگەیشت مەسەلە چییە! خێرا هەستایە سەر پێی. بەرەو رووم هات. وتی:
ـ یەک تۆزی کە خۆت بگرە. خۆم ئەتبەم بۆ لای دکتۆر.

هەر چۆنێک بوو خۆم ڕاگرت تاکو هەمووان نانی نیوەڕۆیان تەواو کرد. هەستم ئەکرد دەموچاوم قورس ئەبوو. ڕوومەتەکانم تایان لێ ئەهات. دایکم سەیرێکی کردم. وتی:

- ئەیەڕۆ ئەوە بۆ وات لێهات؟ خۆ هەموو دەموچاوت ئاوساوە! هەستە.. هەر ئێستا بابڕۆین بۆ لای دکتۆر محمد سەعید. دکتۆرێکی زۆر باشە. نەشمیل لەولاوە هاواری کرد. وتی:

- ڕاوەستن با منیش بێم لەگەڵتان. نازدارو خونچە دەستیان کرد بە پێکەنین. نازدار وتی:

- وەیش کە گوناحە نەشمیلی داماو هەردوو دایکەکەی بەجێی ئەهێڵن.

خونچەش وتی:

- دە توخوا بیبەن لەگەڵ خۆتان. با لەو کولیچە خۆشانەی پوورە بێگەرد نەخوات.

نازدار وتی:

- ئەی ئەو پاقلاوە جوانە بۆ ناڵێیت پڕە لە شیلە؟

لەولاشەوە پوورە بێگەر ئەوەنەیتر ویستی نەشمیل شێت بکات. وتی:

- بەخوا یەک محەلەبیم کردووە دەستو دەمی پێوە ئەخورێت. پڕە لە گوڵاو دەنک دەنک گوێزیشی تیایە. ئینجا سەرەکەشی بە دارچین هەر کەس ناوی خۆیم لەسەر نوسیووە.

نەشمیل هەر سەیری ئەکردین. بەڵام، دیار بوو حەزی لە خواردنەکانیش بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەیویست لەگەڵ من بێت چونکە زۆر خەمی بوو. ناچار وتی:

- قەیناکە. کە هاتینەوە ئەیخۆم.

هەموو پێئەکەنین. دایکم وتی:

- شلە گیان لێرەبە لەگەڵ خوشکو براکانت بە.

ئینجا دایکم رووی کردە نازدار. وتی:

ـ ئەگەر زۆرمان پێ چوو. ئێوە بڕۆنەوە، شتێکی باش لێنێ بۆ باوکت باشە؟ ئیتر ئێمە خواحافیزیمان لە نەنکمو پوورمو خاڵم کرد. خێرا ئەوێمان بەجێهێشت. خاڵە ئیسماعیل تەمەنی چل ساڵێک ئەبوو. ژنی نەهێنابوو. بەڵام چەند ساڵێک بوو ئافرەتێکی خۆش ئەویست. کاربەستی حوکمەت بوو. لەو کاتەدا ئیشی زۆر باش بوو. زۆر مرۆڤێکی دڵپاکو دڵسۆز بوو بۆ نەنکمو پوورم. زۆر بە جوانی خزمەتی باپیرمی ئەکرد. هیچ کاتێک بۆڵەو گلەییم لێ نەئەبیست. ژیانی زۆر بە سادەییو ئاسانی بەسەرئەبرد. بەختەوەری خۆی خستبووە پێناوی ئەوان. دەستمان لە سەیارەیەکی کرێ راگرت، بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ لای دکتۆر. لە رێگا لە ناو سەیارەکەدا سەرم زۆر گێژی ئەخوارد لەبەر ئازارو لەبەر برسێتی. هەستم ئەکرد لە تاو ئازار چاوم ئەرزی نەئەبینی. بەڵام لە پڕێکدا چاوم بە یەکێک کەوت وامزانی کامەران بوو. کابرای سایەق بە جۆرێک بە خیرایی ئەڕۆیشت کە ئەگەر ئیسعافیشمان بانگ بکردایە وا بەو خێرایە نەئەڕۆیشت. بەڵام من خێرا ئاوڕم دایەوە وەکو مناڵ چۆن لە کورسیی دواوە دائەنیشێت زۆربەی کات سەیری دەرەوە ئەکات. منیش هەر بەو جۆرە ویستم بزانم ئەوەی دیم کامەران بوو؟ بەڵێ خۆی بوو! لەگەڵ چەند کەسێکدا راوەستابوو. نزیک لە ماڵی خۆیان. ئێمەش رێگامان وا بوو کە بەو شوێنەدا بڕۆین. هەر لەو کاتەدا دڵم کەوتە پەلەپەلو هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. لە بەر خۆمەوە وتم:

ـ ئۆخەی. توزێک دڵم ئاوی پیاکرا.

هەر لەبەر خۆمەوە پێئەکەنیم.

دایکم سەیرێکی کردم. بە سەرسوورمانێکەوە وتی:

ـ ئەوە چیتە کچم؟ بۆ وا ئەکەیت؟ دایکم وای زانی لە تاو ئازارەکەم وڕێنە ئەکەم.

وتم:
- هیچم نییە. بەڵام کەی ئەگەین؟ زۆرمان ماوە؟
دایکم وتی:
- هیچی وامان نەماوە. وا گەیشتین. کاکی سایەق ماڵی ئاوابێت. ئەوەندە خێرا لێ ئەخوڕێت، ئەڵێیت هەنار بۆ نەخۆش ئەبات!
دایکم هەر ئەوەندەی وت. گەیشتین. کە گەیشتینە ژوورەوە، دکتۆرەکە دوای سڵاو چەند پرسیارێکی لێ کردم. ئینجا سەیری ناو دەمی کردم. وتی:
- ئەوە چەند رۆژە وایت؟
وتم:
- دو سێ رۆژێکە ئازارم هەیە. بەڵام ئیمڕۆ هەر زۆر خراپە.
وتی:
- دانەکانت هەموویان زۆر باشنو پاکن. بەڵام سێ دانی خرێت وا خەریکن سەردەرەکەن لەبەر ئەوە پوکەکەت تەقیوە. ئەم چەند رۆژەی کەش ئازارت ئەبێت، تاکو هەمووی بە تەواوی دێنەدەرەوە. تەنها ئەتوانم حەبی ئازارت بۆ بنووسم.
ئەوە هەواڵێکی ناخۆش بوو. بەڵام ئەو تەنها راستیی پێ وتم. من زۆر پەلەم بوو بگەڕێینەوە. بە هیوای ئەوە بووم، کە کامەران لە هەمان شوێندا بێت، تاکو بیبینم. بەڵام، کە گەڕاینەوە، کابرای شوفێر بە شوێنێکیترەوە ئێمەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر کامەرانم نەبینی. کە گەیشتینەوە ماڵەوە نازدارو نەشمیلو خونچە گەڕابوونەوە ماڵەوە. نەشمیل بە پرتاو هاتە بەردەمم. وتی:
- بنار گیان چۆن بوویت؟ شیلانی هاوڕێت تەلەفۆنی بۆ کردیت. وتی با پەیوەندییەکم پێوە بکات.

منیش وتم:
ـ نەشمیل گیان ئازارم زۆرە. ناتوانم قسە بکەم. بەیانی تەلەفۆنی بۆ ئەکەم.
نەشمیل وتی:
ـ نا... ئێستا بۆی بکە چونکە شیلان وتی: ئیشێکی گرنگم پێیەتی. نازدار وخونچە هەر گوێیان لە دەنگم بوو هاتنە لامەوە بزانن دکتۆر چی پێ وتم؟ منیش بۆم گێڕانەوە.
نازدار وتی:
ـ ئەوە دانە خرێکانی دواوەیە هاتنەدەرەوەی زۆر ناخۆشە. ئازاری زۆرە؛ چونکە ئێستا پوکەکەت تەواو رەق بوە هەر ئەشبێت بێنە دەرەوە. هیچ کەڵکیشی نیە.
وتم :
ـ راستەکەیت. دکتۆر حمە سعیدیش پێی وتم: کە تەواو هاتە دەرەوە ئەبێت زیاتر لە جاران دانم بشۆم. چونکە ئەو دانانە نزیک قورگن خواردنیان تیا کۆئەبێتەوە دوایی بۆگەن ئەکەن، پاشان بۆنی دەم ناخۆش ئەبێت. نەشمیل ئەم جارە بە تورەییەوە هاتەوە بەردەمم.
وتی:
ـ بنار؟ ئەوە پێم نەوتی تلفۆنێک بۆ شیلان بکە؟
منیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتم:
ـ بەڵێ باشە نەشمیل خاتوون. هەر ئێستا بۆی ئەکەم.
ئەمجارەش نەشمیل گەڕایەوە بۆ لام. وتی:
ـ بنار؟ پوورە بێگەرد قاپێکی لە هەموو شیرینیەکان بۆ ناردیت. منیش بۆم هەڵگرتویت. با کەس نەی خوات.
وتم:
ـ دەستان خۆش بێت ئەمشەو بۆ باوکمی دانێ. من جارێ نابێت هیچ بخۆم، ئازاریشم زۆرە.

ڕۆیشتم بۆ لای تەلەفۆنەکە. بەڵام گوێم لە قرچەی داخستنی دەرگای ژوورەکەی نیاز بوو، کە بە هێواشی داخرا. تەلەفونەکەمان لە شوێنێکدا دانرابوو لە نێوان ژووری نیازو ژووری دانیشتنەکەماندا. منیش خێرا گەڕامە دواوە. هەستم کرد نیاز لە ژووری خۆیەتی ئەیەوێت بزانێت من تەلەفۆن لەگەڵ کێ ئەکەم. ئیتر وازم لە تەلەفۆنکردن هێنا. دام نا بۆ بەیانی. دەنکێک لە حەبەکانم خوارد، دوایی ڕۆیشتمە ژووری سەرەوە. وا دیار بوو بۆ ئازار بوو. لە هەمان کاتدا بۆ خەوتنیش بوو. چونکە هەر پاش تۆزێک ئاگام لە دنیا نەما. کاتێک خەبەرم بووەوە. نازدار بانگی ئەکردم:

ـ بنار... بناری خوشکم؟ ئەوە چیت لێهات؟ بوورایتەوە؟

منیش چاوم کردەوە بە هێواشی سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد. وتم:

ـ ئەوە بە راست سەعات چەنە؟

نازدار هەر لە ژوور سەرم وەستابوو. زۆر بە قووڵی تەماشای ئەکردم. بە پێکەنینێکەوە وتی:

ـ سەعات دەو نیوە! تۆ قەت ئەوەندە لە ناو جێگایا نەماویتەوە!

دایکم وتی:

ـ بڕۆ بزانە بنار بۆ هەڵناستێت لە خەو؟

وتم:

ـ نازانم، زۆر سەیر بوو دوێنێ شەو کە حەبەکەم خوارد دوای تۆزێک هەستم کرد گێژ بووم. بۆیە هەر زوو هاتمە سەرەوە. بڕوا بکە لەوەتەی عەقڵم بە دنیا ئەشکێ ئەوەندە قووڵو خۆش نەنوستووم. ئای کە خۆشە خەوی بێ ترسو دوودڵی.

نازدار وتی:

ـ دەی کەواتە هەستە... هەستە بڕۆ شتێک بخۆ. تۆ چەند ڕۆژێکە هیچت نەخواردوە.

پێش ئەوەی هەڵبسم دەستێکم برد بۆ دەموچاوم. هەستم کرد گووپەکانم تۆزێک نیشتبوونەوە. ئازارەکەشم زۆری فەرق کردبوو. ئینجا تۆزێک خۆم کێشایەوە. رۆیشتم بۆ خوارەوە بۆ چێشتخانەکە. دایکم خەریکی کفتە خڕکردن بوو. خونچەو نەشمیلیش یارمەتییان ئەدا. نیازیش دانیشتبوو سەیری ئەوانی ئەکرد. هەر، کە چاوی بە من کەوت خێرا دەستی کرد بە پێکەنین وتی:

ـ وەی ماشەڵڵا کە جوانی!

هەموو ئاوڕیان دایەوە. سەیریان کردم. منیش خێرا رامکردە بەر ئاوێنەکەی کە لەبەر حەوزی دەست شۆرەکە هەڵواسرا بوو. بەڵام پێش ئەوەی من سەیری خۆم بکەم گوێم لێ بوو نیاز بە دایکمی وت:

ـ بنار دەموچاوی خوار بووە.

هەر، کە وای وت هەموو رایان کرد تا بزانن چی بووە؟ چیم لێ هاتووە؟ بەڵام کاتێک سەیری خۆمم کرد لایەکی رووومەتم زۆر لە لایەکەیتر ئاوساوتر دیار بوو. ئەوەش وای کردبوو کە شێوەی دەموچاوم سەیر بنوێنێت.

دایکم تەماشای کردم. وتی:

ـ بنار گیان خێرا بە ئاوی سارد دەموچاوت بشۆ. ئێستا زۆر نابات ئەو ئاوساویەت ئەنیشێتەوە.

بە قسەی دایکم کرد. ئەو رۆژەش هێشتا هەر کەمێک ئازارم هەبوو. بەڵام کاتی ئەوە هاتبوو خۆم ئامادە بکەم بۆ خویندنەکەم. کاتی رۆیشتنم نزیک ببۆوە. پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە لەگەڵ نازدار رۆیشتین بۆ بازار. هەرچی پێویستیم هەبوو بۆ مووسڵ هەموویم کڕی. نازداری خوشکم بۆ یەکەمجار هەندێک سووراوو سەر رووومەتو ماسکارای بۆ کڕیم، ئەگەرچی هێشتا

نەئەمەزانی چۆن بەکاریان بهێنم. جلی پەیمانگا هەر وەکو هەموو زانکۆکانی عێراق بۆ کچان تەنوورەی خۆڵەمێشیو کراسی سپیو چاکەتی شینی تۆخ بوو. نازدار هەمووی بۆ کڕیم. لەگەڵ جووتێ پێڵاوی خۆڵەمێشیی کاڵ جانتایەکی شینی تۆخ بۆ ئەوەی لەگەڵ جلەکانم ڕێک بکەویت. خەریک بوو کات درەنگ ئەبوو. خۆمان بە دوکانی باوکمدا کرد. باوکم خەریک بوو دوکانی کۆئەکردەوە، کە ئێمەی بینی تۆزێک سڵەمیەوە وتی:

ـ ئەوە ئێوە بەم درەنگە چی ئەکەن لێرە؟ لە کوێ بوون؟

نازدار وتی:

ـ باوکە خۆت ئەزانی بنار ئەوەنەی نەماوە بڕوات بۆ مووسڵ. پێویستی بە شتومەک بوو.

باوکم قسەکەی بە نازدار بڕی. وتی :

ـ ئێ؟ ئینجا چیت ئەوێ؟ پارەت ئەوێ؟ خۆ ئێوە هەر ئەزانن بڵێن بێنە. خوا نەکات یەکێکتان بڵێن هانێ.

ئێمەش هەردوکمان پێکەنین.

نازدار وتی:

ـ باوکە گیان یاخوا تۆ تەمەن درێژ بیت. ئێ هەر ئەبێت تۆ بماندەیتێ. ئێمە جارێ پارەمان نییە.

باوکم سەیرێکی کردین. وتی:

ـ ئەزانم... ئەزانم... تاکو ئێوە پێ ئەگەن، ئێمە خوێنمان ئەبێت بە ئاو. دەی با بڕۆین بۆ لای سەیارەکە. ئینجا ئاوڕێکی لە من دایەوە وتی:

ـ ئێ! تۆ پارەت ناوێ؟

منیش بە شەرمێکەوە وتم:

ـ نەء باوکە گیان، نەء.

نازدار سیخورمەیەکی لێیام. وتی:

ـ باوکە؟ بنار شەرم ئەکات قسە بکات. چۆن پارەی ناوێ؟ چەند رۆژێکی کە ئەڕوات بۆ شارێکی کە. ئەبێت پارەی پێبێت.
باوکم وتی:
ـ ئاخ.. بمزانیایە ئەم محامێتیە چییە تۆ ئەیکەیت؟ خۆ کچەکە خۆی زمانی هەیە. خۆی ئەگەر بیەوێت، قسە ئەکات.
منیش هەر لە ژێر لێوەوە وتم:
ـ باوکە، دوایی با بگەینە ماڵەوە.
ئەمجارەش باوکم ئاوڕێکی‌تری لێداینەوە. قسەکانی بە دڵ نەبوو. بەڵام ناچار وتی:
ـ باشە، بابە باشە، با جارێ بزانین پاکیزە خان چیی بۆ لێناوین.
کاتێک گەیشتینە ماڵەوە. خونچە وتی:
ـ بنار؟ شیلان دیسان تلفۆنی بۆ کردیت، ئەڵێت با قسەیەکم لەگەل بکات.
پێش ئەوەی شتەکانم لە زەرفەکان دەربهێنم رۆیشتمە لای تلفۆنەکە داوای شیلانم کرد. زانیم نیاز بە هەمان شێوە خۆی لێگرتوم بۆیە منیش بە دەنگی بەرز قسەم لەگەڵ شیلان کرد. تاکو شیلان وتی:
ـ بنار ئەوە بۆ وا هاوار ئەکەیت؟ خۆ من کەڕ نیم. بە خوا گوێم لێتە.
شیلان هەر پێئەکەنی. نەیئەزانی مەسەلە چییە!
وتم:
ـ شیلان گیان دوێنێ نەم توانی وەڵامی تلفۆنەکەت بدەمەوە، چونکە زۆر نەخۆش بووم. شیلان زۆر بەپەلە وتی:
ـ خوانەکات نەخۆش بیت، بنار گیان ویستم پێت بڵێم، بەیانی منو کاک شیروانی برام ئەچین بۆ مووسڵ، ئەگەر ئامادەیت ئەوە تۆش لەگەڵ ئێمە وەرە.
وتم:

ـ شیلان ئەی تۆ نەتوت هەفتەی داهاتوو ئەڕۆین؟ بۆچی وا کاتەکەتان گۆڕی بۆ بەیانی؟ من ئەمرۆ زۆر شتی پێویستیم کڕیوە. بەڵام هێشتا ئامادە نیم.

شیلان وتی:

ـ ئێ دە من چی بکەم بنار گیان، بەخوا کاک شیروانی برامە ئەڵێت هەر بەیانی بۆم ئەکرێت، ئەویش ئیشی خۆی هەیە.

وتم:

ـ بە خوا زۆرم حەز ئەکرد. بەڵام وەکو پێم وتیت من جارێ حازر نیم. زۆر سوپاستان ئەکەم.

دوای ئـەوەی تلفۆنەکەم داخستەوە لەگەڵ شیلان جارێکی تر زەنگی تلفۆنەکە لێی دایەوە. هەر خۆم وەڵامم دایەوە دەنگێک بوو نەم ئەناسی. دوای چۆنیو چاکی لێم پرسی جەنابت کێیت؟

وتی:

ـ بێخاڵم. نام ناسیتەوە بنار؟

وتم:

ـ بمبوورە. کام بێخاڵ؟

وتی:

ـ بێخاڵ رەزا.

وتم:

ـ بێخاڵ گیان بمبوورە، کە دەنگتم نەناسییەوە. ئێمە دەمێکە لەگەڵ یەک بە تلفۆن قسەمان نەکردووە. وا نییە؟

وتی:

ـ موشکیلە نییە بنار گیان، حەزم کرد پیرۆزباییت لێ بکەم، کە لە کوللیەی یاسا وەرگیرایت. دڵم زۆر خۆشە چونکە هەر تۆ ئەناسم لەو کۆمەڵەی کە ناومان دەرچووە. منیش هەر گوێم لێ گرتبوو تا لە قسەکانی تەواو بوو.

ئینجا وتم:
- بێخاڵ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ کوللیەی یاسای چی؟
بێخاڵ تۆزێک وەستاو وتی:
- بنار باوکت ساڵح محمد نییە؟
وتم:
- بەڵی. تەواوە.
بێخاڵ وتی:
- کەواتە خۆتی.
وتم:
- بێخاڵ گیان من لە پەیمانگای تەکنیکی مووسڵ وەرگیراوم. بەتەمام چەند رۆژێکی‌تر بڕۆم بۆ وەرگرتنی ژوورو دەستپێکردنی خوێندن. نازانم تۆ باسی چی ئەکەیت!
بێخاڵ وتی:
- من پێش دوو رۆژ لە هەولێر بووم. ناوی تۆم بینی لە سەر ئەو لیستەی کە ناوی ئەو قوتابیانەی تیادا بوو، کە لە کوللیەی یاسا وەرگیراون. تەنها ناوی تۆم بینی کە بیناسم. زۆر دڵم خۆش بوو. دوینێ ویستم پەیوەندیت پێوە بکەم بەڵام ژمارەی تەلەفۆنەکەتم ون کردبوو. ئەمڕۆ دۆزیمەوە. حەزم کرد بزانم کەی ئەڕۆیت بۆ دەستپێکردنی خوێندن؟ ویستم بزانم ئەچیتە بەشی ناوخۆ؟ یان شوقە ئەگریت؟ بۆ ئەوەی بە یەکەوە بین.!
کاتێک بێخاڵ لە قسەکانی بووەوە. وتم:
- بێخاڵ گیان زۆر سوپاست ئەکەم. منیش زۆرم پێ خۆشە تۆ لەو کوللیە وەرگیراویت، پیرۆزبابیت لێ ئەکەم. بەڵام من ناوم لە مووسڵ هەیە! لەوانەیە شتێکی هەڵە هەبێت، چونکە نابێت لە دوو شوێن ناو دەرچێت.. دوایی خۆم ئەچم بۆ هەولێر بزانم چییە. چۆن ناوم لەوێش هەیە؟

بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە تەلەفۆنەکەم لەگەڵ بێخاڵ داخستەوە. لە لایەک دڵم خۆش بوو، چونکە من هەوڵم ئەوە بوو بچمە کوللیەی یاسا. بەڵام بیرم ئەکردەوە ئەی هاوڕێ خۆشەویستەکانم چۆن بەجێ بهێڵم؟ دوایی پەشیمان ئەبوومەوە. چونکە هاوڕێکانم هەر خۆشەویستن لە دڵما. بەڵام ئەو کوللیە خەونی چەند ساڵەی منە دێتە دی. من هێشتا هەر لە شوێنی خۆمدا وەستابووم، بیرم لە قسەکانی بێخاڵ ئەکردەوە. لەبەردەم خۆمەوە وتم: ئای لەو هەواڵە چەند خۆشە! ئەبم بە پارێزەر؟ کۆلێجی یاسا ورامیاری؟ ئەی کە دەمێکە خەونی پێوە ئەبینم! کەواتە خەونی منداڵیم یەتە دی!؟ تۆ بڵێی ئەمە راست بێت؟ تۆ بڵێی خەو نەبێت؟ ئەی خوایە گیان. ئەگەر راست بێت!. ئەوسا خۆم ئەزانم چۆن بەرگری لە حەقی خۆم و هەموو ئافرەتێک ئەکەم. ئەم خەیاڵانەم ئەکردەوە لەبەر خۆشمەوە پێئەکەنیم وتم:

ـ تۆ بڵێی راست بێت؟ بڕوا ناکەم!. هەناسەیەکم هەڵکێشا بەڕویەکی خۆشەوە بەرەو روی دایکم رۆیشتم بۆئەوەی پێی بڵێم بێخاڵ چی پێوتم. دایکم بەسەرسامیەوە سەیری ئەکردم. وتی:

ـ بنار؟ لەگەڵ کێ قسەت کرد؟

وتم:

ـ هاوڕیەکی خۆم بوو. شتێکی زۆر سەیری پێ وتم بڕوا ناکەم وا بێت!

لەولاوە نازدارو باوکم هاتن. نیازیش لە ژوورەکەی خۆی بوو. هەموو هاتن نزیکمبوونەوە. باوکم وتی:

ـ چی بووە کچم؟ قسەی چیی پێوتی؟

وتم:

ـ زۆر سەیرە، پێم ئەڵێت لە هەولێر لە کوللیەی یاسا ناوم هەیە لەگەڵ ئەو!

نیاز بە پرتاو هاتە دەرەوە لە ژوورەکەی خۆی. وتی:

ـ غەڵەتە. تۆ لە مووسڵ ناوت دەرچووە. هەولێری چی؟ لەوانەیە یەکێکی کە بێت. ناوتان لە یەک بچێت.

باوکم تۆزێکیتریش لە من هاتە پێشەوە. وتی:

ـ کچم، دە تۆ وەرە دانیشە لە سەر خۆ بۆمان بگێڕەوە بزانم ئەو هاوڕێیەت چیی پێ وتیت.

منیش دیسان باسم کردەوە.

نیاز وتی:

ـ ئەوە ئێوە بۆ تێناگەن؟

باوکم خێرا قسەکەی پێ بڕی. وتی:

ـ تۆ سەیری ئەم هەتیوە ناکەیت. تۆ چووزانی هەر لە خۆتەوە قسە ئەکەیت. بناری خۆشکتە کەسیتر نییە. تەواوە. بەیانی ئەچین بۆ هەولێر بزانین وایە یان نا؟

نازداریش وتی:

ـ ئینجا چییە. لەوانەیە لە هەردوو لا ناوت دەرچووبێت. بەڵام خۆت یەکێکیان هەڵئەبژێریت. ئەگەر غەڵەت بێت ئەوا دەرئەکەوێت.

ئەو شەوە هەر کەسەی شتێکی ئەوت. هەر کەسەی بیرو بۆچونێکی هەبوو. تەگبیرمان کرد کە بەیانی منو باوکمو نازدار بڕۆین بۆ هەولێر بۆ ئەوەی بزانین شتی وا هەیە؟

## ـ ٣٠ ـ

کاتێک، کە ڕۆیشتین گەیشتینە زانکۆ، زانیمان بێخاڵ ڕاستی کرد. ناوی من لە پێش ناوی ئەویشەوە دانرابوو. نمرەکەی من لە نمرەی ئەوان بەرزتربوو. ئەمەش وای لێکردم کە جارێکیتریش بیر بکەمەوە لەوەی کە ئەمویست بیکەم. من زۆرم پێ خۆش بوو کە ببم بە پارێزە.

## - ٣١ -

دوای ئەوەی کە گەڕاینەوە بۆماڵەوە باوکم وتی:

ـ بنار، کچی خۆم، من حەز ئەکەم لەگەڵ مامە سابیرتا قسەبکەم. بزانم ئەو ئەڵێت چی؟ مامە سابیرم پارێزەر بوو. لە زۆر دەمێکەوە خەریکی ئیشی دادگا بوو. کاتێک باوکم پرسیاری لێ کردبوو. وتبووی ئیشی پارێزەری بە کەڵکی ئافرەت نایەت. کەس بڕوای بە ئافرەت نییە تاکو بەرگری لێ بکات. دایکمو باوکم هەڵوێستان گۆڕا. باوکم وتی:

ـ لەم وڵاتەی ئێمەدا کەس گوێ لە ژن ناگرێت. هەتا پارێزەرێکی پیاو هەبێت، کەس نایەوێت ژن پارێزەری بێت.

هەرچەندە من زۆرم هەوڵ دا کە رازییان بکەم کە پێویست ئەکات ئەو بیرو بۆچوونانەیان بگۆڕن دەربارەی کە ژن ناتوانێت ئیشی پارێزەری بکات. بەڵام، ئەوان زۆر بە رەقی بەرپەرچیان ئەدامەوە. بە هیچ شێوەیەک دایکم حەزی نەئەکرد. هەر ئەیوت:

ـ بنار گیان، تۆ چوار ساڵی دوورو درێژ ئەخوێنێت، دوایی کەس گوێت پێنادا. ئەم وڵاتەی ئێمە زیاتر بڕوایان بە پیاوە بۆ ئەو جۆرە ئیشانە. زۆر کەسیتر هەمان قسەیان ئەکردەوە. دایکیشم زیاتر خەمی ئەوەی بوو، کە زوو خوێندنەکەم تەواو بکەمو بگەڕێمەوە. ناچاریان کردم، کە رازی بم بە چوونم بۆ مووسڵ. لە جیاتی هەولێر. بەمەش یەکێک لە هەرە خەونە گەورەکانم پووچەڵ بووە. یەکەم نائومێدیم لێرەوە دەستی پێکرد.

بەیانی ڕۆژێکی شەممە بوو باوکم‌و دایکم خۆیان ئامادە کردبوو. بۆ ئەوەی بم بەن بۆ مووسڵ. هەر لە زووەوە منیشیان خەبەر کردەوە. دایکم بەرچایی ئامادە کردبوو. جلی جوانی لەبەر کردبوو. منیش کە هەڵستام لەخەو زۆر لە سەر خۆ خۆم ئامادە کرد. دەستێک جلی جوانم لەبەر کرد. بە بێ دەنگی چومە خوارەوە بۆ ئەوەی؛ کەسیان لە خوشکەکانم خەبەر نەکەمەوە. کە چوومە ژووری چێشتخانەکە، بینم باوکم‌و دایکم خەریکی نانخواردنی بەیانین.

دایکم وتی:

- دەی وەرە.. کچم. تۆش شتێک بخۆ. با لە ڕێگە برسیت نەبێت. ئەگەر ئێستاش برسیت نییە قەیناکا خەمت نەبێت. بەخوا مەنجەڵێک شفتەم سوورکردۆتەوە. جوان پێچاومەتەوە لەگەڵ دەستەوارەیەک نان بۆ ڕێگا. خەیارو تەماتەشم جنیوە.

باوکم وتی:

- ئەی دەستەکانت خۆش بێت. بەخوا شت هەر لە خۆت یەت. تەرمۆزەکەش پڕ کە لە ئاو.

منیش سەیرم ئەکردن، زۆر دڵم خۆش بوو. کە ئەمبینی باوکم ئاوا بە شان‌و باڵی دایکمدا هەڵ ئەدات. هیوام ئەخواست هەمیشە وا ڕێک بن. باوکم سەیرێکی کردم. وتی:

- کچم وەرە دانیشە. هیچ نەبێت چایەک بخۆرەوە.

منیش دڵم پڕ بوو لە گریان، بە زۆر خۆم گرتبوو. نەمئەویست بەجێیان بهێڵم. دڵم زۆر خۆش بوو بە خێزانەکەم. هەر سەیرم ئەکردن بیرم لێ ئەکردنەوە کە ئەوان چەند دڵیان بە من خۆشە. هەر چەند هەستم ئەکرد ئەوانیش دڵیان پڕ بوو لە قوڵپی گریان، بەڵام ئەوان لەبەر من بەو جۆرە

خۆیان دەرنەئەخست. بە ناچاری لەبەر دڵی باوکم چووم لە تەنیشت باوکمەوە دانیشتم بۆ ئەوەی شتێک بخۆم. دایکم چایەکی بۆ تێکردم دایە دەستم. باوکیشم پارووبەک پەنیری بۆ کردم. بە بێ دەنگ دایە دەستم. منیش کە ویستم لێی وەربگرم سەیرێکم کرد بزانم باوکم بۆ بێدەنگە. کە سەیرم کرد هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. بەڵام، ئەیویست لە منی بشارێتەوە. منیش ئیتر لەوە زیاتر خۆم پێ رانەگیرا فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە. پاروەکەم لە دەستی باوکم وەرگرت دەستیم ماچ کرد. بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە وتم:

ـ باوکە گیان. هیچ خەمت نەبێت. بەخوا زوو ئەگەڕێمەوە بۆ سەردانتان.

ئینجا باوکم رووی تێکردم. وتی:

ـ بنار گیان ئەزانم. خەمم نییە، بەڵام جێگەت زۆر دیار ئەبێت.

دایکم وتی:

ـ بنار. دەی...کچم، برۆ خواحافیزی لە خوشکو براکانت بکە. با برۆین. با درەنگ نەبێت.

منیش وتم:

ـ نا دایکە! حەز ناکەم کەسیان خەبەر بکەمەوە هەموو خەوتون. خەوەکەشیان زۆر خۆشە. هێشتا زووە.

بەڵام، لە راستیدا زۆرم حەز ئەکرد باوەش بکەم بە هەموویاندا. یەک بە یەک پێیان بڵێم چەندم خۆش ئەوێن. ئەوەندەی دڵم خۆشە بە رۆیشتنەکەم، ئەوەندەش دوورکەوتنەوەم لەوان ئەمتاسێنێت. نازانم چۆن بتوانم شەو رۆژ بەرێ بکەم لە دووری ئەوان؟ زۆر دڵم تەنگ بوو. منو دایکم هەر لە مشتومڕی ئەو باسەدا بووین. کاتێکم زانی یەک بە دوای یەکدا هاتنە خوارەوە. هەموویان لە چوار دەورم کۆبونەوە. پێش ئەوەی من هیچ بڵێم ئەوان ئەگریان. وایان ئەزانی من ئەچم بۆ شوێنێک کە قەت ئیتر نایەمەوە.

ئەوان چەند بە داخ بوون بۆ دوورکەوتنەوەکەی من. منیش لە وان زیاتر بە داخ بووم. نازدار، خونچە، نەشمیل باوەشیان پیاکردم خواحافیزیان لێکردم. هەموو ئەگریان. دڵمان نەئەهات لە یەک بینەوە، بەڵام نیاز لە خەو هەڵنەستا بوو.

دایکم وتی:

ـ ئەوە نیاز دڵی نایەت خواحافیزیت لێبکات.

منیش زانیم وا نییە. بەڵام لەبەر دڵی دایکم هیچم نەوت. نەمویست بێ خواحافیزی بڕۆم. ڕۆیشتم زۆر بە هێواشی دەرگای ژوورەکەیم کردەوە. سەیرمکرد. نوستبوو. منیش نەمویست خەبەری کەمەوە. لای جێگاکەیەوە دەفتەرێکو قەڵەمێک دانرابوو. دەفتەرەکەم هەڵگرت. چەند پەرەیەکم لێ نوشتاندەوە تا گەیشتە سەر یەک پەڕەی پاک. لێمنووسی: نیاز گیان خوا حافیز. خۆشم ئەوێیت. ئیمزای خۆمم لە ژێرەوەی کرد. لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوەو دەرگاکەم پێوەدا. دوایی لە دایکمم پرسی. وتم:

ـ دایکە؟ ئەی بۆ نەوژینو هاوژین نەبەین لەگەڵ خۆمان؟

دایکم وتی:

ـ نا. وازیان لی بێنە، ئەوان نوستوون. بڕوا ناکەم حەزکەن بێن.

منو نەوژین زۆرمان یەک خۆش ئەویست. چوومە ژوورەکەی دایکمو باوکم. سەیرم کرد هاوژین خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو. ماچێکم کرد. پاشان چوومە لای نەوژین. بانگم کرد. وتم:

ـ نەوە گیان، من ئێستا ئەڕۆم. ویستم پێت بڵێم خواحافیز.

نەوژین هیچی نەوت. بەڵام کاتێک لێی ورد بوومەوە، گوێم لە هەنسکی گریانی بوو. کە ئەوەم بینی خێرا بەتانییەکەی سەریم هەڵدایەوە. وتم:

ـ نەوژین؟ ئەوە چیتە؟ بۆ ئەگری؟

وتی:

ـ ئەی تۆ ئیمرۆ ناڕۆیت؟
وتم:
ـ بەڵی ئێستا ئەڕۆم. نەوژین زۆر بە کەساسی
وتی:
ـ دە من بۆ تۆ ئەگریم بیرت ئەکەم.
وتم :
ـ نەوە گیان، هەستە خۆت بگۆڕە، وەرە لەگەڵمان. حەز ئەکەم بێیت. کە وام پێ وت، وتی:
ـ توخوا دادە بنار گیان بە راستە؟ بێم؟
وتم:
ـ بەڵێ. خێرا کە جلەکانت بگۆڕە.
هەر وەکو کێچ لە جێگاکەی راپەڕی، نازانم چۆن وا زوو ئامادە بوو. دایکم دەرگاکەی کردەوە. وتی:
ـ کچم باوکت لە ناو سەیارەکەیا لەوساوە چاوەڕێمانە. دەبڕۆ، ئەوە خەریکی چیت؟
وتم:
ـ دایکە گیان حەز ئەکەم نەوژین بێت لەگەڵمانا.
دایکم وتی:
ـ نەوژین بۆ بێت؟ با لە ماڵ بێت لەگەڵ هاوژین.
وتم:
ـ نەء. من حەز ئەکەم با لەگەڵ من بێت.
دایکم ئاوڕێکی دایەوە لە نەوژین. کاتێک ئەو خۆی ئامادە کردبوو. دایکم بە بزەیەکەوە وتی:
ـ ئەو پرسە گورگانەیە چییە ئەی کەیت؟ ئەوە نییە خۆی ئامادە کردووە.

سەیر چەند جوانیش خۆی گۆڕیوە.
هەردوکمان دەستمان کرد بە پێکەنین.
نەشمیل هات. وتی:
- بنار باوکم خەریکە تووڕە ئەبێت. ئیتر جارێکیتریش خواحافیزیم لەهەموویان کردەوە. پەیمانم دانێ کە بە زووترین کات بگەرێمەوە بۆ سەردان.
هەستم کرد باوکم زۆر دڵ ئارام دڵ خۆش بوو. کاتێ کە ئەڕۆیشتین، بەرەو مووسڵ لە رێگا بە هەردووکیان هەر ئامۆژگارییان ئەکردم. باوکم وتی:
- رۆڵە. منو دایکت شانازیتان پێوە ئەکەین. بەردەوام بوو لە قسەکانیا وتی:
- کچەکەم. هەر چەند ئێمە زۆر هیلاک ئەبین لە پەروەردەکردنو بەخێوکردنی ئێوە، بەڵام، کە ئەبینین ئێوە، رەنجو کۆششی ئێمەو خۆتان بە خۆرایی ناهێڵن بڕوات. زۆر زوو، ماندووبونەکەمان ئەحەویتەوە.
دایکم ئەوەندەی شت لێ کۆکردبوومەوە ئەتوت ماڵ ئەگوێزینەوە. هێندەی خواردن بۆ پێچابوومەوە وای ئەزانی مووسڵ هیچ خواردنێکی تیا نییە. پاشان بە درێژایی ئەو رێگایە هەر ئامۆژگاریی ئەکردم. ئەیوت:
- بەقوربانت بم. ئاگاداری خۆت بە. متمانە بە کەس مەکە. بە تایبەتی موسڵاوی.
دایکم مەبەستی بەعسییەکان بوو. بە تایبەت پیاوەکانی سەددام. دیسان وتی:
- بنار گیان، توخوا خۆت بێ خواردن مەکە. بە تەنها نەچیتە دەرەوە. بڕوا بە عەرەب نەکەیت. ئەوانە دوژمنمانن. بەخوا قەت حەزیان لە کورد نیە. ئەوە پێت ئەڵێم، حەز لە کوڕە عەرەب نەکەیت.

دایکم زۆر کێشەی هەبوو ئەگەر ئێمە تووشی دڵداری ببین. نازانم بۆ وا بوو! هیچ کاتێک نەمان ئەویرا لەگەڵ دایکم باسی خۆشەویستی بکەین. ئەو رۆژە هەرچی دایکم ئەیوت باوکیشم بۆی ئیمزا ئەکرد.
منیش بێگومان لە کۆتاییدا وتم:
ـ بەڵێ باشە. تۆو باوکم خەمتان نەبیت. بە باشی ئاگام لە خۆم ئەبێت.
دایکم سەیرێکی کردم بێدەنگ بوو. من زانیم دایکم مەبەستی چی بوو لەو سەیرکردنە. منیش بە بێدەنگی سەیری روخساریم کرد. لە مێشکی خۆمدا وتم:
ـ ئەی ئەگەر کامەرانم بینی، چۆن قسەی لەگەڵ نەکەم؟ بە خوا داوای لێبوردن ئەکەم. ناتوانم ئەو بەڵێنە بدەم.
باوکم تەنها بۆ یەک جاریش لە رێگا نەوەستا. بەردەوام لێی ئەخوری. داوای پاروی شفتەی ئەکرد، منیش هەر زوو زوو سەرو لەفەیەکم بۆ باوکمو نەوژین ئەکرد. هەموو کاتەکە نەوژین بێدەنگ بوو. بەڵام دوای ئەوەی پاروە شفتەکەم بۆ کرد، دامە دەستی. سەیرێکی کردم. وتی:
ـ دادە بنار؟ تۆ ئیتر هەر لە مووسڵ ئەبیت؟ نایەیتەوە بۆ لامان؟ زۆرم سەیر لێهات لە پرسیارەکەی نەوژین! وتم:
ـ نەوژین گیان بۆ وا ئەڵێیت؟ کێ وای پێوتیت؟
نەوژین وتی:
ـ کەس هیچی پێ نەوتووم. بەڵام، خوشکی سامانی هاوڕێم، کە چوو بۆ بەغا ئیتر نەگەڕایەوە بۆماڵەکەی خۆیان.
وتم:
ـ بۆچی نەگەڕایەوە؟ شووی کرد؟
وتی:
ـ نازانم. سامانی رەفیقم پێی وتم: پێش چەند ساڵێک، کە خوشکەکەی

ڕۆیشت بۆ زانکۆ، ئیتر قەت نەهاتەوە.
هەموو بێدەنگ بووین، من نەموێرا هیچ پرسیارێک بکەم! نەوەکا شتێک ئاشکرا بێت، کە نەمەوێت باوکم پێی بزانێت. بەڵام دایکم ئاوڕێکی لێ دامەوە وتی:
ـ نا بنار شتی وا ناکات! نەوژین گیان، دادە بنار یەتەوە. خەمت نەبێت.
زۆرم حەز ئەکرد بزانم خوشکی سامان چی بەسەر هاتبوو. بۆ نەگەڕابووەوە. بەڵام دایکم باسەکەی ون کرد. لەو کاتەدا هەموو بێدەنگ ببووین. منیش هەر لەو خەیاڵەدا بووم ئەبێت ئەو کچە چی بەسەر هاتبێت. وتم:
ـ نەوژین گیان من کە تەواو بووم، ئەگەڕێمەوە. تۆش ئەبێت ئەمساڵ زیاتر خۆت هیلاک بکەیت. جارو باریش لە کاتی پشووەکانتا بچیت بۆ دوکان یارمەتیی باوکم بدەیت.
نەوژین سەری هێنایە لای گوێمەوە. وتی:
ـ دادە بنار، زۆر حەز ئەکەم بچم. بەڵام، باوکم زۆرم لێ تووڕە ئەبێت زۆرم تەریق ئەکاتەوە.
من لەو کاتەدا نەمەتوانی ئامۆژگاریی نەوژین بکەم. بەڵام بە هێواشی پێم وت:
ـ تەریق مەبەرەوە. ئەوە باوکتە.
بە پێکەنینێکەوە دەستم کردە ملی. وتم:
ـ نەوە گیان ئەبێت ئەمساڵ یەکەم بیت.
باوکیشم وتی:
ـ بەڵێ، بەتەمابە. تاکو تۆپ تۆپێن وەستا بێت سەعی ناکات. ئیتر بەچی یەکەم ئەبێت؟ بەتەمایە بۆمان ببێت بە عەدنان درجال. دایکم بۆ ئەوەی باسەکە بگۆڕێت خێرا پرسیاری لە باوکم کرد. وتی:

ـ ئەرێ... چەنمان ماوە بگەین؟
باوکم وتی:
ـ زۆرمان نەماوە. بەخوا باش هاتین، باش بوو ئەو سەگو گورگانە زۆریان رانەگرتین. کەواتە پاکیزە.. خوا یاربێ، هەر ئەمڕۆش ئەگەڕێینەوە.
منیش وتم:
ـ باوکە ئەمشەو ماندووی. ئیسراحەتێک بکە، بەیانی زوو بگەڕێرەوە.
دایکم وتی:
ـ ئەیەڕۆ... مانەوەی چی؟ بەخوا من لەماڵی خۆما نەبێت، خەوم لێناکەوێت. هەر ئێستا، تۆمان دابەزان ئەگەڕێینەوە.
کاتێک گەیشتینە بەشی ناوخۆ لە مووسڵ، زۆربەی زۆری هاوڕێکانمی لێ بوو. هەموو جێگاو شوینی خۆیان گرتبوو. شیلانی هاوڕێشم هەر زوو بەرەو رووم هات. وتی:
ـ یاخوا بەخیر بێیت. بنار گیان خەمت نەبێت. منو توو جوانو رزگار لە یەک ژووردایین. ژوورەکەشمان زۆر خۆشە.
هاوڕێکانم خێرا هەموو هاتن. یارمەتییاندایین بۆ بردنە ژوورەوەی شتومەکەکانم. هەر چەندە زۆری زیاد بوو، پیویستیم پێی نەبوو. هەر بۆیە دامنا، بەدەست دایکما بینێرمەوە. باوکمو دایکم بڕیاریان دابوو هەر هەمان رۆژ بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. دایکم ویستی خواحافیزیم لێبکات. بەڵام وتم:
ـ دایکە پێش ئەوەی بڕۆیت پێم بڵێ خوشکی سامان بۆ نەگەڕایەوە؟ چی بەسەرهات؟ دایکم ئاوڕێکی لە باوکم ونەوژین دایەوە. چونکە؛ ئەوان لەناو سەیارەکەدا بوون، چاوەڕێی دایکمیان ئەکرد. بەڵام دایکم نەیویست هەروا بڕوات پێش ئەوەی چیرۆکەکەی خوشکی سامانم بۆ باس بکات.
دایکم وتی:

ـ هەرچەندە ئێستا کاتی ئەو پرسیارە نیە. بەڵام بە کورتی بۆت باس ئەکەم. وتم:

ـ دەی.. توخوا.. خێرا بۆم باس کە. دایکم وتی:

ـ ساکار تاقە کچی ماڵی کاک کمال بوو. زۆر بەناز گەورە کرابوو، زۆریان خۆش ئەویست. ئەویش وەکو تۆ، کە پۆلی شەشی تەواوکرد نمرەیەکی باشی هێنا، لە زانکۆی بەغا وەرگیرا. بەڵام بەخوا نازانم چی ئەخوێند.. دوای چەند مانگێک حەزی لە کوڕێکی عەرەب کرد، لە زانکۆ هاوڕێی خۆی بوو، کوڕەکە یەکەم ساڵ داوای کرد، ماڵی باوکی رازی نەبوون. دووەم ساڵ هەر داوای کرد ئەمجارەش رازی نەبوون. والحاسڵ ماڵی باوکی ساکار بەهەموو شێوەیەک کوڕەکەیان رەفز ئەکرد. وتم:

ـ بۆ؟ بۆ بەدڵیان نەبوو؟ ئەوان کوڕەکەیان ئەناسی؟ دایکم وتی:

ـ نا.. ناسینی چی؟ هەر ئەیان وت، فەقیرە. ناشرینە. سواڵکەرە. وتم:

ـ یەعنی، حوکمی کوێرانە! دایکم وتی:

ـ ئیتر من نازانم.. ماڵی کچەکە زۆر دەوڵەمەندو وەجاخ زایە بوون. ساکاریش زۆر جوان بوو. ئێ رۆڵە دایکو باوکی هەموو کەسێک حەز ئەکات کچەکەی باشترین بەخت بێنێ. ماڵی باوکی ئەو کوڕەش وەکو باسیان ئەکرد زۆر کەم دەست بوون.

بەڵام کچەکە زۆری خۆشویست. وتم:

ـ ئەی باشە دوایی بۆ نەهاتەوە؟ چی بەسەرهات؟ لەوکاتەیا باوکم هاوارێکی کرد لەدایکم وتی:

ـ پاکیزە ئەوە چیە؟ خواحافیزی ئەو هەموو قسەیەی بۆ چیە؟ دایکم ئاوڕێکی تری لە باوکم دایەوە وتی:

ـ خۆزگە تۆ ئەوەنە بێسەبر نەئەبوی. وتم:

ـ دایکە خێرا. تا باوکم توڕە نەبوە. ئێ.. ئێ.. دوایی؟ دایکم وتی:

ـ تۆش ئێستا بیرت ئەکەویتەوە پرسیار بکەیت؟ ئیتر دوا ساڵی خوێندنیان بوو، پێش ئەوەی تەخەروج بکەن کوڕەکە جارێکی تریش داوای کرد. کاک کمالەکە زۆر کەللە رەق بوو هەر رازی نەبوو. دواجار کچەکە بڕیاری یابوو ئەگەر ماڵی باوکیشی رازی نەبن ئەو هەر شووی پێبکات. دەرکەوت کچەکە قسەکەی خۆی بردە سەر شووی کرد بە کوڕەکە. لەوکاتەوە لە بەغا مایەوە. نەهاتەوە بۆ سلێمانی. ماڵی باوکیشی حاشایان لێکرد. ئەوکاتە سامان زۆر مناڵ بوو، بەڵام وادیارە بۆ نەوژینی باس کردوە. وتم:

ـ باشە. دایکە گیان، بڕۆ با باوکم لەوە زیاتر چاوەڕێت نەکات. خەمیشت نەبێت. ئینجا باوەشێکم پیاکرد. نەوژینیش لە سەیارەکە دابەزی، باوەشێکم کرد بەویشا وتم:

ـ نەوە گیان، خەمت نەبێت. من ئەگەڕێمەوە بۆ لاتان وەکو خوشکی سامان ناکەم. پێکەنی جارێکی تریش باوەشی پیاکردم. دواجار چومەوە لای باوکم خواحافیزیم لێکردن. هەر ئەو کاتە گەڕانەوە بۆ سلیمانی. منو هاوڕێکانم، هەر کەس لە شوێنی تایبەتی خۆیدا، جلو بەرگو شتومەکەکانی خۆمان رێکخست. زوو بوو بە شەو. بەڵام هەرچوارمان زۆر غەمبار بووین. ئەگریاین، یەکتریشمان ژیر ئەکردەوە. هەموومان یەکەم جارمان بوو، کە لە کەسوکارمان دوور بکەوینەوە. من زۆر بیری دایکم، باوکم، خوشکو براکانمم ئەکرد. بە تایبەت نازداری خوشکم. ئەمزانی ئەوانیش بە هەمان شێوە بیرم ئەکەن. بە ناچاری زوو خۆمان کرد بە ژیر جێگاوە خەوتین.

ئەو شەوە بیرم لە زۆر شت ئەکردەوە ئەبێت کامەران لە کوێ وەرگیرا بێت؟ لە چ کوچەیەکی ئەم وڵاتەدا بێت؟ ئاخۆ لە کوێ خوێندنی تەواو بکات؟ ئومێدم نەما بوو کە من جارێکی تر کامەران ببینمەوە. چونکە؛ هیچ هەواڵێکیم نەئەزانی.

## - ٣٣ -

بەیانی زوو هەموو لە خەو هەڵساین، بە جوانترین شێوە خۆمان ئامادەکرد، بەرەو شوێنی خویندن بە رێ کەوتین. کاتژمێر هەشت لە بەردەم هۆڵی خویندن راوەستابووین چاوەرێی مامۆستامان ئەکرد. ئەو رۆژە یەکەم وانەمان کاتژمێر نۆ دەستی پێکرد، تاکو کات ژمیر دوانزەو نیوی نیوەڕۆ ئێمە وانەمان هەبوو. کاتێک تەواو بووین، زۆرمان برسی بوو. یەکەم رۆژمان بوو. نەشارەزا بووین. نەمان ئەزانی بۆ کوێ بچین؟ لە کوێ خواردنێک بخۆین؟ تەنها ئێمە ئەم چوار کچە یەکترمان ئەناسی. چەند کەسێکی‌تریش. بەڵام ئەوانیش هەر وەکو ئێمە بوون. من و شیلان لە پۆلەکەمان بە پەلە هاتینە دەرەوە. شیلان وتی:

- دە با بچین نانیک بخۆین. من مردم لە برسا.

منیش وتم:

- باشە بۆ کوێ بڕۆین؟ خۆ ئێمە شارەزای هیچ شوێنێک نین.

من ئەمزانی کافیتریایەک هەیە، بەڵام نەم ئەزانی خواردنیان هەیە، یان نا؟ چونکە هێشتا نە رۆیشتبووینە ئەوێ.

شیلان بۆڵەبۆڵی ئەکرد. وتی:

- من برسیمە. ئێستا شتێک نەخۆم، ئەمرم لە برسانا.

منیش وتم:

- منیش زۆرم برسیە. بەڵام بۆ کوێ بڕۆین؟ ئێمە تەنها ئەو کافیتریایە ئەزانین. با بڕۆین بۆ ئەوێ. شیلان خێرا قسەکەمی بە دڵ بوو.

منی پەلکێش کرد بەرەو کافیتریاکە. منیش بە ناچاری دوای کەوتم. بە دەم قسەو پێکەنین، باسی ئەو رۆژەو مامۆستای تازە، هاورێی تازە. شتەکان، رووداوەکان. هەموو زۆر تازەو جیاوازو خۆش بوون. هەر لەو کاتەدا، کە زۆر بە خێرایی بەرەو خوارئەبووینەوە. بۆ کافیتریاکە. لە پڕ چاوم

کەوتە سەر کەسێک، کە زۆر دوور نەبوو لێمانەوە. بەڵام نزیکیش نەبوو. هەندێک گرفتم هەبوو لە ناسینەوەی چونکە لەو بڕوایەدا نەبووم کە لەو شوێنەدا بیبینم. من لە جێی خۆمدا وەستام. شیلان هەنگاوی گەورەی نا. هەنگاوەکانی خێراتر کرد. ئاوڕێکی لێ دامەوە. وتی:

ـ ئەرێ ئەوە تۆ بۆ لەوێدا چەقیویت؟ دە بڕۆ. بنار چیتە؟ خێراکە. من لە بەیانییەوە ئەڵێم برسیمە. تۆش ناڕۆیت.

من کاتێک، کە سەیرم ئەکرد، زیاتر بۆم روون ئەبووەوە، کە ئەو کەسە کێیە! بۆیە زیاتر چەقیم، زمانم سڕبوو. توانام نەبوو کە پێی بڵێم بۆ وام بە سەر هات! ئەگەر هاوارو دەنگی شیلان نەبووایە، ئەوە ئەموت بێ گومان ئەمە خەوە من ئەیبینم. کاتێک ئەمویست بڵێم شیلان، ئەوەتا ئەو کەسەی کە دڵی دزیووم، ئەوەتا ئەو خەوەی کە ناتوانم لێی بە ئاگا بێمەوە. ئەوەتا ئەو رێگایەی کە لێم دوورە هەرگیز نایگەمێ! ئەوەتا ئەو کەسەی هەموو وشەکانی ژیانمی لە ئامێز گرتوە. ئەوەتا ئەو کەسەی وتی تۆم خۆش ئەوێت ئەو کەسەی هەموو خەیاڵەکانم بوو. هێزو مانای ژیانم بوو، ئەوەتا هەستو خۆشیی ژیانم ئەوەتا رووناکیی چاوم ئەوەتا ئەوی من بە دوایدا عەودالْم ئەوە کامەرانە، خۆشەویستی ژیانم. هەر لە شوێنی خۆم راوەستابووم. قاچم سڕ بوو. نەمئەویست چاوم بترووکێنم نەکا لێم ون بنێت. نەم ویست بجووڵێم. ئەگەر خەو بێت با خەبەرم نەبێتەوە. ئەگەر راستیش بێت دەبا بفڕم بۆلای. ئەمویست بڵێم، من چوار مانگە خەوو خواردنم هەر ئەمەیە. بۆ چوار مانگە من چوار چرکە ئەم خۆشەویستەم بیر نەچووە.

شیلان هاتەوە بۆ لام. بەتوڕەییەوە. وتی:

ـ ئەوە تۆ پێم ناڵێیت چیتە؟ بنار؟ خۆ تۆ پێش تۆزێک زۆر باش بوویت. ئێستا چی بوو وا رەق بوویت؟ بە خوا ئەگەر نایەیت، من ئەڕۆم... جێت ئەهێڵم.

وتم:

ـ شیلان سەیرکە. ئەوە کێیە؟

شیلان ئاورێکی دایەوە. وتی:

ـ چی..؟ کێیە..؟

وتم:

ـ کامەران. ئەوەتا لێرەیە.

شیلان بێ ئەوەی ئاوڕ باتەوە، دەستی راکیشام. وتی:

ـ دە توخوا برۆ... کامەرانی چی! خوا ئەزانێ ئێستا ئەو لە کوێیە! دە برۆ دەی. ئێستا کەی وەختی ئەوەیە؟

وتم:

ـ بە خوا ئەوەتا، ریک لە دواتەوەیە. وا بەرەو لای ئێمە دێت!

شیلان وتی:

ـ بنار لەوە ئەچێت تۆ شێت بوبیت، ئێ ئینجا ئێستا تۆ بە تەمای چیت؟ جارێ با بڕۆین نانێک بخۆین.

من هەر جووڵەم لێ بڕابوو.

شیلان وتی:

ـ ئەوە چیتە؟ بنار ئەوە تۆ بەڕاستە؟

کامەران تەواو نزیک ببووەوە، کە خەریک ئەبوو بێت بەرەو رووما‌ن من بە هەموو هیزو توانامەوە رامکردو شیلانیشم بەجێهێشت. ئەویش هەر هاواری ئەکرد:

ـ بنار؟ بنار؟ راوەستە! ئەوە بۆ را ئەکەیت؟

من هیچ گوێم پێ نەدا. هەتا ئەمتوانی خێراتر رامئەکرد. ئەمویست بە زوترین کات بگەمەوە بۆ بەشی ناوخۆ. کاتێک کە گەیشتم چوومەوە ژوورەکەی خۆمان. خۆم دا بە سەر جیگاکەمدا. برسێتیو ماندوویيم بیرچووبووەوە.

هەستم تەنها بە یەک شت ئەکرد؛ خۆشەویستیو تاوان. نەمئەزانی بۆ لەو کاتەدا؟ گریانێک ئەگریام کە هەستم ئەکرد ئاگرێکی زۆر بە کڵپە ناخم ئەسووتێنێت. هەستم ئەکرد من بۆ چوار مانگ بێ بەش بووم لەوەی گوێم لە دەنگی کامەران بێت یان چاومان بە یەک بکەوێت. هیچ هۆیەک نەبوو! بۆ نابێت؟ من لە شاری خۆمان نەتوانم بۆ یەک چرکە بیدوێنم یان ئەگەر بیبینم ئەبێت بە دزیەوە بێت؟ بەڵام لە شاری غەریبی بیبینم. ئاسان بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم. خۆ ئەگەر ئەوە هەڵە بێت لێرەش هەر هەڵەیە.! نازانم، لەو کاتەدا هەموو هەستەکانم تێکەڵو پێکەڵ بوون. هەر ئەو کاتە زانیم خۆشەویستی کافرە. بڕوای بە هیچ شتێک نییە. بێ دینە. ئەوەی کە هەستی پێ ئەکات ئەیبینێت راستە. خۆشەویستی چەوسینەرە. ماندووت ئەکات. لە ژیانت ئەبات. پیرت ئەکات. بەڵام خۆشیت ناداتێ. خۆشەویستی داگیرکەرە. وردە وردە هەموو پارچەکانت داگیرئەکات. دوایی لە ناوت ئەبات. خۆشەویستی خۆپەرستە. ئەڵێت تەنها هەست بە من بکەو هیچیتر. تاکو لە ناوت ئەبات. خۆشەویستی ئەگەر تەنها چرکەیەک خۆشیت بداتێ ئەوە بە رۆژو هەفتەو مانگو ساڵ ئازارو ئێشت ئەداتێ. لە گەرمەی ئەم جەجاڵەی ناو دڵو ناخو هەستمدا بووم، کاتێک جوان هاتە بەردەمم. وتی:
ـ ئەوە تۆ بۆ وا ئەکەیت؟ ئەم گریانە چییە بنار گیان؟ هەستە توخوا پێم بڵێ چیتە؟ بۆ وا بێتاقەتی؟ جوان بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی وتی:
ـ بەخوا منیش زۆر بیری دایکم ئەکەم. ئێستا خوا خوامە بگەڕێمەوە بۆ سلیمانی. منیش هەر گوێم نەدا بە قسەکانی جوان.
جوان دیسان وتی:
ـ بنار ، پرسیارم کرد لە شیلان. کەچی وتی، بنار رۆیشتەوە بۆ بەشی ناوخۆ. ئەی تۆ برسیت نیە؟

وتم:

ـ نا... برسیم نییە.

جوان وتی:

ـ دە هەستە وەرە لەگەڵمان. منو دوو هاوڕێیترم ئەڕۆین بۆ ئەو بەر جادەکە. ئەڵێن لەوێ چێشتخانەی خۆشی لێیە.

هەر چەند حەزم ئەکرد بڕۆم، بەڵام زۆر نا ئارام بووم. زیاتر حەزم بە تەنهایی ئەکرد. دوای سەعات و نیوێک، لە پڕێکدا شیلان خۆی کرد بە ژووردا. من هێشتا لە سەر جێگاکەی خۆم بووم. بیرم لە رۆژانی رابردو ئەکردەوە، کە منو کامەران چۆن یەکترمان خۆش ویست، چۆن دەستمان پێکرد. ئەی باشە بۆ هەموو شت گۆڕا؟ لە پڕێکدا بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ کامەران دەنگی نەما؟ من هەموو جار ئەو پارچە هۆنراوەیەم دەرئەهیناو ئەمخویندەوە. ئەوەندەیتر دڵم پەرێشانی ئەبوو. ئاگام لێ نەبوو چۆن شیلان وا نزیک ببووەوە لە من. هەر ئەوەندە گوێم لێ بوو وتی:

ـ بنار بۆ لەگەڵ جوان نەڕۆیشتی؟

وتم:

ـ جارێ برسیم نیە.

وتی:

ـ ئەوە بە راست، تۆ چۆن وا زوو لە چاو ون بوویت؟

وتم:

ـ شیلان ئەوە تۆ وا قسە ئەکەیت؟ ئەڵێی هیچ نازانیت، یان خۆت گێل ئەکەیت؟

وتی:

ـ نەخێر باش ئەزانم، بەڵام تۆ بۆ وات کرد؟ پێویست نەبوو وابکەیت.

وتم:

- راست ئەکەیت! با رۆژێک بکەویتە داوی خۆشەویستی، ئەوسا پێت ئەڵێم چۆنە!
ئینجا شیلان قاقایەکی لێداو بە دەنگێکی بەرز وتی:
- من؟ هەرگیز نامەویت خۆشەویستی بکەم.
وتم:
- خۆشەویستی پرسیار ناکات، خۆی دێت.
رووم کردە شیلان. وتم:
- شیلان خان، بیرتە رۆژەکەی هاتم بۆ ماڵتان بۆم باس کردیت ئەو خۆشەویستیە چۆن دروست بوو؟ کاتێک من کامەرانم خۆش ویست، من بڕیارم نەدابوو، کە خۆشم بوویت، بەڵکو چارەنووس‌و رۆژگار ئەو بڕیارەیان دابوو بە سەرما. بۆیە هەر لە یەکەم بینینمەوە، من زۆر بە قووڵی هەستم بە کامەران کرد. ئەویش بە هەمان شیوە. ئێمە بێ قسەکردن تەنها بە چاو خۆشەویستیەکەمان گەیاندە یەک. ئەوەش تەنها خۆشەویستی راستەقینەیە، چونکە زمان درۆ ئەکات، بەڵام چاو ناتوانیت درۆ بکات. خۆشەویستی وشە نییە، زۆر لە وشە زیاترە.
شیلان وتی:
- من ئەزانم تۆ چاوەڕێی ئەوە نەبویت کامەران لێرە ببینیت! تۆ توشی سەر سورمانێکی زۆر سەیر بویت، کە ئەوت بینی. ئەوەش کاتێکی کەمی ئەویت‌و دوایی باش ئەبێت. ئێستا گرنگ ئەوەیە کە تۆزێک ئارامی بە خۆت بدەیت.
وتم:
- راست ئەکەیت. بۆیە ئێستا ئەڕۆم تۆزێک خۆم بە تەنها پیاسە ئەکەم.
خێرا رۆیشتم، شیلانم بەجێ هێشت. من ئەمزانی کامەران هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی دایک‌و باوکیدا بوو. تەنانەت خوشکە گەورەکانیشی. من ئەمزانی دایکی حەز بەو پەیوەندییەی ئێمە ناکات. بەڵام نەم ئەزانی هۆکەی چییە.

## - ٣٤ -

من چاک ئەمزانی، کە کامەران بە راستی منی خۆش ئەوێت. بەڵام، کە بیرم لە قسە رەقەکانی دایکی ئەکردەوە ئەکەوتمە گومانەوە کە ئەبێت کامەران بە قسەی دایکی کردبێت. ئەو رۆژە مێشکم بەجارێک جەجاڵ ببوو. ئەم ویست بگەمە ئەنجامێکی راستو تەواو. بەڵام خۆشەویستییەکە بە سەرما زۆر زاڵتر بوو. مێشکم شتێکی ئەوت دڵیشم شتێکیتر. لەبەر ئەوە نەئەگەیشتمە ئەنجام. بۆ ماوەی چەند رۆژێک ئەمویست خۆم دوور رابگرم لەو شوینانەی کە ئەو بۆی ئەڕوات. بێگومان بە بۆنەی چەند کەسێکەوە زانیم کە لە کوێ لە چی بەشێک وەرگیراوە. هەروەها زانیم وانەکانی لە چ بەشێکە. هەندێک جار بیرم ئەکردەوە ئەگونجێت من پرسیار بکەم بڵێم بۆ وات کرد؟ ئاخۆ ئەو ئاگادارە لە راسپاردەکانی دایکی یان نا؟ ئەمویست لێی بپرسم بۆ لە ماوەی چوار مانگدا هیچ هەوڵێکی نەدا کە من ببینێت؟ کە ئەو چوار مانگە لە من بە چواردە ساڵ رۆیشت. هەر چرکەیەک من چاوەڕێی هەواڵێک بووم. هەر چرکەیەک چاوەڕێی بینینێکی بووم.  هەموو رۆژ لە خۆم ئەپرسی تۆ بڵێیت ئەو هێشتا منی خۆش بوێت؟ یان ئەوە هەمووی یاری بوو؟ ئەی بۆ هەر هیچ هەواڵێکی نەدامێ؟ زۆرم حەز ئەکرد ئەو پرسیارانەی لێ بکەم. بەڵام قسە ناخۆشەکانی دایکی زۆر رێگرییەکی گەورە بوون. نزیکەی هەفتەیەکم بەو دوودڵی بەوخەمانەوە بردە سەر. لە لایەک خۆونکردن لە کامەران. لە لایەکیتریش دڵە خورپەو خۆشەویستیو سووتانی ناخ. من هەموو کاتەکە بە بەردەوامی لە شەڕو بەربەرەکانێی دڵو مێشکمدا بووم. ئەو بەیانیەی کە من تۆزێک خەریک بوو باری دەروونیم باشتر ئەبوو کە لە خەو هەستام زوو خۆم ئامادە کرد. شیلان جوانو رزگاریش خەریکی خۆ ئامادەکردن سەرشتن بوون. ئەو بەیانیە هیچ شتێک بەرنەئەکەوت

نه ئاوێنه نه مكیاج نەجلوبەرگ. فڕكان فڕكانێكیان بوو. ئەتوت بۆ حەفلە ئەچن. بەڵام من پێش ئەوان تەواو ببووم. دانیشتبوم سەیری ئەوانم ئەكرد. جارو بار لەبەر خۆمەوە تۆزێك پێئەكەنیم بە شەڕەكانیان لە سەر جل گۆڕینەوەكانیان. رزگار حەزی زۆر لە پێلاوی جوان ئەكرد. بەڵام پێڵاوی كەسمان بۆ ئەو نەئەبوو. پێیەكانی زۆر بچووك بوون. لە كاتێكدا منو شیلان زۆرمان حەز لە هەموو شتێك بوو. لە جلی جوان، پێڵاو، متومورو، مكیاج. خۆشبەختانە خەریك بوو زۆر رێك ئەكەوتین بۆ شت گۆرینەوە. هەرچەندە، لە پێوانەدا كەمێك جیاوازیمان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێكی یەكترمان بۆ ئەبوو. بەڵام جوانە هیچی كەسمانی بۆ نەئەبوو. ئەمەش زۆری تورە كردبوو. جوانە باڵای بەرزو لەشی پڕ بوو. قژی loولوو چاو كەژاڵ بوو. شیلان كەمێك كورت وخڕپلە بوو. پێستی گەنمی وچاوی رەش بوو. رزگاریش كەمێك لاواز بوو. بەڵام تا بڵێیت ئێسك سوك بوو. دوای ئەوەی كە هەموو تەواو ئامادە بوین، رۆیشتین بەرەو كافیتریاكە بۆ ئەوەی؛ نانی بەیانی بخۆین. ئەو رۆژە وانەی یەكەممان سەعات دە دەستی پێئەكرد. بۆیە هیچ پەلەمان نەبوو. ویستمان بە ئیسراحەتی خۆمان كاتێكی خۆش بە سەر بەرین بەیەكەوە. كاتێك هەر چوارمان بەڕێ كەوتین من بە رێگاوە بیرم لەوە ئەكردەوە، كە ئەگەر كامەران لەوێ بێت من چی بكەم؟ لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو كە بە هیچ جۆرێك نەیدوێنم. نامەوێت بیبینم. بەڵام ئەگەر ئەو هات من چۆن بتوانم پشتگوێی بخەم؟ ئەمویست بە سەر هەموو هەستو سۆزەكانی خۆمدا زۆر زاڵبم. بەڵام ئەی چۆن پێی نەڵێم تۆ لە كوێ بوویت؟ كاتێك كە دایكت نامەی تاڵو قسەی ژەهراویی بۆ ئەناردم؟ ئەی بۆ ئەوەندە بێباك بوویت؟ كاتێك تۆ پێت ئەوتم چەندت خۆش ئەوێم! ئەی تۆ بڵێت ئەوە هەمووی درۆ بووبێت؟

ئەی ئەو هۆنراوەیەی یاتمیَ ئەوەش درۆ بوو؟ نابێت!. هەموو شتێک درۆ بوبێت! ئەی کوا قسە خۆشەکانت کە دڵمی ئەگەشانەوە؟ نیگای چاوە جوانەکانت کە ئەستێرەی ژیانمی ئەدرەوشانەوە هەر ئەو نیگایەت پەیامی عەشقێکی ئەبەدی پێئەوتم. لە هەمان کاتدا لەوپەڕی قووڵی خۆشەویستیمدا ئەمویست بە هەموو هێزمەوە بریندار بکەم، بۆی بسەلمێنم، کە خۆشەویستی هەر قسەی سەوزو سوور نییە. ئەم ویست بچمە بەردەمی بە هەموو هێزی خۆمەوە پێی بڵێم هەی درۆزن. ئەم ویست ئازارێکی بدەم سەد ئەوەندەی خۆشەویستیەکەم بە ئازار تر بێت. بەڵام هیچ هێزێک نەبوو کە هاوتا بێت بەرامبەر خۆشەویستیەکەم ولەهەمان کاتدا دڵشکاندنەکەم. من هەر لەم خەیاڵانەدا بووم کاتێک کە گەیشتینە بەردەم کافیتیریاکە. من پێش ئەوان کەوتبووم. خەریک بوو ئەچوومە ژوورەوە. بینیم کامەران رێک لە سەر کورسییەک بەرامبەر دەرگاکە دانیشتووە. من خەریک بووم ئەگەڕامەوە دواوە. شیلان لە پشتمەوە بوو. وتی:

ـ خێر؟ چییە؟ ئەوە بۆ وەستای؟ دیسان تۆ پێشمان کەوتیت؟ ئێستاش ناتەوێت بڕۆیت؟ چییە؟ کێی لێیە؟

زۆر بە تورەییەوە ئاوڕێکم لە شیلان دایەوە وتم:

ـ بەسە. شیلان ئەوە چیتە؟ ئەوە کامەرانە. نایبینیت؟ دە فەرموو تۆ پێش کەوە.

شیلان وتی:

ـ ئینجا چییە؟ کەیفی خۆیەتی. دە بڕۆ مێزێک بگرە. ئەوا خەریکە هەموو میزەکان ئەگیرێت.

لە پڕێکدا جوان وتی:

ـ ئەریَ ئەو هەموو بۆڵە بۆڵە چییە؟ دە بڕۆ بنار. خێرا. با دانیشین.

منیش هەر بە دەم ڕۆیشتنەوە بە تووڕەییەکەوە، وتم:
ـ باشە من تێناگەم ئێوە خۆتان بۆ پێش ناکەون؟
ڕۆیشتم. کە بینیم تەنها یەک مێز بەتاڵ بوو بۆ چوار کەس. کە ئێمە ئەمانتوانی دانیشین لە سەری. منیش خێرا دەفتەرەکانم لە سەر دانا. وتم:
ـ دەی فەرموو دانیشن. کێ ئەچێت خواردن بهێنێت؟
جوان وتی:
ـ تۆ ورزگار. رزگار دەستی گرت بە دەمیەوە پێکەنی وتی:
ـ وەڵا من ناچم، قاچم تێکەڵو پێکەڵ ئەبێت، دوای ئەکەوم. هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین. وتم
شیلان، ئەی تۆ؟
شیلانیش وتی:
ـ بەخوا من لەوانەیە ببووریێمەوە.
وتم
ـ ئەوە ئێوە بە راستتانە؟ باشە بۆ شەرم ئەکەن؟ یان تەمەڵن تاقەتان نییە لە ریزا بوەستن؟
جوانە وتی:
ـ هەستە کچم، با خۆمو خۆت بڕۆین، بە تەمای ئەم دوانە بین لە برسا ئەمرین. ئەوانیش هەر پێ ئەکەنین.
منو جوان چووین شیرو چا بهێنین. بۆ هەمووان. لەگەڵ لەفەی هێلکە. کاتێک گەڕاینەوە، من دانیشتم لە تەنیشت رزگارەوە لە پڕ کە سەرم هەڵبڕی ڕێک بەرامبەرم کامەرانم بینی زانیم کە جێگاکەی گۆڕیبوو. وا دانیشتبوو کە بەرامبەر بە من بێت. چاوم کەوتە ناو چاوی. هەستێکی زۆر نائارامیی دامێ. هەر نەمزانی چۆن ئەو لەفەیەم خوارد. چونکە بە

درێژایی ئەو کاتە ئەو چاوی لە سەر من بوو. هەرچەندە هەموو کاتەکە من هیچ گوێم پێ نەدا.

رزگار لە تەنیشت منەوە دانیشت بوو. وتی:

ـ بنار خان ئیتر چیت ئەوێت؟ قۆزترین کوڕی ئێرە چاوی لە سەر تۆیە. هەر تەماشات ئەکات.

منیش ئەم زانی باسی کامەران ئەکات بەڵام ویستم خۆم گێل بکەم. وتم:

ـ کێیە؟ کوا؟ ئەی من بۆ کەس نابینم؟

وتی:

ـ ئەوەتا بەرامبەرتە!

وتم:

ـ کامە؟ ئا.. ئەو.. چاکەت شینە تۆخە؟ جوان وشیلان خێرا ئاوڕیان دایەوە تا بزانن کێیە. بەڵام هەردوکیان قاقایەکی گەورەیان لێدا وتیان:

ـ جا خۆ هەموو چاکەتەکەیان شینی تۆخە.

ئێمە خواردنمان تەواو کرد. دوایی بەڕێکەوتین بەرەو هۆڵی دەرس خویندنمان. ئەو رۆژە کات پێنجی پاش نیوەڕۆ بوو کە تەواو ببووین. زۆر هیلاکو ماندوو بووین بە هێواشی بەرەو بەشی ناوخۆ ئەگەڕاینەوە. لە پڕێکدا گوێمان لە دەنگێک بوو بانگی ئەکردین:

ـ بنار؟ جوان؟ شیلان؟

هەرسێکمان لە شوێنی خۆمان راوەستاین. سەیرێکی یەکترمان کرد. جوان وتی:

ـ ئەوە کێیە بانگمان ئەکات؟

ئاوڕمان دایەوە.

من وتم:

ـ ئەوە بەیانە، ئامۆزای یەکێکە لەو کوڕانەی کە لە گەڵیان دوێنێ شەو پێێ وتم کە ئامۆزاکەی لێرەیە.
جوان وتی:
ـ ئینجا ئێمە بۆ بانگ ئەکات؟
شیلان وتی:
ـ دیارە ئیشێکی پێمانە.
منیش، کە جوان دیقەتم لێدان. وتم:
ـ ئا... ئەزانم ئیشی چیی پێمانە. ئەوا من ئەڕۆم بە دۆعا. بۆ ئێوە.
جوان وتی:
ـ بۆ کوی ئەڕۆیت؟ تۆ کەسیان ئەناسیت؟
وتم:
ـ بەڵێ. بەیان خان، ئەیەوێت بەو کەسانەمان بناسێنێت. من نامەویت. بۆیە ئەڕۆم.
شیلان وتی:
ـ کچێ دە تۆ بۆ ئەوەنە شێتیت؟ راوەستە. بە خوا ئەگەر وا نەبێت، تۆو کامەران قەت ناتوانن قسە بکەن. ئەمە باشترین فرسەتە.
وتم:
ـ شیلان. من نامەوێت لەگەڵ کەسا قسەبکەم، ناشمەوێت کەس بناسم.
من ویستم بڕۆم. بەڵام لەو کاتەدا بەیان و هاوڕێکانی زۆر نزیک ببوونەوە.
بەیان هاواری کردەوە. وتی:
ـ بنار بۆ کوێ ئەڕۆی؟ یەک دەقە جاوەڕێ کە. ئیتر ئەوان گەیشتبوون.
من نەمتوانی بڕۆم. وتم:
ـ چیت ویست وا بانگت کردین؟
بەیان پێکەنی. وتی:

ـ بنار؟ ئەوە تۆ بۆ هەر پەلەتە؟ من ویستم ئەم هاوڕێ تازانەتان پێ بناسینم. لە سەر داواکاری خۆیان. حەز ئەکەن بتانناسن.

منیش سەیرێکی شیلانو جوانم کرد. وتم:

ـ بەڵێ فەرموو پێمان بناسێنە.

بەیان سەرەتا وتی:

ـ با پێتان بڵێم ئەمە کوڕی مامی منە. ناوی بەختیارە.

ئینجا رووی کردەوە کوڕەکان. وتی:

ـ ئەمەش بنار خان، شیلان خان، جوان خان.

پاشان رووی کردە ئێمە. وتی:

ـ ئینجا سەرەی ئەم برادەرانەیە، کە پێتان بناسێنم. هەر چەندە من خۆم ئیمڕۆ ناسیومن بە بۆنەی ئامۆزاکەمەوە. کاک کامەران، کاک دڵشاد، کاک توانا.

هەموو تەوقەیان کرد لەگەڵ یەکدا. بەڵام من دەستم درێژ نەکرد بۆ کەسیان بۆ ئەوەی لەگەڵ کامەران تەوقە نەکەم. تەنها وتم:

ـ پێخۆشحال بووم. بێ ئەوەی سەیری کەسیان بکەم رۆیشتم.

زۆر بە خێرایی بەجێم هێشتن. بە لایەنی کەمەوە هەفتەی چەند جارێک لەگەڵ هاوڕێ تازەکانماندا یەکترمان ئەبینی. بەڵام تەنها من بووم کە بە هیچ جۆرێک قسەم لەگەڵ کامەران نەئەکرد. هەر چەندە لە ناو قووڵایی دڵمدا ئەمویست نەک تەنها بە کاتژمیر دانیشینو قسە بکەین بەڵکو بە رۆژو هەفتەو مانگ تەنها دانیشم سەیری چاوی بکەم. رازو گلەیی لێ بکەم. بەڵام کرامەتم بە هیچ شێوەیەک رێگای نەئەدام. تەنها شیلان بوو، کە هەموو باسەکانی ئەزانی. جوانو رزگار تەنها هەر هەستیان بە شتێک کردبوو. بەڵام من هەموو کات سەرم لێ تێک ئەدان.

## ـ ٣٥ ـ

بەهەموو شێوەیەک خۆم دوور ئەخستەوە لە کامەران. ئەم زانی نزیک بونم تەنها ئازارێکی زۆرم ئەدات وهیچی تر. زۆر جار ئەمویست کامەران لە شوینیکدا بگرم، بە هەموو هێزی خۆم بە روویدا هاوار بکەم، بڵێم:

ـ پێم بڵێ بۆ وات کرد؟

ئەمویست پرسیاری لێ بکەم. ئەگەر هێشتا منی خۆش ئەوێت، یان نا؟ زۆر بێزار بووم لە خۆدەرخستنێک کە، هەمووی درۆ بوو. خۆم وا پشان ئەدا کە، من بە هیچ جۆرێک گوێی پێ نادەم. ئیتر نەمویست بیشارمەوە. بە تایبەتی کاتێک کە کامەران لەهەر کوێ بوینایە بەرامبەرم دائەنیشێت. سەیری ئەکردم. بێ ئەوەی چاوم لێ بتروکێنێت. بۆ هەرکوێ بڕۆیشتینایە لە نزیکترین شوێن لای منەوە دائەنیشت. هەموو کات چاوی بۆ ئەگێڕام. نیگای پڕ لە سۆزو عەشقی لێ ئەباری. من بێزار بووم. ئەمویست ئیتر راستی بزانم. ئیتر قسەی مێشکو دڵم ببێت بە یەک. رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بێ ئارامتر ئەبووم. بەردەوام هەستم شتێکی پێ ئەوتم، ئەقڵیشم شتێکیتر هەموو کاتەکان من لە گوماندا بووم. چەند جارێک منو کامەران وا رێک ئەکەوت پێکەوە بە تەنها بین. بەڵام من نەمئەتوانی پرسیاری لێ بکەم. تەنانەت نەمئەتوانی سەیریشی بکەم. خەریک بوو کە ئەم بینی تورە ئەبووم. بەڵام ئەو زۆر بە پێچەوانەی منەوە بوو، ئاگادار بووم زیاتر ئەیویست خۆی نزیک بکاتەوە بەڵام بێدەنگ بوو، ئەوەش وای لەمن ئەکرد کە زیاتر رقم هەڵبستی وبێ بڕوا بم. زۆر جار هەستم ئەکرد ئەویش چاوەڕوانی منی ئەکرد کە شتێکی پێ بڵێم. تاکو رۆژێکیان لە کافیتریاکە لەسەر مێزێک لە پاڵ پەنجەرەیەکدا بەتەنها دانیشتبووم چاوەڕێی شیلانم ئەکرد. کامەرانیش تۆزێک دوور لە منەوە بەتەنها

دانیشتبوو. سەیرێکی کردم بەڵام زۆری نەبرد هاتە نزیک ئەو مێزەی کە من لەسەری دانیشتبووم. هێشتا بە پێوە بوو. وتی:
ـ بنار چۆنی؟ ئەوە چۆنە بە تەنهایت؟ کوان ئەوانیتر؟
مەبەستی هاوڕێکانم بوو. بەڕوویەکی گرژو مۆنەوە بێ ئەوەی سەیری روخساری  بکەم. وتم:
ـ تۆزێکیتر دەرئەکەون. کامەران تۆزێک نزیک بۆوە ئینجا وتی:
ـ بنار، ئاساییە ئەگەر تۆزێک لەگەڵتا دابنیشم؟! زۆر سەیرم لێهات لەو پرسیارە ئینجا سەرێکم بۆ بەرز کردەوە، دڵم وەخت بوو لە خۆشیدا ئەوەستا. بەڵام هەر بەگرژو مۆنی وەڵامم ئەدایەوە. وتم:
ـ فەرمووو.. بۆ دانانیشت؟ بەڵام کاتێک روخساریم بینی کامەران لە من زیاتر دوودڵی و شڵەژانی پێوە دیار بوو. هەرکە سەیرم کرد زانیم کە ئەگەر لە من زیاتر بە پەرۆشتر نەبێت، ئەوە بێگومان کەمتریش نییە. دوای تۆزێک لێوردبوونەوەی لە من، زۆر بە دوودڵییەوە وتی:
ـ ئەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم؟! منیش بەهەمان شێوە رووگرژیەوە.
وتم:
ـ بەڵێ.. فەرمووو..
وتی:
ـ تۆ پەشیمانیت لەو رۆژە کە خۆمان بە یەکتر ناساند؟ من ئەوەم رێک خست بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بین. نزیک بینەوە.
وتم:
ـ تێناگەم.
وتی:
ـ لەو رۆژەوەی کە بەیان ئێمەی بە یەکتری ناساند، تۆ هیچ قسەم لەگەڵ ناکەیت. زۆر رووت گرژە لەگەڵ من. حەز ئەکەم بزانم بۆ؟

وتم:

ـ زۆر شت هەیە لە رابردوودا روویداوە منیش حەز ئەکەم بزانم بۆ؟

وتی:

ـ چین ئەوانە؟

وتم:

ـ بە راست؟ نازانیت چین؟ ئەتەوێت بزانیت؟

وتی:

ـ بەڵێ زۆریش.

وتم:

ـ بۆ خۆت لێ ون کردم؟ بۆ چوار مانگ خۆت لێ شاردمەوە؟ بۆ دەنگت نەما؟ تۆ زۆر بە ئاسانی منت لە یاد کرد! ئەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە؟ تۆ درۆت لەگەڵ من کرد. هەرچیت وت، لە رابردودا هەمووی درۆ بوو. وا نییە؟

سەیرێکی کردم. زۆر بە سەرسوورمانەوە. وەکو ئاگای لە هیچ نەبێت. هەڵوێستەیەکی کرد. ئینجا وتی:

ـ بنار بۆ وا ئەڵێیت؟ بۆ ئەو پرسیارە ئەکەیت؟ ئەی تۆ خۆت پێت نەوتم تەلەفۆنم بۆ مەکە لەبەر ئەوەی ماڵی ئێمە کەوتوونەتە شکەوە؟ بیرت چوو؟ دوای ئەوەی، کە تۆ ئەوەت پێ وتم، منیش ئیتر نەمویست تووشی گیرو گرفتت بکەم. تەنها لەبەر ئەوە بوو. من ئەمزانی لێرە ئەتبینم، زانیم تۆ لێرە وەرگیراویت. ئیتر بە پێویستم نەزانی تلفۆن بکەم بۆ ماڵەوە کێشەت بۆ دروست بکەم. ئەو رۆژەی کە زانیم گەیشتویت، خوا خوام بوو زوو خۆمت تێبگەیەنم بێم بۆ لات، بۆئەوەی قسە بکەین. بەڵام نەمئەزانی چۆن؟ بە چ رێگەیەک!؟ تۆ هەرچەند منت ئەبینی روت

وەرئەگێڕا. من داوام لە بەیان کرد بەیەکترمان بناسێنێت هەتا بتوانین بە ئاشکرا قسە لەگەڵ یەک بکەین. هەرچیشم لە رابردودا پێوتیت هەمووی راستی بوون. ئێستاش خۆشم ئەوێیت لە جاران زیاتر. نەخێر هەرگیز درۆشم لەگەڵ نەکردوویت. خۆت داوات کرد کە دوور بین.. منیش زۆر بە گاڵتە پێکردنەوە وتم:

ـ نا... وانیە!. مەسەلە شتێکی ترە.

وتی:

ـ وەکو چی؟ من هیچیتر نازانم!

وتم:

ـ موشکیلە نییە. با هەر لە دڵی خۆما بێت. پێویستیش ناکات بیزانی. تازە گرنگ نیە!

کامەران خێرا وتی:

ـ نا... بە راستی چییە؟ من زۆر حەز ئەکەم بزانم! هەموو شتێکیش گرنگە. چی هەیە پێم بڵێ.

وتم:

ـ دایکت هەرەشەی لێکردم، کە ئیتر پەیوەندیت پێوە نەکەم. کاتێک کە من ئەمتوانی قسە لەگەڵ تۆ بکەم، بەڵام ئەو نەیهێشت. من وام هەست کرد تۆ خۆت نەتویستووە قسەم لەگەڵ بکەیت.

وا دیار بوو کامەران ئاگای لە هیچ شتێک نەبوو، چونکە زۆر بە سەرسوورمانەوە وتی:

ـ بڕوا بکە من ئاگاداری شتی وا نیم. ئەوە دایکم لە خۆیەوە قسەی کردووە.

ئیتر من هەر چەند گلەییم لێ کرد، بەڵام ئەو هەر نکوڵیی لێ ئەکرد. وتی:

ـ وا نییە. من هەر خۆشم ئەوێیت. منیش بیرم ئەکردێت. منیش پرسیارم

زۆر بوو. بەڵام تۆ هیچ کاتێکت نەدا بە من تاکو قسەت لەگەڵ بکەم. من بێ ئاگام لەم شتانە. هیچ کاتێک دایکم هیچی بە من نەوتوە. من هەرچیەکەم لە رابردودا پێوتیت بەڕاستم بوو. مەبەستم بوو. بەڵام من حەز ئەکەم ئەم پەیوەندییە زۆر نهێنی بێت، تەنها نێوان خۆمان بێت... پێویست ناکات کەس بزانێت.

منیش، هەر چەندە تاڕادەیەک بڕوام بە بێ ئاگایی ئەو نەبوو، بەڵام لە باسەکەدا پیم وت:

ـ تۆ زۆرت ئازاری من داوە. بە گوێ پێنەدانت. ئەگەر نەتتوانی گرنگی بدەیت بە یەکێک، کەواتە نابێت باسی خۆشەویستیی لەگەڵ بکەیت. حەز ئەکەم بزانیت، یەکێک لە بنەما گرنگەکانی خۆشەیستی گوێپێدانە. من لێبوردنم زۆرە دڵیشم زۆر گەورەیە. بەڵام، کە رۆیشتم ئەڕۆم. وریابە...

کامەران پێکەنی. وتی:

ـ واتە ئەمە هەڕەشەیە؟

وتم:

ـ چۆنی دائەنێیت وای دابنێ. بەڵام پێش هەموو شتێک ئەوە راستییەکە ئەبێت بیزانیت.

لە دوورەوە شیلانم بینی. ئەهاتە ژوورەوە. بە دەست راوەشاندن بانگی کردم، کە بڕۆم. خۆی نەیئەویست بێتە ژورەوە. منیش داوای یارمەتیم لە کامەران کردو رۆیشتم.

کاتێک من تێگەیشتم، کە کامەران حەز ناکات بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی من‌و ئەو ئاشکرا بێت کەس بزانێت، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو؛ کە لەو کات‌و زەمانەدا هەر کەسێک پەیوەندییەکی ببوایە هەندێک کەس بە چاوێکی کەم سەیریان ئەکرد. بوختان‌و قسەی نابەجێیان دوا ئەخست.

ئەویش لەو کەسانە بوو کە نەیئەویست بە بۆنەی هەستێکی پیرۆزەوە باسێکی ناشرینو ستەممان دوا بخرێت. هەموو جار ئەیوت:
ـ ئەوەی باست بکات بە خراپ پێش ئەوەی زمانی ببڕم، سەری ئەبڕم. کە وای ئەوت! من هەندێک جار ئەترسام. بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێم خۆش بوو. ئەمزانی ئەوە لەبەر خۆشەویستیەکەیەتی. زۆر جار ئێمە وەکو گرووپ دوای تەواوبوونی وانەکانمان ئەڕۆیشتین بۆ نان خواردن بۆ چێشتخانەی جۆراو جۆرو جیاواز. بە درێژایی ڕێگاکە ئێمە قسەی خۆشمان ئەکردو پێئەکەنین. دواییش لەو سەر کە ئەگەڕاینەوە بە هەمان شێوە ئەگەیشتینەوە شوێنی خۆمان. زۆربەی کات کە زوو لە تاقیکردنەوەمان یان لە وانەکانمان تەواو ئەبووین، ئەڕۆیشتین بۆ بازاڕ. هەندێک جار بۆ سینەما، باخی گشتی، شوێنی خۆش. بەڵام گرنگ لە وەدا بوو، کە ئێمە هەموو کات بە کۆمەڵ ئەڕۆیشتین. کەسمان بێ دڵیی یەکترمان نەئەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ هاوڕێیەتیمان نزیکتر، بە هیزتر ئەبوو. زیاتر یەکترمان خۆش ئەویست. کچەکان وەکو خوشکی دڵسۆزی یەکتر. کوڕەکانیش ببوون بە برامان. دوای چەند مانگێک، ئێمە هەموو لە یەکتر نزیکببوینەوە بێ یەکتری بۆ هیچ جێگایەک نەئەڕۆیشتین. زۆر ئاگاداری یەکتر بووین.
ئێوارەیەکیان شیلان لە سەر جێگاکەی خۆی دانیشتبوو دەفتەرەکەی لە بەر دەمیدا کرابۆوە. وا بزانم بە نیازی ئەوە بوو وانەکانی بخوینێتەوە، تاکو ئامادە بێت بۆ تاقی کردنەوەکەی ڕۆژی دوایی. بەو جۆرە ڕێککەوتبوو، کە جێگاکەم بەرامبەر بە جێگاکەی ئەو بوو. من هەر سەیرم ئەکرد. بەڵام بە هیچ جۆرێک ئاگاو خەیاڵی لای کۆششکردن نەمابوو. هەروەها هیچ ئاگای لە من نەبوو. لەبەر خۆیەوە جار، جار زەردەخەنەیەک ئەیگرت. بانگم لێ کرد. وتم:

- شیلان؟ شیلان؟ ئەوە چییە؟ خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ چییتە وا لەبەر خۆتەوە هەر پێئەکەنیت؟

شیلان هەر بە هێواشی سەیرێکی کردمو وتی:

- ها؟ چی؟ بانگت کردم؟

وتم:

- بەڵێ بانگم کردیت. بەڵام هیچم ناوێت. هەر ئەمەویت بزانم چیتە وا لەبەر خۆتەوە ئەڵێی بە دەم مەلائیکەتەوە پێئەکەنیت؟ ویستم بەئاگات بێنمەوە، ئەو دەفتەرانەت کردۆتەوە. ئاگاشت لە دنیا نەماوە. چییە!؟ خەیاڵت لە کوێیە؟ ها... پێم بڵێ... دەی!

هەستام چوومە لایەوە. شیلانیش هەر پێئەکەنی، خۆی ئەهێناو ئەبرد. وەکو تۆزە شەرمێک بکات. لە پڕێکدا قاقایەکی گەورەی لێداو وتی:

- بە خوا بنار گیان لەوە ئەچێت لە عەشقا بم، عشق.

وتم:

- چییی؟ تۆ...؟ عشق...؟ بیرتە... تۆ چیت بەمن وت؟ تۆ قەت خۆشەویستی ناکەیت. بیرتە.. وات پێوتم؟ ئادەی، کێیە؟ خێرا پێم بڵێ کێیە ئەو عاشقە نادیارە.

ئەو هەر پێئەکەنی. منیش وتم:

- ئەوە کێیە وا عەقڵو هۆشی لێ بردوویت؟

شیلان هەر بە دەم پێکەنینەوە وتی:

- دە باشە تۆزیک تەحەمول کە. ئێستا هەموو شتێکت پێ ئەڵێم.

وتم:

- دەی خێرا... هەتا ئەوانیتر نەهاتوونەتەوە.

ئەمجارەش پێکەنی. وتی:

- ئەزانیت کێیە؟

وتم:

ـ نا... ده بیلّێ شەقم برد.

وتی:

ـ ده باشه ئێستا پێت ئەڵێم. ئیمڕۆ، کە تەواو بووین، له هۆڵی ژماره هەشت. کاتێک هاتینه دەرێ، تۆ لەگەڵ مامۆستا هاشم مەشغووڵی قسەکردن بوویت. لەو کاتەدا کابرا فرسەتی هێناو پێی وتم، دوای تەواوبوونی وانەکان، ئەیەوێت بمبینێت له شوینێک پێت ناڵێم کوێیه. بەڵام ئەو پێی وتم، که چاوەڕێم ئەکات بۆ ئەوەی قسه بکەین.

وتم:

ـ ئێ.. ئێ؟ کابرا کێیه؟ من ئەیناسم؟

وتی:

ـ ئێ.. ئیتر چووم. ئەویش هات. پێی وتم، ئەیەوێت پەیوەندیی هاوڕێیەتییەکەمان توندترو به هیزتر بێت.

وتم:

ـ ده باشه کێیه؟ ناوی هەیه خۆ جنۆکه نەبوو.

شیلان به دەنگێکی بەرز پێئەکەنی، دیار بوو دڵی زۆر خۆش بوو.

وتی:

ـ پێت ناڵێم خۆت ئەیزانی. من ئەزانم تۆ شەیتانی زوو هەست به شت ئەکەیت.

وتم:

ـ من هەستم کردوه به کەسێک. بەڵام، ئەترسم ئەو نەبێت.

شیلان وتی:

ـ نا. مەترسه بیلێ.

وتم:

ـ لەوانەیە هەڵە بم، بەڵام من ئەڵێم توانا.
شیلان قاقایەکی‌تری بەرزی لێداو وتی:
ـ ئەها، پێم نەوتی ئەزانیت؟ بەڵێ توانایە.
وتم:
ـ دەمێکە من هەستم پێکردووە. چاوەڕێی ئەم ڕۆژە بووم. باشە ئەی من لە کوێ بووم؟
وتی:
ـ تۆ ڕۆیشتیت بۆ دەرسەکەی‌تر. من نەهاتم.
وتم:
ـ چی پێ وتیت؟ بەس هەر ئەوەندە؟
ئینجا شیلان دەنگی بەرز کردەوە. وتی:
ـ چیتر؟ بەڵێ. جاری هەر ئەوەندە بەسە. بەڵام من ئەزانم توانا منی خۆش ئەوێت. هەر چەندە باسی نەکردوە. هێشتا. بەڵام من هەستی پێ ئەکەم.
منیش سەیرێکی‌تری شیلانم کرد. وتم:
ـ شیلان گیان، من بڕوات پێ ئەکەم. دەمێکیشە من لە سەیرکردنی توانا تێگەیشتووم بۆ تۆ. کاتێک پێکەوەین، ئەو هەر قسە بۆ تۆ ئەکات. هەموو کات چاوی لە سەر تۆیە. زۆر لە نزیکەوە ئاگاداریت ئەکات. گوێت پێ ئەدات. کاتێکیش دیارنابیت، هەواڵت ئەپرسێت. بۆت ئەگەڕێت. ئەمانە هەموو نیشانەی خۆشەویستین. خۆشت باشتر ئەزانیت، ئەگەر وا بێت یان نا.  بە بڕوای من توانا کوڕیکی زۆر باشە. هیوای خۆش بەختیت بۆ ئەخوازم.
هەر لەو کاتەدا ئێمە ئەو باسانەمان ئەکرد، جوان‌و ڕزگار خۆیان کرد

بە ژووورداو بە پێکەنین‌و قریوە قریو بەرەو رووی شیلان هاتن. جوان هاتە لای شیلانەوە.

وتی:

ـ هەی دەلاڵ، ئەوە تۆ چیت ئەکرد لەو پەنایە لەگەڵ توانا؟ ها؟ دەی دانی پیانێ. ئەی موجریم. ئەوە شتمان لێ ئەشاریتەوە؟ ئەمە لە کەیەکەوە فێری ئەم بەرەڵاییە بوویت؟

جوان هەر پێئەکەنی‌و ئەیکێشا بە شیلاندا. لە هەمان کاتدا رزگار بە دەفتەرەکانی ئەیکێشا بە سەری شیلاندا. رزگار بە دەم پێکەنینەوە ئەیوت:

ـ ئەوە توانا چیی پی ئەوتیت لەو پەنایە؟ ها؟ رازی بوویت؟ تەواو؟ قەناعەتی پێێ کردیت؟ شیلانیش بێ دەسـەڵات نەیئەزانی چی بکات. جارێک پێئەکەنی. جارێکیش خۆی توورە ئەکرد. نەیئەزانی چی بڵێت. زۆر سەرسام بوو لەوەی، کە ئەوان چۆن لەو شوێنەدا ئەویان بینیبوو! ئیتر وتی:

ـ هیچ... بە خوا هیچ. دە ئیتر بەسە. ئێوە هەقتان چییە؟

منیش هەر بە مەنزەرەکەیان پێئەکەنیم وتم:

ـ دە بەسە واز لە کچەکە بهێنن. خۆی پێتان ئەڵێت.

هەموو پێئەکەنین‌و شیلان نەیئەویست هیچ بەوان بڵێت. بەڵام تازە ناچار بوو، کە باسی بکات. زۆر بە ناچاری وتی:

ـ دە باشە ئەڵێی غەزەبن لە من ئاڵاون. دە دانیشن با بۆتان باس بکەم. ئێمە ئیتر زانیمان کەوا شیلان‌و توانا چیرۆکێکی خۆشەویستی تۆمار ئەکەن.

شیلان‌و توانا، هەموو کات هەموو ڕۆژ بە یەک گیان بە یەک دڵ یەکیان ئەویست. خۆشەویستییەکەیان وای لێهاتبوو زۆربەی کەس لە زانکۆو پەیمانگا ئەیانزانی. ئەوانیش خۆیان زۆر بێ باک بوون. ناویان لە سەر زمانی زۆرینەی خویندکاران بوو. کاتێک ناوی شیلان ئەبرا، ناوی تواناش ئەبرا. وەکو نازناوی ئەوی لێ هاتبوو. ئەو دووانە ببوونە سێبەری یەکتر. زۆربەی جار هەر خۆیان بە یەکەوە ئەهاتن‌و ئەڕۆیشتن. بەڵام هاوڕێیەتیشیان لەگەڵ ئێمەدا هەرگیز لاواز نەبوو. هەموو کات پاڵپشتی یەکتر بووین. ڕێزمان ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی ئەکرد بۆ یەکتر. من‌و کامەرانیش لە ناو دڵی یەکتردا ئەژیاین. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر یەکترمان خۆش ئەویست. بەڵام لە بەر چاوی هاوڕێکانمان ئێمە تەنها هاوڕێی یەکتر بووین. هەر چەندە ئەوە زۆر قورس بوو بۆ من بەڵام منیش لەو بڕوایەدا بووم کە ئەوە شتێکی باشترە بۆ من لە ترسی کەسوکاری هەردوو لامان. تەنها کاتێک کە من‌و کامەران توانیبێتمان پێکەوە قسە بکەین هەر ئەو کاتانە بوو کە ئەگەڕاینەوە بۆ سلیمانی. بە تەنیشت یەکەوە دائەنیشتین. هەرچیمان هەبوو باسمان ئەکرد. بێگومان تەنها هاوڕێ نزیکەکانمان ئەیانزانی. ئەوانەی کە لەگەڵمان ئەگەڕانەوە. هەر لەو کاتەی کە سەرقاڵی خوێندن بووین چەند سەیرانێکی خۆشمان بە یەکەوە ڕێکخست. ڕۆژێکی سێ شەمە بوو. هەموو دانیشتبووین باسی ئەوەمان ئەکرد کە ئێمە تاکو ئێستا سەیرانێکمان ڕێک نەخستوە. هەر یەکەمان شوێنێکی لە خەیاڵدا بوو. هەر یەکەمان حەزمان ئەکرد جێگایەکی‌تری جوانی کوردوستان ببینین. بەڵام لە دواییدا بڕیارماندا لە سەر هاوینەهەوارەکانی ئاکری‌و هاوینەهەواری سۆلاڤ‌و سەرسەنگ. بڕیارماندا بە هەموو هاوڕێکانمان ڕابگەیەنین کە ڕۆژی هەینی بڕۆین

بۆ ئەو جێگایانە. هەر کەسێک حەزی لێ بێت ئەتوانێت لەگەڵماندا بێت. هەموو هاوڕێکانمان کە بەم هەواڵەیان زانی هەموو دڵخۆش بوون. ئێمەی چوار کچە هاوڕێکە لای خوێندکارەکانی‌تر ڕێزمان زۆر بوو. ژمارەی ئەوانەی حەزیان لێبوو لەو گەشتە بەشدار بن لەگەڵماندا جگە لە گروپەکەی خۆمان نزیکەی حەفتا کەس ئەبوون. بۆ ئێمە ژمارەیەکی زۆر بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێمان خۆش بوو کە سەیرانیکی لەو جۆرەمان بۆ ساز ببێت. بۆ ڕۆژی دوایی بە تەواوی زانیمان کە چەند کەس بە ڕاستی بۆ سەیرانەکە ئامادەن لەگەڵماندا بەشدار ببن. هەر ئەو ڕۆژە بەرنامەی تەواومان دانا. بڕیارماندا بچینە بازاڕو شتومەکو خواردنی پێویست بکڕین. منو جوانو کامەرانو بەختیار ڕۆیشتین بۆ بازاڕ بۆ گۆشت، سەوزە، میوە، برنج، ڕۆن، دۆشاو کڕین. هەر چی پیویست بوو کڕیمان. بردمانەوە بۆ بەشی ناوخۆیەکەمان. کچانی‌تر لەگەڵماندا ئامادەکارییان کرد. یەکێک گۆشتی چاک ئەکرد یەکێک سەوزەی پاک ئەکرد، یەکیک میوەی ئەشتەوە. چەند کەسێکیش فاسۆڵیای سەوزیان ئەشتەوە، لەت لەتیان ئەکرد. هەر چۆنێک بوو بە نیوەناچڵ شتەکانمان چاککردو ئامادەمان کرد. بۆ ڕۆژی پێنج شەممە منو شیلانو جوان دوو جۆر شلەمان لێنا. بڕیارماندا برنجەکە لە کاتی سەیرانەکەماندا لە سەر دار لێبنێن. شەوی پێنج شەممە کچان کەوتبونە گەڕان لە بەشەکانی تر بە دوای جلی کوردیدا بۆ لەبەرکردن بۆ ڕۆژی سەیرانەکە. بە هەر حاڵ هەموومان سەرقاڵی خۆئامادەکردن بووین. لە ڕاستیدا منو شیلان زۆربەی ئەرکی سازکردنی سەیرانەکەمان خستبووە سەر ئەستۆی خۆمان. دیار بوو حەزمان ئەکرد لە ناو هەمووماندا دەرکەوین، کە گورجو گۆڵین.

ئەو بەیانییە زووەی کە بە نیاز بووین بۆ سەیرانەکە بڕۆین، کچان هەموو جلی کوردیان پەیدا کردبوو. تاکوو لەبەری بکەن. چونکە؛ پێشوتر بڕیار وابوو کە ئەبێت هەموو بە جلی کوردیەوە سەیرانەکە بکەین. من خۆم دەستێک جلی کوردیی جوانم هەبوو. بە لای جوانو شیلانو رزگاریشەوە زۆر جوان بوو. کە پیشانمدان وتیان، کەس لەوەی تۆی لە بەردا نابێت. کراسەکەی من برنجۆکی رەش بوو. خۆم بە دەستی خۆم بە پوولەکەی رەنگاو ڕەنگ دامدووری بوو. رەنگەکانی زۆر جیاواز بوو. پەمەییەکی تۆخ، زەردوو شینێکی پیرۆزەیی، لەگەڵ مۆرێکی کاڵ. هەموویم بە شێوەی گوڵی جۆراجۆر دادووریبوو. سەر فەقیانەکانیشم هەمووی بە پوولەکەی رەش دادووریبوو. ئەو کراسە شێوەیەکی زۆر ناوازەو جوانی هەبوو. هێلەگو ئاوەڵکراسەکەشم زەردێکی سوورمەیی بریقەدار بوو. هەندێک متوموورووی زۆر نایابیشم لەگەڵدا رێکخستبوو. پشتێنێکیشم لە هەمان جۆر برنجۆک، بە پوولەکە دروستکردبوو، کە زۆر بە تاقەت بە شێوازێکی هونەری رێکم خستبوو. کە بەیانی هەستاین لە خەو هیچ شوێنێک بەر نەئەکەوت. هەر کەسە خەریکی شتێک بوو. نە حەمام، نە ژوورەکان، نە چێشتخانەکە. هەر کەس مەژغوڵی شتێک بوو. ئەگەر لە حەمام نەبووایە، کترییەک ئاوی گەرمی بە دەستەوە بوو بە ملدا سەری پێ ئەشتو بۆڵەیشی ئەکرد. لەسەر هەمووشێک شەڕو فڕان فڕان بوو. بە هەر حاڵ، دیمەنێکی زۆر سەیرمان هەبوو. ئەگەر چی من لە سەرەتادا زۆر بەوان پێکەنیم بەڵام، لە دواییدا ئەوان هەموو بە من پێئەکەنین. چونکە من نە ئاوی ساردم بۆ مایەوە سەری پێ بشۆم نە ئاوی گەرم. ئەگەر چی من لە هەموویان زیاتر قژم بۆنی چێشتو خواردنی لێ ئەهات. دوای کاتژمێرێک کوڕەکان پاسەکانیان

هێنا وهاتن. کە پاسەکان وەستان، کوڕەکان چاویان لە ئێمە بوو بە جلی کوردیی ئاڵو واڵاوە وەستاوین. هەر یەکەمان مەنجەڵی گەورە، بچووک، سینی، پڕیاسکەو جانتاو بەڕەو کیسەی سەفەریمان بە دەستەوەیە، خێرا دابەزین. لەگەڵ بەیانی باشدا هەڵمەتیان کرد، کە یارمەتیی پێویستمان بدەن. کچان تەواو خۆمان رازادبووەوە. بە جلی کوردی ئاڵو واڵ. کەمێک ئارایيشت، خۆمان وا جوان کردبوو. کوڕان بە ئاستەم ئەیانناسینەوە. من لە ناو ئەو هەموو ژمارە خوێندکارانەدا تەنها چاوم بۆ کامەران ئەگێڕا، تا بەدیم کرد. من سەرنجی ئەوم راکێشاو ئەویش سەرنجی منی راکێشا، کە بینیم دەستێک جلی کوردیی شاڵی رەنگ خاکی لەبەر کردبوو. ئەو جلانەی هەر لە خۆی هاتبوو. کامەرانیش هەر، کە چاوی بە من کەوت، زۆر بە سەرسوڕمانەوە تێیئەروانیم. هەر وەکو یەکەمجاری بێت بمبینێت. کە هەموو چووینە ناو پاسەکەوە هەر یەکێک لە شوێنێک دانیشت جێگای خۆی گرت. من ویستم لای کامەرانەوە دابنیشم. بەڵام ئەوم بینی لای دڵشادەوە لەریزی پشتەوە دانیشتبوو. زۆر سەیرم لێ هات! ئەو رووی کردبووە لایەکی‌تر وەکو نەیەوێت خۆیم تێبگەیەنێ، من هیچ تێنەگەیشتم بۆ وەهای کرد! زۆرم بە لاوە سەیر بوو. ئیتر ناچاربووم لای یەکێک لە هاورێکانمەوە دابنیشم. جوان بە چاو پرسیاری لێ کردم. منیش هەر بە چاو وەڵامم دایەوە، کە هیچ تێناگەم. هیچ نازانم. هەتا گەیشتینە سەرسەنگ. هەموو بە گۆرانیو چەپڵە لێدان مێشکی کابرای سایەق مان بردبو. بەڵام تەنها کەس لەوێدا کە دوودڵی دایگرتبوو من بووم. چەند جارێک بە بیانوی قسەکردن لەگەڵ شیلان ئاوڕم ئەدایەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئاوڕەکانی مندا کامەران رووی وەردەگێڕا. دوای چەند کاتژمێرێک گەیشتینە هاوینەهەواری سەرسەنگ. لەوێ دابەزین. هێشتا شتەکانمان دانەگرتبوو کچەکان دەستیان گرت، کەوتنە هەڵپەرکێ.

کوڕەکانیش هەندێکیان گۆرانییان ئەوت، هەندێکیشیان تەپڵیان لێ ئەدا. دەستمان کرد بە دامەزراندنی شوێنەکەمان. منو جوان خێرا داوامان لە کوڕەکان کرد کە دارو چیلکەمان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەست بکەین بە برنج لێنان. چونکە ئێمە زۆر بووین. برنجەکەش کاتێکی زۆری ئەویست. ئیتر هەموو کەوتنە گەڕان بە دوای دارو چیلکەدا. وردە وردە ئاگرمان کردەوە. دنیامان کردبوو بە چەڕە دووکەڵ. هەتا بڵێی کاتێکی خۆش بوو. هەموو پێئەکەنین قسەی خۆشمان ئەکرد، من هەر چەندە مەشغووڵی برنج لێنانەکە بووم. چاویشم هەر بۆ کامەران ئەگێڕا. بەڵام بە هیچ جۆرێک نەمئەبینی. بەختیار لەو کاتەدا زۆر یارمەتی ئەداین بە سەتڵ ئاوی بۆ ئەهێناین، ئاگرەکەی بۆ ئەگەشاندینەوە. تواناو دڵشادیش بە هەمان شێوە. زۆر بە هێواشی بەختیارم بانگ کرد. داوام لێکرد کە بگەڕێت بزانێت کامەران لە کوێیە؟ بۆ نایەت لەگەڵمان بێت؟ چونکە کوڕەکانی تریش بە هەمان شێوە هەر کەس خەریکی شتێک بوو. کچەکانیش هەر یەکەی ئیشێکی ئەکرد. تەنها کامەران بوو دیار نەبوو. کەسیشمان نەمانئەزانی هۆکارەکەی چییە؟ بۆچی خۆی ونکردوە!؟ بەختیار دوای تۆزێک گەڕایەوە بۆ لای من. وتی:

ـ بنار کامەران ئەڵێت حەز ئەکەم بە تەنها بم.

منیش پرسیارم لێ کرد. وتم:

ـ بۆ وا ئەڵێت؟ چی بووە؟ کەس هیچی وتووە؟

بەختیار وتی:

ـ بنارگیان، بڕوا بکە کامەران لەوە زیاتر هیچیتری نەوت. هەر ئەوەنە حەز ئەکات بە تەنها بێت.

منیش زۆر سەرم لەو قسەیە سوڕما!

وتم:

ـ باشە، بە دڵی خۆی. ئێمەش بێزاری ناکەین.
بەڵام لە دڵی خۆمدا وەخت بوو شەقم ئەبرد! ئەبێت چی بوو بێت؟ ئەو ڕۆژە بۆ هەمووان ڕۆژێکی یەکجار خۆش بوو، بەڵام تەنها بۆ من ناخۆش بوو چونکە کامەران تەنها یەک وشە قسەی لەگەڵ نەکردم. هەر چەندە من خۆم وا دەرئەخست بۆ هاوڕێکانم کە منیش وەکو ئەوان دڵم خۆشە کاتێکی خۆشم هەیە. ئەو کارەی کامەران کردی خۆمو هاوڕێکانمی خستبووە گومانەوە. هەر چەند کچەکان پرسیاریان لێ ئەکردم کە بۆچی وەکو ئەوان دڵخۆش نیم. بەڵام من هیچ وەڵامیکم بۆیان نەبوو. ناچار چوومە لای کامەرانەوە. پرسیارم لێ کرد. وتم:
ـ کامەران، ئەوە چیتە؟
وتی:
ـ هیچم نیە، زۆر باشم.
وتم:
ـ بۆ قسەم لەگەڵ ناکەیت؟
وتی:
ـ ئەوە نییە قسە ئەکەین؟
وتم
ـ بۆ.. وا گرژو مۆنیت؟ ئەمەوێت بزانم بۆ وا خۆت دوور خستۆتەوە لە هەموو کەس؟
ئەو زۆر بە تووڕەییەوە وتی:
ـ ئینجا ئەوە گرنگە لای تۆ؟  لە پرسیارەکەی زۆر سەیرملێهات
وتم:
ـ بێگومان. زۆریش گرنگە. ئەمەوێت بزانم. چی بووە؟
وتی:

ـ هیچ نەبووە. هەر حەز ئەکەم بە تەنها بم. منیش زۆر بە تووڕەیی سەیرێکم کرد. بە تەوسێکەوە وتم:
ـ ئەی کە وایە، بۆ لە بەش نەمایتەوە؟ ئیمڕۆ ئەوێ زۆر چۆڵە ئەو توانی بە تەنها بیت.
ئینجا کامەران سەرێکی بەرز کردەوە وتی:
ـ زۆر راستە ئەبوو وا بکەم.
کە وای وت، من زۆر پەست بووم. ڕۆیشتم، بەجێم هێشت. رۆیشتمە لای جوانو شیلان، ئەگەرچی ئەو خواردنانەی بە دەستی خۆم دروستم کردبوون حەزم ئەکرد ئەو لێی بخوات. ئەو رۆژە کامەران هەر لەو شوێنەی کە یەکەم جار لێی دانیشت هیچ نەجولا بوو. لە سەر بەردێک دانیشتبوو. بن دارێکی سیبەری خۆش بوو. ئێمەش کەمێک دووربووین لای ئەوەوە. کاتی نان خواردن نزیک بووەوە کچان سفرەیان راخست. هەر کەس قاپو کەوچکی خۆی دەرهێنا سەوزەو زەلاتەو ترشیاتیشمان پێ بوو. تەنانەت ماستاویشمان کردبوو. سفرەیەکی زۆر پڕو دەوڵەمەندمان ئامادە کرد. چەند جارێکیش جوانو رزگار بانگی کامەرانیان کرد بێتە سەر سفرە نان بخوات، بەڵام ئەو وەڵامی کەسی نەئەدایەوە. دواجار من چوومە لایەوە. پرسیارم لێ کرد. وتم:
ـ کامەران. حەز ئەکەم نان بخۆیت.
وتی:
ـ ناخۆم، برسیم نییە.
وتم:
ـ چۆن برسیت نییە؟ هەموو رۆژەکە هیچت نەخواردووە. هەمووش برسیمانە. دە هەستە وەرە.
وتی:

ـ ئەڵێم برسیم نییە!
وتم:
ـ کامەران؟ تۆ ئەزانیت؟ من ئەم هەموو هیلاکییەم لەبەر تۆ بوو؟ حەز ئەکەم خواردنی دەستی من بخۆیت!
هەر لەو کاتەدا، شیلانو توانا هاتنە لامانەوە. توانا وتی:
ـ چییە کاکە؟ بۆ نایەیتە ناومان؟ چی بووە؟
شیلان وتی:
ـ ئەرێ کامەرانە مۆن بۆ خۆت تۆرانووە؟ هەستە وەرە نانێک بخۆ لەگەڵمان.
کامەران لقێک داری وشکی بە دەستەوە بوو. بە خۆڵی بەردەمیدا ئەیخشان وەکو بیەوێت وێنەیەک بکێشێت. بە هێواشی سەرێکی بەرز کردەوە، وتی:
ـ ئێوە بڕۆن، نانی خۆتان بخۆن. من برسیم نییە.
منیش وتم:
ـ رۆژانی کە، تا ئەم کاتە تۆ دوو جار نانت خواردووە! ئەی ئێستا چۆن ئەڵێیت برسیم نییە؟
توانا وتی:
ـ دە باشە، نان مەخۆ. بەڵام، وەرە لەگەڵمان دانیشە.
جوانەش هەر بە دەم پێکەنینەوە لە دوورەوە هات. فەقیانەکانی کردبووەوە. ملی خۆی لێ هەڵ کردبوو. هاتە پێشەوە، بە سەرسوڕمانێکەوە وتی:
ـ ئەوە چییە وا لێرە کۆمەڵ بوون؟ خواردنەکانمان تێکرد. هەموو چاوەڕێی ئێوە ئەکەن.
ئینجا نزیک بووەوە لە کامەران. وتی:
ـ کامەران ئەوە چییە؟ ئەوە بۆ وا مۆڕە ئەکەیت؟ ئەم مەکرە چییە لە خۆت ناوە؟ هەستە.. دەی هەستە.

کامەران هیچ وەڵامی نەدایەوە. ئینجا شیلان وتی:
ـ ئەرێ دە کامەران؟ بەسە توخوا ئەم سەیرانە خۆشەمان لێ تێک مەیە.
کامەران هەر هیچی نەوت. هەر سەری داخستبوو یاری بە چیلکەکەی دەستی ئەکرد. توانا وتی:
ـ کاکە ئێمە هەموو رۆژ سەیران ناکەین. کێ ئەڵێت جارێکیتر بۆمان رێک ئەکەوێتەوە. ئەو خواردنە خۆشانە لە کیس خۆت مەدە. بە خوا دوایی بیری ئەکەیت.
شیلانیش. قسەکەی توانای مۆر کرد. وتی:
ـ کامەران جارێکیتر منو بنار ئەم خواردنە خۆشانە دروست ناکەین. هەستە وەرە تاکو هەمووی نەخوراوە.
منیش. ئیتر وتم:
ـ شیلان توانا جوان، ئێوە برۆن، دەست پێبکەن بە نانخواردن. ئێستا ئێمەش یەین.
ئەوان رۆیشتن. کامەران هەر سەری دانەواندبوو. بە هیچ شێوەیەک سەیری منی نەئەکرد. بە دەنگێکی پڕ لە سۆزو خۆسەویستی بانگم لێ کرد. وتم
ـ کامەران گیان، بۆ وا ئەکەیت؟ بەس پێم بڵێ چی بوە؟ بۆ وا تووڕەی؟
ئەو هەر هیچی نەوت. دیسان وتم:
ـ باشە بەقوربان، هیچ مەخۆ. بەڵام خۆت بێتاقەت مەکە. من نازانم بۆ لێم عاجزیت. بەڵام هەر چییەکە هەڵیگرە بۆ دوایی. با هاوڕێکانیشمان ئەوەنە پرسیار نەکەن.
کامەران بەڕویەکی زۆر گرژو مۆنەوە سەری هەڵبڕی. وتی:
ـ برۆ وازم لێ بهێنە. نامەویت قسەم لەگەڵ بکەیت. برۆ بۆ لای هاوڕێکانت با بێزار نەبن.

ڕاستی من لەو ساتەدا هەستم بە تووڕەییەکو بە بێ ڕێزییەکی زۆر کرد. هەستم کرد کە زۆر خۆم ماندو کردبوو زیاتر هەر لە بەر خاتری ئەو. بەڵام ئەو لەو ساتە بەو جۆرە هەڵوێستی بەرامبەر بە من نواند. من ئیتر هیچی ترم نەوت چاوم پڕ بوو لە فرمێسک زۆر بەخێرایی بەجێم هێشت. ڕۆیشتم چوومەوە ناو هاوڕێکانم. بەڵام خوا خوام بوو کەس دەموو چاوم نەبینێت. ڕزگارم بینی قاپێکی گرتبوو بە دەستەوە پڕ بوو لە خواردن بەرەو ڕووی من هات. وتی:

ـ بنار ئـەوە تۆ لـە کوێیت؟ بـەخـوا فـریـات نەکەوتمایە هیچیان بۆ نەئەهێشتیتەوە.

قاپەکەی دایە دەستم. منیش قاپەکەم لێ وەرگرت. وتم:

ـ بۆ؟ خۆ خواردنەکان زۆر بوون.

وتی:

ـ تۆ ئاگات لێ نییە. ماشەڵلا کوڕەکان چی ئەکەن!

وتم:

ـ گرنگ ئەوەیە، بە دڵیان بێت.

ڕزگار وتی:

ـ هەر زۆریان بە دڵ بوو. دەستان خۆش بێت. ئێستا من ئەڕۆم یارمەتیی کچەکان ئەیەم. دوایی ئەگەڕێمەوە بۆ لات.

ئەو ڕۆیشت. سەیرم کرد دڵشاد قاپێک چێشتی بەدەستەوە بوو بەرەو لای من ئەهات، نزیک بووەو بە دەم زەردەخەنەیەکەوە هاتە پێشەوە. وتی:

ـ بنار ئەوەم بۆ تۆ جیاکردەوە. چاوم بۆ گێڕایت دیار نەبوویت. سەیرکە چەند خەم خۆرتم! ئەها چۆن فریات کەوتم؟

پێکەنیم وتم:

ـ دڵشاد گیان، زۆر سوپاس. ئەوەتا رزگاریش قاپێکی بۆ جیاکردوومەتەوە، دە تۆ برۆ ئەو قاپە خواردنە ببە بۆ کامەران.

دڵشاد بە بێزاریەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ چی؟ بنار؟ وتت بۆ کێ؟

وتم:

ـ بۆ کامەران..

دڵشاد خێرا شێوەی دەموچاوی گۆڕا. وتی:

ـ کامەران بۆ؟ لە کوێیە؟ ئەی خۆی بۆ نایەت؟

قاپە چێشتەکەشی هەر بەدەستەوە بوو. وتم:

ـ نازانم.

ئیتر من دڵشادم بە جێهێشت. رۆیشم. لە ژێر درەختێکدا زۆر بە بێتاقەتی دانیشتم. کچانو کوڕانیش هەموو تێر نانیان خواردبوو، خەریکی هەڵپەڕکێ بوون. هەر لەو کاتەدا من سەیری ئەوانم ئەکرد تۆزە تۆزە بە نابەدڵی خواردنەکەم ئەخوارد. جارێکیتر دڵشاد هاتە لامـەوە. لە تەنیشتمەوە دانیشت. وتی:

ـ بنار؟ بۆ وا بێتاقەت دیاریت؟ ئەڵێی خەفەتێکی گەورەت هەیە؟ ئەم رۆژە زۆر خۆشە، سەیرکە ئەو دیمەنانە چەند جوانن، بە خوا کوردستان لە هەموو شوێنێکی دنیا جوانترە، خۆزگە بمانتوانیایە هەموو مانگێک دوو سەیرانمان بکردایە.

ئینجا تۆزێک بێدەنگ بوو. دیسان وتی:

ـ ئەوە بنار بۆ هیچ ناڵێیت؟ من ئەڵێم تۆ خەفەتێکت هەیە.

وتم:

ـ نا. خەفەتی چی؟ هەر تۆزێک هیلاکم.

دڵشاد سەیرێکی کردم. وتی:

ـ بنار. ئەمڕۆ تۆ لە هەموو کچەکان جوانتریت. ئەزانی لە چی ئەچیت؟
من سەیرێکم کرد، پێکەنیم. چاوەڕێ بووم قسەیەکی سەیر بکات. چونکە دڵشاد یەکێک بوو لە هاوڕێکانمان، کە هەرگیز لە قسەی خۆشو نوکتە زیاتر هیچترمان لێ نەئەبیست. وتم:
ـ دڵشاد لە چی ئەچم؟ توخوا شتێکی ناشرین مەڵێ. پێکەنیم.
وتی:
ـ لە پەپوولە. بنار، تۆ لە پەپوولە ئەچیت.
سەیرکردنەکەی بە لامەوە زۆر سەیر بوو. وتم:
ـ پەپوولە؟ بۆ لە پەپوولە ئەچم؟ تێناگەم.
بە پێکەنینە بەهێزەکەی خۆیەوە وتی:
ـ جا بۆ پەپوولە خراپە؟ خۆزگە یەکی بە منی بووتایە چەند جوانی ئەڵێی پەپوولەیت.
وتم:
ـ نا. پەپوولە، نەک هەر جوانە، ناسکیشە، بەرگەی هیچ ناگرێت. بەڵام من زۆر بەهێزم. لەوەیانا من لە پەپوولە ناچم.
دڵشاد وتی:
ـ بنار؟ من مەبەستم جلەکانتە، رەنگاو رەنگە، زۆر تاقانەیە، زۆر جوانە. وەک پەپوولە ناسکیت، بێ وەییت.
چاوی بڕیە چاوم. هەناسەیەکی هەڵکێشا. وتی:
ـ خۆشت..
وتم:
ـ خۆم چی؟ لێم نەهاتوە؟
سەیرێکی کردم چاوێکی کز کرد. ئینجا زەردەخەنەیەکی کرد.
وتی:

ـ زۆر شت..
هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو. بەختیار زۆر بە پرتاو، بانگی کرد. وتی:
ـ دڵشاد.. دڵشاد.. کوڕە دە وەرە. ئەوە تۆ لە کوێیت؟ وەرە با بچین بزانین کامەران چی لێهات! نایبینم! دیار نەما!
منیش خێرا هەستام. وتم:
ـ چی؟ مەبەست چییە بۆ دیار نەما؟
بەختیار وتی:
ـ نازانم لە بەیانیەوە لە سەر بەردێک دانیشتبوو لەو پەنایە. بەڵام ئێستا رۆیشتم بۆ لای لەوێ نەمابوو.
دڵشادیش هەر بە ساردییەکەوە، بە پێکەنینێکەوە وتی:
ـ لەوانەیە رۆیشتبێت، دەست بە ئاو بگەیەنێت. کاکە؟ خۆ کامەران مناڵ نییە.
من هەستام، بێ ئەوەی هیچ بڵێم. رۆیشتم بگەڕێم بە دوای کامەرانا. رۆیشتم بەرەو لای پاسەکان، بینیم لەوەێ لە ناو یەکێک لە پاسەکاندا راکشا بوو. ئیتر پاشەو پاش گەڕامەوە دواوە.
لە دوای نانخواردن، هەموو بە کۆمەڵ بڕیارماندا بڕۆین بۆ هاوینەهەواری سۆلاڤ. لە نیوەی رێگا هەندێک لە هاوڕێکانمان پێشنیاریان کرد، دەنگیان بەرز کردەوە، کە پاسەکان بووەستن، لەو شوێنەدا دابەزین، چونکە ئەو شوێنە دیمەنەکەی زۆر دڵگیرو دڵڕفێن بوو. بڕیارەکە سەری گرت. هەموو دابەزین، هەر کەسە پەلی هاوڕێو دەستە خۆشکی خۆی گرت. کەوتنە گۆرانی وتن، دەستیا بە هەڵپەرکێ کرد. لەوێ دیسانەوە جێگامان دامەزراند بۆ چا لێنان، چەرەس و میوە خواردن. بەدرێژایی ئەو رۆژە من هەر نیگەران بووم. بەڵام بە هەموو شێوەیەک هەوڵم ئەیا بە سەر خۆمدا زاڵ بم، هەتا نەهێڵم هیچ خەمو بێ تاقەتییەکم

پێوە دیار بێت. تواناو شیلان دەستیان گروتبوو هەڵئەپەڕین. ئێمەش بەرامبەریان لەگەڵ رزگارو جوانو بەختیار راوەستابووین قسەمان ئەکرد. کاتێکم زانی دڵشاد لە دواوە هات دەستی راکێشام. زۆر بە دڵێکی خۆشەوە وتی:

ـ دەی با ئێمەش بچین هەڵپەڕین.

من دەستم راکێشایەوە دواوە وتم:

ـ نا. من نازانم هەڵپەڕم.

دڵشاد هەر بە پێکەنینەوە وتی:

ـ دەوەرە ئیستا من فێرت ئەکەم.

جوان هاتە پێشەوە وتی:

ـ من یەم، دەی با بڕۆین. دڵشاد واز بێنە بنار خەمی کامەرانییەتی.

دڵشادیش خەریک بوو بڕوات بەڵام، کە جوان وای وت، گەڕایەوە لای من. وتی:

ـ چییە؟ بنار چی بووە؟ بۆ خەمی کامەرانتە؟

وتم:

ـ هیچ نەبووە، ئێوە بڕۆن تا هەڵپەڕکێکە تەواو نەبووە.

بەختیار هاتە نزیکمەوە وتی:

ـ من نازانم کامەران لە چی پەست بووە! بەخوا منیش بێزار بووم، لەوەتەی هاتووین بۆ ئێرە هەموو رۆژەکە من هەر ویستم بزانم لە چی بێزارە. کەچی ئەو کەللە رەقە. هەر هیچی نەوت.

دڵشاد وتی:

ـ باشە بنار تۆ هیچت پێ وتووە تووڕەی کەیت؟

وتم:

ـ نە بەخوا، من زۆر بە نەرمی قسەم لەگەڵ کرد. بەڵام ئەو پێی وتم؛ نایەوێت قسەی لەگەڵ بکەم. ئیتر منیش بەجێم هێشت، نەچوم بەلایا، پرسیاریشم لێ نەکردەوە.

جوان وتی:

ـ کەواتە تۆش پێویست ناکات خۆت بێتاقەت بکەیت.

رزگاریش وتی:

ـ بەیانی هەر زوو من هەستم کرد کامەران دەمووچاوی تەواو نەبوو.

دڵشاد وتی:

ـ کەواتە هەموو بۆ ریزی هەڵپەڕکێ با برۆین.

ئیتر بە هەموو منیان راکێشا بۆ ناو هەڵپەرکێ. ئەو رۆژە یەکەم جارم بوو کە هەڵپەڕم. لەو سەیرانە فێری هەڵپەڕکێ بووم. کامەرانیش هەموو کاتەکە لە ناو پاسەکەدا بوو سەیری ئەکردین. جار جاریش تواناو بەختیار ئەچوون بۆ لای بەڵام ئیتر من هیچ نەمدوان. زۆر بە رێکوپێکی ئەو سەیرانەمان بەرێ کرد. هەموو دڵخۆش بوون. سوپاسی یەکترمان کرد بۆ ئەو کاتە خۆشە، بۆ ماندووبوونمان بۆ یەکتری. هەتا بڵێیت رۆژێکی پڕ لە ئاسوودەیی‌و خۆشی بوو بۆ هەموویان جگە لە من وکامەران.

## - ٣٨ -

ئەو کاتە من نەمەزانی کامەران بۆ وا گۆڕابوو. هەستم بە هیچ هەڵەیەک لە خۆمدا نەئەکرد. ئەمزانی کامەران منی زۆر خۆش ئەوێت، بەڵام نەمزانی بۆچی ئەو رۆژە لە سەیرانەکەدا لیّم نیگەران بووە؟ تەنها هەستێکم لا دروست بووبوو، کە رەنگە ئەو دڵ پیسیی تیادا هەبێت.

دوو حەفتە بە سەر ئەو رۆژەدا تێپەڕی. هەرکاتێک من کامەرانم ئەبینی روم وەردەگێڕا بەلایەکی کەدا ئەڕۆیشتم. دڵیشم، لە ناوەوە هەنجن هەنجن بوو. زۆر جار دەیویست خۆی نزیک بکاتەوە قسەم لەگەڵ بکات. بەڵام من کارێکی وام ئەکرد کە هەست بکات کە گرنگی پێ نادەم، نامەوێت قسەی لەگەڵ بکەم. زۆر جار شیلانو جوان پێیان ئەوتم، کە پرسیاری لێ بکەم ئەو رۆژە بۆ وابوو؟ منیش هەموو جار لە وەڵامدا ئەموت. من ئەزانم هیچم نەکردوە، هیچیشم نەوتوە، .بڕوام بە خۆمە کە هەڵە نیم. لەبەر ئەوە من هەرگیز پرسیار ناکەم بۆ؟ هەموو ئەیان زانی کە من تاڕادەیەکی زۆر کەللە رەق بووم، لەبەر ئەوە ئەوانیش ئیتر پرسیاریان نەدەکرد. هەتاکو رۆژێکیان منو هاوڕێکانم لە کافیتریاکە دانیشتبووین. یەکێک لە هاوڕێکانمان ناوی ئاراس بوو هاتە بەردەمان وەستا. زەرفێکی گەورەی بە دەستەوە بوو. وتی:

- ئەوە رەسمەکانی سەیرانەکەمانە بۆ هەمووتانم شتۆتەوە. هەر کەس نوسخەی خۆی بەرئەکەوێت. منیش دەستم برد وەریگرم. لە پڕێکدا دەستێک هاتو بردی. کە سەیرم کرد توانا بوو. لەگەڵ کامەران. هاتبوون بۆ رەسمەکان ئەگەڕان. ئیتر من دەستم بردەوە دواوە. توانا وێنەکانی دەرهێنا. ئێمەش چاوەڕیمان ئەکرد سەیریان بکەین. کامەرانیش چەند رەسمێکی لە توانا داوا کرد، کە تەماشایان بکات. ئینجا یەک رەسمی گرت بە دەستەوە. هاتە لای منەوە.

وتی:

ـ فەرموو، سەیری خۆت کە خانم. بزانە چی ئەبینیت؟ منیش دوو هەفتەی تەواو قسەم لەگەڵ نەکردبوو. بە لا لووتێکەوە سەیرێکم کرد.

وتم:

ـ چییە؟ خۆمو جوانە ئەبینم.

وتی:

ـ باش سەیرکە. باش سەیری خۆت کە! هەموو گیانت چاک دیارە!

وتم:

ـ نەخێر هیچ کوێم دیار نییە!

وتی:

ـ بەڵێ. سینگت هەمووی بە دەرەوە بوو. کراسەکەت زۆر تەنک بوو. من حەزم بەو جلە نەبوو لەبەرتا. هەر، کە بەو شێوەیە بینیمیت عەقڵم تێک چوو.

وتم:

ـ ئینجا ئەم هەموو تووڕە بوونو قسە نەکردنە هەر لەبەر ئەوە بوو؟ من هەر ئەوەم پێ بوو. بڕوام نەکرد تۆ بەو شێوەیە تووڕە بیت.

وتی:

ـ بەڵێ زۆر تووڕە بووم. ئینجا ئەوە کەم بوو؟ کوڕەکان هەموو هەر سەیریان ئەکردیت. منیش پێم ناخۆش بوو. سەیرانەکەم لێ تێکچوو.

وتم:

ـ بەڵام من زۆرم پرسیار لێکردیت. تۆ هەر ئەتوت هیچ نیە. دواجاریش پێت وتم. قسەم لەگەڵ مەکە؟ وتی:

ـ ئاخر حەزم نەکرد لەویا باسی کەم. چونکە تۆ تازە وا هاتبوویت، خۆ ئەمزانی جلی کەت پینیە تا بیگۆڕیت.

توانا وتی:
ـ کامەران پێویستەکات تۆ لە سەر مەسرەفی خۆت سەیرانێکی کەمان بۆ دروست بکەیتەوە، چونکە تۆ ئەو سەیرانەت لە ئێمەش تێکدا.
شیلانیش وتی:
ـ ئەرەوەڵا، هەقی خۆیەتی. چونکە لە منیشتان تێکدا.
منیش وتم:
ـ وەڵا کەس لێی تێک نەچوو من نەبێت. کامەرانیش خەتای خۆی بوو.
کامەران بە لا چاوێک سەیرێکی کردم. وتی:
ـ لێم ببوورە. بنار گیان، ئەزانم دوای ئەو هەموو هیلاکییە. ئەو سەیرانەم لە تۆ تێکدا.
دڵشادو جوانەش هاتن گوێیان لە قسەکانمان بوو. دڵشاد وتی:
ـ لێبوردنی چی؟ تۆ وا ئەزانیت هەروا ئاسانە؟ بنار لێت نابوورێت. منیش لێت نابوورم.
منیش هەر سەیرم ئەکردن.
کامەران وتی:
ـ دڵشاد؟ تۆ ئەگەر قسەی باش نازانیت. خراپیش مەکە. بنار ئەزانێت من بۆ تووڕە بووم.
وتم:
ـ بەڵێ. ئێستا زانیم، دوای دوو هەفتە. هەر وەکو دڵشاد وتی لێبوردن ئاسان نییە.
جوانیش هەڵی دایە وتی:
ـ نا قەیناکە، بنار گیان، ئەمە یەکەم جارێتی لێی ببوورە. هەر چەندە نازانم موشکیلەکەی کامەران چی بوو؟ بەڵام، من ئەڵێم لێی ببوورە.

شیلان‌و توانـاش هـەر داوای سـەیرانیان ئـەکرد. هەموو فـڕان فڕانی ڕەسمیان بوو، سەیریان ئەکردو بەیەکتر پێ ئەکەنین. هەر جارێکیش کامەران ڕەسمێکی منی ئەدۆزیەوە، پشانی ئەدام. ئەی وت:

ـ ئەها، سەیری کە، سەیری کە، خۆت ئەبینی؟

کامەران ئەوەنەی وا پێووتم هەتاکو دەستم کرد بە پێکەنین وتم:

ـ دە باشە زانیمان، تەواو، ئیتر لەبەری ناکەم.

هەموو کەوتینە پێکەنین. ئیتر هەر کەس وێنەی خۆی وەرگرت.

توانا وتی:

ـ دەی... با تەگبیری سەیرانیکیتریش بکەین. بۆ شوێنێکیتر. تاکو پەشیمان نەبونەتەوە.

ئەو ڕۆژە لە جیاتی ئەوەی تەگبیر بۆ سەیرانێکیتر بکەین، تەگبیرمان بۆ گەڕانەوە کرد بۆ سلێمانی. چونکە نزیک ببوویەنەوە لە کۆتایی ساڵی خوێندن. وانەکانمان کەم ببوونەوە. ڕۆژانی پشوومان زیادی کردبوو. ئێمە بڕیارمان دابوو ڕۆژی چوار شەممە سەفەر بکەین‌و شەممە بگەڕێینەوە بۆ مووسڵ

## - ٣٩ -

منو کامەرانو شیلانو تواناو رزگارو جوان، دوای تەواو بوونی وانەکانمان ڕۆیشتین بۆ گەراج. بۆ ئەوەی پێکەوە سواری پاسێک بینو بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی. کات خەریک بوو درەنگ ئەبوو. بەڵام ئێمە بڕیارمان دابوو کە ئەو ڕۆژە ئەبێت سەفەر بکەین. بە هەرحاڵ، پاسێکمان دەست کەوت بە ڕێ کەوتین. هەر نیو کاتژمێک ئەڕۆیشتین لە خاڵی پشکنین رایان ئەگرتین. زۆریان رائەگرتین چونکە هەموو شتێکیان ئەپشکنی. ڕێگاکە خۆی ئەوەندە دوورو درێژ نەبوو بەڵام لەبەر راوەستانی زۆر هەر نە ئەبڕایەوە. زۆری ڕێگامان بڕی. بەڵام کاتێک گەیشتینە خاڵی پشکنینی کەرکوک بەرەو سلێمانی بڕۆین لەوی لە سایەقەکەیان پرسی؟ وین رایح؟
کابرای سایەق وتی:
- للسلیمانیه. بۆ سلێمانی.
ئەو ئاساییشانەی پشکنینیان ئەکرد، وتیان:
- (طریق سلیمانیة مسدود، یالله وإرجعوالکرکوک) کوردێکی خۆشمان هەر لەویا وەستا بوو
وتی:
- کاکە، ڕێگای سلێمانی گیراوە. بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک. ئەگەرنا لەوانەیە، ئێیوەش بکەونە نێوان شەڕو پێکدادانو تەقەو کێشەو گرفتی زۆرەوە.
ئێمەش زۆر ترساین، چونکە ئەمانزانی باسی چی ئەکەن! ئەمانزانی زۆربەی جار بە شەو. پێشمەرگە ئەهاتنە ناو شار پەلاماری شوێنی دامەزراوەکانی سەر بە رژێمیان ئەدا. ئەوسا ئەبوو بە تەقو تۆقو فەرتەنە. پیشمەرگە هەموو کات دەستی خۆیان چاک ئەوەشاند.
هەر چەندە بۆ رۆژی دوایی بەعسیەکان دەست درێژیی زۆریان ئەکردە سەر کەسانی بێ دەسەڵاتو بێ تاوان. بۆ تۆڵەی خۆیانو چەند کەسێکیان

ئەگرتو ئەکوشت.
بەڵام، ئێمە ناچار بووین بەو ئیوارەیە بگەڕێینەوە بۆ ناو کەرکوک. خەممان لێ هات. لەوێ چی بکەین؟ بۆ کوێ بڕۆین؟
توانا وتی:
ـ کەس خەمی نەبێت. ماڵی نەنکم لیرەیە. ئەڕۆین بۆلای نەنە ئامین! ئێستا نەنکم زۆری پێ خۆش ئەبێت.
ئێمە کەسمان نەمان بیستبوو کە نەنکی توانا لە کەرکوک بێت. بۆیە زۆر سەیر بوو لە لامان کاتێک ئەو باسی ماڵی نەنکی ئەکرد. هەموو دەستمان ئەکرد بە پێکەنین.
کامەران وتی:
ـ توانا؟ ئێستا کەی وەختی گاڵتەیە؟ با بچین شوێنێک بدۆزینەوە ئەمشەو تایا بمێنینەوە تا بەیانی ئەگەڕێنەوە.
توانا وتی:
ـ کاکە گاڵتەی چی؟ بەخوا ماڵی نەنکم لیرەیە. ئێستا ئەتان بەم بۆ ئەوێ ئێمەش هەر وامان ئەزانی گاڵتەمان پێ ئەکات. لەوە ئەچوو توانا توڕەبوبێت لە پڕێکا دەنگی بەرزکردەوە وتی:
ـ ئەرێ بۆ بڕوا ناکەن؟ ئەڵێم بەخوا بە راستمە، ماڵی نەنکم لە گەرەکی ئیمام قاسمە.
سایەقەکەش هەر گوێی لە ئێمە گرتبوو چاوەڕێی ئەکرد بزانێ ئێمە بڕیاری چی ئەدەین. ئەویش لە پڕێکدا وتی:
ـ ئەری کاکە؟ ئێستا بۆ کوێتان بەرم؟ تواناش وتی:
ـ کاکە بڕۆ بۆ گەڕەکی ئیمام قاسم. کە گەیشتینە ئەوی پێت ئەڵێم ماڵەکە لە کویایە.

کابرای سایەق زۆر پیاوێکی باش بوو. تاکو بەر دەمی ماڵی نەنە ئامینی بردین. توانا لە دوودڵییەکی زۆر رزگاری کردین. هەر، کە گەیشتینە بەردەرگای ماڵی نەنە ئامین توانا چەند جارێک لە دەرگای دا. ئێمەش کردبوومان بە پێکەنین، چونکە هێشتا بڕوامان پێ نەدەکرد کە راست بکات لەگەڵمان. ئەویش هەر سوێندی بۆ ئەخواردین کە نەنکی لەوێ ئەژی. ئەوەش ماڵەکەیەتی. دوای چەند جارێک لە دەرگا دان گوێمان لە دەنگی ژنێک بوو. پرسیاری کرد:

ـ ئەوە کێیە؟

توانا وتی:

ـ منم نەنە ئامین.. توانام. دەرگاکە بکەرەوە.

دەرگاکە زۆر بە خێرایی‌و فراوانی کرایەوە. هەر بە دەنگێکی زۆر پڕ لە خۆشی، نەنە ئامین هاواری کرد:

ـ توانا گیان؟ ئەوە چۆن بوو هاتیت؟ ئەوە بەم ئێوارەیە تۆ چی ئەکەیت لێرە؟ وەی قوربانت بم رۆڵە گیان.

خێرا باوەشی پیا کردو ماچی کرد. ئێمەش هەر سەیرمان ئەکردن. تواناش بۆی گێڕایەوە چۆن هاتووین. ئینجا رووی کردە ئێمەو وتی:

ـ نەنە، ئەمانەش هەموو هاوڕێ‌و خۆشەویستی منن. ئەبێت هەر چۆنێک بێت ئەمشەو جێگامان بکەیتەوە.

نەنە ئامین وتی:

ـ وەی یا خوا بە خێر بێن... قوربانتان بم. ماڵ ماڵی خۆتانە. ئەتانخەمە سەر چاوم.

ئێمەش یەک یەک باوەشمان پیا کرد. وەک بڵێت زۆر دەمێکە نان‌و پیازمان لەگەڵ خواردووە. نەنە ئامین بە فەرموو فەرموو بردینیە ژوورەوە. هەر ئەوەندەی گەیشتینە ماڵە خنجیلەو جوانەکەی، نەنە ئامین لێمان ون

بوو. ئێمەش هەر پێئەکەنین بەو دۆخەی بە سەرماندا هاتبوو. دڵیشمان لای شارەکەمان بوو. ئاخۆ ئیمشەو چیی تیا روو بدات؟ نەنە ئامین بۆ ماوەیەک دیار نەما. ئێمە خۆمان ئەوەندە مەشغووڵی قسەو باسی خۆمان بووین، نەنە ئامینمان هەر لە یاد نەمابوو. من زۆرم تینوو بوو. هەستام بەرەو چێشتخانەکە چووم ئاو بۆ خۆمو هاوڕێکانیشم بهێنم. تەماشام کرد نەنە ئامین خەریکی چیشت لێنانە. وتم:

ـ نەنە ئامین ئەوە خەریکی چیت. با یارمەتیت بدەم.

وتی:

ـ ناهێڵم. تۆ دەست بۆ هیچ نەبەیت.

وتم:

ـ چۆن ئەبێت؟

وتی:

ـ بەس مۆڵەتم بەن یەک چارەکیتر خواردن ئامادە ئەبێت.

لە راستیدا نەنە ئامین ئافرەتێکی زۆر بە خوڵق بوو. ئەو شەوە زۆر رێزی لێ گرتین. هەر چەندە بە تەمەن بوو، بەڵام گورجو گۆڵو ئازا دیار بوو. تەنها خۆی بوو لەوماڵەدا ئەژیا. دوای ئەوەی کە مێردەکەی ئەمری خوای کردبوو ئیتر دوو کوڕەکەی ژنیان هێنابوو. یەکێکیان لە سلیمانیو ئەویتریان لە کەرکووک نیشتەجێبوون. ئیتر نەنە ئامین لەو ماڵەدا بە تەنها مابۆوە.

کات زۆری نەخایاند منو شیلان چووینە لای نەنە ئامین پرسیارمان لێکرد، کە پێویست ئەکات ئێمە چی بکەین؟

وتی:

ـ رۆڵە گیان بە خوا هیچم ناوێت. ئێوە لە سەفەرەوە هاتوون. رێگاتان بڕیوە. بڕۆن دانیشن. ئێستا خۆم هەموو شتێک ئامادە ئەکەم.

ئێمە گویمان بە قسەکەی نەدا. سفرەیەکی جوانمان ئامادە کرد. نەنە ئامینیش خواردنێکی تا بڵێیت بە بۆنو بەرامە ی ئامادە کرد. زوو زوو پێی ئەوتین:

- دەی فەرموون.. توخوا شەرم مەکەن. بە خوا زۆرم لێناوە.

لە راستیدا خواردنەکەی نەنە ئامین زۆر بە تام بوو. خۆشی هەتا بڵێیت ئافرەتێکی ئێسک سووکو روو درەوشاوە بوو.

شەویکی زۆر خۆشمان لەوێدا بە سەر برد. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو، کە منو کامەرانو شیلانو توانا بە شەو بە یەکەوە لە یەک شوێندا بین. بەلامانەوە رێکەوتێکی زۆر سەیر بوو. نازانم ئەو شەوە بۆ ئەوەندە شەرممان ئەکرد؟ زوو زوو کامەران بە تیلێکی چاو سەیرێکی ئەکردمو بزەیەکی ئەخستە سەر لێوی. منیش بە بزەیەکی شەرمنانەوە وەڵامم ئەدایەوە. هەردووکمان هەر چاوبڕکێمان بوو. جوان هەستی پێ کردین. وتی:

- ئەوە تۆ ئیمشەو سەری خۆت بە فەتارە ئەدەیت. با ئەو ژنە تێنەگات.

وتم:

- ئینجا چیمان کردووە؟ خۆ ئەو لەو بەرەوە دانیشتووە. منیش لەم بەرەوە. سەیری یەکتریش نەکەین؟ ئەمە چیە جوان خان دەی تۆش لێرە لێم ببە بە خەسو. جوانە هەر پێئەکەنی ئەی وت:

- تۆ سەیری ئەو دەلالە ناکەیت؟ سەیری کە چۆن خۆی رێک خستوە لەگەڵ نەنکی توانا؟ ئێمە پێئەکەنین.

بەڵام شیلانو توانا ئەتوت هەزار ساڵە ژنو مێردن. کەوتبوونە هەوای خۆیانەوە. هەر قسەیان بۆ نەنە ئامین ئەکردو پێئەکەنین. لە دوایدا نەنە ئامین زانی کە کوڕەزاکەی خۆشەویستی شیلانە. بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو. کاتمان گەیاندبووە دوانزەی شەو. زۆرمان خەو ئەهات.

بەڵام کەسمان نەمانئەویست بخەوین. جوانو رزگار داوایان کرد کە بیکەین بە شەو. ئیتر بچین بخەوین.
من رووم کردە نەنە ئامینو لێم پرسی:
ـ نەنە ئامین گیان، ئێمە لە کوێ بخەوین؟
ئەویش وتی:
ـ بە خوا رۆڵە گیان وەکو ئەیبینن من تەنها ئەم ژوورەو ئەو هەیوانەم هەیە. ئەگەر حەز ئەکەن ئێوە ئەتوانن لەم هەیوانە لەگەڵ من بنوون. با کوڕەکانیش بچنە سەربان. لەوێ قەرەوێڵە هەیە.
وتم:
ـ زۆر باشە.
هەموو کەوتینە جێگا داخستن. هەر کەس شوێنی خۆی دەستنیشان کرد. جێگای خۆمان گرت. کامەرانو تواناش هەر کەس جێگای خۆی بردە سەربان. شەوباشمان لە یەکتر کرد.

## ـ ٤٠ ـ

بەیانی هەر زوو لە دەنگە دەنگی دراوسێکانی نەنە ئامین خەبەرم بووەوە. لە ناو جێگاکەم هەڵسام. بینیم نەنە ئامین نان‌و چای بەیانیی ئامادە کردوە. کاتژمێر هێشتا حەوتی بەیانی بوو. چووم بۆ مووبەقەکەی نەنە ئامین. وتم:

ـ رۆژ باش، نەنە گیان چۆنی؟ باشی؟ بەخوا چاک بوین بە ئەرک بۆت.

نەنە ئامین ئاوڕێکی لێ دامەوە وتی:

ـ بەقوربانت بم بۆ وا ئەڵێیت؟ ئێوەش وەکو توانان. یاخوا بەخێربین. کچە شیرینەکەم بڕۆ ئەوانەی کەش هەڵسێنە. تۆزێکی‌تر کابرای سایەق دێت بە دواتانا.

منیش خێرا شیلان‌و جوان‌و رزگارم خەبەر کردەوە وتم:

ـ کچینە خێراکەن با زوو ئامادە بین. تاکو نان‌و چا ئەخۆین کابراش دێت بە دوامانا.

هەموو خێرا کەوتنە خۆ کۆکردنەوە جێگاو ماڵمان بۆ نەنە ئامین کۆکردەوە. هەر لەو کاتەدا شیلان لە ناوەڕاستی حەوشەکەوە دەنگی بەرزکردبۆوە هاواری ئەکرد. ئەیوت:

ـ توانا.. کامەران..

چەند جارێک بانگی لێ کردن بەڵام کەسیان وەڵامیان نەبوو.

منیش بە هەلم زانی کە بچم کامەران خەبەر بکەمەوە. بۆیە خێرا قسەکەی نەنە ئامینم قۆستەوە، کە وتی:

ـ بنار گیان بڕۆ ئەوانی کەش خەبەر بکەرەوە با درەنگ نەکەون.

خێرا بە سەر پەیژەکەدا سەرکەوتم بۆ سەربان. هەر لە دوورەوە هاوارمکرد. وتم:

ـ هەڵسن.. هەڵسن ئەی تەمەڵەکان. خێرا.. وا ئێمە ئەڕۆین بەجێتان ئەهێڵین.

کەسیان وەڵامیان نەبوو. دوو سێ هەنگاوی تر لێیان چوومە پێشەوە. بانگم کرد:

ـ توانا؟ کامەران؟ ئەوە بۆ هەڵناستن؟ ئاخر درەنگ ئەبێت. ئەوا ئێمە خۆمان ئامادە کردووە. دووایی گلەیی نەکەن ها.. ئەڕۆین بەجێتان ئەهێڵین.
من هەر ئەم جۆرە قسانەم ئەکرد توانا بێ ئەوەی سەیرم بکات وتی:
ـ باش... باش، ئەگەر ئازان دە بڕۆن بەجێمان بهێڵن.
منیش کەوتمە پێکەنین. وتم:
ـ دەی.. تۆش ئەزانیت دڵمان نایەت، خۆت ئازا مەکە بە سەرمانا.
توانا وتی:
ـ پوورزا گیان من دەمێکە بەخەبەرم. کامەران ئەڵێی یەک ساڵە نەخەوتووە. نازانم بۆ ئەوەندە خەوی قورسە؟! خۆ من ئیمشەو لەبەر قسەکردنی ئێوە خەوم لێ نەکەوت. ماڵتان ئاوا بێت. ئەوە ئێوە ئەو هەموو قسەیە چێ بوو شەو کردتان؟ ئەوە بە راستی کەی خەوتان لێ کەوت؟
منیش هەر قاقام بۆ لێ ئەدا. وتم:
ـ بۆچی بوختانمان بۆ ئەکەیت؟ کوا قسەمان کردووە؟
توانا وتی:
ـ باشە باش، با وا بێت. خۆ من گوێم لە هەموو قسەکانتان بوو. پێکەنی.
کامەران ئینجا چاوی کردەوە. وتی:
ـ منیش گویم لێتانە. ئەوە چییە بەم بەیانییە؟ چی بووە. بنار برۆ خوارەوە. وا تۆزێکیتر دێین.
وتم:
ـ نا.. تۆزێکیتری چی؟ هەر ئێستا. ئەزانیت ئەو ژنە لە کەیەوەیە بەرچایی ئامادە کردووە؟ چاوەڕێی ئێوەیە. ئینجا بیرتان چوو پاسەکە ئەوەندەی نەماوە بێت بە دوامانا؟
هەر، کە وام وت، هەردووکیان سەیرێکی یەکتریان کردو لە سەر جێگاکەیان راپەڕین.
کامەران وتی:

ـ به خوا راست ئەکەیت.
ئینجا توانا به دوایدا وتی:
ـ بەخوا من بیری ئەوەم هەر نەمابوو. ئەی کوڕی عاسمان خۆ بیرمان چووه.
ئیتر، پێش من، به جێگاو پێخەوەکەیانەوە رایانکردە خوارەوه. خواردنی بەیانیمان تەواو کرد. زۆری پێ نەچوو پاسەکە هات به دوامانا. ئێمەش یەک یەک باوەشمان به نەنە ئامینا کردو هەموو ماڵئاواییمان لێ کرد. ئەویش به زمانی شیرین‌و قسەی جوان‌و به دوعا خوێندن خوا حافیزیی گەرمی لێ کردین. سەر پاسەکە کەوتین‌و کەوتینە رێ. له دوای دوو کاتژمیر گەیشتینەوە سلێمانی. لەوێ، پیش ئەوەی له یەکتر جیا ببینەوە شیلان هەر له پاسەکە هاتە لای منەوه. پێی وتم:
ـ بنار... ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم. که رۆیشتیتەوە بۆ ماڵەوە ئەم جاره زۆر ئاگات له خۆت بێت هەتا ئەگەڕێینەوە بۆ مووسڵ باشه!؟
وتم:
ـ بۆ؟ بۆ هیچ هەیه من نەیزانم؟
وتی:
ـ بەڵێ. بەڵام ناتوانم ئێستا پێتی بڵێم. که گەڕاینەوە، پێتی ئەڵێم. باشه؟
به نابەدڵی وتم:
ـ باشه. ئەی بۆ زوتر پێت نەوتم؟ وتی:
ـ حەزم نەکرد وەزعت لی تێک بدەم. بەڵام هیچی وا نیه هەر تۆزێک ئاگات له خۆت بێت وریا به. قسه مەیه بەدەستەوه.
ئیتر پاسەکە له گەراج وەستا. لەوێ دابەزین، خواحافیزیمان له یەکتر کرد. هەر کەس سواری سەیارەیەکی کرێ بوو بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەوەمان، دایکمم بینی له ناو دەرگاکەدا وەستابوو. وەک هەستی کردبێت من لەو رۆژەدا ئەگەڕێمەوه. کاتێک

چاوی به من کەوت، زەردەخەنه گرتی. وتی:
ـ ئەها! من وتم ئیمڕۆ بنار یەتەوە؟
خێرا له سەیارەکه دابەزیم، به خۆمو جانتاکەمەوه بەرەو رووی چووم. دایکیشم خێرا بەرەو پیریم هات باوەشی پیادا کردم ماچی کردم. وتی:
ـ یاخوا بەخێر بێیتەوه. من ئەمڕۆ دڵم لێیدابوو ئەمزانی یەیتەوە! ئینجا منی بەرەو چێشتخانەکه برد.
وتی:
ـ وەرە... وەره بزانه خەریکم چی لێ ئەنێم. ئەو خواردنەی تۆ به دڵتە. ئەزانم حەزت لێیه. برنجو بامێی تازە.
وتم:
ـ دایکه گیان دەستت خۆش بێت. هەرچی تۆ لێی بنێیت خۆشە.
ئینجا هەواڵی هاوڕێکانمی لێ پرسیم. منیش هەر وەڵامێکی کورتم دایەوە. ئەمویست زوو بچمه سەرەوه جانتاو شتەکانم بەرمه ژوورەکەی خۆمان بۆ ئەوەی پرسیاری زۆرترم لێ نەکات. بەڵام ئەو زۆر وریا بوو. وازی له پرسیار نەهێنا. وتی:
ـ بنار؟ ئەوه به راست؟ چۆن بەم بەیانییه زووه ئێوه گەیشتنەوه سلێمانی؟ سەعات چەند ئێوه له مووسڵەوه دەرچوون؟
وتم:
ـ زوو.
دایکم پرسی:
ـ زوو کەی؟
وتم:
ـ دایکه، ئەمەوێت خۆم بشۆم. حەمام گەرمە؟
خێرا له دایکم دوورکەوتمەوە، بێ ئەوەی هیچ ئاوڕێک بدەمەوە، چووم بەرەو حەمامەکه. بەڵام دایکم وتی:

ـ بنار پێش ئەوەی بچیتە حەمام برۆ بۆلای باوکت لە ژووری دانیشتنەکە ڕاکشاوە. تۆزێک نەخۆشە.

کە دایکم وای وت، خێرا بێ وەستان چوومە لای باوکم. باوکم لە سەر تاکێک لە قەنەفەکانی هۆڵەکە راکشا بوو. بە پەتۆیەکی رەنگ قاوەیی خۆی داپۆشیبوو. رەنگی وا دیار بوو، کە تۆزێک ناساغ بێت. کە باوکمم بینی خێرا چوومە بەردەمی. دەستیم ماچ کرد. وتم:

ـ باوکە گیان؟ ئەوە چیتە؟

باوکم خێرا بە روویەکی خۆشەوە سەری بەرزکردەوە. وتی:

ـ بنار؟ ئەوە کەی هاتیتەوە؟

ئینجا بزەیەک گرتی‌و سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد. وتی:

ـ بۆیە ئەڵێم ماڵەکەم رووناک بۆتەوە.

هەردووکمان پێکەنین. وتم:

ـ هەر ئێستا هاتمەوە، دایکم پێی وتم تۆ ناساغی. باوکە گیان چییتە؟

باوکم هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

ـ بەخوا رۆڵە گیان دەردی پیرییە. ئەی نەتبیستوە ئەڵێن پیری‌و هەزار عەیب؟

وتم:

ـ توخوا وا مەڵێ. باوکە تۆ کەی پیریت؟

دایکم لە چێشتخانەکە هەر خەریکی چێشت لێنان بوو. من‌و باوکیشم هەر قسەمان ئەکرد. کاتێک خواردن ئامادە بوو. دایکم بانگی کردم، کە بچم نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بخۆم. بەڵام من زۆر ئەترسام کە پرسیاری‌ترم لێ بکات. پرسیارم کرد. وتم:

باوکم لەگەڵمان ئەیەوێت نان بخوات؟

دایکم وتی:

ـ شۆربای ترشی بە نەعنام بۆ دروست کردووە. دوایی بۆی ئەبەم.

## ـ ٤١ ـ

هاوژین‌و نەوژین لە قوتابخانە بوون. من‌و دایکم لە چێشتخانەکە پێکەوە دانیشتین دوو بە دوو نانمان خوارد. دایکم هەندێک پرسیاری لێکردم. منیش هەر باسەکانم لە دایکم تێک ئەدا. پرسیاری باوکمم لێ کرد. وتم:

ـ باوکم بۆ نەخۆشە؟ نەخۆشیەکەی چییە؟

لەو کاتەدا بوو کە خەریکی چا خواردنەوە بووم نەشمیل‌و خونچە هەردووکیان پێکەوە لە قوتابخانە گەڕانەوە. منیان بینی‌و بە تاسەوە باوەشیان پیادا کردم. دایکم وتی:

ـ خونچە؟ نەشمیل؟ ئێستا نان ئەخۆن؟ یان چاوەڕێی نازدارو نیاز ئەکەن؟

نەشمیل وتی:

ـ من زۆرم برسییە نازدار هێشتا زۆری ماوە بێتەوە.

منیش وتم:

کەواتە ئێوە بڕۆن جلەکانی مەکتەبتان داکەنن. منیش ئێستا خواردنەکەتان بۆ ئامادە ئەکەم.

خونچە لە بەرامبەرم دانیشت چاوێکی لێ ترووکاندم. لێی تێگەیشتم کە ئەیەوێت هەڵسین پێکەوە بچین بۆ ژووری سەرەوە. من هەڵسام بڕۆم. ئەویش بە دوامدا هات.

دایکم وتی:

ـ بنار بۆ کوێ ئەڕۆیت؟ خۆ تۆ وتت خواردنیان بۆ ئامادە ئەکەیت؟

هەموو دایانە قاقای پێکەنین. وتم:

ـ باشە، جارێ ئەچم جلە چڵکنەکانم ئەهێنمە خوارەوە بۆ ئەوەی بیرم نەچێت بیان شۆم. دایکە؟ تۆ بڕۆ لای باوکم هەقی هیچت نەبێت.

دایکم وتی:

ـ باشە من وا ئەڕۆم بۆ لای باوکت چایەکی بۆ ئەبەم.

کاتێک من وخونچە گەیشتینە ژوورەکەی خۆمان. خونچە زۆر بە ترسەوە لە گوێچکەم نزیک بووەوە. چرپاندی بە گوێمدا. وتی:

ـ بنار تۆ هیچ هەواڵی کامەران ئەزانیت؟ ئەیبینیت؟ ئەزانیت لە کوێیە؟. من هەر سەیرم کرد. وتم:

ـ خونچە ئەو پرسیارانە بۆ ئەکەیت؟

خونچە زۆر بە هێواشی وتی:

ـ دەنگت بەرز مەکە نیاز لەماڵە. وا بزانم ئێستا هاتەوە.

وتم:

ئینجا با لە ماڵ بێت؟ چییە؟ تۆ ئیمڕۆ پرسیاری سەیر لە من ئەکەیت؟!

وتی:

ـ کچم نیاز زانیویەتی کە کامەران لە مووسڵە لەگەڵ تۆ خەڵک ئێوەی دیوە بە یەکەوە.

کاتێک کە خونچە وای پێ وتم، خێرا قسەکانی شیلان هاتەوە خەیاڵم.

وتم:

ـ خونچە گیان، نێوان منو کامەران هیچ شتێک نییە. بەڵێ لەوێیە ئەیبینم. بەڵام تەنها هاوڕێین. لە وەڵامدا وتی:

ـ چی؟ هیچ رووی نەداوە؟ یان ناتەوێت هیچم بۆ باس بکەیت؟ لەوە ئەچێت متمانەت بە من نەمابێت!

من نەمویست هیچ بڵێم تاکو شیلان ئەوەی ئەیزانی پێم بڵێت. کاتێکم زانی دەرگای ژوورەکەمان کرایەوە. سەیرم کرد نیاز بوو بە روخسارێکی گرژەوە، بێ ئەوەی بڵێت بەخێربێیتەوە. وتی:

ـ ئەوە کەی هاتیتەوە؟ لە گەڵ کێ هاتیتەوە؟

وتم:

ـ دە تۆ جارێ بڵێ بەخێربێیتەوە.

نیاز وا دیار بوو ئەیویست شتێک بڵێت بەڵام دوودڵ بوو. منیش لەو کاتەدا خەریکی جانتاکەم بووم ئەمکردەوە. ئەمویست جلە چڵکنەکانمی لێ دەربهێنم.

خونچە وتی:

ـ ئەگەر ئەتەوێت؟ من ئێستا بۆت ئەخەمە ناو غەسالەکەوە بۆ ئەوەی بۆت ئامادە بێت.

ئینجا تەواو لێم نزیک بووەوە چرپاندی بە گوێمدا. وتی:

ـ ئەوە بە راست کەی ئەڕۆیتەوە؟

منیش بە زەردەخەنەیەکەوە. وتم:

ـ کچێ ئەوە کەی پرسیارە؟ خۆ من ئێستا هاتمەوە.

خونچە خێرا وتی:

ـ تو خوا ببورە بنار گیان، بە خوا حەز ئەکەم زۆر بمێنیتەوە.

نیاز هەر لەوێدا وەستا بوو لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد. دیار بوو گوێی لە قسەکەمان بوو. هاتە لامانەوە. رووی کردە من. وتی:

ـ خۆم ئەتبەمەوە. وەعد بە کەس مەیە.

وتم:

ـ دە جارێ پەلەی رۆیشتنەوەی منتان نەبێت. وا دیارە بیرم ناکەن!

لە قسەکەم بەردەوام بووم. ویستم ئەو گرژیو مۆنییەی بڕەوێتەوە. پرسیارم لێ کرد. وتم:

ـ نیاز گیان.. ئەمساڵ لە دەرسەکانتا چۆنیت؟

نیاز بە تەوسێکەوە وەڵامی دامەوە. وتی:

ـ زۆر باشم بە تەمای کوللییەیەکی باشم. وەکو تۆ ناچمە پەیمانگا.

منیش وتم:

ـ پشت بە خوا... باشترین شوێن ئەچیت.

جلەکانم بە دەستمەوە هەڵگرتو رۆیشتم بۆ خوارەوە بۆ لای غەسالەکە. دایکم لەوێدا راوەستابوو تەماشای ئەکردم. هات، لێم نزیک بووەوە. چرپەیەکی کرد بە گوێمدا.

وتی:

ـ نیاز هیچی نەوت؟ منیش زۆربە تورەییەوە سەیرێکم کردو

وتم:

ـ ئەوە چیتانە؟ چی روویداوە؟ من ئاگادار نیم؟

دایکم وتی:

ـ کچێ وس بە، وس. دەنگت بەرز مەکەرەوە. تاقەتی شەڕمان نییە!

وتم:

ـ بۆ شەڕ؟ کێ شەڕ ئەکات؟

وتی:

ـ کەس.. کەس.. وەرە با بچینە ژووری دانیشتنەکە لەگەڵ باوکت تۆزێک دانیشین.

وتم:

ـ باشە باوکم بۆ نەخۆشە؟ باوکم چیەتی؟

دایکم وتی:

ـ هیچ تۆزێک سەرمای بوە.

وتم:

ـ با بچم خواردنەکە بۆ نەشمیلو خونچە ئامادە کەم ئینجا یەم بۆ لاتان

دایکم وتی:

ـ خەمت نەبێت، نەشمیل وا خەریکە تەواو ئەبێت. خۆم بۆم ئامادەکرد.

پێکەنیم وتم:

ـ ئەوە چییە بۆ وا بێ سەبرن؟
ـ دایکم وتی:
ـ ئێ کچی خۆم ئەوان برسییانە. تۆش لەگەڵ خونچە چوویتە سەرەوە. زۆرتان پێ چوو. راستە ئەڵێن تێر ئاگای لە برسی نییە.
وتم:
ـ کەواتە جارێ با جلەکانم بشۆم. ئینجا یەم بۆ لای باوکم.
کاتێک بۆ لای باوکم چوومە ژوورەوە جارێکیتریش دەستیم ماچ کرد. باوکم خێرا دەموچاوی روون بووەوە. وتی:
ـ یاخوا کچم بەخێر بێیتەوە. وەرە لای خۆم دانیشە با بزانم بیرمان ناکەیت؟
باوکم لە خۆشیی من ئەو رۆژە زۆر باش بوو. کەوتە نان خواردن. وەک بڵێیت نەخۆشیش نەبووبێت. ئینجا کەوتە پرسیارکردن لێم. لە بارەی خویندنەکەمەوە لە بارەی چۆنیەتیی ژیان بەسەربردنم لە بەشی ناوخۆ لە بارەی پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کەسانەی لە بەشی ناوخۆ لە ناو زانکۆدا پێکەوەین. چۆن هەڵسو کەوت لەگەڵ یەکتر ئەکەین، لە کاتێکدا یەکترمان جارێک بە باشی نەناسیوە؟ هەستم ئەکرد باوکم بە وردیو بە قووڵی پرسیاری دەکرد. نۆرە هاتە سەر من وەڵام بدەمەوە. بەڵام من هیچ کاتێک خۆم ئامادە نەکردبوو بۆ ئەو پرسیارانە. هیچ کاتێکیش پرسیاری وام لە خۆم نەکردبوو. نە پێش ئەوەی بچمە ژیانی بەشی ناوخۆ نە کاتێکیش کە لەوێ دەژیام. هەر بۆیە بە شپرزەییەکەوە وتم:
ـ باوکە، تۆزە تۆزە شارەزای یەکتر بووین. تەنها وەڵامم لە وکاتەدا بڕوابوون بوو بەیەکتر.

## ـ ٤٢ ـ

پێش نیوەڕۆیەکی ئارامو خۆش بوو. منو بنار بۆ جارێکیتر بڕیارماندا یەکتری لە هەمان جێگا ببینین. بەرامبەر یەک دانیشتین. لە پاڵ شووشەی ئەو قاوەخانەی کە زۆربەی کات لێی دائەنیشتنو ئەیڕوانییە سەر بازاڕێکی گشتیو جەنجاڵ. وتم:

ـ بنار؟ باوکت بۆ ئەو پرسیارەی لێ کردیت؟ ئەگەر بیویستایە پرسیاری کەت لێ بکات، تۆ ئەتتوانی وەڵامی بدەیتەوە؟

بنار وتی:

ـ نازانم، باوکم پرسیارەکانی لە شوێنی خۆی ئەکرد. هەندێک جار زۆر ئەترسام باوکم پرسیاریترم لێ بکات. هەر چەندێک باوکم لای من هەتا بڵێیت رۆشنبیر بوو. بەڵام لە پرسیارەکانی ئەترسام. باوکم چونکە راست بوو درۆزنی هەر زوو ئەناسییەوە..

ـ خۆ هیچ پرسیاری گوماناویی نەکرد؟

ـ نا... بەڵام ئێمە ریزی باوکمان زۆر ئەگرت. ئەترسام جۆرە پرسیارێکم لێ بکات توانایی وەڵامدانەوەیم نەبێت. وەکو پێشتر بۆم باس کردیت، باوکم کەسێک بوو، خێرا هەڵئەچوو. راستە بە تێگەیشتنی من کەسێکی رۆشنبیر بوو. حەزی زۆر لە شت زانین بوو بەڵام ئێمە تێنەئەگەیشتن کەسایەتییەکەی بۆچی وا بوو؟!

ـ بۆچی چۆن بوو؟ مەبەستت چییە؟

ـ نەمانئەزانی بۆچی کەسێکی وەها تووڕەیە! تەنانەت ئێمەش، کە منالی ئەو بووین نەمانتوانی لە هەستو ناخی تێبگەین! بەڵام رۆژگار بۆی سەلماندین کە باوکم چۆن مرۆڤێک بوو! چەند مرۆڤێکی زیرەک بوو! هەموو ئامۆژگاریەکانی بۆ ئێمە راست بوون. هەموو ئەوانەی باوکم بۆی باس کردبووین، لە کاتی خۆیدا بە راستمان نەئەزانین بەڵام دوایین جار

بۆمان دەرکەوت کە هەر هەمووی ڕاست بوون. خەڵکی وایان ئەزانی باوکم کەسی خۆش ناوێت بەڵام وا نەبوو. دوایی بۆمان دەرکەوت، کە لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیر بوو، حەزی زۆری لە پەندو ئامۆژگاری، شیعر چیرۆک خوێدنەوە بوو. خاوەنی ئەزمونێکی زۆرو مێشکێکی فراوان بوو. باوکم خەڵکی چاک دەناسی. حەزی بە مرۆڤی درۆزن، دووڕوو نەبوو. حەزی لە کەسانێک نەبوو کە تەنها لەبەر سوودی تایبەتیی خۆیان بیانەوێیت. باوکم لەو کەسانە بوو؛ کە زۆر ڕاست بوو لەگەڵ خۆی لەگەڵ هەموو کەس. ئەگەر کەسێکی نەویستایە هۆیەکی گەورەی لە دواوە بوو. ئێمە کە گەورە بووین. لە باوکمان تێگەیشتین. کەسایەتی باوکم زۆر جیاواز بوو. من تا ئێستا هیچ کەسێکم نەدیوە بە وێنەی باوکم ڕاست بووبێت.

بنار قسەکانی تەواو کرد. دیار بوو بە ڕاستی زۆر شانازی بە باوکییەوە ئەکرد. تۆزێک وەستا. دەستی برد بۆ جانتاکەی کە کەمێک گەورە بوو. زنجیرەکەی کردەوە. وتی:

ـ ئاخر بۆیە حەزم لە جانتای گەورە نییە! هەموو جار مۆبایلەکەمی تیا ون ئەبێت.

منیش سەیرم کرد. بە پێکەنینەوە وتم:

ـ خەمت نەبێت، منیش وەک تۆم.

ئینجا دەستێکی گرت بە ناوچەوانییەوە جاوی داخست. وتم:

ـ بنار گیان چیتە؟ ئەگەر بیتاقەتی ئەوەستین. نانێک ئەخۆین.

بنار وتی:

ـ بەڵێ. با جارێ تۆزێک بووەستین. من ئەمەوێت پەیوەندی بە سلێمانییەوە بکەم. قسەیەک لەگەڵ دایکم بکەم. پێیان وتم نەخۆشە.

بنار، مۆبایلەکەی دەرهێنا. تلفۆنی بۆ سلێمانی کرد. ئەوەی سەرسامی

کردم، ئەوە بوو کە گوێم لە دەنگی بوو بە تەلەفۆنەکە قسەی لەگەڵ دایکی ئەکرد، زۆر بە دڵ خۆشی قسەی خۆشی بۆ دایکی ئەکرد، هەوەکو یەکێک کە زۆر تەندروستی باش بێت تەنانەت تایەکیشی لێ نەهاتبێت. هەستم بە دڵخۆشییەک ئەکرد لە دەنگیدا. لە جێگاکەم هەڵسام. چووم دوو پەرداخ ئاوم بۆ هەردووکمان داوا کرد. گەڕامەوە لای. سەیریکم کرد وتم:

ـ بنار بەسە تەواو. دایکت باشە. ئەو تەلەفۆنەت تەواوکە.

بنار ئەیویست وا خۆی دەربخات کە تەندروستیی زۆر باشە. لە کاتێکدا بە زۆر خۆی راگیر کردبوو. هەستم پێکرد ئازاری سەرو گیانی چەند زۆر بوو. ئاوەکەم دایە دەستی. خێرا لێی وەرگرتم. لە سەر مێزەکەی بەردەمی داینا. بە گەرمی خواحافیزیی لەگەڵ دایکی کرد. تۆزێک لە ئاوی پەرداخەکەی خواردەوە. وتی:

ـ فێنک گیان بە خوا من لەبەر دوو کەس نامەوێت بمرم، یەکەمیان دایکم. ئەگەر شتێکم لێ بێت ئەویش ئەمرێت.

وتم:

ـ ئەی دووەمیان کێیە؟

بە کەساسییەکەوە وتی:

ـ لانە گیانی کچم. ئەگەر من بمرم، ئەو زۆر بێکەس ئەبێت.

وتم:

ـ دە بەس وا بڵێ. خوا نەکات.

بنار هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک.

وتی:

ـ ئامین. خوا نەکات. من هیچ کاتێک لە مردن ناترسم. بەڵام وەک پێم وتیت تەنها خەمی ئەو دوو کەسەمە. ئینجا تۆ بڵێی مردنو ژیان بە دۆعا بێت؟

وتم:

ـ نا.. به دۆعا نابێت، بەڵام جارێ زووە بۆ ئەو باسانە. خوا تۆش‌و دایکیشت تەمەن درێژ بکات. ئێستا بنار گیان ئەڵێی چی؟ ئەتوانیت بەردەوام بیت یان هەڵیگرین بۆ رۆژێکی کە؟ بنار وتی:

ـ ئیستا ئەمە تەواو ئەکەین، دوایی نانێک ئەخۆین ئنجا ئەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە. سبەینێ لای کافیتریاکەی ماڵی خۆمانەوە تەواوی ئەکەین ئەگەر لە ئەمڕۆ باشتر بووم. وتم:

ـ هیوادارم زۆر باش بیت. کەواتە با ئیستا دەست پێبکەینەوە بزانم ماڵی ئێوە بۆ وا کەوتبوونە پرسیار لە تۆ؟ چییان بیستبوو.

بنار جارێکیتر بە فلاش باک منی گێڕاوە بۆ بەسەرهاتەکانی لە سلێمانی.
وتی:
ـ باوکمم بەجێهێشت. چوومە ژوورەکەیتر کە دایکمی لێ بوو. دایکم خەریکی جل قەدکردن بوو. لە سەر قەراغی سیسەمەکەی دانیشتم. بە هێواشی وتم:
ـ دایکە بۆچی هەر یەکەتان پرسیارێکی سەیرم لێ ئەکات؟ چیتان بیستووە؟ حەز ئەکەم بزانم.
دایکم وتی:
ـ کچم، من هەمیشە ئامۆژگاریتان ئەکەم. ئەڵێم ئاگاداری خۆتانو ڕەوشتی جوان، نەریتی جوانی خۆتان بن، با کەس نەتوانێت قسەی ناشرین، بێ ماناتان دوا بخات.
من گویم لە قسەکانی دایکم ئەگرت. پێی وتم:
ـ ڕۆڵە، هەموو کەس هاوڕێت نییە. هەندێک هاوڕێ لە کەسوکار باشترن دڵسۆزترن. بەڵام هەندێکیان هەر وەکو مار وان خۆیان ئەوەندە نزیک ئەخەنەوە هەر بۆ ئەوەی چاک پێتەوە بدات.
ئینجا سەیرێکی ناو چاوی کردم. زۆر بە تیژی. وتی:
ـ ئێستا لێم تێئەگەیت.
منیش زۆر بێ باکانە وتم:
ـ نا... من نازانم تۆ باسی کێم بۆ ئەکەیت؟! هاوڕێکانی من هەموو زۆر چاکو باشن. ئێمە زۆر دڵسۆزی یەکترین. ئەزانم ئەوان هەرگیز باسی من ناکەن. دوای ئەوەش من هیچ باسێکم نییە. ئیتر نازانم ئێوە بۆ وا خەمتانە؟
دایکم وتی:

ـ ئەوەندەت پێ ئەڵێم متمانە بە کەس مەکە. ئاگات لە خۆت بێت. تۆ ئەوەندەت نەماوە خوێندنت تەواو بکەیت. جا لەبەر ئەوە هەتا بۆت ئەکرێت، بە ڕێکی بڕۆو بە ڕێکی وەرەوە.

وتم:

ـ دایکە هەموو قسەکانت ڕاستن، بەڵام خەمت نەبێت. کەس بە من ناوێرێت. من زۆر وریام. دایکم وتی:

ـ یا خوا وا بێت.

لە پڕێکدا خونچەو نەشمیل هاتنە ژوورەوە قسە بکەن. زەنگی تەلەفۆنەکە لێدا. خونچە بەرەو تەلەفۆنەکە گەڕایەوە. وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە. نەمان زانی کێ بوو.

دایکم وتی:

ـ خونچە ئەوە کێ بوو؟

خونچە وتی:

ـ کەس نەبوو! ژمارەکە هەڵە بوو. دوایی هاتە پەنای منەوە وتی:

ـ بنار کامەران بوو، داوای تۆی کرد. بەڵام من وتم بنار خۆی ئەشوات.

منیش وتم:

ـ باشە چاکت کرد. بەڵام لە دڵی خۆمدا وتم:

ـ کامەران منی بۆ چییە؟ خۆ هەمووی چەند ساعاتێکە جیابووینەوە. من ئەمزانی ئەگەر شتێکی گرنگ نەبێت کامەران تەلەفۆن ناکات.

ئەوە بوو بە کێشەیەکی زۆر گەورە لام. هەر پرسیارم لە خونچە ئەکردەوە، کە بە ڕاستی کامەران بووبێت؟

ئەویش وتی:

ـ بەڵێ تۆی ویست. منیش پێم وت تۆ لە حەمامیت.

وتم:

- ئافەرین. چاک بوو وات پێ وت، بانگت نەکردم.
ئیتر ئەوە بوو بە خولیای سەرم. لە بەر خۆمەوە ئەموت:
- بۆ ئەبێت کامەران تەلەفۆن بۆ من بکات؟! ئەبێت چی روویدابێت؟ خۆ ئەمانیش ئەوەندە پرسیارلە من ئەکەن!
خەم دایگرتم. دیسان لە بەر خۆمەوە وتم:
- ئەی چی بکەم باشە؟
خێرا چوومە ژوورەکەی خۆم. خونچەم بانگ کرد. پێم وت:
- خونچە پێویستە بچین بۆ بازاڕ. هەندێک شتی پێویستم ئەوێت. ئەبێت بیکڕم.
خونچە خێرا پێش من ئامادە بوو. هەردووکمان چووینە خوارەوە بۆ لای دایکم.
وتم:
- دایکە من ئەبێت بڕۆم بۆ بازاڕ.
دایکم وتی:
- باشە کچم. دە نەشمیلیش بەرن لەگەڵ خۆتان.
وتم:
- نەء تاکو ئەوخۆی ئامادە ئەکات، درەنگ ئەبێت.
دایکم وتی:
- بەڵام زوو بێیتەوە.
وتم:
- لەوانەیە سەریکیش لە ماڵی نەنکم بدەم.
دایکم هیچ ڕێگر نەبوو. ئێمە خەریک بوو ئەڕۆیشتین. خونچە پێڵاوەکانی لە پێ کرد. گوێم لە دەنگی چالاک بوو. هاتە ژوورەوە. زۆر ترسام. نەمئەویست بمبینێت. هەوڵمدا لە دەرگای چێشتخانەکە بچمە دەرەوە.

بەڵام ئەو هاتە بەردەمم.

وتی:

ـ بنارخان چۆنی؟ باشی؟ ئەوە تۆش لێرەیت؟ کەی گەڕایتەوە؟ ئەی بۆ لەگەڵ من نەهاتیتەوە؟ کەی ئەڕۆیتەوە؟ ئێوەش چوار رۆژتان هەیە لیرە بن. وا نییە؟

من نەمویست وەڵامی هیچ پرسیارێکی بدەمەوە. بە دەنگی بەرز خونچەم بانگ کرد. هاوارم لێ کرد:

ـ خونچە.. خونچە.. دە خێراکە.

بۆ ئەوەی کەس گوێی لە پرسیارەکانی چالاک نەبێت.

خونچە وتی:

ـ دە بەس هاوارکە، گویم کەڕ بوو! ئەوەتا من ئامادەم. دەی با بڕۆین. خێرا. وەکو هەورە بروسکە لە ماڵ چووینە دەرەوە. هەر دوو هەنگاو دوورکەوتینەوە.

وتم:

ـ خێرا... پێم بڵێ چی بووە؟ بۆ وا هەمووتان تۆقیون؟

هەر بەدەم رۆیشتنەوە تا گەیشتینە سەرجادەکە خونچە قسەی بۆ ئەکردم وتی:

ـ رۆژێکیان گوێم لە نیاز بوو. بە دایکمی وت، کە وا تۆ لەگەڵ کامەراندا لە مووسڵ بە یەکەوەن، پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێواندا هەیە! بە شێوەیەکی زۆر خراپ باسی تۆی ئەکرد. ئینجا هەڕەشەی زۆریشی ئەکرد. ئەیوت ئەوەی بیستوویەتی ئەگەر راست بێت! ئەوا زۆر بە خراپی ئازاری کامەران ئەدات، ئیتر ناشهێڵێت تۆ بچیتەوە بۆ مووسڵ.

کە ئەو هەواڵەی پێدام، زۆر تووڕە بووم.

وتم:

ـ خونچە؟ کێ ئەوەی بە نیاز وتووە؟
خونچە وتی:
ـ نازانم. بێگومان هەر کەسێکە لە مووسڵ لەگەڵ خۆتاندایە. بۆیە دایکیشم هەموو کات هەر پێت ئەڵێت متمانە بە کەس مەکە. تو خوا بنار گیان ئاگات لە خۆت بێت. نیاز زۆر بە راستی تەڵەی بۆ داناویت. ئەیەوێت ئەوەی لە مێشکیدایە، بیکات.
وتم:
ـ خونچە گیان، من کامەرانم خۆش ئەوێت. هەزاری وەکو نیاز، ناتوانێت زۆرم لێ بکات واز لە کامەران بهێنم. من هیچی خراپم نەکردووە. من رێگا بە هیچ کەسێک نادەم ئازاری کامەران بدات. پەیمانت ئەدەمێ ئەوەی نیاز بە تەمایە بیکات، هەرگیز بۆی ناچێتە سەر.
ئەو رۆژە قسەکانی خونچە، هەر چەند زۆر بە ئاگای هێنامەوە، بەڵام زۆریشی دڵ تەنگ کردم.
وتم:
ـ خونچە گیان. بینینی کەسوکار، کە لە دوورەوە بۆ لایان ئەگەڕێتەوە زۆر خۆشە، بەڵام کێشەو گرفت زۆر ناخۆشە. کە بێ هۆ بۆت دروست بکرێت.
هەر ئەو رۆژە من وخونچە رۆیشتین بۆ بازار هەندێک شتی پیویستم کڕی زۆرمان پێ نەچوو گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. کە گەیشتینە ماڵەوە کات نزیکی ئێوارە بوو. هەر خۆم کرد بە ژوورا نەوژینو هاوژین لە حەوشە بوون یاریان ئەکرد خێرا بەرەو رووم هاتن باوەشیان پیا کردم. دادە بنار بەخێر بێیتەوە. منیش باوەشم پیاکردن زۆر دڵم خۆش بوو هەموو خەفەتم بیرچۆوە. وەکو مناڵ لەگەڵیانا منیش کەوتمە یاری تۆپ تۆپین. کاتێکم زانی نازدار خۆی کرد بە ماڵدا لەگەڵ هاورێیەکی کە زۆر دەمێک بوو هاوڕێی نازدار بوو ناوی تاڤگە بوو کچێکی باڵا بەرزی چاو جوان بوو.

نازدار باوەشی پیاکردم وتی:

ـ ئادەی بزانم بنار؟ چۆن وازوو فریای بازاڕ کەوتی؟ تۆ کەی گەیشتیتەوە؟

ویستم وەڵامی پرسیارەکەی نەیەمەوە. وتم:

ـ بۆ؟ تۆش حەزت ئەکرد لەگەڵم بێیت بۆ بازاڕ؟

وتی:

ـ شتم زۆر پێویستە بیکرم.

وتم:

ئینجا ئەوە کەی موشکیلەیە؟ بەیانی ئەڕۆین.

وتی:

ـ دەباشە، ئەزانم تاڤگەش حەز ئەکات بێت لەگەڵماندا.

تاڤگە وتی:

ـ بۆ بازاڕ من هەموو کاتێک ئامادەم.

نازدار وتی:

ـ ئێستا یەکێک پێم بڵێ چیمان هەیە بیخۆین؟ ئێمە وا لە برسانا خەریکە ئەبووریێینەوە.

هەموومان چوینە ژورەوە. دایکم دیسان خەریکی خواردن دروست کردن بوو. بۆنی رۆن‌و پیاز قرچاندن دنیای پڕ کردبوو. ئەو ئێوارەیە هەموو کۆبوینەوە، سفرەیەکی دورودرێژمان داخست. بە هەموو یارمەتی دایکمان ئەیا. دڵمان بە یەکتر خۆش بوو. کاتێک نەشمیل‌و خونچە خواردنەکانیان لە سەر سفرەکە دا ئەنا، نەوژین‌و هاوژینیش قاپ‌و کەوچک پەرداخ‌و دۆلکەیان دائەنا، کاتێک سەیرم ئەکردن هەموو پێکەوە ئیشیان ئەکرد، هەموو دڵخۆش بوون. منیش لە خۆشیاندا گەز گەز باڵام ئەکرد. خۆشیەکەی من لە هەموویان زیاتر بوو. دایکم هات سەبەتەیەک سەوزەی بەدەستەوە بوو دای نا.

وتی:
دەی فەرموون خۆ کەس میوان نییە. رووی کردە تاڤگە، وتی:
ـ دەی تاڤگە گیان، فەرموو.. دەست راکێشە. یاخوا بەخێر بێیت. تاڤگەش لەتەنیشتی نازدارەوە دانیشتبوو زۆر بەشەرمەوە
وتی:
ـ نەبەخوا پاکیزە خان، من شەرم ناکەم خەمت نەبێت. خواردنەکانت زۆر بۆنیان خۆشە. ئەزانم تامیشیان خۆشترە.
ئینجا دایکم سەیرێکی منی کرد وتی:
ـ بنار، برۆ لای باوکتەوە دانیشە. بەڵکە بە خۆشی تۆوە شتێک بخوات.
وتم:
ـ باشە بەڵام با ئەوشتە بهێنم ئێستا یەم.
دایکم وتی:
ـ شت چییە؟ هەموو شتێکم هێناوە.
سەتڵێکی بچکۆلە ترشیاتی مووسڵم بۆ باوکم کڕیبوو، چونکە ئەمزانی چەندی حەز لەو ترشیاتەیە. بەڵام لە ناو جانتا کەمدا شاردبومەوە، بۆ ئەوەی کەسیان نەی بینن. خێرا چوومە سەرەوە سەتڵە ترشیاتەکەم بردە چێشتخانەکە، کردمە قاپێکی قووڵەوە بردم لە بەردەم باوکمدا بۆم دانا باوکم سەیرێکی کردم وئینجا سەیرێکی ترشیاتەکەی کرد.
وتی:
ـ قەت ناشێ ئەوە ترشیاتە خۆشەکەی مووسڵ بێت؟
وتم:
ـ بەڵێ باوکە خۆیەتی. بەتایبەت بۆ تۆم هێناوە. سەیرێکی ئەوانیشم کرد
وتم:
ـ ئەوانیش ئەتوانن بیخۆن بەڵام دوای تۆ.

دایکم وتی:
ـ چییە ئێمە ئەڵێی لە ژنە دۆمەکەین؟
وتم:
ـ نەء. دایکە گیان، تۆش ئەتوانیت بیخۆیت. بەڵام باوکم زۆری حەز لێیە. هەموو جار باسی ئەکرد منیش هیچ کاتێک نەمتوانی بۆی بهێنم، بەڵام ئەمجارە کاتم هەبوو.
باوکم وتی:
ـ ئەی یاخوا رووسور بیت رۆڵە. ئەی ئافەرین. بەخوا ئیشێکی باشت کردوە، هەر بۆنەکەی دڵ یەحیا ئەکاتەوە، سەیری ئەو رەنگە جوانە!
جار جار پارچەیەک خەیاری ئەخستە دەمی. ئەیوت:
ـ بە خوا بەلەزەتە. ئا ئەمە ترشیاتە. ئەرێ بەخوا. ئەی ئافەرین بنار خان دەستەکانت خۆش بێت.
نازداریش لەولاوە وتی:
ـ ئەی دە تۆزێک بەشی ئێمەش بەن. خۆ ئێمەش نەفسمان هەیە. بۆنی زۆر خۆشە.
ئیتر ئەو ئێوارەیە زۆر بەخۆشی نان خوراو هەموو دڵ خۆش بووین. دوای دوو رۆژیتر هەر سەرلەبەیانی زوو هەڵستام لە خەو، خۆم ئامادە کرد. چوومە خوارەوە دایکم بینی زۆر جوان خۆی گۆڕی بوو. دەستێک جلی کوردی تازەی لەبەر کردبوو. باوکیشم بە هەمان شێوە خۆی گۆڕی بوو. زۆر سەیرم لێهات وتم:
ـ باوکە؟ تۆ بۆ لە خەو هەستاویت بەم بەیانیە زووە؟ ئێستا باشتریت؟
باوکم وتی:
ـ لە خوا بەزیاد بێت. بنار گیان زۆر باشم. دانیشە شتێک بخۆ پەلەمان نیە.

وتم:
ـ باوکە خۆم ئەڕۆم. من حەزناکەم ئێوە بێن بۆ گەراج.
دایکم پێکەنی:
ـ وتی چی؟ گەراجی چی؟
وتم:
ـ بۆ؟ ئێوە بەتەمای چین؟ سەیرێکی دایکم کرد. وتم:
ئەی تۆ بەم بەیانیە بۆ وا جوان خۆت گۆڕیوە؟
دایکم پێکەنی وتی:
ـ وەڵا بۆ مووسڵ! وتم:
دایکە؟ مووسڵی چی؟ مەبەستت چیە؟
باوکم وتی:
ـ ئێستا ئەوەی پێناوێت من زۆر باشم. چەند رۆژێکە لە ماڵم، ئیسراحەتی تەواوم کردووە. حەز ئەکەم بێین بۆ مووسڵ. دایکیشت تۆزێک پیاسە بکات. دوێنێ شەو منو دایکت تەگبیرمان کرد خۆمان بتبەینەوە بۆ مووسڵ.
منیش زیاتر سەرسام بووم. لە هەمان کاتدا نیگەران بووم بۆ هاوڕێکانم.
وتم:
ـ ئەی باشە بۆ زووتر پێتان نەوتم؟ چونکە ئەوان ئێستا لە گەراج چاوەڕێی من ئەکەن.
ئیتر هیچم نەوت، چونکە زانیم قسەکردن کەڵکی نییە. ئەوان خۆیان ئامادە کردووە، حەز ئەکەن خۆیان بمبەنەوە. بە ناچاری بەرەو تەلەفۆنەکە چووم، تەلەفۆنێکم بۆ شیلان کرد. پێموت:
ـ باوکمو دایکم ئەمگێڕنەوە بۆ مووسڵ. ئێوە بڕۆن چاوەڕێی من مەکەن.

## ـ ٤٤ ـ

پێش هاوڕێکانم گەیشتمەوە مووسڵ. لە باڵکۆنی ژوورەکەماندا کورسییەکم داناو کەوتمە چاوەڕێکردنیان. من زیاتر خەیاڵم لای کامەران بوو. وام هەست ئەکرد زۆر دەمێکە لێی دابڕاوم. بیرم لەوەش ئەکردەوە، کە ئاخۆ کێ بووبێت باسی پەیوەندیی منو کامەرانی بە نیازی برام گەیاندبێت! بشێت کەسێک بووبێت رقی لە من یاخود لە کامەران بێت؟ ئینجا بیرم لە قسەکانی دایکم ئەکردەوە. هەر لە مێشکمدا ئەم هیناو ئەم برد. بیرم بۆ لای کەس نەئەچوو کە ئەو باسەی بە نیازی برام گەیاندبێت. ئەمویست بیرم بۆ ئەوەش بچێت، ئاخۆ کەسێک هەبێت رۆژێک لە رۆژان من هیچ ئازارێکم پێ گەیاندبێت؟ تاکوئەویش بەرامبەر بەوە ویستبێتی تۆڵەم لێ بکاتەوە؟ ئەم جۆرە خەیاڵانە بە مێشکمدا ئەهاتن. تاکو لە پڕێکدا گوێم لە لێدانی دەرگای ژوورەکە بوو. خێرا بەرەو دەرگاکە چووم. هەر پێش ئەوەی دەرگاکە بکەمەوە، گوێم لە دەنگی شیلان بوو. وتی:

ـ کچێ ئەودەرگایە بکەرەوە وەرە خوارەوە. تۆزێ شتمان لەگەڵ سەرخە.

دەرگاکەم کردەوە. شیلان بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وتم:

ـ بڕۆ لە بالکۆنەکەوە سەیر بکە.

خێرا چوومەوە سەر باڵکۆنەکە. لە محاجەرەی باڵکۆنەکەوە سەیری خوارەوەم کرد. بینیم تواناو کامەرانیشیان لەگەڵدایە. دڵم خۆش بوو. وتم:

ـ دە باشە.. تۆ بڕۆ.. وا هاتم..

شەو هەموو پێکەوە کۆبووینەوە. هەر کەس باسی ماڵو کەسوکاری خۆی کرد. بە خۆشییەوە سەرگوزشتەی ئەو چەند رۆژە پشووە کەمەیان ئەگێڕایەوە. باسی ماڵی نەنە ئامینمان کردەوە. بەڵام هەموو کاتەکە، من هەر ئەمویست پرسیاریان لێ بکەم، کە ئایا ئەوان شتێک بزانن دەربارەی ئەو قسەو باسانەی، کە لە ماڵی خۆمان هاتنە بەر گوێم.

خۆم بۆ رانەگیرا وتم:

ـ شیلان؟ بیرتە پێش چەند رۆژێک پێت وتم ئاگاداری خۆت بە؟

شیلان بە شپرزەییەکەوە سەیرێکی کردم. وتی:

ـ ئێ چی بوو؟ هیچ روویدا؟

لە شوێنی خۆی هەڵساو هاتە تەنیشتمەوە. بە دەنگێکی نزم وتی:

ـ بەڵێ بیرمە.. هیچ.. هەروا.. بۆ هیچ بوو؟

وتم:

ـ نا.. هیچی وا نەبووە بەڵام ویستم بزانم بۆ ئەو رۆژە ئەو قسەیەت پێ وتم! ئەزانم ویستت شتێکم پێ بڵێیت بەڵام پێت نەوتم. وتت بۆ دوایی. وا بوو؟

شیلان تۆزێک بێدەنگ بوو.

ئینجا وتی:

ـ بەڵێ وا بوو. بەڵام خۆ هیچ کێشەت نەبوو لە ماڵەوە؟

وتم:

ـ نەخێر. بەڵام پرسیاری زۆریان لێ کردم. خونچەی خوشکیشم پێی وتم کە گوایە کەسێک لە هاوڕێکانم باسی منیان کردوە. بە جۆرێکی ناشرین بوختانیان بۆ کردووم. حەز ئەکەم بزانم ئەو کەسە کێیەو بۆچی؟

جوانو رزگار هەر زۆر بە پەشۆکاوییەوە تەماشای یەکتریان کرد. ئینجا تەماشایەکیان کردم. وەک ئەوەی هیچ شتێک نەزانن.

شیلان وتی:
ـ بنار. ئێمە هەموو کات بە یەکەوەین. کەسیشمان باسی یەکتر ناکەین. بۆ هیچ کەسێک. خۆشت زۆر چاک بڕواو متمانەت بە ئێمە هەیە. ئیتر دڵنیابە، کە ئێمە نین. کەسیش ناتوانێت باسی تۆ بکات بە خراپە لە لای ئێمە.
وتم:
ـ بێگومان، من دڵنیام ئێوە نین. بەڵام هەر ئەبێت یەکێک بێت نزیک بێت لە منەوە! کەواتە ئەبێت کێ بێت؟
جوان وتی:
ـ بنار. ئەوەش ئاسانە دۆزینەوەی.
وتم:
ـ چۆن؟
وتی:
ـ بە پرسیار.
وتم:
ـ نا... نامەوێت هەموو دنیام لێ تێبگەیەنن، چونکە من ئەمەوێت ئەوەیشی زانیویەتی بیری بچێتەوە. چونکە؛ ئەگەر شتەکە تەواو مەعلووم بێت لای نیازی برام، ئەوا لە تەواو کردنی خوێندنەکەم ئەبێت بە ڕێگر. منیش بە ڕاستی زۆر مەبەستمە، کە خویندنەکەم بە بێ کێشە تەواو بکەم. ئینجا ڕوم کردە شیلان. وتم:
ـ شیلان؟ ئەمەوێت بزانم تۆ چۆن زانیت؟ کێ بە تۆی وت؟ تۆ بۆ بە منت وت، ئاگات لە خۆت بێت؟ ئەمانە هەموو مانای ئەوەیە تۆ شتێکت ئەزانی! وا نییە؟
شیلان تۆزێک وەستاو وتی:
ـ ئێ باشە، خۆ تۆ شوکور لە ماڵەوە هیچ موشکیلەیەکت بۆ دروست نەبووە.

وتم:
- چۆن وا ئەڵێیت؟ بەڵێ. دایکمو نیاز ئێستا زۆر باش بە پەیوەندیەکەی منو کەمەران ئەزانن. بەڵام، نیاز ئەیەوێت بەڵگەی تەواوی دەست بکەوێت.
شیلان وتی:
- بنار گیان، منیش کەسێک پرسیاری لێ کردم. وا بزانم تۆش ئەی ناسیت. بەڵام من پێم وت ئێوە تەنها هاوڕێن. وا دیارە براکەت زۆری خەڵک راسپاردوە. زۆریش مەبەستێتی بزانێت. بۆیە پێم وتیت ئاگاداری خۆت بە. بەڵام شت هەر دەر ئەکەوێت، خەمت نەبێت تۆ هیچی خراپت نییە.
جوان وتی:
- بنار گیان، بێگومان بە. ئێمە هەرگیز باسی یەکتر ناکەین بۆ کەس. ناهێڵین کەسیش باسمان بکات. ئێمە تازە خوشکی رووحی یەکترین. بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بووم، بیرم لە قسەکانی ئەوان ئەکردەوە.
لە پڕێکا شیلان وتی:
- جوانە بیڵێم؟
جوانە وتی:
- چی؟ چییە ئەڵێیت؟
شیلان وتی:
- نەوزاد کێیە؟
جوانە هەستایە سەر پێ وەک شێت بەرەو شیلان چوو. بە نیوە تووڕەیی ونیووەی. پێکەنین. وتی:
- باسی بکەیت ئەوکوژم.
شیلانیش وتی:
- وەڵڵا هەر باسی ئەکەم. ئەی بۆ بنارو رزگاریش نەیزانن؟
منیش هەر سەیرم ئەکردن جوانیش هەر هەڕەشەی ئەکرد. رزگاریش وەکو من ئاگاداری هیچ نەبوو. وتی:

ـ جوانە؟ ئەترسم ئەو کوڕە بێت، کە پێش ڕۆیشتنەوەمان بۆ سلێمانی هات بۆ لات! جوان هەر پێئەکەنی دەموچاوی جارێک سوور ئەبووەوە. جارێک زەرد. زۆر شەرمی ئەکردو پەشۆکابوو. رزگاریش بە پێکەنینەوە ئەیوت:
ـ دەی شیلان مەیشارەوە، بیرتە ئەو شەوە چی بە تۆ کرد کە بینیتی لەگەڵ توانا؟ بیرتە؟ شیلانیش وتی:
ـ ئاخر بۆیە ئەمەوێت حەقی خۆمی لێبکەمەوە. بەڵام جوانە هەر هاواری ئەکردو ئەیوت:
ـ شیلان؟ مەیڵێ. توخوا مەیڵێ.
منیش بە لایەکی چاو سەیرێکم کردو وتم:
ـ شیلان؟ هیچمان پێ مەڵێ. ئەگەر جوان خۆی حەز نەکات، منیش نامەوێت بیزانم.
ئینجا جوان هەر بەدەم پێکەنینەوە هاتە لامەوە دەستی کردە ملم. وتی:
ـ ئەوە چییە عاجز بوویت؟
وتم:
ـ نا. عاجز نابم. بەڵام، هەر ئێستا تۆ وتت ئێمە خوشکی رووحین، ئەی ئەگەر وایە! بۆ نایەڵیت شیلان قسە بکات جیاوازیمان چییە؟ ئەو بزانێت منو رزگار بۆ نەزانین؟ ئەی تۆ بۆ هەموو شتێکی من ئەزانیت.
جوانە هێشتا دەستی لە ملمدا بوو. رووی وەرگێڕامو بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:
ـ دە باشە خاتوون، تۆ تووڕە مەبە. بەڵام من، کە نامەوێ باسی بکەم چونکە هیچ نەبووە. ئەوە شیلانە شت گەورە ئەکات. شیلانیش وتی:
ـ ئی تۆ بەتەمای چی ببێت لەوە زیاتر؟ کوڕەکە پێی وتیت خۆشی ئەوێت.
جوان وتی:
ـ ئێ منیش پێموت، من خۆشم ناوێت ئیتر تەواو.

دوای چەند ڕۆژێک من وهاوڕێکانم تەگبیرمان کردبوو کە ئەو ڕۆژە کلاسەکانمان تەواو بوو هەموو بەیەکەوە بچین بۆ شوینێکی خۆش. پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین. هەموو بەدەم پێکەنینەوە ڕۆیشتین. هاوڕێکانی‌تریشمان دۆزییەوە. دڵشادو بەختیار بوون. بەڵام چەند گەڕاین، کامەران و توانامان بۆ نەدۆزرایەوە. ئێمەش بڕیارماندا بەجێیان بهێڵین. کاتێک. کە لە ڕۆیشتندا بووین، گوێم لە ناوی خۆم بوو بانگ ئەکرێم. لە دواوە کەسێک بانگم ئەکات. بنار... بنار... ئاوڕم دایەوە. بینیم کچێکە، کە زۆر شێوەیم ئەکرد هەر وەکو ئەوە بوو کە بیناسم. بەڵام ئەوە شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، کە من لەو شوێنەدا ئەو ببینم. وەستام. لێم نزیکبووەوە. وتی:

- سڵاو. بنار؟ ئەتوانم تۆزێک راتبگرم؟

بە سەرسامییەکەوە وتم:

- سڵاو. فەرموو؟ تۆ منت بانگ کرد؟

وتی:

- بەڵێ. کاتت هەیە تۆزێک قسە بکەین؟

وتم:

- من و هاوڕێکانم، بە تەماین بچین بۆ نانخواردن. کاتێکی‌تر ئەکرێت؟

وتی:

- من بەیانی زوو ئەبێت بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی. ئەگەر ئەکرێت ئێستا، تەنها چارەکێکم ئەوێت لە کاتی خۆت.

بەردەوام بوو لە قسەکردنی. دیسان وتی:

- تۆ نام ناسیتەوە؟. من پەیمانم. من تۆ ئەناسم.

ئینجا تەواو زانیم کێیە.  لەبەر چاوم زۆر گۆڕا بوو دەمووچاوی تەواو مکیاج کردبوو. جلی وەکو ئێمەی لەبەر کردبوو. تۆزێک زەحمەت بوو بۆ من بیناسمەوە. وتم:

- باشە. فەرموو

وتی:

- پرسیاریکی تایبەتم هەیە. زۆر رات ناگرم. هەر ئەوەندەی چارەکێک.

وتم:

- باشە بابڕۆین بۆ کافیتیریاکە.

داوای مۆڵەتم لە هاوڕێکانم کرد. وتیان:

- باشە چاوەڕێت ئەکەین.

لەگەڵ پەیمان رۆیشتین، لە کافیتیریاکە دانیشتین. پەیمان دیسان پرسیاری کرد. وتی:

- بنار؟ ئەزانیت من کێم؟

وتم:

- بەڵێ. پەیمان ئەزانم کێیت.

وتی:

- منو نیاز پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو.

وتم:

- ئەمزانی شتێک هەبوو.

بە پێکەنینێکەوە وتی:

- حەزمان لە یەک کردبوو.

وتم:

بەڵێ. ئێستا فەرموو! پرسیارەکەت چیە؟ هێشتا پەیوەندیتان ماوە؟

وتی:

ـ نەخێر. نەخێر. دەمێکە پەیوەندیمان بە یەکترەوە نەماوە. بەس هەر ویستم پرسیارێکت لێ بکەم. پەیوەندی بە نیازەوە نیە. حەز ئەکەم بە راستی وەڵامم بدەیتەوە.

وتم:

ـ بێگومان. ئەگەر بتوانم وەڵام ئەدەمەوە.

وتی:

ـ ئەزانم تۆ لەگەڵ کامەران قادر هاوڕێن. بەڵام هەر ویستم بپرسم تۆ هاوڕێیەتیت چۆنە؟ تا چ رادەیەکە لەگەڵ کامەران؟

وتم:

ـ کامەران هاوڕێمە. تۆ ئەوت بۆ چییە؟ پرسیار بۆ ئەکەیت؟

وتی:

ـ لە راستیدا لەوانەیە پرسیارەکەم تۆزێک لات سەیر بێت. من نەمویست بێم بۆ ئەو پرسیارە بەڵام هاوڕێکەم زۆری لێکردم.

وتم:

ـ پەیمان، خۆت ئەزانی هاوڕێکانم چاوەڕێم ئەکەن.

پەیمان وتی:

ـ باشە ئەمە باسەکەیە هاوڕێیەکم هەیە لە زانکۆیە ماوەیەک لەمەو پێش کامەرانی بینیوە. ئەڵێت لەوکاتەوە، کە بینیوێتی خەریکە شێت ئەبێت بۆ کامەران. زۆری بە دڵە. زۆری خۆش ئەوێت. حەز ئەکات خۆی پێبناسێنێت. بەڵام من پێم وتووە وا بزانم پەیوەندیی لەگەڵ کچێک هەیە ناوی بنارە. مەبەستم تۆیە! کاتێک پەیمان قسەکانی ئەکرد، زۆر بەخێرایی ئەیویست وشەکانی لە دەم بباریێت، دەستەکانیشی زۆر ئەلەرزین، وەکو نەتوانێت زاڵ بێت بە سەر خۆیدا. ترسێکی زۆریشم لە ناو چاوە پڕدرۆکانی بەدی ئەکرد. خێرا خێرا قسەکانی ئەکرد. زۆر بە پەرۆشەوە بوو، کە گوێی لە

وەڵامی من بێت. منیش دوای ئەوەی کە زۆر بە تیژی چاوم بڕیبووە چاوەکانی بێ ئەوەی هیچ حسابێکی بۆ بکەم. زۆر لەسەرخۆ بە هێمنی بەدەم پێکەنینێکەوە کە هەمووی توڕەیی لێئەباری پێموت:

- ئاها... ئەوە پرسیارەکەتە؟ تۆ لە سلێمانیەوە هاتوویت تەنها بۆ ئەو پرسیارە؟ دوای ئەوەش تۆ چۆن ئەزانیت منو کامەران پەیوەندیمان هەیە؟ چۆن شتێک بە هاوڕێکەت ئەڵێیت کە خۆت دڵنیا نیت لە راستییەکەی؟ ئێستاش هاتوویت پرسیار لە من ئەکەیت؟ ئەی بۆ ناچیت لە کامەران بپرسیت؟ لەوانەیە ئەو باشتر وەڵامت بداتەوە! ئەی زانکۆ کوڕی تیانیە کە هاوڕێکەت بە دڵی بێت جگە لە کامەران؟ من وەکو بزانم تۆ هێشتا قوتابیی پۆلی شەشیت! هەقی ئێمەو هاوڕیەتی ئێمەت چییە؟

پەیمان هەر سەیری چواردەوری خۆی ئەکرد، زۆر بێ ئارام بوو بۆ زانینی وەڵامەکەم خەریک بوو شێت ئەبوو. منیش بێباکانە قسەم بۆ ئەکرد..

وتم پەیمان:

- بڕۆ. بە هاوڕێ کەت بڵێ من وکامەران تەنها هاوڕێین. ئەگەر ئەو وەختە بۆی شێت بێت با بچێت خۆی قسەی لەگەڵ بکات، بزانە ئەو ئەڵێت چی؟ وا بزانم ئەوە باشترین رێگایە. ئێستاش ئەبێت من بڕۆم. هاوڕێکانم چاوەڕێمن. بە دۆعا.

هەموو کاتەکە پەیمان بێدەنگ بوو. بەڵام هەر، کە وام پێ ووت، پەیمان روخساری گەش بووەوە. وەک بڵێیت مژدەیەکی خۆشم پێ دابێت. حەزم نەکرد زۆر لەگەڵیدا دانیشم. هەڵسام، بەجێم هێشت. من پەیمانم ئەناسی. گومانم هەبوو، کە جگە لە نیازی برام، لە هەمان کاتدا لەگەڵ چەند کوڕێکی تریشدا پەیوەندیی هەبوو. چونکە چەند جارێک ئەمبینی لەگەڵ کوڕی جیاوازدا. بەوە ناوبانگی بە خراپی رۆیشتبوو. هەرچەندە خۆی کچێکی

خراپ بوو، کێشەکە لەوەدا بوو باسی هەموو کەسێکیشی بە خراپی ئەکرد. هیچ کەس لەژێر دەستی دەرنەئەچوو. تەنانەت هاوڕێ نزیکەکانی خۆیشی. لەبەر ئەو ڕەوشتەی کەس هاوڕێیەتی نەئەکرد. هەندێک لەم زانیارییانەم لە زمانی نیازی برام و هەندێک لە هاوڕێکانی پەیمان خۆی بیستبوو. کاتێک نیازی برام بە ڕاستی لە پەیمان تێگەیشت وازی لێهێنا. ئەگەر چی پێشتر زۆری خۆش ئەویست. نیاز کاتێک پەیوەندیی لەگەڵ پەیمان هەبوو، هەموو کات دڵخۆش‌و سەرفراز ئەمان بینی. نەک من بەڵکو هەموو ئەو ڕاستییەمان ئەزانی. بەڵام کاتێک پەیوەندیی لەگەڵ پەیمان پچڕاند نیاز بە ڕێژەی لە سەدا سەد گۆڕا. ئەوەش لە ئەنجامی ناپاکیی پەیمان بوو. هەر ئەوەش وای لە نیاز کرد بەو جۆرە بڕوای بە هیچ کچێک هیچ ئافرەتێک نەمێنێ. لەبەر ئەوەی نیاز وازی لێ هێنابوو پەیمانیش ئەیویست تۆڵە بکاتەوە بەوەی کە کێشە لە نێوان من‌و کامەراندا دروست بکات.

## ـ ٤٧ ـ

بنار قسەی بۆ کردم. وتی:

ـ فێنک، خۆشەویستی کاتێک ڕێگری زۆر بوو، بڕوا بکە زیاتر بەهێزتر ئەبێت. زیاتر گڵپە ئەسێنێت. هەر چەند بە منیان ئەوت واز بهێنە، کامەران بۆ تۆ نییە، من زیاتر بە دەستو بە دەم ئەمگرت. هەستم ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی ئەسەند. نەک تەنها دڵم. بەڵکو، هەموو ئەندامەکانی گیانم هاواری کامەرانی ئەکرد. نازانم ئەو هەستە چی بوو؟

وتم:

ـ بنار، زۆر باش لێت تێئەگەم. ئەوەی تۆ بۆ کامەران هەت بوو، حەزو خۆشەویستی نەبوو. ئەوە زۆر لەوانە زیاتر بوو. ئەو هەستەی تۆعەشق بوو. تۆ عاشقی کامەران بوویت، چونکە... نە گوێت لە کەس ئەگرت، نە چاویشت هیچی ئەدی. عاشقیش نابینێت. بێگومان ناشبیستێت. تەنها دوای دڵی ئەکەوێت.

بنار وتی:

ـ فێنک؟ ئەی نەتبیستوە ئەڵێن؛ عاشق ئەو کەسەیە، کە خۆشەویستەکەی هەزار عەیبەو یەک باشەی تیادا بێت، ئەو تەنها ئەو پارچە باشەی ئەبینێت. واز لە  هەموو شتەکانی تری دێنێت؟

وتم:

ـ وادیارە ڕاستە. بێگومان تۆ سەلماندت. من ئێستاش کە سەیری چاوت ئەکەم، خۆشەویستیی تیا بەدی ئەکەم. کە ناوی ئەو دێنیت. چاوت ئەبریسکیتەوە، پڕشنگ ئەداتەوە، کە باسی ئەو ئەکەیت ئەتبینم هێشتا، دڵت پەلە پەل ئەکات. ئەبێت ئەو خۆشەویستییە چەند گەورەو بەهێز بووبێت! تۆ جگە لە بەربەرەکانێی خیزانو کەسوکار لە نێو پەیمانگەشدا تووشی ململانێو پێشبڕکیش بوویت.

وتم:

بنار؟ ئەزانیت حەز بەچی ئەکەم؟

بنار وتی:

ـ حەز بە چی ئەکەیت؟

وتم:

ـ حەز ئەکەم ئەگەر بۆ یەک چارەکیش بێت لە ژیانمدا کامەران ببینم... پرسیاری لێ بکەم کە تا چ رادەیەک تۆی خۆش ویستووە. ئاخۆ عەشقی تۆی لە دڵدا بووبێت؟ ئەڵێن دڵ ئاوێنەی دڵە. ئاخۆ ئەم قسەیە راست بیت؟

بنار سەیرێکی کردم. وتی:

ـ تۆش لەوە ناچێت کەست خۆش ویستبێت. ئەی چۆن راست نییە؟! دڵ قەت بۆ یەکێک لێ نادات ئەگەر ئەو کەسەش هەستی نەبێت بۆت.

وتم:

ـ کەواتە ئەویش تۆی چاک خۆشویستوە.

بنار وتی:

ـ بێگومان بە...

وتم:

ـ بنار، با بێینەوە سەر باسەکە. دوایی پەیمان چیی بە سەر هات؟

بنار بە پێکەنینەوە وتی:

ـ پەیمان لای من رسیوا بوو. هەر ئەو رۆژە لەوە زیاتر دانەنیشتم لەگەڵیا. ئەو نەیتوانی من بترسێنێت. دوای ئەوە خۆی هەوڵی دابوو قسە لەگەڵ کامەران بکات.

وتم:

ـ کامەران خۆی ئەوەی پێ وتی؟

بنار وتی:

- بەڵێ. کامەرانیش گوێی لێ نەگرتبوو. بواری نەدابوو قسەکەی بکات. هەموو قسەکانی بە شێوەیەکی زۆر رەق بەرپەرچ دابووەوە.
بنار وتی:
- پەیمان. بووبوو بە یاریی دەستی گەنجەکان. بە شێوەیەک ناوبانگی دەرکردبوو، کە هەر هەموو ئەیانناسی. بەڵام ئەزانیت؟ سەیر لەوەدا بوو، دوای چەند رۆژێک، یەکێک لە هاورێ کۆنەکانم، کە زۆر یەکترمان خۆش ئەویست، هات بۆ لام. ویستی بە تەنها قسەم لەگەڵ بکات.
وتم:
- ئەمەیان چیی ئەویست؟ هەر بۆ کامەران؟ هەر نەڵێی ئەویش حەزی لێ کردبوو؟
بنار وتی:
- نا... نا. ئەو هات ئاگادارم بکات، کە پەیمان بە تەمای چییە! ئەو هاورێیەم ناوی چنار بوو، لە زانکۆ ئەیخوێند. پەیوەندیمان زۆر نزیک بوو. هات بۆ لام پێی وتم، بنار من بە دزیی هەموو کەس هاتووم. تکام وایە لە جەماعەتی زانکۆ کەس نەزانێت کە من هاتوم بۆ لای تۆ. چونکە ئەو چەتیوە، کە ناوی پەیمانە دەستو پێوەندی زۆرە کە قسەی بۆ ئەگێڕنەوە.
چنار بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی. پێی وتم:
- بنار. پەیمان بڕیاری داوە بە هەرچی رێگایەک بێت کامەران لە تۆ دووربخاتەوە. چنار پشتگیریی زۆری لێکردم. هەڵوێستی ئەو وا بوو کە نەیەڵم کامەرانم لێ زەوت بکات. ئەیزانی کە من کامەرانم چەند خۆش ئەوێت. هەر لەبەر ئەوە بوو کە هاتبوو ئاگادارم بکات. هەموو ئەیانزانی پەیمان کچێکی خراپە. هەموو شتێکی لێ ئەوەشێتەوە.
دواتر چنار جارێکیتر هاتەوە بۆ لام. ئاگاداری کردم کە ئەوەی بە تەمای کامەران بوو، هەر پەیمان خۆی بوو. هەروەها پەیمان هەڕەشەی کردبوو

ئەگەر کامەران بەو رازی نەبێت. ئەوا بەدەستی نیاز بە کوشتی ئەیات!
وتم:
ـ بنار؟ تۆ بەسەرهاتەکان وا ئەگێڕیتەوە، کە تۆ لەو کاتەدا چەند بە سەبروبە ئارام بوویت! هەر وەکو ژنێکی دنیا دیوە روبەڕوی کێشەکانی خۆت بویتەوە.
بنار وتی:
ـ دە جاری تۆ گوێ بگرە. بزانە چی روویدا؟!
وتم:
ـ دەی تو خوا... بەردەوام بە... بزانم پەیمان خان بە نیازی چی بوو؟
بنار وتی:
ـ ئینجا هەر ئەو رۆژە چنار پێی وتم، کەوا پەیمان بڕیاری داوە، کە بچێتە لای نیازی برامو پێی بڵێت، کە لە مووسڵ منو کامەرانی بە یەکەوە دیوە. هەموو کەس بە شێوەیەکی نابەجێ باسمان ئەکەن. من نەک تەنها لەگەڵ کامەران، بەڵکو پەیوەندیم لەگەڵ کەسێکی‌تریشا هەیە، بۆ ئەوەی ئەو قسەیە بگاتە دەم کامەران، ئەوسا کامەران واز لە من بهێنێیت. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر نیاز بڕوای بە قسەکانی نەکرد. واتا پەیمان دوو پلانی هەبوو... بۆ ئەوەی منو کامەران لە یەک بکات. چونکە نەیتوانی کامەران رازی بکات

من لە خۆشەویستی خۆمو کامەران زۆردڵنیا بووم، بەڵام بە هیچ جۆرێک لە رەوشتی پەیمان دڵنیا نەبووم. ئەمزانی هەموو جۆرە فڕو فێڵێک بەکار ئەهێنێت بۆ ئەوەی کامەران هەڵبخەڵەتێنێتو لە یەکترمان بکات. من زۆر ترسم لێ نیشتبوو چونکە لە لایەک لە ماڵەوە ئەترسام کە پەیوەندیی منو کامەران بە تەواوی بزانن. لە لایەکی‌تریشەوە خەمی کامەرانم بوو کە بە بۆنەی منەوە تووشی کێشەیەکی گەورە بێت. پەیمان

به پەرۆشەوە چاوەڕێی هەواڵی جیابوونەوەی من وکامەرانی ئەکرد. بۆ ئەوەی بەتەواوی پلانەکانی جێبەجێ بکات. هەرچۆنێک بوو بۆ هەفتەی دوای ئەوە من خۆم گەیاندەوە سلێمانی، بۆ ئەوەی هەندێک شت بە دایکم بڵێم، ئاگاداری بکەمەوە. نەوەک پەیمان مێشکی نیاز تێک بدات، تووشی شەڕو گرتنی بکات. ئەو جارە من خۆم ویستم بە تەنها بڕۆمەوە. تەنانەت کامەرانیش نەزانێت. بەڵام، ئەو شەوەی، من خۆم ئامادە ئەکرد، کە بڕۆمەوە، تەنها جوان لە ژوورەکەدا بوو. ئاگادار بوو. لێی پرسیم:

- بۆ جانتا ئامادە ئەکەیت؟

پێم وت:

- بەیانی سەفەر ئەکەم. بەڵام تکا ئەکەم نامەوێت کەس بزانێت.

جوان زۆری کرد، کە بێت لەگەڵم بۆ ئەوەی بە تەنها نەبم لە ڕێگا. هەر چەندە من حەزم نەئەکرد. بەڵام ئەو هەر قسەی خۆی بردە سەر.

## ـ ٤٨ ـ

بەیانی زوو بوو. بێ ئەوەی کەس بزانێت، منو جوان ڕۆیشتین بۆ گەراج. سواری سەیارەیەکی کرێ بووینو بەرەو سلێمانی ڕۆیشتین. کە گەیشتمە ماڵەوە، کات نزیکی نیوەڕۆ بوو. هەموو سەریان سوڕمابوو. دایکم زۆر بە شپرزەییەوە بەرەو رووم هات. وتی:

ـ ئەوە بۆ هاتیتەوە؟ نەخۆشیت؟ چی بووە کچم؟ چی رووی داوە؟

وتم:

ـ نا.. دایکە گیان. مەترسە. هیچم نییە. زۆر باشم.

نازدار لە ماڵەوە بوو. هاتە بەر دەمم. وتی:

ـ بە راستی هیچت نییە؟ ئەی تۆ هەفتەی رابردو لێرە نەبوویت؟ دە پێمان بڵێ چی بوە؟

وتم:

ـ ئێستا ئێوە چیتانە؟ ئەتانەوێت بڕۆمەوە؟ بۆ کەس ناڵێت بەخێر بێیتەوە؟ ئەوە چیتانە؟

خۆم بە سەریاندا تووڕە کرد. بەڵام ئەوان زۆر سەیر بوون؛ شپرزەو ترساو دیار بوون.

دایکم وتی:

ـ نەء. کچم نامانەویت بڕۆیتەوە. بەڵام، بە لامانەوە سەیرە، کە ئیمڕۆ هاتیتەوە! چونکە تۆ مانگی جارێک ئەگەڕێیتەوە، یان دوو جار.

نازدار وتی:

ـ من ئەزانم شتێک هەیە. هەر وا بێ هۆ نییە.

وتم:

ـ بەڵێ. وایە. تۆ راست ئەکەیت. بەڵام پێم بڵێن  ئێوە چیتانە؟ باش نایەنە بەرچاوم!  نیاز لە کوێیە؟

دایکم وتی:
بۆچیته؟ هیچ بووه؟
وتم:
- دایکه خۆزگه تۆ ئەوەندە لە هەموو پرسیارێکا پرسیارێکت نەکردایە. قوربانت بم. تۆ بۆ ئەوەندە ئەترسیت؟ من ئەڵێم نیاز لە کوێیە؟
دایکەو نازدار زۆر ترسان. نەیانئەویست پێم بڵێن. هەر پرسیاریان ئەکرد، کە من بۆ بە تەنها گەڕاومەتەوە. دوای ئەوەی دانیشتین، نەشمیل وتی:
- نیاز رۆیشتۆتە دەرەوە. ئەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە.
جارێ بۆ ماوەی پێنچ دەقە دەمم داچەقاو چاوم زەق بۆو.
وتم:
- چیییییی؟
نەشمیل وتی:
- بە خوا سێ رۆژە رۆیشتووە لەگەڵ ئاسۆی هاوڕێی.
کاتێکم زانی دایکم دەستی کرد بە گریان. منیش وتم:
- بە راستتانە؟ بۆ رۆیی؟ چۆن رۆیی؟ باوکم چۆن هێشتی؟
دایکەو نازدار هەر بە بێدەنگی ئەگریان. منیش نەمئەزانی چی بڵێم. بڕوام نەئەکرد وا بێت. بەڵام، دایکم هەر ئەیوت:
- نازانم بۆ وای کرد؟ هەر لە خۆیەوە وەکو شێتی لێ هاتبوو. پێی وتم؛ واز لە خوێندن ئەهێنم، ئەڕۆم ئەبم بە پێشمەرگە.
من ئیتر نەمتوانی باسی هیچ بکەم. گۆمەکە بۆ منی بەدبەخت زیاتر قووڵ بووەوە.
نازدار وتی:
- سێ رۆژە لەم ماڵەدا لە گریان زیاتر هیچیترمان نەکردووە. بزانە دایکم نە چێشتێکی لێناوە، نە هیچ. هەر ئێمە خەریکین قسەی بۆ ئەکەین. نازانین

چی بکەین لەگەڵ دایکم! منیش زیاترو زیاتر خەفەت دڵی گرتم. نەمئەزانی بیر لە چی بکەمەوە. وتم:

ـ ئەی خوایە؟ ئەبێت ئەم هەموو شتانە چیی بن؟ تۆ بڵێی ئەمەش لە ژێر سەری ئەو کچەتیوەدا نەبێت؟ تۆ بڵێی ئەمەش پلانی ئەو شەیتانە نەبێت؟ من هەر بیرم ئەکردەوە. ئەهاتمو ئەچووم. سەیری دایکمم ئەکرد وەکو مناڵ بۆ نیاز ئەگریا. دۆعای ئەکردو لە خوا ئەپاڕایەوە کە کوڕەکەی سەلامەت بێت. بە هێواشی چوومە لایەوە. دەستیم گرت. وتم:

ـ دایکە گیان، تۆ پێم بڵێ نیاز چۆن ئەو بڕیارەیدا؟ لەبەر چی؟ شەڕی بوو لەگەڵ باوکم؟ یان لە دەرسەکانیا خراپ بوو؟

دایکم بە دەسرێک چاوەکانی سڕی. ئینجا وتی:

ـ نە بەخوا رۆڵە گیان باوکی داماوت نە شەڕی لەگەڵ کردووە، نە قسەشی پێ وتووە.

وتم:

ـ ئەی چۆن؟ من هەفتەی پێشوو لێم پرسی لە دەرسەکانتا چۆنی، کەچی وتی زۆر باشم. من تێناگەم چۆن نیاز بڕیاری ئەوەی داوە؟! ئەی ئاسۆ کەی ئەوەندە هاوڕێی نیاز بووە؟ نیاز چون بڕوای پێ کردووە؟

من هەر پرسیارم ئەکرد. هیچ تێنەئەگەیشتم. دایکیشم هەر ئەگریا. نازداریش هەر لە بیرکردنەوەدا بوو.

لە پڕێکدا نەوژین وتی:

ـ با. چۆن؟ کاک ئاسۆ هەموو شەوێک ئەهات بۆ لای کاکە نیاز. ئەچوونە ژوورەکەی خۆیان. قسەیان ئەکرد.

وتم:

ـ کەواتە، دەمێکە ریگەی داناوە. ئەمە تازە نییە.

رووم کردە دایکم. وتم:

ـ دایکە؟ نیاز چۆن هیچی نەوت؟ بۆ ئەیەوێت بڕوات؟

دایکم وتی:

ـ نە بەخوا ڕۆڵـە، هـەر مـاوەیـەک بـوو ئەیوت من حـەز ئەکەم ببم بە پێشمەرگە. ڕقم لە بەعسە. ڕقم لە سەددامە. جار جار وای ئەوت. بەڵام من هەر بە گاڵتە تێئەگەیشتم، چونکە نیاز وا گەورە نەبووە. نیاز هێشتا زۆر مناڵە.

منیش وتم:

ـ ئێ ئێستا چی بکەین؟ چۆن بزانین لە کوێیە؟

ئینجا دایکم کەوتە کێشان بە سنگی خۆیدا. ئەگریا. ئەیوت:

ـ بەخوا ئیتر نایبینمەوە. تازە نیاز تەواو. تازە نیاز ڕۆی. ئەی دایکت بمرێ ئاخۆ ئێستا لە کوێیە؟

ئێمەش هەر قسەمان بۆ دایکم ئەکرد، کە تۆزێک بە ئـارام بێت. بەڵام کەڵکی نەبوو. باوکیشم کە هاتەوە. زۆر لە دایکم باشتر نەبوو. تاوێک توورە ئەبوو. تاوێکیش ئەگریا. کەس هەستی برسێتیی نەمابوو. هەموو غەمبارو چاو بە فرمێسک بووین.

## - ٤٩ -

نزیکی ئێوارە بوو. نازدار هاتە نزیکمەوە دانیشت. وتی:

- بنار؟ تۆ هەر وا نەهاتوویتەوە. من ئەزانم شتێک هەیە. پێم بڵێ چییە؟!

وتم:

- نازدار گیان، من هاتمەوە دایکم ئاگادار بکەمەوە لە پەیمان. نازانم تۆ بیرتە، کە پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ نیازدا هەبوو؟

نازدار وتی:

- وا بزانم شتێکی کەم لەو بارەیەوە ئەزانم. ئێ ئینجا؟

هەموو مەسەلەکەم بۆ نازدار گێڕایەوە. بێ زیادو کەم. وتم:

- ئینجا من ویستم قسە بکەم لەگەڵ نیاز، کە دڵنیا بێت من هیچم نییە لەگەڵ ئەو کوڕە. کامەران.

نازدار دوای ئەوەی باش گوێی لێ گرتم. وتی:

- بنار؟ ئینجا تۆ بە راستی هیچ پەیوەندیت نەماوە لەگەڵ کامەران؟ بە راستی وەڵامم ئەوێت.

وتم:

- بەڵێ ماومە. بەڵام هەندێک جار درۆی سپی پێویستە.

نازدار پێکەنی. وتی:

- درۆ هەر درۆیە.

وتم:

- نەخێر وا نییە. هەندێ جار ئەگەر ئەو درۆیە نەکرێت، چەند کەسێک لە ناو ئەچن. بەڵام ئەگەر ئەو درۆیە بکرێت کەس لە ناو ناچێت. من ئەگەر کامەرانم خۆش بووێت، یان نا، ئەوان چ زەرەرێک ئەکەن؟ ئەمە شتێکە پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە. بەڵام ئەوان بەرژەوەندیی خۆیان هەیە. لەم مەسەلەیەدا پەیمان بە بۆنەی منەوە تۆڵەی خۆی لە نیاز ئەکاتەوە.

ئەویش ئێستا حەزی لە کامەران کردووە. بە نیازە بە تیرێک دوو نیشان بشکێنێت. من نامەوێت ئەو ئاواتەی ئەو بێتە دی. ئەوەندەی نیازی برامم خۆش ئەوێت، ئەوەندەش کامەرانم خۆش ئەوێت. ناشمەوێت کەسیان تووشی هیچ زیانێک ببن. فەرموو. ئەوەش هەموو باسەکەی منە.
نازدار حەپەسابوو، کە گوێی لەم قسانەی من ئەگرت. وتی:
- بنار؟ تۆ باسی چی ئەکەیت؟
وتم:
- نازدار، مەسەلەکە بە راستی ئەمەیە. من ئەگەڕێمەوە. کە گەڕامەوە، ئەو کاتە لەگەڵ دایکم باسی بکە. با ئەویش ئاگادار بێت. ئەترسم پەیمان لە پشت ئەم رۆیشتنەی نیازەوە بێت. بۆ ئەوەی بە گرتی بات. ئەو بەعسی چڵکاو خۆرانە هەموو شتێکیان لە دەست دێت.
شەو نوستم. نەمزانی چەند کاتژمیر بوو خەوتبووم. بەڵام لە پڕێکدا خەبەرم بووەوە. بەبێ ئەوەی ئاگادار بم، لە سەر جێگاکەم دانیشتبووم ئەگریام. پاش چەند چرکەیەک ئینجا بە ئاگا هاتم، زانیم بۆ ئەگریم. خونچە هەمان سات خەبەری بووەوە. سەیری کردم. وتی:
- بنار ئەوە بۆ ئەگریت؟
وتم:
- ویش... کە خەوێکی سەیرم بینی!.
هێشتا بیرم لە جۆری خەوەکەم ئەکردەوە، خونچە لە ناو جێگاکەی هەستاو هاتە لای منەوە. وتی:
- گڵۆپەکە داگیرسێنم؟
وتم:
- نا... بەڵام زۆر سەیر بوو.
خونچە وتی:

ـ چی سەیر بوو؟ خەوت بینی؟
وتم:
ـ بەڵێ. ئەزانی چی بوو؟ لە خەوما ئاسۆ. هاوڕێی نیاز شەهید کرا بوو. لاشەکەیان هینابووەوە بۆ ماڵی باوکی. نیازیش بە دوای تەرمەکەی ئەوەوە بوو. بەڵام پێڵاوی لە پیا نەبوو. هەر بیجامەی لە بەرا بوو. زۆر ترسام. تۆ بڵێی ئەو خەوە مانای چی بێت؟
خونچە وتی:
ـ ئینشا ئەڵلاە خێر ئەبێت، هیچی خراپ نابێت.
نازدار لە ژێر جێگاکەی هاواری کرد. وتی:
ـ دە بەسە.. قسە بەسە.. سێ شەوە نەخەوتووین. با تۆزێک بخەوین.
خونچە وتی:
ـ هەستە بزانە بنار خەوی چیی دیوە.
نازدار وتی:
ـ بەیانی بۆم بگێڕەوە. ئێستا بخەوە.
من چەندم کرد، خەوم لێ نەکەوت. ئەوشەوە هەر بیرم لەو خەوەم ئەکردەوە. بۆم لێکنەئەدرایەوە. بە هەر حاڵ بەیانی کە هەموو هەستاین خونچە خەوەکەی منی بۆ دایکم گیڕایەوە.
دایکیشم وتی:
ـ هیچ نییە. انشالله تەمەنی دریژ ئەبێت. نیازیش دیارە زۆرمان بیر ئەکات. ئێمە هەموو زۆر غەمبار بووین. من خەریک بووم خۆم کۆئەکردەوە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ مووسڵ، دایکم بەزۆری ئێمە خەریک بوو نان‌و چای بەیانیی بۆ دروست ئەکردین. لە پڕێکدا لە دەرگای ماڵی ئێمە درا. زۆر بە توندی بە خێرایی. هەموو رامانکردە دەرەوە بزانین کێیە؟ سەیرمان کرد خوشکی ئاسۆیە سەری لە قوڕناوە. هاواری ئەکرد ئاسۆیان شەهید کرد.

وەرن تو خوا وەرن، سەیری کەن بزانن چەند گەنجو جوانە. ئەو برایەم هاواری ئەکردو ئەگریا. لە خۆی ئەدا. من، کە ئەوەم بینی، هۆشم بە خۆم نەما. نەمئەزانی چی روویداوە؟! بەڵام کاتێک هۆشم هاتەوە دایکمو خوشکی ئاسۆ دانیشتبوون ئەگریان، لیان ئەپرسیم خەونەکەم چۆن بوو؟ چەند جارێک بۆم گێڕانەوە.

ماڵیان دراوسێی ماڵی خۆمان بوو. زۆر نزیک بووین. هەموو رۆیشتین بۆ ئەوێ. دوایی زانیمان، کە ئاسۆ هەر لە نزیک سلێمانی کەوتبووە بۆسەوە. خێرا لەوێ گوولە بارانیان کردبوو. دایکمو ئێمە هەموومان ترسو دوودڵی گرتینی سەبارەت بە نیاز، کە ئاخۆ چیی بە سەر هاتبێت. من ئەو رۆژەش لە سلێمانی مامەوە. نەمتوانی سەفەر بکەم چونکە بە راستی دڵمان لای نیازی برام بوو. شەو داهات. خەریک بوو هەموو ئەچووین بۆ ژووری خۆمان بۆ خەوتن. لە پڕێکدا لە دەرگای دەرەوە درا. باوکم رۆیشت دەرگاکە بکاتەوە. بینیمان نیاز بوو. بە جلێکی قوڕاویی پیسەوە خۆی بە ماڵدا کرد. لەوە ئەچوو شەش مانگ بێت خۆی نەشتبێت. دایکم، کە چاوی پێ کەوت، لە خۆشییاندا بوورایەوە. ئێمەش هەموو لە جێی خۆمان سڕ ببووین. نەمانئەزانی چی بڵێین. بەڵام ئەو هەواڵی ئاسۆی لە ئێمە ئەپرسی. وتی:

ـ ئێمە لە یەک جیابوونەوە. هەر کەسمان بە لایەکدا رۆیشتین.

نیاز نەیئەویست لەوە زیاتر باسی هیچمان بۆ بکات. ئەو شەوە نەنوستین. شپرزە ببووین. ترسو خۆشیو ناخۆشیمان هەر هەمووی تێکەڵ بە یەک ببوو. بەیانی کە هەموو لە خەو هەڵساین، باوکم لە  کاتی نانخواردنی بەیانی دابوو. نیازی بانگ کرد. منیش هەر لەوێدا دانیشتبووم. لەگەڵ دایکمو نازدار. باوکم زۆر غەمبارو پەرێشان بوو بۆ ئاسۆ. دایکیشم هەر زۆر ئەگریاو جار جاریش ئەیوت:

ـ ئەی خوایە لێت بە زیاد بێت، کە نیاز گیانت پێ بەخشینەوە.
باوکم رووی کردە نیاز. وتی:
ـ نیاز؟ کوڕم، باش گوێ بگرە. من ئەزانم تۆ بۆچی ویستت بڕۆی؟ باش لێت تێگەیشتم. تۆ جێگای شانازی ئێمەیت. بەڵام بیرت نەچێت، تۆ خاوەنی چوار خوشک، دوو برا، دایکێک، باوکێکی پیرو هیلاکیت. من ئەگەر شتێکم لێ بێت، کێ ئاگای لەم خێزانە ئەبێت؟ من پیر بووم. هیلاکم. هەر کاتێک بە لایا هاتم تەواو ئەبم. ئەوسا ئەم ماڵە پێویستیی بە تۆ ئەبێت.
نیاز وتی:
ـ من حەز ئەکەم بەرگری لە خۆمان بکەم لە هەموو کوردستان، نەک تەنها لە خێزانەکەم.
باوکم وتی:
ـ قسەکەت زۆر جوانە. زۆر راستە. هەموو ئەبێت بەرگری لە کوردستان بکەین. بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک بە یەک شێوە بەرگریی لێ بکات رووبەڕووی دوژمن بێتەوە.
نیاز وتی:
ـ تێناگەم مەبەستت چییە؟
باوکم وتی:
ـ بۆ تێناگەیت؟ مەبەستم ئاشکرایە. شەڕ تەنها بە تفەنگ ناکرێت! شەڕ بە پێنوس ئەکرێت. هەندێک جار پێنوسەکە کاریگەریی وەک تفەنگ وایە. ئەگەر زیاتریش نەبێت. کوڕم تۆ ئەتوانیت بە خوێندن، بە رۆشنبیری دوژمن لە ناو بەریت.
نیاز لە تاو خەفەتی هاوڕێکەی هیچی بۆ نەوترا. زۆر خەمبارو پەرێشان بوو.

- ٥٠ -

من ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ مووسڵ. دواى ماوەیەک، کە گەڕامەوە، بۆ سلێمانی نازدار بۆی باس کردم، کە نیاز لە دەمێکەوە لەگەڵ ئاسۆی جوانەمەرگ خەریکی ڕێکخستنی ناوشاربوون. زیاتر لە چەند ساڵێک. بەڵام ئێمە هەمووومان بێ ئاگابووین. تاکو نیاز بڕیاری دابوو، کە بە تەواوی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە بکات، بچێتە ریزی شۆڕش. لە ڕێگا کاتێک لەگەڵ جوانەمەرگ جیائەبنەوە، ئەکەونە بۆسەی بەعسییەکانەوە. ئاسۆ شەهید ئەکرێت. نیاز خۆش بەختانە رزگاری ئەبێت، هەر ئەو شەوە لە ماڵێک خۆی ئەشارێتەوە تاکو کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە. ئاسۆ زۆر لە دەمێکەوە لەگەڵ پێشمەرگە بوو. ئیتر، کە نیاز گەڕایەوە، بڕیاریدا کە تەنها خەریکی خویندنەکەی بێت چونکە باوکم تەندروستیی لەو کاتەدا زۆر خراپ ببوو.

## - ٥١ -

دوای ئەوەی من گەڕامەوە بۆ مووسڵ دایکم لەگەڵ نیاز باسی هەموو شتێکیان کرد بوو کە وا من هیچم نییە لەگەڵ کامەران. هەروەها دایکم بە نیازی وتبوو، کە پەیمان بە تەمایە ئازاری بداتو تۆڵەی لێ بکاتەوە. ئەبێت زۆر ئاگاداری هەڵسوکەوتی بێت. چونکە لە وانەیە بە هۆی یەکێک لە خزمەتکارەکانی رژیمی بەعسەوە تۆشی کیشەی گەورەی بکات. چونکە پەیمانو باوکیشی یەکێک بوون لە لایەنگرەکانی رژیمی بەعس.
یەکەم ساڵمان تەواو کرد. ساڵیکی پڕ لە خۆشەویستی نێوان منو کامەران بوو. پڕ بوو لە ریزو وەفاداری نێوان منو هاوڕێکانم، هەموو وەکو خوشکو برامان لیهاتبوو هیچ کات پشتی یەکترمان بەر نەئەدا بۆ هیچ کەسێک. ئێمە نموونەی راستی هاوڕێەتی پاکو بێگەرد بووین. مۆڵەتمان نەئەدا بە کەس دووبەرەکیو ناکۆکی بخاتە نێوانمانەوە. یەکگرتوبوین بۆیە بەهیز بوین، هەمیشە بە تەنگ دڵی یەکترەوە بووین خۆزگەمان ئەخواست کە هەمیشە هاوڕێەتیمان هەر بمێنێتو ئاگامان لە یەکتر بێت. پشوی هاوین دەستی پێکرد. زیاتر لە دوو مانگو نیو ئێمە لە ماڵەوە بووین. منو کامەران نەمانتوانی تەنها بۆ یەک جاریش یەکتر ببینین. من بە دایکمم وتبوو، کە پەیوەندیم لەگەڵ کامەران نەماوە. ئەوەش تەنها بۆ دڵنیابوونی دایکم بوو. کامەرانیش هەر لە بەربەکانی دابوو لەگەڵ دایکو خوشکی، چونکە وەکو پیمزانیبوو ئەوان بە بەردەوامی داوایان لێ کردبوو کە واز لە من بهێنێتو بە هەموو شێوەیەک بەرپیچی ئەو خۆشەویستییەیان ئەکردین.

## ـ ٥٢ ـ

پشووی هاوین یەک هەفتەی مابوو تەواو بێت رۆیشتم بۆ ماڵی شیلان بۆ ئەوەی تەگبیر بکەین لە بارەی گەڕانەوەمان بۆ مووسڵ. باوکم، یان شیروانی برای بمان بەنەوە. بڕیارماندا دوو رۆژ پیش دەست پیکردنەوەی خویندنمان ئێمە بگەڕێینەوە، بۆ ئەوەی شوێنێکی باشمان دەست بکەوێت لە بەشی ناوخۆ. هەروەها ئەو کەسانەی، کە خۆمان دەمانویست لە هەمان ژوردا لەگەڵماندا بن. بە دڵی خۆمان هەڵیانبژێرین چونکە ئێمە تەنها ئەمانتوانی کە ژوورو هاوڕێ هەڵبژێرین بۆ ئەو ساڵەی کە لەگەڵماندا بن.
زۆر بە پەرۆشەوە من خۆم ئامادە ئەکرد بۆ گەڕانەوەم بۆ مووسڵ بۆ دروستکردنی دوارۆژێکی رووناک بۆ خۆم. بەڵام؛ خۆشەویستی کامەران بە جۆرێک کاری تێکردبووم ترسێکی وای خستبوە دڵمەوە هەستم ئەکرد بە تەواوبوونی خویندن تەواوبوونی پەیوەندیەکەشمان ئەبێت. چونکە کەسووکاری هەردوو لامان بەجۆرێک هەوڵیان ئەیا کە لە یەکتر دوورمان بخەنەوە هەموو هیزو کۆششێکیان تیا بەکار ئەهێنا. بەڵام خۆشەویستی ئێمە زیاتر بە هیزتر ئەبوو، رۆژ لە دوای رۆژ ئێمە زیاتر هەستمان بە نزیکی ئەکرد. زیاتر کڵپەی خۆشەویستی لەدڵمانا گڕی ئەسەند.
کاتی ئەوە هات کە بڕۆینەوە بۆ مووسڵ. هەر وەکو پلانمان دانابوو باوکم منو شیلانی بردەوە بۆ شوینی خویندنمان. هەر ئەو رۆژە کە گەیشتینەوە بەڕیوەبەری بەشی ناوخۆ بانگی کردین پییوتین ئەتوانن بۆ ئەمساڵتان باشترین ژوور هەڵبژێرن. هەروەها ئەتوانن هاوڕێکانیشتان هەڵبژێرن. منو شیلان زۆر دڵمان خۆش بوو. هەر نەمان هێشت ئەو قسەکەی تەواو بکات، خێرا من وتم:
ـ بێگومان هەر وەکو ساڵی رابردوو جوانو رزگارمان ئەوێت.
بەڕیوەبەر ئەو هەلەی بە ئێمەو چەند کەسانیکی تریش دا، چونکە

باشترین کچانی بەشی ناوخۆ بووین، کە هیچ جۆرە کێشەیەکمان لەگەڵ کەسدا نەبوو. هەموو کاتیش لە کاتی خۆیدا ئامادە بووین. هیچ کات دوا نەئەکەوتین ئەوەش شتێکی زۆر گرنگ بوو لەو کاتەدا. هەر ئەو رۆژە بە خیرایی ژوورەکەمان وەرگرت. کەوتینە پاککردنەوەی. خێرا چوار دۆشەکمان وەرگرتو خستمانە سەر سیسەمەکان. ئامادەمان کرد بۆ جوانو رزگار. سیسەمیکی زیادەشمان وەرگرت، هەر بۆ خۆمان ئەگەر میوانیکمان هات. ئەو ساڵە ئێمە زۆر دەسەڵاتدار بووین. بەڕیوەبەر زۆری خۆش ئەویستین. تەنانەت جارێکیان خواردنێکی زۆر خۆشی بۆ کردین بۆی هینایێن. ئەوەندە زۆر بوو بەشی زۆرینەی کچەکانمان دا. منو شیلان هەر زوو دەستمان کرد بە رێکخستنی ژوورەکەمان، چاککردنی کەنتۆرەکەمان وهەڵواسینی جلەکانمان. ئێمە ئەوەندە دڵمان خۆش بوو، هەردوکمان ئەتوت لە سجنی ئەبوغرێب رزگارمان بووە. هەر قسەمان ئەکردو پی ئەکەنین. ئەو رۆژە زۆربەی کچەکان گەڕابونەوە، بەڵام کەسیان بەقەد ئێمە دڵیان خۆش نەبوو. رۆژی دوایی هەر بەیانی زوو لە خەو هەڵسباین. ویستمان هەموو شتومەکەکانمان بە تەواوی چاک بکەین دوایی بڕۆین نانێکی بەیانی بخۆین لەگەڵ کچەکانی ژوورەکەی دراوسیمان. ئێمە هەر خەریکی پاککردنەوەی ژوورەکەمان بووین، لەو کاتەدا یەکێک هات لە دەرگایدا. وتی:

ـ بنار کوڕێک لە خوارەوە بانگی تۆ ئەکات. ئەیەوێت بتبینێت.

منیش پرسیارم کرد کێیە؟

شانیکی هەڵتەکانو وتی:

ـ نایناسم. نازانم کێیە؟

منو شیلانیش سەیرێکی یەکترمان کرد. وتم:

ـ ئەبێ کێ بێت؟

شیلان وتی:
ـ نازانم. برۆ بزانە کێیە؟
وتم:
ـ شیلان؟ من لەم کاتەدا چاوەڕێی کەس نیم. کامەران دوو سبەی ئەگەڕێتەوە. تۆ خۆت پێتوتم.
شیلان وتی:
ـ دە بەشکم قەراری گۆڕیبێت. نابێت؟
وتم:
ـ باشە وەرە لەگەڵم، نەوەکا ئەو نەبێت.
شیلان وتی:
ـ نایەم تاقەتم نییە. خۆت برۆ. ئەگەر منت ویست، بانگم مەکەو پێکەنی.
ئینجا وتی:
ـ دە برۆ.. کچێ ئەوە تۆ چیتە؟ خۆ ناتخۆن!
وتم:
ـ باشە من ئەڕۆم. بەڵام ئەگەر توانام بینی بە خوا پێت نڵێم. هەقم نابێت. ئیتر بە بۆڵەبۆڵ چوومە بەر ئاوێنەکە، سەیرێکی خۆمم کرد، دەستێکم بە قژمدا هێنا. وتم:
ـ ئێستا چی ئەبێت ئەگەر لەگەڵما بێیت؟ شیلان سەرێکی هەڵبڕی. وتی:
ـ ئەوە هێشتا لێرەیت؟ دە برۆ... بە خوا ئێستا هەرکەسێک بێت رۆیشتووە.
وتم:
ـ کێیە؟ تۆ ئەزانیت کێیە؟
وتی:
ـ نازانم. بەڵام کێ ئەڵێت کامەران نییە؟
وتم:

ـ کێ ئەڵێت ئەوە؟ لەوانەیە ئەویش نەبێت. ئەمجارەش شیلان سەیرێکی کردم
وتی:
ـ بەخوا تۆش سەیری! ئێ هەر کەسێک بێت چیە؟ دە بڕۆ.. تا نەڕۆیشتووە. من ئەڵێم لەوانەیە کامەران بێت!
کە شیلان بۆ دوەم جار ناوی کامەرانی برد، خێرا دڵم کەوتە تەپەتەپ.
وتم:
ـ ئەی کەواتە چۆن وا بڕۆمە خوارەوە؟ ئەبێت خۆم بگۆڕم. خێرا کەنتۆرەکەم کردەوە. ئەو جلانەی کە لە بەیانیەوە خەریکی بووین چاکمان ئەکرد هەموویم دەرهێنایەوە بۆ ئەوەی جلێکی زۆر جوان لەبەر بکەم.
شیلان یەک زریکەی کرد بە سەرمدا.
وتی:
ـ ئەوە چی ئەکە...یت؟ ئێمە لە دوێنێوە خەریکی چی....ن؟ بنار خان کەواتە ئەبێت خۆت هەمووی چاک بکەیتەوە. من هەر خەریکی گەڕان بووم بەدوای جلێکی زۆر جوانا، بۆئەوەی کامەران دوای ئەو هەموو کاتە بەجوانترین شێوە بمبینێت. شیلانیش بەردەوام هاواری ئەکرد بەسەرما ئەیوت:
ـ دەبڕۆ... کچم. دەبڕۆ... دەی. بەڵکو ئەوە کامەران بێت! تۆ سێ مانگە نەتدیوە. ئەی بیری ناکەیت؟
لەو کاتەدا من زۆر دوودڵو شپڕزە بووم. نەمئەزانی ئاخۆ ئەوە کامەرانە؟! کە لە شیلانیشم ئەپرسی، بلێی ئەوە ئەو بێت. لە وەڵامدا ئەی وت:
ـ نازانم. لەوانەیە ئەو بێت!
شیلان هەر پێئەکەنی. بە هەرحاڵ. ڕۆیشتم، دڵم زۆر خۆش بوو. هەر ئەوەندە قاچم خستە سەر پلیکەی یەکەم قاچم ترازا. هەتاکو قاتی دووەم

خۆم پێ نەگیرایەوە. بەڵام هەستامەوە ڕۆیشتم. ئێمە لە نهۆمی سێیەم بووین. هێشتا نهۆمێکم مابوو دابەزمە خوارێ. من هەموو مێشکم لای ئەوە بوو. ئەگەر کامەران نەبێت. ئاخۆ کێبێت؟ لەوانەشە کامەران بێت! ئەگەر ئەو بێت! ئێستا ئەو ئەبینم ئیتر گرنگ نییە چیم لێیەت، کاتێک گەیشتمە دەرگای دەرەوە. بینیم، کامەران‌و یەکێک لە هاوڕێکانی بەرەو خوارەوە ئەڕۆن پشتیان لە منە، خەریکن دوور ئەکەونەوە. منیش تۆزە تۆزە خەریک بوو هەستم بە ئازار ئەکرد. بۆیە نەمئەتوانی خێرا خێرا بڕۆم. لە تاو ئەوەی زیاتر دوور نەکەونەوە بە دەنگیکی زۆر نزم‌و پڕ شەرم، هاوارم کرد.

ـ کامەران. کامەران.

ئەویش وەکو چاوەڕێی ئەو دەنگە بێت خێرا ئاوڕی لێ دامەوە. بەرەوڕووی من گەڕایەوە دەموچاوی زۆر دڵخۆشی پێوە دیار بوو. هەرچەند من ئەمویست خێرا بڕۆم. بەڵام، لە بەر ئازاری قاچم نەمئەتوانی. ئیتر لە جیگای خۆمدا ڕاوەستام. ئەویش هەتا ئەهات هەنگاوەکانی گەورەترو خێراتر ئەکرد هەتا تەواو نزیک بۆوە سڵاوی لێکردم. ئینجا وتی:

ـ ئەوە کچێ تۆ کەی گەڕایتەوە؟ خۆم من وامزانی بەیەکەوە ئەگەڕێینەوە؟

وتم:

ـ سڵاو لە تۆش. من باوکم هێنامیەوە. لەگەڵ شیلانیش. ئەی توانا پێی نەوتیت؟

وتی:

ـ بەڵێ پێی وتم، بەڵام من، حەزم ئەکرد وەکو جاران هەموو بەیەکەوە بگەڕێینەوە.

وتم:

ـ ئەی تۆ کەی گەیشتیت؟

وتی:
ـ ئێستا. جانتاکەم لە بەشی ناوخۆ داناو هاتم بۆ لای تۆ بزانم هیچتان ناوێت؟
وتم:
ـ ئێمە برسیمانە، بەتەمابووین بچین بۆ نانخواردن. ئێوە ئەڵێن چی؟
کامەران زۆر بە سۆزەوە سەیری ئەکردم. روخساری پڕ بوو لەئارامی. هەستم ئەکرد تا رادەیەکی زۆر دڵیخۆشەو ئاسودەیە.
وتی:
ـ زۆر باشە، کەواتە شیلان بانگ بکە با هەموو پێکەوە برۆین.
وتم:
ـ ئەی توانا؟ نەگەیشتوە؟
کامەران وتی:
ـ نازانم. من‌و بەختیار هەر ئێستا گەیشتین، کەسمان نەدیوە. هاتین بۆ لای ئێوە.
وتم:
ـ باشە ئێوە لیرەدا چاوەڕێ بن. من ئەچمە سەرەوە. بە شیلان ئەڵێم کە خۆی ئامادە بکات دوایی هەموو بە یەکەوە ئەڕۆین بۆ خوارەوە بۆ نان خواردن.
من گەڕامەوە بۆ لای شیلان. قاچیشم هەر ئازاری زیادی ئەکرد، کاتێک گەیشتمە سەرەوە تەواو هیلاک ببوم. گەیشتمە ژورەکە شیلان خۆی ئامادە کردبوو. پێموت:
ـ ئەوان چاوەڕێنمان ئەکەن، کە برۆین.
وتی:
ـ باشە منیش ئامادەم، بەڵام ئەوە بۆ وا خراپ ئەڕۆیت؟

بە پێکەنینەوە وتی:
- ئەترسم لە خۆشی کامەران کەوتبیت، یان بوورابیتەوە.
وتم:
- جارێ  تۆ چوزانیت ئەو کەسە کامەران بوو؟
قاقایەکی گەورەی لێدا. وتی:
- چۆن نازانم گیانەکەم، ئەوە من حەزم کرد بۆت ببێت بە شتێکی کوتوپڕ بۆ ئەوەی زیاتر دڵت خۆش بێت. من ئەمزانی ئەوە کامەرانە بۆیە نەهاتم بەڵام تۆ خۆت شەل کرد. ئینجا چوویتە بەردەمی.
شیلان هەر پێئەکەنی. منیش بۆم باس ئەکرد کە چۆن کەوتم. بەڵام هەستم ئەکرد قاچم لەجێ چووبێت. ڕۆیشتینە خـوارەوە. من هەموو دەقەیەک ئازاری قاچم زیادی ئەکرد. تاکو وام لێهات، کە نەتوانم بڕۆم. بەڵام بینینی کامەران هێزی پێ ئەدام، گوڕم ئەبەستەوە. کاتێک گەیشتینە خوارەوە بینیمان ببوون بە سێ کەس. یەکێک لەوان توانا بوو. کاتێک هەموو خێرا خێرا بە کۆمەل ئەرۆیشتن، من کەمیک دوا کەوتبووم لەبەر ئەوەی نەمئەتوانی وەکو ئەوان بڕۆم. هەموو مەشغووڵی قسەو پێکەنین بوون. هەر کەس باسی شتێکی خۆشی ئەکردو لە پڕێکداهەموو بەیەکەوە پێئەکەنین. وادیـار بوو هەموو زۆر بیری یەکترمان ئەکرد. کامەران ئاوڕێکی لە من دایەوە. وتی:
- ئەوە چییە بنار؟ بۆ وا خراپ ئەڕۆیت؟ ویستم پرسیارت لێ بکەم؟ بە ڕاست؟ ئەوە چیتە؟
وتم:
- کە هاتم بۆ لات لە سەر پێپلیکەکان کەوتمە خوارەوە. ئەو کاتە هەستم بە ئازار نەئەکرد. بەڵام ئێستا زیاتر هەست بە ئازار ئەکەم هەموو گیانم تێک شکاوە. کامەران بە زۆر خۆی ڕاگرتبوو ئەیویست پێنەکەنێت. بەڵام،

دوایی زۆر بە توندی پێکەنی. بەدەم پێکەنینەوە وتی:

ـ ئەی ئێستا چی بکەین بچین بۆ خەستەخانە؟

وتم:

ـ نا.. نا. چاک ئەبم. خەمت نەبێت.

وتی:

ـ دە باشە. گیانەکەم لە سەر خۆ بڕۆ، پەلە مەکە. ئەوان هەر ئەڕۆیشتن ئاگایان لە من نەمابوو خەریک بوو دوورئەکەوتنەوە. ئێمەش بەهیواشی ئەڕۆیشتین. من زیاتر خۆم خستبوە حاڵی جاو وا خۆم پیشان ئەدا بەجارێک کە هەر ناتوانم بڕۆم، بۆ ئەوەی خۆمان بە تەنها بین. هەردوکمان زۆر بیری یەکترمان ئەکرد.

ئەو ئازارەی گیانم چەند زۆر بوو. بەڵام ئەوەندە دڵم خۆش بوو، کە ئەگەر زۆر لەوە زیاتر ئازارم هەبوایە من هەر گویم پی نەئەیا. تەنها لەبەر ئەوەی کامەرانم لەگەڵ دا بوو. کامەران زۆر بە پەرۆشەوە سەیری ئەکردم بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ کچێ بنار، بەخوا زۆرم بیر ئەکردی!. ئەڵێی چەند ساڵە نەمبینیویت. ئەوکاتانەی کە بیری کەسێک ئەکەیت زۆردورو درێژن هەر ناڕۆن! هەرتەواو نابن! ئەوە بۆوایە؟ بنار تۆش وابویت؟

وتم:

ـ کامەران، کە تۆم بینی، هەموو خەمو گرفتەکانی پێشووم بیر چۆوەوە. بە راستی ئەوکاتانە زۆر دورودرێژ بوون، شەو رۆژ لای من ببوو بە هەزار سەعات. کات تەواو نەئەبوو. وەیش کامەران گیان بەخوا زۆرم بیر ئەکردیت. ئەزانی ئەو سێ مانگە بە سێ ساڵ لە من رۆیشت. ئاخۆ تۆش وا بوویت؟

کامەران وتی:

ـ بەخوا بنار گیان، منیش هـەروا بـووم. بـەڵام تەنها شت ئەوەیە، من نامەویت تۆ تووشی کێشە بکەم. خۆت لە من باشتر ئەزانیت کەسوکاری منیش‌و تۆش چی ئەکەن.

وتم:

ـ باشە بۆ پیان ناخۆشە؟ دایکت بۆ وا ئەکات؟

کامەران وتی:

ـ بڕوا بکە نازانم.

وتم:

ـ چۆن نازانیت؟ ئەبێت شتێک هەبیت؟

وتی:

ـ هەر ئەوەندە ئەڵێن ئێمە کچی ئەوان ناهێنین بۆ تۆ. کە پرسیار ئەکەم بۆ؟ کەس وەڵام ناداتەوە.

وتم:

ـ زۆر سەیرە. منیش هەرچی زانیویەتی پێم ئەڵێت واز بهێنە، چونکە ئەمە سەر ناگرێت. منیش تێناگەم بۆ؟ بۆ هەموو ناڕازین؟ ئەبێت شتێک هەبیت. بەڵام من هەر ئەبێت بیزانم.

کامەران پێکەنی وتی:

ـ هیچ نییە، بەڵام کە زانیت بە منیش بڵێ.

وتم:

ـ کامەران بۆ تەلەفۆنت بۆ نەکردم ئەو هەموو کاتە؟ کامەران لەجێی خۆی راوەستا. تۆزێک دەموچاوی گرژ کرد. وتی:

ـ باشە بنار؟ ئەوە تۆ بەڕاستە پرسیار ئەکەیت؟ تۆ شتت بیر ئەچێتەوە؟ دوا جار کە قسەمان کرد، تۆ بە منت نەوت تەلەفۆنم بۆ مەکە؟ با کەس نەزانێت پێکەوە ماوین؟ خۆت داوات کرد بیرتە؟ من حەزم ئەکرد گوێم

لەدەنگت بێت، حەزم ئەکرد بتبینم، زۆرم بیر ئەکردیت، بەڵام من ویستم بەقسەی تۆ بکەم کارێک نەکەم تۆ توشی گیروگرفت بیت. لەبەر ویستی تۆ، خۆم ون کرد. بنار گیان تۆ ئەڵێی تا ئێستاش نازانی من چی ئەکەم لەبەر دڵی تۆ ژیانی تۆ!؟ بنار گیان من نایەڵم کەس دڵی تۆ عاجز بکات، نایەڵم، کەس بەیەک وشەی ناشرین و خراپ ناوت بەرێت. تەنانەت ئەگەر کەسی خۆشت بێت، من بەجۆرێک خۆشم ئەوێیت، حەز ناکەم کەس لەگوڵ کاڵترت پێبڵێت، تۆ لە دڵی منا پارێزراویت، تۆ لەچاومایت، من بڕیارم داوە وەکو گوڵ بتپارێزم. من لەوهەوایەش ئەترسم کە بە لاتا تێپەڕ ئەبێت، من ئەمەوێت ئاگام لێت بێت، کارێک نەکەم تۆی پێ ئازاربدەم. ئەم هاوینە زۆرجار حەزم ئەکرد بە لای ماڵتانا تێپەڕم تاکو بت بینم بەڵام کە بیرم ئەکردەوە ئەی ئەگەر کەسێکی تۆ منی بینی؟! بۆیە بەهیچ جۆرێک بیرم لەوە نەئەکردەوە کارێکی منالانە بکەم تا ببێتە کێشە بۆ تۆ. دوای ئەوەش بۆ خۆمان بخەینە کێشەوە؟ منو تۆ ئەمانزانی، کە پشووی هاوین تەواو بوو، بۆ ئێرە ئەگەڕێینەوە، یەکتریش ئەبینین. قسەکانی کامەران هەمووی ڕاست بوون. بەڵام من لەوکاتەدا حەزم ئەکرد زیاتر بیدوێنم گوێم لێی بێت چۆن باسی خۆشەویستیەکەی خۆیم بۆ ئەکات. ئەمویست بزانم ئەو هەموو عیشقەی لەدڵی مندا هەیە ئەویش بەهەمان شێوە هەستی پێئەکات؟

وتم:

ـ ئەی باشە کەواتە زۆرت بیرکردم. وانیە؟ پێکەنیم بەنازەوە سەیرێکم کرد وتم، ڕاست... ڕاست پێم بڵێ. بە خوا تووڕە نابم.

کامەران وتی:

ـ بنار ئەوە تۆ بەڕاستە؟ تو خوا ئەوە پرسیارە؟ ئەی چۆن بیرم نەکردیت؟ سەیرکە، ئێمە ساڵ بە ساڵ گەورە ئەبین. ئەبێت ئاگامان لە هەڵسوکەوتمان بێت. نابێت شتێک بکەین ئەوەندەی‌تر کەسوکارمان تووڕە بکەین. ئەبێت

ئەمساڵ لە پار باشتر بین. ئەی گەورەبوون، پێگەیشتن مانای چیە؟ ئینجا تۆزێک وەستاین. وتم:

ـ راست ئەکەیت، کامەران گیان منیش حەزئەکەم زۆر ئاگاداری کردەوەکانمان بین. کامەران با تۆزێک پشوو بدەم. بەخوا قاچم ئازاری زۆرە. کامەران هەر سەیری ئەکردم لەجێی خۆی راوەستا. وتی:

ـ باشە با تۆزێک لێرەدا راوەستین. تواناو شیلان و بەختیار خەریک بوو دورئەکەوتنەوە. وتم:

ـ کامەران بانگێکیان لێبکە با بەجێمان نەهێڵن. کامەران خێرا دەستی کرد بە هاوار هاوار بەختیار توانا کاکە راوەستن. هەرسێکیان خێرا ئاوڕیان دایەوە. لەجێی خۆیان وەستان. کامەران بەمنی وت:

ـ بنار گیان تۆ تۆزێک لێرەیا لەسەر ئەو کورسیە دانیشە، بابچم پێیان بڵێم بچنە کام چێشتخانە. جێگەشمان بۆ بگرن. کامەران رۆیشت بۆلای ئەوان منیش نەم ئەزانی لەتاو ئازاری قاچم چیبکەم. تۆزێک دانیشتم کامەران گەڕایەوە وتی:

ـ بنار گیان خەمت نەبێت پێم وتن بچنە نزیکترین چێشتخانە. ئەها ئەوەتا زۆر نزیکە، هەمووی چەند هەنگیاوێکی کەیە، ئیتر کە نانیشت خوارد دەنکی حەبی پاراسیتۆڵ بخۆ ، چاک ئەبیت. خەمی گەڕانەوەشت نەبێت بە تەکسی هەموو ئەگەڕێینەوە. باشە؟ وتم:

ـ زۆر باشە کامەران گیان حەبیشم پێیە. هەربەدەم قسەکردنەوە هەستامە سەرپێ وکەوتینە رۆیشتن. کامەران دیسان سەیرێکی تری کردمەوە.
وتی:

ـ بنار زۆرم خۆش ئەوێیت. بڕوا بکە هەموو کات لە خەیاڵمای. خۆ کە دەنگم نابێت مانای ئەوە نیە بیرت ناکەم، یان خۆشم ناوێت. بڕوا بکە، رۆژ لە دوای رۆژ زیاترم خۆش ئەوێیت. حەز ئەکەم هەموو کات

لەبەرچاوم بیت، گوێم لەدەنگت بێت، ئاگادارت بم، بنار گیان من نازانم چۆن بۆت باس بکەم، چەندم خۆش ئەوێت، بەڵام ئەتوانم بڵێم، ژیانم بێ تۆ بێمانایە. تۆ لە ناو دڵما تواویتەوە.
دڵم خێرا کەوتە لێدان وەکو ئەوەی یەکەم جار بێت کامەران ناخی دڵیم بۆ باس بکات، پێم بڵێت خۆشم ئەوێیت. بەدەم بزەو دڵێکی خۆشەوە، وتم:
ـ کامەران گیان، ئەی تۆ نازانیت منیش چەندم خۆش ئەوێیت؟
کامەران بە پێکەنینەوە وتی:
ـ با. شتێک ئەزانم بەڵام دەپێم بڵێ چەند؟
وتم:
ـ بە دووریی زەمین بۆ ئاسمان. بە قەد هەموو ئەستێرەکان. بە قەد هەموو وشەی خۆشەویستی. بە قەد هەموو دەریاو رووبارو دەریاچەکان. بە قەد هەموو چرکەو ساتەکانیساڵەکان. بە قەد هەموو خەفەتەکان، کە لە دڵی مرۆڤەکانی دنیادا هەن، خۆشم ئەوێیت. بە رادەی ئەو هەموو گلەییانەی لە تۆ هەمە. بە قەد ئەو ئازارانەی، کە لە دڵی عاشقەکاندا هەیە، خۆشم ئەوێیت.
کامەران هەر سەیری ئەکردم. بێ چاوتروکاندن. وتی:
ـ کچێ ئەوە زۆرە.
وتم:
ـ هیچ زۆر نییە بۆ تۆ..
وتی:
ـ ئەمەی تۆ باسی ئەکەیت عشقە. منیش زۆرم خۆشئەوێیت. بەڵام من وەک تۆ هێشتا نەبووم بە شاعیر.
هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین. ورد ورد ئەڕۆیشتین. لە هەرە کاتە خۆشەکانی ژیانمان بوو، کە بە یەکەوە ئەمان بردە سەر. ئەو رۆژە

به یەکەوە نانمان خـوارد. کە گەڕاینەوە بۆ بـەش، جـوان‌و رزگاریش گەیشتبوون. ئەوانیش دوو ئەوەندەی‌تر شتیان هێنابوو. نەمانئەزانی لە کوێ دایانبنێین. زۆر دڵیان بە شوێنەکەیان خۆش بوو. ئەو شەوە ئەوەندەمان قسە کرد، هەتا بەیانی کەسمان نەنوستین. هەر پێئەکەنین‌و قسەمان بۆ یەک ئەگێڕایەوە. بەڵام تەنها من حەزم ئەکرد شەو دوو سەعات بێت بۆ ئەوەی بەیانی زوو بڕۆم بۆ کافیتریاکەو نانی بەیانی لەگەڵ کامەران بخۆم. شەو تا بەیانی هـەزار شتم لە مێشکی خۆمدا دائەڕشت بەیانی، کە کامەرانم ئەبینی ئەموت ئەمانەی پێ ئەڵێم بەڵام هەر زوو، کە چاوم پێ دەکەوت هەموو شتم بیر ئەچۆوە، تەنها ئەمویست چێژ لەو کاتانە وەرگرم، کە بەرامبەر ئەو دا ئەنیشتم. تەنها سەیری چاوی یەکترمان ئەکرد. بێ ئەوەی یەک وشە بڵێین، هەموو شتێکمان لە یەکتر ئەگەیاند. زۆربەی هاوڕێکانی کامەران لە گوماندا بوون ئەگەر ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان هەبێت، چونکە دووەم ساڵمان زۆر کەم بەیەکەوە دەبوین لەبەر قسەو باسی بێ بەزەییانەی کۆمەڵگاو ترسی کەسوکار. ئەو ساڵە چوارەم ساڵی پەیوەندیاکەمان بوو، کە هێشتا زۆرینەی خەڵک نەیانئەزانی، تەنانەت دڵشاد، کە هاوڕێی زۆر نزیکی کامەران بوو، لە هەمان کاتدا هاوڕێی نزیکی منیش بوو، هەموو کات خەریکی گاڵتەو گەپ بوو؛ ژیانی زۆر بە ئاسانی وەرگرتبوو، گاڵتەی بە هەموو شت ئەکرد. لە هەموو ماوەی، کە ئەمناسی، هەرگیز هیچ شتێکم بە واتا لێ وەرنەئەگرت.

ڕۆژێکیان لە دەرگای کافیتریاکەوە ئەهاتمە دەرەوە بەرەو هۆڵی خوێندن ئەڕۆیشتم. هەر خۆم بووم. بە تەنها. زۆر بە خێرایی، بە پەلە ئەڕۆیشتم. لە دورەوە گوێم لە دەنگی دڵشاد بوو. بانگی لێ کردم. وتی:

- بنار بووەستە. چاوەڕێبە. ئەوە چییە وا را ئەکەیت؟ خۆ ئەڵێی راویان ناویت.

من هەر ئەڕۆیشتم. ئەمزانی ئەیەوێت بموەستێنێت بۆ قسەو پێکەنین، بەڵام من ئەو رۆژە لە کلاسەکەم دوا کەوتبوم بۆیە زۆرم پەلە بوو. ئەویش هەر بانگی لێ ئەکردم. منیش ئاوڕێکم لێدایەوە وتم:

- دڵشاد من پەلەمە تۆ ئێستا چیت ئەوێت؟ من ئەبێت بڕۆم.

وتی:

- ئەی دە بووەستە؟ ئیشم پێتە. قسەم هەیە. ئەمەوێت پێتی بڵێم.

وتم:

- دڵشاد توخوا هەڵیگرە بۆ دوایی.

کە وام وت، لە پڕێکدا شتێکی گەورە تەپەی کردو هاتە بەردەمم. دڵشاد بوو، خۆی هەڵدایە بەردەمم، ئیتر نەمتوانی بڕۆم. راوەستام.

وتم:

- وی ئەوە چی بوو؟ چییە ئەوەندە گرنگە ئەو شتە ئەبێت ئێستا بیڵێیت؟

سەیرێکی کردم، بە پێکەنینیکەوە وتی:

- لەوە زیاتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم.

وتم:

- چاوەڕێی چی؟

دڵشاد دەستێکی برد بۆ لای چەناگەی بزەیەک گرتی. وتی:

ـ بنار من دەمێکە ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم. بەڵام تۆ کاتم نادەیتێ.
وتم:
ـ دڵشاد، من ئێستا زۆرم پەلەیە، ئەتوانیت هەڵیگریت بۆ دوایی؟
وتی:
ـ نەخێر... ناتوانم. ئیتر ناتوانم.. ئەبێت پێت بڵێم. خەریک بوو هەستم پێ ئەکرد ئەیەوێت چیم پێ بڵێت، باسی چیبکات. بەڵام حەزم نەکرد وابێت. بۆیە هەر لەو کاتەدا لە بیری خۆمدا خۆم بە درۆ ئەخستەوە ئەموت، نا.. وا نییە، شتی وا نابێت. من هەر بە خێرایی ئەڕۆیشتم ئەویش هەر بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی، لە پڕێکدا بە پێکەنینیکەوە وتی:
ـ بنار؟ من تۆم خۆش ئەوێت.
منیش هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە ئاوڕێکم لێدایەوە، وەکو خۆی بە پێکەنینەوە وتم:
ـ ئەزانم. ئینجا چییە؟ منیش تۆم خۆش ئەوێت. ئێمە هاوڕێی یەکین بێگومان یەکترمان خۆش ئەوێت.
من بەردەوام بووم لەسەر ڕۆیشتنەکەم. بە هەمان شێوە بازێکی‌تری دایەوە بەردەمم. دیسان وتی:
ـ بنار، تکایە تەنها پێنچ دەقەم بەرێ، من ئەڵێم خۆشم ئەوێیت. وەکو توانا بەختیار، کامەران نا. من وەکو خۆشەویست خۆشم ئەوێت، ئەڵیم دەمێکە بیرم لێ کردوویتەوە. چاوەڕێ بووم کاتێکی باش بدۆزمەوە. تاپێت بڵێم چەندم خۆش ئەوێیت، تاپێت بڵێم کە شەوو ڕۆژ تۆ لە خەیاڵی منداێ. ژیانم هەمووی بوە بە تۆ. زۆرم چاوەڕێ کرد، ئیتر ناتوانم.
کە گویم لەو قسانە بوو، بە تەواوی وەستام. وتم:
ـ ئەوە چیتە؟ ئەڵێی فلیمی هیندی دەر ئەکەیت! دڵشاد؟ خۆ من ئەمزانی

تۆ شێتی. بەڵام بەم جۆرە نا. ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟
دەستم کردەوە بە ڕۆیشتن. ئەو هەر بە دواما ئەهات. وتی:
ـ بنار بە خوا بە ڕاستمە. گاڵتە ناکەم. زۆرم خۆش ئەوێیت. بڕوا بکە.
من تاکو ئەو کاتەش هەر بڕوام پێ نەئەکرد. ئەو هەر ئەیوت:
ـ خۆشم ئەوێیت. هەر یەک جار کاتێکم بەرێ، تا بۆت بسەلمێنم کە چەندم خۆش ئەوێیت. تەنها یەک جار. تکات لێ ئەکەم. سەیرکە کچ چەند زۆرە. بەڵام بە خوا من لە پارەوە هەر دڵم بە تۆوەیە.
وتم:
ـ دڵشاد. تو خوا واز بێنە. ئەوە چییە؟ تۆ ئەڵێی ئاگات لێ نییە. منو کامەران یەکترمان خۆش ئەویت؟
وتی:
ـ بەڵێ ئەزانم!... بەڵام ئەوە کەی پەیوەندییە؟ ئەوە کەی خۆشەویستیە؟ تۆو کامەران بەناو پەیوەندیتان هەیە، کامەران گوێنادات بەتۆ. من زۆر لەو زیاتر تۆم خۆش ئەوێیت.
وتم:
ـ دڵشاد، ئێمە چوار ساڵە پەیوەندیمان هەیە. من ئەزانم کامەران چەند منی خۆش ئەوێت.  هەر خوا ئەزانێت منیش چەندم ئەو خۆشئەوێت. دە بڕۆ، با لەوە زیاتر درەنگ نەکەوم.
دڵشاد سەری دانەواند تۆزێک بێدەنگ بوو، ئینجا هەربەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:
ـ باشە با بێم لەگەڵتا. بەیەکەوە بڕۆین. منیش لەو ناوە کلاسێکم هەیە.
وتم:
ـ باشە بڕۆ. بەڵام بە هیچ جۆرێک باسی نەکەیتەوە لەگەڵما باشە؟

دڵشاد وتی:
ـ پەیمانت نادەمی. تۆش بیری لیَ بکەرەوە.
ئینجا بە تووڕەییەوە سەیریکم کرد، وتم:
ـ ئاخر با پیێت نەڵیَم شیێت.
دڵشاد وتی:
ـ ئەگەر شیێتیش بم، ئەوە بزانە من شیێتی تۆم. بە خوا بنار بە راستمە. زۆرم خۆش ئەویێت. تۆ وا ئەزانی گاڵتەت لەگەڵ ئەکەم؟
وتم:
ـ هیوادارم گاڵتە بیێت.
دڵشاد وتی:
ـ بنار تۆزیێک بیری لیَ بکەرەوە. جاری وەڵامم ناویێت.
وتم:
ـ دڵشاد، ئەگەر تۆ بە راستی منت خۆش ئەویێت؟ باسی نەکەیتەوە لە گەڵما.
کە وام پیَ وت، دڵشاد چاوی پڕ کرد لە فرمیێسک. وتی:
ـ بۆ وام پیَ ئەڵیت؟ بە راستی زۆر بریندارت کردم. بەڵام چونکە، بڕوام پیَ ناکەیت. منیش زۆرم خۆش ئەوییت. بڕوا بکە، هەرگیز بیێزارت ناکەمو پیێت ناڵیێمەوە. بەڵام من ئەوەندە بەڕاستمە کە ئەتوانم بڵیێم دوای تەواو بونمان نیشانەت ئەکەم.
منیش سەیریێکم کردەوە. بە پیێکەنینەوە وتم:
ـ واش نا. بۆ وا بە پەلە؟
وتی:
ـ دە باشە بە دڵی تۆ، کەی ویستت مارەت ئەکەم. بە خوا بنار تۆ هەر ئەوەندە بڵیێی باشە. من باوکم هەموو شتیێکم بۆ ئەکات.

وتم:

ـ دڵشاد گیان، بە خوا منیش زۆرم خۆش ئەوێیت، بەڵام بڕوا بکە وەکو نیازی برامیت. تکات لێ ئەکەم جارێکی کە باسی مەکە.

ئیتر بە تووڕەیی هەر کەس ڕۆیشتین بۆ کلاسی خۆمان. بەڵام من هەر بیرم لە قسەکانی دڵشاد ئەکردەوە ئەو کاتانەی کە من هەر وەکو برایەک قسەم لەگەڵ کرد بوو. بەڵام ئەو هەموو کاتەکە چاوەڕێی کردبوو کە بە من بڵێت خۆشم ئەوێیت. زۆر سەیرم لێ هات. زۆرم بەزەیی پیادا هاتەوە. خوا خوام بوو ئەو ڕۆژە زوو بگەڕێمەوە بۆ لای کچەکان بۆ ئەوەی ئەو شتە سەیرەیان بۆ باس بکەم. بەڵام کە بۆم باس کردن ئەوان زۆر پێکەنین‌و بڕوایان نەئەکرد. منیش هێشتا هەر سەرم سووڕما بوو خۆم بە خۆمم ئەوت:

ـ باشە من چۆن هیچ هەستم پی نەکردبوو؟

بە کچەکانم وت:

ـ بە هیچ جۆرێ باسی نەکەن لای تواناو بەختیار، هیچ کەسێک. بۆ ئەوەی کامەران پێی نەزانیت. تاکو هاوڕێیەتیان تێک نەچیت لەگەڵ دڵشاد، چونکە ئەوان زۆر نزیکی یەکتر بوون. هیچ نەبیت کامەران دڵشادی زۆر خۆش دەویست.

## ـ ٥٤ ـ

چەند هەفتەیەک تێپەری، زانیمان کە ئاهەنگی جەژنی دوو بەهار دەست پێئەکات، ئەو جەژنە؛ ئاهەنگیکی زۆر جوان بوو هەموو ساڵێک لە مووسڵ لە وەرزی بەهارا ئەگێڕا، خەڵک بە جۆرەها جلو بەرگی جوان جوانو رەنگاو رەنگەوە ئەو رۆژە ئەچوونە سەر جادە. هەروەها بە گوڵ و وێنەو شتی سەیر سەیر سەیارەی جوان جوانیان ئەڕازانەوە. ئەوکاتە لەهەموو لایەکی شاری مووسڵەوە خەڵک ئەهاتن بۆ سەیر کردنی ئەو ئاهەنگە. ئێمەش بڕیارماندا دوای تەواو بونمان لە کلاسەکانمان. هەموو بڕۆین بۆ ئەوێ، بەڵام لە رێگا کامەران پێی وتم:

ـ ئەیەوێت هەر خۆمو خۆی بین.

ئیتر خۆمان لەوانیتر جیاکردەوە. چووین نانێکمان خوارد. ئینجا رۆیشتین بۆ ئاهەنگەکە. دوای ئەوەی کە ئاهەنگەکە تەواو بوو. ئێمەش گەڕاینەوە. خەریک بوو نزیک ئەبوینەوە لە دەرگای پەیمانگە. هێشتا دوو هەنگاومان مابوو، لە دوورەوە دڵشاد و بەختیارمان لەگەڵ کچێکا بینی، بەڵام من و کامەران نەمان ئەناسی. دڵشاد هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت، خێرا بەرەو رووی ئێمە هات. قۆڵی کرد بە قۆڵی کچەکەیا. زۆر بە پەلە خۆی گەیاندە لای ئێمە، وتی:

ـ ئەوە لە کوێ بوون؟ زۆر گەڕام بە دواتانا. بەڵام نەم دۆزینەوە. ئێوە رۆیشتنو قسەتان نەکرد. ئیتر ئێمە چووین بۆ بازاڕ. نازانم کچەکانیتر لە کوێن؟ تواناش دیار نییە!

کامەران وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدایەوە. بەڵام وتی:

ـ ئەی ئەمە خوشکەکەتە کە باست کرد؟ دڵشاد زۆر بە خیراییو بە دڵێکی خۆشەوە وتی:

ـ بەڵێ خۆیەتی دالیای خوشکمە.

کامەران وتی:
ـ خۆشحاڵ بووم.
بەڵام دڵشاد رووی کردە خوشکەکەی. وتی:
ـ دالیا.. ئەوەش کامەران، کە بۆم باس کردیت. بەڵام دڵشاد بە هیچ جۆرێک ناوی منی نەبرد، منی پێ نە ناساند، وەکو نەیەوێت منی پێ بناسێنێت. دالیاش دەستی درێژکرد، تەوقەی لەگەڵ کامەراندا کرد. بەڵام لەگەڵ من هیچی نەوت. منیش هیچ گوێم پێ نەیا، بە دەم قسەکردنەوە لەگەڵ بەختیار رۆیشتم. بەختیار یەکێکی‌تر بوو لە هاورێکانمان کە بەتایبەتی منی زۆر خۆش دەویست. منیش هەموو جار پیم ئەوت:
ـ تۆم زۆر خۆش ئەویت، چونکە لە نەوژینی برام ئەچیت.
دالیا زۆر بە ئاسانی کەوتە قسەو پێکەنین لەگەڵ کامەران. وەکو، هەزار ساڵ بێت بیناسێت. دڵشادیش هەر قسەی شێتانە بوو ئەیکرد. ئەوانیش پێئەکەنین. منیش ئەمویست وا خۆم پشان بدەم کە زۆر ئاساییم ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی دالیا هیچ بێزارم ناکات. کاتێک ئەو بە ئاشکراو بێشەرمانە حەزی خۆی بۆ کامەران دەرئەبڕی. بەڵام لە راستیدا لە ناخمدا خەریک بوو شەقم ئەبرد. ئەوەندەم رق لەو کچە بوو حەزم ئەکرد هەر لەوێدا چینێکی باشی لێ بەم. بەڵام خۆم بە خۆم ئەووت. نا.. بنار وا خۆت دەرخە، کە تۆ زۆر لەو گرنگتریت. بڕوات بە خۆت هەبێت.
ماوەیەک من بێدەنگ ئەڕۆیشتم . تەنها گوێم لە قسەو پێکەنینی ئەوان بوو. بەختیار هاتە تەنیشتمەوە وتی:
ـ بنار، سەیری کە ئەمیش بە خوا تەواو نیە کەمێک شێتە. بەختیار پێئەکەنی بەڵام وا دیار بوو هەستی بە من کرد بوو.
منیش وتم:
ـ بێگومان. ئەی خوشکی کێیە؟

هەردوکمان پێکەنین. سەیریکمان کردن. ئەوان چەند هەنگاوێک لە دواوە بوون. لەو کاتەدا کامەران بە خیرایی هات. وتی:

ـ ئێوە بۆ وا خێرا ئەڕۆن؟

وتم:

ـ ئێمە خێرا ناڕۆین، تۆ لە گەڵ هاوڕێ تازەکەتا لە تاو قسەو پێکەنین هیواش ئەڕۆن.

منو بەختیار قاقایەکمان لێدا. کامەران وتی:

ـ ئاخر وایە. ئەی بڵێم چی؟ ئەوان قسە ئەکەن من هیچ نەڵێم؟ عەیبە. چۆن ئەبێت.

وتم:

ـ ئێ دە باشە بڕۆ بەردەوام بە، نەوەکا عاجز بن ئەو خوشکو برا شێتە. بەختیار هەر پێ ئەکەنی. ئیتر کامەران هیچی نەوت، بۆ یەکەم جار هەستم بە ترس کرد، کە ئەگەر؛ کامەران قسە بکات لەگەڵ کەسێکیتر، یان سەیری کچێکیتر بکات. هەر ئەو ڕۆژە هەستم بە شتێکی سەیر کرد. دوای ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ کامەران. هەر چەند سەیری ئەو کچەم ئەکرد. وەخت بوو سەری هەڵکەنم. ئەوەندەم رق لێ بوو. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ خۆشەویستی پڕ بە دڵم بۆ کامەران. هەستم کرد کامەران بۆ خۆمە. تەنها بۆ منە، کەس بۆی نیە قسەی لەگەڵ بکات، یان سەیری بکات. لەهەمان کاتدا هەستێکی زۆر خۆشو ناخۆشیش بوو. دڵشاد هەر ئەهاتە نزیک من، باسی زیرەکی، جوانی، عەقڵی خوشکە شێتەکەی بۆ ئەکردم. بەو بیانوەوە دالیای بەجێ ئەهێشت بۆ کامەران. وام هەست کرد دڵشاد دالیای هێنابوو بۆ ئەوەی لە کامەرانی نزیک بکاتەوە، تاکو خۆی لە من نزیک بخاتەوە. وای ئەزانی ئەگەر کامەران دڵی بچێتە سەر خوشکەکەی ئەو، ئیتر من دڵشادم خۆش ئەوێت.

## ـ ٥٥ ـ

ئەو رۆژە من هەستم بە شتێکی تازە کرد بەرامبەر بە کامەران ئەویش خەڵک ناوی ئەنێن دڵپیسی. بەڵام من ناوێکی تازەم لێنا، خۆشەویستی بی سنوور، کە تەنها ئەو کەسە بۆ خۆت بێت، موڵکی خۆت بێت. ئەزانم ئەوە هەستێکە، کە زۆر جار بەرەو لارێت ئەبات، کێشەی جۆراو جۆرت بۆ دروست ئەکات. ئەتخاتە گێژاوی دوودڵی و رقەوە. بەڵام، ئەو رۆژە خۆشبەختانە من توانیم، بە سەر خۆمدا زاڵ ببم، و کاریکی وا نەکەم، کە بهێڵم کامەران هەست بکات. بەڵام لەوە ئەترسام، کە ئەگەر دووبارە بۆوە من نەتوانم بەوشێوەیە خۆڕاگربم. خەریک بوو نزیک ئەبووەینەوە لە بەشی ناوخو. کامەران هاتە پێشەوە لێم وتی:

ـ بنار هیچت پێویست نییە؟ بە رویەکی خۆشەوەسەیرێکم کرد. وتم:

ـ نەء سوپاس بەڵام، ئاگات لە خۆت بێت... کامەران تێنەگەیشت. وتی:

ـ لە چی؟

پێکەنیم. وتم:

ـ لە هیچ خواحافیزتان بێت. بەڵام بەختیار گوێی لێمان بوو؟

پێکەنی. هاتە نزیکمەوە. وتی:

ـ بنار گیان هەقت نەبێت. برات ئاگای لێ ئەبێت. بەخوا لە فێڵەکەی دڵشاد تێگەیشتووم ناهێڵم سەر بگرێت.

دوایی زانیم پاش ئەوەی کە من گەڕابوومەوە بەشی ناوخۆ دالیا داوای کردبوو بیبەن بۆ سینەما. بە درێژایی کاتەکە قۆڵی لە قۆڵی کامەراندا ببوو زانیمان کە هەوڵی ئەوە بووە کامەران خۆشی بووێت. بەڵام کامەران نەیویستبوو هەتاکو ماوەیەکی زۆریش دالیا هەر ئەهات بۆ پەیمانگا بۆ لای کامەران، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون.

رۆژ ئەهات رۆژ ئەڕۆیشت. هاوڕێیەتیی ئێمە لە پەرەسەندندا بوو. خۆشەویستیمان بۆ یەک بێ کۆتایی بوو. منو کامەران خوشەویستییەکی زۆر پاکو بێگەردمان هەبوو کە زۆر کەم خەڵک ئەیانتوانی وا بن. تواناو شیلانیش هەر بە هەمان شیوە زۆر راستو پاک بوون لەگەڵ یەکتر. ئەوان بڕیاریان بە یەکتر دابوو، کە ساڵی خویندن تەواو بوو یەکسەر هاوسەرگیری بکەن. بەڵام منو کامەران هێشتا باسی ئەوەمان نەکردبوو. تاقیکردنەوەی بەشی یەکەمی دووەم ساڵمان تەواو بوو. لەو کاتەدا پشوویەکی یەک هەفتەییمان هەبوو، کە ئەمانتوانی بگەڕێینەوە بۆ شار. هەر لەو کاتەشدا کە ئەگەڕاینەوە منو کامەران لەوپەڕی توندیی هاوڕێیەتیدا بووین. جگە لەو هەموو خۆشەویستییەمان. بڕیارمان دابوو، کە هەموو هەر وەکو زۆر جاریتر بە یەکەوە بگەڕێینەوە بۆ شار. ئەو رۆژەی کە گەیشتینەوە بۆ سلیمانی هەموو خواحافیزیمان لەیەکتر کرد بەرەو ماڵی خۆمان بەڕێکەوتین. کە گەیشتمە ماڵەوە دایکم لەگەڵ نازداری خوشکم زۆر بە خۆشحاڵیەوە بەخێرهاتنەوەیان لێکردم. هێشتا نەگەیشتبوومە ژوری دانیشتنەکە نازدار دەستی کردە ملم وتی:

ـ بنار، بەیانی چەند هاوڕێیەکی تازەو دێرینم یەن بۆ ئێرە بۆ نیوەڕۆ لەوانەیە شەویش بمێنەوە، زۆرم پێخۆش بوو کە تۆش لەم کاتەیا هاتیتەوە. وتم:

ـ بەراست؟ زۆر چاکە منیش پێم خۆشە هاوڕێ تازەکانت بناسم . پرسیارم لێکرد ئەگەر من کەسیان ئەناسم؟ نازادروتی:

ـ ئەیچۆن. تۆش هەندێکیان ئەناسیت. وتم:

ـ وەکوو کێ؟ وتی:

ـ سەرگوڵ، بەهرە، تاڤگە چەند جارێکی کەش هاتون بۆ ئێرە. کە ناوی سەرگوڵی هێنا یەک خورپە هات بەناوسکما وەکو هەواڵێکی ناخۆشی پێوتبم ئیتر من هیچم نەوت، بەهێواشی رۆیشتمە ژوری سەرەوە.
بۆ رۆژی دوایی بەیانیی هەموو زوو لە خەو هەستاین. باوکم هەر زوو خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا. سەیرێکی چوار دەوری خۆی کرد. دایکمی بانگ کرد وتی:
ـ ئەرێ ئافرەت، ئەرێ پاکیزە؟ ئەو فەرتەنەیە چییە؟ ئەڵێی لەو مووبەقە قیامەت هەستاوە. ئەو هەموو سڵق و پاقلەیە چییە؟ لەوە ئەچێت مەولوت کردبێت من نەمزانی بێت!
ئینجا هەر ئەهات و ئەچوو، سەری مەنجەڵی هەڵئەدایەوە جار جار سەرێکی بائەیا ئینجا هەردوو دەستی خستەکەمەری. وتی:
ـ پێمبڵێ ئائەمانە بۆ کێ کراون؟ دەوەرە پاکیز پێم بڵی بزانم ئەمە چییە؟ بە تەمای چیییت؟
دایکیشم هەر لە شەوی پێشووەوە گۆشتێکی زۆری لێنابوو. لە ناو مەنجەڵێکی گەورەش فاسۆڵیایەکی زۆری زەرد کردبوو. هەر، کە باوکم کەوتە پرسیاری زۆر پێش ئەوەی تووڕەبێت دایکم بە پێکەنینێکەوە لێی چووە پێشەوە. وتی:
ـ ئەرێ پیاوەکە، تۆ بۆ بە هەموو شتێک هەڵئەچیت؟ ئەی پێش حەفتەیەک پێم نەوتیت رەفیقەکانی نازدار دەمێکە بەتەمان بێن؟! ئەی ئەوا ئەمڕۆ یەن یاخوا بەخێر بێن. باوکیشم هەر سەیری دایکمی ئەکرد. هەتا لە پڕێکدا وتی:
ـ ئای دایکی ئایین و ئۆین. کەی تۆ شتی وات بە من وتووە؟! دە وەڵڵا ئێستا لێم بیستوویت!
دایکم وتی:

ـ ئەی نالێن پیریو هەزار عەیب!؟ بە خوا پێم وتیت. بەڵام لەوە ئەچێت بیرت چوبێتەوە! ئەگینا من چۆن شتی وا ئەکەم بێ ئەوەی بە تۆ بڵێم؟

باوکم تۆزێک بێدەنگ بوو. وتی:

ـ دە باشە بێنە چایەکمان بەرێ بیخۆمەوەو بڕۆم.

منیش دوای ئەوەی گوێم لە هەموو قسەکانیان بوو خۆم گەیاندە لای باوکم. وتم:

ـ باوکە گیان ئیستا من بە دەستی خۆم یەک هێلکەو رۆنی جوانیشت بۆ دروست ئەکەم. باوکم سەیرێکی کردم. وتی:

ـ نا کچم. هەر چایەک بەسە. بە خوا نازانم بۆ ئەم بەیانییە دڵم هیچ نابات!

دایکیشم ئاوڕێکی لێدایەوە وتی:

ـ ئەترسم لە داخی ئەم میوانانەمان دڵت گیرابێت؟ ئەیەڕۆ پیاوەکە، شتی وانەکەیت. بە خوا ماڵ بە میوانەوە خۆشە. رەبی خوا رزقت بات.

باوکم بە لا چاو سەیرێکی دایکمی کرد. وتی:

ـ نا.. نا.. وانیە پاکزە خان. ئینجا ئێمە کەی میوانمان نەبووە؟ ئادەی پێم بڵێ کەی؟ ئەرێ وەڵا ماڵ بە میوانەوە جوانە.

ئینجا دەستی درێژ کرد، چایەکەی لە دایکم وەرگرت کە تەواو بوو رووی کردە من. وتی:

ـ بنار. کچم. بە نیاز بڵێ؛ کە هەستا لە خەو، با بێت بۆ دووکان. نەوژینیش لەگەڵ خۆی بهێنێت، ئیشم پێیانە باشە رۆڵە؟ بیرت نەچێت.

دایکم  لەو لاوە پرسیاری کرد. وتی:

ـ ئیشی چیت پێیانە؟

ـ باوکم تۆزێک رووی خۆی گرژ کرد. وتی:

ـ ئیشی هیچ! ئەی بۆ هەر ئەبێت لە ماڵ بن؟ بۆ نایەن بۆ بازار یارمەتییەکی من بەن؟ بەم رۆژگارە نیاز خەریکی پیاسەو سەرجادە پێوانە. یان جادەی

مەولەوییە، یان تووی مەلیک. بۆ نایەت یارمەتییەکی من بات؟ لەوە باشتر نییە جادە بپێوێت؟ ئەی پێم نالێیت نەوژین چی ئەکات؟ لەم حەوشەیەدا هەر خەریکی تۆپ تۆپێنە. سەیری کە، بزانە پەنچەرەی بەمماڵەوە هێشتووە؟ بە خوا ئەبێت بە رۆژانەکەی خۆی هەمووی چاککاتەوە. رووحم دەرچوو بە تەنها.

دایکم وتی:

ـ کوا؟ وەڵا نیاز هەر لە ماڵەوەیە. لە ژووری خۆی دەرگای لە خۆی داخستووە! زۆر کەم بچێتە دەرەوە.

ئیتر باوکم بە بۆڵە بۆڵ رۆیشت، خوا حافیزیمان لێکرد. لەوە ئەچوو باوکم کەمێک ناساغ بێت. هەر، کە باوکم لە ماڵ چووە دەرەوە، هەر یەکەمان دەستمان کرد بە ئیشێک. دایکم دەستیکرد بە چێشت لێنان، منو خونچە کەوتینە ماڵ پاککردنەوە، نازدار هەر لە زووەوە کەوتە رێکخستنی چێشتخانەکە. نەشمیلو نەوژینیش خەریکی حەوشەو باخ پاککردنەوە بوون. جار جار من ئەرۆیشتم سەرێکم لێ ئەدان بۆ ئەوەی بزانم باشیان پاککردۆتەوە؟ زۆری پێ نەچوو، بیری دایکم خستەوە، کە باوکم چی پێوتین. دایکم خێرا چوو نیازی لە خەو خەبەر کردەوە. هەر چەندە نیاز زۆری بۆڵە کرد. بەڵام دواجار دایکم بە بیانوی ئەوەی کە هاورێکانی نازدار یەن بۆ ماڵمان هەمووشیان کچن لەبەر ئەوە؛ پێویست ئەکات ئەو برِوات بۆ لای باوکم لە ماڵ نەبێت. نەوژینیشمان بە هەمان شێوە رازی کرد. ئەوان رۆیشتن بۆ لای باوکم. پێش نیوەڕۆ هەموو لە ئیشکردن بووینەوە. ماڵمان رازاندەوە. خواردنمان هەموو ئامادە کرد. وردە وردە کچەکان هەموو دەرکەوتن. کاتێکی زۆر خۆشمان هەبوو. هەموو خواردنەکانی دایکمیان زۆر بە دڵ بوو. هەموو دەستخۆشی زۆریان لەدایکم کرد. چەند جارێک دایکم لێی دوبارە ئەکردنەوە سوێندی ئەیان کە شەرم نەکەن. زوو زوو

بەناو بانگی ئەکردن ئەیوت: ـتوخوا. تاڤگە گیان، بەهار، سەرگوڵ، ئەرێ ئەوە کەی خواردن وا ئەبێت؟ دەی دە تێکەن.  دیمەنەکەیان زۆر ناوازە بوو. کاتێک کە لە نان خواردن بۆنەوە هەر کەسەو هەڵسا لە جێی خۆی دەستی کرد بە سفرە کۆکردنەوە یەکێ قاپەکانی لائەبرد یەکی سوراحی و پەرداخ، یەکێ سەوزەی سەر سفرەکەی کۆئەکردەوە، یەکێ پارچەی نانەکان کە وردبو کۆی ئەکردەوە. دایکیشم هاواری ئەکرد ئەیوت:

ـ کچینە کەس خواردنی ماوە فڕی نەیات، هەرچی مایەوە لە سەر سفرەکە خواردنی مریشکەکانی هاوژینە.  هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. ئیتر هەر کەسە شتێکی کۆئەکردەوە هەتاکو لەپڕێکا لە موبەقەکە دەنگە بەرز بۆوە بوو بە شەڕ. شەڕی قاپشتن دەستی پێکرد. هەر یەکە ئەیوت، من قاپەکان ئەشۆم، دوان پاڵی ئەنا، دوانی تر سوێنی ئەخوارد، یەکێک ئەیوت، بەخوا ئەبێت هەر خۆم بیشۆم چونکە؛ زۆرم حەز لە قاپ شتنە. دایکیشم لە ناوەڕاستی موبەقەکەیا بوو هاواری ئەکرد ئەیوت:

ـ بەوخوایە، کەستان دەستی تێوە نایەن. ئەیەڕۆ... توخوا بۆ حەیامان نابەن؟ دایکم بەخوا نایەڵم کەستان بیشۆن. دەی.. دەی.. بڕۆنە ژوری دانیشتنەکە با چایەکی جوانیشتان بۆ بێنم، بەقوربانتان بم، خۆ ئێوە هەموو رۆژێک لێرە نین. لە کۆتاییدا دایکم بە پاڵە پەستۆ هەموویانی ناردە ژوری دانیشتنەکە، ئینجا بانگی منی کرد وتی:

ـ بنار گیان، ئادەی بەقوربان بڕۆ لەگەڵ نەشمیل قاپەکان بشۆ. بەهەر حاڵ ئـەوان کاتێکی زۆر خۆشیان هەبوو. منیش وەخت بوو ئەمردم لەتاو هیلاکی. دوایـی ئێمەش کە تـەواو بووین لە قاپشتن و موبەق پاککردنەوە، چوینە ژوری دانیشتنەکە لەگەڵیان دانیشتین. کاتێکی زۆر خۆش وکچانەمان  بەسەر برد. هەرکەسە سەرگورشتەی خۆشی خۆی ئەگێرایەوە باسی زانکۆ باسی خێزان، ژیانی رۆژانـەی خۆیان ئەکرد.

وادەرئەکەوت هەموو دڵخۆش بن، هەستم ئەکرد، تەنها ئێمەین کێشەی زۆرمان هەیە تاکو ڕۆژێکی  خۆش ئەبینین، دە ڕۆژی ناخۆش بەسەر ئەبەین. هەندێک جار تەماشام ئەکردن هەر دوو دوو سەریان بە یەکەوە ئەنا. بە چرپە قسەیان لەگەڵ یەکتر ئەکرد. وابزانم ئەوەش ئەو کاتانە بوو کە باسی نهێنیەکی خۆیان ئەکرد. جار جاریش لەپڕ ئەیانداية  قاقای پێکەنین. هەر کەسە باسێکی سەیری لابوو ئەیگێڕایەوە. منیش جار جار بەشداریم ئەکردن. هەندێک جاریش بەجێم ئەهێشتن‌و ئەچووم یارمەتیی دایکم ئەیا. ئەو شەوە هەموو کچەکان لە ماڵی ئێمە مانەوە. لەگەڵ نازدار لەژوری سەرەوە خەوتن دوانیان لە جێگاکەی مندا خەوتبوون. هەتا درەنگ هەر خەریکی قسەو گاڵتەو گەپ بوون. کەسیان نەیانئەویست بخەون. تاکو دایکم بۆیان چووە سەرەوە. وتی:

ـ کچینە، ئێوە ئەم شەو بە تەما نین بخەون؟

هەموویان پێکەنین. یەکێک لە کچەکان وتی:

ـ لەوە ناچێت! ئەمشەو کەسمان حەزبکەین بخەوین. پاکیزە خان تۆ ئەمڕۆ زۆر ماندوو بویت، بڕۆ بخەوە.

نازدار وتی:

ـ دایکە گیان، تۆ بڕۆ بخەوە ئەزانم زۆر هیلاکیت، ئێمە جارێ خەومان نایەت، چەند وەختە ئەمانەوێت شەویکی وەکو ئەم شەوە دروست بکەین.

ئیتر دایکم بەڕویەکی خۆشەوە سەیرێکی هەموویان کرد ئینجا وتی:

ـ دەباشە. بەقوربان کەیفی خۆتانە. بەڵام ئەگەر ئەتوانن تۆزێک دەنگتان نزم بکەن، چونکە؛ مامە ساڵحتان بەیانی زوو هەڵئەستێت لە خەو ئەڕوات بۆ ئیش. بەیانیش ناوساجیتان بۆ ئەکەم، حەزئەکەم بەگەرمی بیخۆن.

وا دیار بوو هەموو قسەکەی دایکمیان بە دڵ بوو. حەزیشیان لە ناوساجی بوو. تاڤگە، کە هاوڕێ نزیکەکەی نازدار بوو، وتی:

ـ وەی تو خوا بە راستە؟ بە خوا ناوساجی ئەوە ئەهێنێت هەر ئێستا بۆی بخەوین. ئەو شەوە من و خونچەو نەشمیل لە ژوری دانیشتنەکە جێگامان بۆ خۆمان داخست لەویَ خەوتین.

بەیانیی رۆژ بۆوە من زوو هەستام لەخەو. رۆیشتمە چێشتخانەکە لەگەڵ دایکم بۆ ئامادەکردنی بەرچایی دایکم زۆری پێ خۆش بوو. بەڵام وتی:

ـ کچێ تۆ بۆ وا زوو هەستای لەخەو؟ خۆ دوێنێ شەو ئێوە هەر نەخەوتن. من هەتا درەنگ هەر گوێم لە دەنگتان بوو.

وتم:

ـ دایکە گیان بە خوا هەموو کاتەکە، من دڵم لای تۆ بوو. ئەزانم زۆر ماندوو بوویت. ئێمەش جێگامان لێ گۆڕا بوو. بۆیە خەومان لێ نەکەوت. ئیتر لەگەڵ خونچەو نەشمیل هەر قسەمان ئەکرد. خوا تۆمان لێ نەستێنێ.

دایکم باوەشێکی پیا کردم. وتی:

ـ بنار گیان، ئەزانی ماڵەکەم بەبێ تۆ زۆر چۆڵە!؟ کە تۆ لێرە نابیت جێگات زۆر دیارە.

وتم:

ـ بە راستە دایکە؟ خۆ من وامئەزانی تۆ زۆر گوێ بە من نادەیت؟ دایکم ئاوڕێکی لێدامەوە کەمێک بە توڕەیی

وتی:

ـ ئەو قسەیە چیە؟ کێ شتی وای پێ وتیت؟

وتم:

ـ وەڵلا کەس. بەڵام ئەوە هەستی خۆمە. تۆ زیاتر گوێ بە نازدارو نیاز نەشمیل نەوژین ئەدەیت.

دایکم لەو کاتەدا ناوساجی دروست ئەکرد. بەو بەیانییە زووە تەشتێک هەویری شێلابوو. بەڵام کە من وام پێ وت:

ـ دایکم ناوساجیەکەی کردە ناو رۆنەکەوە. زۆر بەتوندی شانی راوەشانم. وتی:
ـ بنار، جارێکیتر ئەو قسەیە دووبارە نە کەیتەوە. دایک هەموو مندالّەکانی خۆی وەکو یەک خۆش ئەوێت. بەلاّم هەندیک جار گویّ بە یەکی زیاتر بدات، یان کەمتر ئەوە لەبەر ئەوە نییە یەکێکیانی زیاتر خۆش ئەوێت. هەندێک جار یەکێک لە منالّەکان زیاتر گویّ ئەگرن. هەندێکیان کەمتر. بەلاّم هەمووتان وەکو یەک خۆشەویستن. لە ناو دلّمان. خوای گەورە ئێوەم لیّ نەستێنیّ.
لە پڕێکدا باوکم هاتە ژووری چێشتخانەکە. وتی:
ـ ئەریّ بەم بەیانییە ئەو چەڕە دووکەلّە چییە؟ خۆ ئەوە سووتا. دەک لەشتان ساغ نەبێت. دوو ژن وەستاون بە دیار تاوەیەکەوە. ناوساجیەکەش سووتا. تو خوا ئەوە ئیشە ئێوە ئەیکەن؟
منو دایکم دامانە پڕمەی پێکەنین. خێرا تاوەکەمان بردە دەرەوە. باوکیشم هەر بۆلّەی ئەکرد بەسەرمانا. دایکم رۆنیتری گەرم کرد بۆ ئەوەی ناوساجییتر سوربکاتەوە. ئیتر کچەکانیش یەک بە دوای یەکدا هەلّسانو ناوساجیو ماستیان خوارد. باوکم رۆیشت بۆ ئیش.
نازدار هاتە لامەوە. وتی:
ـ بنار؟ تۆزێکی کە هەموو ئەڕۆین بۆ مالّی پەخشان ئەبێت تۆش بێیت.
وتم:
ـ نازدار گیان بڕوا ناکەم.
وتی:
ـ بۆ؟ پەخشان بە تایبەتی پێی وتم کە تۆش بێیت.
وتم:
ـ منیش حەز ئەکەم، بەلاّم دایکم ئەبێت بە تەنها ئەو هەموو ئیشە بکات؟ ئەزانم دوایی زۆر ماندوو ئەبێت. من ئەمەوێت یارمەتی بیەم.

نازدار وتی:
ـ ئەی خونچە؟ ئەی نەشمیل ئیشیان چییە؟ با ئەوان یارمەتی بەن. تۆش زۆر ماندوو بوویت.
نازدار زۆری لێکردم. ئیتر ئەو رۆژە ماڵی ئێمە وەکو بەشی ناوخۆی لێهاتبوو. پڕ بوو لە کچان.
سەرگوڵ یەکێک بوو لە هاوڕێ کۆنەکانی نازدار ئەو رۆژە کاتێک هەموو مەژغوڵی خۆ ئامادە کردین بوین بۆ رۆیشتنمان بۆ ماڵی پەخشان، ئەو بە ناو ماڵەکەدا ئەسووڕایەوە جارو بارە بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی منی ئەکرد، دوایی لای ژووری دانیشتنەکەوە راوەستا. ئینجا خۆی نزیککردەوە لە منو بە دەنگێکی نزم وتی:
ـ بنار... راسپاردەیەکم پێیە. ئەمەوێت پێت بڵێم. بەڵام نازانم چۆن؟
وتم:
ـ راسپاردەی چی؟ ئەی بۆ وا هێواش قسە ئەکەیت؟
سەرگوڵ وتی:
ـ کچێ وس بە، با کەس گوێی لێمان نەبێت. خۆت ئەزانیت ئەم باسە لە ماڵی ئێوە چەند قورسو گرانە!
وتم:
ـ دەی، توخوا چییە؟ بیڵێ. هەر تۆ مابوویت باست بۆ من پێبێت.
هەردووکمان پێکەنین.
سەرگوڵ وتی:
ـ بنار گیان، بە خوا من حەزم نە ئەکرد هەواڵی وات بۆ بێنم. هەر چەندە پێشووتریش من شتێکی وام لەگەڵ نازدار باس کرد، بەڵام وا بزانم تۆ گوێت پێ نەدا.

منیش لەو کاتەدا دڵم کەوتە خێرا لێدان. وتم:
ـ دە بەسە. دڵم تەقی. خێرا بیڵێ.
وتی:
ـ با بچینە شوێنێک کەسی لێ نەبێت. با کەس گوێی لێمان نەبێت.
وتم:
ـ باشە ژووری دایکمو باوکم کەسی لێ نییە.
کە چووینە ئەوێ، سەرگوڵ چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا. وتی:
ـ ئەی لەم ژوورە جوانە! وا دیارە دایکت زەوقی زۆر جوانە. شتەکانی هەمووی ڕێکخستووە.
هەر بە دەم قسەکانییەوە لە سەر قەراغی سیسەمەکە دانیشت. منیش هەر لەبەردەمی ئەودا راوەستام. وتم:
ـ تۆ جارێ واز لە جوانیی ئەم ژوورە بێنە. وەرە سەر باسەکە!
سەرگوڵ وتی:
ـ پێشەکی ئەبێت پەیمانم بدەیتێ کە ئەم شتە لە نێوان منو تۆدا ئەبێت. ئەگەر نا، ئەوا خوشکم تووشی کێشەی زۆر ئەبێت.
وتم:
ـ خوشکی تۆ؟ بۆچی؟ تۆ باسی چی ئەکەیت؟ ئەترسم دیسان وەکو جاری پێشوو هەڕەشەیان بۆ ناردبم!
سەرگوڵ وتی:
ـ زۆر بە داخەوە. بەڵێ. دایکی کامەران بە خوشکمی وتووە، کە بە تۆ بڵێت واز لە کامەران بهێنیت، چونکە کچی پووری خۆیان بۆ داناوە. ئەشبێت هەر ئەو بهێنێت. بەڵام کامەران بەمە نازانیت. وتوویەتی پێی بڵێ، کە من بە هیچ شێوەیەک ناهێڵم کامەران کچی کاک ساڵح بهێنێت.

وتم:

ـ باشە بنار گیان، دایکی کامەران بۆچی ئەوەندە رقی لە تۆ بوو؟ هیچ هۆیەک هەبوو، کە جێگای ئەوە بێت وا بەربەرەکانێی تۆ بکات؟

بنار وتی:

ـ نا فێنک... هەرگیز من نەم دیبوو. ئەویش منی نەبینی بوو. نە ئەمناسی، نە ئەو منی ئەناسی. من، هەر کەسێک لە لایەن کامەران بووایە خۆشم ئەویست. بە تایبەتی دایکی. چونکە دایکی خۆشەویستەکەم بوو. بەڵام ئەو زۆر بێ ئاگا، بێ ویژدانانە حوکمی منی ئەدا. بێ ئەوەی بمناسێت. سەرەتا من گوێم بە هەڕەشەکانی نەئەدا. بەڵام دوای ئەوەی، بە تایبەتی پوورم، کە هەندێک راستیی لا باس کردم، هەندیک شتم بۆ روون بووەوە. ئەویش لە کاتی خۆیدا باسی ئەکەم. ئەو کاتە تێگەیشتم بۆچی منی لا پەسەند نەبوو. کە ئەوەش هیچ گوناهێکی منی تیادا نەبوو.

بنار دڵی پڕ بوو لە قسەو گلەیی. زۆر باش ئەمزانی، کە چەند ساڵە ئەم ناهەقییەی لە کۆڵ گرتووە. پێوەی ئەتلێتەوە. بۆیە دەرگای خۆشحاڵیو دڵنیاییم بۆ خستە سەر پشت. هەتا ئەهات رووداوە ناخۆشەکانیو بەسەرهاتە سەیرەکانی بۆ ئەگێڕامەوە. هەندێک جار دڵی پڕ ئەبوو لە قووڵپی گریان. چاو پڕ لە فرمێسک. هەر چەند ئەیویست بیانشارێتەوە بەڵام کە فرمێسکەکانی ئیتر خۆیان پێ قەتیس نەئەکرا لە گۆشەی چاویدا بە ناچاری بە سەر روومەتە زەردهەڵگەڕاوەکانیدا ئەهاتنە خوارەوە. دوایی بە دەم پێکەنینێکی زۆر ناسکو پڕ لە شەرمەوە وتی:

ـ تو خوا با بۆ تۆزێک بێدەنگ بم. ببورە فێنکی دڵم... هەموو کات کە بەسەرهاتێکت بۆ باس ئەکەم برِوام پێ بکە ئەچمەوە ئەو کاتەو ئەو شوێنو ئەو زەمانە.

بۆ ماوەیەک هەردووکمان زۆر بێدەنگ دانیشتین. بەڵام ئاگادار بووم بنار بیری لە چی ئەکردەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:
ـ بەردەوامبین؟
وتم:
ـ بێگومان.
بنار وتی:
ـ کاتێک سەرگوڵ ئەو قسانەی ئەکرد من حەزم ئەکرد بڵێم بڕۆ بە دایکی کامەران بڵێ؛ من کامەرانم خۆش ئەوێت. هەزاری وەکو ئەو ناتوایێت خۆشەویستیی من راگرێت بۆ کامەران، کاتێک ئێمە یەکترمان خۆشویست، داوای مۆڵەتمان لە کەس نەکرد. ئێمە خۆشمان نەمانزانی ئەوە چۆن روویدا. چۆن دروست بوو. ئێمە بڕیارمان نەدابوو یەکترمان خۆشبوێت بەڵام ئەوە قەدەری ئێمەبوو. خۆشەویستی کاری خوا کردە. بە دەست من، تۆ، ئەو نییە. مەگەر ئەوەی ئەیەوێت دەست بخاتە ئیشی خواوە؟ ئەوە ئەبێت شەیتان یارمەتیدەری بێت. ئەمویست ئەمانەو زۆر شتیتریشی پێ بڵێم، بەڵام ئەوەندە قورگم پڕ بووبوو لە گریان، هیچم بۆ نەئەوترا. تەنها فرمێسک بوو، کە بە بێدەنگ بە چاومدا ئەهاتنە خوارەوە. سەرگوڵ، کە منی بەو جۆرە بینی، هەستایە سەرپێ، باوەشێکی پیادا کردم. وتی:
ـ من داوای لێبوردن لە تۆ ئەکەم. بڕوا بکە من نەمئەزانی تۆ ئەوندە دڵت بە کامەرانەوەیە. تکات لی ئەکەم وا لە خۆت نەکەیت  هەموو شت نسیبە. ئەگەر تۆو کامەران چارەنووستان بۆ یەک بێت بێت کەس ناتوانیت رێگرتان بێت. بڕوا بکە... بنار گیان... من نەمئەویست ئەو قسە ناخۆشە بە تۆ بڵێم، بەڵام دایکی ئەو کامەرانە زۆر کەللە رەقە. خۆی هەموو شتێکە لەماڵدا. کەس بە پیاو نازانێت. قسە قسەی خۆیەتی. ئەوەی ئەو ویستی ببێت، هەر

ئەوەیە. بۆیە ویستم ئاگادار بیت، کە ئەو ژنە دەسەلاتی زۆرە لەو ماڵەدا. بەلام بۆچی تۆی ناوێت؟ من نازانم. زۆریش سەیرە. هەر چەندە خوشکم هەر وەکو خۆت، باسی تۆی بۆ کردووە. کەچی هەر وتوویەتی من حەزم لێیان نییە. ئەبێت کامەران کچی پووری، یان کچی خاڵی بهێنێت. کامەران ئەبێت کچێکی زۆر جوانی وەکو خۆی بالا بەرزو قۆز لە خزمی خۆمان بهێنێت. وتوویەتی من خۆم دەمێکە بۆم دەستنیشان کردووە.

سەرگوڵ زۆری قسە بۆ کردم. لە هەمان کاتدا هەستی بە پەشیمانبوونەوە کرد. لە کۆتایێدا وتی:

ـ بنار، وازی لێ مەهێنە. قابیلە چی ئەکات؟! بە خوا ئەگەر کامەرانیش بە راستی تۆی خۆش بوێت، هەر ئەتهێنێت. گوێ لە قسەی دایکی ناگرێت. کەی زەمانی ئەوە ماوە بە قسەی دایک ژن بهێنرێت.

## ـ ٥٨ ـ

چەند رۆژێکمان مابوو بگەڕێینەوە بۆ مووسڵ. پوورە بێگەردم تەلەفۆنی کرد. وتی:

ـ بۆ نیوەڕۆ وەرن بۆ ماڵی خۆمان، بریانییەکی زۆر خۆشم لێناوە. حەز ئەکەم بناریش لێی بخوات پێش ڕۆیشتنەوەی .

هەموو بڕیاریان دا بچین. هەر زوو خۆیان ئامادەکرد. دایکم وتی:

ـ با زوو بڕۆین‌و زووش بێینەوە لەبەر باوکتان. خۆ ئەبێت بۆ ئێوارە شتێکی بۆ لێبنێم.

هەموو خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون. بەڵام من زۆر بێتاقەت ئەجووڵامەوە. هەرچۆنێک هەوڵم ئەداو ئەمویست وا خۆم دەرخەم، کە دڵخۆش‌و ئاسوودەم، بەڵام وا دیار بوو هەستیان پێکردبووم. بۆیە خونچە هاتە لامەوە. وتی:

ـ ئەوە چیتە؟ بۆ وا دەموچاوت داوە بە یەکا؟ چی بووە دیسان؟ بۆ خۆت ئامادە نەکردوە؟

وتم:

ـ هیچ هەر حەز ناکەم بێم بۆ ماڵی نەنکم. من بێتاقەتم.

نەشمیل کە گوێی لێمان بوو. وتی:

ـ بۆ دادە بنار؟ ئەتەوێت نیاز بڵێت ئاخۆ بۆ لە ماڵەوە ئەمێنێتەوە؟ گومان بکات بڵێت بە تەمای چییە؟

وتم:

ـ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ من بە تەمای چیم؟

نەشمیل وتی:

ـ دە چوزانم؟ توخوا بە هەڵە تێمەگە. من مەبەستم هیچ نییە. تەنها ترسی نیاز. ئێستا ئەڵێت ئاخۆ بنار بۆ ئەیەوێت لەماڵەوە بێت!؟ بۆ ئەوەی قسە بە تەلەفۆن بکات!

وتم:

ـ ئەی بە قوربانی ئەقڵی هەمووتان بم. من ئەگەر بمەوێت قسە لە گەڵ کامەران بکەم، تەلەفۆنم بۆ چییە؟ هەر ئەبێت لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بێت؟ کچێ خۆ تۆ ئاگاداریت. ئەزانیت من پێویستم بە تەلەفۆن نییە. هەر بۆ زانیاریشت، منو کامەران هەرگیز وازمان لە یەک نەهێناوەو وازیش لە یەک ناهێنین. باشە؟

نەشمیل بەترسەوە سەیرێکی خونچەی کرد و.ئینجا خونچە. وتی:

ـ کچی وس بە. بە هیواشی. با نیاز گوێی لێ نەبێت. بیرت چوو پار... چەندی هەڕەشە ئەکرد؟

وتم:

ـ نەخێر بیرم نەچووە. بەڵام نیاز خۆی پەیوەندیی لەگەڵ دەیان کچدا هەیە. ئەویش بۆ رابواردنو دەست گەرمکردنەوەیە، نەک بۆ خۆشەویستی. حەز ئەکەم تێبگەنو هەموو ئەو راستییە بزانن، کە منو نیاز جیاوازین. دوو کەسی جیاوازین. هەر کەس بە جۆرێک ئەڕوانێتە پەیوەندیو خۆشەویستی. لەوانەیە نیاز لە بۆچونی خۆیەوە سەیری من بکات. کاتێک ئەو دەست بە کچی خەڵک گەرم ئەکاتەوە، وا ئەزانێت هەموو کوڕێک وا بیری لێ ئەکاتەوە. نەخێر... وا نییە. شێوەی پەنجەکانی دەست وەکو یەک نین. حەز ئەکەم ئەمەش بگەیەنیتە دایکمو هەموو ئەو راستییە بزانن منو کامەران بۆ یەک دروست بووین. ئەو بۆ من، من بۆ ئەو. هیچ هێزێک نییە بتوانێت من بوەسێنێت لە خۆشەویستیم بۆ کامەران. ئەزانم ئەویش وایە.

با هەموو دنیا ڕێگرمان بێت، من هەر زیاترو زیاتر ئەوم ئەوێت.
خونچە، بە تووڕەییەکەوە وتی:
ـ بەڵێ، بەڵێ، وایە. بە قوربان.. تۆ دەرەقەتی دوو خێزان نایەیت، بە تایبەت دایکی کامەران. خۆشت باش ئەزانیت. منیش هەربەدەم تووڕە بوونەوە، بە نابەدڵی خۆم ئامادە کرد، بۆ ئەوەی دڵی ئەوان رازی بکەم.
وتم:
ـ قسە هەزارەو دووانی بە کارە. ئیوە ئەگەر تەواو بوون، با بڕۆین. دایکمو نازدار چاوەڕێمان ئەکەن.
ڕۆیشتین. هەر چەندە من زۆر دڵم ناخۆش بوو.

پوورم بریانییەکی زۆر خۆشی لێنابوو. دوای نا خواردن، هەموو سفرەمان کۆکردەوە. دوایی پوورم بانگی نەشمیلی کرد. وتی:

- ئادەی شلە خان، وەرە ئەو پیاڵانە بەرە بۆ ژوری دانیشتن بەخوا حەزئەکەم لەسەر عەرزەکە دانیشم و چاتان بۆ تێکەم، خۆشم سەماوەرەکە ئەهێنم. زۆری پێ نەجوو، پوورم چای بۆ هەمووان تێکرد. باپیرەشم لەولاوە لە سەر تاکێک قەنەفە دانیشتبوو. بە تەنیشت نەنە حەلاو چایەکی بەدەستەوە بوو ئەیخواردەوە. لە پڕێکدا پیاڵەکەی داناو وتی:

- ئەرێ بێگەرد؟ رۆڵە، ئەو چایە بۆ گەرم نییە؟

پووریشم دەستی کرد بە پێکەنین. وتی:

- باوکە گیان سەماوەرەکە خەریکە دێتە زمان. ئاگات لێیە چۆن قولْپ ئەیات؟

باپیرم وتی:

- دە وەڵا چایەکەی من ساردە! ئەڵێی دەمی مردوە. خێرا چایەکی گەرمم بۆ تێکە.

ئێمەش پێکەنین.

دایکم وتی:

- بەو خوایە باوکە، چایەکەی من ئەوەنە گەرمە! دامناوە تا تۆزێک سارد بێتەوە. نازانم ئەوەی تۆ بۆ ساردە؟

نەنە حەلاویش بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەی حاجی تۆ لەو ساوە خەریکی تەزبێحاتی، ئیتر سارد بووە.

زیاد لە نیو کاتژمێر گفتوگۆ لە سەر ئەو چایە بوو. دانیشتنەکەمان زۆر خۆش بوو. من خەریک بووم وردە وردە خەفەتەکەم ئەڕەوییەوە. پاش نیوەڕۆیەکی هێشتا زوو بوو. لە پڕێکدا هەر وەک هێرشی مەغۆلو تەتەر

ماڵی پوورەکانم بە خۆیان‌و منداڵەکانیانەوە خۆیان کرد بە ماڵداو هاتن. ئیتر دانیشتنەکەمان خۆشتر بوو. ئینجا ماڵی خاڵەکانم هاتن. ئەوانیش قوسوریان نەکرد بوو لە هینانی منداڵە وردەکانیاندا. ئیتر لە ماڵی باپیرم بوو بە فەرتەنەیەک، کەس ئاگای لە کەس نەبوو. هەر یەکەی لە ئاشێکی لێ ئەدا. واتە هەر کەسەی باسێکی ئەگێڕایەوە. کەس ئاگای لەوی‌تر نەبوو. زۆر راستە ئەڵێن ئەگەر دوو ژن کەوتنە یەک، کەس لە کەس تێناگات. بەڵام ئەگەر بوون بە سیان، ئەوە کەس لێیان تێناگات. سەر باقی ئەو هەموو دەنگە دەنگە، لە پڕێکدا قاقایەک بەرز ئەبووەوە. ئینجا هەر لە هەمان کاتدا گوێت لە زریکەی منداڵێک ئەبوو، کە لێدانی بە دەست منداڵێکی‌ترەوە ئەخوارد. ئەوسا ئەبوو بە شەڕێک، پیاوم ئەویست خۆی رزگار بکات. دایکیشم زۆر سەربەرزانە دەنگی بەرز ئەکردەوە ئەیوت:

- لە خوا بە زیاد بێت، کە من منداڵی وردم نییە.

ئینجا هەر، بە دەم پێکەنینەوە جارێکی ترئەیوتەوە:

- سوپاس بۆ خوا، کە منداڵی من هەموو گەورەن. وەک منداڵەکانی ئێوە شەر ناکەن.

ئیتر ئەو رۆژە هەرچەند زۆر قەرەباڵغ‌و دەنگە دەنگی زۆری تیا بوو، بەڵام زۆر خۆش بوو. ئینجا وا بزانم دایکم دوای هەموو قسەو پێکەنین باوکمی بیرکەوتەوە. لە پڕێکدا وتی:

- ئا دەی کچینە. دەی بکەونە خۆتان. با ئێمە چۆڵی بکەین‌و بەرەو ماڵ بکەوینە رێ.

هەر چەند نەنکم‌و پوورم داوایان لێکرد، کە بمێنینەوە بۆ ئێوارە، بەڵام دایکم رازی نەبوو. وتی:

- ئاخر ئەبێت بڕۆین‌و ئێمەش کەوچکێک چێشت لێنێین بۆ باوکی منداڵان‌و نیازیش دایکی بمرێت لە ماڵە. ئێستا ئەزانم برسییەتی.

پووریشم وتی:

ـ ئینجا دایکی بۆ بمرێت؟ بۆ ئەویش نەهات؟ خۆ بەشی ئەویش خواردن کرابوو؟!

ئیتر ئێمە خەریک بوو خواحافیزیمان ئەکرد، پوورە بێگەرد هاتە نزیک منەوە. وتی:

ـ بنار؟ تۆ ئیمشەو لێرەبە. مەڕۆرەوە. خۆ هێشتا کاتت ماوە لێرە بیت.

منیش سەیرێکی دایکم کردو وتم:

ـ ئاخر دایکم گوناحە.

پورم وتی:

ـ بۆ گوناحە؟ ئەوە نییە ماشەڵا سێ کچیتری لایە؟ دانیشە... دانیشە. مەرۆرەوە. بە خوا ناهێڵم تۆ بڕۆیت. وا ئەچێت بۆ دوو ساڵ شەوێک نەماویتەوە لێرە. ئەوە چییە؟ ئەڵێی لە خۆت بایی بوویت؟

وتم:

ـ نەبەخوا... پووریێ گیان، وا نییە. من چەند رۆژێکیتر ئەڕۆمەوە. ئیتر خوا ئەزانێت کەی ئەگەڕێمەوە. ئەزانم دایکم زۆرم بیر ئەکات.

پوورم وتی:

ـ کچێ گوێ بگرە. پووری گەورەت ئەڵێت ناڕۆیت. ئیتر یەعنی ئەتەوێت قسەم بشکێنیت؟ دوای ئەوە بە شەوێک هیچ نابێت.

پاڵێکی پێوەنامو رۆیشت بەرەو دەرگای دەرەوە. هاواری لە دایکم کرد. وتی:

ـ باجی پاکیزە؟ ئەوە من ناهێڵم بنار بێتەوە لەگەڵتان. ئیمشەو میوانی منە.

دایکیشم وتی:

ـ ئەگەر خۆی حەز ئەکات، با لێرە بێت.

منیش خەریک بوو بڕۆم. پوورم گەڕایەوە. وتی:

ـ دانیشە. تەواو. دایکت رازی بوو.

هەر بە دەم پێکەنینەوە منیش وتم:

ـ دە باشە. بەڵام با بڕۆم خواحافیزییان لێ بکەم.
کە چووم، نازدار وتی:
ـ دەی باشە با وا بێت.
نەشمیل وتی:
ئەی بیرمان ناکەیت؟
وتم:
ـ بەڵێ بیرتان ئەکەم. بەڵام پورە بێگەردیشم بیرم ئەکات. بەیانی زوو ئەگەڕێمەوە.
لەو کاتەدا زۆرم حەز ئەکرد بڕۆمەوە. بەڵام لە پڕێکدا شتێکی زۆر سەیر بە مێشکمدا هات، کە ئەگەر بمێنمەوە، ئەتوانم خۆم زانیاریتر لە بارەی ماڵی باوکی کامەران وەربگرمو هۆی پەسەند نەکردنی من لە لایەن دایکییەوە چییە، چونکە من ئەمزانی، کە پووری گەورەم شت هەیە، کە ئەو ئەیزانێت. ئیتر بڕیارم دا بمێنمەوە. وردە وردە میوانەکان ڕۆیشتن. هەتا کات بوو بە دەی شەو. کەسی تیا نەمایەوە. هەمووی چۆڵی کرد. دوایی نەنکمو باپیرم مانەوە لەگەڵ خاڵە سمایل. وا دیار بوو ئەوانیش خەویان ئەهات. زۆری نەبرد، ئەوانیش شەو باشیان کرد. مایەوە سەر منو پووری گەورەم، کە هەر چەند جیاوازیی تەمەنمان زۆر بوو، بەڵام زۆرمان یەکتر خۆش ئەویست. ئەو پوورەم کچی گەورەی ماڵ بوو. بێجگە لە دایکم، خۆی هەموو خوشکە بچوکەکانی خوار خۆی گەورە کردبوو. ئاهەنگی شووکردنو ناڵبوونیان هەر ئەو بۆی ئەگێڕان. ئیشوکاری ماڵ هەمووی هەر لە سەر ئەو بوو. گەورەی ماڵ خۆی بوو. دەستو دڵی فرەوان بوو. حەزی زۆرلە میوان ئەکرد. خزمەتی هەموو خۆشکو براکانی ئەکرد. لە هەموو بۆنەکانی ئەو تایافەیەدا هەر خۆی خەمخۆری هەموو شتێک بوو. لە بەر خاتری خزمەتکردنی دایکو باوکی، خۆی هێشتەوە. شووی نەکرد. ئیتر بە کورتییەکەی. ئەو ماڵی ئەبرد بەڕێوە.

## - ٦٠ -

کاتێک هەر خۆمو پوورمماینەوە، زۆری پرسیار لێ کردم دەربارەی شتی جیاواز وەکو؛ خویندنەکەم، چۆنێتی ژیانم لە مووسڵ، توانای خۆپاراستن لە پیاوەکانی رژێمی بەعس کە رۆژانە هەوڵیان لەگەڵ ئەدایین تاکوو ببینە یەکێک لە لایەنگرانی رژێم. هەروەها پرسیاری تایبەت لە بارەی هاوڕێکانم. زۆرینەی پرسیارەکانیم بە راستی وەڵام دایەوە. دوایی کەوتە باسی ژیانی خۆی.. پورە بێگەرد، هەر لە منالّیمەوە متمانەی زۆری بە من هەبوو، شتی زۆر نهێنی لەنێوان من و ئەودا هەبوو، کە هەتا ئەوکاتەش هیچ کەسێک پێی نەزانیبوو. تەنانەت نهێنی ژیانی خۆی تەنها بۆ من باس ئەکرد. هەموو جار پێی ئەوتم:

- بنار گیان، ئەم قسانەی بۆ تۆی باس ئەکەم، تەنانەت خوشکەکانیشم نەیانزانیوە.

منیش ئەموت:

- پووریّ گیان، ئێمە کەی شتی وا لە نێوانماندا هەیە؟ خەمت نەبێت. ئەو شەوەش، پورم زۆری باسی خۆی وخەمەکانی دڵی بۆ کردم، وادیار بوو دەمێکبوو چاوەڕێی شەوێکی وەک ئەو شەوەی ئەکرد. تاکوو، ئەو هەموو داخانەی خۆیم بۆ هەڵڕێژێت. منیش زۆر بە دڵفراوانی گوێم بۆڕاگرتبوو بەجۆرێک، کە هەموو گیانم بۆ کردبوو بە هەستو خۆشەویستی تا کوو بە هەموو دڵیەوە خەمەکانیم بۆ باس بکات. بۆئەوەی هیچ نەبێت تۆزێک دڵی رەنجاوی ئارام بێتەوە. ئینجا لە پڕێکا پورم تۆزێک وەستاو وتی:

- بنار، کەی هەستت کرد خەوت دێت، پێم بڵێ. زۆر لە خۆت مەکە. ئەزانم تۆ فێریت. شەو زوو ئەخەویت.

منیش پێکەنیم. وتم:

ـ نا پووریَ گیان. ئەوە جاران بوو. ئێستا زوو بچمە ناو جێگا، یان درەنگ بۆ من وەکو یەکە خەوم نییە.

وتی:

ـ بۆ؟ گیانەکەم؟ بۆ خەوت نییە؟ ئەترسم عاشق بیت!

ئەمویست بڵێم بەڵێ، بەڵام من شەرمم زۆر لە پوورم ئەکرد. هەرچەندە ئێمە هەموو قسەیەکمان لەگەڵ یەک ئەکردو زۆر بە مێشکی فرەوانەوە باسی خواستەکانمان بۆ یەکتر ئەکرد. پوورم هەرچەند تاکو سێی ناوەندیی خویندبوو، بەڵام زانیاریی زۆری لابوو. رۆشنبیر بوو. خۆشی بە شۆڕشگێڕو سیاسی ئەزانی. من لە منالێمەوە ئەمزانی کە پوورم بە نهێنی خەریکی چالاکیی سیاسی بوو. بە نهێنی. خەریکی کۆبوونەوە ئەبوو، لە گەڵ چەند کەسانێک لە چەند ماڵێکی ناو شار. چەند جارێک منی بۆ ئەو ماڵانە لەگەڵ خۆی بردبوو. من ئەو سەردەمانە هێشتا منالّ بووم. بۆ ئەو مەبەستە منی ئەبرد، کە بڕۆم لەو دەرگای ماڵان بدەم، کە ئەگەر کردیانەوە، خۆی دڵنیا بێت. ئینجا لە ماڵەکە نزیک ببێتەوە. هەندێک جاریش کە ئەڕۆیشتن، پوورم پێی ئەوتم، کە دەرگاکەیان لێ کردیتەوە، ئەو زەرفەیان بدەرێ. منیش بە قسەم ئەکرد، بێ ئەوەی بزانم چیی تیابوو. بە راستی من ئەو کاتە تێنەئەگەیشتم. نەمئەزانی پوورم بۆچی وا ئەکات! بەڵام، کە گەورە بووم، ئینجا زانیم، مەبەستی چی بووە منی بۆ لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو ماڵانە ئەبرد. پوورم ئەو شەوە هەر پرسیاری لێ ئەکردمو وەڵامم ئەدایەوە. پێم وت:

ـ پووریَ، ئێستا سەرەی منە پرسیار بکەم.

وتی:

ـ دەی فەرموو دڵی پووریَ. چییە پرسیارەکەت؟

وتم:

ـ بیرتە جارێکیان تۆ لێت پڕسیم ئەگەر من پەیوەندیم هەیە لەگەڵ کوڕی حەپسەخان خۆ بیرتە ئەزانی باسی کێ دەکەم؟

پوورم تۆزێک وەستا، ئینجا توزێک چاوی کز کرد، وتی:

ـ بەڵێ، بەڵێ، بیرمە. بۆ پرسیار ئەکەیت؟ بنار تو خوا مەمترسینە. نەڵێیت هێشتا لەگەڵیام.

وتم:

ـ دە باشە هیچ. تەواو.

وتی:

ـ چی هیچ تەواو؟ دەی پێم بڵێ. باسی بکە. بەڵێ بیرمە. ئینجا ئێستا چی بووە؟ چی تازە روی داوە؟

وتم:

ـ بەڕاستی؟ پێت بڵێم؟ ئەتەوێت بزانیت؟

وتی:

ـ هەرچییەکت لە دڵدایە بیڵێ. هیچم لێ مەشارەوە.

ئیتر هەر، کە وای پێ وتم، دڵم خۆش بوو. وتم:

ـ پوورێ گیان، من زۆر حەز ئەکەم یەکێکی زۆر دڵسۆز هەبێت، کە بتوانێت گوێم لێ بگرێت وەکو تۆ. یەکێک کە لێم تێبگات. من زۆر جار ئەمویست هەموو شتێک بۆ نازداری خوشکم باس بکەم، بەڵام ئەو زۆر تووڕە ئەبوو.. زۆر ئەترسا.. نەیتوانی یارمەتیم بدات. بۆیە وام لێهات، کە درۆ بکەمو راستیی پەیوەندییەکەم لە هەموویان بشارمەوە. ئەوەش زۆری ئازار یاوم. من ویستوومە ئەوان، چ دایکمو چ خوشکەکانم، هەموو بزانن. ئاگادر بن. حەزم لیێ نەبوو درۆ بکەم، بەڵام ترسی ئەوان منی فێری درۆ کرد.

پوورم وتی:

ـ ئێستا ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ چی هەیە پێمی بڵێیت؟ چی لە نێوان تۆو کوڕی ئەو ماڵە هەیە؟
من هەموو باسەکەم لە سەرەوە هەتا ئەو ڕۆژە بۆ پوورم گێڕایەوە. پووریشم هەر زۆر بە ڕاستی گوێی بۆ باسەکەم شل کردبوو. من جار جار دڵم پڕ ئەبوو. ئەگریام. پووریشم دەستی ئەگرتمو فرمێسکەکانمی بۆ ئەسڕیم.
وتم:
ـ پووریێ گیان زۆر دڵم شکاوە ئەمڕۆ زۆر غەمبار بووم، کە هاتم بۆ ئێرە. ئەمەوێت پێم بڵێی تۆ چی ئەزانیت؟ بە ڕاستی تکایە... هیچم لێ مەشارەوە.
پوورم هەموو کاتەکە هەر گوێی ئەگرت، هیچی نەئەوت. ئینجا لە پڕێکدا وتی:
ـ هەی نەگبەتی بەخت ڕەش، تۆ بۆ لەم هەموو کوڕی دنیایە کوڕی ئەوانت خۆش ویست؟ من زوو پێم وتیت واز بێنە. بەڵام خۆ تۆی کەللە ڕەق بە قسەی کەس ناکەیت؟
وتم:
ـ پووریێ گیان، بۆ کامەران چییەتی؟ کوڕی ئەو ماڵە عەیبیان چییە؟ من ئەمەوێت ئەوە بزانم. بۆ ئەوان نا؟
لە دڵی مندا کامەران تاقانەیە. لە لای من، خوا هەر ئەوی دروست کردووە. من کەسی‌تر نابینم لەو زیاتر. پوورم وتی:
ـ من زووتر پێم وتیت.
وتم:
ـ بەڵێ ئەو کاتە تۆ پێت وتم:
ـ بنار جاریێ زووە بۆ دڵداری. هێشتا مناڵیت.

منیش وتم:
ـ پووریَ گیان خۆشەویستی ساڵو تەمەنو جوانو هەژارو دەوڵەمەند نازانێت. ئەی تۆ نازانیت خۆشەویستی پێوەری نییە؟
پوورم وتی:
ـ ئەگەر ئێستا من پێت بڵێم بۆ ئەوان تۆیان ناوێت، تۆ واز لە کامەران ئەهێنیت؟
وتم:
ـ نا... بە هیچ جۆرێک من واز ناهێنم. ئەگەر کامەران کەسێکی بەد رەوشت، یان مرۆڤێکی خراپ بێت. بەڵێ. بەڵام کامەران کەسێکی زۆر چاکە رەوشت بەرزە. ئیتر بۆ وازی لێ بهێنم؟
پوورم وتی:
ـ ئەی کەواتە بۆ پێت بڵێم؟ تۆی کەللە رەق هەر لە سەر عەشقی خۆت سوور بە، هەتا بێ ئەنجام ئەتبینم.
وتم:
ـ نا.. تو خوا وا مەڵێ. انشالله وا نابێت. دە تۆ هەر چۆنێکە ئێستا بۆم باس بکە!
پوورم تۆزێک بێدەنگ بوو، وەکو شتێکی بیر کەوتبێتەوە. وتی:
ـ جاری راوەستە. با بزانم هەموو تەواو خەوتن؟ نەبا کەس گوێی لێمان بێت. وەکو ئەڵێن دارو دیوار گوێی هەیە.
ئینجا هەستاو گەشکەیەکی بە ناو ماڵەکەدا کرد، دوایی بەرەو ژووری چێشتخانەکە رۆیشت، ئینجا لەو سەر هاتەوە سینییەکی پێ بوو، قاپێکی لە سەر بوو. چوار پاقلاوەی تیا بوو. دوو پەرداخ ئاویشی لە سەر بوو. بە دەم پێکەنینەوە وتی:
ـ فەرموو... کچە عاشقەکە ئەو پاقلاوەیە. خۆم کردوومە. بزانە چۆنە؟

منیش دەستم برد دانەیەکم هەڵگرت. پێش ئەوەی بیخۆم. وتم:
- هەرچی تۆ بیکەیت خۆش‌و بە لەزەتە.
گازێکی بچووکم لێ گرت. لە راستیدا زۆر خۆش بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی، کە من زۆر دوودڵ بووم، بۆم نەخورا. وتم:
- پووریێ گیان کاتی پاقلاوە خواردن نییە. درەنگە.
دامنایەوە. پوورم وتی:
- ئەوە بۆ تەواوت نەکرد؟
وتم:
- ناتوانم... بۆم ناخورێت.
وتی:
- دە بە خوا ئەگەر نەیخۆیت، هیچت بۆ باس ناکەم. دەی بیخۆ. ئەها وەکو من.
دانەیەکی هەڵگرت‌و خستییە ژێر دانی. منیش بە ناچاری پارچەکەی خۆم هەڵگرتەوە. بردم بۆ دەمم. خواردم. بەڵام هەر خەیاڵم لای ئەوە بوو ئێستا چیم بۆ باس ئەکات. ئینجا پوورم پەرداخە ئاوەکەشی تەواو کرد. منیش زۆر بێ ئارامانە چاوەڕێم ئەکرد دەست پێبکات. پوورم وتی:
- بنار گیان. بە قوربان. دڵی من. کچە ئاقڵەکە. پاقلاوەکەت بە دڵ بوو؟ زەردەخەنەیەک گرتی.
وتم:
- خۆ من وامزانی شتم بۆ باس ئەکەیت!
ئینجا پوورم قاقایەکی لێداو وتی:
- جارێ با بچم سەرێک بەم لە حاجی‌و حاجی ژن بزانم هیچیان ناوێت؟
منیش وتم:

ـ دە بەسە گاڵتە؟ من وا دڵم ئەتەقێ. تۆش جارێ خەریکی گاڵتەی خۆتی. بە خوا راستە، ئەڵێن ئەوەی دەستی لە ئاوایە وەک ئەوە نییە دەستی لە ئاگرایە. دەی پێم بڵێ. لەوە زیاتر دڵم مەتەقێنە.

ئەم جارەش بە پێکەنینەوە وتی:

ـ بە خوا زۆر جار باوکم ئەم کاتانە خەبەری ئەبێتەوە. بابچم سەرێکی تریان لێ بدەم.

ئینجا من تووڕە بووم وتم:

ـ وا دیارە تۆ بە راستی هەست بە من ناکەیت! دە هەر پێم مەڵێ. خۆ ئەگەر تۆش باسی نەکەیت یەکێکی‌تر ئەبێت بۆم باس بکات. بەڵام من ئەمویست لە تۆوە بیبیستم. تۆ پووری گەورەو خۆشەویستمیت. ئینجا پورم بە تێڕوانینێکی قوڵەوە وتی:

ـ کچێ تۆ بۆ ئەوەنە بێسەبری؟! ئەوە گاڵتەم لەگەڵ ئەکردی... دەی... دەموچاوت چاککە خۆت تورە مەکە. وتم:

ـ ئاخر تۆ نازانی من چەند بە پەرۆشم بۆ زانینی ئەو باسە ؟!

پوورم وتی:

ـ دە باشە تووڕە مەبە. ئەوە گاڵتەم لەگەڵ کردیت. تۆزێک بە ئارام بە. ئێستا هەموو شتێکت پێ ئەڵێم. ئیتر ئەوەی مایشەوە لە سەر خۆت. گوێ بگرە. کچێ ئەمە، پێشەکی ئەبێت لە نێوان منو تۆ بێت. نە بە کامەران بڵێو نە بە کەس. باشە؟

وتم:

ـ بە سەر چاو. بڕوا بکە، کەس نازانێت.

پوورم تۆزێک وەستاو بیرێکی کردەوە ئینجا هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی:

ـ چەند ساڵێک لەمەوبەر، ئەو کاتە لەوانەیە تۆو کامەران زۆر مناڵ بووبن، کاتێک خاڵت یەکەم ساڵی خوێندنی بوو لە بەغا بۆ یەکەمجار

چاوی بە کچێکی زۆر جوان ئەکەوێت، ئەویش لە هەمان کوللیە ئەیخوێند. هەردوکیان لەیەکەم بینینەوە یەکتریان بەدڵ ئەبێت. وەکو باسیان ئەکرد کچەکە زۆر جوان ئەبێت، زۆرینەی کوڕانی ناو زانکۆ کە عاشقی ئەبن. بەڵام ئەو تەنها خاڵتی خۆش ئەوێت. هەردوکیان دوو گەنجی زۆر جوان ولێهاتو ئەبن. ئەو کچە خوشکی گەورەی کامەران بوو.

منیش وتم:

- ئێ... ئێ ...؟ کام خاڵم؟ کام خوشکی کامەران؟ ئینجا ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟

پوورم وتی:

- من ئەڵێم تۆ بێ ئەقڵیت. کچێ چۆن پەیوەندیی پێوە نییە؟ دە تۆ جارێ گوێ لە باسەکە بگرە. بزانە چی روو ئەدات؟ چیان بە سەر دیت؟

زۆر بە پەرۆش بووم بۆ گوێ گرتن لەو باسە. بەڵام دڵم لە جێی خۆی نەمابوو. هەر هەڵبەزو دابەزی بوو.

پوورم وتی:

- بنار گیان، بەباشی گوێبگرە بابۆت باسکەم. کاتێک خاڵە شۆڕشت لە بەغداد لە کوللییە وەرگیرا، پاش ماوەیەکی کەم، شەونمی ناسی. وەکو پێم وتیت، لە ماوەیەکی کورتدا یەکتریان خۆشویست. بەڵام چۆن خۆشەویستیەک! وەکو شێت. کەسوکاری هەردوولا ئەمانزانی پەیوەندیەکەیان زۆر توندو شێتانە بوو. هەموو هاوڕێکانیشیان بە هەمان شێوە ئاگادار بوون. لەو کاتو سەردەمەدا کچێکی بەوشێوەیە جوان ودەرکەوتوو تۆشی کێشەی زۆر ئەبوو. لەبەر ئەوە کاتێک خاڵە شۆڕشت یەکەم ساڵی کوللییەی تەواو کرد. هاوینەکەی کە گەڕایەوە بۆ سلیمانی، داوای لە باپیرت کرد کە داخوازی شەونمی بۆ بکات.

بەڵام باپیرت زۆر بە توندی داواکاریەکەی خاڵە شۆڕشی ڕەفز کردەوە. بەهیچ جۆرێک رازی نەبوو. داوای لە خاڵە شۆڕشت کرد کە پێویستە لە پێشدا خویندنەکەی تەواو بکات. پاشان بۆی داوا ئەکات. بەڵام خاڵت هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی کە ئەبێت ئەو هاوینە مارەی بکات، ئەگینا شەونم شوو ئەکات، چونکە داواکاری زۆری هەبوو. ماڵی باوکی پێیان وتبوو، ئەگەر شۆڕش داوای نەکات، ئەبێت شوو بکات. ئەو هاوینەی، کە خاڵت ئەبووایە بچووایەتەوە بۆ دووەم ساڵی خوێندن، زۆر لە باپیرت پاڕایەوە، کە هەرچۆنێک بێت بۆی داوا بکات. بەڵام باپیرت هەر رازی نەبوو. ئیتر کچی داماو چی بکات؟ ماڵی باوکی بەزۆر دایان بەشوو. بە کابرایەک کە نەیئەناسی تەمەنیشی زۆر لەو گەورەتر بوو. بەڵام خاوەنی پارەو دەوڵەتێکی زۆر بوو. ئیتر خاڵە شۆڕشیش وازی لە خوێندن هێناو نەچۆوە بۆ کوللیەکەی. گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بەڵام ماوەیەکی زۆر نەخۆش کەوت بەجۆرێک خەریک بوو ئەقلی لەدەست ئەیا. دوای ماوەیەک، بە ڕێکەوت بیستمان، کە شەونم خۆی سووتاندوە. چونکە تا ئەوکاتەش هەر شۆرشی خۆش ویستبوو.... پورم تەواو بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی. منیش بە بیستنی ئەو چیرۆکە، زۆر سەرسام بووم. هەردوکمان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووین، لە دڵمدا هەستم بە ئێشوو ئازارێکی زۆر کرد.. دڵم پڕ بوو دەستم کرد بە گریان، هەستم بە ئازاری دڵشکاندنەکەی شەونم ئەکرد ئەبێت چەند سوێیەکی قوڵی لە دڵیدا هەڵکەندبێت کە سوتانی پێستو گۆشتو ئێسقانی بە دەرمانێکی باشتر هەڵبژاردبێت لە جیاتی دورخستنەوەی لە شۆڕشی خۆشەویستی. ئەبێت کاتێک کە ئەو بڕیارەی دابێت چەند لە خەمێکی قوڵو ڕەشا بوبێت؟ ئەبێت چەند ناۆومێد بووبێت لە ژیانی بەختەوەری. لەپڕێکا هەستم بەدەستی پورم کرد فرمێسکی بۆ ئەسڕیم وتی:

ـ بنار گیان، بیرت نەچێت هەرکەس نسیبی خۆی وەرئەگرێت لە دنیا. ئەوان قەدەریان وابوو خەتای کەسی تیا نەبوو. ویستم پورم باسەکەم بۆ تەواو بکات.

وتم:

ـ پوریّ گیان، بەڕاستی ئەمە چیرۆکێکی زۆر ناخۆش‌و دڵتەزێن بوو. بەڵام، ئەوە کەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە؟ ئێمە گوناحمان چییە؟

پوورم وتی:

ـ ئەزانم ئەمە پەیوەندیی بە ئێوەوە نییە، لەهەمان کاتیشدا هەیەتی. چونکە تۆش هەر لەم خێزانەی. ئەوان تۆڵەی شەونم لە بنار ئەکەنەوە. تێگەیشتیت؟ بۆ ئەوان ئێستا ئەمە باشترین هەلە، کە تۆڵەی خۆیان لە ئێمە بکەنەوە بە بۆنەی تۆوە. دایکی کامەران تاوانی کچەکەیان ئەخاتە پاڵ ئێمە. ئەگەر باپیرت رازی بووایە، ئەوان شوویان بکردایە بە یەک. ئەوا شەونمیش خۆی نە ئەسووتاند، هەر چەندە وەکوو باسم کرد، ئەوە قەدەری خۆی بوو. بەڵام هەموو کات دایکی کامەران وا ئەزانێت ئێمە هۆکاری نەمانی کچەکەیان بووین. هەر چەندە بە رای من ئەمە تاوانە چونکە ئێوە هیچ گوناحتان نییە. بەڵام ئەوانیش بەم تۆڵەیە دڵخۆش ئەبن.

بنار وتی:

ـ فێنک! کە پوورم ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە، ئەوسا بە تەواوی بڕوام بە قسەکانی سەرگوڵ کرد، کە هەمووی ڕاست بوو کە پێی ئەوتم دایکی کامەران هەڕەشەت بۆ ئەنێرێت. ئەڵێت من ناهێڵم ئەم شتەی ئێوە سەر بگرێت. زیاتر بڕوام پێ هێنا. بەڵام بە خوا ئەوە کارێکی زۆر ستەمو ناڕەوا بوو.

وتم:

ـ بنار گیان، باشە تۆ بە قسەی پوورت کرد؟ وازت هێنا؟

بنار وتی:

ـ وازهێنانی چی؟ ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟

وتم:

ـ باشە بنار، باپیرت بۆ ڕازی نەبوو بە شەونم؟

بنار وتی:

ـ باپیرم کێشەی نەبوو لەگەڵ خێزانی ئەوان یان خودی شەونم. مەبەستی باپیرم تەنها ئەوە بوو کە خاڵم هێشتا سێ ساڵی مابوو زانکۆ تەواو بکات. بەڵام ئەوان پەلەیان کرد. دایکی شەونمیش زۆر بە هەڵە لە مەسەلەکە گەیشتبوو. وایزانی بوو باپیرم کێشەی خێزانی باس ئەکات. ئەمانەش بێگومان بوونەتە هۆی بێ بەختیی من.

وتم:

ـ ئەی باشە بنار، پوورت داوای لێ نەکردیت واز بهێنیت؟

بنار وتی:

ـ نا... چونکە زانی، کە منو کامەران چەندمان یەکتر ئەویست.

وتم:

ـ ئەی باشە بە کامەرانت نەوت بۆچی دایکت وا ئەڵێت؟

بنار وتی:
ـ نەخێر.. کامەران بەم شتانەی نەئەزانی. خۆشم نەمئەتوانی لای هیچ کەسێک باسی بکەم. کامەران لەم شتانە زۆر بیخەبەر بوو.
وتم:
ـ بنار بە راستی تۆ لە هەموو لایەک دەورت لێ گیرابوو. نازانم جۆن ئەو هەموو کاتە تۆ توانیبووت بەربەرکانێی ئەو هەموو دۆخە بکەیت، خۆشەویستیی کامەران بەوشێوەیە لە دڵتدا بپارێزیت. بە راستی تۆ زۆر بەهێز بوویت. خۆ ئەو کاتانە زۆر گەنجیش بوون. وا بزانم تەمەنتان هەر بیست ساڵێک بووە. وا نییە؟
بنار وتی:
ـ بەڵێ وا بوو. من یەکەم جار هەستم بە خۆشەویستی کردبێت، بۆ کامەران بوو. هەمووشیان زانییان من چۆن خۆشم ئەوێت. ئیتر وا بزانم کۆڵیانداو کەس باسی هیچی لەگەڵ نەئەکردم. دوای تەواوبوونی پشووی نیوەی ساڵ، گەڕاینەوە بۆ مووسڵ. ئەو جارە کەس نەیبردینەوە. هەموو خۆمان پاسێکمان گرتو رۆیشتینەوە. من هیچم لای هاوڕێکانم باس نەکرد. هەردووکمان وامان بڕیار دابوو، کە هیچ لای کەس باس نەکەین. ئەو ساڵە دۆخی سیاسیش زۆر ناخۆش بوو. زوو زوو لە پڕێکدا هەواڵمان ئەبیست، قوتابییەک لە زانکۆ یان پەیمانگا ون وبێ سەروشوێن ئەکران. کەسیش نەیئەزانی چییان لێ بە سەر ئەهات، بۆ کوێیان ئەبردن؟! بۆیە گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی زۆر کەم کردبووەوە. بە تایبەت، کە ئەگەیشتینە خاڵی پشکنین لە کەرکوک، کە ئەیان زانی بەرەو سلێمانی ئەڕۆین، ئیتر ئەمنو ئینزیبات پرسیارو لێکۆڵینەوەی زۆریان لێ ئەکردین. بڕو بیانووی زۆریان پێ ئەگرتین. هەندێک جار یەکێکیان لە پاسەکە دائەگرت، بە شەقو زللە تێی بەر ئەبوون، دوایی ئەیان برد، کەسیش نەیئەزانی بۆ کوێی ئەبەن. چی لێ ئەکەن .تابڵێیت سەردەمێکی زۆرترسناک بوو.

## - ٦٢ -

لە کۆتاییەکانی قۆناغی دووەم ساڵدا بووین. زۆرمان نەمابوو خوێندنمان تەواو بکەین. ڕۆژێک کامەران پێی وتم:

- بنار حەز ئەکەیت بچین بۆ ماڵی خوشکم لە هەولێرە؟ حەز ئەکەم خوشکەکەم بتبینێت، تۆش ئەوان بناسیت.

بەو پرسیارە زۆر دڵم خۆش بوو، چونکە من زۆر دەمێک بوو ئەمویست کەسەکانی کامەران ببینم تاکو باش بمناسن. هەستم ئەکرد بەو شێوەیە زیاتر لەوان نزیک ئەبمەوەو کێشەکانمان کەمتر ئەبێتەوە. وتم:

- بەڵێ هەر زۆریش حەز ئەکەم. چونکە ناسینی کەسانێک لە نزیکەوە زۆر باشترە لە باسکردنیان لە دوورەوە. زۆرم پی خۆشە. بەڵام جارێ نازانم. دوایی پێت ئەڵێمەوە.

دوای چەند مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ خۆمدا بڕیارمدا، کە بڕۆم بۆ بینینی یەکێک لە کەسەکانی کامەران. کامەران بە بڕیارەکەم زۆر دڵخۆش بوو. وتی:

- بنار خەمت نەبێت. مێردی خوشکم ڕۆژی چوار شەممە خۆی یەت بۆ مووسڵ. چەند ئیشێکی هەیە. ڕۆژی دوایی، کە ئەکاتە پێنج شەممە، ئەگەڕێتەوە بۆ هەولێر. واتە خۆی یەت بە دوامانا بۆ ئێرە. ئەوەی لە سەر تۆیە تەنها خۆت ئامادە بکەو ئێمە یەین بە دواتا.

سەر لە بەیانی پینجشەممە بوو. مێردی خوشکەکەی کامەران بە سەیارەیەکی رەنگ رەشی تازەی جوان هات بە دواماندا. بۆ بەردەم کافیتیریای پەیمانگا. هەردووکمانی بردو رۆیشتین. باش بیرم نایەت، دوای چەند سەعاتیک گەیشتینە ماڵەکەیان. لە خانوویەکی کۆنی گەورەدا بوون. هەر، کە گەیشتین دوو پیاوی تەمەن چل ساڵو گەورەتر، بەرەوڕوومان هاتن. پێشوازییەکی زۆر جوانیان لە زاواکەی کامەران و کامەران کرد. یەکێکیان هاتە پێشەوە وتی:

ـ بەخێر هاتیەوە کاک یوسفی کویی، ئەدی باشی؟

ئینجا رووی کردە کامەران. دەستی برد تەوقەی لەگەڵ کامەران کرد. وتی:

ـ بەخێر هاتی کاک کامەرانی کویی؟ کامەرانیش وەڵامی دایەوە. لە پڕێکدا گوێمان لە دەنگێکی زۆر بەرزی ناخۆش بوو. زۆر بە توندی سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشا. بە خێرایی بەرەوڕوومان ئەهات. کە بە جوانی دیقەتیم لێی دا، ئافرەتێکی بە تەمەن بوو. دەستێک جلی کوردیی جوانی لەبەر بوو. بەڵام وا دیار بوو ئافرەتێک بوو لە ناو خێزانەکەی گرنگیی پێ درا بوو. بە روویەکی زۆر خۆشەوە هاتە بەردەممان. وتی:

ـ کەنگێ گەیشتینە ئێرەکانێ؟ ئەدی من خەبەردار نەبووم! کامەران؟ ئەتوو کووی گیانی من؟

لەو ناوەدا هەستم کرد کەس رووی نەئەکردە من! هەر کەسێکمان ئەبینی، خۆشیو چۆنیی لەگەڵ کامەران ئەکرد. لەو کاتەدا هەستێکی سەیرم لا پەیدا بوو. لەبەر خۆمەوە وتم:

ـ تۆ بڵێی ئەم کەسانە حەز بە چوونی من نەکەن بۆ ئەو شوێنە؟

بەڵام لە هەمان کاتدا خۆم وەڵامی خۆمم دایەوە وتم:
ـ جا ئەوان با حەز نەکەن، خۆ من بۆ لای ئەوان نەچووم. ئەوان لای من گرنگ نەبوون. بەڵام سەیر لەوەدا بوو، بە شێوەیەک رەفتاریان ئەکرد، هەر وەکو من نە بینن. هەر چەندە من لە دڵی خۆمدا خەفەتم خوارد. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە پێشوازیی ئەوان سەرسام ببووم. بە هەر حاڵ، چووینە ژوورەوە بەرەو هۆڵەکەیان. کەس دیار نەبوو. دانیشتین. هۆڵەکە زۆر گەورە بوو. پڕ بوو لە شتومەکی جوانو گران. ماوەی دە بۆ پانزە دەقەیەک هەر منو کامەران بووین. ئەوەندەم نەزانی، لە پڕێکدا هەر مناڵ بوو ئەهاتن بۆ لای خاڵە کامەرانیان ماچیان ئەکرد. ئەویش زۆر دڵی پێیان خۆش بوو. ماچی کردنو باوەشی بۆ کردنەوە، هەر وەکو زۆر دەمێک بووبێت یەکتریان نەدیبێت. پاشان بینیم ئافرەتێکی زۆر جوانو شۆخو شەنگ دەرکەوت. بەرەو رووی کامەران چوو. باوەشیان بە یەکتردا کرد. بەخێرهاتنێکی گەرمی کامەرانی کرد. ئینجا کامەران رووی کردە من. وتی:
ـ بنار ئەمە نەسرینی خوشکمە.
ئینجا کامەران دەستی راکێشا بۆ من روی کردە نەسرینی خوشکی. وتی:
ـ نەسرین، ئەوەش بناری هاوڕێمە.
نەسرینیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:
ـ بنار خان بەخێر بێیت، خۆشحاڵ بووم.
منیش وتم:
ـ نەسرین خان، منیش خۆشحاڵ بووم.
نەسرین دوای ئەوەی تۆزێک لامان دانیشت. هەڵسایە سەر پێ. وتی:
ـ بەیارمەتیی خۆتان. من ئەبێت بچم بزانم یوسف ئامادەیە بۆ نانخواردن؟
کامەران وتی:

ـ بەڵێ، فەرموو، وا ئێمە لێرە دانیشتووین. نەسرین پەلەی لێ مەکە.

سەرەتا من زۆر شەرمم ئەکرد. لە هەمان کاتیشدا زۆر ئەترسام، کە ئەگەر بە جۆرێکی خراپ تەماشا بکرێم. من یەکەم جار بوو بە درێژایی پەیوەندییەکەم لەگەڵ کامەران، کە لە شوێنێکدا لەگەڵ ئەودا بە تەنها کۆبمەوە . بەڵام من زۆر بڕواو متمانەم بە کامەران هەبوو. هەر، لە هەمان کاتیشدا بڕوام بە خۆم هەبوو. دوای چەند ساتێکی کەم نەسرین هات وتی:

ـ کامەران، بنار؟ ئەتانەوێت ئێستا نان بخۆن؟ برسیتانە؟

کامەران وتی:

ـ بە ئیسراحەتی خۆتان. کەی ویستان، ئەو کاتە.

منیش لە راستیدا زۆرم برسی بوو بەڵام شەرمم ئەکرد. بڵێم من برسیمە. بەڵام وا دیار بوو خۆیان زۆریان برسی نەبێت. لەوە ئەچوو، نانی بەیانیان درەنگ خواردبێت. هەر چەندە کاتژمێر لای دابوو لە دوانزە. کامەرانو نەسرین رۆیشتنە ناو باخ، حەوشەکەیان. بەڵام زۆرم لا سەیر بوو، کە بە منیان نەوت تۆش وەرە لەگەڵمان، منیش لەگەڵ کچە بچووکەکەی، کە ناوی سۆزی بوو، تەمەنی شەشساڵان بوو، دانیشتبووم. وێنەم بۆ ئەکرد. دوای سی خولەکێک کامەرانو نەسرین هاتنەوە ژوورەوە. نەسرین وتی:

ـ ئەوە بۆ تۆش نەهاتی؟ ویستم باخەکەمتان پیشان بەم.

وتم:

ـ وامزانی، خۆتان حەزتان کرد بە یەکەوە بن. منیش کاتێکی خۆشم هەبوو لەگەڵ سۆزی.

کامەران سەیرێکی کردم. بە رویەکی خۆشەوە. وتی:

- دوایی بە یەکەوە ئەڕۆین. باخەکەیان زۆر جوانە. هەموو جۆرە گوڵێکی تیایە.
وتم:
- بە راست؟ منیش زۆرم حەز لە باخو گوڵە. نەسرین بانگی کرد.
- پلکە هەمین؟ خواردن ئامادەیە؟ دەرکەوت ئەو ژنەی بینیمان چێشت لێنەرەکەیان بوو. دوای تۆزێک پلکە هەمین زۆر بە خێرایی هاتوبە دەنگە ناخۆشەکەی وتی:
- خاتو نەسرینی، ئەنگۆ شێوی ئامادەیە. بفەرموون.
منو کامەران بە یەکەوە چووینە سەر سفرەیەکی رازاوە. لە ژورێکی گەورە، کە ژووری نانخواردنەکەیان بوو. من زۆر بەشەرمەوە دانیشتبووم. چەند جارێک فەرموویان لێکردم. بەڵام هەر لە شەرم رزگارم نەئەبوو. رەنگە لەبەر ئەوەی یەکەم جارم بوو کەسانی ئەو ماڵە ببینم. بە هەر حاڵ کەمێ خواردنم خوارد. دوای ئەوە سوپاسی ئەو خوانەیانو میوانداریەکەیانم کرد. پاشان من چوومە ژووری میوانەکەیان کە هەر درێژکراوەی ژووری نانخواردنەکەیان بوو. کامەرانیش بە دوامدا هات. تۆزێک قسەمان کرد. خوشکەکەی هات بانگی مناڵەکانی کرد. نەسرین خان سێ کوڕو یەک کچی زۆر جوانی هەبوو. هەموو تەمەنیان لە نێوان دە ساڵ بۆ چوار ساڵدا ئەبوو. هەموو زۆریان حەز بە قسەکردن ئەکرد لەگەڵ مندا. زیاتر لە چوار دەستە قەڵەمی رەنگاو رەنگو چەند پارچە لاپەڕەیەکیان بۆ من هێنا بوو. تاکو وێنەیان بۆ بکێشم، هەروەها زۆر پرسیاری جۆراو جۆرو سەیر سەیریان لێ ئەکردم. من حەزم بەمناڵ نەبوو. بەڵام لەو کاتەدا، چونکە، خوشکەزای کامەران بوون، خۆشم ویستن. زۆری پێ نەچوو، نەسرین بانگی کامەرانی کرد، ئەویش رۆیشتە ژوورەکەیتر. بەڵام من وامزانی، کە ئەو بانگی کرد ئیشێکی پێیەتی، خێرا ئەگەڕێتەوە لای من،

بەڵام من ئیتر کامەرانم نەبینیەوە تاکو کاتێک هاتنەوە ئەو ژوورەی منی لێ بووم نەسرین جلێکی جوانی نووستنی لەبەر کردبوو. وتی:

ـ بنار؟ ئەگەر خەوت هات برۆ ئەو ژووره لەگەڵ منالّەکان بخەوە.

بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم. منیش وتم:

ـ باشە. سوپاس.

ئینجا من زانیم، کە کاتی خەوتنی ئەوانە. من بە درێژایی شەوەکە لە منالّەکان زیاتر، کەسیانم نەبینی. ئینجا وتی:

ـ کامەران.. جێگای تۆش لە ژووری نوستنەکەی سەرەوەیە. کەی ویستت بخەویت. هەر ئەوەندەی وت رۆیشت.

کامەران لەولاوە وەستابوو. وەکو چاوەڕێی من بکات شتێک بڵێم. وتی:

ـ بنار.. هیچت ناوێت؟

وتم:

ـ نەخێر هیچم ناوێت.

بەڵام وەڵامەکەم زۆر سیمای تووڕەبوونی پێوە دیار بوو. بۆیە هاتە تەنیشتمەوە. کورسییەک لەوێدا دانرابوو. لە سەری دانیشت. وتی:

ـ چییە؟ ئەڵێی کە بەجێمان هێشتیت بێزار بوویت؟

وتم:

ـ نا.. بیزار نەبووم. منالّەکان زۆر قسەی خۆشیان بۆ کردم. پرسیاریان زۆر لێ کردم. ئێمە کاتێکی خۆشمان بردە سەر. ئەزانم تۆش لەوە ئەچێت ماوەیەکی زۆر بێت خوشکت نەدیبێت، بۆیە هەر لای ئەو بوویت.

بە ساردیەوە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد. ئیتر کامەران بۆی ئاشکرا بوو، کە من تووڕەم.

وتی:

ـ تووڕە بوویت؟

وتم:
ـ هاتنی من بۆ ئێرە هیچ مانایەکی نەبوو.
کامەران وتی:
ـ بۆ وا ئەڵێیت؟
وتم:
ـ هەموو شتێک لە ژیاندا یاسای خۆی هەیە. یاسای میوان ئەوەیە، کە کاتێک میوانێکت لە دوور دێت، ئەگەر نەشیناسیت، ئەبێت زۆربەی کاتی لەگەڵ بەسەر بەریت. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە تۆ رێزت لە میوانەکەت گرتوە.
دیار بوو نەسرین گوێی لە قسەکانی نێوان منو کامەران گرتبوو. لەهەمان کاتدا وادیار بوو هەستی بە هەڵەی خۆی کردبوو. چونکە زۆر بەخێرایی گەڕایەوە، هاتە لامان. وتی:
ـ ببوورە. ئێمە وامانزانی تۆ حەز ئەکەیت بە تەنها بیت. هەستم کرد زۆر نائارام بوویت، زۆرت شەرم ئەکرد. ئێمە حەزمان کرد، کە بانگت بکەینە ژووری ئەولا لەگەڵ خۆمان دابنیشیت لەگەڵمان بێت.
من وەڵامی قسەکەی نەسرینم نەدایەوە. بەڵام رووم کردە کامەران، وتم:
ـ من خەوم دێت. ئەمەوێت بڕۆم بخەوم. ئەتوانن ژوورەکەم پشان بدەن بێ زەحمەت؟
نەسرین بە خێرایی وتی:
ـ بەڵێ. بەڵێ...
پێش ئەوەی من هەڵسم، نەسرین چووە سەر کورسییەک، بەرامبەرم دانیشت. وتی:
ـ تۆو کامەران چەنێکە بە یەکەوەن؟

وتم:
- ئیمساڵ چوار ساڵە.
سەیرێکی کامەرانی کرد. وتی:
- ئەی شەیتان، ئەمەشت لە ژێر سەرا بوو؟
ئینجا وتی:
- والله من نەمزانیوە ئێوە ئەوەنە دەمێکە بەیەکەوەن.
کامەران زەردەخەنەیەکی کردو وتی:
- بەڵێ، دەمێکە... کەس باوەڕ ناکات، چونکە هەموو شتێک بەینی خۆمانە. پێویستی نەکردوە کەس بزانێت.
نەسرین وتی:
- ئەمەوێت پرسیارێکیتر بکەم. کامەرانت زۆر خۆش ئەوێت؟
ئەو پرسیارەم زۆر لە لا سەیر بوو. بۆیە هەر بە زەردەخەنەیەک وەڵامم دایەوە. بەڵام لەو کاتەدا کامەران وتی:
- ئەگەر زۆر زۆری خۆش نەویستمایە، ئەم هەموو کاتە تەحەمولی منو ئەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشەیەی نەئەکرد.
نەسرین وتی:
- هەرەشەی چی؟ لە کێوە؟ نەسرین، پرسیارەکەی بە جۆرێک کرد وەکو ئەوەی ئاگاداری هیچ نەبێت.
من زانیم ئەو ئاگاداری هیچ نییە! حەزیشم نەکرد هیچی بۆ باس بکەم، چونکە کامەران شتێکی زۆری نەئەزانی. بەڵام من ئەگەر بکەوتمایەتە قسە، شتم زۆر ئاشکرا ئەکرد. لەبەر ئەوە بێدەنگییەکەم هەڵبژارد. شەوباشم لێکردن.

## - ٦٤ -

ڕۆژی دوایی زوو خۆمان ئامادە کرد، ئەوێمان بەجێهێشت کە گەڕاینەوە، لە ڕێگا هەر بیرم لەو میوانداربییە ساردو سڕە ئەکردەوە. زۆر پەشیمان بووم لەو ڕۆیشتنە. من لە ماڵی خۆمانەوە سەیرم ئەکرد. وام ئەزانی هەموو کەس وەکو دایکم وایە. کاتێک یەکێک ڕوو ئەکاتە ماڵەکەمان بیناسیت، یان نەیناسیت، ئەوەندە ڕێزی لێ ئەگرێت، کە میوانەکە تەریق ئەبێتەوە. بەڵام من ئەوەم نەدی ئیتر نازانم بۆ من وابوون، یان خۆیان بۆ هەموو کەس هەر وان. هەر چۆنێک بێت، من خۆشحال بووم، کە کەمتر لە بیستو چوار کاتژمێر ماینەوە. کاتێک گەڕاینەوە، بە هەمان ئوتومبێل بردیانینەوە بۆ مووسڵ. شووفێرەکەیان بردینیەوە. بە درێژایی ڕێگاکە من هیچ قسەیەکم لەگەڵ کامەران نەکرد. بەڵام کامەران بێدەنگییەکەی شکاند. وتی:

ـ ئەزانیت نەسرینی خوشکم تۆی زۆر بە دڵ بووا؟ هەروەها مێردەکەشی!

منیش بە هیواشی ئاوڕم لە کامەران دایەوە. وتم:

ـ چۆن؟ خۆ ئەوان دوو ڕستە قسەیان لەگەڵ من نەکرد. ئیتر چۆن منیان بە دڵ بوو؟ خۆ ساحیر نین.

کامەران پێکەنی. وتی:

ـ پێویست ناکات قسەی زۆرو پرسیاری زۆر بکرێت، بۆ ئەوەی یەکیک بناسیت. هەندیک جار تۆزێک هەڵسوکەوت، کەمێک قسە بەسە بۆ ئەوەی کەسێک بناسیت. بەشی ئەوەی تۆ بناسن، تۆ یانناسی. کامەران بەردەوام بوو لە قسەکردن وتی:

ـ ئەم بەیانییە، پێش ئەوەی ئەوێ بەجێبهێڵین. نەسرین پێی وتم:

ـ تۆ کچێکی زۆر قورسو بە نرخیت، زۆر ڕەوشت بەرزو تێگەیشتوو دیاریت. لە کچی ئەم زەمانە ناچیت. زۆر جوانیشیت.

منیش بە لالوتێکەوە وتم:
ـ باشە. سوپاسیان ئەکەم. خۆم ئەزانم چۆنم.
ئەمجارەش کامەران پێکەنی. وتی:
ـ منیش ئەزانم بەزەردەخەنەکەی خۆیەوە وتی:
ـ تۆ تاقە گوڵیت.
گەیشتینەوە مووسڵ، کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆ بوو. هەر، لە دورەوە شیلان‌و رزگارو جوانم بینی بەرەو رووم ئەهاتن پێئەکەنین. سەرەتا ویستم خۆمیان لێ گێل بکەم، واخۆم پیشان بدەم، کە نەمبینیون. چونکە؛ من ئەمزانی ئەوان بە چی پێئەکەنن، چیم پێئەڵێن. بۆیە زۆر ئەترسام لە پرسیارەکانیان. ئەوان هەر چۆنێک بوو، خۆیان گەیاندە من.  ئیتر منیش نەمتوانی لەوە زیاتر خۆمیان لێ گێل بکەم. بڕیارم دا کە منیش بەرەو روی ئەوان بچم. شیلان هاتە پێشەوە. وتی:
ـ ئەوە دوێنێ شەو لە کوێ بوویت؟ هەی بەرەڵا!
ئینجا جوان بە پێکەنینە خۆشەکەیەوە، کە هەموو گیانی لەگەڵیدا پێئەکەنی، وتی:
ـ لەبەر ئەوەی تۆ کچی ئەوە نیت. باشت ئەناسم، لێت ناترسم. بۆیە وەکو شیلان پێت ناڵێم بەرەڵا. بەڵام لە کوێ بوویت؟ ئێمە زۆر دڵمان لە مەراقا بوو. ترساین. چونکە؛ تۆ هیچت نەوت.
من چاوەڕێم ئەکرد رزگاریش شتێک بڵێت. بەڵام ئەو هیچی نەوت. هەرچەندە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی وەڵامی منی ئەکرد. منیش وتم:
ـ ئەوە ئێوە چیتانە؟ من دوێنێ شەو لە بەشی ناوخۆی زانکۆ بووم، لای کچێکی هاوڕێم مابوومەوە. چییە؟ نابێت؟
شیلان نەیویست ئیتر پرسیار بکات. بەڵام جوان مەبەستی بوو بزانێت لە گەڵ کێ بووم. بۆیە دیسان پرسیاری کردەوە. وتی:

- کێ بوو هاوڕێکەت؟ من هەموویان ئەناسم.
ئینجا من خەریک بووم تووڕە ئەبووم. وتم:
- لەگەڵ چنار بووم.
کە وام وت، هەرسێکیان سەیرێکی یەکتریان کرد، بە یەک دەنگ قاقایەکی بەرزیان لێدا، جوان وتی:
- هەی نەگبەت، دوێنێ شەو چنار لێرە بوو. بە دوای تۆیا ئەگەرا...!
ئیتر من لەوە زیاتر نەمەتوانی درۆ بکەم. وتم:
- بەسە. ئێوە هەقتان چییە؟ بۆ ئەو هەموو پرسیارە ئەکەن؟ چی بووە؟ وا رۆیشتم! ئەی بۆ ئێوە هەموو ئەڕۆن، کەس ناپرسێت لە کوێ بوون؟ بۆ هەموو پرسیار لە من ئەکەن؟ بۆ ئەگەر من جارێک بڕۆم ئەبێت بە کێشەی هەمووتان؟ بەڵێ چووم بۆ ماڵی خوشکی کامەران لە هەولێر. کامەران بە درێژایی هەموو کاتەکە لەگەڵ خوشکیو زاوای بوو. منیش وەکو دایەن لەگەڵ منداڵەکانیان یاریم ئەکرد. شەویش لەگەڵ منداڵەکانیان نوستم. ئەوە هەموو چوونە دەرەوەی من بوو لەگەڵ کامەران. ئیتر بڕوا ئەکەن، یان نا! ئەوە کێشەی خۆتانە، چونکە ئەوە هەموو راستیەکەیە. دوای ئەوە، من بۆ هەر کوێ بڕۆم پێویستە ئێوە لە هەموو کەس زیاتر بڕواتان بە من هەبێت، چونکە ئێوە لە خوشکەکانم زیاتر شارەزای من بوون. لەوەش گرنگتر، پێش سێ رۆژ من بە هەمووتانم وت لەوانەیە لەگەڵ هاوڕێیەکما سەفەرێک بکەم بۆ هەولێر. ئەگەر ئێوە بیرتان چووبێت، ئەوا موشکیلەی خۆتانە. من زۆر بە روونی وتم سەفەر ئەکەم.
ئیتر زۆر تووڕە بووم. بە دەم گریانەوە بەرەو شوێنەکەی خۆمان ئەڕۆیشتم. لە پڕێکدا لە دواوە جوان باوەشێکی پیادا کردم. وتی:
- بێگومان زۆریش بڕوامان پێتە. بەڵام بە خوا چونکە قەت شتی وامان لێ نەبینیویت، زۆر ترساین.

وتم:
ـ ترسان جیایە. گومان کردن جیایە. ئێوە گومانتان لە من بووە بۆیە من تووڕەم.
ئەو رۆژە زۆر گریام. قسەشم لەگەڵ کەس نەکرد. دوایی هەموو هاتنەوە ژوورەکەی خۆمان. داوای لێبوردنیان کرد. چەند رۆژێکیی تری خۆشمان بەسەر برد. هەر لە کافیتریای بەشی ناوخۆ بەشەو کچان ئەیان کرد بە ئاهەنگو گۆرانی. دوایی هەر کەس ئەرۆیشتەوە ژووری خۆی. تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵمان دەستی پێکرد. کۆششی زۆرمان کرد بۆ ئەوەی بە سەرکەوتویی بگەرێینەوە بۆ شاری خۆمان. دڵی خۆمانو کەسوکارمان خۆش بکەین. ئێوارەیەک کچەکان هەموو هاتنە ژوورەکەمان، کردیان بە قسەو پێکەنینو گاڵتەو گەپ. بەڵام من هەر ئەگریام. خۆشم نەمئەزانی بۆ وا ئەگریم. کچێک، کە جارو بار ئەهات سەری لێ ئەدام، زۆری من خۆش ئەویست. ناوی مەهتاب بوو. هەموو باسێکی خۆی بۆ ئەکردم، زۆر بڕوای بە من بوو. ئەو ئێوارەیە هاتە ژوورەکەمان. زۆر جوان خۆی گۆڕی بوو. هاتە تەنیشتمەوە دانیشت. دەستی کردە ملم. وتی:
ـ بنار، بەسە گریان. هەستە خۆت بگۆرە، مکیاجێکی جوانت بۆ ئەکەم وەرە لەگەڵ ئێمە.
وتم:
ـ مەهە گیان ناتوانم. دڵم زۆر تەنگە.
مەهتاب زۆری لێکردم. وتی:
ـ خۆت بێ ئەقڵ مەکە. هەستە با بڕۆین .
ئینجا وتی:
ـ من ئەزانم بۆ دڵت تەنگە!

وتم:

- بۆ؟ من خۆشم نازانم!

وتی:

- چونکە یەک هەفتەمان ماوە لێرە، ئیتر دوای دەرچوونمان هەموو لە یەکتر دوورئەکەوینەوە. لە یەکتر دائەبڕێین. هەر یەکەمان ئەڕوات بە لای ژیانی جیددیی خۆیەوە.

وتم:

- راستە وایە. ژیانمان قورس ئەبێت.

مەهتاب وتی:

- نەک هەر قورس ئەبێت. بەڵکو ژیانمان ئەگۆڕێت.

وتم:

- بۆ کەسوکارمان خۆشە ئەچینەوە ناویان.

مەهتاب وتی:

- ئاخر ئەوەیە، کە ئەڵێم، رووبەڕووی کۆمەڵێک ئەرکو لێپرسینەوە ئەبینەوە، کە لە ژیانی ئێستاو رابردوومان‌دا نەمانکردوە. ئیتر گەورە ئەبین. ئەبێت هەرچیمان کرد، راست بێت. هەڵەکردن نابێت بکرێت. ئەبێت شوێنێک بۆ خۆمان دروست بکەین لە ناو کۆمەڵگا. ئەبێت ببین بە مرۆڤی راستەقینە. بە واتای مرۆڤ.

دوای ئەوەی گوێم بۆ قسەکانی مەهتاب گرت، لێی تێگەیشتم ئەو مەبەستی چی بوو. بە زەردەخەنەیەکەوە وتم:

- مەهە گیان، بۆچی ئێستا مرۆڤ نین؟

مەهتاب وتی:

- بەڵێ مرۆڤین. بەڵام مرۆڤێکی کامڵ نین، چونکە کۆمەڵگاو خێزان چاوەڕێی هەڵەمان لێ ئەکەن. ئەوەش تا رادەیەک ئاساییە. بەڵام کاتێک

له خوێندکار دەرچوویت، ئەبیت بە فەرمانبەرێک، یان مامۆستایەک، یان هەرچی ئیشێکیتر بکەیت. واتا تۆ ئەزموونێکی تەواوت وەرگرتووە تاکو ببیتە کەسێک، کە وڵات، کۆمەڵگاو خێزانت پشتت پێ ببەستێت. ئەو کاتە من ناوی ئەنێم مرۆڤی تەواو. مەجالی هەڵەکردن، هەڵەشەیی، زۆر تەسک ئەبێتەوە. تۆ ئیتر کەسێکی بەرپرسیاریت.

مەهتاب کچێکی رۆشنبیر بوو. زۆر گوێی بە خویندنەوەو مۆسیقا ئەدا. منو ئەو، لە پەیمانگا یەکترمان ناسی. بەڵام بە ماوەیەکی کورت بووین بە هاوڕێیەکی دڵسۆزو خۆشەویست بۆ یەکتر. ئەوەی زیاتر منی رائەکێشا بۆ لای مەهتاب، ئەوە بوو، کە ئەو هیچ کات خۆی بە کەسەوە سەرقاڵ نەئەکرد. کاتێک، کە ئێمە خەریکی گاڵتەو گەپ بووین. ئەو لە سووچێکی راڕەوەکاندا کورسییەکی دائەناو کتێبێکی ئەگرت بە دەستییەوە، ئەیخویندەوە. هەر چەند منو ئەو کاتمان هەبوایە، باسی خەمێکی خۆی بۆ ئەکردم. جارێکیان باسی ئەوەی بۆ کردم؛ کاتێک، کە لە ئێران بوون. لە ساڵانی رابردودا باوکیان لێ ون بوو. ئەمان تەنها دایکێک ودوو کچ بوون، مەهتاب تەمەنی تەنها دە ساڵ بوو، خوشکەکەشی دوانزە ساڵ. دایکی مەهتاب هەرچی هەبوو، هەمووی فرۆشتبوو هەر بۆ ئەوەی باوکی مەهتاب بدۆزێتەوە، چەند ساڵ گەڕان بەدوای باوکیدا بەڵام نەیان دۆزیەوە. دواجار بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، بەڵام، مەهتاب هێشتا بێ هیوا نەبوو لە دۆزینەوەی باوکی. سەرەڕای کێشە زۆرەکانی ژیانی خۆم هەرچەند باسی خۆی بۆ ئەکردم، دڵم پێی ئەسوتا، ئەمە وای لە من کرد. کە زۆر لێی نزیک ببمەوە. هەستێکی تایبەتم هەبوو بەرامبەر ئازارەکانی، بە هەموو دڵمەوە هیوام بۆ ئەخواست جارێکیتر بگاتەوە باوەشی پڕ سۆزو میهرەبانی باوکی. مەهتاب وەکو گەنجێک بیری نەئەکردەوە، کێشەکانی ئەو جیاواز بوو لەوانەی ئێمە. زۆر جار باسی بیرەوەریەکانی خۆی وباوکی بۆ ئەکردم

کاتێک لە تاران بوون، هەموو جار لە کۆتایی باسەکانیدا. ئاواتەخوازی ڕۆژێکی ئەکرد، کە جارێکی‌تر باوکی بیبینێتەوە. ئەو ڕۆژە مەهتاب بە دەم قسەوە جانتاکەی دەستی کردەووەو کۆمەڵێک مکیاجی نیشاندام کە من تا ئەوکاتە هیچیم بەکار نەهێنابوو. تۆزێکی بە دەموچاومدا هێنا. وتی:

ـ بنار. تۆ بیر ئەکەیتەوە چۆن دوایی کامەران ببینیت. ئەزانیتماڵی باوکت چۆنن؟ مەگەر داوات بکات. ئەوسا بتوانیت بیبینیت.

تۆزێک بێدەنگ بوو. ئینجا وتی:

ـ بنار وایە؟ یان نا؟

وتم:

ـ ڕاست ئەکەیت. قسەکەت زۆر تـەواوە. بەڵام ئەی چی بکەم؟ من لە ئێستاوە خەممە.

وتی:

ـ بڕۆ قسەی لەگەڵ بکە. پێی بڵێ با داوات بکات. دوای ئەو هەموو خۆشەویستییە چیی‌تر هەیە؟ هەر ئەبێت هاوسەرگیری بکەن. شەرم مەکە. هەقی خۆتە، کە پێی بڵێیت. کاتی ئەوە نەماوە تۆ درۆ لەگەڵ کەسوکارت بکەیت، یان بە ترس‌و لەرز تەلەفۆنێک بکەیت دایکی بقیژێنێت بە سەرتا. تۆ شایستەی ڕێزی زۆریت. تۆ کچێکیت هەموو کەس ئاواتەخوازی تۆیە. من دڵنیام تا ئێستا چەند کەس لە کامەران باشتریش داوای پەیوەندیی لێ کردوویت. بەڵام تۆ لە بەر خۆشەویستیت بۆ کامەران ڕەفزت کردون. ئەبیت ئەویش تێبگات کە تۆ چی بۆ ئەکەیت لە پێناوی ئەودا چی قبووڵ ئەکەیت!

قسەکانی مەهتاب هەمووی ڕاست بوون. بەڵام من حەزم نەئەکرد ئەو داواکاریە لە منەوە بێت بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر وا بووەو هەر واش ڕۆیشتووە، کە ئەبێت یەکەم هەنگاو لە پیاوەوە بێت..

ئەو شەوەی، کە ئەبووایە بۆ بەیانی هەموو بەشی ناوخۆ بەجێبهێڵین، هەموو بڕیارمان دابوو بیکەین بە ئاهەنگ. هەر لە زوەوە هەرچی پارەیەکمان پێمابوو، هەموویمان یا بەخواردن بۆ ئەو شەوە. تەنها پارەی تەکسیەکەی، کە گرتبومان بۆ گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی هێشتمانەوە، بڕوامان وا بوو ئیتر، کە گەیشتینەوە ماڵەوە، پێویستیمان بە پارە نابێت. ئێوارەکەی لە چێشتخانەی ناوخۆ کەوتینە خواردن دروستکردن. هەموو ئەمانویست کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتر بە سەر بەرین، چونکە؛ ئەو شەوە دوا شەومان بوو، کە ئیتر بتوانین بۆ هەتا هەتایە جارێکیکە لەگەڵ هاوڕێ و دەستە خوشکە خۆشەویستەکانمان بەو جۆرە کۆببینەوە. خۆمان گۆڕی بوو. جلی جوانمان لەبەر کردبوو. هەموو کچەکانی سلێمانی چوبووینە کافیتریاکەی بەش جارێک لە سەر گۆرانی کەریم خەمزەیی هەڵئەپەرین. جارێکیش لە سەر گۆرانی میادەحناوی سەمامان ئەکرد. هەندێک جاریش خۆمان گۆرانیمان ئەوت. بەڵام لە پڕێکدا هەموو کزو مات ئەبوینەوە دائەنیشتینەوە. ئینجا ئەکەوتینە باسی کاتە خۆشەکانمان، کە بە یەکەوە بە سەرمان بردن. هەر وەکو زۆر جاری‌تریش کاتی زۆر ناخۆشمان بەسەر ئەبرد. لە گەرمەی پێکەنینا بووین. لە پڕێکا یەکێک دەستی ئەکرد بە گریان. ئەوانی کەش بەدوایا ئەمانایە هاڕەی گریان. هەموو وامان ئەزانی کە لە مووسڵ چووینە دەرەوە. ئیتر یەکتر نابینینەوە. زۆر سەیر بوو بەلامەوە. ئەو شەوەمان هەروەکو یەکەم شەومان بوو کە یەکەمجار بۆ کەسوکارمان ئەگریاین بیرمان ئەکردن، چونکە بەجێمان هێشتبوون. ئەم شەوەش ئەگریاین بۆ هاوڕێکانمان چونکە یەکترمان بەجێ ئەهێشت. ئەوەش یەک شتی ئەسەلماند؛ کە ئێمە بەتەواوی وەکو

یەک خێزانمان لێهاتبوو تا ئەو رادەیە یەکترمان خۆشویست. ئەو شەوە هەتا درەنگ کەسمان نەنوستین، خۆمان کۆئەکردەوە، ئەبووایە بەیانی سەعات نۆ هەموو بڕۆیشتینایەو بەشی ناوخۆمان چۆڵ بکردایە. بەیانی هەموو زوو خۆمان ئامادە کرد، کە بڕۆینە خوارەوە، چونکە بڕیار وا بوو، کە کامەران‌و توانا کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی بین بە دوامانا. ئێمەش پێشتر چووین ماڵئاواییمان لە زۆرینەی ئەو کەسانە کرد، کە ئەمانناسین لە کچە عەرەبەکان‌و هەندێکیش لە کوردەکان، کە زۆر نزیک نەبوون لێمان‌و هاوڕێمان نەبوون. ئینجا ماڵئاواییمان لە بەڕیوەبەری بەش کرد. ئەوەندەی پێ نەچوو، تواناو کامەران بە سواری ئۆتۆمبێلێکی سوپەرەوە گەیشتنە بەر دەرگای بەشی ناوخۆ. خۆمان ئامادە کردبوو. وردە وردە بە جانتاکانمانەوە چووینە خـوارەوە. ئۆتۆمۆبیلەکەمان پڕ کردو سیخناخمان کرد لە جانتاو شتومەکەکانمان. ئەوەشی جێی نـەبـووەوە، لە بەشی ناوخۆ بەجێمان هێشت بۆ قوتابییەکانی ساڵی داهاتوو. کامەران‌و توانا لە بەشی پێشەوەی ئۆتومبێلەکەدا جێگایان بۆ خۆیان گرت‌و دانیشتن. جـوان‌و رزگـارو من‌و شیلانیش چووینە دواوە دانیشتین. بە دریژایی رێگاکە کە زیاتر لە ماوەی دوو کاتژمیر بوو، کەسمان یەک وشەمان نەوت. دڵنیام کە هەموو لە بەر خۆمانەوە بیرمان لەو رۆژانە ئەکردەوە، کە بە خۆشی بە یەکەوە بە سەرمان برد. هەمووومان زۆر غەمبار بووین. خوا خوامان بوو کاتەکە زیاترو دوورو دریژتر بێت، بۆ ئەوەی زیاتر بە یەکەوە بین. گەیشتینە کانی وەتمان. لەوێ هەر وەکو هەموو جارەکانی پێشو نانمان خوارد هەر یەکەمان سەتڵێک ماستی کڕی بۆ ماڵەوە بەڵام تۆزێک لەجاران زیاتر لەوێ ماینەوە. بەو شێوەیە ئەو رۆژە رێگای گەڕانەوەمان بڕی. من ئەمویست

دەرفەتێک بهێنم بە کامەران بڵێم، لە یەکتر دانەبڕێینو بەردەوام هەواڵی یەکتر بزانین. بەڵام سەخت بوو. کامەران کە لە پێشەوە لە ئوتومبێلەکەدا دانیشتبوو. گوێم لێ بوو وتی:

ـ منو تۆ ئەبێت بڕوین بۆ عەسکەری. وانییە توانا؟

توانا وتی:

ـ کوڕە جارێ با ئێمە بگەیینەوە بۆ سلێمانی. بزانین چی چاوەڕێمانە.

کامەران وەڵامی دایەوە. وتی:

ـ هەزار شت... یەکەم عەسکەری.

منیش وتم:

ـ ئینجا بەتەمان بچن؟

توانا وتی:

ـ جاری نازانین.

جوان وتی:

ـ کوڕە ئێوە کەی کوڕی عەسکەرین؟

هەموو پێکەنین. ئیتر ئەوەندەمان نەمابوو بگەینەوە سلێمانی، بەرە بەرە خەمو بێدەنگی گرتینی. کابرای سایەق بردینی بۆ گەراجو دایبەزاندین. لەوی باوکی کامەران وەستابوو. چاوەڕێی کامەرانو توانای ئەکرد بۆ ئەوەی بیانباتەوە بۆ ماڵەوە. منیش باوکم لەوی چاوەڕوانی ئەکردم. کاتێک، کە جانتاکانمان لە سەیارەکە داگرت، کامەران لە نزیکمەوە بوو، زۆر بە دەنگی نزم وتی:

ـ بنار؟ دەنگت هەبێت خۆت مەشارەوە، باشە؟ منیش زۆر بە خێرایی وتم:

ـ تۆش هەروەها، خۆت ون نەکەیت.

ئیتر ئەو رۆژە ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد. ئەو رۆیشت بۆ لای باوکی، منیش بۆ لای باوکم.

## ـ ٦٦ ـ

چەند رۆژێک بوو گەڕابووینەوە بۆ شار. من دڵم زۆر کرایەوە، کە لە ناو دایکمو باوکمو خوشکو براکانمدا بووم. هەستم ئەکرد ژیان لە ماڵی ئێمەدا تا رادەیەک گۆڕانی بەسەرهاتبوو. گۆڕانێک کە دڵی هەموومانی خۆشکردبوو، بە هۆی ئەوەی، کە نازداری خوشکم بە نمرەیەکی بەرز زانکۆی تەواو کردبوو. ئەوەش هەلێکی باشی بۆ رەخساندبوو کە لە هەمان کۆلێجەکەی خۆی دابمەزرێتەوە. وەکو مامۆستایەک کە وانەی تیادا بڵێتەوە. بەڵام نیازی برام ئەو ساڵە نمرەیەکی باشی نەهێنابوو، تاکوو بتوانێت پێی بچێتە زانکۆ. لەبەر ئەوە خۆی هێشتەوە بۆ ساڵی داهاتوو. خونچە، نەشمیل نەوژین، هاوژین هەموو دەرچوون بۆ پۆلی سەروتر بە نمرەی باش. دوای چەند هەفتەیەکیش. ئەنجامی تاقیکردنەوەی منیش دەرچوو. من بە نمرەیەکی باش دەرچووم. دایکمو باوکم زۆر دڵیان خۆش بوو. ئیتر خەمی منیشیان نەما. رێگای هاتووچۆی مووسڵ داخرا. کێشەیەکی گەورە بوو بۆ منو هاوڕێکانم تا بتوانین ئامادەبین لە ئاهەنگی دەرچوونمان لە پەیمانگا. هەموو هاوڕێکان خۆمان ئامادە کردبوو کە ئامادەبین بەیەکەوە بگەڕێینەوە بۆ مووسڵ تاکوو نامەی دەرچونمان وەربگرین. بەڵام بۆ بێ بەختی ئێمە ئەوکاتە باری سیاسی بەجۆرێک ترسناک بوو کە نەمان توانی ئەو سەفەرە بکەین. ئیتر لەوکاتەوە زۆرینەی هاوڕێکانمان نەبینیەوە. زۆری نەبرد خولیای ئەوەم بوو هەواڵی کامەران بزانم. بۆ ماوەیەکی کەم دەنگو رەنگی نەبوو. ناچار تەلەفۆنێکم بۆ شیلان کرد. پرسیارم لێ کرد، کە ئەگەر ئەو هەواڵی توانا بزانێت، یان نا؟ شیلان وەڵامی دامەوە، پێی وتم:

ـ بەڵێ بۆ نا، من هەموو رۆژێک قسەی لەگەڵ ئەکەم.

کامەران هەر دەنگی نەبوو. ناچار بووم خۆم تەلەفۆنی بۆ بکەم. کە بۆم کرد، برایەکی وەڵامی دامەوە. وتی:

ـ کامەران ئێستا لەگەڵ باوکم ئیش ئەکات.

لێم پرسی:

ـ ئەی چۆن ئەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم.

وتی:

ـ ئەوە ژمارەی تەلەفۆنی دووکانی باوکمە.

ژمارەکەم وەرگرت، داوام کرد. کەس وەڵامی نەدامەوە. ئەمە چەند جارێک دووبارە بووەوە. کامەران رۆژێکیان خۆی تەلەفۆنی بۆ کردبووم. من لە دەرەوە بووم. کە دوایی من بۆم کردەوە، ئەو لە دەرەوە بوو. کەواتە بە هیچ جۆرێک یەکترمان نەئەگرت. هەتا رۆژێکیان رۆیشتم هاوارم بۆ شیلان برد، پرسیارم لێ کرد ئەگەر ئەو هیچ ئەزانێت؟

شیلان وتی:

ـ ئەی خۆت بۆ قسەی لەگەڵ ناکەیت؟ هەتا کەی ئەم مەسەلەیە لەماڵەوەتان ئەیشاریتەوە ؟

بە راستی کەس لە حاڵی ماڵی ئێمەی نەئەزانی. هەر کەس لە خۆیەوە سەیری ئەکرد. ماڵی ئێمە، نەک هەر کامەرانیان رەفز ئەکرد، بەڵکو هەر کەسێکی کەش ئەهات بۆ داواکاریمان، باوکم، یان نیاز هەر جارەی بیانوویەکیان ئەگرت. نازداری خوشکم چەند جارێک داواکاری باشی ئەبوو. باوکم بە دایکمی ئەوت، پێیان بڵێ ئێمە کچمان نییە. تەنانەت دوای دەرچوونی لە زانکۆ باوکم هەمان قسەی ئەکرد. ئیتر بە هەرچی بیانویەک بوایە پاڵی پێوە ئەنان. رازی بوون بە کەسێک. لای باوکم زۆرشتێکی قورسو گران بوو.

شیلان وتی:
ـ بنار تۆ ترساویت. تۆ ئەبێت بە روونی باسی خۆتو کامەران بۆ دایکت بکەیت.
وتم:
ـ شیلان. من باسی ماڵی خۆمانم بۆ کردیت. بەڵام تۆ دیارە بە تەواوی لە وەزعەکەمان تێناگەیت، کە ئێمە چەند چەوساوەی دەستی باوکو براین. خەڵک هەموو وا ئەزانن ئێمە زۆر دڵخۆشو بێ کێشەین لە ماڵەوە. بەڵام لە راستیدا وا نییە. تۆ قسەکانت راستە، بەڵام لە ماڵی ئێمە ئەو جۆرە قسانە ناخوات. ئەوەی نیازو باوکم ئەیڵێن، هەرئەوەیە، رەدکردنەوەی نییە. من لە نێوان دوو ئاگردام. نازانم چی بکەم. لەلایەک عەشق وخۆشەویستی بێسنورم بۆ کامەران. لەلایەکیش رێنومایی بیرو بۆچونی چەوتی خێزانەکەم.
شیلان وتی:
ـ برۆ هەڕەشە بکە لە کامەران. پێی بڵێ ئەڕۆم شوو ئەکەم، یان لای دایکت باسی بکە با ئەو بزانێت. پێویستە ئاگادار بێت، چونکە دایکە. هەر دڵی پێت ئەسووتێت. بە خوا من، کە بە دایکم وت توانام خۆش ئەوێت، یەکسەر وتی کەی دێت بۆ داوات، با بێت. ماڵی ئێمە زۆریان پێ خۆشە، چونکە ئەزانن من دڵم بە تواناوەیە. ئەوانیش خۆشیی منیان ئەوێت. لەو بڕوایەدام دایکی تۆش هەر وا بێت.
وتم:
ـ شیلان گیان دایکم هیچی بە دەست نییە، تەنها قسەکانی باوکمو نیاز جێبەجێ ئەکات. منیش ئەزانم ئەگەر پێی بڵێم، پێی خۆش ئەبێت. بەڵام خەم ئەخوات، کە ناتوانێت یارمەتیم بدات. منیش حەز ناکەم دایکم خەفەت

بخوات لەبەر من.

شیلان وتی:

ـ دە باشە.. من ڕێگایەکیترت بۆ دائەنیم.

وتم:

ـ دەی توخوا مێشکت بخەرە کار بۆم. بە خوا هەر تۆ هەیت بتوانیت یارمەتیم بدەیت.

شیلان وتی:

ـ بنار گوی بگرە. ئەمە زۆر گرنگە. ئەگەر بە قسەم بکەیت. بڕۆ خۆت بە دایکی کامەران بناسێنە. باسی خۆتو خۆشەویستیی خۆتی بۆ بکە، کە ئێوە چەند ساڵە یەکترتان خۆش ئەوێت. پێی بڵێ تۆ چۆن کەسێکیت. لەو بڕوایەدام، کە دڵی پێتان ئەسووتێتو بە خوا خۆشیشی ئەوێیت. کچێ هەیە تۆ بناسیتو خۆشی نەوێیت؟ بە قسەم بکە. ڕۆژێک بڕۆ بە میوانی. ئەویش ئافرەتە. هەستت پێ ئەکات. دڵی نەرم ئەبێت. لەوانەشە زۆر بە ئاسانی ڕازی بێت.

ئەو رۆژە منو شیلان زۆرمان ریگا دانا، هەتا ئێوارەیەکی درەنگ لەوی بووم. هەرچیەکمان ویست بیکەین، هیچی سەری نەئەگرت. لە کۆتایدا گەڕامەوە ماڵەوە. زۆر بە دڵ شکاوی. بەڵام کە گەیشتمە ماڵەوە ماڵی ئێمە کەسی لیَ نەبوو. زۆر سەیرم لیهات چونکە؛  شتی وا لەوەو پیش قەت رووی نەدابوو. منیش بە هەلم زانی. دەمیک بوو خوا خوای رۆژێکی وا بووم. بیرم کردەوە لە پێشا ئەبێت بزانم دایکم و خوشکەکانم لە کوێن!؟ چووم دەستم دایە تەلەفۆنەکە. تەلەفۆنەکە زرنگەی هات. خێرا وەڵامم دایەوە، چونکە لە خەیاڵی دایکمدا بووم. هەر. کە وەڵامم دایەوە، وتم:

- دایە؟!

دەنگێکی گڕ وتی:

- دایە... دایەی چی؟ بنار.. من کامەرانم.

ئیتر خەریک بوو لە خۆشییا بزریکێنم. وتم:

- کامەران گیان، ئەوە تۆ بۆ دەنگت نییە؟ خۆ من شیت بووم ئەوەندەت بیر ئەکەم. ئەی تۆ بیرم ناکەیت؟

کامەران وتی:

- کچیَ چۆن بیرت ناکەم! بە خوا شەو رۆژ لە خەیاڵمای. بەڵام چی بکەم؟ بنار گیان ئێستا من لەگەڵ باوکم ئیش ئەکەم. بەیانی زوو ئەڕۆم شەو ئەگەڕێمەوە. تۆش منت ترساندووە، کە تەلەفۆنت بۆ نەکەم. بەڵام ئێستا لە دڵی خۆمدا وتم، هەر چۆنێک بێت هەر قسەی لەگەڵ ئەکەم. باش بوو خۆت وەڵامت دایەوە.

وتم:

ـ کامەران گیان، ماڵەوە. کەس لێرە نین. بەڵام ئەمەوێت بە خێرایی شتێکت پێ بڵێم.

وتی:

ـ دە بیڵێ.. خێرا، تا نەهاتوونەتەوە.

وتم:

ـ ئەمەوێت هەرچۆنێک بێت هەموو هەفتەیەک جارێک قسە بکەین.

کامەران وادیار بوو قسەکەی منی بەدڵ بوو. وتی:

ـ زۆر چاکە، بەڵام من ئەمەوێت بتبینم. وەرە بۆ ماڵی خۆمان. ئەوسا تەگبیری هەموو شتێک ئەکەین. بنار گیان، خەمت نەبێت خوشکمو دایکم هەموو لە ماڵن ئەبن. ئەزانم تۆ وات پێخۆشە.

کە وای وت دڵم خۆش بوو. وتم:

ـ واتە تۆ ئەتەوێت منیان پێ بناسێنیت؟

وتی:

ـ نا.. بە داخەوە، جاری ناتوانم ئەوە بکەم.

پێم وت:

ـ من ئەمەوێت قسە لەگەڵ دایکت بکەم بەڵکو دڵی نەرم بێت بۆمان.

وتی:

ـ نا.. بنار گیان جارێ دایکم قسە قسەی خۆیەتی. نەتناسێت باشترە.

وتم:

ـ تۆ هەقی ئەوەت نەبێت من خۆمی پێ ئەناسێنم.

کامەران وتی:

ـ دە تۆ جارێ وەرە... با من بتبینم، کە هاتیت ئەوسا بزانین چۆن ئەبێت.

بەڵام من سووربووم لە سەر ئەوەی کە دایکی ببینم.

## - ٦٨ -

ڕۆژێکمان دانا، کە بچم کامەران ببینم. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر مێژوویی بوو لە ژیانمدا. هەر چەندە زۆر دڵم خۆش بوو. بەڵام زۆر نا ڕەحەتو نا ئارام بووم. دوودڵی، ترس زۆر شپرزەیان کردبووم. هەر چەند دڵم ئاواتەخوازی ئەو ڕۆژە بوو، بەڵام ئەقڵم پێی ئەوتم نـا... مـەڕۆ. ئەو ڕۆژەی کە ئەبووایە بڕۆیشتمایە لە ململانێیەکی زۆر ناخۆشدا بووم. هەرگیز خۆم نەئەبینی لەو ماڵە لەگەڵ دایکی کامەران دابنیشم یان قسە بکەم. بەڵام من بڕیاری خۆم دابوو کە بچم بۆ ئەوێ ئەبێت دایکیشی ببینم. چونکە ئەو زۆر بێ بەزەییانە حوکمی دابووم. لەگەڵ ئەو هەموو ترسەدا کە بیرم لە کامەران ئەکردەوە هەمووی ئەڕەویەوە. ئەبوو بە کاتو ساتێکی ئەوەندە خۆش کە لەوانەیە بەرگەی نەگرم. ڕێگایەکی زۆر ئاسانمان دانا کە بچم بۆ ماڵیان. کاتێک کە خوشکو براکانیشی لەوێ ئەبن. بەڵام من ئەوەم بە هەلێکی زۆر باش دانابوو بۆ ئەوەی یەکتر بناسین لە نزیکەوە ئیتر نەتوانن خۆیان گێل بکەن. خۆشەویستییەکەمان بە درۆو گاڵتە تێ بگەن. ویستم ئیتر ئەوەندە چیرۆکی درۆ دروست نەکەم. ئەمویست ئیتر ئاشکرابێت لای هەمووان. تەنانەت لای کچی خاڵو کچی پووریشی بۆ ئەوەی بزانن ئێمە یەکترمان خۆشئەوێت. بەڵام تۆزێک ئەوەستام. ئەموت ئاخۆ چی ڕوودات؟ دیسان جارێکی تر بەخۆم ئەوتەوە؛ ئینجا لەوە زیاتر چی ڕووئەدات؟ خۆ ئێمە چوار ساڵە دڵمان تەقی. ئەمەنە ئەم خۆشەویستیەمان شاردەوە ئەمەنە درۆمان کرد. بەسە ئیتر. جگە لەمانەش خۆ من هەتا ئێستا بە جوانترین شێوە ڕێزو ڕەوشتی خۆمو خێزانەکەمم پاراستووە. ئیتر منیش مرۆڤم. پێویستە ئەوانیش ڕێز لە خواستو ئارەزووی منیش بگرن. لەگەڵ هەموو داواکارییەکانی

ئەوان لە من، تەواوکردنی خوێندن، پاراستنی رەوشتی خۆمو خێزانەکەم بە باشترین جوانترین شێوە من کردم. ئینجا ئێستا سەرەی خێزانەکەمە، کە بتوانن خواستی من بەجێ بهێنن. من وا بیرم لێ ئەکردەوە. ئەوەش پڕاوپڕ راستییەکەیە.

ئەو رۆژە پێمنا لە جەرگی خۆم، هەموو ترسم بەزاند. بەرەو ماڵی کامەران رۆیشتم. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆم تەلەفۆنێکی زۆر نهێنیم بۆ شیلان کرد. پێم وت:

- شیلان زۆر پێویستم پێتە. ئەمەوێت قسەکەی تۆ بە جێ بهێنم.

شیلان لە وەڵامدا وتی:

- چۆن؟ بە تەمای چیت؟

وتم:

- تۆ هیچم بۆ مەکە، تەنها درۆیەکی بچکۆلە. ئەزانم درۆ خراپە بەڵام ئەم درۆیە لەوانەیە کێشەیەکی زۆر گەورە حەل بکات.

وتی:

- بە سەر چاو!

ئینجا بە پێکەنینەوە وتی:

- چییە؟ کە من بیکەم؟ بۆ ئەبێت درۆ بکەین؟ ئەوە درۆی ناوێت. من زۆرم پێ وتیت بڕۆ بە راستی باسی بکە.

وتم:

- شیلان گیان تکایە تۆ لە ماڵی خۆتانەوە سەیر مەکە. ئێمە زۆر جیاوازین. تۆ شوکور تا ئێستا هیچ کێشەیەکت نەبووە. نە لە ماڵی خۆتان نە لە ماڵی توانا. ئێستا ئەتەوێت یارمەتیم بدەیت یان نا؟

شیلان زۆر بە پەلە وتی:

ـ بەڵێ.. بەڵێ من ئەمەوێت یارمەتیت بدەم، بەڵام تۆ تاوان ناکەیت تا بیشاریتەوە. داوای هەقی خۆت ئەکەیت. ئەگەر ئەوان خۆشی تۆیان ئەوێت پێویستە دەست نەخەنە خۆشیی تۆوە. کەسوکار بۆ خۆشیو ئاسانکردنی ژیانمانن. نەک بۆ قورسکردنی ژیانمان یان تێکدانی دوا رۆژمان و دوورخستنەوەمان لە بەختەوەری. ئەبێت ماڵی باوکت ئەو ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن. بزانن بۆ بە کامەران رازی نابن؟ کامەران عەیبی چییە؟ باشترین کوڕە. هەموو کەس لێی رازییە. ماڵی باوکت چییان ئەوێت؟

وتم:

ـ ئەی کەسوکاری منیش ئەڵێن بنار عەیبی چییە؟ هەموو دنیا خۆشی ئەوێیت. چاوت لێیە کێشەکە لە کەسوکاردایە؟ خەتای هەردوو لایە؟ دایکی منیش هۆی زۆرە کە رازی نەبێت. شیلان وتی:

ـ بنار؟ بۆ دایکت ئێستا ئەزانێت بە مەسەلەی تۆو کامەران؟ وتم:

ـ لەو بڕوایەدام بزانێت. چونکە چەند جارێک قسەی بۆ هەڵیاوم وەکو خەسوو گوێ بگرە بوکێ لەگەڵ تۆمە. ئیتر ئێمە گوناحمان نییە.

شیلان وتی:

ـ دە باشە ئێستا پێم بڵێ درۆی چیت بۆ بکەم؟

وتم:

ـ من بە دایکم ئەڵێم لە ماڵی دایکی شیلان دەعوەتم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. تۆش ئەگەر دایکم هەواڵی پرسیم یان هەر شتێک بوو بڵێ لیرە بوە. ئیتر خۆت شتێک بکە.

شیلان وتی:

ـ باشە هەر چەندە من حەزم بەم شاردنەوەیە نییە، بەڵام خۆت باشتر

ئەزانیت لە حاڵی ماڵی خۆتان. من حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم بەڵام وا نا.
وتم:
- راست ئەکەیت. منیش ئاواتەخواز بووم هەموو شتێکم بە ئاشکرا بکردایە پێویستی بە درۆو شاردنەوە نەبوایە. بەهەموو دڵمەوە حەزم ئەکرد دایکی منیش وەکو دایکی تۆ ئاگادار بوایە، بیزانیایە کە کچەکەی خۆشەویستیەکی پاکو راست ئەکات. جێگای شانازیە نەک جێگای تەریق بونەوەو شەرمەزاری بێت. بەڵام سەیرکە وەکو ئەیبینیت هەموو ئانجامێکی ترساندن، هەڕەشەو گوڕەشە بێبڕوابوون ئەتگەیەنێتە ئەنجامێکی خراپتر کردنی درۆو کاری نابەجێ. کەواتە؛ وەکو ئەیبینیت ئێستا ئەوە تەنها رێگایە. دۆعام بۆ بکە سەرکەوتوو بم.
چوومە ژوورەکەی خۆمان لە نهۆمی سەرەوە. دڵم لە خۆشییاندا ساتێک ئەلەرزی ساتێک پێئەکەنی. ساتێکیش لە لێدان ئەکەوت. ئەو دڵەم خەریک بوو ئەهاتە دەرەوە. هەموو هەستەکانم پەشۆکابوون. لە خەیاڵی زۆر شتی سەیردا بووم کە لەوانەیە روو بدات. بەڵام... کاتێک بە خۆمم زانی کاتی رۆیشتنم زۆر نزیکە. ئینجا بە پەلە دەرگای کەنتۆرەکەم کردەوە. دەی ئەبێت چی لەبەر بکەم؟ کام رەنگ جوانە زۆر خۆم جوان کەم؟ سوور لەبەرکەم، یان سەوز لەبەرکەم؟ ئەی میکیاج زۆر بکەم یان کەم بکەم؟ کام پێڵاو لە پێ بکەم؟ کام جانتای دەستی لەگەڵ خۆم بەرم؟ هەزار هەزار پرسیار بە مێشکمدا ئەهاتو ئەڕۆیی. لە کۆتایدا بڕیارم دا لەسەر کراسێکی مۆری کاڵ گوڵی وردی سپی تیابوو بە تازەترین دیزاین دوررابوو. تازە تەواو بووبوو خێرا لەبەرم کرد. زۆر جوان بوو لەگەڵ جووتێک پێڵاوی سپی. سوراوێکی پەمەیی بە لای مۆردا ئەیڕوانی. ئەویشم کرد. بە کورتی زۆر جوان خۆم رازاندەوە. هەندیک موتو مورروم

بە خۆمدا کرد چەند جارێک لەبەر دەم ئاوێنەی کەنتۆرەکەماندا هاتم وچووم سەیری خۆمم ئەکرد. زۆر جوان خۆم ئەهاتە پێش چاو ئەموت، ئاخۆ حەپسەخان منی لا جوان بێت؟ ئاخۆ رەنگی جلەکانمی بەدڵ بێت؟ ئەوکاتە چەند دڵم خۆش بوو دووئەوەندەش دوودڵ بووم. ئەترسام لە کەسەکانی کامەران ئەگەر منیان بەدڵ نەبێت. زۆر لە سەر خۆ بەقادرمەکاندا چوومە خوارەوە. لەبەر خۆمەوە دۆعام ئەخوێند، خوایە گیان خوشکەکانم کەسیان نەمبینن پرسیارم لێ نەکەن بۆ کوێ ئەچم. سەلامەت چوومە خوارەوە تاکو گەیشتمە لای دایکم. خۆ نابیت هەروا بڕۆم. هەر ئەبێت بە دایکم بڵێم بۆ شوێنێک ئەڕۆم. کە گەیشتمە ژووری چیشتخانەکە. دایکم پشتی لە من بوو. ویستم دەرگاکە بکەمەوە زۆر بە دزییەوە تاکو فریا نەکەوێت سەیری دەموچاوم بکات چونکە لە رۆژانی ئاسایی زیاتر ئارایشتم کردبوو. بەڵام دایکم لە پڕێکدا ئاوڕێکی لێ دامەوە. بینیمی. وتی:

ـ یا ئەڵڵاە... خێر. ئەوە بۆ کوێ؟ بنار خان؟

وتم:

ـ ئەی پێم نەوتیت ئەمڕۆ لە ماڵی دایکی شیلان دەعوەتم؟

دایکم وتی:

ـ نا وەڵڵا، هیچت پێ نەوتووم. ئێستا پێم ئەڵێیت؟

وتم:

ـ دە باشە دایکە گیان، ئێستا ئەڕۆم بۆ ماڵی شیلان.

دایکم سەیرێکی کردم. وتی:

ـ ئەی بۆ وا خۆت جوان کردووە؟ ئەڵێ ئەچیت بۆ حەفلە؟

وتم:

ـ ئەی دایکە گیان، من خۆم هەر جوانم. بە خوا هیچی زیادم نەکردووە.

دایکم وتی:

ـ با.. با.. شتێکت زیاد کردووە. دە بڕۆ ئاگات لە خۆت بێت. زوو بێیتەوە. تاقەتی موشکیلەمان نییە. باشە؟

وتم:

ـ باشە دایکە گیان. خوا حافیز.

دیسان دایکم بانگی لێ کردم. لێم هاتە پێشەوە. وتی:

ـ ئا وەرە کچم، بزانم ئەو پەلە پەلەت لە چییە؟

ئاوڕێکم لە دایکم دایەوە. بەڵام زۆر بە تووڕەیی وتم:

ـ دایکە؟ بەسە... تەمەنم بیست ساڵە. هەتا کەی بڕوام پێ ناکەیت؟ من ئاگام لە خۆمە. هەزار جارم پێ وتوویت خەمی منت نەبێت.

دایکم وتی:

ـ باشە کچی شیرینم؟ بۆ تورە ئەبیت دەبڕۆ خوات لەگەڵ بێت.

خێرا دەرگای حەوشەم کردەوە. بە خوا وا بزانم بە یەک چرکە گەیشتمە سەرجادەکە. خێرا دەستم لە ئۆتۆمبێلێکی کرێ راگرتو خۆم فڕیدایە ناوی.

لە ڕێگا لە ناو ئوتومبێلەکەدا دڵم هەر زۆر خێرا لێی ئەدا. هەزار شتی ناخۆش ئەهاتنە خەیاڵم، ئەهاتنە پێش چاوم. ئەبێت چی ڕوو بدات؟ کاتێک دایکی ئەمبینێت، ئەبێت چی بڵێت؟ ئەی خوایە گیان. من بۆ وام کرد؟ ئینجا کەوتمە گومانێکی زۆرەوە. ئەبێت خوشکەکانی چی بڵێن؟ ئەی براکانی؟ کاتێکم زانی گەیشتمە بەردەمی ماڵەکەیان. خێرا دابەزیم. سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد. کەس دیار نەبوو. دەرگای ماڵەکەیان کراوە بوو. هەر چەندم ئەکرد نەموێرا لە دەرگا بدەم. بەڵام بینیم کامەران لەودیو دەرگاکەوە ڕاوەستابوو. وا دیار بوو چاوەڕێی منی ئەکرد. خێرا چوومە ژوورەوە. سڵاوم لە کامەران کرد. بینیم چەند قاڵدرمەیەک لەویدا بوو. ڕێک ڕۆیشتم. ویستم بە قاڵدرمەکاندا بڕۆمە سەرەوە. بەڵام کامەران قۆڵی ڕاکێشام. زۆر بە هێواشی. وتی:

- وەرە.. بنار؟ ئەوە بۆ کوێ ئەڕۆیت؟ ئەتەوێت باوکم بتبینێت؟

وتم:

- نا... ئەمەوێت دایکت بمبینێت!

کامەران وتی:

- کچێ ڕاوەستە، جارێ با باوکم بڕوات، ئەوسا خۆم ئەتبەم بۆ لای دایکم. جارێ وەرە ئەم ژوورە. دانیشە. دوایی...

منیش وتم:

- باشە. باوکت کەی ئەڕوات؟

وتی:

- تۆزێکی کە.

کە چوومە ژوورەکە دوو برای لەوێ دانیشتبوون. وادیار بوو لە خۆی بچووکتر بوون. هەر، کەمنیان بینی هەستانە سەر پێ بەخێرهاتنیان لێ

کردم. دانیشتم. دوو براکەی تۆزێک دانیشتن ئیتر رۆیشتن. بەڵام منو کامەران هەر دانیشتین. شپرزەیی گرتبوومی. هەر بەو شپرزییەوە رووم تێکرد. پێم وت:

ـ کامەران... من هاتووم دایکت ببینم!

کامەران تۆزێک لێم هاتە پێشەوە وتی:

ـ بنار، تکایە.. تۆزیک تەحەمولت هەبێت. بەڕاستی من جارێ نامەوێت کەسیان تۆ ببینن. هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە.

کامەران هەر ئەو قسەیەی کردو بێدەنگ بوو. ئینجا سەیرێکی تری کردم. وتی:

ـ بنار، ئەمرۆ زۆر جوانیت. من هیچ کات حەزم لە رەنگی مۆر نەکردووە. بەڵام تۆ رەنگەکەت جوان کردووە. رۆژ بە رۆژ تۆ جوانتر ئەبیت.

منیش شەرمێک گرتمی، بە پێکەنینێکەوە وتم:

ـ بە راستە؟

وتی:

ـ بێگومان بە راستمە، تۆ جوانترین کچیت لای من. نەک هەر رووکەشت بەڵکو دڵیشت جوانە.

منیش دیسان پێکەنیم. وتم:

ـ سوپاست ئەکەم، تۆش هەمیشە لە لای من تاقانەی.

هەردووکمان تۆزێک بێدەنگ بووین. دیسان کامەران سەیرێکی تری کردم بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ بنار، بەخوا بیرم ئەکردیت! شەو رۆژ لەبەر چاوم لاناچیت. منیش بەزەردەخەنەیەک جوابم دایەوە. ئینجا وتم:

ـ دەی، کامەران مەسەلەکەم بیر مەبەرەوە، من بۆ لای دایکت هاتووم.

کامەران دەستی کرد بە پێکەنین.

وتی:
ـ بنار گیان، بڕوا بکە ئێستا هیچ باش نییە دایکم ببینیت. جارێ با چاوەڕێ بین. ماوەیەکی‌تر.
دیسان بێدەنگ بووین. وا دیار بوو کامەران چاوەڕێی وەڵامی من بوو. بۆیە وتم:
ـ ئەی من بۆچی لێرەم؟ تۆ پێت وتم؛ ئەتوانم دایکت ببینم؟ چی بووە؟ ئەترسم حەپسە خان حەز نەکات بمبینێت! کامەران گیان دە پێم بڵێ تۆ قسەت لەگەڵ دایکت کرد؟ کامەران هەر سەیری ئەکردم. دیسان پرسیارم لێکرد وتم:
ـ دایکت وتی، نامەوێت بنار ببینم؟ وانیە؟ دە پێم بڵێ لێم مەشارەوە. ئەگەر وایە با بزانم!... تکات لێ ئەکەم هەرچی هەیە بۆم باس کە. من هەموو رۆژێک ناتوانم درۆی جۆراو جۆر بکەم بۆ ئەوەی یەکتر ببینین. ئایا ئەزانی ئەگەر ماڵی ئێمە بزانن من لێرەم چیم لێ ئەکەن؟ تۆ ئەزانی ئەم بڕیارەم چەند قورس بوو؟ بەڵام من لە پێناوی عیشقی تۆ پێم نا لە هەموو بنەماو یاساو نەریتێکی کۆمەڵایەتی. چونکە ئێمە خۆشەویستیەکی راستەقینەمان لە نێواندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی من بۆ ئێرە، لای هیچ کەسێک پەسەند نیە. بە تایبەت خێزانەکەی من....
هەموو کاتەکە کامەران چاوی بڕیبوە دیوارەکەی بەرامبەری بە وریایی گوێی لە قسەکانی من ئەگرت. کامەران سەیرێکی کردم بە روخسارێک کە پڕ بوو لە بەزەیی، هەستم پێکرد دڵی پڕە لەقسە. بەڵام نایەوێت هیچم بۆ باس بکات. وتی:
ـ ئەزانم. زۆر چاک ئەزانم... هاتنت بۆ ئێرە شتێکی ئاسان نیە. منیش رێزی لێئەگرم. خۆشەویستیشم بۆ تۆ هەموو رۆژێک زیاد ئەکات. بەڵام،

من ئەمەویت جارێ چاوەڕیبین، تاکو پێویستمان بەکەس نەبێت. بنار من تۆم خۆش ئەوێت. تکایە هەر ئەوەت لە یاد بێت، کەهەتا مابم تۆ لە دڵمایت. چاوم پڕ بوو لە فرمێسک. لەو کاتەیا هەستم کرد کامەران لە ئاستی کەسوکاری بێدەسەڵاتە. وتم:

ـ بەڵام، من ئیتر نامەوێت ئەم پەیوەندییە بشارمەوە. هیچ نەبێت با کەسوکاری هەردوو لا بە پەیوەندیەکەمان بزانن. من لە درۆکردن هیلاک بووم. کامەران سەیرکە. هاوڕێکانمان وەکو ئێمەش نین وا خەریکن هاوسەرگیری ئەکەن. شیلان‌و توانا بڕیاریان داوە بەم زووانە ئیشەکەیان ببڕیننەوە. تۆش تازە پێم ئەڵێیت با کەسوکارم نەتبینن! نازانم بۆ! هەتا کەی؟

کامەران وتی:

ـ ئەوان هەڵەن. هێشتا زووە. توانا ئەبێت بچێت بۆ عەسکەری. ئەبێت ئیش بکات. دوایی چۆن ئەتوانێت ماڵ‌و مناڵ بە خێو بکات!

وتم:

ـ مەبەستت چییە؟ کەواتە تۆ بە تەما نیت هاوسەرگیری بکەیت بەم زوانە؟

وتی:

ـ ئەوە تۆ بەراستتە بنار؟

وتم:

ـ دە باشە پێم بڵێ، کەی؟ کەی ئامادە ئەبیت؟ ئێمە چوار ساڵە بەیەکەوەین. خویندنمان تەواو کردووە، ئیتر چی ماوە؟

کامەران وتی:

ـ شتی زۆر ماوە. ئەبێت عەسکەری بکەم. ئەنجا ئیش. من پارە وەرناگرم لە باوکم ژنم بۆ بهێنێت.

وتی:

- بنار... ئەبێت زۆر خۆڕاگر بیت. ئێمە وەکو تواناو شیلان نین. ئەوان چی ئەکەن کەیفی خۆیانە. من ئەمەوێت خۆم دروست بکەم، ئەوسا بێم داوات بکەم.

بەردەوام بوو لە قسەکانی. وتی:

- بنار، من بە راستی زۆرم خۆش ئەوێیت، بەڵام... ئێستا ناتوانین هیچ بکەین.

قسەکانی کامەرانم هیچ بە دڵ نەبوو. بۆ ماوەیەک هەردووکمان بێدەنگ بووین. هەردووکمان خەیاڵمان رۆیشت. هەر یەکەمان بە لایەکدا. لە پڕێکدا یەکیک هاتە ژوورەوە. وتی:

- کامەران؟ وەرە سەرەوە. خواردن ئامادەیە. کامەران وەڵامی براکەی نەدایەوە. بەڵام سەیرێکی منی کرد. وتی:

- بنار تۆ لێرە بە. من تۆ نابەم بۆ نان خواردن بۆ سەرەوە، بەڵام بۆت ئەهێنمە ئێرە. من وەکو پێم وتیت دایکم با نەزانێت تۆ لێرەیت. من حەز ناکەم جارێ بزانێت.

من زۆر دڵم پڕ بوو. چاوم فرمێسکی گرت. وتم:

- تۆ بڕۆ گیانی من. نانی خۆت بخۆ. عافێتت بێت، منیش ئەڕۆم؛ چونکە مانەوەم لێرە هیچ مانایەکی نییە.

کامەران وتی:

- نابێت بڕۆیت. ئێستا خواردنت بۆ ئەهێنم. تۆزێک خۆت بگرە. هەر ئێستا یەمەوە بۆ لات، با نەزانن تۆ لێرەیت. بنار، بڕوا بکە جارێ وا باشترە.

زۆری لێ کردم. بەڵام من سوور بووم لە سەر ئەوەی بڕۆم. وتم:

- ناتوانم هیچ بخۆم.

کامەران بۆ جارێکیتر لێی دووبارە کردمەوە. وتی:

- بنار ئەزانم برسیتە، ئیتر بۆ لێرە نان ناخۆیت؟

وتم:

ـ نانی چی بخۆم؟ کێ ئەتوانێ نان بخوات دوای ئەو قسانە؟ تۆ ئێستا ناتوانیت هیچ پەیمانێکم بدەیتێ. ناشزانیت کەی ئامادە ئەبیت. تۆ مەسەلەکەت زۆر دوور خستەوە. لەوانەیە چەند ماوەیەکی کەمی بوویێت.

بەڵام. کامەران نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم. وتی:

ـ من نازانم چیت پێ بڵێم، کات بە دەست من نییە!

وتم:

ـ ئەی بە دەست کێیە؟ ئەگەر خۆت بڕیار بدەیت؟

کامەران دیسان قسەکەی پێ بڕیم. وتی:

ـ بنار تۆ وا ئەزانی من حەز ناکەم هەموو ژیانم لەگەڵ تۆ بم؟ لەوە ئەچێت تۆ گومانت لە من هەبێت؟ من تەنها تۆم خۆش ئەوێت. تەنها تۆشم ئەوێت. ئیتر بۆ پەلەتە؟

وتم:

ـ پێم وتیت هیلاک بووم لە درۆ، ئیتر بەسە. تاکەی؟ ئێمە حەقی خۆمانە ئاشکرای کەین.

کامەران وتی:

ـ ئێ چۆن ئاشکرای کەین؟ هەر ئەبێت داوات کەم، ئەوەش جارێ نابێت. کەس لەگەڵم نییە.

وتم:

ـ مەبەست کێیە؟

سەیرێکی کردم. هەناسەیەکی هەڵکێشا. وتی:

ـ کەس. بنار، توخوا... جارێ واز لەم مەوزووعە بهێنە. من خۆشم ئەوێیت. بیرت نەچێت.

لەو کاتەدا لە جێی خۆم هەستام بە دڵشکاوی بەرەو دەرگای دەرەوە چووم پێش ئەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵم. پێم وت:

ـ لەوەتەی هاتووینەتەوە بۆ شار تۆ زۆر گۆڕاویت. هەست ناکەم کامەرانەکەی خۆم بیت. من ئەڕۆم. بە دۆعا.

کامەرانیش لە جێی خۆی هەڵسا هاتە پێشەوە. وتی:

ـ بنار؟ جارێ مەڕۆ. تۆ بوەستە.

وتم:

ـ بۆچی بوەستم؟ من ئەزانم تۆ گۆڕاویت. بڕۆ نانەکەت بخۆ.

وتی:

ـ بەیانی تەلەفۆنت بۆ ئەکەم. دڵگران مەبە. بڕوا بکە خۆشم ئەوێیت، بەڵام ئێستا ناتوانم هیچ بکەم. لێم تێ بگە. بنار گیان.

وتم:

ـ تۆ هیچ کاتێک ناتوانیت هیچ بکەیت.

ئیتر دەرگای حەوشەکەیانم بە دوای خۆمدا داخست. ڕۆیشتم. خێرا دەستم لە ئۆتۆمبێلێکی کرێ ڕاگرت، ڕێک چوومەوە بۆ ماڵەوە.

## - ٧٠ -

هـەر، کە گەیشتمە ماڵەوە، رامکردە ژوورەکـەی خۆم دەستم کرد بە گریانێکی زۆر. هیچ هیوام بە کامەران نەما. هەستێکم لا دروست بوو، کە ئیتر لە یەک دابڕاین. لەو کاتەدا نازدار هاتە ژوورەکە. تەماشایەکی کردم. وتی:

ـ ئەوە چییە؟ دیسانەوە خێرە؟ هەر ئەم جارە نەگریایت؟ چی بووە؟ بۆ ئەگریت؟ ئەها دە تۆ جارێ پێم بڵێ تۆ لە کوێ بوویت؟

منیش لە داخی کامەران بیرم چووبووە، کە بە دزی ئەوانەوە رۆیشتووم. ئەوان نەیان زانیبوو من لە ماڵی کامەران بووم. بەڵام نـازدار، کە ئەو پرسیارانەی یەک بە دوای یەکای لێ کردم.

وتم:

ـ لە ماڵی کامەران بووم.

نازدار لێم هاتە پێشەوە. وتی:

ـ چی؟ لە کوێ بوویت؟

وتم:

ـ گوێت لێم بوو؟ ئەزانم باش گوێت لێم بوو.

وتی:

ـ بەڵێ. بەڵام وا بزانم تۆ گاڵتە ئەکەیت. وا نییە؟

وتم:

ـ نەخێر، زۆر بە راستمە. لەوێ بووم.

وتی:

ـ باشە چۆن؟ بۆ؟ بۆ چوویت؟

پێم وت:

ـ لەبەر ئـەوەی ویستم دایکی ببینم. بزانم بـۆ.. رقی لێمە؟ من چیم

لێکردووه؟ بۆ ئەوەی... بزانم، کە کامەران ئایا دێتە پێشەوە، یان نا؟ کەی خۆشەویستییەکەمان ئاشکرا بکەین؟ هەتا کەی وا بین؟ ئیتر بەس نییە؟

نازدار وتی:

ـ ئێ.. چیتر؟ تۆ بە خوا لەوە ئەچێت شێت بووبیت. کچ هەیە لە دنیادا بچێت بۆ ماڵی کوڕ بڵێت داوام بکە؟

وتم:

ـ ئەی بۆ نابێت؟ چییە؟ غەڵەت لە کوێدایە؟ پێم بڵێ، کە دووان یەکیان خۆشویستو خوێندنیان تەواو کرد، ئیتر چی ئەمێنێت؟ بۆ هاوسەرگیری نەکەن؟ تا کەی درۆ بکەین؟ تاکەی خۆمان بشارینەوە؟ ئەوەی من داوامکردووە راستە. ئێمە هیچمان لەبەر دەما نەماوە، هیچ ڕێگرییەک نییە، تاقە ڕێگر حەپسە خانی دایکی ئەوە. لەگەڵ نیازی برامان. ئەوانیش هیچ هۆیەکی راستو دروستیان نییە، جگە لە خۆپەرستی. خۆ بە زل زانین نەبێت. بە تایبەت ئەوەی نیاز ئەیەوێت، تەنها ئەوەیە، کە ئێمە حسابی بۆ بکەین. خۆی زل بکات بە سەرماندا. بۆ بەختە رەشەکەی منیش باوکمو دایکم بێ دەسەڵاتن لە بەردەم ئەودا. وەکو تەنها ئەویان هەبێت. ئێمەشیان دۆزیبێتەوە. حساب بۆ دڵو هەستی من ناکەن. نازانم، نازانم تاکەی درۆزن لە پێشترە نەک ڕاستگۆ؟ بۆ هەموو شت بۆ ئێمەی کچ تاوانە، گوناحە. ئەی ئێمە بەشەر نین؟ نازانم تاکەی ئەم جیاوازییە؟!

نازدار وتی:

ـ بنار گیان بڕۆ دەموچاوت بشۆ، با دایکم نەزانێت کە گریاویت. دیسان توشی پرسیاری زۆر ئەبیت. نازدار دیسانەوە وتی:

ـ لە هەندیک لە قسەکانتا راست ئەکەیت، بەڵام چی بکەین؟ هەرچی بڵێین، ئەبێت بە ناخۆشی، بە شەڕ تەواو ئەبێت. دوایی پەشیمان ئەبینەوە. خەمەکەش دوایی هەمووی بۆ دایکمان بە جێ ئەمێنێت. بنار گیان... سەبر

بگرە. جارێ کات زۆری ماوە. ئەوەتا منیش دەرچووم، چەند مانگێکیشە ئیش ئەکەم. خۆ داواکاریشم هەیە، بەڵام باوکم هێشتا هەر بیانو ئەگرێت. ئەڵێت کچم نییە بۆ شوو. هێشتا بە چاوی منداڵ سەیرمان ئەکەن. خۆ ئەگەر کامەرانیش جارێ داوات نەکات، زۆر ئاساییە. هێشتا زووە. تۆ چاو لە شیلان مەکە. ئەوان جیاوازن. هەر ماڵەو هەر خێزانەی یاساو کلتوری خۆی هەیە. لە ماڵی ئێمە یاساکە ئەوەیە، کە ئەبێت بە دڵی باوکو برا شوو بکەین. ئێمە دەنگمان نییە. هەر چی ئەوان وتیان، هەر ئەوەیە. بەڵام نیاز بە ئارەزووی دڵی خۆی، چیی بوێت، ئەیکات. هەر لەبەر ئەوەی کوڕە! ئیتر هەقی خۆیەتی. چی ویست، بیکات ئەیکات. ئەمەش تەنها لە خێزانی ئێمەدا وانیە، بەڵکو زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێمە وا بیر ئەکەنەوە..

وتم:

- نـازدار، من ئیتر بڕیارم داوە هەموو شت بە دایکم بڵێم. ئیتر درۆ ناکەم. تەواو. نە کفرم کردووە، نە دزی. نە ماڵی کەسیشم خواردووە. هەموو گوناحەکەم ئەوەیە کەسێکم بە پاکی خۆش ئەوێت؟ بە خوا من موستەهەققی ئەوە نیم.

نازدار وتی:

- خوشکم جارێ واز بێنە.. چی بە دایکم ئەڵێیت؟ ئەو چیی پێ ئەکرێت؟ بە خوا باوکم گوێی لی ناگرێت. ئیتر خۆشت کەشف مەکە. دانیشە بە رەحەتی. هیچ پەلە مەکە، هەموو شتێک خۆی چاک ئەبێت. ئەگەر ئێستا خێزانی کامەران بە تۆ رازی نەبن دایکم چی بکات؟ بەدەم گریانەوە وتم:

- ئەی تۆ نازانی دایکیشم بەوان رازی نیە؟ نازدار تۆزێک دەنگی نزم کردەوە بەهێواشی وتی:

- دایکم؟ بۆ رازی نیە؟ تۆ چوزانی؟ وتم:

- چونکە گوێم لە دایکم بوو لەگەڵ پورم بەتەلفۆن قسەیان ئەکرد.. زانیم

دایکیشم ماڵی ئەوانی بە دڵ نیە. خۆشی چەند جارێک بە تەعلیقەوە پێی وتووم، ئەو دەستە لە ژێر سەرت دەربهێنە. نازدار وتی:

ـ من دەمێکە ئەزانم. بۆیە هەموو جار پێم ئەوتیت تۆ دەرەقەتی دوو خێزان نایەیت! هەردوولا کەللە رەقن. تۆی داماو ماندوو ئەبیت. ئەوان گوێ بە خۆشەویستی تۆ نایەن، هەر ئەیانەوێت قسەی خۆیان زاڵ بێت. باشە تۆ بڵێی کێشەکان چی بن؟ وتم:

ـ بەخوا مەسەلەکە هەر شتی کۆنە، لەوانەیە دایکیشم قسەکانی حەپسەخانی بیستبێتەوە بۆیە تورەیە. نازدار وتی:

ـ دەی خوشکم گوێ مەیەرێ کەس نازانێت بەیانی چی بەسەردێت. نازدار ویستی بڕواتە خوارەوە لە پڕێکا وەستا، سەیرێکی کردم وتی:

ـ ئەوە کراسە تازەکەتە؟ زۆر جوانە. کۆنی مەکە با منیش جارێک لەبەریکەم. حەفتەی داهاتوو هەموو کچەکان ئەچین بۆ ماڵی تاڤگە شەکراو خواردنەوەیەتی تۆش وەرە. نازدار رۆیشتە خوارەوە.

منیش خێرا جلەکانم داکەند خۆم گۆڕی چوومە خوارەوە بۆ ئەوەی تەلەفۆنیک بۆ شیلان بکەم. نەمزانی دایکم لەو ژووره دانیشتووە چا ئەخواتەوە. لەگەڵ خونچەو نەشمیل، هەرسێکیان دانیشتبوون. سەیریان کردم. دایکم وتی:

ـ بنار؟ ئەوە کەی هاتیتەوە؟

وتم:

ـ تۆزێکە. لە سەرەوە بووم. لەگەڵ نازدار قسەمان ئەکرد.

رۆیشتم بەرەو تەلەفۆنەکە. خێرا تەلەفۆنێکم بۆ شیلان کرد. بەڵام باش بوو دایکم لەگەل خونچە خەریکی قسەکردن بوو. کەسیان گوێیان لە من نەبوو. کاتێک من قسەم لەگەڵ شیلان کرد هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو. وتی:

ـ کچم گوێ مەیەرێ. کەواتە جارێ هەر ئەبێت چاوەڕێ بکەیت. دیارە خۆی ئەزانێت، کە خێزانەکەی یارمەتی نایەن.

کە لە تەلەفۆنەکەم تەواو بووم، دایکم هاتە لامەوە. هەر سەیری ئەکردم وەکو بیەوێت پرسیارێکم لێبکات. وتی:

ـ بنار؟ باشە تۆ بۆ وا زوو هاتیتەوە؟ چی بوو؟ تۆ بڵێی شەرتان بووبێت؟

وتم:

ـ دایە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ شەری چی؟ لەگەڵ کێ؟

وتی:

ـ تۆ بۆ وازوو هاتیتەوە لە ماڵی شیلان؟ خۆ کاتی تر کە ئەچیتە لای شیلان بیرت نیە بگەڕێیتەوە. ئەی ئێستا بۆ وازوو هاتیتەوە؟

وتم:

ـ نازانم. تاقەتم نەبوو. میوانیان هەبوو.

هەر ئەوەندەم وت، بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشتم. گەیشتمە موبەقەکە دایکیشم بەدواما هات من خەریک بووم سەری مەنجەڵکانم هەڵئەدایەوە، دایکم هاتە پێشەوە هەر تەماشای ئەکردم. وادیار بوو ئیتر لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا. جارێکیتر پرسیاری لێکردم. وتی:

ـ بنار؟ چیتە؟ ئەوە برسیتە؟

وتم:

ـ بەڵێ دایکە، برسیمە.

دایکم هەر هیچ تێنەگەیشت. ئەو برسێتیەی من، گومانی زۆری لای دایکم دروستکرد! خۆشم ویستم شتێک بۆ دایکم دەربخەم. بەڵام لەهەمان کاتدا پەشیمان بوومەوە. لە پڕێکا نازدار هاتە چێشتخانەکە. سەیری منو دایکمی کرد. دایکم بە سەرسووڕمانەوە ڕووی تێکردو وتی:

ـ من هیچ لەم خوشکەی تۆ تێناگەم!

نازدار وتی:

ـ دایکە؟ بۆ لێی تێناگەیت؟ بنار حەزی لە هەموو جۆرە خواردنێک نییە. ماڵی شیلانیش ماسی سوورەوەکراویان هەبووە. بناریش حەزی لە بۆنی ماسی نییە. تەواو. ئیتر ئەمیش خێرا ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە.

سەیرێکی نازدارم کرد. لەبەر خۆمەوە وتم:

ـ من ویستم دایکم بزانێت، کە چووم بۆ کوێ؟ لە ماڵی کێ بووم؟ بەڵام تۆ نەتهێشت.

بە نابەدڵی قاپێک چێشتم بۆ خۆم تێکردو ڕۆیشتم لە ژووری دانیشتنەکە لەگەڵ خونچەو نەشمیل دانیشتم، خواردم. بەڵام نەمزانی تامی چیی دا. هەموو کاتەکە بیرم لە قسەکانی کامەران ئەکردەوە.

بۆ چەند رۆژێک خۆم گرت. هیچ پەیوەندییەکم بە کامەرانەوە نەکرد. بەڵام زۆرم بیر ئەکرد. بێتاقەتی بووم. چەند کتێبێکی تازەم کڕیبوو، خۆم بە خوێندنەوەیان سەرقاڵ کرد، بۆ ئەوەی بیر لە کامەران نەکەمەوە. چەند رۆژێکم بەو شێوەیە بە سەر برد. تاکو رۆژێکیان زەنگی تەلەفۆن لێیدا. رامکرد بۆ ئەوەی خۆم وەڵام بدەمەوە، چونکە هەستم لا دروست بوو کامەران بێت. بەڵام پێش ئەوەی من بگەمە لای تەلەفۆنەکە، نیاز هەڵیگرتو وەڵامی دایەوە. بەڵام کەس نەبوو. نیاز سەیرێکی منی کرد. بە مۆڕەیەکەوە وتی:

ـ بۆ من نەبوو! حەزیان لە دەنگی من نەبوو. لەوەش ئەچوو ئەو پەیوەندییە بۆ تۆ بووبێت... خانم.

ئینجا بە تەوسێکەوە وتی:

ـ ئەگەر بزانم کەسێک هەیە لە ژیانتا بە تایبەت ئەو کەسەی، کە خۆم ئەیزانم کێیە، ئەوە هەردووکتان ئەکوژم. ناهێڵم بە سەر دنیاوە بن. چونکە؛ کچی ئێمە بۆینیە خۆشەویستی بکات. نابێت شتی وا لە خێزانی ئێمەدا روبدات. هیچ وەڵامم نەدایەوە.

من ئیتر رۆیشتم. ئەو ناوەم بەجێهێشت. لە دڵی خۆمدا ئەموت:

ـ ئەی کێ تۆ بکوژێت؟ هەر هەفتەی لەگەڵ کچێکدای! هەرچی خوا پێی ناخۆش بێت لەگەڵیاندا ئەیکەیت.

ئەمویست پێی بڵێم:

ـ ئەو پیسیو بەدرەوشتییەی لە تۆدا هەیە لە کامەراندا نییە. تۆ وا ئەزانیت هەموو کوڕێک وەک تۆ وایە؟ یان هەموو کچێک وەک ئەو کچانەیە، کە دێن بۆ خۆشیی خۆیان لەگەڵ تۆ کات بە سەر ئەبەن؟ خۆ لەبەر ئەوە نییە تۆیان خۆش ئەویت. ئەمویست پێی بڵێم منو کامەران خۆشەویستیمان

لە گوڵ پاکترە. هەستەکانمان لە پەپوولە ناسکترو جوانترە. ئێمە خۆشەویستییەکەمان بۆنی بەهەشتی لێ دێت. بەڵام ئاخ، سەد ئاخ، بارو دۆخی خێزانەکانمان یارمەتیمان نادەن. ویژدانەکان نوستوون. نازانم کەی بەخەبەر دێن؟

ئەو رۆژە نیاز هەر لەماڵەوە بوو. نەیئەویست بچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری تەلەفۆنەکە بێت. بزانێت کێ پەیوەندی ئەکات. خونچە هات بۆ لام بۆ ژوورەکەی سەرەوە. من لەوێ بە تەنها دانیشتبووم. وتی:

- بنار... ماوەیەکە زۆر کزوماتی، بەڵام ئەگەر من خوشکی خۆم بناسم ئەزانم پەرێشانی چیت!

وتم:

- دەی پێم بڵێ، پەرێشانی چیم؟

وتی:

- بۆ هەواڵی کامەران. بەڵام بە خوا نیاز بە تەما نییە بڕواتە دەرەوە. ئەی بۆ ناچیت بۆ ماڵی شیلان لەوێوە قسەیەکی لەگەڵ بکەیت؟

وتم:

- منیش وا بە تەما بووم. بەڵام زۆر ئەترسم نیاز بەوەش بزانێت. ئەوسا گومان ئەخاتە سەر شیلان. دوور نییە ئەویش بە هۆی منەوە تووشی کێشە ببێت.

زۆر جار کە ئەمویست شتێک بکەم، جارێ بیرم لە هەموو کەسێک ئەکردەوە ئینجا هەنگاوم ئەنا. حەزم نەئەکرد کەس بە هۆی منەوە تووشی هیچ کێشەیەک بێت. من هێشتا خەریکی دارشتنی رێگایەک بووم کە بیدۆزمەوە بۆ ئەوەی هەواڵی کامەران بزانم. گوێم لە دەنگی دایکم بوو بانگی ئەکردم. وتی:

- بنار... بنار... ئەوە بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟

کاتێکم زانی دایکم گەیشتە ژوورەکەی ئێمە. منیش لە سەر جێگاکەم راپەڕیم. وتم:

- ئەوە چییە بۆ وا بانگم ئەکەیت؟

دایکم وتی:

ـ ئەریّ رۆڵە، ئەڵێی مسیان کردۆتە گوێت؟! ئەزانیت چەندم بانگ  کردیت؟! وەڵامت نەبوو؟ ئەوە لەگەل خونچە خەریکی چین؟ ئێستا شیلان تەلەفۆنی بۆ کردیت. وتی، بە بنار بڵێ با قسەیەکم لەگەڵ بکات. دە هەستە برۆ. بزانە ئەو کچە ئیشی چیی پێتە؟

منیش سەیرێکی خونچەم کرد. وتم:

ـ ئای لەوە؟ خۆ ئێمە ئێستا باسی ئەومان ئەکرد. کەچی خۆی پەیوەندیی کرد. بە خوا سەیرە!

خێرا هەستام دایکم وخونچەم بەجێهێشت، چوومە خوارەوە. پەیوەندیم بە شیلانەوە کرد. شیلان زۆر بە پەلە وبێ سەرەتا. وتی:

ـ بنار گیان، ئەگەر ئەتوانیت، حەز ئەکەم بەیانی بێیت بۆ ماڵی خۆمان. ئەمەوێت بتبینم.

بێگومان من زیاتر ئەمویست ئەو ببینم، تاکوو داخی دڵمی بۆ هەڵڕێژم. بەڵام ئەو زۆر بە کورتی قسەی کرد. منیش ئیتر هیچ پرسیارێکم نەکرد. بەڵام زۆرم پێ خۆش بوو، کە ئەو خۆی داوای کرد، کە من بچم بۆ لای. منیش مەبەستم لە چوونەکەم تەنها ئەوە بوو، کە پەیوەندی بە کامەرانەوە بکەم، چونکە زیاتر لە دوو هەفتە بوو هەواڵیم نەئەزانی. ئەو چەند جارێک پەیوەندیی کرد، بەڵام من نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە. بە درێژایی کاتەکە من لە ژێر چاودێریی نیازدا بووم. بە جۆرێک چاودێریی ئەکردم تەنانەت کە قسەم لەگەڵ پوورەکانمدا ئەکرد، ئەو لە ژوورەکەی خۆی گوێ لێ ئەگرتم بۆ ئەوەی بزانێت باسی چی ئەکەم. ئەو رۆژە رۆیشت. بەڵام رۆژی دوایی رۆژی ئەوە بوو، کە دڵم پڕ بوو لە خۆشی.

بەڵێنێک بوو، کە بتوانم بۆ جارێکی‌تر گوێم لە دەنگی خۆشەویستەکەم بێت. بۆیە هەر زۆر زوو لە جێگاکەم راپەڕیم، بە چالاکییەکی زۆرەوە خۆم ئامادەکرد بۆ ئەو رۆژە پڕ لە هیواو خۆشییە. ئەو رۆژە، خۆشترین رۆژم بوو لە دوای ئەوەی، کە بۆ دوا جار کامەرانم دیبوو. زۆر بە دڵخۆشی خۆم ئامادەکرد. زۆر جوان خۆم رازاندەوە. بە دڵێکی زۆر خۆش. هەموو پێکەنینێکی کامەران ژیانی تازەی پێ ئەبەخشیم. هەر قسەکردنێک لەگەڵی، هیواو گەشبینینی پێ ئەدام. وام هەست ئەکرد زیندوو ئەبمەوە. ئیتر گرنگ نەبوو هەرچییەک بڵێت. هەرچی ئەوت لەو کاتەدا وەکو ئاوازی ژیان بوو بۆ من، کە هەستم پێ ئەکرد. زۆر جار تەنها گوێ گرتن لە دەنگی وای لێ ئەکردم، کە ببمە باڵندەیەک لە ئاسمانی بەریندا بفڕم. نازانم بۆچی من تا ئەو رادەیە کامەرانم خۆش ئەویست. ئەو خۆشەویستییە بۆ من ئەفسوون بوو. هەرچۆنێک بێت، زۆر دڵخۆش بووم. تەنانەت دایکمو خوشکەکانم هەستیان پێ کردبووم. زۆر بە سەرسووڕمانەوە تێیان ئەڕوانیم.

خونچە بە بەردەوامی تێبینی ئەکردم. بەدەم پێکەنینێکەوە وتی:

ـ ئەوە چییە بنار؟ کەس لە تۆ تێناگات؟ رۆژێک ئەوەندە غەمباریت، ئەڵێیت هەموو دونیا بە سەر تۆدا رووخاوە. هەندیک جاریش ئەڵێیت هەموو دونیا هینی خۆتە ئەوەندە دڵت خۆشە. ئیمڕۆت لەو رۆژانەیە.

منیش پێکەنیم. وتم:

ـ ئەچم بۆ لای شیلان. خۆتان ئەزانن، کە هەر ئەوە هاوڕێی دڵسۆزم بێت ئاگای لە خەمەکانم بێت. هەر ئەوە حەز بکات یارمەتیم بدات. بە بێ ترس لە نیاز. ئەوەش زۆر گرنگە.

خونچە پێکەنی. وتی:

ـ خوا ئەو هاوڕێ دڵسۆزەت لێ نەستێنێت. ئەی ئێمە چیمان لێهات؟ خۆ ئێمەش خۆشمان ئەوێیت! حەز بە خۆشیت ئەکەین.

وتم:

ـ راست ئەکەیت خونچە گوڵ. بەڵام ئێوە لە بەر ترسی نیاز ناتوانن یارمەتیم بدەن. منیش نامەوێت بتانخەمە کێشەوە. دە باشە... ئێستا وازم لێ بهێنە... با بڕۆم بۆ لای ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم. بزانم ئیشی چیی پێمە؟

خونچە دیسان ویستی گاڵتە بکات. وتی:

ـ ئەوە چییە؟ ئەڵێی ئەچیت بۆ بینینی کامەران!

وتم:

ـ خۆزگە! ئینجا کوا؟ بە خوا ئەوەندەی بیر ئەکەم وەختە سوێم ببێتەوە. ئینجا کوا خوا ئەوەی بکردایەو بمبینیایە.

خونچە بە روویەکی زۆر کەساسییەوە وتی:

ـ بە خوا بنار گیان من زۆر حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم. بەڵام وەک خۆت باست کرد، لەبەر نیاز ناوێرم هیچ بکەم. خۆت ئەزانیت چۆنە.

وتم:

ـ خوشکم.. گوێ مەدەرێ. ئەمەش هەموو هەڵەکانی دایکمو باوکمن، کە نەیانزانی باش تۆوی خۆشەویستی بڕوینن لە نێوانماندا. سەیرکە، چونکە کاتێک، کە مناڵ بووین، باوکم زۆر جیاوازی لە نێوانماندا کرد. هەقی زۆری ئەدا بە دەست نیاز. هەر چیی بووتایە، هەر چیی داوا بکردایە، بۆی جێبەجێ ئەکرا. هیچ شتێکی رەت نەئەکرایەوە. تاکو گەورە بوو، ئەویش ئیتر خۆی بە گەورە زانی، بە سەرماندا، بە سەر باوکیشماندا زاڵ بوو. من بیرمە، کە مناڵ بووین، زۆر جار شەڕمان ئەکرد، هەر وەکو هەموو

منالێکیتر. بەڵام باوکم، لە جیاتیی ئەوەی ڕێکمان خاتو ئامۆژگاریمان بکات، هەر یەکەمانی ئەخستە ژووریک، پێی ئەوتین نابێت قسە لەگەڵ یەک بکەن. ئیتر ئێمەش وا ڕاهاتین چونکە ئەوە باشترین، ئاسانترین ڕێگا بوو بۆ باوکم. ئیستاش سەیر نیە کە نیاز لەگەڵ کەسمان ڕێک ناکەوێت. نەشمیل لەگەڵ نازدار ڕێک ناکەوێت. تۆش زۆر جار لەگەڵ نەشمیلو نازدار بە یەکدا دێن. ئیتر قسە دابڕین. هەر چەندە ئەوە شتێکی زۆر ناڕێکە لە نێوان خوشکو برادا. پێویستە ئێمە زۆر لەوە زیاتر یەکترمان خۆش بوویێت.

هەر بە دەم ئەو قسانەوە خۆم ڕێکخست، خۆم ئامادە کرد. ئینجا وتم:

ـ خوشکی خۆشەویستم، من ئەبێت بڕۆم. خوشکە جوانەکەم. لە خوا بپاڕێرەوە، بەڵکو بتوانم قسە لەگەڵ کامەران بکەم. گرنگ نییە بیبینم. بەس گوێم لە دەنگی بێت. هیچیترم ناوێت. من بە نیازم لەماڵی شیلانەوە پەیوەندیی پێوە بکەم.

خونچە وتی:

ـ ئێ... دە وا... بڵێ. ئەمە بۆیە وا دڵت خۆشە. دە بڕۆ خوات لەگەڵ. ئینشاالله گوێت لە دەنگی ئەبێت.

کراسیکی زەردی ڕەنگ لیمۆییم لە بەر کردو جووتێک پێڵاوی سوورم لە پێ کرد. سوراوێکی سوور. ملوانکەیەکی مووروو. ئەویش سوور بوو. ئەو کاتە باوی بوو. هێشتا لە ژوورەکە نەچووبوومە دەرەوە. نازدار هاتە بەردەمم. وتی:

ـ خێرە وا خۆت جوان کردووە؟ ئەڵێی ئەچیت بۆ ئاهەنگ. ئەوە بەرەو کوێ؟ لەگەڵ کێ ئەڕۆیت؟ دوایی نەیەیتەوە بگریت! دەستیکرد بە پێکەنین. لە ڕاستیدا من زۆر بێزار ئەبووم بە پرسیارکردن. هەر کاتێکیش من

بچوومایەتە دەرەوە، هەزار پرسیارم لێ ئەکرا. ئەمەش لەوانەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من زۆرینەی کات لە ماڵەوە بووم. زۆر کەم بڕۆیشتمایەتە دەرەوە. هەر کاتێکیش ئەڕۆیشتم بە جوانترین شێوە خۆم ئەڕازاندەوە. ئەو کاتە سەرنج راکیش ئەبووم. کە نازدار ئەو قسەیەی کرد منیش قاقایەکم لێداو وتم:

- ئینشائەڵڵاە خێر ئەبێت.

دەرگای ژوورەکەم لێ پێوەدان. دایکم هاواری کرد. وتی:

- کچێ زوو بێیتەوە.

منیش هاوارم کرد. وتم:

- خەمت نەبێت دایکی خۆشەویست.

کاتێک گەیشتمە ماڵی شیلان سەیرم کرد ماڵیان پڕ بوو لە خەڵک. لە خوشکو براکانیو براژنو برازاو هەموو خوشکەزا زۆر قەرەباڵغ بوون. ئەچوویتە هەر کوێ هەر خەڵکی لێ بوو. بە ناو یەکدا ئەهاتنو ئەچوون. منیش لە راستیدا سەرم سووڕمابوو. تووشی شڵەژانو شەرمێکی زۆر سەیر بووم. نەمئەزانی ئەو ماڵە بۆ وا شڵەژابووون. بە یەکدا دێنو ئەچن. لە سەرەتادا ترسام. وامزانی دایکی شیلان نەخۆشە یان کەسێکیتریان. بەڵام، کە سەرنجم ئەدا ئەمبینی روخساری شیلان زۆر دڵخۆش دیار بوو. خوشکەکانیشی بە هەمان شێوە هەموو جوان خۆییان رازاندبووەوە. من زۆر کەوتمە گومانەوە کە ئەبێت ئەم خیزانە چاوەڕێی چی بن؟ یان چی روویدابێت؟ بە تایبەتی کە چوومە ژوورەوە هەر هەموو هاتنو باوەشیان پێدا کردم، ماچیان کردم. کاتێکیش کە چوومە لای دایکی شیلان. پێی وتم:

- یاخوا بەخیر بێیت رۆڵە گیان. بە خوا کە ئەتبینم وا ئەزانم یەکێکی لە کچەکانم. تو خوا بنار گیان پێمان لێ مەبڕە. زوو زوو وەرە سەردانمان بکە. کە ئەتبینم وا ئەزانم شیلانیت.

لە راستیدا من زۆر سەرم لێشێواو بوو. نەمئەزانی بۆ وا ئەڵێت؟ وتم:

- بێگومان وایە. منیش زۆرم خۆش ئەوین. نا... چۆن پێتان لێ ئەبڕم.

بەڵام من تێنەئەگەیشتم مەبەستی چییە! هەر ئەمویست شتێک تێبگەم، بەڵام هیچم بۆ روون نەئەبووەوە. هەر سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆمم ئەکرد لە پڕێکدا شیلان پەلی راکێشامو بردمیە ژوورەکەی خۆی. وتی:

- دانیشە.

سەیرکی شیلانم کرد. وتم:

- ئەوە چییە؟ ئیمڕۆ هیچ شتێک ئاسایی نایەتە بەر چاوم! ئەم کەسانەی لێرەن کەسیان بە ئاسایی نابینم! چی بووە؟ تو خوا شیلان پێم بڵێ.

خێرا دەی. قسەکانی دایکیشت هەر زیاتر دوودڵی کردووم. هەموو زۆر پەشۆکاون. وا نییە؟ من راستم، یان نا؟
لە پڕێکدا روخساری شیلان گۆڕاو زۆر پەشوکاوو مات بوو. بە غەمبارییەوە وتی:
ـ تۆ راستیت. بەڵام جارێ واز لەوانە بهێنە. باسی خۆتم بۆ بکە. گەیشتیتە کوێ؟
وتم:
ـ باسی چی؟ بە خوا نەگەیشتوومەتە هیچ کوێ. بڕوا ناکەم بشگەمە هیچ کوێ. کامەران هێشتا بڕیار نادات هیچ بکات. ئەڵێت هێشتا زووە.
شیلان وتی:
ـ تۆ کەی کامەرانت بینیوە؟
وتم:
ـ ئەو رۆژەی کە بە تۆم وت ئەچم بۆ ماڵیان بۆ ئەوەی دایکی ببینمو کەسیشیانم نەدی. ئەوە دوو هەفتە زیاترە هیچ هەواڵێکی نازانم.
شیلان وتی:
ـ باشە بنار گیان، ئێستا خواردن ئامادەیە. با جاری بڕۆین نانێک بخۆین. دوایی باسی ئەکەین.
دوای ئەوەی نانمان خوارد شیلان بردمیەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. بە خوشکە گەورەکەی وت:
ـ دادە نەرمین؟ دوو چامان بۆ ئەهێنیت؟ ئەمانەوێت لەگەڵ یەک بە تەنها بین. لێرە دائەنیشینین. نەرمین وتی:
ـ ئای بە سەر چاو. هەر ئێستا بۆتان دێنم.
کە چوومە ژوورەکەی شیلان، سەیرم کرد لە سووچێکی ژوورەکەدا جانتایەکی وەکو کۆڵە پشت لەگەڵ جووتێک کالەو تەرمۆزێک ئاو دانرابوو.

زۆرم سەیر لێهات. ئەو شتانە چین؟ بۆ لەوێدان؟ کەمێک سەرنجیان ڕاکێشام. بەڵام زۆر گرنگ نەبوو لە لام تابزانم. دوای کەمێک نەرمین لە سەر سینییەک دوو چای بۆهێناین‌و دوو پەرداخ ئاویشی لە سەر بوو. وتی:

ـ دەی فەرموون گوڵە باخەکان.

شیلان وتی:

ـ دادە نەرمیَ، بیَ زەحمەت دەرگاکەشمان لیَ داخە دوای خۆت.

من زیاترو زیاتر سەرسام ئەبووم. ڕەفتارەکانی شیلان زۆر نامۆ بوون، چونکە هەر کاتێک من بچوومایە بۆ ئەویَ، من لەگەڵ خێزانەکەیاندا بە یەکەوە دائەنیشتین بەڵام ئەو جارە وا نەبوو. وتم:

ـ شیلان؟ خێرا پێم بڵیَ؟ زۆر سەیر ئەتبینم! دڵم ئیتر بەرگە ناگرێت!

شیلان وتی:

ـ بنار تکات لیَ ئەکەم تۆزێک بە ئارام بە. ئێستا هەموو شت ئەزانیت.

وتم:

ـ چییە؟ بۆ پێم ناڵێیت؟ کامەران چییەتی تو خوا؟ دەی دەی چییەتی؟

شیلان وتی:

ـ بنار ئەوە چیتە؟ بە خوا کامەران هیچی نییە. ئەوە تۆ بۆ وا شێتی؟ تۆزێک بە ئارام بە. بە خوا ئەگەر وا بکەیت، هیچت پیَ ناڵێم.

وتم:

ـ کەواتە شت هەیە؟ وا نییە؟

لەو کاتەدا هەستم کرد شتێک هەیە. شیلان ئەترسێت پێم بڵێت. دڵم زۆر خێرا لێی ئەدا. وا دیار بوو ڕەنگم تێکچووبوو. بۆیە شیلان پەرداخە ئاوەکەی دایە دەستم، وتی:

ـ دە تۆ جارێ تۆزێک ئاو بخۆرەوە. بنار گیان تۆزێک لە سەرخۆ بە. تکات لێ ئەکەم. هیچ نەبووە. من تۆم بانگ کردووە شتێکت پێ بڵێم پەیوەندیی بە منو تواناوە هەیە. ئەوەش نهێنییەکی زۆر گەورەیە. ئەو کەسانەی، کە لێرەن کەسیان نایزانن تەنها دایکمو برا گەورەکەمو لەگەڵ تۆ. ئێستا پێت ئەڵێم. ئینجا باش گوێ بگرەو دڵی خۆتم بۆ توند بکە. من ئەزانم تۆ ئینسانێکی زۆر بەهێزیت. بەرگەی زۆرت گرتووە. بەرگەی زیاتریش ئەگریت. جگە لەوەش تۆ هاوڕێ و خۆشەویستی منیت، دڵسۆزیت. من هەموو کات تۆم بە خوشکی خۆم داناوە. ئەزانم تۆ هەرگیزاو هەرگیز کاریک ناکەیت کە زیان بە منو بە خێزانەکەم بگەیەنیت. باش ئەتناسم. هەرگیز من لە پاکیو دڵسۆزیی تۆ گومانو دوودڵ نەبووم.

کە گوێم لەو قسانەی شیلان بوو بە ئەندازەی ئەو ستایشکردنەی بۆ من کە چۆن هاوڕێیەکی بووم. دڵم خۆش بوو. بە هەمان ئەندازە توشی ترسو دوودڵیی کردم کە ئەبێت چی هەبێت لە دوای ئەو وشانە. شیلان هەر بەردەوام بوو لە سەر سوپاسکردنی من، کە چەند هاوڕێیەکی خاوەن رەوشتی بەرزو پاکو زۆر شتیتری وت، کە ئیتر من خۆم پێ رانەگیرا. پێموت:

ـ باشە گیانەکەم تۆش بە هەمان شێوە دڵسۆزو خۆشەویستی لای من. ئێستا پێم ئەڵێیت چی هەیە؟ چونکە بە راستی ئیتر خۆمم پێ ناگیرێت. وا دڵم خەریکە ئەتەقێ.

شیلان تۆزێک هاتە پێشەوە هەردوو دەستی گرتمو هەناسەیەکی زۆر قووڵی هەڵکێشا. وا دیار بوو زۆری لە خۆی ئەکرد، کە پێم بڵێت. بەڵام، هەر چەند سەیری بارو دۆخی نائارامی منی ئەکرد، ئەترسا قسە بکات. بۆیە زۆر دوودڵو پەشۆکاو بوو.

وتم:

ـ شیلان من زۆر باشم. ئاوا دڵی خۆمم توند گرتووه. هەرچییەکە، بیڵێ. مەترسە. خۆ کامەران‌و توانا سەلامەتن. وا نییە؟

وتی:

ـ بەڵێ هەردووکیان سەلامەتن. من پێم وتیت مەترسە. زۆر باشە خەمت نەبێت.

ئینجا شیلان دەستی خۆی لە یەک ئالاندو پەنجەکانی کردن بە ناو یەکدا. زۆر بە ئاسانی ترس‌و دوودڵیی پێوە دیار بوو. منیش هەر ئەوەندە مابوو بقیژێنم بە سەریداو بڵێم دە بیڵێ... دە بیڵێ. جارێک سەیری ئەکردم‌و جارێک لێوی خۆی ئەلستەوە، نەیئەزانی چۆن قسە بکات. منیش هەر چاوەڕوان بووم. تۆزێک وەستاو ئینجا سەیرێکی‌تری کردم. ئەم جارەش دەسی گرتم. وتی:

ـ دوینی من‌و توانا مارەبڕیمان کرد.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، باوەشم پیا کرد. وتم:

ـ وەی قوربانت بم. یا خوا پیرۆزت بێت. خۆشترین خەبەرە.

من باوەشم پیا ئەکرد، بەڵام سەیرم کرد ئەو بە خوورئەگریا. هەر بە دەم گریانەکەیەوە وتی:

ـ بەڵام. بەیانی زوو ئەبێت بڕۆین بۆ ئێران. ئینجا بۆ ئەڵمانیا. برای توانا یارمەتیمان ئەدات بۆ ئەم ڕۆیشتنە.

من لە کوتوپڕیی هەواڵی دووەمی، ئیتر هیچم پێ نەوترا. بێدەنگ بووم. دەمم کرابووەوە. هەردوو چاویشم بڕیبووە شیلان. هیچم بۆ نەئەوترا. تەنها فرمێسکەکانم، کە بە بێدەنگی بە ڕوومەتمدا ئەهاتنە خوارەوە. شیلان هەر باوەشی پیادا ئەکردم‌و ئەگریا. منیش زیاتر. ئەو ئەگریا ومن ئەگریام بۆ ماوەیەک هەردوکمان بێدەنگ بووین. کەسمان هیچمان بۆ نەئەوترا جارێکی تر شیلان باوەشێکی پیاکردم وتی

ـ بنار گیان، بەسە مەگری، توخوا مەگری. بەسە... ئاخر بۆیە نەمئەویست پێت بڵێم... دەبەسە.
کەسمان نەمانئەتوانی بێدەنگ بین. گریانمان بۆ راگیر نەئەکرا. شیلان تەنها هاوڕێی نزیکم بوو. لە خوشکەکانم نزیکتر بوو لە منەوە. ئەو تەنها دڵخۆشکەری من بوو. بڕوام نەئەکرد شیلان بڕوات، مێشکم قبوڵی نەئەکرد تەنها هاوڕێی دڵسۆزم بڕوات لەوانەیە ئیتر هەتا هەتایە نەیبینمەوە. نەمویست کارێکی وا بکەم لەوە زیاتر شیلان خەفەت باربێت وتم:
ـ شیلان گیان با دەموچاومان بسڕین، با نەگرین. گریان باش نییە. هیوای خۆشیو سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم. هاوڕێی ئازیزم. تو خوا لە یادم مەکە. ئاگات لە خۆت و لە توانا بێت.
بەڵام من هێشا لە شۆکا بووم، نەمئەزانی چی ئەڵێم. جارێک پێئەکەنیمو جارێکئش ئەگریام.
شیلان وتی:
ـ بە خوا بنار گیان ئەم کارە زۆر بە پەلە پەل کرا. خۆت ئەزانیت توانا عەسکەرە، شوینەکەی لێی بوو، زۆر خەتەربوو. نزیکی شەڕبوو. باوکیو دایکی نایانەوێت بگەڕێتەوە بۆ عەسکەری. کەواتە ئەبێت را بکات. ئەوەش هەر باش نییە. جا لەبەر ئەوە، پێش دوو رۆژ خێراو بە پەلە زۆر بە نهێنی بڕیاری رۆیشتنمان دا. دوێنێش چووین مارەبڕیمان کرد. بۆیە هەردوێنێ پەیوەندیم پێوە کردیت بۆ ئەوی بێیت بۆ ئێرە، بتبینم پێش رۆیشتنم. تۆش ئەبێت ئەم نهێنییە لای خۆت بپارێزیت هەتا ئەگەینە شوێنی خۆمان. بنار... بە راستی من زۆر ئەترسم لەو رێگایە. خۆت ئەزانیت، کە چەند کەس لەو رێگایە کوژراون یان دەست بەسەر گەڕاونەتەوە. ئەڵێن هەر ئەو رێگایەش هەیە. ئیتر چی بکەم؟! بە خوا من هیچ دڵم پێوە نییە. لەگەڵ

ئەوەشدا زۆر دڵم لای دایکمە. ئەترسم نەیبینمەوە. تو خوا بنار گیان زوو زوو وەرە سەری لێ بدە. دایکم تۆی زۆر خۆش ئەوێت. دڵی پێت ئەکرێتەوە.

من ئەگریام بۆ لەدەستدانی نزیکترین هاوڕێم. بۆ خۆم، کە هاوڕێم نامێنێت کە دڵم پێی خۆش بوو. ئەمزانی کە تەنها شیلانە دڵی بە من بسووتێت. ئەویش ئەڕوات بۆ چارەنووسێکی نادیار. لەوانەیە بگات لەوانەشە نەگات هەرگیز نەیبینمەوە.

وتم:

ـ وا چاکە ئیتر من بڕۆم. ئەو کاتەی ماوتە لەگەڵ خێزانەکەت بیبەیتە سەر. بەڵام شیلان منی بەرنەئەدا. هەر باوەشی پیا ئەکردم، ئەیوت:

ـ تو خوا جارێ دانیشە. مەڕۆ. لەوانەیە ئەمە دواجار بێت. ئیتر نەتبینمەوە.

شیلان ئەگریا. منیش بە دوایدا ئەگریام. وتم:

ـ شیلان گیان ئاگات لە خۆتو لە توانا بێت. پشتی بگرە.

وتی:

ـ دڵنیابە توانا لەناو چاو رووحمایە. بنار گیان، تۆش ئاگات لە خۆت بێت.

هەستام بڕۆم. باوەشم پیاکرد. لە پڕێکدا شیلان وتی:

ـ ئەی زانیت بۆ کامەران؟

وتم:

ـ چی...!؟ چی بزانم!؟

شیلان لە وەڵامدا وتی:

ـ هیچ... هیچ هەروا پرسیم ئەگەر قسەت لەگەڵ کردبێت.

وتم:

ـ ئەی پێمنەوتیت دوو هەفتەیە قسەمان نەکردووە؟ ویستم لێرەوە قسەی لەگەڵ بکەم؟ بەڵام خۆت ئەزانیت  هەموو خیزانەکەت لێرەن. ناتوانم

پەیوەندی بکەم. بەڵام بۆ پێم ناڵێیت چییەتی؟ من ئەزانم شتێک ئەزانیت. تو خوا لێم مەشارەوە.

شیلان وتی:

ـ نا... هەر ویستم بزانم کەی قسەتان کردووە؟ هیچی کە.

کە شیلان وای وت، دانیشتمەوە. وتم:

ـ ئەگەر ئێستا پێم نەڵێیت من ناڕۆمەوە. ئەبێت ئێستا پێم بڵێیت.

شیلان وتی:

ـ ئەی خوایە گیان، من ئێستا چی بکەم؟ من نامەوێت ئاوا تۆ بەجێبهێڵم بەم شێوەیە. ئەزانم زۆر دوودڵیت. چیت پێ بڵێم؟ وامزانی خۆت قسەت لەگەڵ کامەران کردووە. من ناتوانم پێت بڵێم. با خۆی پێت بڵێت.

وتم:

ـ چیم پێ بڵێت؟

وتی:

ـ راوەستە. ئەچم تەلەفۆنەکەت بۆ ئەهێنم. خۆت قسەی لەگەڵ بکە.

شیلان چوو تەلەفۆنەکەی بۆ هێنام. لەو کاتەدا ئەوە خۆشترین هەواڵ بوو بۆمن. خێرا ژمارەکەی ماڵی کامەرانم لێدا. دوای چەند جەرەسێک، دایکی وەکو هەموو جارەکانیتر وەڵامی دایەوە. وتم:

ـ چۆنی. کامەران لە ماڵە؟ ئەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم؟

زۆر بە توڕەییەوە وتی:

ـ کامەران لێرە نییە.

وتم:

ـ ئەی لە کوێیە؟

وتی:

ـ نازانم.

تەلەفۆنەکە بە سەرمدا داخرایەوە. واتا هیچم دەست نەکەوت. دووبارە داوامکردەوە. هەر دایکی وەڵامی دامەوە.
وتم:
ـ کامەرانم ئەوێت.
وتی:
ـ کامەران رۆیشت. تەواو.
تەلەفۆنەکەی بۆ دووهەمجار بەسەرما داخستەوە.
ئیتر من هیچم پێ نەکرا، دامە پرمەی گریان. وتم:
ـ شیلان ئەمە مانای چی؟ دە.. تۆ... پێم بڵێ شیلان گیان؟ ئەمە مانای چی؟ ئەڵێت کامەران ڕۆیشت!
وا دیار بوو شیلان زۆری بەزەیی پیامدا هاتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا نەیئەویست هەواڵی ناخۆشم پێ بڵێت. گریانو دوودڵیم ناچاری کرد پێی بە جەرگی خۆیدا نا. وتی:
ـ بنار گیان، مەرج نییە لە ژیاندا ئێمە هەرچییەکمان ویست بۆمان ببێت. هەندێک جار گەیشتن بە شتێک، کە زۆر ئەمانەویت، زۆر گرانە. هەندێک جاریش زۆر ئاسانە. ئیتر هەر کەسەو خۆیو بەختی خۆی. ژیانیش پڕە لە شتی سەیرو چاوەڕوان نەکراو. وەکو ئێمە پێش دوورۆژ نەمانئەزانی ئەبێت بڕۆین بۆ ئێران، وا ئێستا بەتەماین بڕۆین. خواش ئەزانێت لەو ڕێگایە چیمان بە سەر دێت!
وتم:
ـ ئێستا پێم بڵێ. چی ئەبێتو چی نابێتی چیتە؟ ئەم فەلسەفانە چییە تۆ ئەیڵێیت؟
بۆ جاری دووەم ئەو ڕۆژە شیلان دڵمی کوت کوت کرد. لە ناو دڵمدا هەستم بە ئازار ئەکرد. وتی:

لەوانەیە کامەران ئیمڕۆ ڕۆیشتبێت. ئەگەر نا، ئەوە بەیانی ئەڕوات.
وتم:
ـ چی؟ بۆ کوێ؟ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت؟ کامەران بۆ کوێ ئەڕوات؟
ئیتر هەر ئەوەندە ئاگام لە خۆم بوو. کە چاوم کردەوە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەیاندا راکشابووم. هەموو جلو بەرگو دەموچاوم تەڕ بوو. تەنانەت قژیشم لە ئاودا بوو. کاتێک، کە شیلان ئەو هەواڵەی پێدام، من لە هۆش خۆم چووبووم. ماوەیەکی زۆر بێ ئاگابووم. شیلانو خوشکەکانی نەیانئەزانی چی لە من بکەن. من کاتێک بە ئاگا هاتمەوە، زۆر گریام؛ دنیام لێ بووبوو بە شەوە زەنگ. نەمئەزانی چی بکەم. ئەمویست هەندێک هێزو توانا بە خۆم بدەم. بەڵام زۆر قورس بوو. ئەمویست هیچ نەبێت، لەبەر ئەوەی لە ماڵی ئەوان بووم تۆزێک خۆ راگر بم. بەڵام نەمئەتوانی. هەستم ئەکرد هەموو دنیا بە سەر مندا رووخاوە. وامئەزانی کۆتاییی ژیانمە. لەو کاتەدا زۆر گران بوو بۆ من، کە بڕوا بکەم. ژیان لای من لەوانەیە هێشتا بەردەوام بێت.
شیلان زۆر ترسا. دەستمی ئەگوشیو لەگەڵمدا ئەگریا. وتم:
ـ شیلان؟ تۆ بڵێت راست بێت؟ تۆ لەو بڕوایەدایت وا بێت؟ کامەران بڕواتو بە من نەڵێت؟ نا... نا... بڕوا ناکەم. شتی وا نابێت. مەحاڵە. هەرگیز نابێت. نا...
من هەر ئەموتو ئەموتەوە. شیلانیش بە دەم گریانەوە وتی:
ـ نا.. منیش بڕوا ناکەم ڕۆیشتبێت بێ ئەوەی بە تۆ بڵێت. لەوانەیە دایکی نەیەویت راستی بە تۆ بڵێت بۆ ئەوەی نەچیت. بەڵام من ئیمشەو پرسیارت بۆئەکەم، دڵنیات ئەکەمەوە. بنار گیان. ئەگەر کامەران ڕۆیشتبوو بەو شێوەیە، ئەوە موستەهەقی یەک فرمێسک نییە لە تۆوە. بەڵام ئەگەر نەڕۆیشتبوو ئەوا من تەلەفۆنت بۆ ئەکەم. بەیانی بڕۆ بۆ لای بەڵکو بتوانیت پەشیمانی بکەیتەوە.

من هەر ئەگریام. هەموو گیانم بە شێوەیەکی زۆر نا ئاساییانە ئەلەرزی. شیلان‌و خوشکەکانیشی هەر قسەیان بۆ ئەکردم‌و دڵخۆشییان ئەدامەوە. جنیو بارانی کامەرانیان ئەکرد، کەچی من پێم ناخۆش بوو. ئەموت:

ـ وای پێ مەڵێن تو خوا.

نەرمینی خوشکی وتی:

ـ بنار گیان تۆ بۆ وا ئەکەیت؟ ئەگەر ئەو بەو شێوەیە بڕوات، تۆ بەجێبهێڵێت، هیچ گوێ بە تۆ نەدات، هەقە تۆش پشتگوێی بخەیت. یەک سات بیری لێ نەکەیتەوە. ئەوە دیارە کابرایەکی دەسبڕە.

من هەر ئەگریام بۆ ماوەی کاتژمێرێک زیاتر شیلان هەوڵی ئەدا پەیوەندی بە کامەرانەوە بکات، یان هەر چۆنێک بێت، هەواڵی بزانێت. بەڵام هیچی دەست نەکەوت. پاشان توانا هات بۆ ماڵی دایکی شیلان. زۆر سەری سوورِما، کە منی بینی بەو شێوەیە. شیلان هەمووی بۆ گێڕایەوە. ئەویش زۆری پێ ناخۆش بوو. هاتە لامەوە دانیشت. وتی:

ـ بنار گیان پێویست ناکات وا لە خۆت بکەیت. من ئەزانم تۆ ئەوت چەند خۆش ئەوێت. ئەزانم کامەرانیش تۆی چەند خۆش ئەوێت. بەڵام ئەگەر ئەو بڕوات، تۆ نابێت بەو شێوەیە لە خۆت بکەیت. وا دیارە ئەو رۆیشتنە بۆ ئەو باشە. بەڵام من ئەزانم لێرەیە. هێشتا نەرۆیشتووە. کێ بە ئێوەی وت رۆیشتووە؟ من ئەم بەیانییە لەگەڵیا بووم.

کە گوێم لەو قسانەی توانا بوو، تۆزێک ئارام بوومەوە. وتم:

ـ دە باشە من ئێستا ئەڕۆم بۆ ماڵیان.

توانا وتی:

ـ نا ئێستا مەڕۆ. خۆت بگرە تا بەیانی بزانین چی ئەبێت. با من قسەیەکی لەگەڵ بکەم. بزانم دایکی بۆ وای وت؟

وتم:

ـ ده باشه. من ئەبێت ئێستا بڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان. خەریکە کات درەنگ ئەبێت.

توانا وتی:

ـ بنار گیان من سەیارەم پێیە خۆمو شیلان ئەتگەیەنین. حەز ناکەم بەم شێوەیە بە سەیارەی کرێ بڕۆیت. تۆ زۆر بێ هێزو لاواز دیاریت. کاتیش بەرەو ئێوارە ئەڕوات. با ماڵی باوکت کێشەت بۆ دروست نەکەن.

منیش پێشنیارەکەی تووانام بە دڵ بوو. ئیتر خواحافیزیم لە دایکی شیلانو خوشکەکانی کرد. لەگەڵ شیلانو توانا بەرەو ماڵی خۆمان رۆیشتمەوە. بەڵام من بەو رێگایەوە تا گەیشتمە ماڵەوە هەر ئەگریام ئەوانیش دڵخۆشیی منیان ئەدایەوە. کە گەیشتینە بەر دەرگای ماڵەوە خواحافیزیم لێکردن بۆ دوایین جار، کە تەنها خوا ئەیزانی کەی جارێکیتر ئەیانبینمەوە.

که چوومه ژوورەوە، بینیم دایکم‌و نازدار دیار بوو چاوەڕێیان ئەکردم، چونکە خێرا بەرەوڕووم هاتن. دایکم یەکسەر وتی:

- زۆرت پێ چوو!

وەڵامم هیچ نەدایەوە. بەرەو ژووری دانیشتنەکە چووم. نەشمیل هاتە بەردەمم. لە ژووری دانیشتنەکە بوو. وتی:

- ئەوە چییە؟! دیسان گریاویت؟ خۆ تۆ، کە ڕۆیشتیت، لە خۆشییاندا خەریک بوو ئەفڕیت. هەر ئەوەندە مابوو باڵ بگریت. ئەی ئێستا چی بووە؟ خۆزگە من بمزانییایە تۆ بۆ وا ئەکەیت؟!

وتم:

- نەشمیل... هەموو شت تەواو.

بە دەم گریانەوە، بە پلیکەکاندا بەرەو ژوورەکەی خۆم سەرکەوتم بۆ ئەوەی بە ئیسراحەتی خۆم بگریم؛ پڕ بە دڵی خۆم هاوار بکەم؛ کەس هیچم پێ نەڵێت. بەڵام کاتێک گەیشتمە ژوورەکەم، دەمەو ڕوو بە قوڵپی گریان خۆم یا بەسەر جێگاکەما. نەمئەزانی چی بکەم. نەشمیل هاتە پێشەوە. وتی:

- تو خوا دە پێم بڵێ. بۆ وا ئەکەیت؟ چی ڕوویدا لە ماڵی شیلان؟

وتم:

- تەواو... هەموو شت تەواو.

وتی:

- چی تەواو؟

وتم:

- بڕۆ. وازم لێ بهێنە. نامەوێت کەستان ببینم.

وتی:
ـ ئێستا پێم نەڵێیت، ئەچم دایکم بانگ ئەکەم.
وتم:
ـ ئەڕۆیت؟ یان نا؟ تاقەتی قسەم نییە. وازم لێ بهێنە.
نەشمیل هەر سەیری ئەکردم. وەکو لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا روابێت، هیچ نە ئەجوولا. نەیئەویست بەجێم بهێڵێت. ئیتر نەیویست پرسیاریشم لێ بکات. هەر بەرامبەرم وەستا بوو هەردوو چاوی تێبڕیبووم، تەماشای ئەکردم. لەوکاتەدا هەستم کرد ژوورەکە زۆر گەرمە. ویستم جلەکانم بگۆڕم، بەلام نەمتوانی هەستمە سەر پێ. ئەوەندە ئاگام لە خۆم بوو، دەستم بەرزکردەوە بۆ نەشمیل، کە یارمەتیم بدات. نەشمیل زانی باری تەندروستیم بەرەو خراپی ئەڕوات، خێرا هاواری دایکمو نازداری کرد.
وتی:
ـ وەرن... فریای بنار بکەون. وا مرد. دایکە... خێرا... بنار... بنار گیان؟ ئەوە چیتە؟ بۆ وات لێهات؟ بنار گیان تو خوا قسە بکە؟ چیتە؟
نەشمیل خێرا خێرا بانگی ئەکردم، بانگی دایکمی ئەکرد. من هەر ئەوەندە ئاگام لەوە بوو. کاتێک چاوم کردەوە، لە نەخۆشخانە لە سەر جێگایەکی سپی راکشابووم. دایکمو نازدارو نەشمیل لە دەورم بوون لەگەڵ چەند پزیشکو پەرستیارێک. هەر ئەوەندەم هەست ئەکرد زۆرم خەو دێت. داوام ئەکرد بمبەنە ماڵەوە. لێیان ئەپرسیم:
ـ چی بووە؟
بەلام ئەوەندە بێ هێز بووم، نەمئەتوانی هیچیان پێ بڵێیم. ئەمویست چاوم بکەمەوە. هێزی ئەوەشم پێ نەبوو. بەلام یەکێک لە دکتۆرەکان پێی وتم:
ـ ناتوانین ئێستا بهێڵین بڕۆیت. جارێ ئەبێت تۆزێک پاڵەپەستۆی خۆێنت

ڕێکبێتەوە، چونکە زۆر دابەزیوە.
دوای دوو کاتژمێر، منیان بردەوە بۆ ماڵەوە. دەرزییەکی خەویان لێدابووم بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکەم. ئیتر بیر نەکەمەوە. ئەو شەوە خەوێکی باشم لێکەوت. بەڵام بەیانی، کاتێک خەبەرم بووەوە، کاتژمێر هەشتو نیو بوو. خێرا هەستامو ڕۆیشتمە خوارەوە. دایکم بەرەو ڕووم هات. وتی:
- چۆنی کچم؟ ئەتوانیت بڕۆیت؟ بێ هێز نیت؟
وتم:
- نا... باشترم، بەڵام حەز ئەکەم بڕۆمە حەوشەکە. تۆزێک لەوێبم بە تەنها.
باوکم سەریکی کیشایە دەرەوە لە ژوورەکەی خۆیان. وتی:
- بنار خان چیتە؟ دوێنێ شەو بۆ بووریتەوە؟ ئەگەر خەمێکت هەیە وەرە لای دایکت، یان لای خوشکەکانت باسی بکە. خراپە شت بخەیتەوە ناو دڵی خۆت. پیش خواردنەوە خراپە. ئەوە نازانیت؟
وتم:
- بەڵێ باوکە، ئەزانم.
ویستم بڕۆم. باوکم هاوارێکی لێ کردم. وتی:
- بنار... وەرە پێشەوە.
منیش گەڕامەوە. زۆر بە بێ تاقەتانە وتم:
- بەڵێ بابە؟
وتی:
- هیچ باش نایەیتە بەرچاوم. چیتە؟ ئەگەر نەخۆشیت، با بتبەم بۆ دکتۆری باش. ڕەنگت زۆر زەرد هەڵگەڕاوە. ماوەیەکە زۆر بێتاقەت ئەتبینم. تەمەنی تۆ ئەبێت زۆر ڕەنگو ڕووت ئاڵو جوان بێت.
دایکیشم لەو لاوە هەڵیدایە. وتی:

ـ ئەم دەم نووقاوە هیچ بە کەس ناڵێت. هەر ئەیخاتەوە ناو دڵی خۆی. بە خوا خواردنیش هیچ ناخوات. نازانم بۆ چی ئەیەوێت زەعیفتر بێت؟
منیش خوا خوام بوو بڕۆمە حەوشەکە تۆزێک بە تەنها دانیشم، دوور لە هەموو کەسێک. ئەوان نەیانئەزانی هەموو باسەکان زۆرتری خەتای ئەوانە. ئەوانیش وا باس ئەکەن، کە ئاگایان لە هیچ نییە. رۆیشتمە حەوشە. بۆ زیاتر لە کاتژمێرێک بە تەنها دانیشتم. چاوەڕێم ئەکرد باوکم بڕوات. ئینجا کات ببێت بە دە، یان یانزە. ئەوسا بڕۆم بەرەو ماڵی کامەران. باوکم نانی بەیانی خوارد. خۆی کۆکردەوە رۆیشت بەرەو ئیشوکار. دایکیشم هەر ئەهاتوو ئەچوو بە ناو ماڵەکەدا سەری لێشێوابوو نەی ئەزانی چی دروست بکات بۆ نیوەڕۆ. هەرچەندە ئەوە خەمی هەموو رۆژێکی بوو.. پرسیارم لێکرد. وتم:
ـ دایکە گیان چی ئەکەیت؟
وتی:
ـ هیچ ناکەم. جارێ زووە بۆ چێشت لێنان. ئاگام لە تۆ ئەبێت. دابنیشە بۆ خۆت ئیسراحەت بکە.
وتم:
ـ حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم.
دایکم وتی:
ـ یارمەتیم بۆ چییە بەقوربان؟ ئەمڕۆ هیچمان نیە بیکەین. ماڵ پاکوتەمیزە؟
وتم:
ـ دایکە.. ئەگەر پێویستت بە من نییە، من ئەچمە دەرەوە.
بەسەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی کردم. دوایی وتی:
ـ ئەچیتە دەرەوە؟ بۆ کوێ ئەچیت؟ هیچ وەڵامی دایکم نەدایەوە

چووم خێرا جلەکانم گۆڕی. زۆر بە پەلە بێ ئەوەی گوێ بەمە ئەوەی چی لەبەر کەم. خێرا کراسێکی ڕەنگ سەوزی کاڵم لەبەر کرد. گوڵی وردی پەمەیی تیادا بوو. زۆر جوان بوو. بێ ئەوەی هیچ ئارایشێک بکەم جووتێک پێڵاوی ڕەشی ناسکی جوانم هەبوو لە پێم کرد. خێرا بێ ئەوەی هیچیتر بە دایکم بڵێم، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم. دایکم وتی:

- دە باشە. تۆ دوێنێ ئەوەندە بێتاقەت بوویت ئێستا بۆ کوێ ئەڕۆیت؟ هیچ نەبێت با خونچە هەڵسێنم لە خەو با لەگەڵتا بێت.

بێ ئەوەی هیچ وەڵامی بدەمەوە ڕۆیشتم. دەرگاکەم زۆر بە هیواشی داخست. هیچ ترس لە دڵمدا نەبوو. هەر کەس چی ئەڵێتو چی ئەکات. ئیتر لەوە زیاتر چی ئەبێت، با ببێت. خۆ کەس گوێ بە من نادات. ئیتر من بۆ گوێیان بدەمێ؟ کاتێک گەیشتمە بەر ماڵی کامەران، دەرگاکە خۆی کرایەوە. زۆر سەیرم لێهات. بەڵام یەکێ بوو لە براکانی کامەران ئەڕۆیشتە دەرەوە. ئەویش، کە منی بینی سەیری لێهات. منی ناسییەوە. وتی:

- بنار خان بۆ لای کامەران هاتوویت؟

وتم:

- بەڵێ لەوێیە.

هاتەوە ژوورەوە لەگەڵم. وتی:

- بەڵێ ئەوەتا لەو ژوورە نوستووە.

وتم:

- دە باشە بۆمی خەبەرکەرەوە.

وتی:

- من ئەڕۆم باشترە خۆت خەبەری کەیتەوە، ئەو ڕۆیشت. منیش هەنگاوم نا بەرەو ژوورەکەی کامەران، کە گەیشتمە ناو ژوورەکە، بینیم تەنها دوو

سیسەمی تاکیو کەنتۆریکی دوو تاکیی تیادا بوو. کامەران لە سەر یەکێک لە سیسەمە تاکەکان لە سەر دەم نووستبوو. منیش زۆر بە نەرمی لێی نزیک بوومەوە. بانگم کرد. وتم:

ـ کامەران... کامەران، هەڵسە من بۆ لای تۆ هاتووم. کامەران تۆزێک جووڵایەوە. ئینجا هەڵساو لە سەر جێگاکەی خۆی دانیشت. وتم:

ـ کامەران چۆنی؟ باشی؟ وتی:

ـ من باشم. چییە؟ چی بووە؟ بۆ هاتوویت؟ منیش هەر لە سەر خۆ لە تەنیشتی لە سەر جێگاکەی دانیشتم. بەڵام کامەران زۆر تووڕەو مۆنو مرچ بوو. وتی:

ـ چییە؟ بۆ هاتووی؟

دیسانەوە هەمان پرسیاری لێکردم. وتم:

ـ بۆ لای تۆ هاتوم. بێدەنگی گرتمی. ئەویش چاوەڕێی ئەکرد پێی بڵێم بۆچی هاتووم. بەڵام، هەر چەندم ئەکرد من لەو کاتەدا بە دەممدا نەئەهات پێی بڵێم بۆچی هاتووم. زۆر لە سەر خۆ، بێ ئەوەی سەیرم کات، سەری لار کردەوە. وتی:

ـ پێم بڵێ بۆ هاتوویت؟ چی هەیە؟

زۆر بە ترسو دڵەراوکێیەکی سەیرەوە، قوڕگم پڕ بوو لە گریان. وتم:

ـ کامەران چیتە بۆ وا قسەم لەگەڵ ئەکەیت؟ هاتوم بزانم راستە... ئەڵێن... بە تەمایت بڕۆیت؟ من دوێنێ لە شیلانو توانام بیست، کە تۆ بە تەمایت بڕۆیت بۆ ئێران. راستە ئەو قسەیە؟ چونکە من لە خۆتم نەبیستووە.

پاش تۆزێک وەستان. کامەران بێزاریو دوودڵییەکی زۆری پێوە دیار بوو. هەردوو دەستی نووسان بە یەکەوە، ئینجا خستییە بەینی هەردوو ئەژنۆی بێ ئەوەی رووم تێبکات هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. وتی:

ـ بەڵێ وایە. بە تەمام بڕۆم بۆ ئێران. دوایی بۆ ئەڵمانیا.

منیش هەر وەکو چەکوشێکی ئاسن بدەن بە سەرمدا، لاڵ بووم. بۆ چەند ساتێک ئەمویست شتێک بڵێم. بەڵام قسەم بۆ نەئەکرا. سەرم دانەواندبوو چاوم بڕیبوە ئەرزەکە. ئاواتم ئەخواست، کە ئەوە خەو بێت، نەک راستی. ئینجا کامەران ئاوڕێکی لێدامەوە. وتی:

ـ تەلەفۆنم بۆ کردیت چەند جارێک تۆ وەڵامت نەبوو. ئیتر چی بکەم؟

وتم:

ـ منیش تلفۆنم بۆ کردیت. تۆش وەڵامت نەبوو. ئەی...باشە کەی ئەم بڕیارەت دا؟ چۆن بڕیارت دا؟ ئەو رۆژەی کە هاتم تۆ هیچت باس نەکرد! چی بوو؟ چی رویدا؟ ئەی تۆ بیرت لە من نەکردەوە؟ من چیم بەسەر دێت دوای تۆ؟

وتی:

ـ بەڵێ بیرم لێکردیتەوە. زۆریش. بەڵام من هیچم پێ ناکرێت. ئەبێت بچم بۆ عەسکەری. ئەوەش بە من ناکرێت.

وتم:

ـ ئەی تۆ خۆت نەتوت عەسکەری ئەکەیتو دوایی ئیش ئەکەیت؟

وتی:

ـ بەڵێ من وا بەتەما بووم. بەڵام عەسکەری مانای ئەوەیە ئەبێت بچیت بۆ شەڕ. منیش نامەوێت بڕۆم بۆ شەڕ. ئەگەر رابکەیت لە عەسکەری دێنو ئەتبەنو ئەتکوژن. ئەی کەواتە ئێمە چی بکەین؟ ژیان لێرە بۆ ئێمە نەماوە. گەنج ناتوانێت لێرە بمێنێتەوە. هەموو وردە وردە ئەبێت بڕۆین.

وتم:

ـ ئەی بۆ وەکو تواناو شیلان نەکەین؟ من ئامادەم لەگەڵتا بم، ئەگەر بۆ

جەهەنەمیش بڕۆیت. من ژیانم نابێت بە بێ تۆ. تۆ نازانیت من چەندم خۆش ئەوێیت؟

زۆر بە بێتاقەتی وەڵامی ئەدامەوە. وتی:

ـ بەڵێ باش ئەزانم. بەڵام وەکو پێم وتیت، ئەم وڵاتە بەکەڵک نایەت. من نامەوێت تۆ بەرم بۆ شوێنێک، کە نازانم چیمان بەسەر دێت. کێ ئەڵێت ئێمە سەلامەت ئەبین؟ لەوانەیە بکەوینە کەمینەوە. بکوژرێین. تۆ گوناحت چییە؟ من نامەوێت تۆ تووشی شتی ناخۆش بکەم.

وتم:

ـ کامەران گیان، لەگەڵ تۆ بم، چیت بەسەر هات، با بەسەر منیش بێت. بەڵام مانەوەم لێرە زیندە بەچاڵکردنە. من ناژیم بە بێ تۆ. جێم مەهێڵە. بەیانی وەرە بۆ داوام. ئەچینە لای مەلا. مارەم بکەو بە یەکەوە ئەڕۆین. من ئەمەوێت یەک چارەنووسمان هەبێت. لەگەڵ تۆ بژیم. لەگەڵ تۆ بمرم.

کامەران وتی:

ـ بنار هەستە بڕۆ. قسە کەڵکی نییە. من بەیانی زوو ئەڕۆم. بڕیارم داوە ئەبێت بڕۆم. بەڵام تکایە با کەس نەزانێت.

ئەمویست خۆم بگرم نەگریم. بەڵام ئەوەندە گریابووم، چاوم بە تەواوی بۆ نەئەکرایەوە. هەموو گیانم ئەلەرزی. بڕوام نەئەکرد ئەوە کامەرانە بەو جۆرە بێ هیوا قسە ئەکات.

وتم:

ـ دە باشە. پێم بڵێ ئەگەرهەموو ژیانم چاوەڕێت بکەم، بڕوا بکە چاوەڕێت ئەکەم. پەیمانم بەرێ کە دێیتەوە. پێم بڵێ چیبکەم بۆتی ئەکەم. بەس وا مەڕۆ.

وتی:

ـ نازانم بنار! من نازانم چیم بەسەر دێت. ناتوانم بڵێم تا کەی؟

وتم:

ـ کامەران تکات لێ ئەکەم جێم مەهێڵە. یان بمبە لەگەڵ خۆت. جارێ مەڕۆ. بیرێک بکەرەوە.

کامەران قوڕگی پڕ بوو لەخەفەت. وتی:

ـ بنار، تەواو. ناتوانم لێرە بمێنمەوە. من رامکردووە لە عەسکەری. هەر کاتێک بمگرن ئەمکوژن.

وتم:

ـ دە باشە، بەیەکەوە ئەڕۆین. چیت بەسەر هات، با بەسەر منیش بێت، من ژیانم بە تۆوە بەندە. من ناژیم بەبێ تۆ. تۆ بڕۆیت منیش تەواو ئەمرم. کامەران تو خوا مەڕۆ.  پەلە مەکە. ئەگریام دڵم ببوو بە هەزار پارچەوە، هەستم ئەکرد رۆحم لە جەستەم دێتە دەرەوە. هەستم ئەکرد وردە وردە ئەتوێمەوە. لێی ئەپاڕامەوە. کە نەڕوات زۆرم لەگەڵ وت. بەڵام ئەو گوێی لێ نەگرتم.

منیش ئیتر زانیم ئەو هەموو رێگاکان لە من دائەخات. قسەکردنیش لەگەڵیدا کەڵکی نییە. بۆیە هەستامە سەر پێ. بە زۆر خۆم راگرتبوو. سەیرێکم کرد. بۆ دوا جار پێم وت:

ـ وا دیارە تۆ بڕیاری خۆت لە دەمێکەوە داوە. هیوادارم سەرکەوتوو بیت. زۆر بە خیرایی لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە. کامەران هێشتا لە جێی خۆی نەجووڵابوو. بە درێژایی کاتەکە هەر سەری هەڵنەبڕی، غەمباری‌و پەرێشانی زۆر بە سەریدا زاڵ ببوو. بەڵام من ئاگام، نە لە خۆم‌و نە لە هەنگاوەکانم بوو. بەجێم هێشت بۆ ئەزەل. بۆ رۆژگاری نادیار.

بنار هەر، کە تەواو بوو لە قسەکانی، روخساری سوور هەڵگەڕابوو. فرمێسک  بە چاویدا ئەهاتە خوارەوە. منیش وتم:

- بنار. ئەوە بە راستە؟ هێشتا بۆی ئەگریت؟ کەسێکی وەکو کامەران نابێت یەک فرمێسکی بۆ بڕێژیت. ببورە کە وا ئەڵێم. بەڵام هەر وەکو خوشکی شیلان پێی وتیت، ئەو کەسێکی خۆ پەرست بوو. هیچ بیری لە تۆ نەکردەوە.

بنار سەرێکی هەڵبڕیو بە دەسرەکەی چاوەکانی سڕیو وتی:

- فێنک! بیرتە لە سەرەتای باسەکەماندا من چیم پێ وتیت؟

وتم:

- تۆ زۆرت شت پێ وتم. نازانم کامەیان باس ئەکەیت.

بنار وتی:

- کە پێم وتیت خۆشەویستی من بۆ کامەران ئەفسوون بوو. خۆشەویستییەکی ئاسایی نەبوو. ناتوانم لەوە زیاتر بۆت باس بکەم، کە وەکو سحر لێکردن بوو. هەر چەند دووریی نێوانمان درێژ ئەبوو. خۆشەویستیی ئەو لای من زیادی ئەکرد. بۆیە پێت ئەڵێم لە دەست خۆمدا نەبوو. زۆر جار ئەمویست بیری خۆمی بەرمەوە. بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ بیرکردنم بۆی بەهێزتر ئەبوو. ئەو هەستە لە ژێر دەسەڵاتی خۆمدا نەمابوو. زۆر جار ئەمویست رقم لێی بێتو بیری نەکەم، گوێم لە دەنگی نەبێتو ئیتر سەیری وینەکانیشی نەکەم. ئەمویست لە خۆمی دوور بخەمەوە، ناوی نەبەم. لای هیچ کەسێکیش ئیتر باسی نەکەم. بەڵام، هەر کاتێک کەسێکم ئەبینی شیوەی لەو ئەچوو. یان ناوی کامەرانم گوێ لێ ئەبوو. بێگومان ئەمزانی کە هەموو کاتەکە من درۆ لەگەل خۆم ئەکەم. دڵی من تەنها بە دڵی کامەران ئاشنا بوو. تەنها ئەوی خۆش ویست. تۆش ئێستا وەکو ئەوکەسانە قسەم لەگەڵ ئەکەیت، کە پیش سیو پێنچ ساڵ کردیان. تۆ هەست ئەکەیت ئەو خۆشەویستییە تەواو بووبێت؟

وتم:

ـ نەخێر بە داخەوە.
بنار وتی:
ـ نا... وا مەڵێ. هەندێک شتی وەکو ئەم خۆشەویستییە دیاریی خوایە. من زۆر بڕوام بە کردارە جوانەکانی خودایە. هیچ شتێک بێ هۆ نابێت. لە دوای ئەو هەموو ناخۆشیو ئازارەوە شتێک هەیە نازانم چییە.
وتم:
ـ بێگومان وایە. دە باشە. پێم بڵێ ئەو رۆژە، دوای ئەوەی کامەرانت بەجێهێشت، چیت کرد؟ چی روویدا؟
بنار وتی:
ـ نازانم چۆن گەیشتمەماڵەوە؟! بیرمە کە چوومە سەر جێگاکەم ئیتر نەچوومە خوارەوە بۆ نانخواردن. دەنگو رەنگی کامەران لەبەر چاوم لانەئەچوو. تەنانەت قسە ناخۆشەکانیشی. بە جۆرێکیتر ئازاریان ئەدام. من خۆم نازانم چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئازارەم ئەگرت؟!
دڵم زۆر بە بنار ئە سووتا. لەو کاتەدا بنار لە پڕمەی گریاندا بوو کە پێم وت:
ـ تو خوا ئەو کەسە شایەنی ئەوەیە تۆ بۆی بگریت؟ ئەو رۆیشت بە بێ هۆ تۆی جێهێشت. هیج گوێی بە تۆ نەدا. نەیئەزانی تۆ چەندت ئەو خۆشئەوێت. تو خوا بەسە بنار. من ئێستا خەریکە دڵم ئەتەقێت بە دەست تۆوە. ئەم هەموو خۆشەویستییەو ئەویش هەر وا بێ هۆ بڕوات؟ بۆ؟ تۆ کامەرانت ئەپەرست. لە خۆشەویستی تێپەڕت کرد. ئاه چەند گوناه بوویت؟!
هەناسەیەکی ساردو قووڵم هەڵکێشا. وتم:
ـ خوشکی خۆم، زۆر بە داخەوەم بۆت. خۆزگە ئەو کاتە هاوڕێت بوومایەو بمتوانییایە یارمەتیت بدەم.
بنار وتی:
ـ زۆر سەیرم لێهات، کە چاوم کردەوە لە نەخۆشخانە دایکمو نازداری خوشکم لە گەڵ دوو پزیشک لە دەورم بوون پرسیاریان لێ ئەکردم چی

بووە دە یان ویست بزانن  بۆ چی وام لێهاتووە؟ ئەوان کاتێک منیان دۆزیبووەوە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەی خۆمدا کەوتبووم بێ هۆش و بێ ئاگا. هەر ئەو رۆژە منیان گەیاندبووە نەخۆشخانە. منیش، کە بە ئاگا هاتمەوە، زۆر ترسام، کە ئەگەر هیچ شتێکم درکاندبێت! بەڵام خواو راستان هیچم نەوتبوو، چونکە دایکم هەر پرسیاری لێ ئەکردمو ئەیوت:

ـ رۆڵە گیان دە قسە بکە. چی بوو؟ بۆ وات لێهات؟

منیش زمانی خۆمم خستبووە کلیلەو هیچم نەئەوت. بەڵام هەر ئەگریام. گریانەکەم بۆ رانەئەگیرا. ئەوەش زیاتر دایکمی غەمبار کردبوو. کەس نەیئەزانی چی لە ناخمدایە. ئاگر لە ناو دڵم بەر بووبوو. فێنک گیان هەر خۆم ئەزانم ئەو رۆژە چیم بەسەرهات. کامەران خۆشە ویستی ژیانم بوو، هەموو هیواو ئاواتی دڵی من بوو. تاقە رووناکی دڵم بوو. بیرم ئەکردەوە چۆن بتوانم دوای ئەو بژیم؟ کێ بێت هەموو رۆژو شەو چاوەڕوانی بم؟ هەواڵی پرسم؟ من بۆ کێ بژیم ئیتر؟ بۆ کێ خۆم جوان بکەم ئیتر؟ ژیان لای من مانای نەما. هەر ئەو کاتەی، کە پێی وتم ئەبێت بڕۆم، ئیتر من ئارەزووی ژیانم نەما، چونکە چاک ئەمزانی، کە دوای رۆیشتنی ئەو، من چیم بەسەر دێت. خۆشەویستی بەڵێنێک بوو لە نێوان رووحو دڵما. کامەران هەرگیز نەیئەزانی من ئەوەندەم خۆشئەوێت. هەر بۆیە ئەو رۆژە کە گەڕامەوە بۆماڵەوە بڕیارمدا ئیتر کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم. هەر بۆیە یەک چنگ حەبم خستە ناو دەممو خێرا پەرداخێک ئاوم کرد بەسەرداو هەڵم قوڕاند. ئیتر نازانم چیم بەسەرهات.

وتم:

ـ بەڵام تۆ چۆن ماویت؟ تۆ چنگێک حەبت خواردوە. وا نییە؟ بنار تۆ بە راستی ویستت خۆت بکوژیت؟ بۆ؟

بنار وتی:

ـ بەڵێ وام کرد ژیانم کۆتایی بێت، چونکە من بێزار بووبووم لەو ژیانەی تیادا بووم. چیتر بەرگەی ژیانم نەئەگرت. نەمئەتوانی بژیم. هێزم پێ

نەمابوو. ڕۆیشتنی کامەران بە جارێک ڕوخانمی. بە هیچ جۆرێک بە بێ بوونی کامەران، ژیانی خۆمم پێ قبووڵ نەئەکرا.
وتم:
- پێم وتیت تۆ زۆر بێ عەقڵیت. بە خوا ئێستا ئەوەندە حەز ئەکەم تۆزێکت لێ بدەم. ئاخ بنار ئاخ. دەی باشە ئێستا پێم بڵێ، تۆ چۆن نەمردیت؟
بنار کەمێک بێ دەنگ بوو. هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. ئینجا وتی:
- کاتێک، کە لە نەخۆشخانە بووم، گوێم لێ بوو یەکێک لە پەرستیارەکان پرسیاری لە دایکم ئەکرد، کە ئایا چەند جار ڕشاومەتەوە؟
دایکم پێی ئەوت:
- والله زۆر... بە قوربان... بە خوا هەموو دنیای تێنابوو وا بزانم خواردنی پێش هەفتەیەکی هینابووەوە.
یاریدەدەری دکتۆرەکە بە دایکمی وت:
- زۆر باشە. ئێمەش ئێستا دڵنیاین، کە مەترسی لە سەر ژیانی نەماوە. کچەکەتان زۆر بەختەوەرە. لە سەر قازانج ماوەتەوە.
دایکم وتی:
- ئەیەڕۆ! بۆ وا ئەڵێیت؟
دکتۆرەکە وتی:
- دایە گیان، بنار خانی کچت خۆی دەرمان خوارد کردووە. ویستوویەتی خۆی لەناوبەرێت!
دایکمو نازداری خوشکم هەردووکیان چاویان زەق بووبوو.
دایکم پێی وت:
- نا... نەخێر.. شتی وا نییە. کچی من شتی وا ناکات.
بەڵام هەمان کات بە ئەسپایی هاتە لامەوە. چرپاندی بە گوێمدا. لێی پرسیم. وتی:
- بنار؟ چی بووە؟ بۆچی وات لێهات؟ پێم بڵێ. لێم مەشارەوە.

بنار وتی:
ـ من نەم ویست لای ئـەوان با سی هیچ شتێک بکەم، چونکە ئەمزانی ئـەوان هیچیان پێ نە ئەکرا. بە هـەر حاڵ من نـەم ئەزانی شـەوو ڕۆژ چۆن دێتو ئـەڕوات. بە جۆرێک بووم کە ئاگام لە کەس نەمابوو. وەک ئەوەی لە دنیایەکیتردا بم. بەو جۆرە ژیامو ژیانی من بەو جۆرە مایەوە. زیاتر لە مانگێک خواردنم کەم بوو. نوستنم هەر زۆر کەمتر بوو. بە هیچ جۆرێک نە ئەڕۆیشتمە دەرەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستم ئەکرد زیاتر بێ هێزو لاواز ئەبم. هەتا ڕۆژێکیان لە ژوورەکەی خۆمدا دانیشتبووم بەتەنها سەیری وینەکانی خۆمو کامەرانم ئەکرد. کامەران بە درێژایی ئەو ڕۆژە لە بەرچاوم لا نەئەچوو. زۆرم بیر ئەکرد. دڵم ترسابوو ئەگەر خوا نەخواستە تووشی شتێک بووبێت. هەر ئەو ڕۆژە لە نێوان سێ کاتژمێردا دوو جار لە هۆش خۆم چووم. دایکم بە باوکمی وتبوو، کە پێویست ئەکات من بەرن بۆ پشکنین لە لای پزیشکێکی زۆر شارەزا. باوکمو دایکم بڕیاریان دابوو بمبەن بۆ لای پزیشک لە بەغدا.
ـ زۆری نەبرد. بردیانم بۆلای پزیشکێکی شارەزا لە بەغداد. کاتێک پزیشکەکە پشکنینی بۆ کردم بۆی دەرکەوت کە دوو پارچەی گوێچکە لەوسکۆلەی لای چەپی دڵم زۆر بە هێواشی ئیش ئەکەن. ئەمەش خەفەتو مەترسییەکی زۆری خستە دڵی دایکمو باوکم. بەڵام من خۆم زۆر بێباک بـووم. دڵم هێزی کەم بوو. دڵم ئیتر ئارەزوی ئیشکردنی نەمابوو. دووریی کامەران بە جارێک شکستو ماندووی کردبووم. خۆم لە خۆم بێزار بووبوم. زۆر جار ئەمویست کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم. بەڵام، کاتێک بیرم لە دایکم ئەکردە وە، ئەترسام لە دوای من زۆر پەرێشانی من بێت، بەرگەی خەفەت نەگرێت. شەوو ڕۆژ من دەست بە دۆعا بووم بۆ کامەران. لە خوا ئەپاڕامەوە، کە بە سەلامەتی بگاتە شوێنی خۆی. هەموو ویستی من لەو کاتەدا تەنها زانینی هەواڵێکی کامەران بوو.

- ٧٦ -

دوو مانگ بوو هیچ هەواڵێکی شیلانو تواناشم نەئەزانی. لە راستیدا زۆر دوودڵی ئەوانیش بووم. بەیانییەک، هەر وەکو شێت لە ناو جێگاکەمەوە راپەڕیم. زۆر بە پەلە رامکردە خوارەوە بۆ لای تەلەفۆنەکە. دایکم لە ژووری چێشتخانەکە بوو. خەریکی ئامادەکردنی بە رچایی بوو. ئەویش خێرا هاتە لای منەوە. وتی:

- ئەوە چییە کچم؟ بۆ وا زوو هەستاویت؟ چی بووە؟ بۆ وا شپرزە دیاریت؟

تۆزێک بێدەنگ بووم. پاشان وتم:

- نازانم. بە خوا لەوەش ئەچێت خەوم بینیبێت.

دایکم هەر سەیری ئەکردمو چاوەڕێی من بوو شتێکی پێ بڵێم. بەڵام من هێشتا لە خەیاڵی خەونەکەمدا بووم. وتم:

- دایە. ئێستا گوێم لە دەنگی تەلەفۆنەکە بوو جەڕەسی لێ ئەدا.

ئەمجارە دایکم زۆر بە سەرسوڕمانەوە تەماشایکردم. گوتی:

- رۆلە گیان. بە خوا بەم بەیانییە زووە کەس تەلەفۆنی نەکردووە.

دایکم کە وای پێوتم من زۆر نائومێد بووم. بە ناچاری بەرەو ژووری چێشتخانەکە رۆیشتم. لە پڕێکدا گوێم لە زەنگی تەلەفۆنەکە بوو. هەر نەمزانی چۆن رامکردو دەسم دایە تەلەفۆنە کە. وتم:

- بەڵێ فەرمووو.

دەنگێکی زۆر نەناسراو وتی:

- بەیانیت باش.

وتم:

- بەیانی خۆت باشتر. فەرموو.

وتی:

ـ بنار خان. من ئەمەوێت ئیمڕۆ تۆ ببینم لەماڵی دایکی شیلان.

وتم:

ـ تۆ کێیت؟ من شیلان ناناسم.

وتی:

ـ بنار. من هەواڵی شیلانم پێیە بۆت.

وتم:

ـ من نازانم تۆ باسی کێ ئەکەیت!

لێرەدا بنارم وەستاند. پرسیارم لی کرد. وتم:
- بنار بۆ وات وت؟ خۆ شێت نە ببوویت؟ تۆ زۆر دەمێک بوو چاوەڕێی هەواڵێکت ئەکرد لە کامەران، یان لە شیلان.
بنار سەرێکی راوەشاندو وتی:
- نەخێر شێت نەببووم. بەڵام ئەترسام. لە بەرباری سیاسیی ئەو کاتە وا بوو. ترسناک بوو. پێویستی ئەکرد زۆر وریا بین. متمانەمان بە کەس نەبوو. بۆیە زۆر گومانم هەبوو، کە یەکێک بێتو بیەوێت زانیارییەک لە من وەربگرێت، چونکە من تاقە هاوڕێی شیلان بووم، کە ئەمزانی بە رۆیشتنەکەیان.
وتم:
- زۆر راستە بنار گیان. ببورە من ئەوەم بیر چوو. ئەی دوایی چیت کرد؟ رۆیشتیت بۆ ماڵی شیلان؟
بنار وتی:
- هەر چەندە دایکم شتێکی کەمی ئەزانی لە مەسەلەی شیلانو توانا. هەروەها بۆ کامەرانیشی ئەزانی. بەڵام هەرگیز نەیدایە رووم. ئەو رۆژە زۆرم بۆ هات. هەر ئەبووایە پێی بنێم لە جەرگی خۆم. داوای یارمەتی لە دایکم بکەم، تاکو رێم بدات بچم بۆ ماڵی شیلان. دایکم زۆر دوودڵ بوو، کە ئەگەر بهێڵێت بڕۆم. لە دوایدا تووشی گرفتێک ببم. بەڵام من زۆر پاڕامەوە. دایکم ئیتر نەیتوانی رێگریم لێ بکات. کاتێک، کە گەیشتمە ماڵی شیلان، خوشکەکەی چاوەڕێی ئەکردم. زۆر بە پەلە منی بردە ژوورەوە. لە ناو جانتاکەیا کاغەزێکي دەرهێنا. دایە دەستم. وتی:
- ئەوە لە شیلانەوە بۆت هاتووە. بە خوا نەمانخوێندۆتەوە. بڕوا بکە.
منیش زۆر بە پەرۆشەوە کاغەزەکەم کردەوەو خێرا دەستم بە خوێندنەوەی

کرد. شیلان تەنها ئەوەندەی نووسی بوو کە وا بە سەلامەتی گەیشتوونەتە شوێنی خۆیان. کامەرانیش باشە. خۆیان نا بەڵام هاوڕێیەکیان بینیویەتی ئەڵێت سەلامەتە. دڵم زۆر خۆش بوو. وامزانی ئاوێکی سارد کرا بە دڵمدا. هەستم کرد قورساییەکي زۆر لە سەر دڵم لاچوو. دایکی شیلان بانگی لێکردم وتی:

ـ بنار گیان، قوربانت بم ئەوە بۆ نایەیتە ژوورەوە؟ من لە راستیدا نەمئەویست ئەو ببینم، چونکە ئەمزانی ئەبمە هۆی سوێیەکی یەکجار زۆر بۆ ئایشەخان؛ ئەمزانی بە بینینی من ئەو برینی ئەکولێتەوە خەفەت ئەخوا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم لە دڵی خۆم نا، رۆیشتمە ژوورەوە سڵاوم لێکرد دەستیم ماچکرد. وتم:

ـ ئایشەخان گیان بۆیە نایەم بۆ ئەوەی ئازارت نەدەم. ئەزانم زۆر بیری شیلان ئەکەیت، بەڵام بڕوا بکە منیش ئەگەر لە ئێوە زیاتر بیری نەکەم ئەوە کەمتریش نییە. شیلان تەنها هاوڕێم نەبوو، خوشکێکی دڵسۆزم بوو. ئایشەخان سەری ماچ کردمو وتی:

ـ بنار گیان وەختە شێت بم بۆی. نازانم، دوریی شیلان بۆ ئەوەنە قورسە؟ بەخوا ئەمکوژێت. دوریی شیلان مردنە. هەر دۆعا ئەکەم نەمرم تاکو یەک جاریتر ئەیبینمەوە. ئاخۆ شوێنیان چۆن بێت؟ لە کوێ بنوێت؟ تۆ بڵێی نان هەبێت بیخوات؟ ئەی ئاخۆ توانا باش بێت بۆی؟

وتم:

ـ ئایشەخان، ئەوەتا لە نامەکەیا ئەڵێت زۆر باشین. خەمتان نەبێت. گرنگ ئەوەیە سەلامەتن. ئایشەخان وتی:

ـ بەو خوایە بنار، کە ئەتبینم، وا ئەزانم شیلانی. کچم زوو زوو وەرە، دڵم بە تۆ ئەکرێتەوە...

وتم:

ـ ئینشائەڵلا. زیاتر یەم بۆ لات، تۆش خۆت بێتاقەت مەکە.
ئیتر نەمویست لەوێدا بمێنمەوە. هەر چەندە زۆریان ئەکرد کە بۆ نیوەڕۆ لای ئەوان قاوەڵتی بکەم، بەڵام من ئەمویست زووتر بڕۆمەماڵەوە. ئەو ڕۆژە دڵم خۆش بوو. شەو حەزم کرد لەگەڵ خوشکەکانم دابنیشم بۆ سەیرکردنی زنجیرە درامایەک، سووری بوو. بە ناوی (ساری) هەر هەفتەیەک شەوێک دەرئەکەوت. بەڵام پیش ئەوە، گوێمان لە هەواڵەکان ئەگرت. لە پڕێکدا لە تەلەفیزیونەکەدا ناوی خۆم بینی. زۆر سەرسام بووم. تەنها منو چەند کەسێکی کەم ناومان دەرچووبوو بۆ دامەزراندنمان لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوو زێراب. بە هەر حاڵ دایکمو باوکم زۆریان پێ خۆش بوو. هەر بۆ هەفتەیەک دوای هەواڵەکە، چووین بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەو بەشەی کە بەرپرسیار بوو لە دامەزراندنی ئێمە. دوای دوو هەفتە دەستم بە کار کرد.
وتم:
ـ باشە بنار گیان. ئەوەش وا بزانم شتێکی زۆر خۆش بوو بۆ تۆ. وا نییە؟ تۆ لەو کاتەدا پیویستیت بە گۆڕانکارییەک هەبوو.
بنار وتی:
ـ زۆر ڕاستە. من لەو کاتەدا هیچ شتێک لە ژیانمدا نەبوو بێجگە لە کامەران. ژیانی خێزانەکەشمان هەر زۆر نالەبار بوو. هەموو شەو شەڕو دەنگە دەنگو ناخۆشی. هەتا ئەهات زیادی ئەکرد. باوکم تەواو بێتاقەت ببوو لەگەڵ نیاز. هەر جارە لە سەر شتێک ئەیانکرد بە شەڕ. ئێمەش ببووین بە قوربانی لە نێوان ئەو دووانەدا. هەموو ڕۆژ ئەچووم بۆ ئیش. خەڵکەکانی ئەوێ زۆر باش بوون. ڕێزیان زۆر لێ ئەگرتم. خۆشیان ئەویستم. منیش ئەوانم زۆر خۆش ویست.

- ٧٨ -

ساڵیک تەواو بوو، هیچ هەواڵێکی کامەران نەبوو. دووساڵ تەواوبوو، هیچ هەواڵی نەبوو. من هەر چاوەڕێی هەواڵێکیم ئەکرد لە دوور بێت یان لە نزیک. چەند شەوو بە خەیاڵی کامەران ڕۆژم ئەکردەوە. چەند ڕۆژ دائەنیشتم بە دیار وینەکانمانەوە. بە فرمیسکم هەموویم شتبووەوە. ئاخ فێنک. ئاە، کە زۆرم بیر ئەکرد. ئەزانیت چیم ئەکرد؟

لیم پرسی:

- چیت ئەکرد دڵەکەم؟

بنار وتی:

- ڕۆژانێک کە من وکامەران قوتابی بووین هەر، کاتێک نزیک کامەران بوومایە، ئەو بۆنێکی تایبەت بە خۆی هەبوو. وا دیار بوو دوای ریش تاشین بەکاری ئەهێنا. زۆر خۆش بوو. بۆنەکە ناوی (برووت) بوو. منیش زۆرم حەز لێ ئەکرد. بۆ ئەو کاتە ئەو بۆنە تایبەت بوو. ڕۆژێک چوم شووشەیەکم لەو بۆنە کڕی. هەموو جار سەری شووشەکەم ئەکردەوە، تێر تێر بۆنم ئەکرد. ئینجا تۆزێکم بە جلەکانی خۆمەوە ئەکرد. بۆ ئەوەی تاکو ماوەیەک بۆنەکە بمێنێت. ئەوسا هەستم ئەکرد کامەران لەگەڵما دانیشتووە. هەر باش بوو، هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەم دڵم تۆزێک سەبووری ئەهات. جارێکیتریش لە لایەن شیلانەوە نامەیەکیترم بۆ هات. زۆرم دڵ پێی خۆش بوو. تیایدا باسی ئەکرد، کە گەیشتوونەتە ئەڵمانیا. باری ژیانیان بەرەو باشی ئەڕوات. لە ڕاستیدا من هەر نامەکەم ئەخوێندەوە، چاوەڕوانی ئەوەم ئەکرد، کە باسی کامەرانی تیادا بێت. بەڵام شیلان هیچ باسێكي نەكردبوو. زۆر دڵخۆش بووم. بۆ شیلانو توانا. بەڵام  ئەو نامەیە وای لێکردم، تا ڕادایەک لە کامەران هیوام ببڕم. لە دڵی خۆمدا ئاواتەخواز بووم. هەر چۆنێک بێت هەواڵێکی ببیستم. تەنها هەواڵێک. بەڵام سێ ساڵ تەواو بوو.

هیچ هەواڵیم نەزانی. هەر ئەو ساڵە، نازداری خوشکم شووی کرد، بە کەسێکی زۆر باش. ژیانی ئاسوودەو خۆش ئەڕۆیشت. بوو بە خاوەنی کوڕێکی ئێسک سووک. نیاز وازی لە خوێندن هێنابوو. لەگەڵ باوکم کەوتبوە ئیشکردن. بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ پەیوەندییان بەرەو خراپی ئەڕۆیشت. تاکو باوکم بڕیاریدا واز لە ئیشکردن بهێنێت. پاش ماوەیەک نیاز کەڵکەڵەی ژنهێنان کەوتە سەری. کچێکی دۆزییەوە. بە دڵی خۆی. هێنای. زۆری نەبرد خونچە شووی کرد بە یەکێک لە مامۆستاکانی خۆی. هەر چەند هێشتا قوتابی زانکۆ بوو لە بەغداد. لە کۆلێجی دەرمانسازی. نەشمیل قوتابیی پۆلی شەش بوو. زۆر خۆی ماندوو ئەکرد، کە لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری نمرەی بەرز بهێنێت. حەزی ئەکرد لە کۆلێجی پزیشکی بخوێنێت، بەڵام شەڕو کێشەی ماڵی ئێمە رێگەی ئەوەیان نەئەدا. نەوژین‌و هاوژینیش هەر خەریکی خویندن‌و کۆششی خۆیان بوون. دایکیشم بەردەوام بەو پەڕی دڵسۆزی‌و میهرەبانی خزمەتی هەموومانی ئەکرد.

رۆژێکیان، هاوین بوو. لە ئیش ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بینیم، کە ئۆتۆمبێلێکی زۆر جوان لە بەردەرگای ماڵەکەمان راوەستابوو. لە دڵی خۆمدا وتم:

ـ ئەبێت ئەو کەسە دەوڵەمەندە کێ بێت ئەو ئۆتۆمبێلە جوانەی هەبێت؟ هەر کەسێکە ئەوە دیارە میوانی ئێمەیە. با بچمە ژوورەوە بزانم کێیە؟

کاتێک گەیشتمە ناو چێشتخانەکە، بینیم دایکم راوەستاوە چاوەڕێی من ئەکات. بەرەو رووم هات. وتی:

ـ دەوەرە کچم ئەوە تۆ لە کوێیت؟ بزانە کێ میوانمانە؟

منیش لە جێی خۆم وەستام‌و وتم:

ـ دایکە گیان، ئەمڕۆ پاس هەر نەبوو. بۆیە دواکەوتم. لەوە ئەچێت دیسان پاسەکان مانیان گرتبێت. کێ هاتووە؟ کێ میوانمانە؟

دایکم وتی:

- برۆ ژووری دانیشتنەکە. ئەوە لەوساوە دانیشتووە چاوەڕێی تۆیە. ئەڵێت حەز ئەکەم بنار ببینم.
منیش لەبەر خۆمەوە وتم: ئەبێت کێ بێت؟ خۆ کامەران نییە. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. وتم:
- کێیە؟ دە پێم بڵێ؟ من حەزم لە شتی کوتوپڕ نییە.
هەر لەو قسانەدا بووین، من هێشتا لە چێشتخانەکە بووم. سەیرمکرد کوڕێکی باڵا بەرزی سمێڵ ڕەش، دەستێک جلی جوانی لەبەردایە، هاتە بەردەمم. وتی:
- بنار خان، بە خێر بێیتەوە. لەشت ساغ بێت.
منیش سەیرم کردو وتم:
- ئەوە تۆی میوانەکەمان؟ قاقایەکم لێداو وتم:
- خۆت بە خێر بێیت. خۆ من وامزانی قائید فرقە هاتووە بۆ ماڵمان.
هەر پێئەکەنیم. دایکیشم هەر چاوی لێ زەق ئەکردمەوە. وتی:
- بەسە کچم. ئەوە بۆ پێئەکەنێت؟
منیش بە هیچ شێوەیەک بە بیرمدا نەئەهات، کە جارێکیتر چالاکی هاوڕێی نیازی برام ببینم! زۆر سەرسام بووم بۆ دوای ئەو هەموو ساڵە هاتووە بۆ ئێرە! شێوەی زۆر لە بەر چاوم گۆڕا بوو. لە پیاویکی ماقووڵ ئەچوو. بەڵام من هەر وەکو جاران سەیرم ئەکرد. بینینی لە دوای ئەو چەند ساڵە، شتێکی سەیر بوو.
دایکم زۆر بە پەلە خواردنی بۆ ئامادەکردین.
وتی:
- دەی فەرموو چالاک گیان، یاخوا بەخێر بێیت.
منیش سەیرێکی دایکم کرد. هەستم کرد دایکم زۆر دڵی خۆشە. ئەڵێی کوڕێکی خۆشەویستی بینیوەتەوە، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ هەواڵی چالاک. هەردووکمان لە سەر مێزی نان خواردن دانیشتین. من سەیرم

پێ ئەهات لەو هاتنەی چالاک چونکە ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵێک شاری بەجێهێشتبوو. هیچ هەواڵێکیمان نەئەزانی. دەستم بە نان خواردن کرد. وتم:

ـ چالاک؟ کەی هاتیتەوە؟

وتی:

ـ چوار رۆژە. بەڵام زۆرم حەز ئەکرد زووتر بێم سەردانتان بکەم.

منیش پێکەنیم وتم:

ـ ئەوە نییە هاتوویت؟ ئەوە نییە سەردانت کردووین؟

دایکم جارێکیتر چاوی لێ زەق کردمەوە. وادیار بوو ئەو جارەش قسەکەی منی بە دڵ نەبوو. دوایی لێم پرسی. وتم:

ـ ئەی لە کوێ دابەزیویت؟

وتی:

ـ لە ماڵی مامم. خۆت ئەزانی تەنها ئەوان لە خێزانی من لێرە ئەژین.

چالاک هیچ کەسوکاری نەبوو تەنها دایکێکی پیری هەبوو. ئەویش پێش چەند ساڵێک ئەمری خوای کردبوو. هەر کاتێک ئەگەڕایەوە بۆ سلێمانی، ئەچووە ماڵی ئەو مامەی. وتم:

ـ ئەی بەتەمای چیت؟

وتی:

ـ جارێ نازانم. من زۆر حەز ئەکەم بێمەوە بۆ سلێمانی، لێرە بژیم.

دواتر چالاک کەوتە پرسیارکردن لە من. یەک لە دوای یەک. ئینجا باسی خۆی بۆ کردم. وتی:

ـ من خەریکی ئیشکردنم، لە شوێنێکی زۆر باش، لە هەولێر. پارەیەکی باشم پاشەکەوت کردووە.

وتم:

ـ پێم خۆشە. لەش ساغ بێت.

وتی:
ـ ئێستا من ئەمەوێت ژن بهێنم. بۆ کچێکی باش ئەگەڕێم.
منیش ناوی یەک دوو کەسم پێ وت، لە کچانی هاوڕێکانی خۆمان. ئەو هیچیانی بە دڵ نەبوو. ئینجا باسی چەند کچێکی‌تریشم بۆ کرد، کە هاوڕێی خۆم بوون زۆر لە دەمێکەوە ئەمناسین. بەڵام چالاک ئەوانیشی بە دڵ نەبوو.
منیش پێم وت:
ـ من هەر ئەوەندە کچی باش ئەناسم، تۆش هیچیانت بە دڵ نییە. کەواتە خۆت بڕۆ بیدۆزەرەوە.
چالاک تاکو پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ مایەوە. دوایی هەستاو ماڵئاوایی کردو ڕۆیشت. چالاک وای لێهاتبوو ڕۆژانە ئەهات سەرێکی ئەدا لە باوکمو دایکم. خۆ ئەگەر نیازیش لەوێ نەبووایە ئەو هەر ئەهات. هەر جارەی بە بیانووی شتێکەوە. تەواو خۆی لە سەرانسەری خێزانەکەمان نزیک کردبووەوە. زۆرجاریش ئەهات بۆ لای من بۆ سەر ئیشەکەم. کە ئەهات هیچ هۆیەکی تایبەتی نەبوو. منیش چاک ئەمزانی چی لە ژێر سەردایە بەڵام خۆمم لێ گێل ئەکرد. کاتێک کە من لە پەیمانگا بووم ئەو قوتابی بوو لە زانکۆی مووسڵ، ئاگاداری منو کامەران بوو؛ ئەیزانی بە پەیوەندیەکەمان. منیش ئاگاداری ئەو بووم، کە دڵی بە کچێکەوە بوو.
هێشتا کامەران هەر لە خەیاڵمدا بوو. وام بیر ئەکردەوە، کە ڕۆژێک هەر ئەبێت بگەڕێتەوە. چونکە ئەولە ناخی مندا چەسپیبوو. چاوەڕێکردنی کامەران بۆ من زۆر ئاسایی بوو. وام دانا بوو. کە هەتا ماوم لە ژیاندا چاوەڕێی بکەم. بیرۆکەی شووکردن بە هیچ جۆرێک لە مێشکی مندا نەبوو. چوار ساڵ تەواو بوو. زۆربەی هاوڕێکانم چوونە ماڵو حاڵی خۆیان. خوشکەکانم هەر کەس شووی کردو چووە ماڵی خۆی. منیش بەم ڕۆژگارە داواکاری باش ئەهاتن داوایان ئەکردم شوو بکەم. بەڵام

هەموو جار هەمان وەڵامم هەبوو بۆ هەموویان. چالاکش هەر ئەهاتو ئەچوو. خۆی کردبوو بە دۆستی هەموو تایەفەکەم هەر بۆ ئەوەی دڵی من نەرم بێت. منیش دڵم لە ئاستی هەموو پیاوێکدا ببوو بە بەردی رەق.
رۆژێکیان لە سەر ئیش، یەکێک لە هاورێکانی ئیشم کە ناوی شلێر بوو. پێی وتم:
ـ بنار؟ پێش چەند رۆژێک کورێکی خاڵم لێرە تۆی دیوە. زۆری بە دڵ بوویت. حەز ئەکات بێت بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی خۆیت پێ بناسێنێت.
منیش لە راستیدا خوا خوام بوو کەس باسی ئەو قسانەم لەگەڵ نەکات، چونکە ئەو باسانە زۆر ئازاریان ئەدام. بەڵام خۆ کۆمەڵگای ئێمە شتی وا نازانێت. وا ئەزانن کچ هەرئەبێت شوو بکات. ئەو کچە زۆر ستایشی خزمەکەی خۆی کرد. زۆر بە شانو باڵیدا هەڵی دا. منیش هەر گوێم لێ گرت. تاکو لە قسەکانی تەواو بوو. لە دواییدا پێم وت:
ـ شلێر گیان، کە رۆیشتیتەوە ئێمرۆ، بە خزمەکەت بڵێ من زۆر سوپاسی هەستی ئەکەم. بەڵام من شوو ناکەم.
ئەمیرە، یەکێک بوو لەو ئافرەتە چاکانەی کە لە ژوورەکـەدا پێکەوە ئیشمان ئەکرد. ماوەیەکی زۆر بوو یەکترمان ئەناسی. چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو. خاوەنی دوو کچی جوانکیلە بوو. رووی کردە شلێر وتی:
ـ شلێر گیان، گوێ لە بنار مەگرە. بە خزمەکەت بڵێ با بەیانی بێت بۆ ئێرە لەگەڵ بنارقسە بکات. با ئەمیش ئەو بناسێت. ئەمیرە ئەمجارە پرسیاری لە شلێر کرد. وتی:
ـ شلێر؟ کوری خاڵت ئیشی چییە؟ ناوی چییە؟
شلێر وتی:
ـ کوری خاڵم ناوی دارایـە. ئەوە بۆ دوو ساڵ ئەچێت زانکۆی تەواو کردووە. بەڵام هێشتا ئیش ناکات، چونکە عەسکەری راکردووە. بەڵام لەگەڵ خاڵم ئیش ئەکات. زۆر دەوڵەمەندن پێویستیشی بە وەزیفە نییە.

ئەمیرە وتی:
ـ شێوەی چۆنە؟ جوانە قۆزە؟ لە چی ئەچێت؟
شلێر وتی:
ـ ئەرەوەڵا... ماشاڵای لێبێت، کوڕی خاڵم زۆر قۆزە.
منیش هەر سەیرم ئەکردن، گوێم لێ ئەگرتن. ئینجا وتم:
ـ ئەمیرە گیان، ئێستا تۆ ئەو پرسیارانە بۆ ئەکەیت؟ من وتوومە شوو ئەکەم؟
ئەمیرە وتی:
ـ بەڵێ ئەبێت شوو بکەیت، ئەبێت ئەو کوڕەش ببینیت. بەیانی ئەبێت بێت.
منیش وتم:
ـ نەخێر هیچ با نەیەت. من بڕیارم داوە شوو نەکەم. ئیتر ئەو بۆ بێت بۆ ئێرە؟
ئەمیرە ئینجا لە سەر کورسییەکەی خۆی هەستا بەرەو مێزەکەی من هات. وتی:
ـ بۆ شوو ناکەیت؟ چیتە؟ ماشەللە ئەڵێی گوڵیت. تۆ بزانە چەند کەس لەم ماوە کەمەدا داوای کردیت؟ تۆ نازانیت کچ، کە ماوەیەک بێ هۆ دانیشت ئیتر کەس داوای ناکات؟  خەڵکیش ئەکەونە پرسیار؟ من تیناگەم تۆ بۆ وا ئەکەیت؟
منیش هەر چاوەڕێم ئەکرد قسەکانی تەواو بکات. کە لە قسەکانی لێبۆوە تۆزێکیتریش سەری نزیک کردەوە. وتی:
ـ دە پێم بڵێ بۆ؟ بۆ شوو ناکەی؟
وتم:
ـ من تاقەتی شووکردنم نییە.  تەواو.
ئەمیرە وتی:
ـ نەخێر. ئەبێت هۆیەک هەبێت. ئەشبێت پێم بڵێیت.

وتم:
ـ نا... هیچ نییە. خۆ مەرج نییە هەموو کچێک شوو بکات. بەڵام ئەمیرە بڕوای نەکرد بە قسەکانم. وتی:
ـ دیارە کەسێکت خۆش ئەوێت. وا نییە؟
بێدەنگ بووم. لەبەر ئەوەی نەمویست درۆ بکەم. لە هەمان کاتدا نەمەویست نوکلی لە خۆشەویستیی کامەران بکەم. بەڵام ئەو رۆژە ئەمیرە وازی نەهێنا. هەر ئەیویست بزانێت من بۆ ئەو هەموو کەسە دەست پێوە ئەنێم!
شلێر هەر چاوەڕێی وەڵامی منی ئەکرد. ئینجا وتی:
ـ بنار؟ لەو رۆژەی کوڕی خاڵم تۆی دیوە بڕوابکە هەر باست ئەکات. هەر شەوێک کە ئەڕۆمە ماڵەوە تلفۆنم بۆ ئەکات باسی تۆم لێ ئەپرسێت. دیارە تۆی زۆر بە دڵە. دەی... کچم... ئێستا ئەڵێیت چی؟ بە خاڵۆزاکەم بڵێم بێت یان نا؟
وتم:
ـ نا... پێی بڵێ با نەیەت.
ئەمیرە وتی:
ـ با بێت.
دوا جار بڕیاریاندا، کە با بێت.
کاتژمێرێک پێش ئەوەی بڕۆینەوە، ئەمیرە هاتەوە نزیکم. دانیشت. وتی:
ـ ئێستا ئەبێت پێم بڵێیت هۆکاری ئەم رەفزکردنەی تۆ چییە؟ ئەگەر یەکێکیتر هەیە لە ژیانتا، پێم بڵێ. لەوانەیە من بتوانم یارمەتیت بدەم. هەر لەو کاتەدا شلێر هەستاو رۆیشت. ئەمیرە دیسان زۆری کرد کە ئەبێت بیرلە شوکردن بکەمەوە.
زۆر هەوڵمدا کە هیچی پێ نەڵێم بەڵام ئەمیرە زۆر پێداگربوو ئەیویست بزانیت بۆ؟ لە کۆتاییدا وتم:
ـ ئازیزەکەم. بەڵێ من ئەوە ئەچێت بۆ هەشت ساڵ کوڕێکم خۆش ئەوێت.

ئەمیرە وتی:
- ئێ؟ ئەی کەی ئیشەڵڵا بەتەمایە بێتە داوات؟
وتم:
- جارێ.
وتی:
- یەعنی چی جارێ؟ دوای هەشت ساڵ خۆشەویستی هێشتا ئەڵێت جارێ؟ خەریکی چییە؟ بۆیە تۆ وا بە بەردەوامی عاجزو ماتی؟ هەناسەیەکی زۆر قووڵم هەڵکێشا.
وتم:
- لێرە نییە. چوار ساڵە سلێمانیی بەجێهێشتووە.
ئەمیرە هەردوو چاوی زەق کردەوەو وتی:
- چییی؟ ئەی جەنابی لە کوێیە؟
وتم:
- ئێستا نازانم، بەڵام یەکەمجار پێی وتم ئەچێت بۆ ئەڵمانیا.
ئەمیرە وتی:
- ئەی بە تەمایە کەی بێتەوە؟ یان نایەتەوە؟ داوای کردوویت؟ هەواڵی ئەزانیت؟ هیچ پەیوەندیت پێوە ئەکات؟
پرسیارەکانی ئەمیرە زۆر بوون. نەمەتوانی وەڵامی بدەمەوە، چونکە ئەو شتێکی زۆر گرنگی بیر چوو، ئەویش ئەو پرسیارە بوو، کە من چەندم خۆش ئەوێت؟ بە هەر حاڵ وەڵامەکان هەمووی بە (نا) بوون. ئەمیرە زۆر بێتاقەت بوو لە وەڵامەکانم. ئینجا بە تووڕەیەکەوە سەیرێکی کردم.
دواجار وتی:
- من بۆ خوا ئامۆژگارییەکت ئەکەم. باش گوێ بگرە بە قوربان. من تۆم زۆر خۆش ئەوێت. ئەزانم تۆ چەند کچێکی چاکیت. حەز ئەکەم زۆر بەختەوەر بیت. ئەو کوڕە پەیوەندیت پێوە ناکات. وا دیارە تۆی مەبەست نییە. هیچ هەواڵیشی نازانیت. چوار ساڵە بە جێی هێشتوویت.

بە بێ پرسیار. واتە ڕۆیشتووە بە بێ باکی؛ بێ ئەوەی گوێ بە تۆ بات. ئینجا ناشزانیت لە کوێیە! بنار گیان، تکایە بە خۆتا بچۆرەوە. ئەمە ژیانی خۆتە. بەڵام باشترە ئەمجارەش بیر بکەیتەوە. ئەو کوڕە ئێستا هەر خوا ئەزانێت لە کوێیە، خەریکی چییە، لەگەڵ کێیە شەو، یان ڕۆژ، چەند کەس ئەناسێت؟ بنار گیان تۆ پێویستە ئاگاداری خۆت بیت. زیاتر خەمی خۆت بخۆ، نەک ئەو. ئەو کەسە بە خوا تۆی هەر بیر نییە. ئێستا دڵنیابە لەگەڵ کچی ئەڵمانی ڕائەبوێرێت. لە باخەڵی ئەواندایە. تازە ئەو کوڕە بە کەڵکی تۆ نایەت. دڵگران مەبە. ئەزانم قسەکانم زۆر ڕەقن. بەڵام ڕاستین. ببورە لێم. بەڵام من دڵم بۆ تۆ ئەسووتێت. نامەوێت چییتر تۆ ببینم بە غەمباری. بنار گیان، ژیان زۆر کورتە ئەوەندە بە قورسی وەری مەگرە. ژیان ئەو ساتەیە کە تیایدا ئەژیت. ڕابردوو ڕابردوووە، بە هەموو ساتە خۆشیو ناخۆشییەکانییەوە. تۆزێک بیر لە خۆتو دوا ڕۆژی خۆت بکەرەوە.

ئەمیرە هێشتا قسەکانی تەواونە کردبوو پێم پچڕاند. وتم:

ـ تۆ کامەران ناناسیت. قەت کامەرانت نەدیوە. چۆن ئەتوانیت وا باسی بکەیت؟ ئەو خۆشەویستی هەموو ژیانمە. تۆ باسی زۆر شتت کرد، بەڵام لە بیرت چوو، کە من بێ ئەو ناژیم؟ ڕۆژیک ئەبێت هەر یەتەوە. خۆم ئەزانم یەتەوە. تکایە پێم ناخۆشە ئاوا بەو جۆرە باسی خۆشەویستی من ئەکەیت.

ئەمیرە سەیرێکی کردم، بە جۆرێک وەکو پێم بڵێت بە خوا زۆر بێ ئەقڵیت. ئیتربۆ تۆزێک بێدەنگ بوو. هەستا بڕوات بەهیواشی هاتە لامەوە وەستا. وتی:

ـ من بە شلێرم وت، کە بەیانی خزمەکەی بهێنێت. تۆش خۆت جوان بگۆڕە. باشە؟

ئەوەندەی وت. ویستی بڕوات. منیش لە وەڵامدا وتم:

- من بەیانی روخسەتم وەرگرتووە لە کاک وریا. تۆ میوانداریی ئەو کەسە بکە. من لێرە نابم.
ئەمیرە گەرایەوە بانگی کردم. وتی:
- چی؟ کچم ئەوە تۆ شێتی؟ روخسەتی چی؟ ئەبێت بەیانی لێرە بیت.
وتم:
- ئینشائەڵڵاە دووسبەی ئەتبینم. قسەکەم تەواو کرد، رۆیشتم.
قسەکانی ئەمیرە هەر چەندە راست بوون بەڵام زۆر لە دڵی دابووم. هەر چەند بیرم لێ ئەکردنەوە، هەستم ئەکرد چەقۆیەکی زۆر تیژ ناو دڵم پارچە پارچە ئەکات. ئەو رۆژە زۆر ناخۆش بوو. من هەر گریام، هەر گریام. کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، دایکمو نازداری خوشکم هەر زوو هەستیان پێکردم. نازدار پرسیاری لێکردم. وتی:
- بۆچی  دیسان وا دەموچات داوە بە یەکا؟ ئەڵێ پاپۆڕەکەت غەرق بووە؟
منیش هەر بە بێتاقەتی هەموو قسەکانی ئەمیرەم بۆ گێڕایەوە. ئەویش لە وەڵامدا وتی:
- لەبەر ئەوە بێتاقەتیت؟
وتم:
- بەڵێ. جا ئەوە کەمە؟ ئەمیرە راستە حەز بە خۆشیی من ئەکات، بەڵام خۆشیی من لەوەدا نییە کە شوو بکەم بە کەسیک کە خۆشم نەوێت کە هەر نەشیناسم. من لە هەموو ژیانم هەر کامەرانم ناسیوە. هەر ئەویشم خۆش ویستووە. ئیتر بۆ واز لە من ناهێنن؟ من هێشتا پەلەم نییە بۆ هەر ئەبێت شوو بکەین؟ من تێناگەم خەڵک هەقی منیان چیە؟ بەڵام نازدار دیار بوو قسەکانی ئەمیرەی زۆر بە دڵ بوو. بۆیە ئەویش وتی:
- بنار، ئەمیرە راست ئەکات. ئەو کوڕە ئەوە چەند ساڵە تۆی بیرچۆتەوە. دە گوێ بگرە. با منیش شتێکیترت پێ بڵێم.
وتم

ـ نا.. هیچم پێ مەڵێ. تکایە بەسە. مێشکم تەقی. ئیتر هیچی‌تر هەڵناگرێت. بەسە بەس. تو خوا بەسە. تۆزێک بەزەیی. من خۆم هەمووی ئەزانم. بەڵام چی بکەم؟ زۆرم خۆشئەوێت. ناتوانم لە مێشکمی دەرکەم. ناتوانم لە دڵمی دەرکەم. ئەو تازە ئیتر چۆتە ناو خوێن‌و رووحمەوە. بووە بە گەورەترین پارچە لە ژیانم. ئەو لە ناو مندا ئەژی. نازانم بۆ تێناگەن؟ بۆ؟ کامەران نەبێت، من ناژیم. بە خوا نازانم چیی‌تر هەیە بتوانم وەسفی بکەم بۆتان تاکو لیم تێبگەن. من شەو بۆیە حەز ئەکەم زوو بێت، بۆ ئەوەی بنووم تاکو خەو بە کامەرانەوە ببینم. بە خوا حەز ئەکەم ئێستا رووحم دەرچێت لە گیانم هەر بۆ ئەوەی سەربەست بمو بچم بۆ لای کامەران. ئاخ. ئێوە کەی لە من تێئەگەن؟ من بێ ئەقڵ نیم. ئەزانم ئەوەی ئێوە ئەیڵێن رەنگە وا بێت. بەڵام من تازە تەواو. دڵم موڵکی خۆم نییە.

من لە ناخمدا ئەکوڵام. بەڵام کەس گوێی نەئەدا بە من. هەر کەس ئەیویست خۆی لە من بکات بە فەیلەسووف. نازدار وەکو بیەوێت بە جارێک هەموو ئازارەکان بکات بە دڵما هەر بۆ ئەوەی راستییەکانم پێ بڵێت. ئەگەر چی تاڵیش بن. قسەکانم ئەکردو ئەگریام. وەکو مناڵێک چۆن لە دایکی دابڕابێت. لە پڕێکدا دایم بانگی نازداری کرد. وتی:

ـ نازدار.. نازدار... کچم وەرە خوارەوە. کوڕەکەت هەستاوە لە خەو. ئەگری.

نازدار هەر گوێی پێنەدا. وتم:

ـ نازدار؟ گوێت لە دایکم نییە؟ ئەڵێ کوڕەکەت ئەگری. دە بڕۆ بزانە چییەتی.

وتی:

ـ ناڕۆم تاکو گوێم لێ نەگریت. ئینجا نازدار وتی:

ـ بنار سەیرکە. با پێت بڵێم. پێت خۆشە، یان نا، هەر کاتێک کامەران گەڕایەوە، بڕوا بکە ئەگەرێت بۆ کچێکی گەنج‌ترو مناڵ‌تر. ئەوە بزانە. حاڵی

گەنجەکانی ئێمە ئاوایە. هەر بە دوای کچی جوانترو گەنجتر ئەگەڕێن. شتێکیتریش بزانە. خۆشەویستی لای پیاو وەک ئافرەت نییە. ئەوان بەو جۆرە بیری لێ ناکەنەوە.

وتم:

ـ چۆن؟ مەبەستت چییە؟

وتی:

ـ مەبەستم ئەوەیە، پیاو بەو جۆرە ناسووتێت بۆ خۆشەویستەکەی. هەر کاتێک ویستی چی بکات، ئەیکات. رائەبوێرێت. ژن دێنێت. ژیانی خۆی ناوەستێنێت.

وتم:

ـ کامەران وا نییە. من ئەزانم کامەران ئێستا منی لە دڵایە. هەر کاتێک هاتەوە، منی ئەوێت.

ـ نازدار وتی:

ـ بڕوا بکە، کامەران ئێستا زیاتر لە دە پەیوەندی هەیە. چونکە گەنجە. لە وڵاتی غەریبییە بە مافی خۆی ئەزانێت وەک پیاو. تۆش لێرە خۆت کوشتووە چاوەڕێی ئەکەیت. ئەم کوڕە باشانە لە دەست خۆت مەدە. دوایی کچ، کە چووە تەمەنەوە، زۆر گرانە کوڕێک وەک تەمەنی خۆی داوای بکات. ئەوسا ئەبێت شوو بکەیت بە پیاوێکی زۆر لە خۆت گەورەتر.

وتم:

ـ بەسە. بەس. من هەر نامەوێت شوو بکەم. نە گەنجو نە پیر.

هەر چەندە قسەکانی ئەویش زۆر لە قسەکانی ئەمیرە نەرمتر نەبوو. بەڵام من لەوان تێئەگەیشتم باسی چی ئەکەن. کێشەکە لەوەدا بوو ئەوان لە من تێنەئەگەیشتن. بە هەر حاڵ، ئەو رۆژە دڵیان کردم بە خوێناو. من ئەگریامو نەمئەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە. ئەترسام قسەکانی نازدار راست بێت! ئاواتم ئەخواست کامەران لە زووترین کاتدا بگەڕایاتەوەو هەموویانی بە درۆ بخستایەتەوە.

دوای دوو ڕۆژ، گەڕامەوە بۆ ئیش. ئەمیرە زۆر بە مۆنو مرچی بەیانی باشی لێکردم. منیش هەر وەکو خۆی وەڵامم دایەوە. دوایی هاتە لامەوە. وتی:

ـ بنار، من چاکەی تۆم ئەوێت. بۆیە ئەو ڕۆژە ئەو قسانەم پێ وتیت. لە کۆتاییدا ئەوە ژیانی خۆتە. چی ئەکەیت، چی ناکەیت.

منیش وتم:

ـ ئەزانم. سوپاست ئەکەم. بەڵام حەز ئەکەم بزانیت کە من بە دەست خۆم نییە. ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆم بکەم. هەروەها نامشەوێت درۆ لەگەڵ خەڵک بکەم چونکە من هەر شەوێک، کە سەرم لە سەر سەرینەکەم دائەنێم پرسیار لە خۆم ئەکەم ئەگەر ئەو ڕۆژە دڵی کەسێکم ئازار دابێت؟ من هەرگیز حەز بە ئازاردانی دڵی کەس ناکەم. بۆیە نامەوێت بە درۆ کەسێک بهێنمە ژیانی خۆمەوە. حەز ئەکەم بزانیت لە ڕابردودا بەبۆنەی ئەم خۆشەویستیەوە زۆرم درۆ کرد. بەڵام بڕیارم دا کە ئیتر بۆ هیچ کەسێک درۆ نەکەم هەرچی ڕاستە ئەوە بڵێم. تەنانەت باسی هەستەکانی خۆشم بەرامبەر هەموو کەسێک بەڕاستی باسکەم. چونکە درۆ تەنها ون و سەرلێشێواوت ئەکات. لەبەر ئەوە دامەزرابدنی ژیانێک لەگەڵ کەسێکدا پیویست ئەکات ڕاست وپاک بێت لە قوڵایی دڵەوە هەڵقوڵابێت. خۆ بەستنەوە لەگەڵ کەسێک تەنها بۆ ڕازی کردنی کەسانێک، ئەوە لای من تاوانە.

لەوە ئەچوو ئەمیرە بڕوای بە قسەکانم کردبێت. زۆر بە شێوەیەکی بڕوا پێکراو سەیرێکی کردم. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ ڕاست ئەکەیت دڵەکەم. ئینشا الله خوا بە دڵی خۆتت لەگەڵ بکات. دوێنێ

کوڕی خاڵەکەی شلێریش هاتبوو.

وتم:

ـ ئێ چۆن بوو؟

ئەمیرە پێکەنی. وتی:

ـ ئینجا خۆ تۆ شووناکەیت، ئیتر بۆ ئەپرسیت؟ هەردووکمان کەوتینە پێکەنین.

وتم:

ـ بێگومان، نا.

چەند هەفتەیەکیتر تێپەڕی. ڕۆژێکیان لە ئیش نزیکی نیوەڕۆ بوو. کاتی پشوومان بوو. منو ئەمیرەو شلێر بڕیاری ئەوەمان دابوو، کە کاک نادری فەراش بنێرین بۆ بازار. کەبابمان بۆ بهێنێت. من خەریکی چا لێنان بووم. لە پڕێکدا کاک وریای بەڕیوەبەر زەنگێکی لێدا. لەو کاتەدا من چووم بۆ لای بزانم چیی ئەوێت؟ چونکە کاک نادر لەوێ نەبوو. کە چوومە ژوورەوە، پێکەنی. وتی:

ـ بە خوا کچی باوکی خۆتی. من تۆم ئەویست. بەڵام وا خۆت هاتیت. باشتر.

منیش وتم:

ـ کاک نادر لێرە نییە. من ناردم کەبابمان بۆ بهێنێت.

وتی:

ـ وەرە ژوورەوە. من ئیشم بە تۆیە. کاک نادرم بۆ چییە؟ ئێستا کاتی ئەو نییە. هەردووکمان پێکەنین. منیش وتم:

ـ فەرمووو کاک وریا. ئیشی چیت پێم بوو؟ خیرە؟

وتی:

ـ بەڵێ. ئینشاللە خێر ئەبێت. جارێ فەرموو دانیشە. منیش بەشەرمێکی زۆرەوە دانیشتم لەسەر کورسیەک. من نەمزانی کاک وریا میوانی لایە. بەڵام، کە دانیشتم، بینیم بەرامبەرم پیاوێکی تەمەن سی ساڵ دانیشتبوو. بە شێوەیەکی زۆر جوانو سەرنج ڕاکێش خۆی گۆڕی بوو. زۆر بە وردیش تەماشای منی ئەکرد.

کاک وریا وتی:

ـ بنار خان، ئەمە کاک شوانە بەڕیوەبەری نەخۆشخانەی منداڵانە لە کەرکوک.

منیش بەخیرهاتنم لێ کرد. جارێکیتر رووم کردەوە کاک وریا. وتم:

ـ کاک وریا؟ چی بوو ئیشەکەت؟

کاک وریا وتی:

ـ بنار؟ دە تۆ جارێ پەلە مەکە. ئەوە کاک شوانە ئەیەوێت تۆ بناسیت. من باسی تۆم بۆ کردووە. ئەمیش حەزی کرد خۆی بتبینێت. بەڵام پێویست ناکات ئێستا هیچ بڵێیت. خۆت بیری لێ بکەرەوە. دوایی وەڵام بدەرەوە. زۆرم شەرم کرد. تووشی سەرسوڕمانێکی سەیر هاتم. نەم ئەزانی چی بڵێم! هەستام بڕۆمە دەرەوە. هەرئەوەندە توانیم بڵێم کاک شوان خۆشحاڵ بووم. خێرا زۆر بە پەلە ژوورەکەم بەجیهێشت. ئەو ڕۆژە نەمەویست کەس قسەم لەگەڵدا بکات. زۆر تووڕە بووم. زۆر خەفەت بار بووم. ئەمزانی درامایەکیتر چاوەڕوانم ئەکات. بە هەموو شێوەیەک ئەمویست خۆم لەو باسانە دور بخەمەوە. بەڵام زۆر سەیر بوو. کەس لە من تێنەئەگەیشت. نازانم بۆ؟ لە وە ئەچوو کەس خۆشە ویستی نەکردبێت! یان کەس هەر دڵی نەبووبێت!؟

- ٨٠ -

چەند ڕۆژێک تێپەڕی. هیچ دەنگو باس نەبوو. دڵم خۆشبوو، کە وا کاک وریا هیچ پرسیارێکی لێ نەکردم بۆ زانینی وەڵامەکەم! ڕۆژێکیان کە چوومەوە ماڵەوە، دایکمم بینی. بەر دەرگای ئەشت. سۆندەی ئاوی بە دەستەوە بوو. دنیاش زۆر گەرم بوو. من ئەو کاتە هەموو ڕۆژ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ ئەگەیشتمەوە ماڵەوە. سەرم سوڕما دایکم بۆ بەو گەرمایە بەر دەرگا ئەشوات! هەر، کە گەیشتمە بەر دەرگا سڵاوم لێ کرد. بینیم زۆر ڕووی خۆش بوو. وتی:

ـ بەخێر بێیتەوە کچی جوانم. برسیتە؟

وتم:

ـ زۆر. بۆ چیت لێناوە دایکە گوڵ؟

وتی:

ـ کفتە. ئەزانم تۆ زۆرت حەز لێیە.

وتم:

ـ یاخوا دەستت خۆش بێت دایکە. ئەوە بۆ بەم گەرمایە تۆ حەوشەو بەر دەرگا ئەشۆیت؟ خۆ ئەزانیت ئەوە ئیشی منە؟

دایکم وتی:

ـ ئاوەکە زۆر بوو. ئەمڕۆ نەبڕاوە. تەنکی سەربانو حەوشە هەمووی پڕە. منیش وتم با فرسەت بێنم.

وتم:

ـ باشە دایکە گیان دەستت خۆش بێت.

هەتاکو من چووم دەستم بشۆم وهاتمەوە، دایکم سەر مێزی جوان ڕازاند بۆوە وەکو میوانێکی تازە بۆ یەکەم جار هاتبێتە ماڵەکە، سەیرێکی دایکم کرد وتم :

ـ ئەوە چاوەڕێی کەسێکیت بیت دایە گیان؟
دایکم وتی:
ـ نا رۆڵە گیان. بۆ وا ئەڵێیت؟ خۆ ئێمە هەموو کات شتی باشمان هەیە. لە خوا بە زیاد بێت، لەشی باوکیشت ساغ بێت.
وتم:
ـ راستە. بەڵام ئیمڕۆ تۆزێک زیاترە. دەی. چی هەیە؟ بیڵێ؟ مەیشارەوە.
دایکم کەوتە پێکەنین. خەریک بوو قسە بکات. لەو لاوە نازدار هات.
وتی:
ـ نا... جاری با نانەکەی بخوات.
ئاوڕێکم لە نازدار دایەوە بە پێکەنینێکەوە وتم:
ـ ئەرێ تۆ لەوە ناچێت ماڵو مێردی خۆتت هەبێت؟ دیسان چی ئەکەیت لێرە؟
دایکم وای زانی بە راستمە. خێرا وتی:
ـ بنار؟ ئەوە بۆ وا ئەڵێت؟ ئەیەڕۆ!
نازدار پێکەنی وتی:
ـ ئیشم چییە هەموو رۆژێک یەم بۆ ئێرە هەر بۆ ئەوەی تۆ بێزار بکەم. خەمت نەبێت تۆزێکیتر خونچەش یەت.
وتم:
ـ بۆ دیسان؟ چییە؟ خێرە؟ دە وازمان لیبێنن. خۆ نایەڵن رۆژێک بە تەنها بین!
هەمووومان پێکەنین. دایکم وتی:
ـ بەخوا ماڵەکەم بە ئێوەوە خۆشو جوانە.
منیش وتم:
ـ بە تۆشەوە ئاوەدانە دایکە گیان. خوا تۆمان لێ نەسێنێ.

رووم کردە نازدارو وتم:
ـ چییە؟ بۆ ئێستا پێم نەڵێت؟ بۆ دوای نان خواردن هیچ شتێکی خراپ روویداوە؟ دایکم وتی:
ـ نا... نا... نە شوکور. هیچی خراپ رووی نەداوە.
وتم:
ـ ئەی بۆ ئێستا نەبێت؟ دەی چی بووە؟ قسە بکەن؟ ئەگینا نان ناخۆم.
نازدار وتی
ـ هیچ نەبووە. ئیمڕۆ میوانمان یەت.
منیش بە پێکەنینەوە وتم:
ـ ئینجا چییە؟ بەخیر بێن. کێ یەت؟ میوانی تۆن نازدار خان؟
ئەویش وتی:
ـ نا... میوانەو تەواو.
وتم:
ـ باشە، هەر کەسێکە بەخێر بێت. با من جارێ کفتەکەم بخۆم.
کفتەکەی دایکم زۆر خۆش بوو. هەر بە دەم قسەکردنەوە، دانەیەکی گەورەم تەواو کرد.
وتم:
ـ دایکە گیان دەستەکانت خۆش بێت. کفتەکەت زۆر خۆش بوو. لەو کفتانەیە، کە من بە دڵمە. ناوەکەی پڕە لە قیمە. توێکڵەکەشی تەنکە. نە رەقە نە زۆریش نەرمە.
پاش تۆزێک لە دەرگای حەوشە درا. نازدار رۆیشت دەرگاکەی کردەوە، نە شمیلو خونچەی خوشکم هاتنە ژوورەوە. یەک سینی پاقلاوەی جوانو چەند زەرفێک خواردنو شتی سەیر سەیریان پی بوو. لە راستیدا ئەو رۆژە من شتی سەیرم ئەبینی. ئەمزانی کە شتێکی جیاواز روویداوە.

بەڵام نەمئەزانی چییە.
هەردووکیان بە بێدەنگ خۆیان کرد بە ژووری میوانەکەدا.
دایکم وتی:
- دەستی لێمەیەن. پاکە بە خوا ئیمڕۆ خۆم خەریکی بووم. جوان پاکم کردۆتەوە. هەر قابیل بە میوانە لێی دانیشێت.
منیش ئیتر خۆم پێ رانەگیرا. وتم:
- ئەوە بە راستی؟ کێ یەت بۆ ماڵمان؟ بۆ وا مەشغووڵن؟
دایکم وتی:
- واللە رۆڵە بە خوا نایانناسم. ئەڵێن خەڵکی کەرکووکن.
وتم:
- چی؟ خەڵکی کەرکوک؟
وتی:
- بەڵێ بە قوربان. یەن بۆ داخوازیی تۆ. شەش کەسن. کاک وریای بەڕیوەبەرت تۆی بۆ هەڵداون. ماڵی ئاوا بێت. ئەوەش چاکەو پیاوەتیی خۆیەتی. ئەشڵێن کوڕەکە دکتۆرە. خۆیان ئەسڵیان خەڵکی سلێمانییە. بەڵام باوکی لە عەسکەریدا بووە ئیتر چەند ساڵە هەر لەوێ ماونەتەوە. رۆڵە گیان توخوا ئەمجارە بیرێکی لێ بکەرەوە. ئەوەنە مەڵێ شوو ناکەم. لەوە ئەچێت ماڵێکی باش بن.
منیش نەمویست قسەکان بە دایکم ببڕمو تووڕەبم. وەستام تاکو دایکم لە قسەکانی بۆوە. ئینجا وتم:
- من هەزار جارم وت نا... بەسە. وازم لێ بێنن.
دایکم وتی:
- کچی خۆم. بە قسەی یەکێک بکە.
هەستام بڕۆمە سەرەوە. وتم:

ـ كە میوانەكان هاتن، من بانگ مەكەن. من لێرە نیم.
دایكم وتی:
ـ كچێ تووشی عەیبەمان مەكە. حەیامان ئەچێت.
وتم:
ـ بۆ؟ بۆ حەیاتان ئەچێت؟ خۆ من پێم نەووتون بێن. خۆ من ئاگام لێ نییە تۆ پێتووتون. باشە با بێن بەخێر بێن. ئیتر خۆت میوانداریيان بكە. ئەگەر تۆ باست بكردایە پێم ئەوتیت با نەیەن عەزیەت نەكێشن. دوای ئەوە جەنابی بەڕیوەبەر هیچی بە من نەوتووە. من دڵم خۆش بوو، وامزانی شوكور تەواو منی بە دڵ نەبووە!
دایكم وتی:
ـ حەدیی چییە تۆی بە دڵ نابێت! وەڵڵە وتوویەتی یەكسەر دڵم گرتوویەتی كچێكی زۆر جوانو خانو مانە. وتوویەتی هەر چیی ویست داوای كرد بڵێن بە سەر چاو. بە خوا بنار گیان هەفتەیەكە پرسیارمان كردووە. هەموو كەس باسی باشییان ئەكەن. خۆشت بزانە كوڕەكە چۆنە بیناسە. بەڵكو بە دڵت بێت. قسەكانی دایكم وای لێكردم كە بەزەییم بە دایكمدا بێتەوە. وا دیار بوو زۆر خەمی منی بوو. بەڵام من نەمئەتوانی بە قسەي ئەوان بكەم. دڵم زۆر بریندار بوو. من توانایی ئەوەم نەبوو دڵی خۆم خۆش بكەم! ئەی چۆن ئەتوانم دڵی پیاوێك خۆش بكەم؟ ئەمزانی ئەو كەسە تووشی زۆر ئەشكەنجە ئەبێت بە دەستمەوە. بەڵام ئەوان ئەوە تێنەئەگەیشتن. بە هەر حاڵ ئەوماڵەشمان پاڵ پێوە نا. تەنها هۆیەكیش ئەوە بوو، كە من نامەوێت كەس بێتە ژیانمەوە. ژیانی من رووناكیی لێ بڕابوو. بەردەوام لە بەربەرەكانێی دەروونیدا بووم بۆ ئەوەی نەڕووخێم. خۆشی ژیانم تەنها بیرەوەریەكانم بوو لەگەڵ كامەراندا.

## - ٨١ -

چەند مانگێک تیپەڕی. نەشمیل داواکاری هات. باوکمو دایکم کوڕەکەیان پەسەند کرد. نەشمیل ئەگەر چی هێشتا هەر قوتابی بوو، بەڵام بڕیاریان لەسەردا نیشانەیان کرد بۆ هیوا. باوکم بڕیاری وا بوو کە تاکو خۆی لە ژیاندا مابێت، هەوڵ بدات کچەکانی ژیانیان دابمەزرێت، هەر یەکەیان شوو بکاتو بچێتە ماڵو مێردی خۆی. دوای ئەوەی کە ژیانی من هیوای لێبڕا. لە دوا نیوەڕۆیەکدا، من تازە لە ئیش گەڕابوومەوە بینیم نەشمیل خۆی رازاندبووەو لە سەر کورسییەک لە هەیوانەکەدا دانیشتبوو، دیار بوو بە پەرۆش بوو. چاوەڕێی ئەکرد هیوا بێت، بیبات بۆ بازار. ئاگای لە من نەبوو. دیار بوو بیرو خەیاڵی لای هیواکەی بوو. من خۆم کرد بە ماڵەوەو چوومە ژووری سەرەوەو خەریکی خۆ گۆڕین بووم. لەپڕ نەشمیل هاتە سەرەوە بۆ لام. وتی:

ـ دادە بنار تاقەتت هەیە بەیەکەوە بۆ بازاڕ بڕۆین؟

وتم:

ـ بۆ؟ ئەی هیوا نایەت؟ وتی:

ـ هیوا ئیشێکی لە پڕی بۆ دروست بووە، ناتوانێت بێت.

وتم:

ـ دە کەواتە بیخەرە بەیانی، لەگەڵ هیوا بە یەکەوە بڕۆن.

وتی:

ـ نا.. توخوا.. زۆر زەروورم. ئەبێت ئەمڕۆ بچم.

ناچار دڵم نەشکاند. بە داواکەی رازی بووم. خۆم گۆڕی، پێکەوە رۆیشتین. من هەموو کات وام لێهاتبوو خۆم لە هەموو کۆبۆنەوەو چوونە ناو خەڵکانەوە بە دوور ئەگرت. تاقەتی کەسم نەمابوو. لە پرسیارەکانیان سڵم ئەکردەوەو ئەترسام. خەڵک وازیان لە پرسیاری تایبەت نەئەهێنا. من

وازم لە هەموو دنیا هێنابوو چونکە کەس لە من تێنەئەگەیشت. زۆر جار خۆم بە تاقانە ئەبینی. حەزم زۆر لە تەنهایی ئەکرد. ئەگەر چی کەسێکی گۆشەگیر نەبووم دۆخەکەم وای لێ کردبووم، بەرەو گۆشەگیری بڕۆم. لە ماڵ دوورکەوتینەوە. هێشتا نەگەیشتبووینە کۆتاییی کۆڵانەکە، هەستم کرد ئوتومبێلێک لە سەر خۆ لێمان نزیک ئەبێتەوە. منیش زۆر لە سەر خۆ ئاوڕێکم لێ دایەوە بۆ ئەوەی بزانم کێیە. کاتێک کە لێمڕوانی پێش ئەوەی من هیچ بڵێم، ئەو وتی:

- چییە؟ ئەڵێی نامناسیتەوە؟

منیش وتم:

- ئینجا چۆن بتناسمەوە؟ تۆ لە ناو سەیارەو منیش بە پێ ئەڕۆم. لە راستیشدا سەیرم نەکردیت.

هەر بە دەم رۆیشتنەوە ئەم قسانەم کرد. سەیارەکەی وەستاند. وتی:

- ئەوە بۆ کوێ ئەڕۆن؟ سەرکەون. با بتانگەیەنم.

منیش وتم:

- نا... سوپاس.. پێویست ناکات. تا بازاڕ ئەچین. ئێستا لەوێدا سواری پاس ئەبین.

چالاک زۆری کرد.

وتی:

- بە خوا هەر ئەبێت من بتانگەیەنم. دەی. فەرموو سەرکەون.

ئێمەش سەرکەوتین. لەگەڵی رۆیشتین. لە رێگا زۆرمان قسە کرد. ئەو باسی ئیشوکاری خۆی ئەکرد، کە چەند مەشغووڵە. زۆر حەز ئەکات بێتەوە بۆ سلێمانیو خێزانێک دروست بکات.

وتی:

- هەوڵ ئەدەم کچێکی جاکی وەکو تۆ بدۆزمەوە.

منیش وتم:
ـ پشت بە خوا ئەیدۆزیتەوە.
لە دڵی خۆمدا گاڵتەم بە قسەکانی ئەهات، چونکە ئەمزانی باسی چی ئەکات. نزیک بووینەوە لە بازاڕ. پێش ئەوەی دابەزین.
وتی:
ـ حەز ئەکەم ئێوارە بێم سەرێک بدەم لە ماڵتان. بەیانی ئەڕۆم بۆ بەغا. بزانم کاک ساڵح هیچی پێویستە؟
منیش وتم:
ـ بەخێر بێیت. نیازیش دوێنێ شەو باسی ئەکردیت. ئەیوت چالاک دیار نییە.
ئیتر خواحافیزیمان کردو ڕۆیشتین. نەشمیل لە ڕێگا وتی:
ـ بنار؟ ئەزانی چی؟ بە خوا هەست ئەکەم چالاک دڵی پێتەوە بێت! بنار تۆ ئەڵێی چی؟ هەستی پێ ناکەیت؟ زۆر بەخێرایی پیش ئەوەی نەشمیل قسەکەی تەواو بکات، زۆر بە توڕەییەوە.
وتم:
ـ بەسە... توخوا... نۆرەی ئەومانە؟ نەخێر هیچ وا نییە. من هەست بە هیچیش ناکەم.! ئەویش کەیفی خۆیەتی.
نەشمیل وتی:
ـ بنار بە خوا راست ناکەیت. منیش‌و تۆش هەموو ئەزانین چالاک دەمێکە هەوڵی تۆیەتی. خوشکی خۆم. بە خوا چالاک زۆر کوڕی چاکە. بزانە! هەموو خۆشمان ئەوێت. نازدار شوی کرد، خونچە شوی کرد، وا هەرکەس چۆتە ماڵی خۆی. منیش ئەوا چەند مانگێکی ترئەڕۆم. ئیتر تاکەی بیرێک لە خۆت ناکەیتەوە؟ لەوەئەچێت چالاک تۆی خۆش بوێت.
وتم:
ـ ئینجا من خۆشم ناوێت. من هەر وەکو هاوڕێیەک سەیری ئەکەم. زیاتر نا.

## - ٨٢ -

دەنگو باسی کامەران هەر نەبوو. هەر چەند هاوڕێکانم ئەبینی، ئەوان هەواڵیان لێ ئەپرسیم. من هەموو جار ئەموت:

ـ نازانم چۆنە. نازانم لە کوێیە. بەڵام گرنگ ئەوەیە سەلامەت بێت. رۆژێک هەر ئەگەڕێتەوە.

من هەموو کات ئەو هەستەم هەبوو، کە ئەبێت کامەران بێتەوە. ئیتر کەی دێتەوە؟ نازانم!.. جارێکیان، شیرین، کە یەکێک بوو لە هاوڕێکانی خوێندنم لە پەیمانگا، بە رێکەوت لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانم یەکترمان بینی. زۆر نەبوو دانیشتبووین. قسەمان ئەکرد. هەر کەس باسو گلەیی لە بەختی خۆی ئەکرد. زۆر کەم گوێم لێبوو، کە باسی خۆش بەختی ژیانی خۆیان بکەن. وا ئەهاتنە بەرگوێم، کە، کەس لە بەختی خۆی رازی نەبێت. هەر کەس بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ ژیانی ناو خێزانی خۆی ئەکرد. باسی هۆکاری کێشەکانیان ئەکرد. لەهەمان کاتدا ئەیانویست چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. یەکێک ئەیوت، دڵو دڵخواز، نانو پیاز. یەکێک ئەیوت خۆشەویستی پێش زواج. یەکێکیش ئەیوت نەخێر حب بعد الزواج. من سەرسامی گرتبوومی. ژیانی خۆمو کامەرانم ئەهێنایە پێش چاوی خۆم، کە ئەگەر منو ئەو بۆ یەک بین، ژیانمان چۆن ئەبێت؟ تۆ بڵێی رۆژێک بێت من گلەیی یان نارەزایی بەرامبەری دەربڕم؟ هەرگیز بڕوا ناکەم. لەم خەیاڵانەدا بووم لەبەر خۆمەوە زەردەخەنە گرتمی. لە پڕێکدا شیرین هاتە نزیکم، دانیشت. وتی:

ـ بنار؟ زانیوتە کامەران لە ئەڵمانیایە؟

وتم:

ـ نازانم.

وتی:

ـ ئەی زانیوتە داوای لە کەسوکاری کردووە، کە ژنی بۆ بنێرن؟!
بە سەرسامییەکەوە سەیرم کرد. وتم:
ـ ئەوەشیان نازانم!
من چاوەڕوانی پرسیاری وام نەکردبوو. بە تایبەتی لە شیرین، چونکە زۆر چاک ئەیزانی من چیم لێ دێت! ئەگەر کامەران شتی وا بکات. هەر لەو ساتەدا موچڕکەیەکی زۆر بەهێز سەرتاپای گیانمی گرتەوە. هەستم کرد دڵم بیەوێت لە سینگم بێتە دەرەوە. رووحم لە جەستەم جیا بێتەوە. هەستم کرد هەناسەم نایەتە دەرەوە. قسەم بۆ نەکرا. جارێک تەزووی سارد، جارێک گەرم، بە دڵو گیانمدا هات! هەستم بە دەستەکانم کرد شل ئەبوون. نەمزانی شیرین بۆچی وای پێ وتم؟ دوای ئەوەی زۆرم لە خۆم کرد بە سەر خۆمدا زاڵ بم، خۆم بە بەهێزی رابگرم، کە نەهێڵم هیچ نیشانەیەکی بێتاقەتیم پێوە دیار بێت. پیم وت:
ـ شیرین، ئەو قسانەی تۆ راست نین. شتی وا نییە. درۆیە. کامەران شتی وا ناڵێت. خۆم ئەزانم کامەران منی خۆش ئەوێت. کەس نازانێت ئەو لەوێ چۆن ئەژی. دوای ئەوە من ئێستا لەم کاتەدا نامەوێت بێتەوە. ئەگەر بێتەوە، سەددام هەڵی ئەواسێت. کەس ناتوانێت بێتەوە. منیش هیچ پەلەم نییە. ژنیش بووکە شووشە نییە بۆی بنێرن. من ئەزانم ئەو قسانە دروستکراون.
شیرین سوێندی بۆ خواردم، کە لە کەسێکی زۆر باوەڕپێکراو بیستوویەتی. بەڵام من هەر بڕوام نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی زۆر کاری تێکردم. دوایی خۆم پرسیارم لە خۆم کرد، تۆ بڵێی ئەم هەموو کاتە من هەڵخەڵەتابم؟ تۆ بڵێی ئەوان هەموو راست بن؟ تۆ بڵێی قسەکەی شیرین راست بێت؟ کامەران داوای ژنی کردبێت؟ ئەورۆژە زیاد لە هەموو رۆژەکانی رابردوو بیرم لە قسەکانی شیرین کردەوە. هەرچەند دەنگی شیرین ئەهاتەوە

ناوگوێچکەم تەزویەکی سارد بە ناو دڵما تێپەڕ ئەبوو. هەستم ئەکرد دڵم حەز بە وەستان ئەکات، هەستم ئەکرد دڵم زۆر ماندوە، بێ هێزە، خەریک بووم تەواو بێهیوا ئەبووم. تەنها بیرکردنەوەم، خۆشەویستیم بۆ خێزانەکەم هێزو ئارامیان بە من ئەبەخشی. خۆشەویستیم بۆ دایکم منی هێشتەوە تا ئەم کاتە. زۆر ئەترسام قسەکانی نازدار، ئەمیرە، شیرین هەمووی راست دەربچن. لە کۆتاییدا من هەڵە بم!

ئەو رۆژە برینێکی قوڵتر لەناو دڵما هەڵکەندرا. ناسۆرێکیتر لە ژیانمدا تۆمار کرا، کە هەموو ژیانمی بۆ هەتاهەتایی ژەهراوی کرد. بە جۆرێک، کە لە مرۆڤێکەوە بمگۆڕێت بە مرۆڤیکیتر. خۆ ئەگەر بە راستیش نەبووبێت، بە رواڵەت ئەو بەرگەم داکەند، کە هەموو ژیانم بۆ کامەرانم پۆشیبوو، کە بریتیبوو لە خۆشەویستی هەتاهەتایی. خۆشەویستییەک، کە تەنها مردن بیرم بەرێتەوە.

## - ٨٣ -

بنار وتی:

ـ فێنک گیان، من تەنها کێشەم لە خۆشەویستەکەمدا نەبوو، بەڵکو لەگەڵ نیازی براشما بوو. کێشەیەکی ئەزەلیمان هەبوو. نیاز هەر لە منداڵیمەوە زۆر حەزی بە ئازاردانی من ئەکرد. منی بە هیچ جۆرێک خۆش نەئەویست. کاتێک، کە مناڵ بووین، بە جۆرێک بێزاری ئەکردم، کاتێک گەنج بووین، تەمەنی هەرزەکاری بوو بە جۆرێکیتر. کاتێکیش گەورە بووین. ئەو ژنی هێنا بە جۆرێکی جیاوازتر. بەڵام لە ئەنجامدا هەمووی وەکو یەک بوو. هەموو کات هەر هیچ نەبووایە کێشەی خۆیو ژنەکەی ئەهێنا بۆ ماڵی باوکم. ئەی کرد بە کێشەی ئێمە. من ئەمزانی ئەو مەبەستی چی بوو. ئەیویست بڕۆم تاکو ماڵەکەیان بۆ تەخت بێت. هەر کاتێک بیزانییایە دڵم خۆشە، ئەچوو شتێکی ئەکرد، کە من خەفەتی پێ بخۆم. زۆر جار تووڕەو بێزاری ئەکردم. بە بێ هۆ. بە زۆر شەڕی پێ ئەفرۆشتم. بەڵام هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو. باوکم حەزی بەوە نەئەکرد، بەڵام نیاز گوێی بە هەڕەشەو گوڕەشەی باوکم نەدەیا کێشەی نێوان باوکمو نیاز بەردەوام بوو. زۆر شەو هیوام ئەخواست، کە بێ کێشەو شەڕو ناخۆشی سەر بکەمە سەر سەرین. شەوێک بێ خەم خەوم لێ بکەوێت. بەڵام ئەوە زۆر مەحاڵ بوو، زۆر بە دەگمەن دەست ئەکەوت. ناچاربووم بڕیارێک بدەم، کە لە ناخی دڵمەوە ئەیسووتاندم. قرچەی لە ناوی دڵم ئەهێنا. ئەو بڕیارە وەکو حوکمی لەسێدارەدانی خۆم دابێت وا بوو. بڕیارێک کە بۆ هەتاهەتایی ژیانم لە تاریکدا بێت. ئیتر جارێکیتر دڵو چاوو هەستم رووناکی نەبینێت. ئەو بڕیارە ژوورێک بوو لە بەندینخانەیەک بۆ خۆم گرت کە هەرگیز بۆ جارێکی تر دڵم نەتوانێت خۆشەویستیی تیادا سەوز

بێت. بڕیارێک بوو کە هەرگیز ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت بە مێشکمدا نەهاتبوو. بەڵام لەگەڵ خۆمدا بڕیارم دا. بڕیارەکەم بۆ کەس باس نەکرد. بەڵام پەیمانم بە خۆم دا، کە هەتا دوا چرکەی ژیانم، من کەسم خۆش نەوێت. دڵم داخست بە کێلۆنێکی گەورە. کلیلی کیلۆنەکەشم فڕێدایە ناو قووڵترین زەریای ئەم دنیایەوە. بە جۆرێک کە هەرگیز نە دۆزرێتەوە. بڕیارمدا هەر کەسێک داوای کردم، بێ ئەوەی هیچ پرسیارێک بکەم رازی ئەبم  شووی پێ بکەم!.

پاش ئەم قسانەی بێدەنگی گرتی. سەری داخست. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

وتم:

ـ بنار؟ تۆ بۆ بڕیاری وات دا؟

وتی:

ـ فێنک... ئەوە بە راستە ئەو پرسیارە ئەکەیت؟ من ئەو بڕیارەم دا، یەکەم شت بۆ رازیکردنی خێزانەکەم. بۆ رازیکردنی خەڵکی. هەموو رۆژێک من دووچاری قسەی رەقو رەشو ناخۆش ئەبوومەوە، لە ماڵەوەو لە دەرەوەو لە هەر کوێیەک ئەبووم. من بڕیارم دا بۆ ئەوەی ئیتر کەس هیچم پێ نەڵێت. کەس پرسیارم لێ نەکات. من لە دەمێکەوە خۆم بە مردوو دانابوو. ئیتر هیچ نەبێت با دڵی زیندووەکان خۆش بکەم. دایکم زۆری خەفەت ئەخوارد. نازانم بۆچی شووکردنی من ببوو بە ئاواتی زۆر کەس!

پێم وت:

ـ توخوا بنار، تۆ دوای ئەو هەموو خۆشیویستییە چۆن توانیت بڕیاری وا بدەیت؟ بە راستی تۆ کچێکی بەهێزو بە توانا بوویت. ئەو بڕیارەی تۆ دات

تاوان بوو بە حەقی خۆت. تۆ بە دەستی خۆت خۆتت فڕێ دایە زیندانەوە. دوای ئەوە چیت کرد؟ تۆ هەر کامەرانت نەدییەوە؟ ئیتر هیوات بڕی؟

بنار سەرێکی بەرز کردەوە. فرمێسک بە چاویدا ئەهاتنە خوارەوە، بەڵام بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجەو نائومێدیە دا هەرگیز هیوام نەئەبڕی. بەڵێ بینیمەوە!

وتم:

ـ بە ڕاست؟ لە کوێ؟ چۆن؟ کەی؟ دوای چەند ساڵ؟ شووت کردبوو؟

بنار وتی:

ـ یەک یەک ڤێنک گیان. جارێ با تۆزێک پشوو بدەم.

لێم پرسی. وتم:

ـ ئەتەوێت بچینە دەرەوە؟ چونکە هەستم ئەکرد بنار زۆر بێ تاقەت بوو.

چەند جارێک لێم پرسی:

ـ بۆچی وا بێ هێزو بێ ڕەنگ دیاریت؟

تەنها یەک وەڵامی دامەوە. ئەویش هەر ئەوە بوو، وتی:

ـ هیلاکم. ئیشم زۆر کردووە. تۆزیک سەرم ئێەشێت.

من زۆر جار بڕوام پێ نەئەکرد. بەڵام ئەو ڕۆژە زیاتر لە جاران بێتاقەتر بوو. نەیئەتوانی زۆر بیر بکاتەوە.

## - ٨٤ -

دوای جەند رۆژێکیتر بنار تەلەفۆنی بۆ کردم. وتی:

- فێنک گیان زۆر بێتاقەت بووم. ئەبێت دیسان بچم سەردانی پزیشکە تایبەتە کەم بکەم لەبەر ئەوەی سەرئێشەکەم زیادی کردوە. لە راستیدا من زۆر دڵم لای بوو، داوام لێکرد، ئەگەر پێویستی بە یارمەتیی من هەبێت، من ئامادەم. بەڵام ئەو وتی:

- نا.. جارێ پێویستم بە کەس نییە. بەڵام حەز ئەکەم، کە تۆزێک باش بووم، چیرۆکەکە تەواو بکەم. شتێکیش هەیە ئەمەوێت پێتی بڵێم.

وتم:

- بنار گیان پشت بە خوا بە زووترین کات چاک ئەبیتەوە. تۆش چیت لە دڵدایە، پێم بڵێ. بە ئەوپەڕی خۆشییەوە گوێت لێ ئەگرم. خوشکی نازدارم.

## ـ ٨٥ ـ

بنار بۆ ماوەی چەند مانگێک هەر خەریکی هاتوو چۆی پزیشک بوو. چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ ئەکرد. ئەمویست لە هەواڵی ئاگادار بم. زۆر خەمم بوو. بەڵام هەموو جار ئەیوت:

ـ توخوا بەس تۆ ئەوەندە خەمی منت بێت. من زۆر باشم. بەڵام من بە هیچ جۆرێک هەستم بە دڵنیایی نەئەکرد. تاکو رۆژێکیان، بێ ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەم، چووم بۆماڵەوە بۆ لای. ماوەی دە دەقەیەک من لە دەرگام دا تاکو دەرگام لێ کرایەوە. بەڵام چیم بینی؟ ئافرەتێکی رەنگ زەردی زۆر بە تەمەن، کە بە ئاستەم لە بنار ئەچوو. لە لاوازیدا چەمابووەوە. کە دەرگای کردەوە، بە راستی نەمزانی ئەوە بنارە، یان نا؟ هەر ئەوەندەم توانی باوەشێکی توندی پیادا بکەمو بڵێم:

ـ چیتە؟ بۆ وات لێهات هاورێ بێ بەختەکەم؟ بۆ وات لێهات ئەی لە پەڕەی گوڵ ناسکتر؟ بۆ وات لێهات؟

ئەمویست خۆم رابگرم نەگریم. بەڵام خۆم پێ رانەئەگیرا. لە پرێکدا دامە پرمەی گریان. بە هەموو هێزی خۆم باوەشم پیادا کردو هاوارم کرد:

ـ بۆ.. بۆ..؟ بۆ لێم ئەشاریتەوە؟ بۆ ناهێڵیت خزمەتت بکەم؟ خوشکی من؟ تو خوا بۆ پێتنەوتم؟ دە با منیش لەگەڵت ئەو ئازارو خەمانەم هەڵبگرتایە؟

بنار تا ئەو کاتەش هەر نەیئەویست هیچم پێ بڵێت.

وتی:

ـ فێنک گیان بەسە. تۆ بۆ وا ئەکەیت بە قوربان؟ بەسە. من هیچم نییە. باشم.

وتم:

ـ ئەمە باشییە؟ ئەی خراپ چییە؟

بنار وتی:

ـ سەیرکە تۆ چی ئەکەیتو چی ئەڵێیت، بۆیە بە تۆم نەوت. ئەمزانی وا ئەکەیت. من نامەوێت کەس بزانێت. کەس. تکایە بە کەس مەڵێ. پشت بە خوا چاک ئەبمەوە. هەر وەکو خۆت ئەزانیت من تەنها خوام هەیەو ئەو تاقە کچەش. بە خوا هەتا بتوانم ناهێڵم ئەویش بزانێت. تەمەنی کورتو درێژ بە دەست خوایە. تۆ ئەزانیت من بڕوام زۆر بە هیزە. من لە مردن ناترسم، چونکە مردن کۆتایی نییە، بەڵکو دەستپێکردنەوەی ژیانێکیترە. هەرچی خوا بیکات ئەبێت. دواتر دڵی خۆت تەنگ مەکە فێنکەکەی دڵم.

بنار لەو کاتەدا دڵ خۆشیی منی ئەدایەوە. ئەو هێزی ئەدایە بەر من! کاتێک من غەرقی گریانو بێ دەسەڵاتی ببووم، نەم ئەزانی چی بکەم. هاوار بۆ کێ بەرم؟ وام هەست ئەکرد ئەوە ئیتر کۆتایی ژیانە. من زۆر بێ ورە بووم لە کاتێکدا من ئەمزانی بنار ئافرەتێکی زۆر بەهێزە. بەڵام هێشتا بەو جۆرە نەمدیبوو. بە راستی ئەو رۆژە هەندێک شتی تازە لە بنارەوە فێر بووم. من بە شێوەیەک چووم بۆ لای. یەکەم ساتی بینینی بنار، هەمووی دوودڵیو ترس بوو. ترس لە شتێکی نادیار. من نەمئەزانی بنار نەخۆشییەکی وای هەبێت بەو جۆرە ترسناک بێت. بەڵام، کە بینیم، زانیم بنار ماوەی ژیانی زۆر کورتە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو ئەیویست هیز بە من ببەخشێت. ئەیویست پێم بڵێت رازیم بە چارەنووسی خۆم. هەرچۆنێک بێت بنار هەموو ژیانی زۆر بە بڕواوە بەربەرەکانێی کۆسپەکانی ئەکرد. بە ئەوپەڕی هێزو تواناییەوە مامەڵەی لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیانی ئەکرد.

ئەو ڕۆژە، کاتێک بنارم بەجێهێشت، هەستم کرد بڕوام بە ژیان‌و مردن گۆڕا. بنار شتێکی وت زۆر پێی سەرسام بووم. هەرگیز لە کەسی‌ترم نەبیستبوو. پێی وتم:

ـ فێنک، ژیان هەمووی بریتییە لە درۆ. بەڵام درۆیەکی زۆر خۆشە. مردنیش راستییە. بەڵام راستییەکی زۆر ناخۆشە. گرنگ ئەوەیە هەتا لە ژیاندابیت، دڵی کەس نەڕەنجێنیت. دڵت پاک بێت. راست بیت لەگەڵ خۆت‌و چواردەورت. بۆ خۆت بژی. هەقی کەست نەبێت. ئەگەر توانیت، یارمەتیی خەڵک بدە. ئەگەر نەتتوانی، کەس سەرزەنشت مەکە. ئەزانی ژیان لە چی ئەچێت؟ وەکو گەردەلوولێک وایە؛ جاری وا هەیە تێکوپێکت ئەشکێنێ. یان ئەتبات بە ناخی ئەرزا، یان جاری وا هەیە لە ناخی ئەرزەوە هەڵتئەدات بۆ ئاسمان. ئیتر ئەمە یاسای ژیانە. بە ئێمە ناگۆڕێت. بەڵام ئێمە ئەبێت پێی رازی بین. بە هەموو شێوەکانییەوە پەسەندی بکەین. نەک هەر ئەوەش بەڵکو پیویست ئەکات خۆشمان لەگەڵیا بگونجێنین.

من زۆرم هەوڵ دا کە ئەو شەوە لای ئەو بمێنمەوە. بەڵام بنار حەزی نەکرد. وا دیار بوو پێویستی بە ئیسراحەت‌و تەنیایی بوو. توانای قسەو دانیشتنی نەبوو. بەڵام داوام لێکرد بهێڵێێت هەموو رۆژ بچم بۆ لای. سەرێکی لێ بدەم. بەڵام ئەو وتی:

ـ نا.. کەی ویستم، پێت ئەڵێم. پێویست ناکات خۆت هیلاک بکەیت. تۆش خاوەنی ماڵ‌و مێردی خۆتیت. ئەوانیش پێویستیان بە تۆیە. فێنکی دڵم. بە خوا پەیمان بێت، کە ویستم، بانگت ئەکەم. خەمت نەبیت.

بنار دڵنیای کردم، کە خۆی ئەتوانیت ئاگای لە خۆی بێت. ئیتر منیش لای نەمامەوە، چونکە کاتی میوانداری نەبوو. زۆر هەوڵمدا بزانم نەخۆشییەکەی چییە؟ بەڵام وا دیار بوو ئەو حەزی نە ئەکرد پێم بڵێت.

من پێم لە بنار نەبڕی. هەموو ڕۆژ هەواڵم ئەپرسی. زۆر جاریش ئەچووم بۆ سەردانی. جار بە جار تەندروسیی بەرەو باشی ئەڕۆیشت. ئەمەش زۆر دڵخۆشی ئەکردم. شەوێکیان منو چەند کەسێکیتر لە هاوڕێکانی بنار بڕیارماندا بچینە دەرەوە بۆ نانخواردنی ئێوارە. زۆر جار ئەو جۆرە چوونە دەرەوەیەمان دروست ئەکرد. هەر لەبەر خاتری ئەوەی بنار دڵی خۆش بێت. ئەوەندە لە ماڵەوە نەبێت. ئەو شەوە بنار لە تەنیشت منەوە دانیشت. دەمی لە گوێچکەم نزیککردەوە. وتی:

- فێنکەکەم، ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

منیش خێرا وتم:

- چییە؟ دە ئێستا پێم بڵێ، چییە؟

بنار وتی:

- کچێ تۆزێک خۆت بگرە... بەس پەلە بکە! ئێستا ناتوانم. ئەڵێم. بەیانی وەرە ئەگەر فەرهاد ئیشی پێت نەبوو.

وتم:

- قوڕ بە سەر فەرهاد، بۆ ئەو نەگبەتە من ئەبینێت؟

بنار پێکەنی. وتی:

- فێنک، تو خوا ئاگاداری فەرهاد بە، بە خوا زۆر پیاوێکی باشە. تۆی زۆر خۆش ئەوێت.

وتم:

- بەڵێ. بەڵێ. وایە... خۆشەویستیی چی؟ کوڕە بابە باوی نەماوە.

بنار پێکەنی. وتی:

- با.. باوی قەت ناڕوات. لەگەڵ کەسێکی ڕاست، قەت باوی ناڕوات. ئەگەر بە ڕاستی یەکترتان خۆش ویست، هەموو کات خۆشەویستی باویتی.

وتم:

- بنار، سەیرم لێدێت تۆ هێشتا بڕوات بە خۆشەویستییە!

## ـ ٨٨ ـ

بەیانی هەر زوو ڕۆژ بووەوە، چووم بۆ ماڵی بنار. خێرا، هەر گەیشتمە جێ، وتم:

ـ دەی وەرە دانیشە. ئەتەوێت چیم پێ بڵێیت؟

بنار هات بە نەرمی لامەوە دانیشت. وا دیاربوو زۆر دوو دڵ بوو. هەر سەیری ئەکردم. خۆی ئەهێناو ئەبرد. هیچی نەئەوت. منیش وتم:

ـ بنار.. ئەگەر ناتەوێت باسی بکەیت، زۆر ئاساییە. هیچم پێ مەڵێ. هەتاکو بە تەواوی ئامادە ئەبێت.

بنار وتی:

ـ بە خوا، کە نەخۆش بووم، زۆر بیرم لێ ئەکردەوە. ئینجا نازانم، ڕاستە، یان نا؟

بنار نەیویست ئەو شتەی، کە ئەیەویت باسی بکات بیڵێت. منیش وازم لێ هینا. وتی:

ـ حەز ئەکەیت، با جارێ باسی بڕیارەکەم بکەم، چۆن بوو؟ دوایی ئەویتریشت لەگەڵ باس ئەکەم.

وتم:

ـ فەرموو بنار خان.

بنار وتی:

ـ لەو ماوەیەدا، کە من بڕیارەکەم دەرکردبوو، کەس نەهات بۆ داوام. زۆر سەیر بوو لە لام. زۆریش دڵخۆش بووم. پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی هاوین بوو. دنیا زۆر گەرم بوو. ڕۆیشتمە حەوشەکەمان. هەتا تاقەتم بوو ئاوی گوڵو باخەکەم دا حەوشەکەم پاک شت. دایکیشم هەر لەبەر هەیوانەکە ڕاوەستا بوو. خێرا خێرا ئەیوت:

ـ دە بەسە... کچم ئەوە ئاوی تەنکییە. بەخوا ئێستا هیچی تیا نامێنێت. دە بەسە ئەم حەوشە شتنە چییە؟

منیش خۆم لێ کردبوو بە کەڕەی شەربەت. هیچ جوابم نەئەدایەوە. کە تەواو بووم. پێم وت:
ـ دایکە گیان، دە وەرە ئیستا دانیشە، بزانە چەند فێنکو خۆشە؟
منو دایکم لە ناوەڕاستی باخەکەماندا، چەند کورسییەکی نایلۆنی رەنگاو رەنگمان داناو، تەپڵەکێکمان خستبووە بەردەمی هەردووکمان بە تەنها دانیشتین. دەستمان بە قسەکردن کرد. دایکم وتی:
ـ ئەوە دوو رۆژە نازدار دەنگی نییە. تۆ بڵێی نەخۆش نەبێت؟
وتم:
ـ ئەی بۆ قسەیەکت لەگەڵ نەکرد؟
وتی:
ـ کچێ چووزانم، بەخوا بیرم چووەوە، خۆ نەوژینو هاوژین ئێستا ئەرکیان لە جاران زیاترە.
وتم:
ـ ئێ دایکە گیان خۆت فێرتکردن. تۆ ئێستاش ئەبێت خواردنەکە بخەیتە بەردەمیان. کوڕ بوو بەچی؟ لە خۆتان کرد بەچی؟ بەسە. بەس با ئەوان ئیتر خزمەتی ئێوە بکەن. هەفتەیەکە هاوژین هەر تاقەتی نییە بچێت لە دوکان یارمەتییەکی باوکم بدات.
لەو کاتەدا یەکێک بە نەرمی لە دەرگای حەوشەی دا. هەستام دەرگام کردەوە. بینیم چالاک بوو. دەمێک بوو دیار نەبوو. فەرمووم لێ کرد. دایکم هەستا بەرەو پیریی. بەخێرهاتنی لێ کرد. پێی وت:
ـ چالاک بەخێربێت. فەرموو. رۆڵە ئەوە بۆ دیارنیت؟
چالاک هاتە ژوورەوە. وتی:
ـ بەخوا پاکیزە خان زۆر سەرقاڵی ئیشوکارم. مامم ئیشی زۆری پێ راسپاردووم. منیش مەجبوورم زۆر بە چاکی بۆی تەواو بکەم.

دایکم وتی:
ـ چیی پێ ڕاسپاردووی؟ وەکو چی؟
بەخێرهاتنی چالاکم کرد. وتم:
ـ چالاک چۆنی؟ باشی؟ بەخێر بێیت. ئەوە چییە! دیار نەمایت!
ئینجا ڕووم کردە دایکم. وتم:
ـ دایکە، پرسیاری لێ مەکە. ئەوە ئیشی خۆیانە. بۆ ئێمە بزانین؟
چالاک وتی:
ـ بنار خان. زۆر ئاساییە. بۆ نا؟ من خەریکی دروستکردنی بازارێکم لە هەولێر.
منیش بە پێکەنینێکەوە وتم:
ـ لە کەیەوە بویت بە موهەندیس؟
وتی:
ـ بنار، تۆ ئاگاداری من نیت. من بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گەورەم لە هەولێر! ئیشم زۆر باشە. موهەندیسی زۆر ئیشم بۆ ئەکەن.
منیش زۆر بێ باکانە وتم:
ـ نەوەڵڵا ئاگاداری کەس نیم. دەی باشە سەرکەوتووبیت.
وتی:
ـ من زۆر حەز ئەکەم، نیازیش بێت لەگەڵ من ئیش بکات.
وتم:
ـ ئەوە ئەبێت پرسیار لە خۆی بکەیت. بڕیاری نیاز بە دەست ژنەکەیەتی. هەموومان پێکەنین. دایکم لەو کاتەدا ڕۆیشتە ژوورەوە. ئینجا چالاک وا دیار بوو بە هەلی زانی، ڕوویەکی تێکردم. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:
ـ بنار خان؟ ئەتوانم چەند پرسیارێکت لێ بکەم؟
وتم:

ـ ئەترسم لەو پرسیارانەم لێ بکەیت، کە حەز ناکەم لێم بکرێت. چالاک تۆزێک وەستاو بە سەرسوڕمانێکەوە سەیرێکی کردم، وتی:
ـ ئەبێت ئەو پرسیارانە چی بن؟
وتم:
ـ هەرچی پەیوەندی بە ژنو ژنخوازییەوەو بە گشتی زەواجەوە بێت.
چالاک ئەمجارەش هەڵوێستەیەکی کرد. ئینجا وتی:
ـ ئەوە پێی ئەوترێت سوننەتی حەیات. یەعنی شتێکە ئەبێت ببێت.
وتم:
ـ نا هیچ وا نییە. مەرج نییە.
چالاک وتی:
ـ یەعنی تۆ بەتەما نیت شوو بکەیت؟
وتم:
ـ نازانم. لەوانەیە، لەوانەش نییە. بەڵام مەرج نییە.
هەر، کە وام وت، چالاک دەستی بە باسی خۆی کرد، کە چەند ساڵە منی خۆش ئەوێت. بەڵام، هەر چەند ئەیوەیست پێم بڵێت، شتێک دروست ئەبوو. ئەو ئەچووە دواوە. وەکو باسی لێ ئەکرد. کاتێک، کە من لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، ئەو منی خۆشویستبوو. هەموو شەو لە خوا پاڕاوەتەوە، کە من ببم بە نسیبی. منیش هەر گوێم گرتبوو. دوایی لە دڵی خۆمدا وتم:
ـ تۆ بڵێیت ئەمە ببێت بە نسیبم؟ ئەی خوا بۆ پاڕانەوەکانی منی قبوول نەئەکرد؟ بۆ هینی ئەو قبووڵ ئەکات؟ خۆ من زۆر بە راستیو بە پاکی کامەرانم خۆشویست. ئەی خوایە گیان!
چالاک هەر زۆر بە راستی باسەکەی خۆی ئەگێڕایەوە. منیش، جارێک پێکەنینم ئەهات. جارێکیش گریان. خواو راستان کردی خونچەی خوشکم

هاتە دەرەوە. دوو چای خستبووە سەر سینییەک. هەندێک کولیچەو پاقلاوەی هێنا. وتی:

ـ کاک چالاک، بەخێر بێیت، فەرموون بخۆن.

منیش وتم:

ـ دەستت خۆش بێت. دە تۆش فەرموو دانیشە لەگەڵمان.

خونچە وتی:

ـ نا.. من ئەبێت بڕۆم. سامان تۆزێکیتر ئەگاتەماڵەوە.

وتم:

ـ دە باشە. بە سامان بڵێ با بێت بۆ ئێرە.

خونچە وا دیار بوو حەزی نەئەکرد بمێنێتەوە. وتی:

ـ بەخوا بنار گیان. داوای لێبوردن ئەکەم من ئێستا ئەبێت بڕۆم.

خونچە ڕۆیشت. لەگەڵمان دا نەنیشت. بەڵام من پڕ بە دڵ حەزم ئەکرد یەکێک لەو کاتەدا بێت لامان دانیشێت. زۆرم هەست بە ناڕەحەتی ئەکرد. دایکمم بانگ کرد. دایکم هات لامان دانیشت. من هەستام ڕۆیشتم. ئاگادار بووم کە چالاک هەندێک قسەی بۆ دایکم هاویشت. بەڵام دایکم هیچی نەدا بە دەستەوە. چالاک خواحافیزی کرد ڕۆیشت.

دوای چەند جارێکیتریش چالاک هەر ئەهات. باسی خۆی ئەکرد. من هەر گاڵتەم پێ ئەهات. هەموو کات ئەو باسی خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەکردم. زۆر جار پێی ئەوتم:

ـ بنار، بڕوا بکە کچ زۆر زۆرە. ئەگەر داوای هەر کەس بکەم، بە ئاسانی پێم ڕازی ئەبن، چونکە من کوڕێکم لە هیچم کەم نییە.

منیش لە وەڵامدا پێم ئەوت:

ـ ئێ دە بڕۆ. بەخوا پێم خۆشە، حەز ئەکەم باشترین، چاکترین کچ شووت پێ بکات. ئەویش لە وەڵامدا ئەیوت:

ـ ئاخر من تۆم بە دڵە، من تۆم هەڵبژاردووە. من تۆ بە تەنها ئەبینم لە ناو هەموو کچی دنیادا. من چاوەڕێی ئەو رۆژەم ببین بە هاوسەری یەکتر.
بەڵام من هەر گاڵتەم بە قسەکانی ئەو ئەهات. تا جارێکیان وتی:
ـ بنار، من ئەزانم تۆ چەند ساڵە کامەرانت خۆش ئەوێت؛ بۆیە بە من رازی نابیت. بەڵام من پەیمانت ئەدەمێ، کە ئەتوانم ئەوت لەبیر بەرمەوە.
زۆر پێم خۆش بوو، کە چالاک باسی ئەوەی کرد. حەزم کرد بە راستی باسی هەستی خۆمی بۆ بکەم. نەمەویست هەڵیبخەڵەتێنم.
وتم:
ـ چالاک بزانە، کە من لە هەموو ژیانمدا تەنها کامەرانم خۆش ویست. ئەو، تەنها پیاو بوە لە ژیانمدا. هەموو خەونەکانم بۆ ئەو بوون، هەموو پلانەکانم لەگەڵ ئەو بوو، تەنها کەس ویستم بێت بە مێردم هەر ئەوو بوو. تەنها کەس بێت بە باوکی منالم دیسان کامەران بوو. خۆزگەمان خواست کچێکمان بێت ناوی بنێن (نزا). کە وام وت، دڵم پڕ بوو لە گریان.
ئیتر بێ دەنگ بووم.
دوای تۆزێک، دیسان وتم:
ـ ئەگەر وازم لێبهێنن، من هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە، کە ژیانی خۆم ببەستم بە ژیانی یەکێکیترەوە. من بەڵێن نادەم بە کەس، کە بەختیاری بکەم. من نامەوێت ژیانی تازەم بە درۆ دەست پێبکات، لەگەڵ هیچ کەس. هیچ کەسێک شایستەی ئەوە نییە.
چالاک وتی:
ـ بنار، من هەموو شت زۆر باش ئەزانم. ئەزانم تۆ چەند بە پاکیو دڵسۆزی ئەوت خۆشویست. بەڵام چارەنووستان بۆیەک نەبوو. کامەران ئەوە پێنچ ساڵە دوورە لە تۆ. لەو بڕوایەدام تازە بەتەما نییە بگەڕێتەوە.

کاتێکیش گەڕایەوە خوا ئەزانێت چەند گۆڕاوە. سەیرکە. ئێمە ساڵ بە ساڵ گەورە ئەبین.
وتم:
ـ چالاک؟ تازە من خۆم یاوەتە دەست چارەنووس، من ئیتر رازیم بەوەی کەبۆم دانراوە ئەوەی بۆم کێشراوە. من خۆم هیچ پلانێکم نییە. بەڵام چاوەڕێی کەسیش ناکەم. من خۆشەویستی ناکەم. دڵی من تەواو داخراوە. لەبەر ئەوە باسی خۆشەویستیم بۆ مەکە. لەوانەیە هاوسەرگیری بکەم. ئەگەر کەسێک دایکمو باوکم بە دڵیان بێت. لەوە زیاتر ناتوانم بە کەس بڵێم. خۆشم ئەوێیت.
وەڵامی چالاک ئەوە بوو، وتی:
ـ کاتی خۆی، کە دایکو باوکی هەموومان شویان بە یەکتر کردووە، کەسیان هەر یەکتریشیان نەدیوە. تاکو کاتی گواستنەوە نەبێت. هەموو ژیانیشیان بە یەکەوە بوون. ئەها سەیرکە... دایکو باوکت، بزانە چەندیان یەکتر خۆش ئەوێت! لەو بڕوایەدام پێشتر یەکتریان هەر نەبینیبێت.
وتم:
ـ ئەوەی تۆ باسی ئەکەیت، سی چل ساڵ لەمەوپێش بووە. ئێستا زەمانێکی کەیە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری پێویستە.
چالاکش وتی:
ـ دە باشە بزانە چەند زوو ئەکەویتە خۆشەویستیی منەوە. من کاتت ئەدەمیو پەلەم نییە.
من زۆرم لە خۆم ئەکرد، کە چالاکم بە دڵ بێت، بەڵام دڵم تەواو داخرابوو. هیچ مەجالێکی تیا نەمابوو. چالاک رۆژێکیان خۆی باسەکەی لای دایکم کردبووەوە. وتبووی:

ـ بە بنار بڵێ، بەڵکو رازی بێت. دایکیشم رازیبوونی خۆیو باوکمی پێ راگەیاندبوو. ئیتر دایکم کە لای من باسی کرد.

من وتم:

ـ ئەو شووکردنە ئەبێت بەڵام خۆتان چیتان بڕیاردا،با وا بێت. چی ئەکەن بیکەن. من هیچی تیاناڵێم. یەک هەفتەی نەبرد هەموو شت تەواو کرا. خوازبینی کرام. لە ماڵەوە نەبووم. جلی بووک هەڵگیرا. خۆمیان لەگەڵ نەبووم. ئاڵتون هەڵگیرا. ئاگادار نەبووم. شەکراو خورایەوە. کاتێکم زانی ئەڵقە کرایە پەنجەم. هەموو شت زۆر بە خێرایی رۆیشت. منیش هەرچی تروسکایی خۆشی هەبێت، لە دڵمدا نەبوو. هەستم وا بوو، کە ئەمبەن بۆ ئەو بەندنخانە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەبوو بۆ هەموو کەسی دەرببڕم، کە من چەند دڵم خۆشە چەند بەختیارم. هەندیک جار زۆر بەزەییم بە خۆمدا ئەهاتەوە. ئەبێت من هەتا کۆتاییی ژیانم تەمسیل بکەم؟ بۆ خەڵک بژیم؟ دوای چوار مانگ چالاک خانوویەکی خۆشی بۆ کڕیم. پڕی کرد لە ناومالّی جوان. هەرچی شتی جوان هەبوو بۆی کڕیم. هەر چیم بویستایە خێرا بۆی ئەهێنام. ماڵمان دانا. هەموو شت رێکخرا. تەنها ئەوە مابوو کاتی گواستنەوە دابنێین.

## - ٨٩ -

لەماوەی دەزگیرانیدا هەندێک جار وا بە خەیاڵمدا ئەهات، کە پێویست ئەکات من واز لەو شوو کردنە بهێنم. هەستم بە هیچ جۆرێک نەبوو بۆ چالاک. هەرچەندە لەو رۆژەی مارەبڕی کرام، بڕیارمدا، کە کامەران ببێت بە چیرۆکێکی خۆشەویستیی رابردوو. بەڵام زۆر جار منو چالاک لە سەر هەندێک شتی بێ نرخ کێشەیەکی گەورەمان ئەبوو. نازانم بۆ هەندێک جار هەستم بەو خۆشەویستییە نەئەکرد، کە ئەو بەو جۆرە باسی لێ ئەکرد. زۆر جار لای دایکم باسم ئەکرد. بۆ هەست بەخۆشەویستی چالاک ناکەم؟ دایکیشم هەموو جار لەوەڵامدا ئەیوت:

- کچم.. ئەم ماوەیە دانراوە بۆ ئەوەی ئێوە زیاتر یەکتري بناسن. ئەو جۆرە شتانەش هەر روو ئەدات. ئەبێت زۆر بە سەبر بیت. بە هەر حاڵ کاتی گواستنەوەم نزیک بووەوە. کە رۆژی گواستنەوەمان دانا بچین بۆ مانگی هەنگوینی، چالاک باشترین شوێنی هەڵبژارد. کاتمان دیاری کرد.

## - ٩٠ -

رۆژێکیان لە ئیش، کاک سەعید بەڕیوەبەری بەشەکەمان، بانگی لێکردم. وتی:

- بنار خان، کچێک داوات ئەکات لە سەر تەلەفۆن چاوەڕێتە. ئەوسا تەنها یەک تەلەفۆن لە شوێنی ئیشەکانماندا هەبوو. ئەویش لە ژووری بەڕیوەبەر بوو.

کە چووم وەڵامی تەلەفۆنەکە بدەمەوە، گوێم لە دەنگێک بوو، ئاشنای نەبووم. نەم ئەناسی. نەمئەزانی دەنگی کێیە. بەڵام ئەو منی زۆر چاک ئەناسی. پێی وتم:

- بنار چۆنی؟ حەز ئەکەم بتبینم.

پرسیارم لێ کرد:

ـ تۆ کێی؟ ناتناسم!

وتی:

ـ کە هاتم بۆ لات ئەمناسیت.

ناوی خۆی نەوت. داوای لێکردم بە کەس نەڵێم. ویستی نێوان هەردوکمان بێت، واتە نهێنی بێت. منیش پەیمانم دا، کە تەنها نێوان منو ئەو بێت. هەرچەندە نەم ئەزانی کێیەو باسی چی پێیە.! رۆژی هاتنەکەیشی پێ نەوتم. منیش زۆر گرنگیم پێ نەدا. وام دانا گاڵتە پێکردنێکە. هەر چەندە لە دڵی خۆمدا ئەموت: لەوانەیە یەکێک بێت لە لایەن کامەرانەوە! لەوانەیە هەواڵی کامەرانم بۆ بهێنن. خەیاڵم ئەرۆیشت بۆ زۆر شتی جیا جیا. جارێک دڵم لە خۆشیدا خەریک بوو ئەفڕی، جارێکیش ئەموت نا، تازە کامەران تەواو. دڵم تەنگ ئەبوو. خەموو پەژارە ئەبوونە میوانم. پاش چەند رۆژێک، سەر لە بەیانییەک، رۆژێکی دوو شەممە بوو، من لە ژووری ئۆفیسەکەی خۆم دانیشتبووم، زۆر مەشغووڵی ئیشکردن بووم لەگەڵ ئەمیرەو شلێر. کچێکم بینی لە دوورەوە ئەهات بەرەو ژوورەکەی ئێمە. من ئەوم ناسی. بەڵام لە دڵی خۆمدا وتم، ئەم کچە بۆچی هاتووە بۆ ئێرە؟ ئەبێت بۆ لای کێ هاتبێت؟! من هەر لەو بیرکردنەوانەدا بووم، ئەو گەیشتە بەردەم دەرگاکە. دەرگای ژوورەکەمان کرابووەوە. بەڵام پێش ئەوەی هەنگاو بنێتە ناو ژوورەکەم، تەقەیەکی لە دەرگاکە داو وتی:

ـ بەیانیت باش بنار خان!

منیش خێرا هەستامە سەر پێ. وتم:

ـ بەیانی تۆش باشتر چۆپی خان. فەرموو وەرە ژوورەوە.

ئەو خەریک بوو ئەهاتە ژوورەکە. من پرسیارم کرد:

ـ ئەگەر هیچ ئیشێکت هەیە لێرە، من بتوانم یارمەتیت بدەم؟

له وەڵامدا وتی:

ـ بەڵێ من ئیشم هەیە بۆیە لێرەم.

منیش وتم:

ـ بە سەر چاوم من چی بتوانم یارمەتیت ئەدەم.

چۆپي خەریک بوو دائەنیشت. هەر بە دەم دانیشتنەوە. وتی:

ـ بە راست؟ چی داوا بکەم بۆم ئەکەیت؟

منیش لە پرسیارەکەی تۆزێک سڵەمیمەوە. وتم:

ـ ئیشی چیت هەیە لیرە؟ چۆنە خۆت بە تەنها هاتوویت

چۆپی وتی:

ـ ئاخر من بۆ لای تۆ هاتووم، ئیشم بە تۆ هەیە.

منیش وتم:

ـ ئەمرکە.. فەرموو.

هەر لەو کاتەدا خۆشبەختانە ئەمیرەو شلێر ژوورەکەیان چۆڵ کردو رۆیشتن.

چۆپی سەیرێکی کردم. وتی:

ـ ئەبێت پەیمانم بدەیتێ، کە ئەم باسە لای کەس نەدرکێنیت.

وتم:

ـ بە سەر چاو. پەیمانت ئەدەمێ باسی نەکەم لای کەس.

وتی: تەنانەت چالاکش؟

وتم:

ـ تەنانەت لای چالاکش. بەڵام چالاک بۆ؟ هیچ پەیوەندی هەیە بەوەوە؟

چۆپی زۆر نزیکبۆوە، زۆریش بە وردی سەیری ئەکردم. تۆزیک وەستاو ئینجا وتی:

ـ راستەکەن. تۆ زۆر جوانیت، بەڵام وا بزانم منیش ناشرین نیم. ئەمەویت بزانم، چالاک بۆ تۆی ئەویت‌و منی ناویت؟ چیت لە چالاک کردووە؟ تۆ چۆن توانیت چالاک لە من هەڵگێڕیتەوە؟ تۆ نازانی من چالاکم خۆش ئەویت؟ تۆ نازانیت من چەند ساڵە لەگەڵ چالاک پەیوەندیی خۆشەویستیمان هەیە؟ نازانیت باوکم، دایکم، هەموو خوشکەکانم تەنانەت برابچوکەکانیشم ئەزانن؟ بەس تۆ نازانیت!؟

من هەر واقم وڕمابوو. هیچی لێ تێنەئەگەیشتم. ئەویش هەر قسەی ئەکرد. دیسان وتی:

ـ بە خوا... ئەگەر واز ئەهێنیت، باشە، ئەگەر نا خۆم، یان چالاک ئەکوژم، ناهێڵم ئەم هاوسەرییەتان سەربگرێت!

چۆپی کچی مامی چالاک بوو. من هەر بێدەنگ ببووم. هەرگیز لە هیچ کەسێکم نە بیستبوو شتی وا هەبێت، چونکە چالاک هاوڕێی نزیکی نیازی برام بوو.. جگە لەوەش چالاک متمانەیەکی زۆری لای من پەیدا کردبوو. بە هیچ جۆرێکیش من هەستم نەکردبوو، کە چالاک کەسی خۆش ویستبێت. ئێمە زۆر دەمێک بوو هاوڕێبووین. هەموو شتێکی یەکترمان ئەزانی. لە دڵی خۆما ئەموت لەوانەیە ئەمە شێت بوو بێت! یان رقی لە چالاکە نایەوێت من شوی پێ بکەم. بێدەنگ نەئەبوو. قسەی زۆری کرد، بەڵام من زۆر بەئارام بووم. پێم وت:

ـ ئەتوانیت تۆزێک راوەستیت بۆ ئەوەی لێت تێبگەم؟ بە راستی من نازانم تۆ باسی چی ئەکەیت! ئەگەر تۆو چالاک پەیوەندیتان هەبووبێت، ئەی چۆن داوای من ئەکات؟ پێم ئەڵێت خۆشم ئەوێیت؟ ئەگەر تۆی خۆشی ویستبێت، چۆن بە من ئەڵێت ساڵەهایە تۆم خۆش ئەویت؟ ئەی کەی تۆی خۆشویستووە؟ من لەمانە تێناگەم. ئەبێت ئەمشەو تۆو چالاک بێن بۆ

ماڵی باوکم. هەموو شت روون بکەینەوە، چونکە من خۆشەویستی کەس نابەم بۆ خۆم. ئەگەر تۆ راست بکەیت، ئەوا من هەموو شت ئەخەمە روو.
هەر، کە وام پێوت، کچەکە لە خۆشییا خەریک بوو بفڕێت. وتی:
ـ بەڵام، من ناتوانم بە باوکم بڵێم. هەروەها چالاکش، چونکە دوایی تووشی کێشەی زۆر ئەبم لەگەڵ باوکم.
منیش وتم:
ـ ئەی کەواتە تۆ راست ناکەیت.
وتی:
ـ هەرچیم پێ وتیت راستە. بە خوا بڕوام پێ بکە، تاکو پێش مارەبڕینیشتان هەر پێی ئەوتم، کە چەندی خۆش ئەوێم.
وتم:
ـ ئەی باشە بۆ زووتر قسەت نەکرد؟ من ئێستا چی بکەم؟ تازە بۆ پێم ئەڵێیت؟ تۆ نازانیت من مارەبڕی ئەوم. بە واتا من ژنی ئەوم؟ ئەی ئێستا من چی بکەم؟ ئەگەر تۆ راست بکەیت، من شوی پێ ناکەم. ئیتر ئەوسا چی لەگەڵ تۆ ئەکات ئەوا کێشەی خۆتە.
ئەو رۆژە چالاک نەهات بۆلام. زۆربە لامەوە سەیر بوو. رۆژانی تر ئەگەر دوو جار نەهاتایە، جارێک هەر ئەهات. خواردنی بۆ ئەهێنام، یان تەلەفۆنی بۆ ئەکردم. بەڵام ئەو رۆژە هیچ دەنگی نەبوو. کە رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، کەس لە ماڵ نەبوو. منیش خۆم زۆر بیزار بووم. بیرم ئەکردەوە کە چالاکم بینی چۆن باسی ئەو بەسەرهاتەی لەگەڵ بکەم چی پێ بڵێم؟ چۆن دەستپێبکەم. هەر چەندە من پەیمانم بە چۆپیدا کە باسی نەکەم، بەڵام بێگومان ئەوە شتێکە کە ئەبێت باس بکریت، بە تایبەت لەگەڵ چالاک، بۆ ئەوەی بزانم ئەو کچە قسەکانی راستە یان خەو ئەبینێت؟ چالاک هیچ

دەنگی نەبوو. کات گەیشتە نۆی شەو. دایکم چەند جارێک هەواڵی چالاکی لێ پرسیم. وتم:

ـ نازانم. ئیمڕۆ هیچ دەنگی نەبوو.

کات بوو بە دەی شەو. لە پڕێکدا چالاک زۆر بە شپرزەیی خۆی کرد بە ماڵدا. من زۆر بە ساردی چووم بەرەو رووی. وتم:

ـ خێرە وا بەم درەنگە هاتوویت؟

وتی:

ـ بۆ حەزت نەکرد هاتم؟

وتم:

ـ نا.. خۆت ئەزانیت کات درەنگە. منیش ئەڕۆم ئەخەوم.

وتی: دەباشە. کەواتە منیش ئەڕۆم.

من خەریک بووم خواحافیزیم لێ ئەکرد، بەڵام باوکم لەو لاوە هات. وتی:

ـ بۆ ئەڕۆیت؟ دە با بنار بڕوات بخەوێت، تۆ وەرە دانیشە. کوڕم ئیمڕۆ بۆ دیار نەبوویت؟ چالاک وتی:

ـ کچی مامم تۆزێک بێتاقەت بوو.

منیش، کە گوێم لەوە بوو، خێرا گەڕامەوە. وتم:

ـ کچی مامت نەخۆش بوو؟

وتی:

ـ بەڵێ.

وتم:

ـ کامیان؟

چالاک سەیرێکی کردم.

وتی:

ـ تۆ کەسیان ئەناسیت؟

وتم:

- بەڵێ.. هەموویان ئەناسم.

وتی:

- چۆپی تۆزیک نەخۆشە!

وتم:

- چۆپی چییەتی؟ من ئیمڕۆ بینیم. زۆر باش بوو.

چالاک هیچی نەوت. هەر سەیری کردمو وتی:

- تۆ بڕۆ بخەوە بەیانی ئیشت هەیە. منیش ئەڕۆم... خواحافیز.

منیش رۆیشتمە سەرەوە بۆ ژووری خۆم. ئەو شەوەش وەکو هەموو شەوەکانی رابردووکە بە بیرکردنی کامەران ئەمبردە سەر. هەروا بوو. هیچ خۆشییەکو گۆڕانکارییەکم نەئەبینی، تەنها جۆرێکی‌تر لە دوو دڵیو شتی چاوەڕوان نەکراو. ئەمویست بەیانی زوو رۆژ بێتەوە هەر بۆ ئەوەی بزانم چۆپیو مەسەلەی چۆپی تاکو، چ رادەیەک راستە، چونکە من بە راستی زۆر گومانم لە چالاک پەیدا کرد. لە هەمان کاتدا بڕوام بە قسەکانی چۆپیش نەبوو. بەڵام هەستم ئەکرد شتێکی نارێک هەیە، من نایزانم. بەیانی هەر، کە گەیشتمە سەر ئیش، خێرا تەلەفۆنم بۆ ماڵی مامی چالاک کرد بۆ ئەوەی هەواڵی چۆپی بزانم. بزانم راستە نەخۆشە؟ بەڵام، کە دایکی چۆپی وەڵامی دامەوە، زۆر بە پەشۆکاوی قسەی ئەکرد. ئەیوت:

- تۆ چۆن زانیوتە؟ بە خوا چۆپی هیچی نییە. زۆر باشە.

منیش داوام کرد، کە ئەگەر باشە، با قسەی لەگەڵ بکەم. بەڵام دایکی وتی:

- نا.. لیرە نییە.. چۆتە دەرەوە.

من ئیتر بۆم دەرکەوت، کە ئەم مەسەلەیە زۆر گەورەیە، نایانەویت من بزانم. زۆرم هەوڵ دا لە چالاک ببیستم چی بووە؟! بۆچی باسی ئەو

کچە لە من ئەشاریتەوە؟ بەڵام ئەو هەر ئەیوت ئەو کچە کێشەی خۆی هەیەو تەواو نییە. من بڕوام پێکرد. بەڵام هەندێک جار لە ناخمدا هەستم ئەکرد شتێک هەیە! چالاک هەموو جار سەری لە من تێک ئەدا. هەر چەند ئەمویست چۆپی ببینم دایکیو چالاک نەیانئەهێشت. کاتێک کە باسی هاتنەکەیم بۆ کرد. چالاک وتی:

ـ ئەی من پێت ناڵێم شێتە؟ ئەوە بە مێشکی خۆی شت دروست ئەکات.

منیش زۆر سەرم لێ شێوابوو. ئەمویست یەکێک راستیم پێ بڵێت. بەڵام کەس وەڵامێکی تەواوی بە من نەئەدا. هەموو ئەیانوت:

ـ ئەو کچە مناڵە لەوانەیە چالاکی خۆشوستبێت. بەڵام چالاکی داماو چی بکات. ئەو تۆی خۆشویستووە.

ڕۆیشتین بۆ بەغداد بۆ مانگی هەنگوین. چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە. من لەو کاتەدا زیاتر کەسایەتیی چالاکم بۆ دەرکەوت. لە هەموو کاتێک زیاتر. چەند ڕۆژێکمان بردە سەر. کاتێک کە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی سێ ڕۆژ دوای گەڕانەوەمان لە مانگی هەنگوین من ئەو ڕۆژە چاوەڕێی میوانی پاشتهێلانە بووم. دایکمو نەشمیلو خونچە لای من بوون، بە هەمووومان خواردنێکی زۆرمان دروست کردبوو. چاوەڕێی خزمانو کەسوکار بووین، کە بێن بۆ پیرۆزبایی. زۆر بە بێ ئاگا کاتێکم زانی لە ناوەڕاستی ژووری دانیشتنەکەماندا چۆپی ڕاوەستاوە. دایکیشم بەرەو ڕووی ڕۆیشت پێشوازیی لێ بکات. وایزانی یەکێکە لە میوانەکانم. بەڵام من فریای کەوتم. وتم:

- دایکە، ئەوە کچی مامی چالاکە.

ڕووم کردە چۆپی. پێشوازیم لێ کرد. وتم:

- فەرموو چۆپی. بەخێر بێیت. ئەوە چۆن هاتیتە ژوورەوە؟ دەرگاکەمان کرابووەوە؟ چۆپی بە پێکەنینێکەوە سەیرێکی کردم وتی:

- بۆ؟ کە منت بینی ترسایت؟

وتم:

- نەخێر. نەترسام، بەڵام داچڵەکیم. هاتنەکەت زۆر لە ناکاو بوو. منیش چاوەڕێی میوان ئەکەم.

چۆپی سەیرێکی دایکمی کردو وتی:

- ئەوە کێیە؟

وتم:

- ئەوە دایکمە. نایناسیتەوە؟ خۆ لە ئاهەنگەکەماندا بوو. ئەزانم بینیوتە.

وتی:

ـ من ئەوانە لام گرنگ نین. من بۆ لای تۆ هاتووم. ئەمەوێت چەند پرسیارێکت لێ بکەم.

منیش وتم:

ـ فەرموو. با بچینە ژووری میوانەکە.

سەیرێکی ماڵەکەی کرد، چاوێکی بە ناوماڵەکەدا گێڕا. دیسان پێم وت:

ـ فەرموو جارێ دانیشە پشوویەک بدە. چی ئەخۆیتەوە بۆت بهێنم؟

دایکیشم دوامان کەوتبوو. وا دیار بوو سەیری لە هاتنەکەی چۆپی ئەهات. چۆپی سەیرێکی کردم. بە زەردەخەنەیەکەوە. وەکو گوێی لە پرسیارەکەی من نەبووبێت. وتی:

ـ مانگی هەنگوونییەکەت چۆن بوو؟ خۆشبوو بە لاتەوە؟ چیتان کرد؟ بە دڵت بوو؟

زۆر بێ شەرمانە پرسیاری ئەکرد. منیش، کە ئاوڕم دایەوە، دایکمم بینی لە پشتمەوە راوەستا بوو. شەرم گرتمی کە ئەو لە بەردەمی دایکمدا ئەو پرسیارانەی لێ ئەکردم. چۆپی نە هاوتەمەنی من بوو نە هاوڕێشم بوو. زۆر بە تووڕەییەوە منیش لێی چوومە پێشەوە. وتم:

ـ جەنابت بۆ ئەو پرسیارانە هاتوویت بۆ ئێرە؟ ئەوە کێشەی تۆ نییە. خۆش بووبێت، یان ناخۆش. هیچی موشکیلەی تۆ نییە. ئێستا تۆ بۆ چی هاتوویت؟ تۆ چیت ئەوێت لە من؟

وتی:

ـ پەلە مەکە. ئێستا ئەڕۆم. بەڵام حەز ئەکەم شتێکت پێ بڵێم. چەند پرسیارێکت لێ بکەم.

وتم:

ـ پرسیاری چی؟ هیچ پرسیارێک مەکە. هیچ شتێک پەیوەندیی بە تۆوە نییە. منو چالاک پێت خۆشبێت یان نا، ژنو مێردین. ئیتر حەز ئەکەم تێبگەیت.

چۆپی لە سەر پرسیارکردنی خۆی بەردەوام بوو. وتی:

ـ ویستم بزانم چۆن بوو بە لاتەوە؟

ئەمجارە بە دەنگیکی بەرز قاقایەکی لێداو وتی:

ـ ئەگەر تۆ لات خۆش نییە، ئەتوانیت بینێریتەوە بۆ خۆم. من زۆرم بە دڵ بوو. زۆریش لام خۆشبوو. شەش ساڵە منو چالاک هەر خەریکین. ئێستاش نەمدەیتەوە هەر ئەبێت خۆت وازی لێ بهێنیت. ناهێڵم ئیسراحەتی لێ بکەیت.

منیش وتم:

ـ ئەگەر چالاک تۆی بویستایە، داوای منی نەئەکرد شووی پێ بکەم. تۆ وەک خۆت وتت شەش ساڵ لەگەڵتا بووە. من ئاگام لەمە نییە. کێ ئەڵێت تۆ راست ئەکەیت؟

بنار بۆی گێڕامەوە. وتی:

- من هەر ئەوەندەم وت، ئەو دەستی کرد بە گریان. سوێندی خوارد، کە شەش ساڵە چالاک بە هەموو شێوەیەک لە گەڵیا بووە. هەموو شتێکیشی لەگەڵ کردووە. ئەگەر من وازی لێ نەهێنم، ئەو خۆی ئەکوژێت! من نەمەزانی چۆن بڕوای پێ بکەم! چالاک سوێندی ئەخوارد، کە قسەکانی چۆپی هەمووی درۆن. هیچ شتێک لە نێوانیاندا رووی نەداوە. چالاک ئەیوت چۆپی منی خۆش ئەوێت. بەڵام من هیچ هەستێکم نەبووە بۆ ئەو. زۆر کەوتمە گومانەوە لە چالاک. تەنانەت نەمئەویست دەستی بەر دەستم بکەوێت. تەنانەت سەیری ناوچەوانیشیم نەئەکرد. چالاک زۆر جار سوێندی بۆ ئەخواردم، کە شتی وا نەبووەو نییە.

هەستم ئەکرد بنار زۆر لە خۆی ئەکات کە چیرۆکەکەم بە شێوەیەکی ئاسایی بێ هەڵچوون بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام، وا دیار بوو توانای بە سەر تووڕەبونەکەی خۆیدا نەبوو. بۆیە پێموت:

- بنار؟ ئەڵێی چی ئەگەر لێرەدا تۆزێک بوەستین؟ چونکە من هەست ئەکەم شتەکانم بە تووڕەیی بۆ ئەگێڕیتەوە. هەست ئەکەم ئەو ئێش‌و ئازارانەی جارانت هێشتا لە ناخدا ماون. ئازارت ئەدەن. بنار تۆ لە منالێتەوە لە ناو خێزانێکدا گەورە بوویت، جیاواز بووە. باوکت توندوتیژ بووە. دایکت بێ دەسەڵات بووە. تۆش لە خۆشەویستی دابڕاویت. خۆشەویستیەکی بێ سنور هەتا ئەوپەڕی ناخت. کاتێکیش ویستووتە بە قسەی خێزانەکەت، هاوڕێکانت‌و کۆمەڵگا بکەیت. تووشی کەسێکی دەسبڕی بێ ویژدان بوویت، کە بە درۆ ئەوەندەی‌تر ژیانی تاڵ کردوویت. حەزم ئەکرد تۆزێک بیرەوەریی خۆش لە ژیانتا روویبایە بۆت بگێڕامایەتەوە. بەڵام بەسەرهاتەکانت هەر هەموو پڕن لە نەهامەتی بێ بەختی. ژیان لای

هەندێک کەس زۆر بە سادەیی‌و ئارامییە. بەڵام لای تۆ پڕ بوون لە ئازارو ئەشکەنجە. بنار گیان، کاتی ئەوەت هاتووە پشوویەک بدەیت. با جارێ تۆزێک بوەستین. باشە؟

بنار وتی:

ـ بە خوا راست ئەکەیت فێنک گیان. ئەڵێم با تۆزێک هەر لێرەدا سەرخەوێک بشکێنم. لە سەر ئەم قەنەفەیە. باشە؟ بە خوا وا هەست ئەکەم زۆرم خەو بێت. نازانم بۆ؟

وتم:

ـ بە دڵی خۆت بە قوربان. منیش ئەچم چایەکی جوانت بۆ لێ ئەنێم. لەگەڵ هەندیک لەو شیرینییانەی فەرهاد لە کوردستانەوە بۆی هاتووە. بە خوا بنار گیان قابیل بە خۆتە بیخۆیت.

بنار هەر زوو خەوی لێکەوت. من هێشتا قسەکانم بۆ ئەکرد. ئیتر من رۆیشتم بۆ چێشتخانەکە چای بۆ دروست بکەم. بنار لە خەوێکی خۆشدا بوو. کاتێک بانگم لێ کرد. وتم:

ـ بنار کچی دە هەستە ئەوە من دوو جار چایەکەم گەرم کردەوە. خۆ ئێستا تۆ بە تەمای چەند کاتژمێر بنوویت؟

بنار خێرا راپەڕی‌و هەستایە سەر پێ. وتی:

ـ ئەوە کاتژمێر چەندە؟ خۆ ئەبێت من بچم لانە گیان هەڵبگرم لە ئیستگەی شەمەنەفەرەکەو بگەڕێینمەوە بۆ ماڵەوە. بە خوا بیرم چووبووەوە ئەو کچەم ئەمڕۆ ئەگەڕێتەوە.

پیم وت:

ـ بنار گیان تۆ پێشتر لەگەڵ مندا باست کرد، بەڵام هێشتا کات زۆری ماوە لانە بگات، خەمت نەبێت. هەردووکمان بە یەکەوە ئەڕۆین بە دوایدا. ئێستا چایەکەت بخۆرەوە. کە تەواو بوویت، ئەڕۆین.

## - ٩٣ -

دوای چەند رۆژیک بنار تەلەفۆنێکی بۆ کردم. وتی:

- فێنک. وەرە ماڵی خۆمان. لێرە دائەنیشینو هەندێک وێنەی کۆنیشت پیشان ئەدەم.

منیش لە راستیدا حەزم ئەکرد بچم ئەو وینانەش ببینم، چونکە زۆر مەبەستم بوو.

کە گەیشمە لای بنار، دڵی خۆش بوو. ئەمەش شتێکی زۆر دەگمەن بوو. نەمویست پرسیاری لێ بکەم بۆچی دڵی خۆشە؟ بەڵام خۆی پێی وتم:

- دڵم خۆشە... ئاواتێکم هاتە دی. لە خوا بە زیاد بێت.

وتم:

- چییە؟ حەزت لێیە پێمبڵێیت؟

وتی:

- بێگومان. جا ئەگەر بە تۆ نەڵێم، بە کێ بڵێم؟

منیش وتم:

- دەی... دڵی منیش خۆش بکە.

وتی:

- لانە گیان ئەمساڵی بە نمرەیەکی باش تەواو کرد. ئاهەنگی دەرچوونی مانگی داهاتوو بۆ ئەکەم تۆش ئەبێت ئامادەبیت. خۆ بە ناشکوری نەبێت، ئێمە لەم غەریبایەتییە کێمان هەیە؟ کچەکەشم تەنهاو بێ کەسە. چاوی پڕکرد لە فرمیسک.

وتم:

- دەی بەسە. ئەی من چیم لێهات؟ منیش پووریم. خوا لە یەکمان نەکات.

پێموت:

- بەخوا بنار گیان کەسی زۆریش باش نییە. هەمووی خەمە، هەواڵی هەر

کەسێک ئەپرسیت، هەر باسی خەمو پەژارەی خۆیت بۆ ئەکات. کەس کاتی نییە گوێ لە کەس بگرێت. دەی وەرە.. با دەست بە باسی رابردوو بکەین. پێم بڵێ بزانم چالاک هەر دانی نەنا بە وەی، کە لەگەڵ کچی مامەکەیدا شتێکی هەبووبێت؟

بنار وتی:

ـ دوای ئەوەی چالاک هەر سوور بوو لە سەر ئەوەی هیچی نییە لەگەڵ چۆپی. منیش دەسەڵاتم نەما. خۆمم رازی کرد، کە ئەبێت بڕوای پێ بکەم. ساڵێک بە سەر هاوسەرگیریماندا تێپەڕی. زیاتر لە شەش مانگ بە ساردی پێکەوە لەگەڵ یەکتر ئەدواین. وەک دوو کەسی نامۆ پێکەوە لە ناو یەک ماڵدا ئەژیاین. بەڵام، من هەر ئەمویست پەیوەندیی خۆمی لەگەڵدا چاک بکەم، بە تایبەت هەر لە سەرەتاوە، کە زانیم سکم پڕە. بە ناچاری ئەمویست  هەموو شتێک ئاسایی ببێتەوە. بەڵام چالاک زۆر رەفتارو هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵم ئەنواند. زۆربەی جار شەڕو دەنگە دەنگی لەگەڵ ئەکردم بێ هیچ هۆکارێک. ئەمەش وای لە من ئەکرد زۆر جار بڕۆم بەجێی بهێڵم. چەند جارێک ئەمە دوبارە ئەبۆوە. بەڵام، دایکم رێگر بوو لە بەردەمم. هەموو جار بە قسەکانی ئەو ئەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام ئەوەندەی پێ نەئەچوو، دیسان خراپتر دەستی پێ ئەکردەوە. ساڵێک تەواو بوو. لانە گیانمان بوو. ئینجا شەڕەکانمان زیادی کرد. بە هەموو چەشنێک بوو. ئەو بە جۆرێک ئەیویست لانە پەروەردە بکات. من بە جۆرێکیتر.

ـ باشە بنار تۆ هەوڵت نەدا بزانیت چالاک بۆچی بەو جۆرە رەفتاری لەگەڵ تۆ گۆڕا؟ بنار وتی:

ـ بەڵێ، زۆر جار پرسیارم لێ ئەکرد. هەموو جار ئەیوت هیچم نییە. ئەیوت تۆ خۆت زۆر بە گەورە گرتووەو لووتت بەرزە.

وتم:

ـ بنار ئینجا وابووە؟

بنار وتی:

ـ فێنک گیان، ژنو مێرد، کە بە یەکەوە بوون، لووت بەرزی کوا ئەمێنێت؟ دوای ئەوەش من لە هەموو ژیانمدا لووت بەرزیم نەزانیوە. بەڵام چالاک وا دیار بوو خۆی بە کەمتر ئەزانی. جگە لـەوەش، خۆی باشتر خۆی ئەناسی. ئەیزانی، کە درۆی لەگەڵ من ئەکرد. بیرتە، کە پێموتیت، کە پێش ئەوەی شووی پێ بکەم، هەموو راستییەکانم پێوت! ئەو قبووڵی کرد. پەیمانیشی دامێ، کە ئەوەندە پیاوێکی راست، دڵسوز، پاک بێت؛ وام لێ ئەکات، کە تەنها ئەوم خۆش بوێت. بیرتە فێنک؟

وتم:

ـ بیرمە. بە داخەوە، کە وا نەبوو!

وتی:

ـ ئێمە هەموو رۆژ بۆشایی لە نێوانمان زیادی ئەکرد، هەستم ئەکرد رۆژ بە رۆژ لە یەکتر دوورئەکەوتینەوە.

ـ ئەو چالاکەی، کە شێت ئەبوو بۆ من. لە من بووبوو بە شەیتانو دێوو درنج. نازانم بۆ؟ بۆچی وا گۆڕا بوو؟ لانە گیان تەمەنی گەیشتە شەش ساڵ، هێشتا هەر لە باوکی ئەترسا. نەیئەوێرا قسە لەگەڵ باوکی بکات. هەموو جار پێمئەوت:

ـ لانە گیان لە باوکت مەترسە. ئەو تۆی زۆر خۆش ئەوێت.

لانەش ئەیوت:

ـ ئەی بۆچی هەموو کات باوکم تووڕەیە؟

وتم:

ـ باشە بنار تۆ ئیتر هیچت نەبیست لە لایەن چۆپییەوە؟

بنار وتی:

ـ دوای ساڵێک، کە بەسەر هاوسەرگیریی منو چالاکدا تێپەڕی، زانیم، کە ئەو ڕۆژەی چۆپی هات بۆ لام بۆ شوێنی ئیشەکەم. پێی وتم؛ کە ئەو چالاکی خۆش ئەوێتو ئەبێت من بۆ ئەو واز لە چالاک بهێنم. دوای ئەوە، هەر ئەو ڕۆژە، کە ڕۆیشتبووەوە بۆ ماڵەوە، شەڕێکی گەورەی لەگەڵ دایکیدا بووبوو. هەوڵی دابوو خۆی دەرمان خوارد بکات. بۆیە، ئەو ڕۆژە چالاک دیار نەبوو. ئەو کاتە لە منیان شاردەوە، کە چۆپی شتێکی وای کردووە، بۆ ئەوەی من هیچ شتێک نەزانم. ڕۆژ بە ڕۆژ شتی تازەم ئەبیست. ئەمەش وای لێئەکردم بڕوام بە چالاک نەمێنێت. ژیان سەختو قورس ئەبوو بۆ پێکەوە بوونمان. بەڵام دواجار هەواڵم زانی، کە چۆپی شووی کردبوو بە کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند. بەڵام تەمەنی لە چۆپی زۆر گەورەتر بوو. دوای شەش مانگ لێی جیابۆوە. من پەیوەندیم نەبوو لەگەڵ ماڵی مامی چالاک. جارێکیان کچێکی خزمی خۆیان پێی وتم، کە چالاکی دیوە لە ماڵی ئەوان. بەڵام، کە من پرسیارم لێ کرد، وتی: ساڵێکە کەسیانم نەدیوە! ئەو شتانە زۆر منیان ئەخسە گومانەوە. هەموو ڕۆژێک پەشیمان ئەبوومەوە، کە شووم کرد، بەڵام دوای چی؟ لە هەمووی گرنگتر، یەکەم جارم بوو، کە گەرامەوە بۆ کوردستان. دوای ئەو هەموو ساڵە، چۆپی منی دۆزییەوە، هات بۆ لام، پێی وتم: کە هەتا ئێستاش هەر چالاکی خۆشئەوێت. زۆر شتی پێ وتم، کە هەتا ئێستاش بڕوا ناکەم ڕاست بێت! بڕوا ناکەم چالاک شتی وای کردبێت! بەڵام دەنگی چۆپی هێشتا لە مێشکمدا ئەزرنگێتەوە. ئەڵێم بۆ چالاک منی ویست؟ بۆ پێی وتم، کە خۆشی ئەوێم؟ خۆ ئەگەر ئەو وازی لێبهێنامایە، لەوانەیە من، یان هەر شووم نەکردایە، یان شووم بە کامەران ئەکرد. بەڵام ئەو بوو بە ملۆزمی ژیانم. بوو بە سزای ژیانم. هەر چەند ئەم ویست ڕێگایەک بدۆزمەوە بۆ

ئەوەی ژیانی خۆمی پێ ڕێک بکەمەوە، شتێکیترم بۆ دروست ئەبوو. ڕێگرێکیتر پەیدا ئەبوو. هەموو ڕۆژ لە خوا ئەپاڕامەوە، کە ئیتر بەسە، ئەمەوێت ئیسراحەت بکەم. زۆر ماندوو بووم.

وتم:

ـ بنار؟ تۆ بە کورتییەکەی خۆت کرد بە قوربانی کۆمەڵێک خەڵک. دەی با بیینە سەرباسی وینەکان. بیرتە تۆ بە منت وت وێنەی کۆنت هەیە؟ ئەتەوێت پیشانم بدەیت؟

بنار پێکەنی. وتی:

ـ وەڵلە ڕاست ئەکەیت. خۆ من بیرم چووەوە. ئێستا ئەچم بۆت ئەهێنم.

بنار هەستا بڕوات بۆ ژووری نووستنەکەی وینەکان بهێنێت. زۆر کەمی پێچوو، هاتەوە. بە دەم پێکەنینەوە وتی:

ـ سەیرکە فێنک جاران چەند جوان بووم!

وێنەکەی هێنایە پێشەوە. منیش لێم وەرگرت. وتم:

ـ پێم مەڵێ کامەیان تۆیت. بزانم ئەتناسمەوە!

هەر، کە سەیری وینەکەم کرد، پەنجەم خستە سەر وتم:

ـ ئەمە تۆی؟

بنار وتی:

ـ بە خوا زیرەکیت. بەڵام من بڕوام نەکرد بمناسیتەوە، چونکە من زۆر گۆڕاوم.

پێم وت:

ـ هیچ وا نییە بنار گیان. با یەک شتت پێ بڵێم. تۆ ئێستا لە جاران جوانتریت. جارانیش زۆر جوان بوویت. بەڵام بە رای من ئەو جوانییەی جاران وەک ئێستا نابێت، چونکە هەموو کچێک لەو کاتەدا جوانە، گەنجە. ئەوە پێی ئەڵێن جوانیی گەنجێتی. بەڵام جوان ئەوەیە، کە تا بچیتە

تەمەنەوە هەر جوان‌و ناسکو رووح سووک بیت. تۆش بێگومان جگە لەوەی دەموچاویشت جوانە. ناخیشت جوانە. ئەوەش وای کردوە هەموو کەس هەمیشە بە جوانی بتبینن.

بنار پێکەنی. وتی:

ـ دەی رابوێرە. جوانیی چی.

وتم:

ـ بنار بەسە. بە خوا ماشەڵڵات لێبێت. ئێستاش ئەڵێی گوڵیت. ئەوە بە راستە وا بە خۆت ئەڵێیت؟ کچێ بەسە بەس. دەی بابێینەوە سەر باسی وێنەکە. ئەوانە کێن لەگەڵتا؟ کوا کامەرانی تیایە؟

بنار هەناسەیەکی هەڵکێشا. پەنجەی خستە سەر. وتی:

ـ ئەوە من. ئەوە کامەران. ئەوەش شیلان. ئەوەشیان توانا. جوان.. رزگار..

وتم:

ـ بنار؟ چەند پرسیارێکت لێ ئەکەم. راست وەڵامم بدەرەوە.

بنار وتی:

ـ باشە فەرمووو.

وتم:

ـ بیری کامەران ناکەیت؟ حەز ناکەیت بیبینیت؟ ئەگەر بیبینیت چی ئەکەیت؟ چەند ساڵە نەتبینیوە؟

بنار وتی:

ـ فێنک گیان جاری با پێت بڵێم چەند ساڵە من کامەرانم نەدیوە. سی‌و پێنج ساڵە نەمدیوە.

وتم:

ـ چی؟ چەند ساڵ؟ سیوپێنج ساڵ؟

بنار وتی:

ـ بەڵێ زۆریشی بیر ئەکەم. زۆریش حەز ئەکەم بیبینم. بەڵام نازانم چی ئەکەم ئەگەر بیبینم!

وتم:

ـ یەعنی دوای ئەوەی، کە ڕۆیشت، تۆ ئیتر هیچ نەتبینی؟ هیچ هەواڵت نەزانی؟ ئیتر نەتزانی ئەگەر هاتۆتەوە، یان نا؟

بنار وتی:

ـ کاتێک کامەران ڕۆیشت، دەنگی نەما، من هیچ هەواڵێکم نەئەزانی. چەند جارێک هەوڵمدا دەنگو باسێکی بزانم. بەڵام کەس بە ڕاستی نەیئەوێرا هیچ باس بکات. ئەو کاتە سەردەمی سەددام بوو، لەوەلاتر چێت. هەرچی کەسێ کوڕێکی بڕۆیشتایەتە دەرەوە. بەعسییەکان بە پێشمەرگە لە قەڵەمیان ئەداو دواتر ئەو خێزانە تووشی کێشەی زۆر ئەبوون. لەبەر ئەوە ئەترسان باسی بکەن. ماڵی باوکی کامەرانیش دوو هۆی گەورەیان هەبوو، کە بیشارنەوە. یەکەمیان ئەترسان لە حکوومەت بیزانێت کوڕەکەیان لە دەرەوەیە. دووەمیان لە منیان ئەشاردەوە. حەزیان ئەکرد کامەران لە من دوور بێت.

وتم:

ـ بنار... ئەی تۆ نەتزانیبوو، کە ئەو گەڕاوەتەوە؟

بنار وتی:

ـ ئەو رۆژەی ئەو گەڕایەوە، من هەر بیستو پێنج رۆژێک بوو شووم کردبوو بە چالاک.

وتم:

ئەوە بە راستە؟ ئەی خوایە..! باشە بنار؟ چۆنت زانی؟ کێ پێی وتیت؟

بنار وتی:

ـ یەکێک لە هاوڕێکانم پێی وتم، کە چەند رۆژێک بوو هاتبووەوە. بە رێکەوت لە بازار بینیبووی. یەکەم پرسیار هەواڵی منی پرسیبوو.

وتم:

ـ ئەی هاوڕێکەت چی پێ وتبوو؟

بنار وتی:

ـ هاورێکەم پێی وتبوو کامەران، زۆر دواکەوتیت. بنار مانگێ لەمەو پێش گواسترایەوە. شووی کرد. ئیتر کامەرانیش رەنگی تێکچووبوو. هیچ پرسیاریتر نەکردبوو. یەکسەر رۆیشتبوو.

وتم:

ـ بنار؟ ئەی کە بینیت دوای ئەو هەموو ساڵە چاوەڕوانیو لێک دابڕانە، هەستت چۆن بوو؟

بنار تۆزێک بێدەنگ بوو، چاوی بڕیبووە سەر مێزەکەی بەردەمی. ئینجا سەیرێکی وینەکەی دەستی کرد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. وتی:

ـ نازانم چۆنت بۆ باس بکەم؟ باسکردنی ئەو جۆرە بارو دۆخانە، ئاسان

نین، چونکە هەموو هەستەکان تێکەڵ ئەبن. چەند وشەیەک بە تەنها ناتوانێت ئەو هەموو هەستە نیشان بدات. ئینجا نازانیت کامیان زاڵە بە سەرتا، خۆشەویستی؟ یان رق؟ هەستکردن بە تووڕەبوونو غەدرلێکردن، یان لێبورنو بەخشندەیی؟

من لەگەڵ بنار دانیشتبووم. ئەمەی بۆ ئەگێڕامەوە. وتی:

- رۆژێکیان من لە ئیش ئەگەڕامەوە. کاتی نیوەڕۆ بوو. هاوینێکی زۆر گەرم بوو. ئەمویست لە جادەکە بپەڕیمەوە. سەیری ئەملاو ئەولای خۆمم ئەکرد. لە پڕێکدا یەکێک هاتە بەر چاوم. زۆر لە کامەران ئەچوو. نەمزانی ئەوە کامەرانە. وامزانی یەکێکە لەو ئەچێت. جارێکیتر ئاوڕم لێدایەوە. بەڵێ ئەوە خۆیەتی! بۆم دەرکەوت ئەوە کامەرانە. بەڵام ئەو منی نەبینی. لە گەڵ کابرایەکدا وەستابوو قسەی ئەکرد. پاشان رۆیشتن بەرەو خواری جادەکەی بەرامبەرم. ئیترمن هەر سەیرم ئەکرد. هەتا لە چاوم ون بوو. ئەوە دوا جار بوو، کە من کامەرانم بینی. تاکو ئێستا. بەڵام باسی هەستم لێ ئەپرسیت؟ بە ئەندازەی خۆشەویستیم بۆ کامەران، هەر بەو ئەندازەیە تووڕە بووم لێی. بیریشی ئەکەم. هەموو ساتێکی ژیانم من خۆشم ویست. قەت نەمتوانی رقم لێی بێت. بەڵام لەو کاتەدا خۆزگەم ئەخواست ئەو جارەش نەم بینیایە. من چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد ببم بە دایک. خۆشیی مناڵەکەم خۆشییەکی جیاواز بوو. ئەو رۆژەی هاوسەرگیریم لەگەڵ چالاک کرد، سویندم خوارد، کە بۆ یەک چرکە بیر لە کامەران نەکەمەوە. بەڵام درۆزنیی چالاک، بێ ویژدانیی، یارمەتیی ئەوەی نەدام. بۆیە زۆر جار بێ ئاگابووم، کە لەو پەڕی رقو توندی هەڵوێستمدا بەرامبەر کامەران هێشتا بیرم لێ ئەکردەوە. خۆزگەم ئەخواست جارێکیتر... تەنها یەک جاریترپێش مردنم بیبینمەوە.

پیم وت:

- ئەی ئەگەر ئێستا بێتو بیبینیت، چی پێ ئەڵێیت؟ گلەیی لێ ئەکەیت؟

بنار وتی:

ـ فێنک گیان، ئێستاش بڕوا بکە، ئەو خۆشەویستییەی کامەران لە دڵی مندا شتێکی زۆر جیاوازە. هەر لە دڵمایە. هەر چەندە زۆرم هەوڵدا، کە لە دڵما بمرێت، بەڵام نامرێت. بە ڕاستی ئەو کاتەی، کە زانیم بۆ جاری دووەم هاتۆتەوەو بڕیاری داوە ژن بهێنێت. ئیتر لەو کاتەدا هیچ شتێک گرنگ نەبوو. من پێم خۆش بوو، کە زانیم ژنی هێناوە. بەڵام ئەمزانی ئەو ژنە وەک من خۆشی ناوێت. زۆر باش ئەمزانی ژیانی خۆش‌و بەختەوەر نابێت، چونکە ئەو غەدری لە من کرد. بێگومان گلەیی لێ ئەکەم. بۆ ڕۆیشت؟ بۆ بەجێی هێشتم؟ وەکو ڕۆیشت، بۆ هیچ جوابێکی بۆ نەناردم؟ پرسیار زۆرە لێی بکەم. بەڵام تازە هیچ لە ژیانی من ناگۆڕێت، ئەوەی ڕۆیشت ناگەڕێتەوە. تەندروستیی جارانم بۆ ناگەڕێتەوە. جوانی‌و دڵخۆشی تازە دروست نابنەوە. ئەگەر ئەو نەڕۆیشتایە، من وام بەسەر نەئەهات. بێگومان ئەو هەموو ناخۆشییەم نەئەبینی.

بنار زۆر خەفەتی لە دڵدا بوو. لە هەر کات‌و قۆناغێکی ژیانیدا پرسیارت لێ بکردایە، ئەو فرمێسکی هەڵئەڕشت. دوا جار چووینەوە سەر باسی مێردەکەی. پرسیارم لێکرد. وتم:

ـ بنار، دوای ئەوەی هاتنە دەرەوە بۆ ئەمریکا، ژیانت چۆن بوو لەگەڵ چالاک؟ باشتر نەبوو لە جاران؟

بنار سەرێکی ڕاوەشاندو وتی:

ـ ئەگەر جاران چالاک تۆزێک ترسی هەبوو لە کەسوکارم، کە هاتینە دەرەوە، بە تەواوی خۆی دەرخست، چ جۆرە کەسێکە! ئەگەر جاران هەفتەی دوو جار شەڕمان ئەبوو، لێرە هەموو شەوێک شەڕمان ئەکرد. ئەیزانی هیچ شوێنێک نییە بۆی بڕۆم. ئەیزانی ئەگەر هەرچی بڵێت‌و بیکات، من ناتوانم لە ماڵەکە بچمە دەرەوە. بۆیە وای لێهات دەستی لێ

ئەکردمەوە. بیرتە چەند جار تۆ هاتیت فریام کەوتیت، فێنک گیان؟ خۆت بیرتە؟ تۆ هاتیت بردینت بۆ ماڵی خۆتان؟ بیرتە؟

وتم:

- بەڵێ چاکم بیرە. من هەرگیز ئەو شتانەم بیر ناچێتەوە. بەڵام ئەو بۆ وای کرد؟ بنار من ئێستاش نەمزانی ئەو پیاوە شێتە بۆ وای کرد؟

بنار وتی:

- چالاک خۆی هەر وابوو. سروشتی ئەو وابوو. بە هەموو شتێک تووڕە ئەبوو. ئێمە خۆشەویستی نەبوو لە نێوانماندا. بە هەمان شێوە، من هەر لە زووەوە بڕواو متمانەشم پێی نەمابوو. زۆر جاریش کاتی زۆرم ئەدایێ، کە خۆی بیسەلمێنێت، کە مێردێکی دڵسۆزە. بەڵام من هەموو کات پێچەوانەی ئەوەم ئەبینی. دواتر، خۆم زۆر ماندوو بووم. ڕۆژگار زۆری غەدر لێ کردم. ئیتر نەمئەتوانی هەڵگری هیچ درۆو ناپاکیەکی بم. هەتا تەواو بێزار بووم. ئەمویست جیاببینەوە. ئەو حەزی نەئەکرد، لەبەر خۆی بوو، نەک لەبەر من، یان هیچ نەبێت لەبەر کچەکەمان. جگە لە هەموو خراپیو ڕەفتارە بەدەکانیشی، زۆر جار دڵیشی پیس بوو؛ نەیئەهێشت کەس بە ماڵماندا بێت. نەیئەهێشت بۆ هیچ شوێنێکیش بچم. ئەمویست کار بکەم. بەوەش ڕازی نەئەبوو. هەموو شتێکم قبووڵ کرد. ئەوەی چالاک ئەیویست، پڕاوپڕ بۆی جێبەجێ ئەکرا. ئێمە غەریب بووین لێرە. لەم وڵاتە ئەبووایە لە جێی هەموو کەسوکاری یەکتر بین. بەڵام بە داخەوە. چالاک زۆر بە پێچەوانە تێگەیشتبوو. زۆر چاوەڕێم کرد پەیوەندیی نێوانمان بەرەو باشی بڕوات. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپی ئەڕۆیشت. تاکو ناچاربووم بڕیاری جیابوونەوە بدەم. ئەگەر چی زۆریش دواکەوت. بەڵام کاتێک هەستم کرد نەخۆشی زۆری بۆ هێناوم، چیتر ناتوانم گوێم لە قسەی ناخۆشو بێڕێزیکردن بێت. جگە لەوەی

لانە گەورە بوو. لە هەموو بارو دۆخەکان تێگەیشت. زانی مانەوەی منو باوکی تاریکە شەوێکی بێ کۆتاییە. پێویست ئەکات کۆتایی بێت. ویستم ئەوەی ماوە لە ژیانم، بە خۆشی. بە ئاسوودەیی، بێ ئازاردانی هەستم بیبەم بەڕێوە. چیتر وزەی ئەوەم پێ نەما خەتابار بکرێمو شاڵاوم بکرێتە سەر، بێ خەتا. سوپاس بۆ خوا. ئێستا ژیانم زۆر لە جاران باشترە. بە هەموو شتێکدا تێپەڕیم. کەمم بینی لە خۆشی. زۆرم بینی لە ناخۆشی. لە دەوڵەمەندی، لە هەژاری، لە غەریبی. لە کۆتاییدا جیابووینەوە. تەندروستیی باشو تەندروستیی خراپ. بەڵام من هەر دەستم بەر نەدا لە ژیان. هەموو کات ورەم بەرز بوو. هەر چەندە، کە تووشی ناخۆشییەک ئەبووم، چاوەڕێی خۆشییەکیشم ئەکرد. ژیان پڕە لە هەموو شت. بە راستی من بە هەموو جۆرێک ژیاوم. بەڵام هەموو کات وانەیەکم وەرگرتووە لەو ناخۆشییانەی دیومە. گرنگترینیان ئەوەیە، کە زانیومە ژیان کورتە. لەبەر ئەوە، بە خۆشی بژی. هەتا ئەتوانیت کەڵک لە هەڵەکانت وەربگرە. ژیان قوتابخانەیە. ژیان فێری کردم، کە بگەمە ئەو بڕوایەی، کە خۆشەویستیی راستەقینە زۆر کەمە، هاورییەتی راست زۆر کەمترە، مرۆڤە چاکەکان بیرەوەریی خۆشت پێ ئەبەخشن، بەڵام مرۆڤە خراپەکان ئەزموونی تاڵ پێ ئەبەخشن. ژیان فێری کردم نەوەستم؛ چەند کۆسپی گەورە بێتە رێگام، نەکەوم. ئەگەر ژیان ویستی جارێکیتر بمگریێنێت، من پێبکەنم. هەر کاتێکیش هەستم بە دڵتەنگی کرد، دڵی خۆم خۆش کەم.

پاش ئەم قسانە، بنار هەڵوێستەیەکی کرد. ئینجا وتی:

ـ ئەزانیت چی فێنک؟

وتم:

ـ چی بنار گیان؟

وتی:

ـ هەندێک جار هەست ئەکەم زۆر پیرم. من زۆر لە تەمەنی خۆم زیاتر ژیاوم. کارەساتم زۆر بەسەر هاتووە. بەڵام خۆشبەختانە کەڵکم لێ وەرگرتوون. زۆر حەزم ئەکرد ببوومایە بە یەکێک لەو کەسانەی، کە کێشەی خەڵک چارەسەر ئەکەن بە بێ پارە، تەنها خزمەتی خەڵک بکەم. ڕێگایان پیشان بدەم. ئەزانم ئەتوانم یارمەتیی خەڵک بدەم. ئەگەر کێشەکانیان هەر چۆنێک بێت، بەڵام داخەکەم ژیانم ئەوەندەی تیا نەماوە.

بنار زۆر حەزی ئەکرد یارمەتیی خەڵک بدات. هەر چەندە خۆی کیشەی تەندروستیی هەبوو، بەڵام دڵی بە خۆی نەئەسووتا بە قەد ئەوەی بۆ خەڵک ئەسوتا. بۆیە پێم وت:

ـ بنار. منیش حەز ئەکەم یارمەتیت بدەم.

بنار وتی:

ـ یارمەتیی چی فێنکەکەم. ئەی ئەوە نییە تۆ یارمەتیم ئەدەیت؟ چی ماوە بیکەیت؟ تۆ خوشکی شیرینو دڵسۆزیت.

وتم:

ـ نا.. یەک شت ماوە بیکەم. زۆر گرنگە ئەبێت بیکەم. چەند ڕۆژێک ماوەم بدەرێ، دێمەوە بۆ لات.

کاتێک گەڕامەوە ماڵەوە، هەر ئەو ڕۆژە کەوتمە گەڕان بە دوای کامەران‌دا لە سەر هەموو میدیاکان، بە جۆرەها ناوی جیاواز. هەر بۆم نەدۆزرایەوە. کاتی خۆی لە بنارم پرسیبوو، کە ناوەکەی باوکی چییە؟ بەڵام بیرم چووبووەوە. ئەو شەوە تاکو بەیانی نەنوستم. بەیانی تەلەفۆنم بۆ بنار کرد. وتم:

ـ بنار گیان چۆنی؟

بنار وتی:

ـ خێرە بەم بەیانییە زووە تەلەفۆن ئەکەیت؟ فێنک گیان خۆ هیچ نەبووە؟
وتم:
ـ نەخێر بەقوربان. ئـەوە بۆچی تۆ هەموو کات دڵت بۆ شتی خراپ ئـەڕوات؟ کابرایەک داوای هاوڕێیەتم لێ ئەکات لە سەر فەیسبوک. لە کامەران ئەچێت.
بنار وتی:
ـ چی؟ کامەران؟ فەیسبوکی چی؟
وتم:
ـ ئەڵێم لەو ئەچێت.
بنار وتی:
ـ باوکی ناوی چییە؟
من لە خۆمەوە ناوێکم وت.
بنار وتی:
ـ نا... ئەو نییە. ئەو باوکی ناوی قادرە.
منیش وتم:
ـ دەی باشە ئەو نییە. کەواتە خوا حافیز.
خێرا تەلەفۆنەکەم داخست، دەستم کـردەوە بە گـەڕان بە دوای ناوی کامەران قادر. دووەم کەس بوو، کە دۆزیمەوە. نامەیەکم بۆ نارد. تەنها سڵاو بوو. چاوەڕوان بووم بۆ وەڵام. بەڵام هیچ نەبوو. زۆر سەیرم لێ هات.

ڕۆیشتم بۆ ماڵی بنار. زۆر بە خێراییو بە پەلە. کە چووم. بنار زۆر ترسا. وتی:

ـ فێنک؟ ئەوە چییە؟ بۆ وا تێکەڵو پێکەڵ بوویت؟ زۆر سەیر ئەتبینم؟

هیچم نەوت. ئەوەندە نەبێت، کە وتم:

ـ بنار؟ ئەهێڵیت بێمە ژوورەوە؟ کەسی لێیە؟ لانە لە ماڵە؟

بنار هەر زۆر بە سەر سوورمانەوە سەیری ئەکردم. وتی:

ـ نا... بە ناشکوری نەبێت کێ لێبێت؟ من هەموو کات هەر خۆم نیم؟ لانە گیانیش ڕۆیشتوە بۆ بازاڕ هەندێک شتم بۆ بکڕێت. دەی فەرموو وەرە ژوورەوە بزانم چیت پێیە؟ بە خوا شتێک هەیە. من ئەتناسم فێنک گیان. دەی ئەمجارە چیت لە ژێر سەرایە؟ بیڵێ.

بنار پێکەنی.

منیش وتم:

ـ وەرە لامەوە دانیشە، خەبەری خۆشم پێیە بۆت.

بنار خێرا هاتە لامەوە. وتی:

ـ خەبەری خۆشی چی خوازبێنیت بۆ دۆزیومەتەوە؟ بۆ خۆم یان بۆ کچەکەم؟

بە پەکەنینیکەوە وتم:

ـ نەگبەت، باسی چی ئەکەیت؟ خوازبێنیی چی؟ زۆر لەوە گرنگترە!

بنار چاوی کرایەوە. زیاتر لێم نزیک بووەوە. وتی:

ـ چییە؟ دە بیڵێ. شەقم برد.

وتم:

ـ کامەرانم بۆ دۆزیتەوە.

بنار هەر سەیری کردم. وەستا هیچی نەوت، بۆ ماوەیەکی کەم هەر سەیری ئەکردم، هیچی نەئەوت.
منیش وتم:
ـ ئەوە چییە؟ بۆ وات لێهات؟ ئەمە مانای چییە؟ پێت خۆشە، یان نا؟
بنار ئەیویست قسە بکات. بەڵام هەواڵەکەی من چاوەڕوان نەکراو بوو. بۆیە هەستم کرد قسەکەم زۆر کوتوپڕ بوو. بناری سەرسام کرد. ئەمجارەش لێم پرسییەوە. وتم:
ـ چی بوو بنار؟ ئەگەر پێت خۆش نییە. ئەتوانین بیخەینە پشت گوێ. هەر باسیشی ناکەین. بەڵام کامەران خۆشەویستی هەموو ژیانت بوو. تۆ هەموو کات ئاواتەخواز بوویت یەک جاریتر لە ژیانتا بیبینیت. گلەییەکانی خۆتی لێ بکەیت. ئەم هەموو ساڵە تۆ ویستووتە ئەوە بکەیت. بە تایبەت ئێستا، کە خۆت حەز ئەکەیت. پیش ئەوەی خوانەخواستە شتێکت لێ بە سەر بێت، بیبینیت. ئەوەش مافی خۆتە. کەس ناتوانیت ئەو مافەت لێ زەوت بکات. کاتی خۆی زۆر کەس هەبوون ڕێگر بوون لە نێوان تۆو کامەران. مافی ئەوەشت نەبوو بە دڵی خۆت کامەرانت خۆش بوێت. مافی هیچ شتێکت پێ نەدرابووو بیکەیت. وا بزانم ئیتر بەسە. تۆ کاتی ئەوەت هاتووە، کە هیچ نەبێت قسەی لەگەڵ بکەیت. ئەو پرسیارانەی لێ بکەیت، کە ساڵاهایە وەڵامی نییە. تۆ هەموو ژیانی خۆتت بە فیڕۆدا لەبەر قسەی کەسوکارو خەڵکو چواردەورەکەت. پێم بڵێ. کێ بەکەڵکت هات؟ دەبا ئێستا یەکێکیان بێن ئەو نەخۆشیو ئازارانەی تۆ لابەرن، یان کەمی بکەنەوە. بێگومان کەس ناتوانێت. بۆیە پێت ئەڵێم ئەوەی لە دڵتایە لە گلەیی، قسەی خۆش، یان ناخۆش، پێی بڵێ. با دڵتو گیانت ئارام بێت. بنار گیان. من زۆر هەستو سۆزم لە لای تۆیە. ئازیزم. تۆزێک بەزەییت بە رۆحی خۆتدا بێتەوە. تۆ بەرپرسیاریت لە هەستو سۆزی خۆت. ئیتر

مەهێڵە لەوە زیاتر پێشێل بکرێت. هەر هیچ نەبێت بۆ کاتێکی کەمیش بێت. تۆزێک خۆتت خۆش بوویت. بیر لە خۆت بکەرەوە.

زۆرم لە قسەی رەق، قسەی نەرم، بە بنار وت. هەر بۆ ئەوەی وای لێ بکەم بچێت قسە لەگەڵ کامەران بکات. بەڵام هەر هیچ گوێی بە قسەکانم نەدا. لەجێی خۆی دانیشت بوو بێ دەنگ گوێی لێ ئەگرتم خەیاڵی رۆیشتبوو. لە پڕێکدا وتی:

ـ ئەزانی چی؟

وتم:

ـ چی بنار گیان؟

وتی:

ـ بیرتە ئەو شەوەی، کە لە دەرەوە بووین، پیم وتیت ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، بەڵام نەموت؟

وتم:

ـ بەڵێ بیرمە. ئەو شتە چی بوو؟

وتی:

ـ ئەمویست پێت بڵێم بیرم کردۆتەوە، ئەگەر بۆ هەواڵی کامەران بگەڕێم، چێ ئەبێت؟ شتێکی خراپو چەوت نابێت؟

پێم وت:

ـ هەرگیز نە خراپە، نە چەوتە. وەکو پێم وتیت، ئەوە حەقی خۆتە.

وتی:

ـ باشە، بەڵام ئێستا نا. با تۆزێک باشتر بم. ئەم ماوەیە کاتی دەرزیەکانم هاتۆتەوە ناتوانم.

دوای چەند رۆژێک بنار تلفۆنی بۆ کردم پێی وتم:

ـ كە حەز ئەكات بچین بۆ دەرەوە بۆ بازاڕ، چونكە بەم زوانە بە تەمایە بچێت بۆ ماڵی نازداری خوشكی لە فەرەنسا. ئەیەوێت هەندێک دیارییان لەگەڵ خۆیدا بۆ بەرێت.

ئەو رۆژە من هەندێک مەشغووڵ بووم، بەڵام پیم وت:

ـ زۆر باشە، چاوەرێم بكە. دێم بە دواتا. هەڵت ئەگرم.

بنار ئەو رۆژانە زۆرلاواز بوو ئەبووایە هەمیشە كەسێكی لەگەڵدا بوایە.

رۆیشتین. لە گەرانەوەدا بووین بنار. وتی:

ـ فێنک حەز ئەكەم بچینەوە ماڵی خۆمان ئیمشەو لە لام بە ئەگەر فەرهاد رازی ئەبیت.

وتم:

ـ بنار گیان فەرهاد تۆی زۆر خۆش ئەوێت. وەكو خوشكی خۆی هەموو جار ئەڵێت ئاگات لە بنار بیت. لەبەر ئەوە خەمت نەبێت فەرهاد گیان، كێشە نییە. ئەمشەو لات ئەبم.

بنار زۆری پێخۆش بوو. كە گەیشتینە ماڵەوە، لاپتۆپەكەی خۆی هێناو خستییە سەر كۆشی من. وتی:

ـ كوانێ؟ دەی كامەرانم بۆ بدۆزەرەوە!

خێرا. بێ ئەوەی هیچ بڵێم، وتم:

ـ بە سەر چاو هەر ئێستا، بەڵام ئەبێت قسەی لەگەڵ بكەیت. بنار وتی:

ـ قسە؟ نا...نا. تۆ جاری بۆم بدۆزەرەوە. خوا گەورەیە.

دوای تۆزێک گەڕان، وتم:

ـ وەرە ئەوەتا، ئەوە ئەو نییە؟ ئەو رەسمە ئەوە، وانییە؟

بنار هەر سەیری وینەكەی ئەكرد. وتی:

ـ نا.. بە خوا ئەو نییە. ئەترسم ئەمە یەككیتر بێت لەو بچێت. ئینجا خۆ حەیامان ئەچێت.

دوای تۆزێک، وتی:
ـ وەڵڵا لەویش ئەچێت. بەڵام زۆر گۆڕاوە. بە خوا ئەڵێم با دڵنیابم. جارێ بزانم ئەوە؟
ئیتر بنار هەر زۆر دوودڵ بوو. لە کۆتاییدا وتم:
ـ شتی وا ناکرێت. نازانم تۆ بۆ ئەوەندە دوودڵیت؟ ئەگەر ئەو نەبوو، چی ئەبێت؟ بڵێ کاکە داوای لێبوردن ئەکەم، هەڵە بووم. خۆ ناتکوژێت.
پاشان وتی:
ـ باشە بڵێم چی؟ چیی بۆ بنێرم؟
وتم:
ـ تەنها سڵاوی بۆ بنێرە. هیچی‌تر مەنووسە.
بنار دەستەکانی ئەلەرزین. یەکەم وشەی تایپ کرد، وەستا. سەیرێکی منی کرد. وتی:
ـ بینێرم؟
وتم:
ـ بنار، بەس ئەوەندە دوودڵ بە. تۆ هەواڵی ئەپرسیت. خۆ، کفر ناکەیت!
بنار چاوی پڕ لە فرمێسک بوو هەموو گیانی، هەردوو دەستی ئەلەرزی. یەکەم نامەی بۆ کامەران نارد، ئەویش تەنها سڵاو بوو. دوای سیو پێنج ساڵ دابڕان. قسەنەکردن لەگەڵ یەکتر. بنار باوەشێکی کرد بە مندا وتی:
ـ فێنک.. فێنک.. ناردم. تۆ بڵێیت وەڵام بداتەوە؟ تۆ بڵێی بمناسێتەوە؟ ئاخۆ چی بڵێت؟
بنار ئەو ساتە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی وەڵامی ئەکرد. بەڵام ئەو شەوە، تا درەنگ، هیچ دەنگ نەبوو. جار جار سەیرێکی تەلەفۆنەکەی ئەکرد. دوایی بە روخسارێکی خەمناکەوە وتی:
ـ سەیرکە، وەڵامی نییە.

منیش پێم وت:
ـ دڵەکەم.. ئێستا ئەو کابرایە خوا ئەزانێت لە کوێیە؟ ئێمە هیچ شتێک لە بارەی ژیانی ئەوەوە نازانین. ئەبێت بە ئارام بیت. دوای ئەوە، ئەو نازانێت ئەم نامەیە کێیە! لە کێوە نێرراوە.
بناریش وتی:
ـ راستە. وایە. بەڵام خۆزگە نەم ناردایە. ئەترسم نەیەوێت وەڵامم بداتەوە. ئەترسم بزانێت منم. بۆیە بێ وەڵامە. هەمووی خەتای تۆ بوو. خۆزگەم بە قسەم نەکردیتایە.
بنار خەریک بوو توورە ئەبوو. وتم:
ـ بێدەنگ بەو سەیرێکی تلفۆنەکەت بکە. وا بزانم نامەت بۆ هات.
ـ خێرا دەستی دایە تەلەفۆنەکەی. سەیری کرد نامەی بۆ هاتووە. نامەکەی کردەوە. پڕ بە ژوورەکە قیژاندیو وتی:
ـ کامەرانە ئەڵێت سڵاو. چۆنی؟
بنار هەموو ئەندامەکانی لەشی وەکو شۆڕەبی ئەلەرزین. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. جارێک پێئەکەنی جارێک ئەگریا. نەیئەزانی چی بکات. ئەمبینی هەموو هەستەکانی تێکەڵ ببوون. خۆی پێ راگیر نەئەکرا لە هەست دەربڕین. ساتێک دڵخۆش ئەبوو. ساتێک خەمبار. ساتێک توورە. ساتێک ئاسوودە. تەنانەت توانایی زاڵبوونی بە سەر جووڵەی خۆیشیدا نەمابوو. جارێک دائەنیشت، جارێک هەڵئەستایە سەر پێ. بە ناو ژووری دانیشتنەکەیاندا لە هاتووچۆدا بوو. من ئەو کاتە ئیتر زانیم، کە بنار هێشتا خۆشەویستییەکەی بۆ کامەران وەکو جاران ماوە. بەڵکو زیاتریش بووە. کامەران توانای لێ بڕیبوو. لە پڕێکدا هاتە بەردەمم. وتی:
ـ فێنک؟ ئاخۆ تۆ بڵێی ئەوە کامەران بێت؟
هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دایەوە. وتی:

ـ نا... بڕوا ناکەم. ئەو نییە.
منیش وتم:
ـ بنار من ئەڵێم ئەوە. دەی پێی بڵێ بزانە ئەتناسێتەوە؟
بناروتی:
ـ بڵێم چی؟ پرسیاری چی بکەم؟ وتم:
ـ بنار پێی بڵێ ئەزانێت کێیت؟
بنار پرسیاری لێکرد. وتی:
ـ ئەگەر ئەزانیت کێیە؟
کامەران وتی:
ـ بەڵێ ئەتناسمەوە. هەر وەکو جاران جوانیت؟
بنار سەیرێکی منی کرد. وتی:
ـ نەء. ئەو نییە، من بڕوا ناکەم ئەوە ئەو بێت.
بنار هێشتا دوو دڵ بوو. وتی:
ـ ئەبێت پرسیارێکی لێ بکەم، کە هەردووکمان وەڵامەکەی بزانین.
منیش وتم:
ـ ئەبێت ئەو پرسیارە چی بێت؟
وتی:
ـ ئێستا لێی ئەپرسم ناوی هاوڕێکانمان چی بوو؟
کامەران تۆزێک وەستا. دوایی لە پڕێکدا نامەیەکی نارد. وتی:
ـ شیلان، توانا، دڵشاد، جوان
بنار ئینجا هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە هێمنی وتی:
ـ سەیرکە فێنک، ناوی هاوڕێکانی برد. کەواتە تەواوە خۆیەتی. من قسە لەگەڵ کامەران ئەکەم. دوای سیو پێنچ ساڵ. توانیم بە نامە گۆڕینەوە. بە بۆنەی کۆمپیوتەرەوە. سەیرکە دنیا چەند سەیرە!.

بنارو کامەران هەر بەو شێوەیە کەوتنە نامە گۆڕینەوە. بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت. بنار هەموو گیانی ئەلەرزی. زۆر تێکچووبوو. نائارام بوو. منیش پێم وت:

ـ گرنگ ئەوەیە تۆ دۆزیتەوە. ئێستا ئەتوانیت هەواڵی بزانیت.

بنار لە خۆشیدا، ئەو شەوە کە ئیتر هەواڵی کامەرانی زانی، جارێک ئەگریا، جارێک پێئەکەنی.

ـ ٩٧ ـ

بەیانی لە خەو هەستاین. بنار تەماشای تەلەفۆنەکەی خۆی کرد. نامەی لە لایەن کامەرانەوە بۆ هاتبوو. داوای لێ کردبوو قسەی لەگەڵ بکات. بەڵام بنار دوو دڵ بوو، کە چۆن بتوانیت دوای ئەو هەموو ساڵە جارێکیتر گوێی لە دەنگی ئەو بێت؟! نەبووریێتەوە؟ منیش لەو کاتەدا ترسم لێ نیشت. پێم وت:

ـ نا.. جارێ چاوەڕێ بکە. چەند ڕۆژێکیتر قسەی لەگەڵ بکە.

من ڕۆیشتمەوە. بنارم بۆ چارەنووسی خۆیو ڕۆژگار بەجێهێشت.

## ـ ٩٨ ـ

بنار وتی:

ـ کامەران بەردەوام لەو کاتەوە نامەی لێ نەبڕیم. ئیتر هەواڵی یەکترمان زانی. ئەگەر چی من پێش ئەوە. لەو کاتەوەی، کە لە یەکتری بە تەواوی دابڕاین، ئیتر هیچم لە بارەی ژیانی ئەوەوە نەئەزانی. بەڵام ئەو هەندێک شتی لە بارەی منەوە ئەزانی. بە تایبەتی لە بارەی جیابوونەوەکەمان لەگەڵ چالاک.

بە بۆنەی هاوڕێکانمانەوە، زانیبووی لە چالاک جیابوومەتەوە. پێی وتم:

ـ ئەزانم هەمووی خەتای من بوو. ئەگەر من نەڕۆیشتمایە، تۆش وات بە سەر نەئەهات.

زۆر داوای لێبوردنی لێ کردم. لە هەموو نامەکانیدا بۆی نووسیوم، کە هەر شتێک، کە بە سەر تۆدا هات، هەمووی خەتای من بوو. من خەجاڵەتی تۆم. من نازانم چی بکەم تاکو هەقی تۆ بدەمەوە. زۆر جار کەقسەی لەگەڵ ئەکەم، ئەگری. ئەڵێت هەست بە ئازاری ویژدان ئەکەم. پێم ئەڵێت شەو خەوم لێ ناکەوێت. هەموو کات مێشکو بیرو هەموو هەستو نەستێکم لای تۆیە. هەموو جارێک ئەڵێت ئێستا لە جاران زیاترم خۆش ئەوێیت. خۆزگە لە باوەشی تۆدا ئەمردم. خۆزگە ئەوەی لە ژیانمدا ماوە لەگەڵ تۆ بەسەرم ئەبرد.

- ٩٩ -

بە کورتی، بەسەرهاتەکە وایە، لەو کاتەوەی بنار کەوتۆتەوە قسەکردن لەگەڵ کامەران. کامەران ژیانی لێ تێکچووە. ماوەی چەند مانگێک قسەکردن بە تەلەفۆن لە نێوان بنارو کامەراندا بەردەوام بووە. کامەران زۆر دەمێک بووە، کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردوستان. بەڵام بنار ئەوەی نەزانیوە. کاتێک کامەران بنار جێ ئەهێڵێت، ئەڕوات بۆ ئێران. دوایی بۆ ئەڵمانیا. چەند جارێک هەواڵی بنار ئەپرسیت لە کەسوکاری. ئەوان هیچی پێ ناڵێن. چەند ساڵێک لەوی بووە. دوای ئەوەی، کە ماڵی باوکی زانیویانە، بنار شووی کردووە، هەواڵیان ناردووە بۆ کامەران، کە بگەڕێتەوە، چونکە باوکی زۆر نەخۆشە. کاتێک کامەران گەڕاوەتەوە، ویستوویەتی بنار ببینێت. بەڵام پێیان وتووە، کە بنار شووی کردووە. ئەو کاتە ئیتر کامەران بێئەوەی خۆی ئاشکرا بکات لە بنار پاش ماوەیەکی کەم بۆ جارێکیتر لە رقا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا. چەند ساڵێکیتر لەوێ ماوەتەوە، تاکو تەواو بێزار بووە. دیسان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی بە یەکجاری. دوای ئەوە ئیتر دایکیو کەسوکاری پێیان وتوە ئێستا ئەبێت کچی پورت بهێنیت. چونکە ساڵەهایە بۆ تۆیان داناوە هەر لە دەمێکەوەیە داواکراوە. ئەویش ناچار بووە ژن بهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بیری لای بنار بووە. هەر لە مێشکی نەچۆتە دەرەوە. بۆیە هەر هەوڵیداوە بنار ببینێت. بەڵام بنار زۆر لێوەی دوور بووە. کامەران زانیویەتی بنار لە دەرەوەی کوردوستان ئەژی.

## - ١٠٠ -

بنار وتی:

- فێنک گیان. زۆر بە پەرۆشم بۆی. زۆر حەز ئەکەم بە جەستە جارێکیتر ببیبنمەوە. خۆزگە یەک جار ئەمبینییەوە. دوای ئەوەش ئیتر بمردمایە قەیناکە.

## - ١٠١ -

هەموو جار بنار ئەو قسەیەی ئەکرد. من زۆر سەرسام بووم لەو خۆشەویستییە، کە تەنها جاران لە چیرۆکی خورشیدو خاوەرو مەمو زیندا ئەمانبیستو ئەمانخوێندەوەو بڕوامان نەئەکرد. بەڵام ئەوەتا لەم سەردەمەدا، لەم کاتەدا، خۆشەویستییەک بە درێژایی زیاتر لە سیوپێنج ساڵ بەردەوام بووە. لەگەڵ، ئەو هەموو ناحەزو بەدکارو ئەو هەموو گێرەشێوێنیو بەربەرەکانییانەدا، کە هەموو بەرامبەریان وەستاوون، ئەوان هێشتا ئەو خۆشەویستییەیان هەر بەردەوام بووە. ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژە، چونکە خۆشەویستییەکە لە دڵەوە بووە. تەنها لە دڵیانەوە بووەو بەس. ئیتر هیچ مەبەستێکیتری لە دواوە نەبووە خۆشەویستی گیان بۆ گیان.

## - ١٠٢ -

بنار وتی:

- فێنک، بە خوا بۆ یەکەم جار، کە قسەم لەگەڵ کامەران کرد، دوای سیوپێنج ساڵ، وامزانی ئەو کاتەیە، کە بۆ یەکەم جار یەکترمان بینیو بۆ یەکتر نیگامان ئەکرد.ئەگەر لە سەر کورسییەکە دانەنیشتمایە بێگومان بە ئەبوورامەوە. ئەو خۆشەویستییە وەکو خۆی ماوە. ئەو خۆشەویستییە ئێستا تەمەنی هەیە وەکو خۆمان. ڕەگی هەیە، هەرچەندە گەڵای نەگرت. بەڵام لە ناخماندا هەمشە سەوزە، قەت وشک نابێت.

## ـ ١٠٣ ـ

بنار نەیئەزانی چۆن بە کامەران بگاتەوە. تەنها ڕێگا ئەوە بوو بڕواتەوە بۆ کوردستان. بەڵام لەبەر نەخۆشییەکەی زۆر ئەترسا کامەران پێی بزانێت، خەفەتی بۆ بخوات. بۆیە بنار نەیئەویست بەو جۆرە خۆی پێشانی کامەران بدات.

بنار وتی:

ـ کاتێک بڕیار ئەدەم بڕۆمەوە بۆ کوردوستان بۆ ئەوەی کامەران ببینم، کە پزیشکەکانم پێم بڵێن، کە بە تەواوی چاک بوویتەتەوە. ئیتر بە هیچ شێوەیەک پێویستت بە چاودێریی پزیشکیی ئێمە نابێت.

## ـ ١٠٤ ـ

بەڵام. لە دواجاردا بنار هەر بڕیاریدا بڕواتەوە. کاتێک زانی پزیشکەکان بەهیچ جۆرێک ئەو بڕیارە نادەن. چونکە بنار پێویستی بەجاودێری بەردەوام بوو. ئەو ڕۆژانە بنار، شەوو ڕۆژ خەوو خواردنی نەمابوو. ئاگای لە دنیا نەمابوو. هەموو قسەو باسی ببوو بە کامەران. زۆر جار پێم ئەوت:

ـ بنار ئەوە چییە؟ بۆ خاتری خوا؟  واشمان نەوت.

## ـ ١٠٥ ـ

بنار سەفەری ڕێکخست بۆ ئەوەی بڕواتەوە بۆ کوردستان. زۆری حەز ئەکرد من لەگەڵیدا بچم. بەڵام من، لەبەر زۆر شت نەمتوانی لەگەڵی بڕۆم. زۆری نەبرد بنار ڕۆیشت، گەیشتەوە کوردستان. یەکەم ڕۆژ قسەم لەگەڵ کرد، وتی:

ـ زۆر ماندووو نەخۆشم.

بەڵام دووەم ڕۆژ، کە قسەم لەگەڵ کرد، وتی:

ـ دڵم خۆشە گەڕاومەتەوە. هەر ئەبێت کامەران ببینم. بەڵام چۆن؟ لە ڕاستیدا بیرم لەوە نەکردەوە چۆن کامەران ببینم.

## ـ ١٠٦ ـ

بنار دوا ڕووداوەکانی بەم جۆرە بۆی گێڕامەوە. بە نامەیەک هەمووی بۆ گێڕامەوە. بەم جۆرەی لێ هاتبوو. نووسیبووی:

ـ کامەران ژنی هێناوە. منالّی گەورەی هەیە. هەر چەندە لە لای من زۆر ئاساییە، ئەگەر خێزانەکەشی ببینم، بەڵام وەکو زانیم، کارێکی سەختە. بۆیە بیرمان کردەوە، کە ڕێگاو شوێنێکی باش دابنێین بۆ ئەوەی یەکتری ببینین. بەشێوەیەک، کەسمان تووشی هیچ کێشەیەک نەبین. ئەوەی من زیاتر گوێم پێ دا، ئەو بوو. خۆشبەختانە زانیم، کە هەندێک لە هاوڕێکانمان، کە ئەوانیش ئاوارەی هەندەران بوون، ئەو کاتە گەڕابوونەوە بۆ کوردوستان. یەکیک لە هاوڕێکانم، کە زۆر دەمێک بوو نەمبینیبوو، ئەویش گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. چەندین ساڵ بوو خۆزگەمان ئەخواست یەکتر ببینینەوە. من پەیوەندیی هاوڕێیەتیم لەگەڵ هیچ کام لە هاوڕێکانەم نەپچڕاندبوو. جار جار هەواڵم ئەپرسین. هەر لە خۆمەوە تەلەفۆنێکم بۆ جوانەی هاوڕێم کرد. تۆزێک قسەمان کردو هەواڵی هاوڕێکانم لێ پرسی. ئەویش وتی:

ـ ئەی نازانیت شیلان لە کوردستانە؟
منیش لە خۆشیدا وەخت بوو بفڕم. وتم:
ـ من دوو ڕۆژە گەڕاومەتەوە. بە ڕاست؟ ئەی چۆن شیلان ببینم؟ خۆ ئەگەر بزانێت من لیرەم، ئەویش لە خۆشییا شێت ئەبێت.
من بڕوام نە ئەکرد، کە لەم کاتەدا شیلانیش گەڕاوەتەوە. خێرا تەلەفۆنم بە سەر جوانە داخستو تەلەفۆنم بۆ شیلان کرد. وەڵام نەبوو. بەڵام خۆم بە خۆمم وت:
ـ دەی.. قەیناکا. لەوانەیە لە دەرەوە بێت. دوایی خۆی تلفۆنم بۆم ئەکاتەوە.
زۆری پێ نەچوو، تەلەفۆن لێیدا. کە وەڵامم دایەوە، کامەران بوو. وتی:
ـ بنار، من لەوە زیاتر خۆم ناگرم. تۆ لێرە بیت، من نەتبینم، هەر ئێستا دێم بۆ ماڵی باوکت. چارەکێکیتر لەوی ئەبم.
منیش وامزانی گاڵتەم لەگەڵ ئەکات. بە پێکەنینێکەوە، وتم:
ـ فەرموو.. بەخێر بێیت!
کامەرانیش پێکەنی. وتی:
ـ بنار بەڕاستمە. گاڵتە ناکەم.
منیش زۆرم حەز ئەکرد. بەڵام لەو بینینە زۆر ئەترسام. لە دوای ئەو هەموو ساڵە. لە کاتێکیشدا هەردووکمان وەکو دوو منداڵی گەنج یەکترمان خۆش ئەوێت. بە لای منەوە شتێکی زۆر سەیر بوو. لە هەمان کاتدا زۆر شتێکی سەختو گران بوو لام. بۆیە پێم وت:
ـ نا.. مەیە. هەوڵ ئەدەم بە جۆرێکیتر لە شوێنێکیتر بتبینم.
وتی:
ـ باشە بنار خان بەدڵی خۆت. ئەی زانیوتە شیلانو توانا لێرەن. لە کوردستانن؟
وتم:
ـ بەڵێ ئەمرۆ زانیم، چاوەڕیی شیلانم. تەلەفۆنم بۆ بکات. بەڵام تکایە حەز

ناکەم بێیت بۆ ماڵی باوکم.
وتی:
ـ باشە بنار گیان، پێم وتیت، بە دڵی خۆت ڕێگایەک بدۆزەرەوە. چونکە لەوە زیاتر تەحەمول ناکەم هەر ئەبێت بت بینم. وتم:
ـ کامەران گیان ئەو هەموو ساڵە خۆمان گرت، ئەم چەند ڕۆژەش خۆت بگرە.
وتی:
ـ چی؟ ڕۆژی چی؟ بەخوا ئەگەر بەیانی ڕێک نەکەوت، ئەوە من یەم بۆ ماڵتان. زۆریش حەز ئەکەم پاکیزە خان ببینم، دەستی ماچ کەم، ئەمەوێت گەردن ئازایی لێ بکەم، توخوا بنار زۆر حەز ئەکەم بیبینم. وتم:
ـ بەخوا منیش حەز ئەکەم، بەڵام دوای ئەوەی، کە یەکترمان بینی.
چارەکێکی پێ نەچوو. شیلان تەلەفۆنی کردەوە. وتی:
ـ ئەوە چییە؟ ئەو هەموو قسەیە؟ لەگەڵ کێ قسەت ئەکرد؟
وتم:
ـ زۆر حەز ئەکەیت بزانیت؟
شیلان پێکەنی. وتی:
ـ قابیلە لەگەڵ کێ قسە ئەکەیت؟ هەر لانەیە.
وتم:
ـ نا وەڵڵا.. لەگەڵ کامەران؟
شیلان تۆزێک بێدەنگ بوو. وەکو ئەوەی هەست بکات بە هەڵە تێگەیشتبێت.
وتی:
ـ کێی؟ کامەران؟ کامەران کێیە؟
وتم:
ـ کامەران، بیرت چوو؟ خۆشەویستەکەم، کە بە جێیهێشتم!

شیلان هەر زۆر بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری لێ ئەکردم. ئەیوت:
ـ کامەران؟ چۆن..؟ کەی..؟ بۆ..؟
پرسیاری زۆر. منیش هەندیک شتم بۆ گێڕایەوە. زۆر بە کورتی. بەڵام، شیلان وەکو بڕوا نەکات وا بوو. هەر لە بەینی قسەکاندا ئەیوت:
ـ ئەی خوایە گیان.. دوای ئەو هەموو ساڵە ئێوە قسەتان کرد؟ بەخوا بنار بەسەبریت. بەخوا سەیرە!
شیلان زۆری پێ خۆش بوو. وتی:
ـ ئەی باشە هێشتا یەکتریتان نەدیوە؟
وتم:
ـ نەخێر، نازانین چۆن یەکتر ببینین! من ئاساییە لام، ئەگەر بچینە هەر شوێنێکی دەرەوە. بەڵام ئەو پێی خۆش نییە بەو جۆرە. منیش بە راستی نامەوێت تووشی کێشە بێت.
شیلان وتی:
ـ ئەی بناری داماو، دوای ئەو هەموو ساڵە. ئێستاش خەمی خەڵکتە. دە.. بەسە.. هەتا کەی؟ ژنەکەی کەیفی خۆیەتی سیو پێنج ساڵە تۆ لێت ونە. ئێستا لەبەردەستدایە ناتەوێت بیبینیت لەبەر خاتری یەکێک، کە نایناسیت؟ ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ خۆشەویستەکەی تۆ ژیاوە؟ هەموو جوانیو گەنجێتیی بردووە! تۆ هێشتا خەمی ئەوتە؟ دوای ئەوە، تۆ خۆ نایبەیت بۆ خۆت، داگیری ناکەیت. خۆ ئەگەر هەر وەکو هاوڕێیەکیش بتەوێت بیبینیت، مافی خۆتە. ئەو ژنە حەقی چییە.
وتم:
ـ شیلان گیان من نامەوێت کامەران بخەمە گێژاوی خەمو کێشەوە لەگەڵ ژنەکەی. من راستە ئێستاش هەر وەکو جاران خۆشم ئەوێت. بەڵام تازە درەنگە. کاتمان تەواو بوو. تەنها بینینێک. تۆزێک گلەیی روو بە روو. ئیتر من هیچم لەو ناوێت.

شیلان وتی:
ـ کەواتە بۆ ئاسایی نابێت ئەگەر کامەران ببینیت؟ ئەترسم ژنەکەی ژان بێت! وتم:
ـ یەعنی چی؟
وتی:
ـ یەعنی بەڵا بێت. لە ژنە خراپە دڵپیسەکان بێت.
وتم:
ـ من نازانم. هیچ پرسیارم لە بارەی ئەوەوە نەکردووە.
شیلان وتی:
ـ بنار گیان، کەواتە جارێ واز لەو باسە بهێنە. ئەگەر حەز ئەکەیت ئەمشەو وەرە بۆ ماڵی خۆمان، توانا ئەنێرم بە دواتا. شوقەیەکی زۆر خۆشمان هەیە. بۆ خۆمان دانیشنیکی خۆش ئەکەین. ئەگەر حەزیشت کرد، ئەچینە دەرەوە دائەنیشین.
وتم:
ـ باشە.. من زۆر حەز ئەکەم ئێوە ببینم. ئیتر لە هەر کوێ بێت گرنگ نییە. من ئەو ڕۆژە میوانێکی یەکجار زۆرم هەبوو. بە هیچ جۆرێک نەمئەتوانی بە هیچ لایەکدا بڕۆم. بۆیە تەلەفۆنم بۆ شیلان کردو داوای لێبوردنم لێکرد. دوایی لە سەر ڕۆژێکیتر ڕێککەوتین. ئەو کاتەی دیاریمان کردبوو. بە هەمان شێوە میوانم زۆر ئەهاتن، چونکە زۆر دەمیک بوو من نەگەڕابوومەوە بۆ کوردوستان کەسوکارو هاوڕێکانم بە پەرۆشەوە حەزیان ئەکرد سەردانم بکەن. منیش خۆشحاڵ ئەبووم بە بینینیان. ئەو ئێوارەیە شیلان وتی:
ـ من میوانو شت نازانم من یەم بە دواتاو ئەڕۆین لە دەرەوە نانێک ئەخۆین منو تواناش ساڵەهایە نەماندیویت هەقی خۆمانە بتفرێنین.

وتم:

ـ باشه. ئێستا خۆم حازر ئەکەم. زۆری پێ نەچوو، هەردووکیان بە ئۆتومبێلێکی زۆر تازەو جوان گەیشتنە بەردەرگای ماڵی باوکم. لە خۆشییاندا باوەشمان بە یەکتردا کرد. بە راستی هەستیکی زۆر خۆش بوو، کە دوای ئەو هەموو ساڵە هاورێی خۆشەویستت ببینیت، هەموو گۆڕابووین. بەڵام لای یەکتر هەر جوانو خۆشەویست بووین. من وامئەزانی خوشکو برای خۆم بینی بوو. ئەوانیش بە هەمان شێوە زۆر دڵیان خۆشبوو. لەگەڵیان سەرکەوتم. بەڵام نەمپرسی بۆ کوێ ئەڕۆین! من مەبەستم ئەوە بوو ئەوان ببینم. باسی کاتو بیرەوەرییە کۆنەکانمان بکەین. لە ریگا توانا وتی:

ـ بنار، حەزت لە کوێیە بچین؟ منیش وتم:

ـ بە دڵی خۆتان... هەر کوێ بێت... من هاتووم.

وتیان:

ـ دە باشە، ئێمە نادی کۆمەڵایەتیمان هەڵبژاردوە.

منیش وتم:

ـ زۆر چاکە، منیش بە دڵمە.

گەیشتینە دەرگای یانەی کۆمەڵایەتی. کابرایەک راوەستابوو. وتی:

ـ فەرموون؟ بەڕێزت؟

توانا چووە پێشەوە، وتی:

توانا.

کابراکە وتی:

ـ کاک توانا شوێنت گرتووە بە ناوی خۆت؟

توانا وتی:

ـ بەڵێ.

کابراکە بە خێرایی سەری دانەواندو تەماشایەکی دەفتەرێکی کرد لە سەر مێزێکی بەردەمی خۆی. ئینجا سەری هەڵبڕیو وتی:
- فەرموون.
پێشمان کەوت. ئێمەی بردە شوێنێکی زۆر تایبەت. بۆ لای مێزێک زۆر جوان ریکخرا بوو. من زۆر لام جوان بوو. لە دڵی خۆمدا وتم:
- بەخوا شوینێکی جوانو پاکە. خۆزگە پێم ئەوتن، بە کامەرانیش بڵێین ئەویش بهاتایە. بەڵام دەی.. پێویست ناکات.. ساڵانی خایاند با رۆژانیش بخایەنێت. کێشە نییە. ئەم چەند رۆژەش چاوەڕێ ئەکەم.
شیلان دانیشتو توانا بەرامبەری. منیش لە تەنیشتی شیلان دانیشتم. زۆری نەبرد، کوڕیکی ئێسک سووک هاتو بەخیرهاتنی لیکردین. ئینجا پرسیاری کرد. وتی:
- فەرموون چی داوا ئەکەن؟
من وتم:
- جارێ من ئاو.
شیلان وتی:
- جارێ من پیپسییەک.
توانا وتی:
- من جارێ هیچم ناوێت.
رووی کردە منو وتی:
- بنار.. بزانە ئەو کابرایە کێیە لە دواتەوە، بزانم ئەیناسیت؟
منیش وتم:
- کابرا کێیە؟
بە نەرمی ئاوڕێکم دایەوە. بینیم پیاوێکی باڵا بەرزی شوخوشەنگ لە پشتمەوە راوەستاوە. نەمزانی کێیە! بەڵام لە هەمان کاتدا دڵم خورپەیەکی کرد، وەکو پێم بڵێت ئەوە نیوەی پارچەکەی تۆیە، خێرا ویستم هەستمە

سەرپێ. لەو کاتەدا دڵم یەک خورپەی‌تری کرد. خەریک بوو لە لیدان بوەستێت. هەر وەکو یەکەم جار بوو، کە بینیم. پێش چل ساڵ. نەمزانی چی بکەم، یان چی بڵێم؟ خێرا دەستم بە کورسییەکەوە گرت. نەمئەتوانی بە تەواوی خۆم رابگرم بە پێوە. ئەگەر هەستامایە، بێگومان ئەکەوتم. هەموو گیانم ئەلەرزی. ئەمویست خۆم وا دەرخەم زۆر ئاسوودەم. بەڵام توانای زاڵ بوونم بە سەر دڵو هەستەکانمدا نەبوو. نەمئەتوانی هیچیان بشارمەوە. ئەویش لە من خراپتر بوو؛ ئەیویست قسە بکات. نەیئەتوانی. هەردووکمان وەکو دوو مناڵی ون بوو وا بووین. زۆر بە یەکتر نامۆ دیار بووین. بەڵام دڵمان، هەر وەک خۆی هۆگری یەک بوو، چونکە هەردووکمان دڵمان لە یەک دانەبڕاو بوو. ئەگەرچی بە جەستە لە یەکتردوور بووین.

توانا وتی:

ـ ئەوە چییە؟ فەرمووو کاکە دانیشە، ئەوە دادە بنارە. کامەران زۆر شڵەژا بوو وتی:

ـ شتێکی کوتوپڕو چاوەڕوان نەکراوە. بۆیە منیش لە خۆشیدا نازانم چی بکەم.

توانا وتی:

ـ منو شیلان ویستمان ئەم هەلەتان بۆ بڕەخسێنین بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی یەکتری ببینن‌و کەستان تووشی کێشە نەبن.

کامەران بەرامبەرم دانیشت بێ ئەوەی هیچ بڵێت. منیش ئەوەندە شڵەژابووم، هیچم بۆ نەئەوترا. هەر سەیری یەکترمان ئەکرد. هەردووکمان قوڕگمان پڕی گریان بوو، کەسیشمان قسەمان نەئەکرد. لەپڕێکدا کامەران هەڵسایە سەر پێ. هاتە لامەوە. وتی:

ـ بنار؟ هەڵسە.. هەڵسە..

منیش هەموو گیانم ئەلەرزی، بەڵام هەر چۆنێک بوو، هەستامە سەر پێ. کامەران باوەشێکی پیا کردم. وتی:

ـ بنار گیان نەمردمو بینیمیتەوە.

منیش باوەشێکم بە کامەراندا کرد. چاومان پڕبوو لەفرمێسک، خۆمان نەگرت هەردووکمان گریاین، زۆر گریاین. تواناو شیلانیش لە جێی خۆیان سست بوون.

توانا تەماشای هەردوکمانی کرد. وتی:

ـ ئێستاش هەر باشە. بەس نییە ئێستاش توانیتان یەکتری ببیننەوە.

کامەران لەجێی خۆی دانیشتەوە، رووی لە من کرد. وتی:

ـ بنار، گەردم ئازادکە. من هەڵە بووم. زۆریش هەڵە بووم.

منیش هەموو کاتەکە هەر سەیرم ئەکرد. قسەم بیر چووبووەوە. سەیری ناو چاویم ئەکرد. کامەران هەر قسەی ئەکرد منیش وتم:

ـ کامەران، گیان من دەمێکە گەردنم ئازاد کردوی، خۆشەویستی راست لێبوردنە، منیش لێت بوراوم. سەیری چاوت ئەکەم هەر وەکو خۆیەتی. ئیتر بڕوام هێنا، کە ئەڵێن سێ شت هەرگیز لە مرۆڤدا ناگۆڕێ. چاو، رووح، دەنگ. هەست ئەکەم هەرسێکی لە تۆدا وەک خۆی ماوە.

ئەو شەوە منو کامەران خۆشترین کاتمان بە سەر برد لەگەڵ شیلانو توانا باسی هەموو شتێکی خۆشمان کرد. هەموو یادەوەرییە خۆشەکانمان، بەڵام کامەران نەیهێشت من هیچ گلەییەکی لێ بکەم، چونکە خۆی دەستپێشخەریی لە دەربڕینی هەستو سۆزی بۆ من کرد. لە رابردودا لەو کاتەشدا. هەروەها نارەزایی دەربڕینی بەرامبەر بە جۆرە هەڵسوکەوتە منالانەیەی، کە لەگەڵ مندا کردی لە رابردودا، دوای ستاییشکردنی، کە من بە جۆرێک خۆشمویست، بەڵام ئەو بێ باک بوو. زۆر سەرزەنشتی خۆی ئەکرد. من زۆر دڵم خۆش بوو، کە زانیم ئەو چەند پەشیمانە لەوەی، کە کردی. هەر چەندە ئەوە تازە هیچ لە ژیانمان ناگۆڕێت، بەڵام پەشیمان

بوو.. له دڵەوه پەشیمان بوو. لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا، كه روویدا، من له دڵمەوه هیوای خۆشبەختیم بۆ كامەران ئەخواست.. هیوای تەمەن درێژی بۆ خۆیو خیزانی. كامەران دوای ئەو بینینه زیاتر خۆشەویستیی له لای پەرەی ئەسەند. پێی ئەوتم:

ـ من ئێستا زۆر له جاران زیاترم خۆش ئەوێیت. ئەیوت خۆزگه كات بڕۆیشتایەتەوه دواوه هەموو هەڵەكانم چاكبكردایەتەوه. دوای ئەو بینینه كامەران به جۆرێک پەشیمان بوو، كه من هەرگیز بڕوام نەئەكرد، كه ئەو ئەوەنده منی خۆشویستبێت.

كامەران له كۆتاییدا دانی پیادا نا، كه دایكی هەموو جار پێی ئەوت، كه نابێت پەیوەندیی به منەوه هەبێت. هەموو هەوڵەكانیش هەر ئەو بوو، بۆ دورخستنەوەی له من. كاتێكیش كامەران، كه بۆ یەكەمجار گەڕایەوه بۆ كوردوستان، بڕیاری دابوو داوای من بكات. بەڵام دایكی هەرگیز رازی نەبوو كه من داوا بكات. هەموو هەوڵەكانیشی بۆ تێكدانی پەیوەندیەكەمان بوو. دوای یەكتر بینینمان هەردووكمان زانیمان، كه ئێمه یەک گیان بووین، یەک دڵ بووین، هیچ كاتێكیش له یەک نەپچڕاوین، چەند دووربووین بەڵام، رووحمان نزیكبوو. هەردووكمان ئەمانزانی، كه ئێمه تازه به یەک ناگەین. بۆ یەک نابین. جاران خێزانی ئەوو خێزانی من كۆسپ بوون. بەڵام ئێستا ژنو منداڵو هەموو كۆمەڵگا لیمان بوون به كۆسپ. خۆشەویستیی ئێمه رووناكیی نەبینی. خۆشەویستیش له تاریكیدا ناژی؛ هەر بۆیه دوای زۆر گفتوگۆ لەگەڵ یەک، بڕیارماندا، كه ئێمه ناتوانین یەكترمان خۆش نەوێت. بەڵام له هەمان كاتیشدا ناتوانین بۆ یەک بین. لەبەر ئەوه خۆشەویستیی ئێمه تەنها له دڵو رووحماندا بێ كۆتاییو بێ سنووره. بەڵام له راستیدا هەرگیز به یەک ناگەین. من ئەوەی ویستم، هەر بینینێک بوو. تەنها جارێک بیبینم. سوپاس بۆ خوای گەوره. سوپاس بۆ تۆش فێنک گیان. سوپاس بۆ تۆش شیلان گیان.

## - ١٠٦ -

بنار کاتێک گەڕایەوە لە کوردستان، زۆر دڵی خۆش بوو. منیش بە ڕاستی زانیم شتێکی چاکم کرد لەگەڵ بنارو خزمەتێکی باشم کردووە. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بنار بێتاقەت ئەبوو. کاتێک چوو بۆ لای پزیشکەکەی، پێی وتبوو:

- زۆر بە داخەوە. دیسان نەخۆشییەکەت بۆ گەڕاوەتەوە. ئەمجارە بە شێوەیەکی سەختتر. چارەسەری ئاسان نییە. بەڵام ئێمە ئەبێت هەوڵی خۆمانت لەگەڵ بدەین.

بنار لەگەڵ ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی، کە بە بۆنەی نەخۆشییەکەیەوە هەیبوو، هەر باسی کامەرانو بینینی کامەرانی ئەکرد؛ خۆزگەی ئەخواست منیش لەوێ لەگەڵی بوومایە. هەر شتێکی زیاتر لە دووسی جار بۆ ئەگێڕامەوە، هەر بۆ ئەوەی باسی بکات. زۆر هەوڵم لەگەڵدا، کە قسە لەگەڵ کامەراندا بکات. پەیوەندیی لەگەڵدا نەبڕێت. بەڵام کەڵکی نەبوو. هەر ئەیوت:

- ئیتر بە من چی؟ تازە کامەران موڵکی ئافرەتێکیترە. مێردی ژنێکە. هەر چەندە ئەزانم بە قەد من خۆشی ناوێت، بەڵام تازە لە ژیانی ئەودایە. ئەزەل ناهێڵێت بۆ یەک بین. ئەگەر ژنیشی نەبێت، مردن بەڕیوەیەو نزیکە..

کۆتایی